https://doi.org/10.24271/garmian.361 http://jgu.garmian.edu.krd

# رۆڵ و كاریگەری ناوەندی ئەرشیفی لە سیستمی زانیاری نەتەوەییدا : بنیاتنانی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیان بە نموونە

مەبەست علی محمد ئەمین[1] دڵپاك جبار علی[2]

[1] زانكۆی گەرمیان ,بەشی مێژوو
mabast.ali@garmian.edu.krd

[2] زانكۆی گەرمیان ,بەشی مێژوو
dlpak.jabar@garmian.edu.krd

## پوختە

ئامانجی سەرەكی ئەم لێكۆڵینەوەیە خوێندنەوەیەكی شیكاری بەراوردكاریانەیە، هەوڵێكە بۆ ناساندنی گرنگی و كاریگەرییەكانی دامەزراندنی ناوەندێكی ئەرشیفی مۆدێرن لە ناوچەی گەرمیان (كەلار). تیایدا تیشك دەخەینە سەر رۆڵی ناوەندی ئەرشیفی لە پرۆفیشنالكردن و بەرەو پێش بردنی كاری مێژوونووسی و بونیادنانی ژێرخانی مەعریفی-مێژوویی لە نێو كۆمەڵگادا. لە سەرەتادا هەوڵی ناساندنی بنەرەتی كاری ئەرشیفكردن دەدرێت و بارودۆخی كاری مێژوونووسی لە پێش بە دامەزراوەییكردنی ناوەندی ئەرشیفی دەخرێتە ڕوو، پاشان ئەزموونی دوو وولاتی پێشكەوتوو (بەریتانیا و میسر) لە ئەرشیفكردندا هەڵدەسەنگێنین. هەوڵ دەدەین فاكتەرە پێویستەكانی دامەزراندنی ئەم ناوەندە لە ناوچەی گەرمیان بخەینە ڕوو كە دەوری گرنگ دەگێڕێت لە یارمەتیدانی مێژوونووسان بۆ دەستگەیشتن بەو سەرچاوانەی كە گرنگییەكی مێژوویی و نەتەوەییان هەیە. بایەخ و كاریگەرییەكانی ناوەندی ئەرشیفی لە سەر مێژووی نەتەوەیی و ناساندن و بەرەو پێشبردنی ناسنامەی نەتەوەیی بابەتی سەرەكی بە دواداچوونەكەمانە.

**كلیلی ووشەكان:** ناوەندی ئەرشیفی ، سیستمی زانیاری نەتەوەییدا ، ناوەندی ئەرشیفی ، گەرمیان

## 1- پێشەكی

پرۆسەی ئەرشیفكردن بریتیە لە تۆماركردن و پاراستنی ئەو بەڵگە و دۆكیۆمێنتانەی كە بایەخێكی گرنگی مێژوویی و سیاسی و فەرهەنگی و بەڕێوەبردن و نەتەوەیی هەیە و دەبێتە یادەوەری گشتی كۆمەڵگە، لە هەناوی ئەواندا بەشێك لە پرسەكان و ڕووداوەكان ڕەنگی داوەتەوە وەكو كاروكردەوەكان، بەیاننامەكان، نوسراوەكان، بەرنامەكان، سیاسەت و بریاردان و گفتوگۆ و دیدار و كۆبونەوەكان. لە ڕێگەی تۆماركردنی مێژوو و ئەم یادەوەرییانەی ڕابردووەوە دەتوانرێت شیكردنەوە بۆ ڕاستیە مێژووییەكانی كۆمەڵگە فەراهەم بێت[1]، هەروەها نەوەكانی داهاتوو بە مێژوو و فەرهەنگی پێشینانیان ئاشنا دەكرێن و بە

[1] سیما شارقی. آینده آرشیو و تحقیقات تاریخی, فصلنامه گنجینه اسناد. شماره 76,زمستان 1395 . ص 96

تێڕامان لەو داتا و زانیاری و تۆمارە مێژووییانەوە دەتوانرێت خوێندنەوەیەکی زانستیانە و واقیعیانەیان بۆ ئەمڕۆ و ئایندەی وولآت هەبێت. بەو پێیەی لە ئاما نجە سەرەکیەکانی مێژوو بریتیە لە پێکەوە بەستنەوەی ڕابردوو و ئێستا و ئاییندە و یەکێك لە ئامرازە یارمەتیدەرەکان بریتیە لە بەڵگە و تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردوو کە هۆکارێکن بۆ درکردنی مێژوو، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت خوێندنەوەیەکی زیندووانە بۆ مێژوو ئەنجام بدرێت و پەی بە ناوەکی ڕووداوەکان و باروگوزەرانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگە ببرێت، بە سود وەرگرتن لە ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی پێ بونیاد بنرێت، چونکە مێژوو بە بڕوای شبنگلەر بریتیە لە ئەرشیف و وێنەی ڕابردووی نەتەوەیی و جیهانی و وەك ئێستایەکی بەردەوام دەپارێزرێت و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە[2]. هەروەها ساندەرسۆن (Sanderson)یش پێی وایە کە لە هەرە دیاترین سودەکانی گرنگیدان بە پرۆسەی ئەرشیفسازی، دەبێتە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ لێکۆڵینەوە مێژوویەکان لە داهاتوودا و تێگەیشتنێکی بە بەها ئەبەخشێت لەسەر کارو چالاکیەکانی پێشینا نمان و ناسنامە و ڕەسەنیەتی نەتەوەییمان[3]. بێگومان تۆمارەکانیش جۆراوجۆرن و هەموو ئەو بەڵگەنامانە دەگرێتەوە کە بەهای مێژوویان هەیە، لەوانە بەڵگەنامە کاغەزیەکان، تۆمارە دەنگی و ڤیدیۆییەکان، وێنە و نەخشە و هەر تۆمارێکی تر کە زانیاری لەسەر کاروچالاکی دامودەزگا حکومی و حیزبی و ڕێکخراو و کۆمپانیاکان ببەخشێت.

کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی لە دێر زەمانەوە جێگایەکی گرنگی ژیاری بووە و خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و مێژوویەکی پڕ لە ڕووداوە، بەڵام بەهۆی هەژاری کاری ئەرشیفکردن، توێژەران ناچار دەبن کە پشت بەو تۆمار و دۆکیۆمێنتانە ببەستن کە لە ناوەندە ئەرشیفیەکان و مۆزەخانەکانی دەرەوە هەڵگیراون . هەروەها، بەهۆی نەبونی ناوەندێکی ئەرشیفی بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامە و شوێنەوارەکان لە ناوچەکەدا، نەتوانراوە وەکو پێویست پەی بە گرنگی و بایەخی مێژوویی و فەرهەنگیی پڕ لە بەڵگەنامە و تۆماری ناوچەکە ببردرێت، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی زۆری تۆمار و بەڵگەنامەکان لە ناو چوون. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت گرنگی و پێویستی دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیان بکەینە بنەمای کاکرد نمان، ئەوەی کە دەبێتە جێگای سەرنج و گرنگی پێدان دوو ئاما نجی سەرەکیە یەکەمیان بریتیە لە ناساندنی پرۆسەی ئەرشیفسازی و میکانیزمەکانی دروستکردنی ناوەندێکی ئەرشیفی و چۆنیەتی دۆکیۆمێنتکردن لە ناوچەی گەرمیاندا، تیایدا سەرنج دەخەینە سەر گرنگی تۆمار و بەڵگەنامەکانی حکومەت و دامودەزگاکانی لە ڕووی مێژووییەوە و هەوڵی ناساندنی پرۆگرام و پرۆسیجەرە پێویستەکان دەدەین لە ڕێکخستن و تۆمارکردنی بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکان. دووەم بریتیە لە بایەخی دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی لە ناوچەکەدا و رۆڵ و گرنگی لە یارمەتیدانی مێژونوسان و لێکۆڵەرەوان و کاریگەریەکانی لە پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی بارودۆخی کۆمەڵگە.

---

[2] مەریوان, عبدول. فەلسەی مێژوو لای شبنگلەر (مێکۆڵنەوەیەکی شیکاری-ڕخنەییە) . چاپخانەی خانی, دهۆك. 2008. ل53.

[3] Sanderson, K. A. "Private archives." *Informing New Zealand: Libraries, archives and records= Hei puna whakamohio mo Aotearoa: Whare pukapuka, puranga korero, whare taonga*. Open Polytechnic of New Zealand, 2007. (p. 183)

2- ئەرشیفسازی و دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە مێژوودا:

كاری ئەرشیفكردن و گرنگیدان بە پرۆسەی دۆكیۆمێنتكردن بنەڕەتێكی مێژوویی دوورودرێژی هەیە و دیاریدەیەكی نوێ نیە. سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشای دەوڵەتی ئاشوری نوێ (ئاشوربانیپاڵ Ashurbanipal 627-668 بەر لە زینی)، لە ئەنجامی كنەوپشكنینەكانی نەینەوا (25000) دەقی نوسراو دۆزرایەوە لەو شوێنەی كە بە كتێبخانەی ئاشوربانیپاڵ ناسراوە، پێكهاتەی دەقەكان بەسەر دوو بەشدا دابەشكراون، یەكەمیان: بریتییە لە ژمارەیەك لە بەڵگەنامە ئەرشیفیەكان كە نوسراوەكانی شاهانە و نامە و دەقی بەڕێوەبردن و كۆپیكردنەوەی دەقەكانی سەردەمی سۆمەری و بابلی لەسەر داوای پاشا لەخۆدەگرێت. دووەم: بەڵگەنامەكانی كتێبخانە لەخۆدەگرێت كە پێكهاتووە لە دەقە ئەدەبی و زانستیەكان[4].

یەكێكی تر لە هەوڵەكانی پاراستن و هەڵگرتنی دۆكیۆمێنتەكان لە كۆندا لە لایەن یۆنانیە كۆنەكانەوە بوو. لە سەدەی (سێ و چوار بەر لە زاینی) ئەسینابیەكان هەوڵی هەڵگرتن و پاراستنی بەڵگەنامە بەنرخەكانیان داوە لە پەرستگی خواوەندی دایك (مێترۆن Metron) لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامانەی كە لە پەرستگاكەدا كۆكراونەتەوە و پارێزراون بریتین لە پەیماننامە و یاسا شەرعیەكان و بەڵگەنامە سیاسیەكانی دەوڵەت، هەروەها ستەیتمێنتەكانی سوقرات كە لە پێناو بەرگریكردن لە خۆی ئامادەی كردبوون پارێزراوبوون, هەروەها دەستنوسەكانی (ئێسكلەس Aeschylus, سۆفۆكلیس Sopholes و یوریپیدیز Euripides) و لیستی ناوی سەركەوتوانی یاریەكانی ئۆلۆمپیاد بەشێك بوون لە بەڵگەنامە هەڵگیراوەكان, ئەم بەڵگەنامە نوسراوانە لە كۆنترین كاتەكانیانەوە تاكو سەدەی سێی زاینی پارێزان كە لەسەر پەڕەی پاپیرۆس (papyrus) نوسرابوون[5]. هاوكات, ڕۆمانیەكانیش گرنگیان بە ئەرشیفكردن داوە و ئەرشیفی دەوڵەتی و كەسیان بە ناوی (تبولاریوم) هەبووە لە سەدەی (چواری بەر لە زاینی), لە ژێرزەمینی پەرستگاكانیاندا خواوەندی ئەرشیفیان هەبووە و لە هەندێك شاردا كۆگای بەڵگەنامەكان هەبووە و بەشێك لە بنەماڵە و دەوڵەمەند و دەسەلاتدارەكان و ئەشرافەكان ئەرشیفی پاشایەتیان هەبووە[6].

كاری ئەرشیفسازی بەردەوام لە ستراتیج و بەرنامەی كاری نەتەوە نوێخوازەكان بووە و پەرەیان پێدراوە. سەدەكانی ناوەڕاست لە ئەوروپا وەرچەرخانێكی نوێ بوو لە كاری ئەرشیفسازیدا و چەندین بنكە بۆ مەبەستی پاراستنی تۆمارە مێژووییەكان كرانەوە وەك بنكەی ئەرشیفی دادگاكان و دام و دەزگا جۆراوجۆرەكان, ئەرشیفی خێزان و بنەماڵەكان, بەڵام دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی و بە دامەزراوەیی كردنی پرۆسەی دۆكیۆمێنتكردن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاكانی سەدەی حەڤدە, كاتێك پاوڵی پێنجەم

---

[4] Roux, G. *Ancient Iraq*. Penguin UK, 1992. P. 355

[5] Schellenberg, T. R. "Modern archives. Principles and techniques." Society of American Archivists. U.S.A (2003). P. 3.

[6] محمد حقى خوانسارى. تاريخچه سند و مراكز اسناد در جهان و ايران. فصلنامه أينه پژوهش, شماره 158. خرداد و تير 1395. ص 39

(Paul v) لە (1610ز) ناوەندێکی تایبەتی بە کاری ئەرشیفکردن دامەزراند و هەوڵیدا جێگەیەکی گونجاو و لەبار بۆ هەڵگرتن و پاراستنی دەسنوس و بەڵگەنامەکان دابین بکات[7].

سەدەی هەژدە ماهیەت و گرنگیدان بە پرۆسەی ئەرشیفکرن پێی ناوە نێو قۆناغێکی نوێوە و ئاماژەکانی پێویستی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی نەتەوەیی دەرکەوت, لە ئیتالیا داخوازیەکان بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی کە تەواوی تۆمارە مێژووییەکانی دەوڵەت لەخۆ بگرێت بوو بە بنەمای کارکردن تیایدا بۆ یەکەم جار هەوڵدرا کە گرنگی بە ڕێکخستن و کۆدکردنی بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان درا و ڕەچاوی ڕێکخستنی بەڵگەنامەکان بە پێی زنجیرە و ژمارە کراوە, ئەرشیفسازی ناسراو (جۆسێپی کارامپی Giuseppe Garampi) سەرۆکی بنکە ئەرشیفیەکان لە ئیتالیا لە ماوەی (1751-1772ز) دەستی کرد بە بەکارهێنانی کارتی پێڕست (card index) بۆ تۆمارە ئەرشیفکراوەکان بەمەش تۆمارەکان بە پێی تەمەن و بەها و جۆرییەتیەکەی دیاری دەکرا لە شوێنی تایبەت بە خۆیدا هەڵدەگیرا[8].

درککردن بە گرنگیە بنچینەییەکانی ناوەندی ئەرشیفی و گرنگیدان بە ئەرشیفکردن لە کۆمەڵگای پێشکەوتوو و خاوەن مەعریفەی زیندوودا کاتێك دەبێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەڵگەنامە و تۆمارە مێژووییەکانیان دەکەن کە ووڵات ڕووبەڕوی دابەشکاری و بارودۆخی سیاسی ناجێگیر دەبێتەوە. لە ماوەی شۆڕشی فەرەنسی و کۆتایی هاتن بە سیستمی فیوداڵیزم لەو ووڵاتە تەواوی دامودەزگا حکومی و ئاینی و ئابوریەکان لەناوچوون و هەوڵ دەدرا کە تەواوی شوێن پێکانی ڕژێمی پێشوو لەناو ببرێت[9]. بەڵام, لە ئامانج و باوەڕە دیارەکانی شۆڕش بریتی بوو لە هەڵگرتن و پاراستنی تۆمارەکانی فەرەنسای تازە و دەسەڵاتی پێشوو, لە کۆبونەوەی نەتەوەیی لە ساڵی (1789ز) بڕیار لەسەر دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی درا بە مەبەستی تۆمارکردن و پاراستنی هەموو هەنگاوەکانی شۆڕش بۆ ئەوەی نەوەی تازە ئاگادار بکرێتەوە لە ڕووداوەکان, لە ساڵی دواتر (1890ز) ئەم ناوەندە ئەرشیفە بڕیاری دامەزراندنی (ناوەندی ئەرشیفی نەتەوەیی پاریس National Archives of Paris)ی دەرکرد بە ئامانجی پاراستنی تەواوی تۆمارەکان کە گرنگی نەتەوەییان هەیە لە ئێستا و ڕابردوودا. هەرچەندە شۆڕشگێڕە ڕادیکاڵیەکان بە تەواوی دژایەتی گرنگیدانیان بە تۆمارەکانی ڕژێمی پێشوو دەکرد و جەختیان لەسەر پێویستی لە ناوبردنیان دەکردەوە, بەڵام لە بەرامبەردا کۆنزێرڤاتیڤەکان (کۆنە پارێزەکان) لەو بڕوایەدا بوون کە تەواوی مێژووی ڕابردوو و شوێنەوارەکان موڵکی گشتین و دەبێت بپارێزرێن, کۆمەڵگە دەبێت مافی بەکارهێنانی هەبێت و بوار بدرێت بە ڕای گشتی بە گەڕان بە نێو تۆمارە فەرمیەکاندا لە پێناو پاراستی بەرژەوەندی و مومتەلەکاتە یاساییەکانی لە ماوەی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوودا[10].

---

[7] Berger, S. "The role of national archives in constructing national master narratives in Europe." *Archival Science* 13, no. 1 (2013): P. 3
[8] Berger, S. *Ibid.* p. 5
[9] Singh, A. R. *Information Management in Archives and Libraries*. Aakar Books, 2001. P. 72.
[10] Schellenberg, T. R. *Ibid*. p. 4

لە میانەی شۆڕشی فەرەنسیدا كە بە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی مۆدێرن دادەنرێت, تۆمارە مێژووییەكان و كەرەستە شوێنەواری و فەرهنگیەكان وەك بنچینە و بنەڕەتێك بۆ ئە نجامدانی چاكسازی و ڕیفۆرم لە پێكهاتەی كۆمەڵگای كۆن و بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی پێشكەتوو و نوێخواز لێی دەڕوانرا, لەبەر ئەوە لە دەرەنجامە گرنگ و كاریگەرەكانی شۆڕشی فەرەنسی گرنگیدان بوو بە تۆمارە مێژووییەكان و وەك سەرەكیترین ئیلەمێنتی پێشخستنی كۆمەڵگە سەیری دەكرا[11], ئەم تێگەیشتن و دونیا بینیە بۆ ئەرشیفسازی سێ ڕاسپاردەی گرنگی بە دوای خۆیدا هێنا:

1- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەكی ئەرشیفی نەتەوەیی سەربەخۆ.
2- دانانی یاسا و ڕێسایەكی تایبەت بە چۆنیەتی بەكارهێنانی تۆمارە ئەرشیفیەكان, لە هەمان كاتدا جەختكردنەوە لەسەر بەكارهێنانی و دەستگەیشتن بە تۆمارەكان لە لایەن هەموو تاكێكەوە.
3- دەوڵەت بەرپرسیار بوو لە تەواوی تۆمارەكان و گرنگیدان بە بەڵگەنامە گرنگەكانی ڕابردوو بوو بە ئەولەویەتی كارەكانی[12].

لە سەدەی نۆزدەدا، پرسی ئەرشیفسازی پێشكەوتنێكی باشی بەخۆوە بینی و هەلومەرجێكی نوێ بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ تۆمارەكاندا هاتە كایەوە, تەكنۆلۆجیای تازە بۆ خستنە ڕووی خزمەتگوزاری و ڕێكخستن و پاراستنی تۆمارە مێژووییەكان بەكاردەهێنرا. بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستی دروستبوونی پسپۆڕ و ڕاهێنراوی ئەرشیفسازی هاتە كایەوە كە ڕۆڵیان بریتی بوو چاودێریكردن و كۆنترۆڵكردنی هەردوو لایەنە فیزیكی و مەعریفیەكەی بەڵگەنامەكان و هەڵسەگاندنی نرخ و بەها هەمیشەییەكەی ئەو تۆمارانەی ئەرشیف دەكران. لەم ماوەیدا, بەهۆی جوڵە و چالاكی حكومەت و ناوەندەكانی بەڕێوەبردن و ڕێكخراوەكانەوە ژمارەیەكی زۆر لە تۆمار و بەڵگەنامە ئەرشیفیەكان دەركەوتن كە دەبوو لە لایەن كەسانی شارەزا و تایبەتمەندەوە هەڵسەنگانیان بۆ بكرێت. بۆ ئەم مەبەستە دوو قوتابخانە تایبەت بە ڕاهێنانكردن بە ئەرشیفسازان لە ساڵی (1821) دامەزرا, قوتابخانەی یەكەمیان لە پاریس بوو بە ناوی (Ecole Nationale des Charts), قوتابخانەی دووەمیش لە شاری میوشنی ئەڵمانیا بوو بە ناوی (Byerische Archivshule), ئامانجی سەرەكی هەردوو فێرگەكە بریتی بوو لە پەروەردەكردن و پێگەیاندنی نوخبەیەك ئەكادیمی شارەزا لە بەڕێوەبردن و مامەڵەكردن لەگەڵ تۆمارە ئەرشیفیەكان, درككردن بە بەهای سروشتە ئۆرگانیەكەی ئەو بەڵگەنامە زۆر و كەڵكەبوانەی كە دەهاتە بەردەستیان[13]. هەر بۆیە ئەم گۆڕانكاریانە پێویستی بە دووبارە پێناسەكردنەوە و ناساندنی پرۆسەی ئەرشیفسازی هێنایە بەر باس, ماهیەت و هێزە سروشتیە شاراوەكەی بریتی بوو لە ڕێكخستنی زانیاریەكان و دیاریكردنی بەها پەروەردەییەكەی و ناساندنی وەك ئایكۆنێكی گرنگی فەرهەنگی، لە چوارچێوەی كاری ستانداردی سەردەمیانەی ئەرشیفسازە پرۆفیشناڵەكان بوو.

---

[11] Hohmann, J.P. An introduction to private sector fund raising for archives. Eds, Finch E. F. *Advocating archives: an introduction to public relations for archivists*. Scarecrow Press, 1994. P. 25
[12] Schellenberg, T. R. *Ibid*. p. 5
[13] Feather, J, and Paul S, eds. *International encyclopedia of information and library science*. Routledge, 2003. P. 24.

سەبارەت بە کوردستان مێژوویەکی دوورو درێژی نییە لە ئەرشیفکردندا, لە سەدەی بیستەمدا وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان گرنگییەکی زۆریان بە ئەرشیف داوە و سەرقاڵی کردنەوەی ناوەندی ئەرشیفی بوون, بەڵام بۆ کوردستان بارودۆخەکە جیاواز بووە, چونکە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم کوردستان دابەشکرا بەسەر چوار وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریادا, تاوەکو ئەمرۆش خاوەنی قەوارەی سەربەخۆ نییە، بۆیە ئەمەش هۆکارێکی دیار بووە کە وایکردووە کورد نەتوانێت پرۆسەی ئەرشیفکردن و دامەزراندنی دەزگا و ناوەندی هەبێت, سەرەڕای ئەوەش ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشبووە بەردەوام لە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی کورددا بوون, هەموو ڕێگەیەکی توندوتیژی و نایاساییان بەرامبەر بە کورد گرتۆتە بەر, ئەمەش وایکردووە کە کەسانی رۆشنبیر و چالاکیش لە ترسی ڕاوەدونان و کوشتن و ئەشکەنجەدان هەرچی نامە و دەستنووس و بەڵگەنامە هەبوو لە بەینیان بردووە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی تاکەکەسی لەو بوارەدا هەر هەبووە, عەبدولڕەقیب یوسف یەکێکە لەو کەسانەی کە چەندین هەوڵی گەورەی داوە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان و پاراستنیان، لەو بوارەشدا لە ساڵی 1985 دا کتێبێکی دەرکرد بە ناوی (بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد)، نووسەر لەم کتێبەدا زۆر پێداگری کردووە لەسەر گرنگییەکانی ئەرشیف لەڕووی فەرهەنگیو مێژوویوپێشکەوتنی نەتەوایەتییەوە، لێرەوە هەوڵدەدات سەرجەم ڕووناکبیران و نووسەران لە گرنگی و بایەخە گەورەکانی ئەرشیف ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی گرنگی بە پاراستنی بدەن، هەروەها نموونەی چەندین نامە و دەستنووسی گرنگی تایبەت بە کوردستان دێنێتەوە کە بە هۆی ناهۆشیارییەوە فەوتێنراون، چونکە کەسێك نەبووە بە بایەخەوە لێی بڕوانێت و خەمی هەڵگرتنی بخوات[14]، هەروەها نووسەر لەو کتێبەدا ئاماژە بەو هەوڵە زۆرانەی خۆی دەدات کەلە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکاندا داوییەتی و بەشێك لەو بەڵگانەشی لە کتێبەکەیدا چاپ کردووە، دەکرێت ئەم کارانەی ناوبراو بە هەوڵی یەکەم دابنێین لە ڕووی کاری ئەرشیف و گرنگی دان بە ئەرشیفکردن لە کوردستاندا، دواتر لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو باردۆخەکە گۆڕا لە کوردستاندا و ڕاپەرینی ئاداری ساڵی 1991 خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کوردا و کوردەکان دەست کراوەتر بوون بۆ گرنگی دان بە ئەرشیفی نەتەوەیی و کە دەکرا کاری لە پێشینەی پەرلەمان بووایە لە ڕووی یاساوە، ئەو ساتەوەختە ساتێکی زێڕین بوو، چونکە بە سەدان و هەزاران بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت لە دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراقدا بە جێمابوون کە بەشێکی هەرە گەورەیان تایبەت بوون بە کوردستان، کارێکی زۆر گەورە دەبوو ئەگەر ئەو بەڵگانە کۆبکرایانەتەوە و بپارێزرانایە، ئەوا خزمەتێکی گەورەی بە مێژووی کورد دەکرد، بەڵام ئەو بەڵگانە هەمووی لەلایەن خەڵکی داخ لە دڵ و کەسانی ئاساییەوە لە نێو بران و تاڵانکران،[15] حکومەت و پەرلەمانی

---

[14] عبدالرقيب يوسف، بانگەوازێك بۆ روناکبیرانی کورد لە پێناوی کۆکردنەو و زیندوو کردنەوەی کەلە پووری کوردیدا، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1985.

[15] چاوپێکەوتن لە گەڵ (ڕەفیق ساڵح)، سلێمانی، 2018/3/18. ڕەفیق ساڵح لە 1955/9/11 لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی کۆلێژی ئابووری و کاگێری، لە 6 ی مارتی 1978 وەکو معید لە کۆلێژی تەکنیکی موصل دامەزراوە، لە ساڵی 1982 بەکالۆریۆسی تەواو کردووە و بووە بە مامۆستای یاریدەدەر لە پەیمانگای تەکنیکی نەجەف، کە دواتر لە ساڵی 1989 گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی، تاکو ساڵی 2014 مامۆستا بووە. سێ توێژینەوەی لە بواری پسپۆری خۆیدا بڵاو کردۆتەوە و پتر لە سی وتاری لە بواری ئەرشیف و پەیوەندییە گشتی و کارگێرییەکاندا لە گۆڤارە زانستییە جیاوازەکاندا بڵاو کردۆتەوە، لە چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستیدا لە بواری بوژانەوەی ڕۆژنامەی کوردیدا بەشدار بووە، هەروەها بە دەیان کتێبی بڵاو کردۆتەوە لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا. لە سەرەتای دامەزراندنی بنکەی ژینەوە لە ساڵی 2004 وە تا ئەمرۆ بەڕێوەبەری بنکەی ژینە.

كوردستانیش هێندەی سەرقاڵی كێشەی سیاسیی بوون هێندە ئاوڕیان لە لایەنی فەرهەنگیی و رۆشنبیریی و مێژوویی نەداوە، بۆیە هەموو هەوڵەكان لە بواری ئەرشیفكردندا هەر لە ئاستی تاكەكەسیدا مانەوە، هەوڵی دووەمیش لە لایەن كۆمەڵێك كەسەوە بوو بە دەست پێشخەری مەحمودی مەلا عزەت داوای لە مام جەلال و كۆسرەت رەسول كردبوو كە ئەو كات بەرپرسی ئیدارەی سلێمانی بوو بۆ كردنەوەی ناوەندێكی ئەرشیفی لە شاری سلێمانی، مام جەلالیش رەزامەندی دەربڕیبوو وە هەموو هاوكارییەكی بۆ تەرخان كردبوون، دواتر بە هاوكاری كۆمەڵێك كەس كە بریتی بوون لە( رەفیق ساڵح و فەرید ئەسەسەرد و نەوزاد عەلی ئەحمەد و كەمال رەئوف و جەمال عبدول و عبدالرقیب یوسف و صدیق ساڵح) ناوەندێك بە ناوی (ئەرشیفی نەتەوەی كوردستان)لە ساڵی 1998 لەشاری سلێمانی كرایەوە كە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بوو، ژمارەیەكی زۆر بەڵگەنامە و نوسراوەكانی فەرمانگەكانی سلێمانی و كۆیە و كفری كۆكرانەوە و هەوڵێكی زۆر درا بۆ كۆكردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووسەكان، بەڵام تەمەنی ئەم ناوەندە زۆر كورت بوو هەر لە قۆناغی كۆكردنەوەی بەڵگەكاندا بوو كە بەرەو شكست هێنان ئەچوو چونكە وەزارەتی رۆشنبیری توانایەكی دارایی ئەوتۆی نەبوو بۆ پشتگیری كردنی پرۆژەكە و هەروەها نەبوونی كەسانی شارەزا و پسپۆر لە بواری ئەرشیفدا هۆكارێكی تر بوو، بۆیە دەزگاكە وردە وردە بەرەو پوكانەوە و لە ناوچوون چوو،[16] لە دوای ئەوە چەندین هەوڵی تری تاكەكەسی درا، بەڵام هیچیان سەركەوتوو نەبوون، دواین جاریش بەدەست پێشخەری نەوشیروان مستەفا و ستران عەبدوڵا كە بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەكانی هەرێم بوو، هەوڵیاندا دەزگایەك بۆ ئەرشیف دابمەزرێنن، دواتر لە گەڵ كۆمەڵێك كەسدا بنكەی ژین دامەزرا، ئەم بنكەیە لە ساڵی 2004 لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی رۆشنبیرییەوە مۆڵەتی دامەزراندنی پێ درا، لە مارتی 2009 بنكەكە بە فەرمی كرایەوە،[17] ئەم بنكەیە چەندین بەشی جیاواز لە خۆدەگرێت, لەوانە چەند كتێبخانەیەكی گەورەی تێدایە كە ژمارەی كتێبەكانی تا كۆتای ساڵی 2017 چوارهەزار و سەد و چل و چوار كتێب بووە، ناوەندێكی تایبەت بە دەستنووسی تێدایە كە ژمارەی دەستنووسەكانی 487 بەرگ بە 705 نامە دەبێت و زۆربەیان بە زمانی عەرەبین، هەروەها یەكەیەكی تایبەت بە بەڵگەنامە هەیە ژمارەیەكی زۆر بەڵگەنامەی حكومی و رێكخراو و گروپە سیاسیە جیاوازەكان و پوول و مۆری تیادا كۆكراوەتەوە و سەرەڕای ئەوەش یەكەیەكی تایبەت بە وێنە و دەنگ و رەنگ لەم بنكەیەدا هەیە كە تەنها ژمارەی وێنەكان سێ سەد بۆ چوار سەد هەزار دەبن، بە پێی كەسایەتی و شوێنەكان پۆلێن كراون و لە گەڵ بوونی یەكەیەكی تایبەت بۆ چاوپێكەوتن،[18] هەروەها بنكەكە گۆڤارێكی ساڵانەی هەیە كە چەندین لێكۆڵینەوەی زانستی و بابەتی مێژووی لە خۆ دەگرێت و تا ئێستاش هەشت ژمارەی لێدەرچووە، كەواتە دەتوانین بڵێن بنكەی ژین تاكە بنكەیە لە كوردستاندا كە رۆڵی ناوەندێكی ئەرشیفی بگێرێت، بەڵام سەرەڕای گرنگییە گەورەكەی ناتوانین بڵێن ئەم بنكەیە ناوەندێكی ئەرشیفی نەتەوەییە.

3- ئەزموونی وڵاتانی بەریتانیا و میسر لە ڕووی كاری ئەرشیفەوە

---

[16] چاوپێكەوتن لە گەڵ (رەفیق ساڵح)

[17] چاوپێكەوتن لە گەڵ (رەفیق ساڵح)

[18] چاوپێكەوتن لە گەڵ (رەفیق ساڵح)

وولآتی بەریتانیا یەكێكە لەو ولآتانەی كە گرنگییەكی گەورە بە مێژوو و شارستانیەت دەدات. پاراستنی شوێنەوارەكان و هەڵگرتن و كۆكردنەوەی دەستنووس و دۆكیۆمێنت و بەڵگە و ئامرازە مێژووییەكان لەم ولآتەدا بایەخێكی زۆری پێدراوە، بۆیە ولآتی بەریتانیا پێش زۆرێك لە ولآتان كەوت لە كۆكردنەوەی بەڵگەكان و دامەزراندنی ناوەندێكی ئەرشیفی دەوڵەمەند. چەندین ناوەند و سەنتەری گەورەی ئەرشیفی لە سەرجەم شارو شارۆچكەكانی بەریتانیادا دروستكراون و دەرگایان كراوەیە بە ڕووی شارەزا و نووسەر و توێژەراندا، لەلای حكومەت و هاولآتیانیش بە چاوێكی پڕ بایەخەوە تەماشا دەكرێت.

سەرەتای مێژووی دروست بوونی ناوەندی ئەرشیفی لە بەریتانیا ئەگەرێتەوە بۆ ساڵی (1838)، ئەوەش دوای ئەوە دێت كە حكومەتی بەریتانیا یاسایەكی دەركرد تیایدا بڕیار درا بە كۆكردنەوەی سەرجەم بەڵگە و دۆكیۆمێنتەكانی ولآتەكەی و پاراستنی لە شوێنێكی دیاریكراودا كە ناونرا (فەرمانگەی فایلە گشتییەكان -Public Record Office)، دواتر ناوەكەی گۆڕا بۆ (ئەرشیفی نیشتمانی- The National Archives)[19]. لەو كاتەدا ئەو بەڵگە و دۆكیۆمێنتانەی كە كۆ دەكرانەوە دابەش كرابوو بە سەر دوو بەشدا:

یەكەم.ئەرشیفی شارەكان و بەڵگەنامەكانی دەوڵەت.

دووەم.ئەوراق و دۆكیۆمێنتەكانی وەزارەت و دامەزراوە ئیدارییەكان.[20]

هەر بۆیە ئەرشیف لە ولآتی بەریتانیادا پایەیەكی تایبەتی خۆی هەیەو لە سەدەی نۆزدەوە تاكو ئەمرۆ سەدان ناوەندی هەمەجۆر دروستكراون و سەرجەم بەڵگە و دۆكیۆمێنتەكان پارێزراون، ئەم ئەرشیفانە تەنها شەڕ و كاروبارە سیاسییەكان لە خۆ ناگرێت، بەڵكو چەندین داتا و نامە و ئەوراقی گرنگ هەیە دەربارەی كاروباری بازرگانی و كۆمەلآیەتیی و تەنانەت وردەكاری تەواو لەم ئەرشیفانەدا دەدۆزرێتەوە دەربارەی جۆر و بڕی ئەو خواردنانەی لەو ولآتەدا بە كارهێنراوە لە ماوەی دوو سەد ساڵدا.

بە پێی لیستێكی بلآوكراوەی ئەرشیفەكانی بەریتانیا لە ساڵی (2009) سەدو بیستو دوو ناوەندی ئەرشیفی نەتەوەییی و شەش سەدو پەنجاو چوار ناوەندی ئەرشیفی ناوخۆیی و سێ سەدو بیستو هەشت ناوەندی ئەرشیفی زانكۆیی و هەزارو دووسەد و بیستو چوار ناوەندی ئەرشیفی تایبەت و شەست و یەك ناوەندی ئەرشیفی بازرگانی لە سەرجەم شارو شارۆچكەكانی بەریتانیادا تۆمار كراون[21]. بۆ دەوڵەمەندكردنی ئەرشیفی ولآتەكەیان زۆربەی دامەزراوە حكومی و تایبەتییەكان بەڵگە و دۆكیۆمێنتەكانیان دەخەنە ناوەندەكانی ئەرشیفەوە، بە پێی ئامارێكی ساڵی (1982) لەو ماوەیەدا هەزارو دووسەدو سی و یەك دامەزراوەی هەمەجۆر پەیوەندییان بە ناوەندەكانی ئەرشیفەوە كردووە بۆ ئەوەی دۆكیۆمێنتەكانیان پێشكەش بكەن.[22]

---

[19] الأرشيف مفهومه تاريخه أصنافه و إدارته، مدونة ابحاث، مارس 06, http://ab7aath.blogspot.com 2014/03/blog-post.html

[20] الأرشيف مفهومه تاريخه أصنافه و إدارته، م.س.

[21] Kitching, Christopher . “Archives and history in England since 1850.” *Making History*, 2008, www.history.ac.uk/makinghistory/resources/articles/history_and_archives.html#resources.

[22] Foster, J, Julia, S and Richard, S. *British Archives: A Guide to Archive Resources in the United Kingdom*. , ( London: Palgrave Macmillan, 2002).pp.3&4.

یەكێك لە گرنگترین ناوەندە ئەرشیفیەكان لە وڵاتی بەریتانیا، بریتیە لە ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن ( The National Archives of London ). ئەم ناوەندە یەكێكە لە گرنگترین و گەورەترین و یەكەمین ناوەندەكانی ئەرشیفی بەریتانیا، رۆژانە هەزاران تویژەر و شارەزا و خوێنەر ڕوو لەم شوێنە دەكات بۆ كۆكردنەوە و لێكۆلینەوە لە بەڵگە و دۆكیۆمێنتەكانی نێو ئەم ناوەندە، كە تەنها لە ساڵی ( 2009-2010 ) بیست ملیۆن سەردانی ئۆنلاین و نەوەد هەزار سەردان بۆ ژوورەكانی ئەرشیف هەبووە.[23]

ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن پێكدێت لە بینایەكی گەورەی دڵگیر كە كەوتۆتە باشووری رۆژئاوای شاری لەندەنەوە لە ناوچەی (Kew, Richmond, Great London)، لەو سەردانانەی كە هەردوو تویژەر بۆ ئەم ناوەندە ئەنجامیان داوە تێبینی ئەوە كراوە كە ناوەندەكە دەكەوێتە شوێنێكی ئارام و دوور لە ژاوەژاوی ناوەراستی شارەوە، ئەو شوێنە هێندە بێ دەنگە كە بە كۆڵانەكاندا تێدەپەڕیت هەست بە ئارامی دەكرێت، بینای ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن هەموو مەرجەكانی سەلامەتی بۆ هاولاتیان تێدایە، وەك ( سكویریتی و ئەلێرت و ئاگر كوژێنەوە )، بەدەر لەوەش سكویریتی تەواو بۆ ئەرشیفەكان دابینكراوە بۆ رووبەرووبونەوەی هەر حالەتێكی لەناكاو، لە سەرەتای باڵەخانەكە باخچەیەكی دڵرفێن و ڕازاوە دابینكراوە بۆ حەوانەوەی ئەو كەسانەی دێن بۆ دیدەنی شوێنەكە،هەبوونی حەوزێكی سەرنجراكێشی پڕ لەباڵندەی ئاوی هەمەجۆر لە پێش باڵەخانەكە، وا دەكات مرۆڤ هەست بە ئارامی بكات، هەروەها لە نهۆمی زەمینی باڵەخانەكە كافتریایەكی گەورە بۆ خواردن و خواردنەوە تەرخانكراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەو نهۆمەدا فرۆشگایەكی پەرتووك تایبەت بە ئامرازە تایبەتییەكانی ئەرشیف دابینكراوە، كەسێك ئارەزووی كڕینی ئەو جۆرە بابەتانەی هەبێت.

هەموو كەسێك دەتوانێت سەردانی ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن بكات، هەموو ئاسانكارییەكی تەواو كراوە، چوونە ژوورەوە لە رێگەی دروستكردنی كارتێكەوەیە كە وێنەیەكی خۆتی لی دەدریت و تەنها بە ( پێنج پاوەن ) بۆت دروستدەكرێت و ماوەی سێ ساڵ كاردەكات، پاشان ئەگەر ویستت بۆت نوێ دەكرێتەوە، لەم ناوەندەدا هەزاران بەڵگەنامە و دۆكیۆمێنت و نامەی دیپلۆماسی و كتێبی دەگمەن و نەخشەی وڵاتان و راپۆرت و دەستنووس و بریاری دادگاكان و وێنەی مێژوویی بە شێوەیەكی زۆر باش پارێزراون و تویژەران دەتوانن سوودی لێ وەربگرن. ژمارەی فایل و ئەو سندوقانەی بەڵگەكانیان تێیدا پارێزراوە خۆی دەدات لە دە ملیۆن و ژمارەی دەستنووس و گۆڤارە كۆن و كتێبەكان نزیكە شەست و پێنج هەزار دەبێت، لە گەڵ بوونی نزیكەی سەدو پە نجاهەزار مایكرۆفیلم،[24] لەم ناوەندەدا شەش سەد و حەفتا و نۆ كارمەند كار دەكەن، كە بودجەی تەنها ساڵی(2009-2010)ی چوارسەدو سی‌ونۆ ملیۆن پاوەن بووە.[25]

---

[23] UK Stationery Office. *Annual Report and Resource Accounts of the National Archives 2009-10: Including the Annual Report of the Advisory Council on National Records and Archives 2009-2010*. Vol. 95. Stationery Office/Tso, 2010. (https://www.gov.uk/government/publications/the-national-archives-annual-report-and-resource-accounts-2009-to-2010

[24] كەمال مەزهەر، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی بەریتانیادا، ب2، چ2، ئا، عەبدوڵلا زەنگەنە، شەهلا تاهیر حەیدەری، لوبنان، گرین گلۆری .2009، ل39.

[25] UK Stationery Office. *Ibid*

دەرگای ئەم ئەرشیفە هەموو ڕۆژێك لە كاتژمێر نۆی بەیانییەوە تاكو پێنج بۆ شەشی ئێوارە كراوەیە، جگە لەڕۆژانی یەكشەمە و ڕۆژانی پشووی فەرمی، پسپۆر و توێژەران بە ویستی خۆیان دەتوانن سەردان بكەن بەبێ دیاریكردنی كاتی پێش وەخت. ئەو كەسانەی كە دەڕۆن بۆ سەیركردنی بەڵگە و دۆكیۆمینتەكان دەتوانن زیاتر لە فایلێك داوا بكەن، لە بۆكسیكی شووشەی تایبەت بەخۆیان بۆ دادەنرێت، ئەگەر ویستیان دەتوانن كۆپیەك لەو نووسراوە بگرنەوە كە دەیانەوێ یاخود بە كامێرای خۆت وێنەی دۆكیێمینتەكان دەگریت، هەروەها بۆ ئاسانكاری بۆ كەسانی بێگانە لەم ناوەندەدا چوارسەدو چل فەرهەنگی جیاوازی هەموو وڵاتانی جیهانی تێدایە بۆ ئاسانكردنی كاری وەرگێڕان لە كاتی پێویستدا[26]، جگە لەوەی كە ژمارەیەكی زۆر كارمەند لەو شوێنەدان ئامادەن بۆ هەر هاوكارییەكی پێویست.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەت كوردستان، لەو ناوەندەدا نزیكەی پێنج هەزار و شەش سەد فایل كە دەكاتە نزیكەی سێ ملیۆن لا پەڕە تایبەتە بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی[27]، لەو ژمارەیە بەشێكی گەورەی تایبەتە بە كوردستان و پەیوەندییەكانی كورد و بەریتانیایە، بەسەدان دۆكیۆمێنت دەبینرێت كە وردەكاری زۆر وردی تێیدایە دەربارەی ناوچەكانی كوردستان و خودی ژیانی كورد، ڕۆژانەی زۆربەی گەشتیارە بیانییەكان بۆ كوردستان لەو ئەرشیفانەدا دەستدەكەوێت، بە شێوەیەكی زۆر وردتریش ڕووداوەكانی جەنگی جیهانی یەكەم و دوای جەنگ و بارودۆخی كوردستان لەو كاتەدا لە نێو ئەم بەڵگانەدایە، گرنگییە گەورەكەی ئەم دۆكیۆمێنت و بەڵگەنامانە لەوەدایە كە زۆربەی ئەم ئەرشیفانە نامەی دەستنووسن و لە لایەن دەسەڵاتدار و لێپسراوانی ئەو كاتی بەریتانیاوە نووسراون لە ناوچەكەدا. بۆیە بۆ لێكۆڵینەوە لە كوردستان و بارودۆخی كورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم ئەرشیفی نەتەوەیی لەندەن باشترین شوێنە بۆ كۆكردنەوەی سەرچاوە یەكەمینەكان كە بە دەیان و سەدان نامەو نووسرا و و دەستنووس لەو بارەیەوە دەستدەكەوێت كە بە دەستی سەرپەرشتیار و نێردراوانی خودی بەریتانی نووسراون لەو كاتەدا، تەنانەت زانیاری ئەوەندە وردی تێدایە كە لە هیچ شوێنێكی كوردستاندا دەست ناكەوێت، بۆ نموونە لە چەندین نووسراودا ناوی چواری ئەندام و سەرۆك عەشیرەت و ژمارەی كوردانی ناوچە جیاوازەكانی كوردستان بە وردی نوسراون. بۆیە ئەرشیفەكانی نێو ئەم ناوەندە سەرچاوەی زۆر دەوڵەمەندن بۆ ئەو توێژەرانەی كە لە دەرەوە دەخوێنن و دەرفەتی سەردانیكردنی ئەم شوێنەیان دەبێت.

یەكێكی تر لە كۆنترین و دەوڵەمەندترین ئەرشیفەكانی جیهان، ئەرشیفی نەتەوەیی وڵاتی میسرە كە لە دوای ئەرشیفی وڵاتی فەرەنساوە دێت و بە یەكێك لە كۆنترین ئەرشیف دادەنرێت لە جیهاندا. كە مێژووەكەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی (موحەمەد عەلی پاشا) لە قاهیرە ساڵی( 1828) كاتێك بڕیاریدا ناوەندێك بە ناوی (Daftarkhana) (house of Documentation) (الدفتر خانة المصرية - دار المحفوظات بالقلعة) بكاتەوە، كە مەبەست لێی كۆكردنەوە و پاراستنی

---

[26] كەمال مەزهەر، س.پ، ل40.

[27] الوطني للوثائق: الأرشيف البريطاني بالمركز مصدر ثري للمهتمين بدراسة الخليج، جريدة الاتحاد، تاريخ النشر: الثلاثاء 30 أبريل 2013.
http://www.alittihad.ae/details.php?id=42225&y=2013

سەرجەم دۆكیۆمێنت و بەڵگەكانی ئەو كاتە بوون[28]. بەڵام ئەم شوێنە وەكو خۆی نەماوەتەوە، بەڵكو لە دوای هاتنی هەر دەسەلاتێك كۆمەڵێك گۆڕانكاری بە سەردا هاتووە، بۆ نموونە كاتێك (خدێوی اسماعیل) لە ماوەی (1863-1879) دەسەلاتی گرتە دەست بڕیاری دا بە داخستنی سەرجەم لقەكانی ئەرشیفەكە و هەموو بەڵگە و دۆكیۆمێنتەكانی گواستەوە بۆ قەلایەكی قاهیرە بێ ئەوەی كەس بتوانێت سوودی لی ببینێت[29], هەموو ئەو نوسرا و دۆكیۆمێنتانەی لە ئەرشیفەكەدا هەبوون نووسەران و توێژەران و مێژوونووسان نەیان دەتوانی بە كاری بێنن وەكو سەرچاوە سوودیان لێ وەرنەدەگرت، بەڵام كاتێك (فوئاد پاشا) لە ساڵی( 1917 ) دەسەلاتی گرتە دەست یەكێك لە كارەكانی ئەوە بوو كە ڕێگەی بە توێژەرو مێژوونووسان دا كە بەشێك لەو دۆكیۆمینتانە بە كار بێنن و خستیە خزمەتی ئەوانەوە[30], دواتر لە دوای ساڵی( 1952 )ئەرشیفی نەتەوەی میسر دامەزرا لەتەنیشت مۆزەخانەی جەنگی قەلای قاهیرەوە[31]. كە تا ئەمرۆش یەكێكە لە ئەرشیفە دەوڵەمەندەكانی جیهان، ئەم ناوەندی ئەرشیفە بە هەزاران دۆكیۆمێنت و نووسراوی مێژووی تێدایە دەربارەی مێژووی وڵاتی میسر و ناوچەكە، هەروەها چەندین نامە و دەستنووس و بڕیاری خەلیفەكانی عوسمانی و میرەكانی ناوچەكەی تێدایە، نووسراوەكانی نێو ئەم ئەرشیفە چەندین زمانی هەمەچەشن لە خۆدەگرن، وەك زمانی توركی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و ئیتاڵی،[32] لەم ئەرشیفەدا مێژووی هەزاران ساڵی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدۆزرێتەوە، بۆیە لێكۆڵینەوە لە هەر بابەتێكی مێژووی و شارستانی دەربارەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست, بە سەردانیكردن و بینین و بەكارهێنانی ئەرشیفی ئەم وڵاتە لێكۆڵینەوەیەكی دەوڵەمەند و بە بەها دەبێت.

مەبەست لە باسكردنی ئەزموونی ئەم دوو وڵاتە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە كە ڕوونی بكەینەوە ئەرشیف لە وڵاتێكی پێشكەوتووی وەكو بەریتانیا چۆنە و لە هەمان كاتدا لە وڵاتێكی دێرین و خاوەن شارستانیەتی وەكو میسر چۆنە، ئێمە چۆن دەتوانین سوود لەئەزموونی چەند ساڵەی ئەوان وەربگرین, ئەزموون و مێژووی ئەوان بكەین بە سەرەتایەك بۆ بنیاتنانی ناوەندی ئەرشیفی لە گەرمیان، لە كۆمەڵێك لایەنەوە ئێمە ئەتوانین سوود لە ئەزموونی ئەم وڵاتانە وەربگرین:

یەكەم: دەتوانرێت سوود لە شێوازەكانی ئەرشیف كردنی ئەو وڵاتانە وەربگیرێت و لەو ڕێگەیەوە وردتر و زانستیانە تر مامەڵە لە گەڵ دۆكیۆمێنت و بەڵگەكاندا بكرێت، بۆ نموونە دەكرێت ستافێكی چەند كەسی سەردانی هەردوو وڵات بكەن بۆ بینین و فێر بوونی ئەزموونی ئەوان.

---

[28] Hoskins, H. L. "Some Recent Works on Mohamed Ali and Modern Egypt." *Journal of Modern History*. Vol. IV (March 1932): pp. 93-95.

[29] *The Writing of History in Nineteenth-Century Egypt*. Cairo: American University in Cairo Press, 1984.

[30] Marsot, A. L. "Egyptian Historical Research and Writing on Egypt in the Twentieth Century," *Middle East Studies Association Bulletin*. Vol. VII/ No. 2 (May 1973): p.4.

[31] الأرشيف مفهومه تاريخه أصنافه و إدارته، م.س

[32] Marsot, A. L., *Ibid*. p.6.

دووەم: دەكرێت لە رێگەی ناردنی چەند كەسێكی شارەزا و پسپۆڕەوە كۆپییەك لە ئەرشیف و بەڵگەكانی تایبەت بە مەسەلەی كورد لەبەریتانیا بگەرێنرێتەوەو بخرێتە بەر دیدی توێژەران و لێكۆڵەرەوان، بۆ ئەو كەسانەی كە دەستیان بەم دۆكیۆمێنتانە ناگات لە نێو ئەرشیفی بەریتانیادا ئەتوانن لێرەوە سوود لە بەڵگەكان وەربگرن و بیكەن بە سەرچاوەی یەكەمی توێژینەوەكانیان، بۆیە هێنانەوەی ئەرشیفەكانی تایبەت بە كورد خزمەتێكی گەورە دەبێت بە توێژەران و پەرەپێدانی ئاستی زانستی توێژینەوەكان.

4- پێویستیەكان و چۆنیەتی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی:

ئەرشیفسازی و دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی پێویستیەكی سەردەمیانەیە و گەورەترە لەوەی كە تەنها وەك مێتافۆرێكی سادە بیری لێبكرێتەوە. ئەو بەڵگەنامە و پاشماوە شوێنەواریانەی كە كۆدەكرێنەوە و دەپارێزرێن سەرچاوەیەكی شارستانی گرنگن و سودی گشتی بە تاكەكانی كۆمەڵگە دەگەیەنێت. هەر بۆیە, بەرەوپێشبردن و گرنگیدان بە كاری ئەرشیفكردن و پارێزگاریكردن لە مۆنۆمێنت و یادەوەریەكانی ڕابردووپێوەرێكە بۆ دیاری كردنی ئاستی شارستانی بوون لای هەر نەتەوەیەك. پارێزگاری كردن لەم كەلەپورە نەتەوەییە لە هەر كۆمەڵگەیەكی نوێخواز و خاوەن شارستانیەتدا, ئەركی سروشتی و لە پێشینەی حكومەت و دامودەزگاكانیەتی[33].

لەبەر ئەو بەها مێژووییە گرنگەی كە هەیەتی دەبێت بە ووریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕێكارەكانی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفیدا بكرێت و بە بڕوای ( لێلاند Leland ) لە سەرەكیترین پێداویستیەكانی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی نەتەوەیی, هەڵبژاردنی باشترین بینا و شوێنی گونجاوە, دەبێت لە نێو بیناكەدا ڕەچاوی نەخشەسازیەكی لەبار بكرێت كە بگونجێت لەگەڵ پێداویستیەكانی ئەرشیفسازیدا و تەنها بۆ مەبەستی ئەرشیفكردن دروستكرابێت, لەگەڵ هیچ دامودەزگایەكی تردا هاوبەشی پێنەكرێت. هەروەها پێداویستیە سەرەتاییەكان لە ناو بیناكەدا جێكرابێتەوە وەك ژووری تایبەت بە كاری توێژینەوە و هۆڵی سیمینار و كۆنفرانس و هۆڵی جیاواز بۆ هەڵگرتن و پیشاندانی بەڵگەنامە و پاشماوە ئەرشیفیە جۆراوجۆرەكان, هەروەها بواری فراوانكردن و زیادكردنی بینای نوێ هەبێت لە ئایندەدا[34]. لەبەر ئەوە, ئەوانەی بەرپرسیارێتی پاراستنی مێژوو و كەلەپوری نەتەوەییان لە ئەستۆدایە بۆ ئەوەی بە باشی بیگەیەننە دەستی نەوەكانی داهاتوو دەبێت بەڵگەنامەكان لە باشترین جێگادا ئەرشیف بكەن و پێوەرە ستانداردیەكان بۆ پاراستن و ئاسایشی بەڵگەنامە مێژووییەكان جێبەجێ بكەن بۆ دڵنیا بوون لە بە زیندوو هێشتنەوەیان. ئەگەر بینا و ستراكچەرێكی هاوشێوەی سەرەوە نەتوانرا دابین بكرێت, ئەوا دەتوانرێت لەگەڵ ئەو دامودەزگایانەی تردا هاوبەشی پێبكرێت و كارەكانیان لە بینایەكی هابەشدا ئەنجام بدەن كا ئامانج و مەبەستی هاوبەشیان

[33] Foote, K. "To remember and forget: Archives, memory, and culture." *The American Archivist* 53, no. 3 (1990): P. 392

[34] Leland, W. G. "The National Archives: A Programme." *The American Historical Review* 18, no. 1 (1912): 1-28.

هەیە وەكو مۆزەخانە و كتێبخانە. لەم حاڵەتەدا, سودێكی زۆر بە توێژەران و لێكۆڵەرەوان دەگەیەنێت ئەگەر پەیوەندی لە نێوان هەرسێ دەزگاكەدا دروست بكرێت و كاری پێكەوەیی و هاوبەش ئە نجام بدەن[35].

بە بڕوای (ڕۆودس Rhoads) هەرچەندە ئەگەر بیناكە بە مەبەستی ئەرشیفكردن دروستكرابێت یاخود هەر بینایەكی تر بێت و ئەرشیفی تێدا بكرێت دەبێت پێداویستیە سەرەتاییەكانی تێدا فەراهەم كرابێت بە مەبەستی دڵنیابوون لە سەلامەتی بوون و پاراستنی كەرەستە ئەرشیفكراوەكان لەوانە:

1- دەبێت بیناكە بەهێز بێت و بەرگەی لەرزین و هەر جۆرە ڕووداوێكی سروشتی بگرێت.
2- سیستمێكی ئاسایشی تۆكمە جێگیر بكرێت بۆ پاراستنی تۆمارە ئەرشیفیەكان لە دزین و هەر زەرەر و زیانێك: دەبێت دەرگای سەرەكی لە كانزای بەهێزی ئیستیلی دروست بكرێت كە بە ئاسانی نەشكێت, ژوورەكان بە كامێرای چاودێری بپارێزرێت و سیستمێكی زەنگی ورياكردنەوە جێگیر بكرێت.
3- دەبێت پلەی گەرمی ژوورەكان جێگیر بكرێت, چونكە هەر بەرزیی و نزمیەك لە پلەكانی گەرمی كاریگەری لەسەر تۆمارە ئەرشیفیەكان دەبێت و تەمەنی مانەوەیان كورتتر دەبێتەوە, هاوكات, دەبێت پارێزگاری بكرێت لە پیسبوونی ژینگەی ناو ژوورەكان و ڕێگری بكرێت لە هاتنە ژوورەوەی تەپوتۆز, هەروەها باشترە ئەگەر مادەی كانزایی ئیستیل بەكار بهێنرێت لە دروست كردنی ڕەفەی هەڵگرتنی تۆمارەكان.
4- سیستمێكی زەنگی ورياكردنەوە (Fire alarm) جێگیر بكرێت بۆ ئاگاداركردنەوە لە بوونی دووكەڵ و ڕووداوی ئاگركەوتنەوە لە بیناكەدا[36].

لە پێویستیە هەنوكەیی و گرنگەكانی كاری ئەرشیفكردن بریتیە لە ئامادەكردنی ستافێكی شارەزا و ڕاهێنراو لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی ڕووداوە لە ناكاوەكانی وەك ئاگركەوتنەوە و هەر ڕووداوێكی سروشتی كە زەرەر و زیان بە بەڵگەنامەكان دەگەیەنێت. لە هەمان كاتدا, ئەرشیفسازەكان دەبێ ڕاهێنانیان پێكرابێت و بە تەواوی شارەزاییان لەسەر تایبەتمەندیە فیزیكی و كیمیاییەكانی بەڵگەنامە كاغەزی و تۆمارە ڤیدیۆیی و دەنگیەكان و وێنەكان هەبێت بە مەبەستی پاراستنیان لە لەناوچوون بەهۆی كاریگەرییە ژینگەییەكان لەسەریان. بۆ نمونە, هەندێك لە تۆماركراوەكانی وەك تۆمارە ڤیدیۆیی و دەنگییەكانی سەر دیسك و ئامێرەكانی تۆماركردن بەهۆی ساردی شوێنی هەڵگرتن و بەرزی ڕادەی شێ و تەزووی موگناتیسیەوە تێكدەچن و خراپ دەبن, دەبێت لە ژینگەیەكی گونجاو و جێگیردا هەڵبگیرێن[37]. تۆمارە كاغەزیەكانیش ڕێژەیەك لە مادەی ئەسیدی (Acids)یان تێدایە بەهۆی بەرزی ڕادەی شێ و تەڕبوونەوە تێك دەچن و لەناو دەچن, بۆ پاراستن و درێژكردنەوەی

35 Duff, W. M., and Verne, H. "Stories and names: archival description as narrating records and constructing meanings." *Archival Science* 2, no. 3-4 (2002): P. 279.

36 Rhoads, J. B. "The Role of Archives and Records Management in National Information Systems: A RAMP Study." Paris (1983). P. 13.

37 Conway, Paul. "Archival quality and long-term preservation: a research framework for validating the usefulness of digital surrogates." *Archival Science* 11.3-4 (2011): 297-299.

تەمەنی تۆمارەکان دەتوانرێت یەکێك لە رێگە دیار و بەسودەکان بەکاربهێنرێت ئەویش رێگەی (Lamination)ە کە تۆمارەکان لە دووتوێی مادەیەکی تەنکی پلاستیکی (نایلۆن) دادەنرێت و پەستانی دەخرێتە سەر تاکو کاغەز و نایلۆنەکە پێکەوە دەنوسێن و پاشان لە نێو فۆڵدەرێکی دۆسیە کە بە تەواوی خاڵی بێت لە مادەی ئەسیدی, پاشان پرۆسەی ئندیکسکردن و کۆدکردنی فایلەکان دەست پێدەکات و کەتەلۆگ و ریفرێنسیان بۆ دادەنرێت تاکو بە ئاسانی لە کاتی پێویستدا بەکار بهێنرێن, پاشان لەسەر رەفە تایبە تمەندەکان هەڵدەگیرێن[38].

5- بایەخ و گرنگی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیان:

دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیاندا رێگایەکە بۆ پاراستنی تەواوی بەڵگەنامە و چالاکیەکانی حکومەت و دام و دەزگا ئیداری و رێکخراوە نا حکومیەکان لە رابردوو و ئێستا و داهاتوودا, کە رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ئەنجامدانی توێژینەوە لە ناوچەکەدا. ئەم بەڵگەنامانە دەبنە سەرچاوەی زانیاری بەسود بۆ توێژەران لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و شوناسی نەتەوەیی. هەروەها, بە پشت بەستن بە تۆمارەکان, دەتوانرێت لە ئەزمون و سیستمی حکومڕانی لە رابردوودا بکۆڵینەوە و سەرکەوتن و خاڵە بەهێزەکان و نشوست و خاڵە لاوازەکانی حکومڕانی دیاری بکەین و چارەسەر بۆ گرفت و ئاستەنگیەکانی ئێستا بدۆزرێتەوە کە لێکچونیان لەگەڵ رووداوەکانی رابردوودا هەیە و لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەوە ستراتیجی کاری ئایندە دابرێژرێت.

ئەرشیف و کۆکردنەوەی یادەوەرییەکانی رابردوو بەشداریەکی کارا و زیندووی هەیە لە پێشخستنی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی. لەبەر ئەوە دامەزراندنی ناوەندێکی ئەرشیفی مۆدێرن لە گەرمیاندا پێویستیەکی سەردەمیانەیە, چونکە ناوچەکە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە لە دامودەزگای ئیداری و بزاوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی, بەڵام بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی ئەرشیفیەوە لە ناوچەکە بەشێکی زۆر لە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی بەنرخ لە ناوچوون و ئەوانەشی کە ماونەتەوە لە دەستی خێزان و کەسانێکدان کە ناگات بە دەستی توێژەران و گرنگیەکانیان بە شاراوەیی ماوەتەوە. لە خوارەوە چەند سود و کاریگەریەکی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەی گەرمیان دەخەینە روو کە سودی گشتی بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت:

5.1- رۆڵی ئەرشیفسازی لە بەرەو پێشبردنی فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوەییدا:

مێژووی راستەقینەی هەر دەوڵەت و نەتەوەیەك پەیوەستە بە ئاستی رۆشنبیری تاك و نەتەوەکەیەوە لە گرنگیدان بە پاراستنی تۆمارە مێژووییەکانی دامودەزگا ئیداری و ئابوری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانیەوە, هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت ببێتە خاوەنی مێژوویەکی تۆکمە و بەرەو پێشی ببات تاکو بەڵگەنامە مێژووییی و داتا گشتیەکان کۆ نەکاتەوە و نەیان پارێزێت و

[38] Evans, F. B., et al. "A basic glossary for archivists, manuscript curators, and records managers." *The American Archivist* 37.3 (1974): 415-433.

بەشێوەیەکی سیستماتیکی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکات. لەبەر ئەوە هێز و پێگەی سیاسی و مێژوویی و شوناسی هەر نەتەوەیەك بەندە بە توانای بەکارهێنان و شیکردنەوەی ئەرشیف و بەڵگەنامە کۆمەڵایەتی و فیکری و ئابوری و ڕۆشنبیری و و مێژووییەکانیەوە, کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە نوسینەوەی مێژووی نەتەوەیی و فۆرمۆڵەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی[39].

بەڵگەنامەی مێژوویی و سەنەدی ئەرشیفی بە ئامرازێکی سەرەکی و بنەڕەتی توێژینەوەکانی مێژوونوسان دادەنرێت و لە دیدی مێژوونوسەوە نەك تەنها دەرخەری گەشە و چالاکیەکانی دەوڵەتە, بەڵکو پەرەسەندن و کامڵبونی نەتەوەیش نیشان دەدات, بۆیە بەڵگەنامە مێژووییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت لە بەها بەخشین بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان[40]. ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی لە ماوەی حکومڕانی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و ململانێی زلهێزەکان لە ناوچەکەدا گەنجینەیەك لە تۆمار و بەڵگەنامەی مێژووییان بەجێهێشتووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لەو خەباتەی مێژوونوسانی کورد بۆ نوسینەوەی مێژوو کردویانە ئاوڕدانەوە بووە لە مێژووی سیاسی و سەربازی و ڕۆڵ و ژیانی سەرکردەکان, مێژووی دوورودرێژی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بارودۆخی ئابوری و ڕۆشنبیری پەراوێزخراوە و گرنگی بە لایەنی فکری و کلتوری و ئەدەبی نەدراوە کە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاون لە ناسنامەی نەتەوەییمان. ئەگەر ئەم تۆمارانە کۆبکرێنەوە و ڕێکبخرێن دەبنە سەرچاوەی سەرەکی لەسەر ئاشنابوون بە ڕەسەنیەت و مێژووی ناوچەکە, سەرکەوتن و شکستی فەرمانڕواکان, بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فکری و ئاینی ناوچەکە, ڕێکەوتننامە و پەیوەندیە نەتەوەییەکان و نەهامەتی و ئازارەکانی خەڵکی بەدەست ڕژێمە جۆراوجۆرەکانەوە کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ناساندن و بەرەوپێشبردنی شوناسی نەتەوەیی, ئەگەر لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتیمانیدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

لە دونیای مۆدێرندا, یەکێك لە ڕەگەزە دیارەکانی کاری مێژوونوسی بریتیە لە مێژووی زارەکی, کە بەشداریەکی کارای هەیە لە نوسینەوەی مێژوودا و جێگەی بایەخی مێژوونوسانە. هەروەها یەکێك لە ئامانج و هەوڵە دیارەکانی ئەرشیفی نەتەوەیی مۆدێرن, پاراستن و بە زیندوو هێشتنەوەی ئەم ڕەگەزەی مێژوونوسییە[41]. ئەو گفتوگۆ و چاوپێکەوتن و دیدارە مەیدانیانە کە ئەنجام دەدرێت ڕۆڵی کارا دەبینێت لە بەزیندوو هێشتنەوە و پاراستنی یادەوەریەکانی کۆمەڵگە, بەڵام ئەم جۆرە لە گرنگیدان بە زیندووکردنەوەی ڕاستیە مێژووییەکان لای مێژوونوسانی کورد فەرامۆشکراوە, چ لە ناوەندە ئەکادیمیەکان و چ لە ڕەوتە گشتیەکەی مێژوونوسیندا گرنگی پێنەدراوە. هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە کارەکتەر و بەشداربوەکانی نێو ڕووداوەکان ( جینۆساید, ئەنفال و پرسی بە عەرەبکردن بۆ نمونە ) بەهۆی هەڵکشانی تەمەنیان و نەخۆشینەوە مردوون و بەشێك لە دیوە ڕاستەقینەکەی ڕووداوەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە, پێدەچێت لە چەند دەیەی داهاتوودا ئەو نەوەیەی کە ڕووداوەکانیان بینیوە و ئازارەکانیان چەشتووە بە تەواوی لە ناوبچن و نەوەکانی داهاتوو بە ڕادەی پێویست ئاگاداری ئەم پرسە نیشتیمانی و

---

[39] Karabinos, M. "The Role of National Archives in the Creation of National Master Narratives in Southeast Asia." *Journal of Contemporary Archival Studies* 2.1 (2015): 4-5.

[40] سیما, شارقی. م.ص. ص 96

[41] Berger, S. *Ibid.* p. 7.

نەتەوەییانە نەبن. لە فاکتەرە دیارەکانی پێویستی دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی لە ناوچەکەدا, گرنگیدانە بە تۆمارکردن و بە زیندوو هێشتنەوەی ئەم مێژووە لە ڕێگەی تۆماری دەنگی و ڤیدیۆییەوە بە دواندنی ڕاستەوخۆی بەشداربوان و زیان لێکەتوانی پرسە جیاوازەکان. سەرەنجام, یادەوەریەکان ئەرشیف دەکرێن بۆ نەوەکانی داهاتوو و دەبنە سەرچاوەیەکی کاریگەر و بەنرخی فەرهەنگی و پەروەردەیی و مێژوویی, دەتوانرێت لە پرۆسێسکردن و پێشخستنی پرسی ناسنامەی نەتەوایەتیدا بەکار بهێنرێت لە داهاتوودا, ئەمە جگە لەوەش, یارمەتیدەرێکی گرنگ و بە بەهایە بۆ کۆمەڵگە و نەوەکانی داهاتوو بۆ تێگەیشتن لە ناسنامەی خۆی و پێگە و مێژووکەی لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا[42].

## 2.5- پرسی ئەرشیفسازی و پەیوەندی بە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایتی کۆمەڵگەوە:

ڕوانگەی مێژوو بۆ ڕابردوو یەکێکە لە پێویستیەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە حاڵەتی گەشەکردندان, تا لە ڕێی ناسینی کەلەپور و دەستکەوتەکانی پێشینانەوە ڕێگە بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکەنەوە, لەم ڕوانگەیەوە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی مێژوویی هەر تەنها ئامرازی تێگەیشتن لە مێژوو و ناسینی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئیداری و زانستیەکانی نەتەوە نیە, هەروەها ئامرازی ئاسانکاری و پێشکەوتنە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری[43]. لە سودە دیار و هەنوکوییەکانی گرنگیدان بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە و تۆمارە مێژووییەکان بریتیە لە کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە ڕۆڵ دەبینن لە پێشخستنی ژێرخانی ئابوری و کۆمەلایەتی و کلتوری کۆمەڵگە, چونکە ناوەڕۆك و پێکهاتەی تۆمارەکانی ڕابردوو یارمەتیدەرە بۆ درککردن و ئاشنابوون بە سیاسەت و ستراتیجی حکومڕانی لە ڕابردوودا, بەمەش دەبێتە پردی پەیوەندی لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و بە یەکگەیاندنی ئاراستەکانی سیاسەتی بەڕێوەبردن لە ئێستا و ڕابردوودا, سەرەنجام, کاریگەری گەورەیان دەبێت لە داڕشتنی پلان و گرتنەبەری ڕێگای گونجاو بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی بارودۆخی ئابوری و کۆمەلایەتی[44].

بێگومان, ئەجێندای کاری هەموو دەسەلاتێکی بەڕێوەبردن هەنگاونانە بە ئاراستەی پێشکەوتن و بڕینی بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەمی و فەراهەم کردن و پێشکەشکرنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بە کۆمەڵگە. بۆ ئەم مەبەستە, ئەرشیف و تۆمارە مێژووییەکان سەرچاوەی زانیاریەکانن لەسەر کار و سیاسەت و ستراتیجی بەڕێوەبردن و مامەڵەی دەسەلاتی جێبەجێکردن لە ڕووبەڕوبونەوەی ئاستەنگەکان و بەرەوپێشبردنی کەرتە ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتیەکان, لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیەوە دەتوانین لە فەلسەفەی بەڕێوەبردن و پرنسیپ و ڕێکارەکانی بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتانەوە لە ڕابردوو ڕا بمێنێین. سەرەنجام, دەبێتە ئاراستەکەری ستراتیجێکی مۆدێرن لە ڕێگەی داڕشتنی پلانێکی سەردەمیانە

---

[42] Rhoads, J.B. *Ibid. p. 23*

[43] سیما شارقی. م.ص. ص 96

[44] Bearman, D. "Archives and manuscript control with bibliographic utilities: Challenges and opportunities." *The American Archivist* 52.1 (1989): P. 35.

بۆ باشتركردنی ئێستامان و بەرچاورِوونی ئاینده, چونكه بەڵگەنامەكان پێوەرێكن بۆ دیاریكردن و پێوانەكردنی هەموو حكومەت و دامودەزگایەك لە هەڵهێنانی هەنگاوەكانی پێشكەوتن و ئەنجامدانی گۆڕانكاری سەردەمیانه لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا[45].

لێكۆڵینەوە لە تایبەتمەندیەكانی كۆمەڵگە و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیاوازەكاندا پێویستی بە داتا و زانیاری جۆری هەیە. ڕۆڵی ناوەندی ئەرشیفی بریتیە لە كۆكردنەوەی ئامار و زانیاریەكان لە ڕێگەی دروستكردنی داتا بەیسێكی سالآنەوە, پاشان پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم دامودەزگاكان دەبەستێت تاكو داتا و زانیاریەكانیان لە ناوەندە ئەرشیفیەكەدا ئەرشیف بكەن. توێژەر لە كەمترین ماوەدا دەتوانێت زانیاریە پێویستیەكانی بە دەست بگات لە بوارە جۆراوجۆرەكانی وەك (كەرتی پیشەسازی و بازرگانی, كەرتی كشتوكاڵ, ژینگە و كەشوهەوا, خزمەتگوزاریە تەندروستیەكان, ڕێژەی مردن و لەدایك بوون, ڕەوشی كۆمەلآیەتی (هاوسەرگیری و جیابونەوە) و ڕێژەی تاوان و بارودۆخی دادگاكان), ئەمانە ئەو زانیاریانەن كە هەموو توێژەرێك بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخی كۆمەڵگە پێویستی دەبێت و لەبەر ڕۆشنای ئەم زانیاریانەوە دەتوانێت پێشنیار و ڕسپاردەی خۆی لەسەر چۆنیەتی بەرەوپێشبردن و بوژاندنەوەی بارودۆخی ئابوری و كۆمەلآیەتی و فەرهەنگی كۆمەڵگە گەلآڵە بكات.

سەرباری هەوڵە تاكەكەسی و ڕێكخراوە نا حكومیەكان بۆ دامەزراندنی بنكەی ئەرشیفی, بەلآم ئەرشیفسازی نەبووە بە جێگەی بایەخی لایەنە حكومیە پەیوەندیدارەكان و هەوڵی جدی بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی نەدراوە تا لە ڕێگەی دامودەزگا بەرپرسیارەكانەوە ڕۆحی نەتەوەیی ببوژێتەوە. لەبەر ئەوە, نەبونی ناوەندێكی ئەرشیفی نەتەوەیی كارا بۆ كۆكردنەوەی میراتی مێژووی كورد ئاستەنگی بۆ توێژەران دروست كردووە لە ئەنجامدانی توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەكاندا چونكە زانیاری پێویست لەبەردەستدا نیە, لەبەر ئەوە توێژەران ناچار دەبن لە ڕێگەی ڕا پرسی و بەدواداچونی مەیدانیەوە زانیاریەكان كۆبكەنەوە كە پێویستی بە كاتێكی زۆر و تێچوونێكی زۆرە, زۆرجاریش لەوانەیە زانیاریەكان بە دروستی و تەواوی نەگاتە دەستیان و ئەمەش ڕووبەڕوی دەرەنجامی ناڕاستیان دەكاتەوە. بۆ دەربازبوون لەم كێشە و ئاستەگانە دامەزراندنی ناوەندێكی ئەرشیفی پێویستیەكی هەنوكەیی و سەردەمیە.

دەرئەنجام:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەو دەرەنجامەی ئەرشیف لە زۆربەی ولآتانی پێشكەوتووی دونیا پێگەیەكی گەورە و سامانێكی دەوڵەمەندە و بایەخی زۆری پێدراوە، بۆ نموونە لە ولآتێكی وەك بەریتانیادا ئەرشیف لە ئاستێكی زۆر پێشكەوتوودایە و گرنگییەكی بەرچاوی پێدەدرێت،توێژەران و لێكۆڵەرەوان زۆر بە ئاسانی دەستیان پێ دەگات، سەرجەم دۆكیۆمێنت و بەڵگە و نامە و دەستنووسەكان وەكو خۆیان پارێزراون، بۆیە ئەرشیفەكانی بەریتانیا ئاستێكی بەرزی زانستی بە

---

[45] Caio, G. The Importance of Corporate Archives to Economic and Business History: A Case Study. Society of American Archivists: 59, No. 3, 2012: P4-5

لێکۆلینەوە و توێژینەوەکانی ئەو وڵاتە داوە، لە سەرجەم بوارە جیاجیاکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و مێژووییەوە، ئەمەش وای کردووە ساڵانە چەندین داهێنان و بەرهەمی نوێ لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە بێتە بەرهەم.

لە ناوچەکەشدا وڵاتی میسر یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە ڕووی ئەرشیفەوە و مێژووییەکی دێرینی هەیە لە ناوچەکەدا، هەرچەند بە بەراود بە ئەرشیفی بەریتانیا پێشکەوتوو نیە، بەڵام دەکرێت بڵێن لە ناوچەکەدا دەوڵەمەندترینە و گرنگییەکی گەورەی ئابووریی و فەرهەنگیی و رۆشنبیریی داوە بە وڵاتەکە،

بە بەراورد بەم وڵاتانە ئەرشیف لە کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر خراپدایە و لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە بەراوردکارییە و سەردانیکردنمان بۆ بنکە و ناوەندەکانی کوردستان ڕوون بووەوە کە ئەرشیف لە کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر نزمدایەو تا ئێستاش نەبووەتە بنەمای کاری حکومەت و کاری جددی بۆ نەکراوە، هۆکار زۆرن بۆ ئەم دۆخەی ئەرشیف لە کوردستاندا یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکان بی باکی و گرنگی نەدانی سەرانی حکومەتی کوردستانە کە کارکردن و کۆکردنەوەی ئەرشیفەکان نەبووەتە ئەجێندای کارەکانیان، راستە نەبوونی دەوڵەت یەکێك بووە لە رێگرییە سەرەکییەکانی بەردەم کۆکردنەوەی ئەرشیفەکانی کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا لە دوای راپەرینی ساڵی 1991 یشەوە سەرانی حکومەت ئەوەندەی سەرقاڵی کاری سیاسیی بوون ئەوەندە گرنگیان بە لایەنی فەرهەنگی و رۆشنبیری و مێژوویی نەداوە و کاریان بۆ نەکردووە. بۆیە تاکو ئەمرۆش هیچ ناوەندێکی ئەرشیفی کە بنەما و مەرج و پێداویستییەکانی ئەرشیفی تێدا بێت لە کوردستاندا بوونی نییە، سەبارەت بەگەرمیانیش هیچ گرنگییەك بە ئەرشف نەدراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ناوچەیە خاوەن مێژوویەکی دێرینە و بە سەدان بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت لە ناوچەکەدا هەن، بەڵام تا ئێستا کۆنەکراوەتەوە نەخراوەتە بەردەم توێژەران بۆ ئەوەی بە ئاسانی لێی بکۆڵنەوە. ئەمەش وا دەکات کردنەوەی ناوەندێکی ئەرشیفی ببێت بە زەرووەرتێکی گەورە بۆ ناوچەکە بۆ ئەوەی چیدی بەڵگە و دۆکیۆمینتەکان لە نێو نەچن و بتوانرێت بپارێزرێت بۆ نەوەکانی داهاتوو و ببێتە ناوەندیك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی توێژینەوەکان و لایەنی فەرهەنگیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی لە ناوچەکەدا.

**لیستی سەرچاوەکان:**

## سەرچاوە کان


Bearman, D. "Archives and manuscript control with bibliographic utilities: Challenges and opportunities." *The American Archivist* 52.1 (1989): 26-39

Berger, S. "The role of national archives in constructing national master narratives in Europe." *Archival Science* 13, no. 1 (2013): 1-22.

Caio, G. The Importance of Corporate Archives to Economic and Business History: A Case Study. Society of American Archivists: 59, No. 3, 2012: 1-8

Conway, P. "Archival quality and long-term preservation: a research framework for validating the usefulness of digital surrogates." *Archival Science* 11.3-4 (2011): 293-309.

Duff, W. M, and Verne, H. "Stories and names: archival description as narrating records and constructing meanings." *Archival Science* 2, no. 3-4 (2002): 263-285

Evans, F. B., Donald F. Harrison, E. A. Thompson, and William L. R. "A basic glossary for archivists, manuscript curators, and records managers." *The American Archivist* 37, no. 3 (1974): 415-433.

Feather, J, and Paul S, eds. *International encyclopedia of information and library science*. Routledge, 2003

Foote, K. "To remember and forget: Archives, memory, and culture." *The American Archivist* 53, no. 3 (1990): 378-392

Foster, J, Julia, S and Richard, S. *British Archives: A Guide to Archive Resources in the United Kingdom*. , ( London: Palgrave Macmillan, 2002).

Hohmann, J.P. An introduction to private sector fund raising for archives. Eds, Finch E. F. *Advocating archives: an introduction to public relations for archivists*. Scarecrow Press, 1994.

Hoskins, H. L. "Some Recent Works on Mohamed Ali and Modern Egypt." *Journal of Modern History*. Vol. IV (March 1932)

Karabinos, M. "The Role of National Archives in the Creation of National Master Narratives in Southeast Asia." *Journal of Contemporary Archival Studies* 2.1 (2015): 4. (Pp. 1-8).

Kitching, Christopher . “Archives and history in England since 1850.” *Making History*, 2008 www.history.ac.uk/makinghistory/resources/articles/history_and_archives.html#resources.

Leland, W. G. "The National Archives: A Programme." *The American Historical Review* 18, no. 1 (1912): 1-28

Marsot, A. L. "Egyptian Historical Research and Writing on Egypt in the Twentieth Century," *Middle East Studies Association Bulletin*. Vol. VII/ No. 2 (May 1973): p.4.

Rhoads, J. B. "The Role of Archives and Records Management in National Information Systems: A RAMP Study." Paris (1983).

Roux, G. *Ancient Iraq*. Penguin UK, 1992.

Sanderson, K. A. "Private archives." *Informing New Zealand: Libraries, archives and records= Hei puna whakamohio mo Aotearoa: Whare pukapuka, puranga korero, whare taonga*. Open Polytechnic of New Zealand, 2007: 175-186.

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە هاوڵاتی ئاشنا دەكاتەوە بە مافەكانی كە مافی خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی لە مافە سەرەتاییەكانی مرۆڤە و پێویستە دەستەبەر بكرێت وە هاوڵاتی دەبێت بوێر بێت و داكۆكی لە مافەكانی خۆی بكات، هاوكات هاوڵاتیان نابێت بەناوی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینەوە ڕەوشی گشتی بشێوێنن و پەنا بۆ توندوتیژی و تێكدانی سیستەمی كوردستان ببەن. گرنگییەكی دیكە ئەوەیە كە بەراوردی یاسای خۆپیشاندان لە كوردستان بە یاسای وڵاتانی دیكە دەكات و لێرەوە دەزگاكانی پۆلیس و ئاسایش نابێت بەناوی پاراستنی ماڵ و سامان و گیانی هاوڵاتیان و پاراستنی دامودەزگاكانی دەوڵەت بەرامبەر هەر هەڕەشە و تیرۆرێك خۆپیشاندەران سەركوت بكەن و توندوتیژی بەكاربهێنن. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە كە پرسی خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی ئەمڕۆ لە كوردستاندا یەكێكە لە پرسە هەنووكەییەكان و پێویستە توێژینەوەی زیاتری لەسەر بكرێت.

## گریمانەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو گریمانیە دەڕوات،كە مامەڵەكردنی تەندروستی دەسەڵات لە گەڵ خوپیشاندان و وەڵامدانەوەی خواستە مەدەنیەكان ئاستی گەشەی كۆمەلایەتی و سیاسی پێش دەكات بە پێچەوانەكەشی كاریگەری لەسەر بلاوبونەوەی توندوتیژی لە لایەك بەكارهێنانی خۆپیشاندانەكان لەلایەن گروپە توندوتیژەكان ئاستی گەشەری سیاسی و كۆمەلایەتی دوا ئەخات.

## میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێكی شیكاری بەراوردكاری ومێژویە، بە كۆكردنەوەی سەرچاوەكان و شیكردنەوەیان، دواتر بەراوردكاری میكانیزمەكانی مێژووی خەباتی سیاسی و مەدەنی و ڕێپێوان لە هەرێمی كوردستان و بەراوردكردنی بە یاسا و ڕێساكانی ئەم پرسە لە وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەكە و ڕێوشوێنەكانی دەسەڵاتی دادوەری لە ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتەكانی ڕاپەڕاندن و یاسادانان لە دابینكردنی ماف و ئازادیەكانی ئەم پرسە.

## پەیكەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە دووباسی سەرەكی و دەرئەنجام و پاشان كۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردە پێكدێت ، باسی یەكەم پێكهاتووە لە دوو تەوەرو هەر تەوەرێك لە چەند خاڵێك ، باسی دووەمیش پێكهاتووە لە دوو تەوەر ، لە باسی یەكەمدا

پێناسەو گرنگی چەمكی ڕێپێوان خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بە مافەكانی مرۆڤ مافی ڕادەربڕین و دیموكراسیوەیەتەوە ، لە تەوەری یەكەم پێناسەی چەمكی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی كراوە بەم شێوەیە یەكەم: پێناسەی زمانەوانی بۆ چەمكەكە كراوە پاشان لە ڕووی بەكارهێنا و زاراوە شیكراوەتەوە لە خاڵی سێهەمیشدا پەیوەندی نێوان ماناى زمانەوانی زاراوەی ڕوونكراوەتەوە. لە تەوەری دووەمدا باس لە گرنگی و بایەخی ڕێپێوانكراوە لە خاڵی یەكەمدا گرنگی ئەم مافەو پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕینەوە شیكراوەتەوە ، لە خاڵی دووەمدا باس لە گرنگی و پەیوەندی بەدیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤەوە كراوە . لەتەوەری سێهەمدا مێژووی خۆپیشاندان لە هەرێمی كوردستان و خواست و داوای هاوڵاتیان ڕوون كراوەتەوە.

لە باسی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆڵی ئەو ڕێكخراوانە لە دروستكردنی ڕای گشتی كۆمەڵگا و ووروژاندن و ووشیاركردنەوەی كۆمەڵانی خەڵك و ئاشناكردنیان بە مافەكانیان كە مافی خۆپیشاندانە وەك میكانیزمێكی گونجاو بۆ گۆڕانكاری لە كۆمەڵگادا ، لە تەوەری دووەم باس لە مەرجەكانی خۆپیشاندان كراوە ، بەم شێوەیە لەم باس و تەوەرانەدا تاوتوێی ئەم پرسە كراوە لە كۆتای توێژینەوەكەشدا دەرئەنجامەكان خراوەتە ڕوو پاشان كۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردە وەك چارەسەر كە بۆ حكومەت و لایەنی یاسادانەر دیاری كراوە كە ئومێدەوارین جێ ی سوود و ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت .

## پێشەكی

دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991 لە كوردستاندا و كشانەوەی ئیداراتی حكومەتی ئەو كاتەی عێراق لە هەر سێ پارێزگاكانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك، دروستكردنی یەكە كارگێڕیەكان بۆ بەڕێوەبردنی هەرسێ پارێزگاكە بووبووە پێویستیەكی هەنووكەیی، چونكە هەرێم لەو هەلومەرجەدا ڕوبەڕوی كۆمەڵێك گرفتی ناوخۆیی و دەرەكی دەبووەوە، هەر لە ئابڵوقەی جیهانی سەر عێراق بەگشتی و ئابڵوقەی حكومەتی عێراق لەسەر كوردستان، واتە كوردستان ڕوبەڕوی دوو ئابڵوقە دەبووەوە هی نێودەوڵەتی و ڕژێمی بەعس، ئەمە وێڕای ئەو دابەشبوونەی لایەنە كوردستانیەكان و خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و ئەمنی كوردستان. لەم چركەساتە مێژووییەدا نیشتمان و گەلی كوردستان كۆمەڵێك ڕووداو و گۆڕانكاری لە ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی بەخۆوە بینی كە هەندێكیان شێوازی ئاشتیانە و نەرمی هەبوو هەندێكیشیان ڕووبەڕووبونەوە و توندوتیژی لەخۆگرتبوو، دیارە زۆربەشیان داواكاری خەڵك بوو بۆ چارەسەری كێشەكانی خزمەتگوزاریە گشتیەكان و دابینكردنی مافی ڕادەربڕین و خەباتی مەدەنی، زۆرێك لەو داواكاریانە مافی ڕەوای خەڵك بوون و گونجاوبوون لەگەڵ بنەما دەستوریەكانی مافەكانی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی لە كوردستان. دیارە بۆ ئەوەی هاوڵاتی مافی ڕادەربڕین و خەباتی مەدەنی هەبێت، بوونی یاسا زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی تاك مافی پارێزراو بێت و هەندێ ستەم و ناڕەوایی بەرامبەری ئەنجام نەدرێ یان دەسەڵاتی كارگێڕی هێزەكانی خۆی بەكارنەهێنێت بۆ ڕێگری لە مافی ڕادەربڕین و ڕێپێوان و مافە مەدەنییەكان بۆ بێدەنگ كردنی خەڵك، دیارە مێژووی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی هەر لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ەوە لە كوردستاندا تا ئێستا هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوە بینیوە بەڵام بەشێوەیەكی گشتی ڕۆڵێكی گرنگ و كاریگەری هەبووە لە گەشەی كۆمەڵگەدا و

ئاشناكردنی تاكەكانی خەڵك بە مافە یاسایی و دەستورییەكانی لە هەرێمی كوردستان. مێژووی ئەم خەباتەش لەدوای ڕاپەڕینەوە هەڵكشان و داكشان و هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە كە پێویستی بە تێڕامان و گرنگی پێدانی زیاتر هەیە.

باسی یەكەم/ پێناسە و گرنگی چەمكی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بەمافی ڕادەربڕین و مافەكانی مرۆڤ و دیموكراسیەتەوە .

تەوەری یەكەم/ پێناسەی چەمكی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی.

یەكەم/ پێناسەی زمانەوانی بۆ ووشەی ڕێپێوان .

دووەم/ چەمكی ڕێپێوان لەڕووی زاراوە و بەكارهێنان .

سێیەم / پەیوەندی نێوان مانای زمانەوانی و زاراوەیی ڕێپێوان .

یەكەم/ پێناسەی زمانەوانی بۆ ووشەی ڕێپێوان

ئەم چەمكە لە زمانی عەرەبیدا بەم شێوەیە هاتووە ( التظاهر تعني التعاون و المظاهرة المعاونة أي نصره و اعانه و الظهير ، العون ، الواحد و الجمع في ذلك سواء ، استظهر به أي استعان وظهرت عليه : أعنته وظهر علي : اعانني و تظاهروا : تعاونوا[1]

دیارە هەموو ئەم مانایانە بە مانای هاوكاری و پشتگیری و كۆبونەوە و دەست دانە دەستی یەكتری و پاڵپشتیكردنی تاك و كۆمەڵ دێت لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجێكی دیاری كراودا لە قورئانیشدا هاتووە ﴿ وان تظاهرا عليه ﴾[2] واتە مرۆڤەكان پشتگیری یەكتری دەكەن هەروەها هاتووە ﴿ والملائكة بعد ذلك ظهير ﴾[3] ظهير : دوبارە بە مانای پشتیوانی و هەماهەنگی دێت ﴿ تظاهر القوم ﴾ ئەمەشیان بەو مانایە دێت كە پشتیان داوە بە پشتی یەكدیەوە و لە پێشەوە بەرگری لە خۆیان دەكەن ﴿ وظاهر بين الثوبين : طابق بينهما ﴾[4] واتە بەراورد لە نێوان دوو جل و بەرگ و وەك یەك لێككردنی یان دەربڕینی هاوسۆزی و پشتیوانی و هەمەهەنگی بەرامبەر پرسێك و پراكتیزەكردنی لە شێوەی خۆپیشاندانێكی بە كۆمەڵدا یان ئەوتریێت كۆمەڵانی خەڵك كۆبونەوە لە ڕێپێوانێكی قەرەباڵغدا و بەرەو جێگایەك ڕۆشتن یان كۆبونەوە و دروستكردنی قەرەباڵغێكی زۆر لە گۆڕەپانێكی گشتیدا بۆ داواكردنی خزمەتگوزاری یان بەرهەڵستی

1- جمالالدين محمد مكرم (ابن منظر الافريقي المصري ) , لسان العرب , المجلة الرابع , دار الفكر للطباعة والنشر و التوزيع , الطبعة الأولى , 1410ه -1990م , ص 521- 525.

2- سورة التحريم الآيه (4)

3- سورة الفرقان الآيه (55)

4- احمد مختار عمر , معجم اللغة العربية المعاصرة , الناشر , عالم الكتب , القاهرة , سنة النشر , 1429ه – 2008م , ص 1445.

پرسێکی دیاریکراو یان نارەزای دەربڕین بەرامبەر مەسەلەیەك یان داوای گۆڕنکاری و چاکسازی زۆرجار ڕێپێوانێکی بچوك تێکەڵ بە خۆپیشاندان و چەند گردبونەوەیەکی تر ئەبێ و هەنگاو بە هەنگاو فراوان دەبێ بۆ نمونە خوێندکاران یا هەرتوێژێکی تری کۆمەڵگا ڕێپێوانێکی فران و گشتی ئەنجام ئەدەن و داوای ماف و ئازادیەکان دیموکراسیەت ئەکەن.

**دووەم/ چەمکی ڕێپێوان لەڕووی زاراوە و بەکارهێنان**

لە ڕووی زاراوە و بەکارهێنانەوە سەبارەت بەم چەمکە بە چەند جۆر و شێواز پێناس و باسی لێکراوە ئەمانەی خوارەوە دیارترینیانە:

-1 گردبونەوە و خۆپیشاندانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لەسەر شەقامەکان دەنگ هەڵبڕین خستنەڕووی داواکاریەکانیان .

-2 کۆبونەوەیەکی گەورەی نارێکخراوی خەڵکێکی زۆر لە هەلومەرجێکی تایبەتدا کە ئامانج و خواستێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە لێرەدا مەبەست ڕێپێوانی سیاسیە و دیارە جیاوازیش لە نێوان ئۆپۆزیسۆنی سیاسی و بەشداری سیاسی هەیە چونکە ئەمەی دوایان ئامانج لێی بەشداربونە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی بەڵام ئۆپۆزیسۆن و ڕێپێوان بۆ بەرهەڵستی بڕیار و پرسە سیاسیەکان دروست بووە.[5]

**سێیەم / پەیوەندی نێوان مانای زمانەوانی و زاراوەیی ڕێپێوان:**

لە میانەی ئەو ئەو پێناسانەی کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد دەتوانین بڵێین کە بنەما سەرەکیەکانی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و تایبەتمەندیەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

(1) ئاشکرایی (العلنية): ڕێپێوان پێویستە ئاشکراو دیاربێت و بە ئاگاداری زۆرینەی خەڵك ئەنجام بدرێت .

(2) هاوکاری و هەماهەنگی: ئەمەش تایبەتمەندیەکی دیکەی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنیە و بە مانای پشتی یەکگرتن و هاوکاری و پشتیوانیە کە بەبێ ئەم بنەمایە ماناو مەبەستی سەرەکی خۆی لە دەست دەدات .

(3) هاوئامانجی و هاوچەرەنوسی: ئەم تایبەتمەندیەش لەگەڵ بنەماکانی هاوئاهەنگی تیرەو خێڵ و بنەماڵەو کۆمەڵانی خەڵکدا گونجاوە و هەر هەموویان بۆ چارەنوسی هاوبەش و لە پێناو سودی گشتی کار دەکەن .

(4) بڵاو بونەوە و خۆپیشاندان: ئەمەش بە مانای خۆپیشاندانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك هاواکردن و ڕۆشتن و بڵاوبونەوە و وەك میکانیزم بۆ دەربڕینی خواست و داواکاریەکانیان .

-[5] انظر, مجموعة من المؤلفين , المنجد , ص482.

**تـەوەری دووەم / گرنگی چەمكی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی :**

**یـەكەم / گرنگی مافی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕینەوە.**

**دووەم/ گرنگی ڕێپێوان و پەیوەندی بە دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤەوە.**

گرنگی و بایەخی خەباتی مەدەنی لێرەدا بەشێوەیەك دەردەكەوێت كە پەیوەندێكی ڕاستەوخۆی بە مافی ڕادەربڕین و دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤەوە هەیە و بە هیچ شێوەیەك لێك جیاناكرێنەوە و لەگەڵ مافی هاولاتی بوندا پەیوەندێكی ڕاستەوانە لەنێوانیاندا هەیە و بەم شێوەیە یە :

هەتاكو كۆمەڵگا پێشكەوت و گەشەسەندو بێت مافەكانی هاولاتی زیاتر دەستەبەر بن ئازادی مافی ڕادەبڕین و زیاتر دەبێت و مرۆڤەكان زیاتر مافە یاسایی و دەستوریەكانیان دەستەبەر دەبێت و ئەمەش وا دەكات زیاتر بتوانن داوای مافی ڕەوای خۆیان بكەن و بەرهەڵستی ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەش ببنەوە كە زیان بە مافەكانیان دەگەیەنێت.[6]

**یـەكەم / گرنگی مافی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی و پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕینەوە :**

مەبەست لەم پەیوەندیە دەستەبەر بونی ئازادی و ماف و توانایی ڕادەربڕینە بۆ هەر مرۆڤێك و بە هەر هۆكارێك لە هۆكارەكان بتوانێت پەیڕەوی ئەو ئازادیەیی یان ئەو مافەی خۆی بكات جا ئەو میكانیزمەی بەكاری دەهێنێت زمان بێت یان بە نوسین و نامە یان لە ڕێگەی میدیا و دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بێت ، ڕادیۆ ، تەلەفیزۆن ، شانۆ ، سینەما ، یان كۆمینەكەیشنی مۆدێرنە لە تۆڕەكانی ئەنتەرنێت .... هتد

لێرەوە دەردەكەوێت كە مافی ڕادەربڕین و خەباتی مەدەنی لە مافە سەرەتایی و بنەڕەتیەكانە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە كەسایەتی مرۆڤەوە هەیە و بە دایكی سەرجەم ماف و ئازادیەكان ئەژمار دەكرێت ، ئەمەش وا دەكات لە سەرجەم گۆڕانكاری و پرسەكاندا ڕاوبۆچونی تایبەت بە خۆی هەبێت و هەموو كات بیرورا سیاسی و فەلسەفی و ئاینی و نەتەوەی و نیشتمانیەكانی بخاتە ڕوو بە شێوەیەك زیان بە ماف و ئازادیەكانی كەسانی تر نەگەیەنێت بێگومان ئەمەش كەسایەتێكی ناوازە و جیاواز بە مرۆڤ دەدات .[7]

مافی ئازادی ڕادەبڕین وا بەستەیە لەگەڵ هەندێك مافی دیكە كە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ مرۆڤ وەك مافی ئازادی ئاینی و سروتە ئاینیەكان و ئازادی ڕۆژنامە گەری و مافی ڕێپێوان و خەباتی مەدەنی.[8] بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین كە مافی

---

6- د. جبران مسعود , معجم الرائد , بدون رقم طبعة , دار العلم للملائين , بيروت , بدون سنة طبع , ص330

7- د. حميد حنون خالد , حقوق الأنسان , الدار الجامعية للطباعة والنشر والترجمة , بغداد , سنة طبع 2013 , ص 84-85 .

8- د. فالا فريد , حماية الحقوق والحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية و الجنائية للسلطة التنفيذية ( النظام البرلماني نموذجآ ) , الطبعة الأولى , مطبعة شهاب , أربيل 2009 , ص 97 .

ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی یەكێكە لە فاكتەرە هەرە سەرەكیەكانی بەرجەستەبوونی كەسایەتی مرۆڤ و بە هەمان شێوە گرنگی و كاریگەریێكی زۆری هەیە لە گەشەكردن و ڕاستكردنەوەی كۆمەڵگا و ئاراستەكردنی بۆ سەر ڕێگای ڕاست و پێشكەوتن و ووشیاركردنەوە جا بۆمرۆڤەكان میكانزمەكە خۆنیشاندان و ڕادەبڕین و گردبونەوەیە و بۆ كۆمەڵگاش فاكتەری ووشیاركردنەوە و ئاگاداری و چاكسازی و گەشەكردن و پێشكەوتنە جا بۆیە ستەمە و ڕاست نیە هەر كۆت و بەندێك بخرێتە بەردەم ئەم مافە زۆر گرنگ و كاریگەر و كارایەیی مرۆڤ لە كۆمەڵگادا ، چونكە سەرلەبەری ئەم پرۆسەیە لە قازانجی تاك و كۆمەڵانی خەڵكدایە.[9]

دیارە مافی هەر مرۆڤێكە زۆر بە ئازادی بیرو باوەڕ و ئایدیا و بۆچونەكانی بخاتە ڕوو بەبێ ئەوەی زۆری لێ بكرێ یان هەڕەشەی ئاراستە بكرێ هاوكات هەموو ئازادیەكی هەیە پەیوەندی بكا بە كۆمەڵانی خەڵكەوە لە سەرجەم پرسەكاندا و بیرورا بگۆڕنەوە بەمەبەستی ئاراستەكردنی كۆمەڵگا بەرەو گەشەسەندن و پێشكەوتن لە هەر هەلومەرجێكدا بێت یان بە هەر میكانیزمێك كە خۆیان پێیان باشە جا ئەو میكانزمە نوسین بێت یان لە چوارچێوەی كارێكی هونەری یان هەر شێوازێكی دیكە كە كۆمەڵانی خەڵك بە باشی دەزانن و باوەڕیان پێیەتی .[10]

جا بۆیە هەموو مرۆڤەكان مافی بیركردنەوە و گەلاڵەبونی ڕاو بۆچونەكانی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ سەرجەم پرسەكان هاوكات مافی دەربڕین و گەیاندنی هەمان بیرو بڕوایان هەیە بە كۆمەڵگا ، بێ هیچ ترس و دڵە ڕاوكێك ، ئەمەش دیارترین تایبەت مەندیەكانی دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤە لە كۆمەڵگادا و بناغەی گەشەكردن و خۆشگوزەرانیە.[11]

بێگومان ئەم مافەش دەبێت بە یاسا پارێزراو بێت داكۆكی لێ بكرێ ، ئەرك بەرپرسیاریەتی جومگەكانی دەوڵەتە كار بۆ دەستەبەركردن و ڕێزگرتنی ئەو مافانە بۆ هاوڵاتیان بكات و هیچ كۆت و بەندێك نە خاتە ڕێگای ئەم كارە سودبەخش و گرنگ و كاریگەرە ئەركی دەوڵەتە كە بە ڕاستی شەفاف بێ و زانیاری پێویست بڵاوكاتەوە سەبارەت بە پرسەكان بۆ هاوڵاتیان مافی هەموو هاوڵاتیەكە كە داتاو زانیاری پێویستی لە بەردەستا بێت ئەمەیە چاكسازی ڕاستەقینە و پەیڕوكردنی دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤ حكومڕانی شایستە چونكە دیموكراسیەت و ئازادی دەستەبەر نابێت ئەگەر هاوڵاتیان شەفافانە داتاو زانیاری پێویستیان لە بەردەست نەبێت بۆ تاوتێكردن و بڕیاردان لەسەر پرسەكان لە مەی پێشەوە ئاماژەمان پێكرد كە ئازادیەكان و مافی خۆپیشاندان و ڕادەبڕین ئەسڵەو كۆت و بەند بۆ دانانی بۆ حاڵەتی تایبەتە و پێویستە بەیاسا ڕێك بخرێت بۆ نمونەی لە یاسایی فەرەنسیدا هەموو جۆرە گوتارێك یان نوسینێك ڕق و

---

9- حكم المحكمة الدستورية العليا في مصر , 1995/5/20 نقلاً عن د. حميد حنون خالد المصدر السابق , ص 85.

10- المادة (19) من الاعلان العالمي لحقوق الأنسان , المادة (2/19) من العهد الدولى الخاص بالحقوق المدنية و السياسية , المادة (10) من الاتفاقية الاوروبية لحقوق الانسان , المادة (9) من الميثاق الافريقي لحقوق الانسان الشعوب .

11- د. محمد يوسف علوان و د. محمد خليل موسى , القانون الدولى لحقوق الانسان , الحقوق المحمية , الجزء الثاني , دار الثقافة , عمان , 2007 , ص 277.

قين توندو تيژی تائيفيەتی ئاينی و مەزهەبی بلاَوبكاتەوە قەدەغەيە و هەر بۆچونێك تاوانەكانی جينۆسايدی بە كۆمەڵی گەلی جولەكە لەلايەن نازيەكانەوە بە درۆ بخاتەوە قەدەغەيە.[12]

**دووەم/ گرنگی ڕێپێوان و پەيوەندی بە ديموكراسيەت و مافەكانی مرۆڤەوە**

وەك دەوترێت سەدەی بيست و يەكەم سەدەی ديموكراسيەت و مافەكانی مرۆڤ گەيشتنی گەلانە بە مافە ڕەواكانی خۆيان جا مافی سياسی بێت يان ئابوری يان كۆمەلاَيەتی يان خزمەتگوزاری ئەمەش بنەماكانی پێشكەوتن و شارستانيەتە مرۆڤی ئەم سەدەيە وەك سەدەكانی پێش و نيە و لە مافەكانی خۆی بێدەنگ نابێ و خواستەكانی دەخاتە ڕوو بڕيار لەسەر چارەنوسی خۆی دەدات دەبێت مافی ژيان و مافی قسەكردن و ڕادەبڕين و هەڵبژاردنی سەرۆك و سەركردەو و بەڕێوەبەرانی حكومەت و پەرلەمان و هەموو جومگەكانی دەوڵەتی هەبێت هاوكات مافی چاودێری هەيە و ئەتوانێ لەسەر كار لايبنبات خۆ ئەگەر بۆی نەكرا مافی خۆپيشاندان و ڕێپێوان و گردبونەوەی ئاشتيانەی دوور لە توندوتيژی هەيە و ئەتوانێت ئەندام بێت و پەيوەندی بەڕێكخستنی پارتەكان و ڕێكخراوە پيشەی و جەماوەريەكانەوە بكات.[13]

جا بۆيە ئەگەر ديموكراسيەتێك لەسەر بنەمايی ئەقلانی دروست نەبێ و گرنگی تەواو بە هاولاَتيان نەدا و ديموكراسيەتێكی كەم كورت و ساختە و ناتەواوە بەلاَم ئەگەر لەسەر بنەمايی زانستی و ڕاستی بنياد نرابێت بەتواناترە لە دەستەبەركردنی دادپەروەری و يەكسانی لە بوارەكانی ڕاميارى و مافەكانی مرۆڤ و بواری ئابوری و كۆمەلاَيەتيدا پێويستە ديموكراسيەت بە شێوەيەك بێت كە دەوڵەت بە تەواوی بێلايەن و دادپەروەر بێت لە نێوان تەواوی مەزهەب و خێڵ و سەرجەم جياوازيە كۆمەلاَيەتيەكاندا و هاوسەنگی ڕابگرێت و پێويستە هەموو ستراتيج و ئامانجەكانی بۆ مرۆڤ و لە پێناو مرۆڤ بێت چونكە كاراكتەری ڕاستەقينەی سەرجەم ڕووداو گۆڕانكاريەكان مرۆڤ خۆيەتی ، ديارە مەبەستمان لێرە مرۆڤی كاراو گەشبين و داهێنەرە نەك مرۆڤی بێ تواناو بێ بكاك ئەبێ ئەوەش بلێين كە ديموكراسيەتيش عاسای سيحری پێ نيە لە شەو ڕۆژێكدا سەرجەم كێشەكان چارەسەر بكات بەڵكو باشترين شێوازێكە كە مرۆڤ پەيی پێ بردبێت بۆ سيستەمی حكومڕانی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و پێكەوە ژيانی ئاشتيانەی كۆمەلاَنی خەڵك.[14]

---

12- المركز الفلسطيني لحقوق الانسان , دراسة في حرية الرأي والتعبير و الحق في التجمع السلمي في ظل السلطة الفلسطينية - الضفقة الغربية وقطاع غزة , 2004 , سلسلة دراسات (6) ص 6. المتاح على العنوان الالكتروني التالي www.pehrgaza.org

13- فادى كحلوس , مقال حول الديمقراطية وحقوق الانسان (موقع الحوار المتمدن ) المتاح على العنوان الالكتروني التالي : 20/2/2015.ntml.10http: pagaes .infint.net /moubayed/chap

14- الديمقراطية و حقوق الأنسان , اسس وركائز وتطبيق الديموقراطية , متاح على العنوان الألكتروني التالي : 2015/2/20.html 10pagaes : in fint.net /mounayed/ chap

دیارە دیموکراسیەتیش بەردەوام پێویستی بە نوێ بونەوە و گفتوگۆی کراوە هەیە دەبێت هەمیشە لەگەشەکردندا بێت میکانزم و فاکتەری نوێ و جیا جیا بدۆزێتەوە بۆ چارەسەکردنی حکومڕانی و سەرجەم پرسەکانی کۆمەڵگا وە پێویستە گەشە بە تواناکانی مرۆڤ بدرێ و بکرێتە هێزێکی مرۆی کارا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی مرۆڤایەتی و تۆکمەکردنی پەیوەندیەکانی لەسەرجەم بوارەکانی هزری و معریفی و زانستی دا و زاڵ بوون بەسەر کێشەو گرفتەکاندا.[15]

**تەوەری سێیەم/ مێژووی ڕێپێوان لە کوردستان و ئاستی خواست و داواکاری هاوڵاتیان**

کۆمەڵگەی کوردستانی لەم بوارەدا تایبە تمەندی خۆی هەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕا پەڕینی 1991، هەرچەندە پێش ئەم بەروارەش لە ساڵی 1987 لە شاری هەڵە بجە خۆپیشاندان کرا دژی ڕژێمی بەعس کە بە ڕووخانی چەند گەڕەکێکی ئەو شارە و شەهیدبوونی ژمارەیەك لە هاوڵاتیان کپ کرایەوە. دوای ڕا پەڕینیش لە گەرمیان سەریهەڵدایەوە و خەڵکی خۆپیشاندەر دژبە لایەنێك ڕێپێوانیان کرد بەهۆی هەندێك یارمەتی و خزمەتگوزارییەوە کە ئەو لایەنە هاوڵاتیانی لێ بێبەش کردبوو، یارمەتیەکە درابوو بە کادر و ئەندامەکانی خۆیان، خۆپیشاندانەکە توندوتیژی لێکەوتەوە و بە سوتاندنی ئۆتۆمبێلێکی لایەنەکە و برینداربوونی شۆفێرەکەی کۆتایی پێهات. هاوکات لەشاری هەڵە بجەش سەریهەڵدایەوە بەڵام ئەم خۆپیشاندانانە خۆرسکی و سادە بوون و تەنها خواستی خزمەتگوزاریان هەبوو، بەڵام دواتر کە شەڕی ناوخۆ سەرهەڵدەدات، جۆرێك لە مت بوون تووشی ئەم پرۆسەیە دەبێت و هەرکەس ئەم کارە ئە نجام بدات بە نەیار تەماشادەکرێت و تۆمەتی خیانەتی دەدرێتە پاڵ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە واتە دوای 2003 گەشەکردنی کۆمەڵگە و چاوکراوەیی زیاتر هەستی پێدەکرێت و لە ساڵی 2005 لەشاری هەڵە بجە خۆپیشاندانێکی گەورە دەکرێت و تورەیی هاوڵاتیان دەگاتە ئاستێك مۆنۆمێنتی هەڵە بجە دەسوتێنن و بەڵام دواتر ئەمیش کپ دەکرێتەوە، هەرچەندە پێشتریش لە شاری کەلار لە 2003-2004 بەهۆی بەرزی پلەی گەرما و نەبوونی کارەباوە خۆپیشاندان دەستپێدەکاتەوە هاوکات لە شاری دەربەندیخانیش بەهەمان شێوە کە تیایدا ژمارەیەك لە خەڵك دەستگیرکران و دواتر ئازادکران. ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی هەلومەرجێکی نوێ دروست دەکات و ئاستی خواستی هاوڵاتیان لە کوردستان گەشەدەکات و ئەمجارەیان ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا سەرهەڵدەدات و خەڵك داوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی دەکەن کە ڕووداوەکانی 17 ی شوبات و ڕۆژانی دوایی لێدەکەوێتەوە کە ماوەی 40 ڕۆژ بەردەوام دەبێت و بەڵام فشاری ئەمجارە لایەنەکان ناچاردەکات کە شێوازی فەرمانڕەوایی 50 بە 50 بگۆڕێ و سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەمجارەیان بدرێ بە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام دوای 2013 و هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی نوێ ئۆپۆزیسیۆن دەبێتە بەشێکی دەسەڵات و کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات کە ئەویش کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمە، کە ئەویش کۆمەڵێك گرفت و خۆپیشاندان بەدوای خۆیدا دێنێت. دوای ڕووداوەکانی 2014 و شەڕی داعش، ئەم پرۆسەیە تووشی وەستان دەبێت و دەسەڵات دووبارە مل نادات بۆ خواستی شەقام بەبیانووی شەڕی تیرۆر. دیارە قەیرانی ئابووری هەرێم و شەڕی داعش و بڕینی مووچەی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەغداوە لێکەوتەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی مامۆستایان و

15- فادی كحلوس , المصدر الالكتروني السابق.

فەرمانبەران بوو. پێمواپە شێوازێكی شارستانیانە و هێمنانە بوو بۆ داواكردنی مافە ڕەواكانیان كە لابردنی پاشەكەوتی مووچە بوو. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبكرێت ئەوەیە خۆپیشاندەران ئەمجارەیان ڕێگە نادەن هیچ لایەنێكی سیاسی بۆ بەرژەوەندی خۆی سواری شەپۆلی ناڕەزایی هاوڵاتیان و مووچەخۆران بێت و بەخۆڕسكی دەردەكەوێت و دەسەڵات ناچار پشتگیری دەكات. گریمانەی ئەم مێژووە لەوەدایە لەكاتی شەڕدا پرسی خۆپیشاندان و خەباتی مەدەنی شكست دێنێت و هیچ دەستكەوتێك بۆ هاوڵاتی بەدەست نایەت، بەڵام بە پێچەوانەوە لەدۆخی ئاشتیدا هاوڵاتی زیاتر چاوكراوە دەبێت و بەبوێریەوە داوای مافەكانی دەكات.

**بـاسی دووەم/ كۆمەڵگای مەدەنی و ڕێكخراوەكان و مەرجەكانی ڕێپێوان و خەبـاتی مەدەنی و خۆپیشاندان.**

**تەوەری یەكـەم/ كۆمەڵگای مەدەنی و ڕێكخراوەكان .**

**تەوەری دووەم / مەرجەكانی ڕێپێوان و خەبـاتی مەدەنی و خۆپیشاندان.**

**تەوەری یەكـەم/ كۆمەڵگای مەدەنی و ڕێكخراوەكان**

یەكێك لەو چەمكانەی كە زۆر پێناسەو تێڕوانین و دید و بۆچوونی هەمە جۆر لەسەری هەیە بریتیە لە كۆمەڵگای مەدەنی. ئەم چەمكە پێشینەیەكی دێرینی هەیە ڕەنگە بتوانین پێشینەیی بە هاوتای پێشینەیی فەلسەفە لە قەڵەم بدەین . بۆ نمونە لە ئەدەبیاتی سیاسی ڕۆمانیدا بە مانای ( كۆمەڵگەی هاوڵاتیان ) هاتووە . بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئەم چەمكە هاو واتایەكی فراوانی لەخۆگرتووە.[16]

كۆمەڵگای مەدەنی لە سیستەمی فراوانی ڕێكخراوە ڕەسمی و ناڕەسمیەكان پێكهاتووە ، ئەم سیستەمە بریتیە لە گروپی ئابوری ، فەرهەنگی ، نەتەوەیی ، نەژادی ، فێركاری ، ئاگاداركردنەوە ، خاوەن نفوز ، فراوانخوازی ( ئەو گروپانە ڕێكخراوانەی كە بۆ باشكردنی ژێرخان و ژیانی گشتی هەوڵ دەدەن ) هەروەها ئەو گروپانەی كە سۆزیان بۆ هەندێ مەسەلە هەیە ، لە باتی بزاوت یان گروپەكانی پەیوەست بە ژینگەوە ، چەك داماڵین ، ژنان ، پشتیوانانی بەكاربەران ، بەرهەمهێنەران ، گروپە مەدەنیەكان ، چاپەمەنی و ئەو دەزگایانەی كە بۆ چاككردنی سیستەمی سیاسی و دیموكراتیزەكردنی كار دەكەن ، لە ڕێگەی فێركردنی دەنگدەران ، جۆشدارانی گشتی ، چاودێری دەنگدان ، هەڵوێست بەرامبەر گەندەڵییەكان..هتد جگە لەمانەش ، كۆمەڵگەی مەدەنی بازاڕی ئایدیۆلۆژێك ( ڕەوتی زانیاری و ئەندێشە ) دەگرێتەوە كە دەزگاكانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ ، دەزگاكانی تایبەت بە خستنەڕووی چالاكیە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەكان ، زانكۆكان ، بڵاوكراوەكان ، كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی فلیم تۆڕە هونەهونەرییەكان دەگرێتەوە.[17]

---

[16]- كارل پۆپەرو ئەوانی تر , عەقل و هەست , و:محمد كریم , چاپی یەكەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی , 2005ز ,ل17.

17- هەمان سەرچاوە , ل 167

لێرەدا حەز دەكەین كرۆكی باسەكان دەورو خولی ڕێكخراوە ڕەسمی و ناڕەسمیەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بدات ، بۆیە لە پێناسەی ڕێكخراوە شۆڕ دەبینەوە نێو مەبەستەكەمان....

ڕێكخراو (Organization): یەكەیەكی كۆمەلآیەتیە بۆ ئامانجێكی دیاریكراو پێكهاتووە . ڕێكخراوەكان لە ڕووی مێژووی سەرهەڵدانیانەوە زۆر كۆنن لەگەڵ پەیدابوونی ئادەمیزادەوە سەریان هەڵداوە. چونكە مرۆڤ بە تەنیا و جیا لە خەڵكی هەرگیز نەیتوانیوە بژی ، بۆیە بۆ مانەوە و بە دیهێنانی پێویستیەكانی هەر دەبێ لە ڕێكخراوێكدا بێت ، بە درێژایی ژیانیشی لەگەڵیدا هەڵبكات ، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو لە چەند ڕێكخراوێكدا دەژی و لەگەڵ كۆمەڵدا مامەڵەی لەگەڵدا دەكات.[18]

هەر ڕێكخراوێك ، بچوك یان گەورە ، لاوەكی بێ یان سەرەكی بەرپرسیارێتی كۆمەلآیەتی لە ئەستۆدایە ., چونكە بوون و سەركەوتنی بەندە بە كۆمەڵگە یان ئەو ژینگەیەی تیایەتی . هەر بۆیەش بەشدار بوون لە پێشكەوتنی كۆمەڵگە و خۆشگوزەرانی ، گرتنە بەرچاوی بەرژەوەندی گشتی لە پێش بەرژەوەندی كەسی ، بەرگریكردن لە پێویستیەكانی كەسانی نێو ڕێكخراو ، بە دەستەبەركردنی مانەوە، بە دەست هێنانی ئەو ئامانجانەی كە بونەتە هۆی دروستبونی ئەو ڕێخراوە لە ئەستۆدایە.[19]

دیارە وەك ئاماژەمان كۆمەڵگەی مەدەنی بە كۆمەڵگەی ڕێكخراوەكان ناسراوە ئەو (ڕێكخراوانەش لە ڕێگەی خەڵكەوە دامەزراون و پێكهێنراون ، هەیانە ڕەسمیە و حكومیە ، وە هەم ناڕەسمی و ناحكومیشیان تێدایە واتە ئەهلی و سەربەخۆی )[20] . لێرەشدا بە باشی دەزانین پێناسەی هەر یەكەیان بكەین:

ڕێكخراوی ڕەسمی Formal organization:

ئەم ڕێكخراوە بە پێی یاسای ڕەسمی پێكهاتووە واتە دەكرێ پێكهێنانی بە پێی یاسایەك بێت وەك بانكی سەرەكی ، یان وەزارەتی پەروەردە ، یان دەكرێ بە بڕیارێكی ڕەسمی بێت وەك مۆڵەتی دامەزراندن یان فەرمانی كارگێڕی هەر دەزگایەك كە بیەوێ لقێكی نوێ بكاتەوە ، یان فەرمانگەیەكی نوێ دابمەزرێنێ پەنا دەباتە بەر ڕەسمیات.

ڕێكخراوی ناڕەسمی Informal organization:

ئەم گروپانە لە ئەنجامی مامەڵەی نێوان خەڵكی و لە خۆوە پێكدێت ، كە بریتیە لە قەوارەی جیا جیا هەمان تایبەتمەندی ڕێكخراویان هەیە ، بەلآم ناسنامەیەكی ڕەسمیان نییە. چەندین هۆهەن بۆ پێكهێنانی ئەم ڕێكخراوانە لەوانە ( ئارەزووی چوونە ناو كۆمەڵگان بۆ دەستەبەركردنی هێمنی و ئاسایش و پاراستن و دەستكەوتنی چەند ئاكاری

---

18- ڕەفیق سالح , بەڕێوەبردن و ڕێكخراو , گۆڤاری ڕێبازی نوێ , ژمارە 31 , بەشی ڕوناكبیری (ی.ن.ك) , سلێمانی ,2003ز , ل 141.

19- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

20- ئاسۆ جەبار , كۆمەڵگای مۆدێرن , چاپخانەی تیشك , سلێمانی , 2004ز , ل 3.

ڕێژەیی، ئامۆژگاری ، ڕێنوێنی ، نزیكبونەوە لە خاوەن دەسەڵاتەكان ، پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەی كە ڕێكخراوە ڕەسمیەكان بۆیان پڕ ناكرێتەوە ....هتد

دیارە هەریەك لەم ڕێكخراو و ئۆرگانانە ( چ بۆ ڕەسمی و حكومی چ نارەسمی تایبەتی) كاریگەریەكی تەواویان لەسەر تاك و لەسەر كۆمەڵگە هەیە، بە جۆرێك كە شوێنەواری هەمە جۆری سیاسی ، ئابوری ، كۆمەڵایەتی ، ڕۆشنبیری و لەسەریان جێدەهێڵن.

هەرچەندە جیاوازی بنجی لە شێوازی ئیشكردن و ئامانج و دەستەبەركردنی ڕای گشتی لە كۆمەڵگا لە نێوانیاندا ئادەگی هەیە ، هەرچی ڕێكخراوە ڕەسمی و حكومییەكانن بە تێكڕا كاریگەری ڕای گشتییەوە ، ڕێكخراوە ڕەسمی و حكومیەكان بایەخ و گرنگی تەواو دەدەن بە ڕای گشتی ، هەوڵی خستنە گەڕی دەدەن بە گرتنەبەری میكانیزمەكانی هۆشیاركردنەوەی تاك و جەماوەر بە پێدانی مەعریفەی ڕوون و تەواو لەسەر كێشە هەنووكەییەكان و بابەتە هەمە چەشن و گشتكیرەكان چونكە تا جەماوەر هۆشیارو بە ئاگابێت ، مەعریفەی بەسەر كێشە و بابەتەكاندا زیاتر بشكێتەوە اكتر دەتوانێت ڕای خۆی لەسەریان دەربڕێ قسەیان لەسەر بكات، چونكە مومكین نی یە، كە جەماوەر لەسەر شتێك ڕای خۆی باس بكات كە مەعریفەیەكی لە بارەوە نەبێت!

هەر ئەمەشە خودی حكومەتیش زۆر جار دام و دەزگاكانی وەك میكانیزمێك بۆ پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی جەماوەر لە زانیاریەكان بەكاردەهێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە حكومەت تەنها ڕۆڵی خۆی لە بواری ئاسایش و پۆلیسدا كورت نەكردۆتەوە ، بەڵكو هەستاوە بە پێدان و دەستەبەركردنی خزمەتگوزاری و زیاتر كردنی بەرهەم لە پێناو بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك. لەمەشدا تەنها مەبەستی ئەوە نییە كە پشتگیری گەل بۆ خۆی دەستەبر بكات ، بەڵكو مەبەستی ئەوەیە كە گەل و جەماوەر وا لێبكات كە بە شێوەیەكی پۆزەتیڤ ڕۆڵ ببینن لەو نەخشەو پلانانەی كە لە باوەڕو ئایدیای ئەوەوە دێنە دەرەوە.[21]

واتە بە جۆرێ لە جۆرەكان ڕای گشتی بەلای خۆیدا ڕابكێشێ كە پشتگیریەكی گەورە دەبێت لە خۆی و كردەكانی ، ئەمەش لەو دۆخەوە دروست دەبێت كە تەكنەلۆجیاو میكانیزم و هۆكارە هەمە جۆرەكان لە ژێر كۆنترۆڵی حكومەتدان ، ئەوانەی كە دەتوانێت ڕای گشتی پێیان ڕابكێشێت . ! بۆیە دەتوانرێت بوترێت ڕێكخراوە ڕەسمی و حكومەتیەكان و دام و دەزگا حكومیەكان دەتوانن ڕۆڵی گەورە ببینن جا چ پۆزەتیڤ یاخود نێگەتیڤ!!

ڕێكخراوە نارەسمیەكان:- بریتیە لەو ڕێكخراوە لاوەكیانەی كە پێشتر ئاماژەمان پێدان ، ئەم ڕێكخراوانە زۆرجا بەهۆی جۆری جموجوڵەكەیان دەتوانن جۆرێك لە ڕەفتار بنوێنن كە بەهۆی گرنگی ئەو كردەیانەوە ، ناویان بخرێتە سەرباری كردەكەیان كە ئەویش كردەی گوشارە لەسەر دەسەڵاتدارو بەرپرسان بە گروپ و كۆمەڵێ فشار ناو ببرێن ،

21- ڕەفیق سالح , بەڕێوەبردن و ڕێكخراو , سەرچاوەی پێشوو , ل 142.

وەك وتمان ئەم ناولێنانە بۆ كاریگەری ئەو گروپانەیە گوشار و پەستانەكەیان كە پراكتیزەی دەكەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەكانیان ، ئەو گروپانەش شێوازی فشارەكەیان جیاوازە هەیانە پچڕ پچڕە ، هەشیانە زۆر هەندێ بەردەوامە. دیارە ئەم ڕێكخراوو گروپانە لە ژێر سایەی دەسەڵاتێكی دیموكراسیدا دروست دەبن و كار بۆ هێنانەوەی قازانجی خۆیان دەكەن، بەهۆی بە تواناییان كاریگەری خۆیان لەسەر بڕیار و كاروبارە سیاسی و ئابورییەكان جێدەهێڵن هەرچەند ئەو كاریگەریانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ،نا ڕەسمین .[22] هەندێ لە بیرمەندانی ڕۆژئاوا لە نێوانیاندا بیرمەندی فەرەنسی (ژان مینو) پێی وایە كە گروپەكانی گوشار دەبن بە دوو بەشەوە ، ئەو بەش و جۆرانە بە پێی ئامانجەكان كە ڕۆڵی گەورە دەگێڕن ، ئەوانیش:

1- **ڕێكخراوە پیشەییەكان:-** ئەمانە ئەو گروپانەن كە كار بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوندی بۆ ئەندامەكانیان دەكەن ، دەیانەوێت خۆشگوزەرانی بۆ ئەندامانی ڕێكخراوەكەیان دەستەبەر بكەن ، ئەندامانی ئەم گروپە زیاتر لەیەك گروپی پیشەیین و سەندیكاكانی كرێكاران و خاوەنە پیشەییەكان و بەرهەمێنەرەكان لەم جۆرە ڕێكخراوانەن.

2- **ئەو كۆمەڵ و تاقمانەی كە خاوەنی ئایدیۆلۆژیان:-** دەیانەوێت لە ڕێگەی هەڵوێستی فیكری و ئەخلاقیەكانەوە بەرژەوندییەكانیانەوە بپارێزن ، گروپە ئاینی و ئەخلاقی و نیشتمانیەكان و پارێزەرانی ژینگە و مژدە بەخشان و گروپەكان مافی مرۆڤ و پارێزەرانی باڵندە و گیانەوەرە دەگمەنەكان لەم گروپانەن. هەرچەندە گروپەكانی گوشار لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیدان بەڵام هەوڵ دەدەن سیاسەتە گشتییەكان ڕووە و خۆیان ڕابكێشن و وەك نێوەندێك لە نێوان حكومەت و هاوڵاتیاندا كار دەكەن ، بەڵام لە وڵاتە تۆتالیتارییەكاندا گروپەكانی گوشار و حیزبە سیاسیەكان وەك یەكیان لێدێت ، هەردووكیان هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ( لە هەندێ حاڵەتیشدا توندوتیژی ) بەكاردەعێنن وەك ئەوەی لە كاتی دەسەڵاتی نازیەكانی ئەڵمانیا و فاشیەكانی ئیتالیادا ڕوویدا ، لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت گروپەكانی گوشار كاریگەریەكی زۆریان لەسەر ڕای گشتی و حكومەت هەیە چونكە خاوەنی توانایەكی دارایی و جەماوەرین لەو ڕێگەشەوە كارئاسانیان بۆ دەكرێت تاوەكو كەناڵكانی ڕاگەیاندنیان بەكاربهێنن بۆ خستنەڕووی كێشەكانیان لە هەموو كات و شوێنێكدا ئەوەش دەبێتە هۆی هاوسۆزی ڕای گشتی ڕای گشتی لەگەڵیاندا ، گەر ئێمە سەرنجێك لە كۆمەڵگای كوردی بدەین واز لە بارودۆخە نا هەموارەكان و داگیركاری و بۆ دەوڵەتی كوردی بە درێژایی چەندین سەدە بهێنین ، پێویستە ئەو بڵێین كە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە دوای شكستهێنانی زنجیرەیەك شۆڕش و ڕاپەڕینی خوێناوی لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا پێی نایە قۆناغێكی نوێی خەبات لەم قۆناغەدا ( هەستی نەتەوایەتی ) لە بیر و هەستی ڕۆشنبیری لاوانی كورد دروست بوو ڕەگی داكوتا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ یەكەمجار ڕێكخراوی سیاسی و جەماوەری پیشەیی سەریانهەڵداوە ، زۆر لاوان و

22- زاهر زەكار , گروپەكانی فشار و كاریگەریان لەسەر ڕای گشتی , و: مجید سالح , گۆڤاری ڕێبازی نوێ , بەشی ڕوناكبیری , مەكتەبی ڕێكخستنی (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2004ز , ل 107.

ڕوناكبیران نیشتمانپەروەرانی كورد ڕوونكردۆتەوە كۆڕی سیاسەتەوە.[23] سەرەتا ئەو ڕێكخراوانە هەوڵ و تەقەلاكانیان بۆ دوو بوار خستە گەڕ

یەكەم/ خەبات لە پێناو گەیشتن بە مافە نەتەوەییە ڕەواكانی گەلی كورد.

دووەم/ ناساندنی كێشەی كورد بە گەلانی جیهان لە ڕێگای خەباتی دیبلۆماسیەوە.

ئەو كۆمەڵ و ڕێكخراوە جۆربەجۆرانە كە ئاماژەمان پێدان ئەگەر چی لە ژێر ڕووپۆشی ( كۆمەڵەو ڕێكخراوانەی كۆمەلایەتی زانستی ، ئەدەبی ، ڕۆشنبیری ، وەرزشی و .... هتد ) خۆیان نواندووە بەلام مەبەستی سەرەكیان خزمەتی یرسی ڕشەوای گەلەكەیان بووە. دیارە تا شۆڕشی (1958 ) لە عێراقدا هیچ كام لەمانە نەگەیشتنە ئاكامی سەركەوتن و ئامانجەكانی خۆیان بهێننەدی .

پاش ئەوەی (عبدالكریم قاسم ) لە 14ی تەموزی 1958ز بە كوردەتایەكی سەربازی جڵەوی حوكمی گرتە دەست ، لە دوای بلاوبونەوەی ڕاگەیاندنی دەستوری لە عێراقدا بە لێنیدا كە مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر بكات پاشان ڕاگەیاندنی ( یاسای ئەنجومەنی عێراق ) كە لە ژێر سایەیدا چەندین ڕێكخراوی سیاسی و پیشەیی و جەماوەری سەریانهەڵدا، بەلێنی ئازادانە ( كاری سەربەخۆكردن ) یان پێدرا.[24]

بە درێژایی ئەو ماوەیە تا ( بەهاری ساڵی 1991 كە گەلی كورد ڕاپەڕی) دەسەلاتدارە یەك لە دوای یەكانی عێراق ئەو هەلەیان ئەڕەخساند بۆ خەڵكی عێراق بەگشتی و نە بۆ كورد بە تایبەتی تاوەكو ڕێكخراوە سیاسی و ڕەسمی و ناڕەسمی و پیشەییەكان ڕۆڵی خۆیان بێنن. ، بەڵكو حكومەتێكی دیكتاتۆری خۆی بەسەر واقیعدا فەرز كرد وایكرد هەردوو جۆرلە ڕێكخراوەكان لە كوردستان بە یەك میكانیزمی شۆڕشگێڕانە و بەكارهێنانی توندو تیژی دژی توند و تیژی خۆیان نواندوە . ، هەرچەندە كێ بەركێ و حیزبایەتی كردن، دژی یەكتر وەستانەوە ، شەڕی ناوخۆ ، ڕووبەڕووبونەوە ، نەكسەو ئاش بەتاڵ و سەرهەڵدانەوە..هتد

یەكێكی تر بووە لە سیما و ڕووخسارەكانی ڕێكخراوە سیاسیەكانی كوردستان (دیارە ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكانیش هەردەم سێبەری ئەمان بوون ، ( ئەوەتا لەگەڵ یەكەم كەرتبوونی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ دوو باڵ لە شەستەكاندا ڕاستەوخۆ ڕێكخراوە پیشەییەكانیش بوونە دوو بەشەوە ). ڕێكخراوە پیشەییەكان لە ژێر ئەو بارودۆخە نا هەموارەدا چۆنیەتی كاری مەدەنی خۆیان وون كرد بوو ، بوو بوونە پاشكۆی حیزب و كاری حیزبایەتی كردن بلاوكراوەكانی ئەو كاتەشیان كە ئێستەش پارێزراوی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن ، بۆ نموونە لە بەلگە نامەی ژمارە

23- محمد كەنگوڕی و ئەوانی تر , مەكتەبی ڕێكخستن (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2004ز , ل101.

24- شازین هێرش , ڕێكخراوە دیموكراسی و پیشەییەكان لە چەند بەلگەنامەیەكی مێژوویدا , 1958 – 1968 , چاپی دووەم , ل5.

(3) ی لە 1958/12/25 دا لە لیژنەی قوتابیانی سلێمانیدا هاتووە ، لیژنەی قوتابیان دوا دەکات لە قوتابیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوورە نزیکەکان پێویستە . بە هەموو توانایەکمانەوە (ضبط و ربطی) پارتی بپارێزین و ئامۆژگاریەکانی ببەین بەرێوە. هەروەها یەکێك لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتان لە (1963/10/1) دا هاتووە زروفی جۆربەجۆری کۆمەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و نەتەوایەتی و نیشتمانی ، کۆمەلانی خەلکی کوردستان وا دەخوازێ کە تەنیا پارتیەکی پێشڕەوبێن ، پارتی مەچەکێکی پۆلایینە و رێکخراوەکانیش پەنجەکانیەتی ، ئەم مەچەکەش بە ئاشکرا خۆی لە ریزەکانی شۆڕشی کوردستاندا دەنوێنێ کە لە ( لاو ، قوتابی ، مامۆستا و . ئافرەت .... ) پێکهاتووە.

وەك دەبینین سالی 1957 شۆڕشی کوردی دووچاری شکست هات کە حیزب سەرپەرشتی دەکرد و هەم رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی درێژکراوەی جەستەی حیزب ، دواتریش لەگەڵ سەرهەلدانی شۆڕش و دروستکردنەوەی پارتەکان و سەرهەلدانی چەندین پارتی سیاسی و نەتەوەیی لەمپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ ، رێکخراوە پیشەییەکان و جەماوەریەکان تا ئەندازەیەك حیزب وەك موتوربەکراوێکی خۆی چاندیەوە . لێرەو لەوێ کەم تا زۆر دەردەکەوتن ... بەهاری 1991 ڕاپەڕینی گەلی کورد ، تەقینەوەی رق و تورەیی بە رووی رژێمی دیکتاتۆری بەعسدا ، ڕامالینی دەسەلاتی رژێم و دام و دەزگاکانی بارودۆخێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە ئەرکی پڕکردنەوەی بۆشاییە ئیداریەکەو قەرەبوکردنەوەی ژێر دەستی چەوسانەوەی بە ڕەخساندنی ئازادی و سەربەستی بۆ رۆلەکانی گەلی کورد کەوتە ئەستۆی پارتە سیاسیەکانی گەلی کورد ، ئەزمونێکی نوێ و مێژوویی بوو لە هەولە سەرەتاییەکاندا ، ئەرکی دروستکردنی حکومەتی کوردستانیان کەوتە ئەستۆ ، لە 19/مایس /1992 هەلبژاردن ئەنجامدرا لە 1992/7/4 حکومەت پێکهێنرا کە خۆی لە خۆیدا گوزارشتێکی پێشکەوتوو بوو بۆ گەیشتن بە کۆمەلگەی مەدەنی ، ئەو ئەنجومەنە هەلبژێردرا کۆمەلێك بڕیاری گرنگی دەکرد، کە بەلگەی بە تەنگەوە هاتنی هێنانەوەی کۆمەلگەی مەدەنی بوون. وە رێوشوێنێکی نموونەیی بۆ بە دەستهێنانی ئاوات و خواستی هاولاتیان لەوانە یاسای ژمارە (17) ی سالی 1993ز سەبارەت بە پێکەوەنانی حیزب و رێکخراوە سیاسی ، هەروەها بڕیاری ژمارە (18) سالی 1993ز سەبارەت بە رێکخستن یەکێتی و کۆمەلە پیشەیی کلتوری و کۆمەلایەتیەکان.[25]

ئەمەش رێخۆشکەر بوو بۆ سەرهەلدانی دەیان رێکخراوی سیاسی و رێکخراوی پیشەیی و جەماوەری و کۆمەلایەتی ... بەلام سەرهەلدان و کەوتنە رووی ئەم رێکخراوانە وەك دام و دەزگایەکی کۆمەلگەی مەدەنی نەبوون ، بەلکو لەسەر ئەو بنەما فیکری و کلتوری و سایکۆلۆژیەی کە لە رۆشنبیر و سیاسیەکانی کورد ( کە لە واقیعە تالەکەی پێشویان تێوەی گلا بوون دەستیان پێکردەوە و درێژەیان پێدا ، ململانێی دەسەلات و لە نێو پارتە سیاسیەکاندا وایکرد کە ئەو

25- محمد خلیل ئیسماعیل , کۆمەلگەی مەدەنی و ئایندەی گروپە ئتنیکیەکان لە عێراق , گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی , سالی 12, ژ 1 , سلێمانی , 2004ز , ل 21.

زەروورەتە مێژوویە نەتەوەیی و كۆمەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیریەی هاتبووە ئارا ، بایی ئەوەندەی سوودی لێ نەبینرێ (ترسی حیزبەكان لە گەورەبوونی یەكتر بەتەواوی گوازرایەوە بۆ شەڕ لە ناو رێكخراوەكان كۆمەلگەی مەدەنی )[26] ئەمرۆ كە لە كۆمەلگەی كوردیدا دەیان رێكخراوی ئافرەتان و قوتابیان و خوێندكاران و لاوان و مامۆستایان دەبینین ، هەریەكەشیان حیزبێكی لە پشتە ، هەر حیزبە و دەیەوێ هەیمەنەی خۆی بە تەواوی بەسەر كەنالەكانی كۆمەلگەدا بكات ، تەنانەت ئەمرۆ بواری داگیر كراوە ، هیچ یانەیەكمان نییە بەسەر حیزبێكی دیاریكراو نەبێت كە ئەمەش زیان بە كۆمەلگەی مەدەنی و دەزگاكانی دەگەیەنێ ، ( چونكە بەشدار دەبن لە كەرتكردن و لاوازكردنی كۆمەلگەی مەدەنی ، بلاوبونەوەی رق و كینە لە نێو كەسانی رێكخراوی جیاوازدا ).

بۆیە بەشێكی نوێ و نەبیستراو نییە كەر بوترێت (ژمارەیەكی زۆری ئەو دەزگایانەی كە لە كوردستاندا بە دەزگاكانی كۆمەلی مەدەنی ناودەبرێن دەزگای حیزبین و بە چەندان شێوە بەشێكن لەو تۆڕە دەزگایەی حیزب كە بەهۆیەوە دادەبەزێتە ناو رەهەندە جیاوازەكانی ژیانی كۆمەلایەتی )[27]

ئەم دەردەش بۆ خۆی هەموو بزوتنەوە و كۆمەلایەتییەكانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە لێرەوە (هەموو بزوتنەوەیەكی كۆمەلایەتیش لەم كوردستانەدا ناچارە هەم شەڕێكی لیبرالیانە بكات ، هەم شەڕێكی ماركسیانە ، یەكەمیان رووی لە كۆمەلگەو ئایین و ئەو سیستەمە رەمزییەیە كە فەردیەت لە مرۆڤ دەسەنێتەوە دووهەمیان رووی لە پارتە سیاسیە دەسەلاتدارەكانی كوردستانە كە رازی نین پانتاییەكی عەدالەتی كۆمەلایەتی فراوان بكەن ، یەكەمیان بە گژاچوونەوەی پەلاماری كۆمەلگایە بۆ تاكە كەس دووهەمیان شەڕە لە بەرامبەر رۆحی مونوپۆلخوازی دەسەلاتی سیاسی .[28] لە كاتێكدا كە دەسەلاتی سیاسی و سیاسەتی كورد لە سیاسەتی حیزبەكاندا بەرجەستە بووە ، بزوتنەوە جۆراو جۆرەكان و گروپە هەمە شێوەكان خاوەنی شوناسی تایەتی خۆیان نەبوون بەلكو سێبەری ئەم حیزب و ئەو حیزب بوون ، بۆیە هەرگیز ناتوانن گەشە بە خۆیان بدەن لەو چوارچێوەیەدا دەروانن ، كە حیزب بۆیان دیاریدەكات رۆحی كۆمەلگەی مەدەنیان تێدایە نییە چونكە ئەو رۆحە رەخنەیی یە ، چاودێریكەرە فشارە ،گفتوگۆیان تێدا نییە لە دەزگاكاندا كە كارەكتەری مەدەنی دەبەخشن و دەیانكەنە دەزگاكانی مەدەنی راستەقینە .

دواجار ووزە و توانای دروست كردنی رای گشتی راستەقینەیان لە كۆمەلگە هەبێ بەلكو ئەو رایەی دروستی دەكەن ئەمرۆ درێژكراوەی ئەو رایەیە كە حیزب نەخشەی بۆ كێشاوە و پێی دەوترێت ( رای حیزبی ).

### تەوەری دووەم/ مەرجەكانی خۆپیشاندان

26- محسین ئەدیب , پاش راپەرین و پرسەكانی كۆمەلی مەدەنی , ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی , سلێمانی , 2001ز , ل 32.

27- مەریوان وریا قانع , شوناس و ئالۆزی , چاپی یەكەم , پاپخانەی رەنج , سلێمانی , 2004ز , ل164.

28- مەریوان وریا قانع , بەختەوەری و بێ دەنگی , چاپی یەكەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی , 2003ز , ل188.

هەروەك ڕوونە ئەم مافە بەڕەهایی مومارەسە ناكرێ. لەمادەی (21) ی پەیمانی مافە سیاسی و شارستانییەكانی ساڵی 1966 دا هاتووە: "مافی كۆبوونەوەی ئاشتییانە مافێكی دانپێدانراوە. ڕەوا نیە كۆت و بەند لەسەر ئەم مافە دابنرێ تەنها بە پێی یاسا و وەك ڕێكاری پێویست نەبێ، لەكۆمەڵگەیەكی دیموكراتی بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، یان سەلامەتی گشتی، یان نیزامی گشتی، یان پاراستنی تەندروستی گشتی، یان پاراستنی ئادابی گشتی، یان پاراستنی مافی ئەوانی تر و ئازادیەكانییان." هەر بەم پێیەش یاسادانەری كوردستانی، لەیاسای ئاماژەپێكراو كۆمەڵێك مەرجی لەسەر خۆپیشاندەران و دەسەڵاتداران داناوە بۆ ڕێكخستنی ئەم مافانە كە لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەكەین:

1- **ئاشتییانەبوونی خۆپیشاندان:** ئەمە بەیەكێك لە فاكتەرە سەرەكییەكانی هەر خۆپیشاندانێك دادەنرێت كە لە هەموو دۆكیومێنتە نێودەوڵەتییەكانی مافی مرۆڤ دا جەختی لەسەر كراوەتەوە و بەمەرجێكی جیانەكراوەی خۆپیشاندان دادەنرێت. ئەمە جگە لەوەی پاڵپشتی یاسایی بۆ خۆپیشاندان مسۆگەر دەكات، لەهەمان كاتیشدا مومارەسەكردنی كەلتوری لێبوردەیی، ئاشتیخوازی، یەكترقبوڵكردن، دان بەخۆداگرتن و قوڵتركردنەوەی فەرهەنگی دیموكراسییە. ئاشتیانەبوونی خۆپیشاندان هەردوولایەنی خۆپیشاندەران و پۆلیس دەگرێتەوە. یاسای خۆپیشاندانی كوردستان لەمادەی چوارەم/سێیەم ئاماژە بەم خاڵە دەكات و دەڵێ: "پێویستە خۆپیشاندانەكە ئاشتییانە بێ و دووربێ لەكاری توندوتیژی، هەڵگرتنی داواكاری بۆ هاندانی توندوتیژی و جیاوازی قەدەغەیە."

2- **قەدەغەبوونی چەك هەڵگرتن:** یەكێكی دیكە لەمەرجەكانی خۆپیشاندانی ئاشتییانە، هەڵنەگرتنی چەكە، چونكە هەڵگرتنی چەك دەبێتەهۆی ئەوەی كە خۆپیشاندان لەڕێڕەوی ئاشتییانەی خۆی دەربچێت و ئاسایشی گشتی و گیانی هاوڵاتیان بكەونە مەترسییەوە. هەروا هەڵگرتنی چەك پێچەوانەی ئامانج و پێویستیەكانی هەر كۆمەڵگەیەكی دیموكراتیە كە كار بۆ ئەوە دەكات دیالۆگ لەبری توندوتیژی جێگیر بكات. هەرچەندە لە دۆكیومێنتە نێودەوڵەتیەكان ئاماژە بەم خاڵە نەكراوە، بەڵام سیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و هەڵسوكەوتی دەوڵەتان، هەڵگرتنی چەكی لە خۆپیشاندان و كۆبوونەوەكان قەدەغەكردووە و هەر خۆپیشاندانێك كە چەكی تێدا هەڵبگیرێت، سیستەمی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێناكات. هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەڵگرتنی چەك دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی. یاسای خۆپیشاندانی كوردستان لە ماددەی حەوتەم ئاماژەی بەم خاڵە كردووە و هەڵگرتن یان لەخۆبەستنی چەك لەكاتی خۆپیشاندان قەدەغە دەكات تەنانەت ئەگەر مۆڵەتی یاسایی هەڵگرتنی چەكیشی هەبێت. هەروا هەڵگرتنی هەر ماددەیەكی تەقەمەنی یان ژەهراوی یان سوتێنەر لەكاتی خۆپیشاندان‌دا قەدەغەیە كەلەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هەڵبگیرێت و پۆلیس لەسەریەتی ڕێكاری یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیكاران بگرێتە بەر.

3- **قەدەغەبوونی هاندان یان بڵاوكردنەوەی ڕق و قین:** نابێت لە خۆپیشاندانەكان گوتە و دروشمی وا بەرزبكرێتەوە كە ڕق ئامێز بن و ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە و ناكۆكی لەنێوان پێكهاتە نەتەوەیی، ئاینی، ڕەگەزی و گرووپە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكان، یاخود ڕێگە خۆش بكات بۆ هاندان و سەرهەڵدانی توندوتیژی، ڕق، جیاوازی، گرژی و ناكۆكی چەكدارانە.

ئەم جۆرە ڕەفتارە دەبێتەهۆی ئەوەی كە خۆپیشاندان لەئاڕاستەی ئاشتیانە و دیموكراتیانەی خۆی دەربچێت وە ڕق و قین لەناو كۆمەڵگەدا بڵاوبكاتەوە. سیستەمی نێودەوڵەتیش دژ بەم جۆرە ڕەفتارانە دەوەستێتەوە و لەماددەی (2/20) ی پەیمانی مافە سیاسی و شارستانێتیەكاندا هاتووە: "بەیاسا هەر جۆرە بانگهێشتكردنێك بۆ ڕقی نەتەوەیی یان ڕەگەزی یان ئاینی قەدەغەدەكرێت كە ببێتە هۆی هاندان بۆ جیاكاری، یان دوژمنكاری، یان توندوتیژی." پاڵپشت بەم بنەمایەش، یاسای خۆپیشاندانی كوردستان لەماددەی دووەم/برگەی سێیەم دەڵێ: "نابێ مەبەست لە خۆپیشاندان هاندانی گروپێك دژی گروپێكی دیاریكراوبێت بەهۆی ئاین، یان نەتەوە، یان ڕەگەز، یان هاندانی گروپێك دژی گروپێكی دیكە بێت."

4- **وەرگرتنی مۆڵەت:** یەكێك لەو بابەتانەی كە زۆر مشتومڕی لەسەر دەكرێت، بابەتی پێویستیی وەرگرتنی مۆڵەتە بۆ ئەنجامدانی كۆبوونەوە و خۆپیشاندان. ئەوەی كە لە مافی كۆبوونەوە و خۆپیشاندانادا دەبێ بە بنەما وەربگیرێت، ئازادی كۆبوونەوە و خۆپیشاندانە، كە دەبێ لە ڕۆتین و بەربەستی كارگێڕی بەدووربێت. ڕەخساندنی میكانیزمی پێویست بۆ ئەنجامدانی كۆبوونەوە و خۆپیشاندان، بەشێكە لە پابەندییە پۆزەتیڤەكانی دەوڵەتان و نابێ یاسا و ڕێسا كارگێڕیەكان لەم بارەیەوە ناڕەوا و ناداد پەروەرانە بن، دوور بن لە جەوهەری ئەم ئازادییە. دانانی یاسا و ڕێكارە كارگێڕیەكان لەم بوارەدا، دەبێ بە نیازپاكیەوە ئەنجام بدرێت. دەوڵەتان لەبارەی خۆپیشاندان سێ شێوازی جۆراوجۆر دەگرنەبەر، كە بریتین لە: سیستەمی مۆڵەتی پێشوەختە، سیستەمی ئاگاداركردنەوەی پێشوەختە، سیستەمی بەدواداچوونی پاشینە. هەریەك لەم سیستەمانە ڕێكار و میكانیزمی تایبەت بە خۆیان هەیە و تێڕوانین و تێگەیشتنی دەسەڵاتداران لەجێگیركردنی هەریەكەیاندا ڕۆڵی سەرەكی هەیە. زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی سیستەمی ئاگاداركردنەوەی پێشوەخت و سیستەمی بەدواداچوونی پاشینە لەحاڵەتی زیان گەیاندن پەیڕەو دەكەن. سیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، ئاگاداركردنەوەی پێشوەخت بە باش دەزانێت و داوا لە دەوڵەتان دەكات كە یاساكانی خۆیان لەم چوارچێوەیەدا ڕێك بخەن.

یاسای خۆپیشاندانی كوردستان لەم بارەیەوە داخراوترین سیستەمی هەڵبژاردووە كە ئەویش مۆڵەتی پێشوەختەیە، بەپێی ئەم یاسایە دەبێت لیژنەیەكی ڕێكخەری خۆپیشاندان هەبێت كە ژمارەیان لەنێوان 3- 5 كەسە و دەبێت (48) كاتژمێر بەر لە خۆپیشاندان بەداوایەكی نووسراو و واژۆكراو پێشكەش بە وەزیری ناوخۆ یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی بكەن بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی نووسراوەكە. وەزیر یان سەرۆكی یەكەی كارگێڕی ئەگەر بۆی ساغ بووەوە كە خۆپیشاندان زیان بە سیستەم و ئاكاری گشتی دەگەیەنێت ئەوا دەبێ بەشێوەیەكی نووسراو داواكە ڕەت بكاتەوە و هۆكارەكەشی دیاری بكات. لیژنەش بۆی هەیە تانە لە بڕیاری ڕەتكردنەوەكە بدات لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەكەو دادگاش دەبێ لەماوەی (48) كاتژمێردا تانەكە یەكلایی بكاتەوە و بڕیارەكەش یەكلاكەرەوەیە. ئەگەر بێت و پاش (48) كاتژمێر لە پێشكەشكردنی داواكاری بۆ ڕێكخستنی خۆپیشاندان وەڵام نەدرایەوە ئەوا بە ڕەزامەندی دادەنرێت.

ئەم شێوازی ڕێكخستنی خۆپیشاندانە لە هەرێم هەروەك ئاماژەمان پێدا لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و شێوازی پەیڕەوكراو لە وڵاتانی دیموكراسی ناتەبایە. كاتی خۆیشی لە پەرلەمانی كوردستان مشتومڕێكی زۆر لەسەر ئەم بابەتە كرا

بەڵام دواجار بەم شێوەیە پەسەند کرا. لەواقیعی کرداریدا زۆرجار هاوڵاتیان بەشێوەیەکی خۆڕسك دەست بە خۆپیشاندان دەکەن و ڕێکارە یاساییەکان لەم بارەیەوە بێ کاریگەر دەمێننەوە. هەربۆیە ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت شێوازێکی باشتر و گونجاوترە و لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکاندا دەگونجێت.

5- **سنووردارکردنی ڕۆڵی پۆلیس لە خۆپیشاندانەکان:** ڕۆڵی پۆلیس لەکاتی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان زۆر گرنگ و کاریگەرە. بێگومان ئەوانیش دەبێ لەم بارەیەوە پابەندی یاسا و ستانداردە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ بن. لە سیستەمە دیموکراتیەکان، پۆلیس پارێزەری ئاسایشی گشتی و ماف و ئازادی تاکەکانە، هەربۆیە دەبێ هێزێکی سەربەخۆ و جەماوەری بێت و لەبەرامبەر ڕەفتارەکانی خۆیدا وەڵامگۆ بێت. لەسیستەمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ، پۆلیس مافی ئەوەی پێ دراوە کە کرداری پێویست (بەر لە خۆپیشاندان) و پاراستنی ئاسایشی خۆپیشاندان و کۆنترۆڵی لە ڕاددەبەدەر و ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو توندوتیژی ببەن. بۆیە بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەو هێزانە شارەزایی پێویستیان بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی و ئاسایش و کۆنترۆڵی کۆبوونەوەکان هەبێ. پێوەرە نوێیەکانی دەسەڵاتی پۆلیس ئیدی سەرکوت و توندوتیژی نیە، بەڵکو یاسا پارێزی، شەفافیەت، وەڵامگۆیی و بەردەستبوون و کرداری بەجێیە لەکاتی خۆیدا.

لەمبارەیەوە یاسای خۆپیشاندانی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك ڕێسای داناوە. بەپێی ماددەی پێنجەم/بڕگەی دووەم، دەبێ دەزگاکانی پۆلیس خۆپیشاندەران بپارێزن. هەروا بەپێی ماددەی حەوتەم/بڕگەی سێیەم دەربارەی هەڵگرتنی چەك لەلایەن خۆپیشاندەران، ڕێگە بە دەزگاکانی پۆلیس دراوە کە بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان ڕێکاری یاسایی دەرهەق بە سەرپێچیکاران بگرنە بەر. بەپێی ماددەی هەشتەم، ئەگەر خۆپیشاندان لە ئامانج، یان کاتی دیاریکراوی خۆی دەرچوو، ئەوا وەزیر، یان سەرۆکی یەکەی کارگێڕی، پاش ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندان، بۆی هەیە بڵاوە بە خۆپیشاندانەکە بکات. هەروا بەپێی ئەم ماددەیە، ئەگەر پۆلیس زەحمەتی بینی لە بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، وێڕای ئەوەی داوایان لێکرا بەڵام هەر سور بوون، ئەوا بۆی هەیە هۆکاری ناوەڕۆك مەدەنی بۆ بڵاوەپێکردن بەکاربهێنێ. هەروا دەتوانێ ڕێکاری یاسایی بگرێتە بەر بەرامبەر بەوانەی کە لەکاتی خۆپیشاندانەدا ئاژاوە دروست دەکەن.

جگە لەمەش بەپێی ماددەی یازدەیەمی هەمان یاسا، ئەگەر دەزگاکانی پۆلیس لە سنووری دەسەڵاتی خۆیان دەرچوون بۆ بەکارهێنانی هێزی لەڕاددەبەدەر لە دژی خۆپیشاندەران، ئەوا بەپێی یاسا جێبەجێکراوەکان ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتە بەر. هەروەها حکومەت لەسەریەتی قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکاتەوە بەپێی بڕیاری دادگا، ئەگەر بێت و دەزگاکانی پۆلیس لە سنووری ئەرکی ڕاسپێردراوی خۆیان دەرچوون.

6- **پاراستنی ئاسایش و سامانی گشتی و تایبەتی:** ئەمەش بە یەکێك لە کۆتەکانی سەر خۆپیشاندان دادەنرێت، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ئاشتییانەی خۆپیشاندانەکە پارێزراو بێت و لە ستانداردە نێودەوڵەتیەکانیش جەختی لەسەر کراوەتەوە. یاسای خۆپیشاندانەکانی کوردستانیش لەماددەی نۆیەمی خۆیدا ئاماژەی بەم خاڵە کردووە و دەڵێ: "ئەگەر لە کاتی

خۆپیشاندانەكەدا ئاسایش، یان سیستەمی گشتی، یان ئادابی گشتی تێكدرا، یان زیان بە ئەوانی دی، یان سامانی گشتی، یان تایبەتی گەیشت، یان خۆپیشاندانەكە لە ئامانج و مەبەستی دیاریكراوی خۆی دەرچوو، سەبەبكاران بەرپرسیارێتی قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانەیان دەكەوێتە ئەستۆ كە بەو هۆیەوە دەكەونەوە و ڕێكاری یاساییشیان بەگوێرەی یاسا كارپێكراوەكان دەرهەق دەگیرێتە بەر."

ئاشكرایە لەم حاڵەتەدا، ئەو جۆرە كردارانە دەكەونە ژێر پاراستنی یاسای سزادانی عێراقی ساڵی 1969 كە لە دەروازەی حەوتەمی خۆیدا باس لە تاوانەكانی خاوەن مەترسیی گشتی دەكات وەك: سوتاندن، تاوانەكانی تایبەت بە دامودەزگا گشتییەكان، ئامرازەكانی گواستنەوە و پەیوەندیەكان و زیانمەند بۆ تەندروستی گشتی.

لەچەند ساڵی ڕابردوو، بابەتی خۆپیشاندان یەكێك بووە لە لەو بابەتانەی كە مشتومڕی زۆر لەسەر بووە, ئەمەش بۆ وڵاتێك كە ئەزموونێكی دەوڵەمەندی لە كەلتووری دیموكراسی و یەكترقبوڵكردندا نیە، ڕەنگە شتێكی ئاسایی بێت چونكە بەشێكی گرنگ لە كەلتوری دیموكراسی لەڕێگەی ئەزموونەوە بەدی دێت. هەر لەساڵی 2010 ەوە كە یاسای خۆپیشاندان پەسەندكرا، هەتا خۆپیشاندانەكانی 2011 و ساڵانی دواتریش، هەموو كات شێوازی هەڵسوكەوتی خۆپیشاندەران و دەزگاكانی تەناهی، جێگەی گلەیی و گازندەی لایەنە جۆراوجۆرەكان بووە.

دەسەڵاتداران گلەییان لەوەیە كە خۆپیشاندەران سنووری یاسا و ڕێسا بەركارەكانی خۆپیشاندانێكی ئاشتییانە دەبەزێنن و توندوتیژی بەكاردەهێنن و زیان بە سامانی گشتی و تایبەتی دەگەیەنن. لایەنە خۆپیشاندەرەكانیش هەموو كات گلەییان ئەوە بووە كە دەزگا تەناهییەكان دژ بە خۆپیشاندەران چەك بەكاردەهێنن و هەندێ جار دەبنەهۆی كوژران و برینداربوونی خۆپیشاندەران. ئەم مشتومڕە هەتا ئێستاش بەردەوامە و لایەنە سیاسیەكانیش بەپێی بەرژەوەندیە حیزبییەكانی خۆیان هەڵوێست لەسەر ئەم بابەتە وەردەگرن.

## دەرەنجام

1- ئازادی ڕێپێوان خەباتی مەدەنی مافێكی سەرەتاییە لە مافەكانی مرۆڤ و بنەمایەكی گرنگ و كاریگەری ئازادی ڕادەربڕینە لەسەرجەم یاساو ڕێكەوتن نامەو پەیمانە نێو دەوڵەتیەكان و عێراق و هەرێمی كوردستانیشەوە چەسپێنراوە یاسی تایبەتی بۆ داڕێژراوە و لە دەستوری هەمیشەی كۆماری عێراقی فیدراڵدا لە ساڵی ( 2005 ز) دانی پیانراوە .

2- ئەم پرسە لە هەرێمی كوردستان بە یاسا ڕێكخراوە و ڕەزامەندی پێش وەختە كراوەتە مەرج بۆی جا یان لەلایەن وەزیری ناوخۆ یان سەرۆكی یەكەی ئیداری ئەو شوێنەی كە ڕێپێوانەی كەی تیا ئەكرێ مەرجەكانیش ئەوەیە پارێزگاری لە ڕەوشی گشتی بكرێت و بەرژەوەندیە گشتیەكان پارێزراو بێت ناكۆكی و توندو تیژی لیچ نەكەوێتەوە .

3- تێبینی لەسەر یاسای ڕێکخستنی ڕێپێوان لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە یاساکە ئەو دەزگاو لایەنەی دیاری نەکردووە کە مافی تاکەکان یان خۆپیشاندەران دەپارێزێت لە ئەنجامدانی ڕێپێوانێکی ئازاد دا .

4- مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان لە مافە سەرەتاییی و سروشتیەکانی مرۆڤە و خوا پێ بەخشیووە و کەس ناتوانێت خۆی بکات بە خاوەنی ڕۆڵی یاساو دەستوور و ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان تەنها دەرخستن و ئاشکراکردنی ئەو مافەیە .

## پێشنیارەکان

1- پێشنیار دەکەین بۆ یاسا دانەرانی هەرێمی کوردستان بە یاساکەدا بچنەوە و هەمواری کەنەوە چوون هەر لە یەکەم ڕۆژی دەرچونیەوە ڕەخنەیەکی زۆری لێ گیراوە ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا و زەمینە سازی بۆ هاولاتیان بە هۆی پەیرەوی ئەم مافەی خۆیان بە باشترین و شایستەترین شێوە بکەن , وە بە بۆچونی ئێمە هەموارکردنەوەی یاساکە بەو شێوەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن دەبات .

2- پشت بەستن بە دەستوور و یاسا نێو دەوڵەتیەکان بەو شێوەی کە ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ماف و ئازادیەکانی دیاریکردووە بەشێوەیەك ئازادی ڕێپێوان و مافە مەدەنیەکان دەستەبەر بکرێت و دووربێت لە توندوتیژی و ئازاردان و ئەشکەنجە هاوکات دەسەڵاتی دادوەری تەواو پیشەیی و سەربەخۆ بێت و جیابکرێتەوە لە دەسەڵاتەکانی تر .

3- پێشنیار دەکەین چەمکەکانی ڕەوشی گشتی و بەرژەوەندی گشتی ماناو مەبەستەکانی بەتەواوەتی دیاری بکرێت و ڕێنمای گونجاوی بۆ بکرێت چونکە ئەم چەمکانە لە یاساکەدا ڕۆشن نیەو لە شوێن و کاتی جیا جیادا زۆر ماناو مەبەست هەڵدەگرێت .

4- پێشنیار دەکەین بۆ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن کە حکومەتە بە پێ ی یاسا وڕێسا و دەستوور و ڕێنمایە کار پێکراوەکان لەگەڵ خۆپیشاندەران مامەڵە بکرێ و مافی ڕادەربڕین و ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بێت .

5- پێشنیار دەکەین دەزگاو دامەزراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا زیاتر کارابکرێن و گرنگیان پێ بدرێ و ڕۆڵ و پێگەیان زیاد بکرێ ئەمەش لە پێناو سنوردانان بەرامبەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە بە زاندنی سنورەکان و مامەڵەی ناسروشتی و ناشایستە بەرامبەر خۆپیشاندەران .

6- پێشنیار دەکەین یاسایی خۆپیشاندا لەهەرێمی کوردستان یاساکە بە شێوەیەك هەموار بکرێتەوە کە هەموو ئەو سنور بەزاندو پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنەوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران ئەنجام ئەدرێت

ئیدانە بكرێ و بە تاوان ناوزەند بكرێ بۆ پاراستنی مافی خۆپیشاندەران و بەرجەستەبوونی دادپەروەری لە نێوان ئەرك و مافدا .

## سەرچاوەكـان


- قورئانی پیرۆز.
- ئاسۆ جەبار , كۆمەڵگای مۆدێرن , چاپخانەی تیشك , سلێمانی , 2004ز , ل 3.
- ئازاد وەڵەد بەگی , ئازادی خۆپیشاندان لە نێوان یاساو پراكتیكدا .
- ئیبراهیم حاجی زەڵمی , لەمپەرەكانی بەردەم دروستبوونی ڕای گشتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا , چاپخانەی سیما , سلێمانی , چاپی یەكەم , ساڵی چاپ 2009ز .
- ڕەفیق ساڵح , بەڕێوەبردن و ڕێكخراو , گۆڤاری ڕێبازی نوێ , ژمارە 31 , بەشی ڕوناكبیری (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2003ز , ل 141.
- زاهر زەكار , گروپەكانی فشار و كاریگەریان لەسەر ڕای گشتی , و: مجید ساڵح , گۆڤاری ڕێبازی نوێ , بەشی ڕوناكبیری , مەكتەبی ڕێكخستنی (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2004ز , ل 107.
- شازین هێرش , ڕێكخراوە دیموكراسی و پیشەییەكان لە چەند بەڵگەنامەیەكی مێژوویدا , 1958 – 1968 , چاپی دووەم , ل5.
- كارل پۆپەرو ئەوانی تر , عەقل و هەست , و:محمد كریم , چاپی یەكەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی , 2005ز ,ل17.
- محمد كەنگوڕی و ئەوانی تر , مەكتەبی ڕێكخستن (ی.ن.ك) , سلێمانی , 2004ز , ل101.
- محسین ئەدیب , پاش ڕاپەڕین و پرسەكانی كۆمەڵی مەدەنی , ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی , سلێمانی , 2001ز , ل 32.
- مەریوان وریا قانع , شوناس و ئاڵۆزی , چاپی یەكەم , پاپخانەی ڕەنج , سلێمانی , 2004ز , ل164.
- مەریوان وریا قانع , بەختەوەری و بێ دەنگی , چاپی یەكەم , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێمانی , 2003ز , ل188.
- محمد خلیل ئیسماعیل , كۆمەڵگەی مەدەنی و ئایندەی گروپە ئێتنیكیەكان لە عێراق , گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی , ساڵی 12, ژ.1 , سلێمانی , 2004ز , ل 21.
- احمد مختار عمر , معجم اللغة العربية المعاصرة , الناشر , عالم الكتب , القاهرة , سنة النشر , 1429ه – 2008م , ص 1445.
- انظر, مجموعة من المؤلفين , المنجد , ص482.

- جماالدين محمد مكرم (ابن منظر الافريقي المصري ) , لسان العرب , المجلة الرابع , دار الفكر للطباعة والنشر و التوزيع , الطبعة الأولى , 1410ه -1990م , ص 521- 525.
- 16- الديمقراطية و حقوق الأنسان , اسس و ركائز و تطبيق الديموقراطية , متاح على العنوان الألكترونى التالي :
- 2015/2/20.html 10Htt:pagaes : in fint.net /mounayed/ chap
- د. محمد يوسف علوان و د. محمد خليل موسى , القانون الدولى لحقوق الانسان , الحقوق المحمية , الجزء الثاني , دار الثقافة , عمان , 2007 , ص 277.
- د . جبران مسعود , معجم الرئد , بدون رقم طبعة , دار العلم للملايين , بيروت , بدون سنة طبع , ص 33.
- د. حميد حنون خالد , حقوق الأنسان , الدار الجامعية للطباعة و النشر و الترجمة , بغداد , سنة طبع 2013 , ص 85-84 .
کەلار ناوێکی نوێیە بۆ ناوچەیەکی دێرین و مێژوویی، قۆناغە جیاجیاکانی ئەو مێژووە بەگشتی، تا دەگاتە ڕۆژگارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی(1914-1918ز)، نارۆشن و تەمومژاویی و قسە لە سەرنەکراوە، لە هەندێ زانیاری سەرەتایی زیاتر شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نازانین! بەگوێرەی بەڵگە شوێنەوارییەکان، هەروەها سەرەداوی هەندێ زانیاری نێو سەرچاوە مێژووییەکان، ناوچەکە ڕیشەیەکی گەلێك مێژوویی و دێرینی هەیە. بەڵام ئەم ناوچەیە لە ڕووی کۆنە ناسی و لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە، کە لە میانەیەوە هێڵە گشتییەکانی مێژووی قۆناغەکانی پێشووتری ڕوونبکاتەوە، تا ئێستا کەنارێکی پشتگوێخراوبووە و تیشکێکی ئەوتۆی نەخراوەتەسەر، لە کاتێکدا لەم ڕووەوە شایستەی لالێکردنەوەی تایبەتە.

ئەم توێژینەوە هەوڵێکی سەرەتاییە، بۆ تیشکخستنە سەر ئەو نارۆشنی و تەمومژاوییەی لە مێژووی ناوچەکەدا هەیە لەو دیو ڕۆژگارەکانی سەدەی بیستەمەوە، بەتایبەتیش سەدەی نۆزدەهەم، هەڵبەتە لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆن و بەڵگە شوێنەوارییەکان، هەروەها سەرچاوە مێژوویيە نوێیەکاندا. تیایدا دەیسەلمێنین پێش دامەزراندن و پەرەسەندنی گوندی کەلاری کۆن، کە بووەتە بناغە بۆ کەلاری ئەمڕۆ، ناوچەکە لە سەدەی نۆزدەهەم دا بە "شێروانە" ناسراوبووە، گوندێکیش بەو ناوەوە، لەدیوی باشووری قەڵاکەی ئەمڕۆدا هەبووە.

**کلیلی ووشەکان :** کەلار ، لێکۆڵینەوەی مێژوویی، سەدەی بیستەم، سەدەی نۆزدەهەم، گوندی کەلاری کۆن

**دەستپێك**

ئێمە لە میانەی بەڵگە شوێنەوارییەکانەوە دەزانین، کە ژیان و ئاوەدانی لە کەلار و دەوروبەریدا، ڕیشەیەکی مێژوویی دوورودرێژ و دێرینی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی فەرهەنگی حەلەف لە هەزارەی شەشەمی پێش زایین، هەڵبەتە دەکرێ گریمانەی زۆر کۆنتر لەو مێژووەش بۆ بوونی ئاوەدانی و ژیان لە ناوچەکەدا بکرێت. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، نە لە کنە و پشکنینە سەرەتاییەکاندا سەبارەت بەمێژووی دێرین، نە لە سەرچاوە مێژووییەکانیشدا دەربارەی مێژووی قۆناغەکانی دواتر،

تا دەگاتە سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەهەم، هیچ ئاماژەیەك بۆ ناوی مەڵبەندێكی ئاوەدان لەم ناوچەدا نابینینەوە، كە بوویێتە بناغە بۆ ئەو ئاوەدانییەی، كە لە قۆناغەكانی دواتردا بە كەلار ناوبانگ دەردەكات.

وەك دەزانین كەلار ناوێكی نوێیە بۆ مەڵبەندێكی كۆنتر، ناوەكەی لە گوندێكی ناوچەكە وەرگرتووە، ئەویش گوندی "كەلاری كۆن"ە، كە لە ئەمڕۆدا گەڕەكێكی شارەكە پێكدێنێت. بەگوێرەی یادگەی لۆكاڵی سەرەتای دامەزراندنی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێكراوەكان، دامەزراندن و دروستبوونی ساغبكرێتەوە. بۆیە سەبارەت بە مێژووی ئەم گوندە هەروەها ئەو ناوچەی كەلارو دەوروبەری لەخۆدەگرێت، بێجگە لە كەمەكێك زانیاری سەرەتایی و ڕاگوزەر هیچی تر لەبارەی ڕۆژگارەكانی ئەو دیو سەدەی بیستەمییەوە نازانرێت؛ ئەو كەمە زانیارییە ڕاگوزەرەیش كە هەیە پشت بە یادگەی لۆكاڵی دەبەستێت، تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەكی مێژوویی ڕوون و پشتڕاستی نەكردوونەتەوە. نەبوونی زانیاری مێژوویی و سەرچاوەی پێویست، وایكردووە مێژووی ناوچەكە بە لێڵی و تەمومژاوی بمێنێتەوە.

پرسیارەكە ئەوەیە، بۆچی ئەم مەڵبەندە ئاوەدان و پڕ ژیانە، بەراورد بەشوێنەكانی تری دەوروبەرمان، زانیارییەكی ئەوتۆ لە بارەی ڕۆژگارەكانی ئەو دیو سەدەی بیستەمییەوە نازانرێت؟ دیوێكی ئەم پرسیارە بە بڕوای توێژەر پەیوەندی بەوەوە هەیە، كە هێشتا كنەو پشكنینی ورد بۆ ناوچەكە نەكراوە، لە كاتێكدا تێكڕای ناوچەكە دەوڵەمەندە بە سامانی شوێنەواریی. بەدیوێكی تردا ناوچەكە نەكەوتۆتە سەر هیچ كام لەو هێڵانەی دەچوونەوە سەر مەڵبەندە ئاوەدانانەكانی دەوروبەری، بە تایبەتی لە مێژووی نوێدا. بۆ وێنە، كفری كە كەوتۆتە ڕۆژئاوای كەلار، دەكەوتە سەر هێڵێك، كە لە سلێمانییەوە دەڕۆیشتەوە سەر بەغداد (سلێمانی قەرەداغ- سەگرمە-ئیبراهیم خان لە باكوور، قەرەتەپە-دەلی عەباس- بەغداد لە باشوور). یان خانەقین لە باشووری ڕۆژهەڵاتی كەلار، وێڕای ئەوەی كەوتۆتەوە سەر ئەو هێڵە سەرەكییەی میسۆپۆتامیای بە ناوچەكانی ئێرانەوە گرێدەدا، لە هەمان كاتدا هێڵێكی تری هاتوچۆی مامناوەند، كە بە ناوچەكانی مەیدان و دەشتی شێخان و چەمی دەربەندا تێپەڕدەبوو، دەییەستەوە بە دەشتی شارەزوور هەورامان و پێنجوێن. بوونی ئەو ناوچانە لەسەر ئەو هێڵانە كە ئاماژەمان بۆ كرد، وایكردبوو گەشتەوەر و گەڕیدە بیانییەكانی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم بەتایبەت پیاگوزەربكەن، لەو ڕێگەشەوە هەندێ زانیاری، ئەگەر كەمیش بووە، لە بارەیانەوە تۆماربكرێت. بۆیە دەبینین ئەو ناوچانە بەراورد بە كەلاری ئێستاو دەوروبەری، زانیاری زیاتریان لە بارەوە هەیە، بەتایبەتیش لەسەر قۆناغی سەدەی نۆزدەهەم، كە لە نیوەی دووەمی سەدەكە بەدواوە، ئیتر ناویان وەك ناحیەو قەزا دەچێتە نێو دابەشكردنە كارگێڕییەكانی دەوڵەتی عوسمانییەوە.

ئەگەر ناوچەیەكی تری نزیك لە كەلار بە نموونە وەربگرین، ئەویش (زەنگاباد)ە، دەبینین هەر لە ناوەڕاستەكانی سەدەی شانزەهەم بەدوا، لە چوارچێوەی دابەشكردنە كارگێڕییەكانی دەوڵەتی عوسمانیدا، وەك لیوایەك سەر بە بەغداد ناوی هاتووە، بەم بۆنەشەوە هەندێ زانیاری، ئەگەر سەرەتایش بێت، دەربارەی بوونی ژیان و ئاوەدانی ئەم ناوچەیە دەزانرێت.

ئەوەی لە بارەی مێژووی ناوچەی کەلارەوە نوسراوە تا ئێستا، زیاتر دەربارەی لایەنەکانی مێژووی سەدەی بیستەم بووە، قۆناغەکانی پێش ئەو مێژووە نەپشکنراوە و بە ناڕۆشنی ماوەتەوە، شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نەوتراوە. لەو بڕوایەوە کە شتێکی ئەوتۆ لە بارەی مێژووی ئەو سەدانەوە نازانرێت، کە کەوتوونەتە پێش سەدەی بیستەمەوە، بۆیە هەر زانیارییەك، ئەگەر کەمیش بووە، پاڵپشت بە زانیاری و بەڵگە شوێنەوارییەکان، یان سەرچاوە ڕەسەن و مێژووییەکان، تیشکێك بخاتە سەر ڕۆژگارە دێرینەکان ناوچەکە، لە ئەمڕۆدا نرخێکی ئێجگار گەورەی دەبێت. ئەم توێژینەوە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ تیشك خستنە سەر ئەو ناڕۆشنی و تەمومژاوییەی لە مێژووی ناوچەکەدا هەیە، لەو دیو ڕۆژگارەکانی سەدەی بیستەم، هەڵبەتە پشتبەست بە بەڵگەو زانیارییە شوێنەوارییەکان و سەرچاوە مێژووییە نوێیەکان.

توێژینەوەکە لە دەستپێکێك و دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ تیشکخستنە سەر مێژووی کۆنی ناوچەی توێژینەوە، لەبەر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و زانیارییە مێژووییەکان، بۆ ئەوەی لەو میانەوە تیشکێك بخەینە سەر هێڵە گشتییەکانی مێژووە ئاڵۆز و ناڕوونەکەی، هەر لە کۆنەوە تا دەرکەوتنی عوسمانییەکان. تەوەری دووەمیش، تیشکی خستۆتەسەر مێژووی نوێی ناوچەکە، بەتایبەت مێژووی سەدەی نۆزدەهەم، تیایدا پشتبەست بە سەرچاوە مێژووییەکان، دەیسەلمێنین پێش دامەزراندن و پەرەسەندنی گوندی کەلاری کۆن، کە بووەتە بناغە بۆ کەلاری ئەمڕۆ، لە سەدەی نۆزدەهەم دا ناوچەکە بە "شێروانە" ناسراوبووە، گوندێکیش بەو ناوەوە لە دیوی باشووری قەڵاکەی ئەمڕۆدا بوونی هەبووە.

**تەوەری یەکەم/**

**کەلار و دەوروبەری لە مێژووی کۆندا لە میانەی بەڵگە شوێنەواریی و زانیارییە مێژووییەکاندا**

بەڵگەی شوێنەواری و ئاماژەکان لە کۆنترین سەردەمانی مێژوویی و پێش مێژوویدا هەن، بۆ بوونی سەرچاوەکانی ژیان و ئاوەدانی لە ناوچەی کەلار و دەوروبەریدا. بەڵام بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵکۆڵینی شوێنەواری بەشێکی زۆر لە مێژووی ناوچەکە لەژێر خاکدا ماوەتەوە و ئاستی زانیارییەکان سەبارەت بە مێژووی کۆن و تەنانەت نوێی ئەم ناوچە سنووردارە، لە چوارچێوەی ئەو گەڕان و پشکنینە شوێنەوارییە سەرەتاییانەی لە سنووری کەلار و دەوروبەریدا ئەنجامدراون توانراوە چەندین پاشماوەی شوێنەواری، کە بۆ سەردەمە یەك لە دوای یەکەکان دەگەڕێتەوە بدۆزرێتەوە، کە لە چاخەکانی پێش مێژووەوە دەستپێدەکات تاوەکو دوا قۆناغەکانی سەدە نوێیەکان.(1)

کۆنترین پاشماوەی شوێنەواری لەم ناوچەیە، کە تاکو ئێستا دۆزراوەبێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی نوێی گڵێنەکاری (Pottery Neolithic) و سەردەمی حەسوونە (5800-5500پ.ز)، لە گرنگترین ئەو شوێنە شوێنەوارییانەش، کە پاشماوەی فەرهەنگی حەسوونەی لێدۆزراوەتەوە (تە پەی سیروان)ە، گرنگترین دۆزراوەکانیش بریتییە لە پاشماوەی گڵێنەیی کە بە کوالێتێکی نزم درووستکراوە، دیواری گۆزەکان زبرە و تێکەڵە بە پووش و کا، هەروەها دەفر و کۆپەڵەو شان و ملی گۆزەیە.(2) لە چوارچێوەی کارو چالاکیە شوێنەوارییەکانی ناوچەکەشدا، بەشێوەیەکی دیارو بەربڵاو

پاشماوەی گڵێنەی فەرهەنگی حەلەف و بەڵگەی ئاوەدانی و چەندین نشینگە، کە بۆ سەردەمی حەلەف دەگەڕێتەوە دۆزراونەتەوە، یەکێك لەوانە کەوتووەتە دەشتی کانی ماسی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەلار.(3)

بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان-یش لە ساڵی (2012ز)، پاش دوو وەرز لە کاری کنەو پشکنین لە "گردی ڕەحیم" لە شارۆچکەی ڕزگاری لە ڕۆژئاوای کەلار، چەندین پاشماوەی شوێنەواریی دۆزییەوە، وەك گڵێنەی جۆراوجۆر و بیناسازی، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان چاخی فەرهەنگیی، دۆزینەوەکان چەندین شێوازی نەخشی ڕەنگاو ڕەنگ لەخۆدەگرێت، کە لە سەر گۆزەکان دۆزراونەتەوە، لە گرنگترینیان وێنەی چەند مرۆڤێکە لەسەر گۆزەیەك، کە پێدەچێت ئافرەت بن لە کاتی هەڵپەڕکێ دا.(4) یەکێکی تر لە بەڵگە شوێنەوارییەکان، کە گرنگی مێژووی ناوچەکە پیشاندەدات لە ڕووی ئاستی پێشکەوتنی کاری هونەری و پێشە دەستییەکانەوە، دۆزینەوەی چەند گۆڕێکە لە یەکێك لە گەڕەکەکانی کەلار (بەردەسووری خواروو)، کە چەند گڵێنەو کانزا و موورووییەکی تێدا بوو، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی جمده نصر(3000-2800پ.ز). (5)

یەکێك لەگرنگترین چالاکییە شوێنەوارییەکان، کە لە ناوچەکەدا ئەنجامدراوە و بەشێکی نادیاری مێژووی کۆنی ناوچەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، پرۆژەی ناوچەی سیروان (Sirwan regional project)ە، کە تیمێك لە هەردوو زانکۆی گلاسکۆی بەریتانی و کۆلێجی دارمۆسی ئەمریکیی لە نێوان ساڵانی(2013-2014ز) پێی هەڵساون، لە دەرەنجامی کارەکانیان دەرکەوتووە گەرمیان بەگشتی و ناوچەی کەلار بەتایبەت یەکێك بووە لە ناوچە گرنگ و دیارەکانی سەردەمی برۆنزی- Bronz Age (2500-1200پ.ز)، چەندین نشینگەی شوێنەواری تۆمارکراوە، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین.(6)

زانیارییە مێژووییەکانیش گرنگیی و پێگەی ستراتیجیی ناوچەکە لەم قۆناغەدا دەسەلمێنن، چونکە کەلار و دەوروبەری، وەك بەشێکی گرنگی خوارووی گەرمیان(7)، بەحوکمی نزیکی لە ناوەندی دەوڵەتە یەك لە دواییەکان، کە لە میسۆپۆتامیا سەریانهەڵدەدا وایکردووە هەمیشە گۆڕەپانێکی گەرمی بەشێکی زۆر لەو چالاکییە سەربازییانە بێت کە لە نێوان ئەو دەوڵەتانە و گەلانی ناوچەکە یان هەر هێزێکی تر بەرپابووە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، بۆ یەکەم جار کە لە مێژووی نوسراودا ئاماژە بۆ ئەم ناوچە کرابێت، لە سەردەمی بنەماڵەی ئەکەدی (2334-2211پ.ز)دا بووە، کە یەکەمین بنەماڵەیە سامییەکان لە میسۆپۆتامیا دایانمەزراند، سارگۆنی (2334-2279پ.ز) دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە لە نوسینەکانیدا ئاماژەی بۆ پەلاماردانی "سیمیرووم" کردووە، کە بەگوێرەی "کۆزاد محەمەد ئەحمەد" پێدەچێت شانشینێکی کۆنی ناوچەی گەرمیان بووبێت و پایتەختەکەی لە شێروانە بووبێت.(7)

هەروەها لە یەکێك لە گڵێنە مێژووییەکانیشدا دەرکەوتووە، نەرام-سین (2254-2218پ.ز)ی کوڕەزای سارگۆنی ئەکەدی باس لە سەرکەوتنی خۆی دەکات لە چیای خاشمی، کە بەگوێرەی ئاماژەی سەرچاوە نوسراوەکان، چیایەکە دەکەوێتە بەشی باکووری گەرمیان. هەروەها لە چوارچێوەی جموجووڵی سەربازیی گوتییەکاندا دژ بە ئەکەدییەکان، ناوچەکە سەرلەنوێ

بووەتەوە گۆڕەپانی جەنگەكانی نێوان ئەو دوو هێزە. لەپاش جێگیربوونی دەسەلاتی بنەماڵەی سێیەمی ئوور (2112-2002پ.ز)، بەدیاریكراوی لە رۆژگاری دووەم پاشای ئەم بنەماڵەدا بە ناوی شولگی (2094-2047پ.ز)، بەشێوەیەكی رێكخراوو بەرنامە بۆدارێژراو گەرمیان وێران و كاولكراوە. چونكە لەسەر رێگای هەر لەشكرێك بووە، كە ئامانجی پەلاماردانی ناوچەكانی باكوور بووە.(8)

توێژینەوەكان ئەوە ڕووندەكەنەوە كە "سیمیرووم" لە ڕۆژگاری پاش ڕوخانی بنەماڵەی سێیەمی ئوور لە (2004پ.ز)دا بووەتە شانشێكی وا بەهێز، كە هەژموونی بەسەر بەشێكی گەورەی ناوچەكەدا سەپاندووە، نوسینە مێژووییەكان ئەوە ئاشكرادەكەن، كە شەڕێكی قورس لە نێوان سیمیرووم لەلایەك و سیماشكی و ئامووریيەكان لە لایەكی ترەوە بەرپابووە، ئامانجی شەڕەكە دەستبەسەراگرتنی ناوچەی گەرمیان بووە تاوەكو شەپۆلێكی كۆچهێنی ئاموری، كە لە بیابانەكانی رۆژئاواوە هاتبوون لە ناوچەكەدا نیشتەجێبكرێن.(9)

لە سەردەمی بابلی كۆن (دەوروبەری 1763-1595پ.ز)دا دەوڵەتی سیمیروم دەسەلاتی لاوازدەبێت، لاوازبوونیشی هاوكات بووە لەگەڵ دەركەوتنی دەوڵەتێك لە ناوچەكانی دیالە، كە بە"ئێشنوننا" ناسراوە و "تەل ئەسمەر"ی ئێستا ناوەندەكەی بووە. لە ڕووداوەكانی ناوچەكە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشای ئێشنوننا "ئیبیق ئەدەد-ی دووەم" ئاماژە بۆ فراوانبوونی ئەو شانشینە بەرەو ناوچەكانی گەرمیان هەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەم قۆناغەدا گوتییەكان لە گەرمیان و دەوروبەریدا خاوەن دەسەلات و پێگەیەكی گرنگ بوون.(10)

یەكێك لە دیارترین شوێنە شوێنەوارییەكانی ناوچەكە قەلای شێروانەیە، لە كنەو پشكنینە سەرەتاییەكانی ساڵی (1988ز)دا، بۆ هەردوو گردی یەكەم و دووەمی قەلاكە ئەوەیان دەرخستووە، كە گردەكان شوێنی نیشتەجێبوون بووە لە چەندین سەردەمی جیاوازدا، لەوانە لە پاشماوەی سەردەمی برۆنزییەوە تا سەردەمی ئیسلام.(11) بەهۆی بەریەككەوتنی چینەكانی خوارەوەی قەلاكەش لەگەڵ تەوژمی لافاودا لە باران لافاوەكەی ساڵی (2012ز) چەندین پاشماوەی گڵێنەیی و كانزا دەركەوتوون، كە مێژووەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارەكانی (1800-1600پ.ز).(12) بە بڕوای ئالتەوویل و هاوڕێكانی بەهۆی گەورەیی قەبارەی گردەكە و ئەو شوێنە ستراتیجییەی كە لێیەتی پێدەچێت پایتەختە شارێك و ناوەندێكی بەڕێوەبردنی گرنگی یەكێك لە شانشینە دیارەكانی ناوچەكە بووبێت، لەوانە سیمیرووم یان لولوبووم وە یان نیقوم.(13)

یەكێك لە دۆزینەوە شوێنەوارییەكان، كە قۆناغێكی تری مێژووی دێرینی ئەم ناوچەیە دەخاتەڕوو، ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەیە، كە لەنموونەیەكی بچووكی گردەكەی ژێر بازاڕی سەنتەری شاردا دۆزرانەوە، لەوانە چەندین جۆر گڵێنەو بەردو گۆڕ بوون، كە مێژووەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان سەدەكانی (1600-1400پ) واتا سەردەمی كاشییەكان.(14) هەروەها دۆزینەوە شوێنەوارییەكانی تەپەی كەلان)ە كە دەكەوێتە باشووری كەلارەوە، پاشماوەی شوێنەوارەكانی ئەم تەپە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، كە ئەم ناوچەیە بە درێژایی هەزارەی دووەمی پێش زایین تاوەكو سەدەكانی ناوەڕاست بە بەردەوامی

جێگەی ژیان و ئاوەدانی بووە، هاوكات هەڵكۆڵینە شوێنەوارییەكانی كانی ماسی لە ڕۆژهەڵاتی شاری كەلار و ئەو پاشماوانەی كە لێی دۆزراونەتەوە ئەوە دەردەخەن، كە لە ناوەڕاست و كۆتایی چاخی برۆنزدا، كەلار و ناوچەكە مەڵبەندێكی گرنگ بووە و پێدەچێت پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان نشینگەی كانی ماسی و قەڵای شێروانە و تەپەی كەلان هەبووبێت، بەو پێیەی لێكچونێك هەیە لە نێوان هەرسێ نشینگەكەدا، لە جۆرو شێوازی پاشماوە شوێنەوارییەكاندا. پێدەچێتیش سەر بە شانشینێكی گرنگ و بەهێزی ناوچەكە بووبێتن لە هەزارەی دووەمی پێش زایینیدا.(15)

لە سەردەمەكانی دواتردا، سەردەمی سلوكی (312-64پ.) و ئەشكانی-پارتی (247پ.ز-224ز) زانیارییەكان زۆر كەمتر دەبنەوە، بەگوێرەی كتێبەكەی (كلینی) كە تایبەتە بە جوگرافیای جیهانی كۆن، ئیمپراتۆریای ئەشكانی لە هەژدە شانشین پێكدەهات، پانزدەیان لە شانشینەكانی "سەروو" و حەوتیان شانشینەكانی "خواروو" بوون، پێدەچێت ناوچەی كەلار و دەوروبەری وەك بەشێك لە گەرمیان، كە بەزمانی پەهلەویی ئەشكانیی ئەو ڕۆژگارەش هەر گەرمیكان-ی پێ دەوترا، لەچوارچێوەی شانشینەكانی خواروودا بووبێت.(16) دۆزینەوە شوێنەوارییەكان بوونی ژیان و ئاوەدانی ئەم قۆناغە دەسەلمێنن لە گوندی بەرلووت، كە بەچەند كیلۆمەترێك دەكەوێتە باكووری سەنتەری شاری كەلار لە یەك شوێنەوار، لە دوو كاتی جیاوازدا، دوو گۆڕی ژن و پیاوێك دۆزرانەوە، مردووەكان لە نێو تابووتی گڵێنەی شێوە هێلكەیدا نێژراون، لەگەڵ پاشماوەی وەك كانزا و موورو و مۆری بەردین، كانزاكان بریتیبوون لە جێ ئاوێنەو كلدانی ئافرەتان، موورووەكان لە بەرد دروستكراون، كە نەخشی جۆراوجۆری ئەندازەیی و ئاژەڵیان لەسەر هەڵكۆڵراوە، مێژووی ئەم گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی (138پ.ز-228ز). لە ساڵی (2015ز.)دا لە گردی شێروانە گۆڕێكی تری هاوشێوە دەركەوت، كە چەند پارچە زێڕێكی شێوە سینەبەندی لەگەڵدابوو مێژووەكەی هاوسەردەمە لەگەڵ دوو گۆڕەكەی گوندی بەرلووت.(17)

زانیارییە مێژووییەكان و دۆزینەوە شوێنەوارییە نوێیەكان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، كە ناوچەی گەرمیان بەگشتی لە ڕۆژگاری ساسانیدا، بەشێكی گرنگ بووە لە هاوكێشە و گۆڕانكارییە سیاسیی و ئابوورییەكان، بەگوێرەی سەربوردەی ڕووداوە مێژووییەكانی سەرەتاكانی سەردەمی ساسانی، یەكێك لە پاشاكانی گەرمیان بەناوی "دومیتانا" كە بە "پادشای كەرخ و سلۆخ" ناوبراوە، پشتگیری ئەو هاوپەیمانێتییەی كردووە، كە ئەردەشیری یەكەمی دامەزرێنەری بنەماڵەی ساسانی، لە دژی ئەردەوانی پێنجەمی دوایین پادشای ئەشكانی پێكیهێناوە. ئەم جۆرە لە ڕۆڵ و پشتگیریكردن و بۆ یەكالاكردنەوەی ناكۆكییە سیاسییەكان لە قۆناغەكانی تری ساسانیدا دووبارە بووەتەوە، كاتێك گەرمیانییەكان لە شەڕو شۆڕەكانی پاش مردنی بەهرامی سێیەم پشتگیری نارسە(293-303ز)یان كردووە بۆ هاتنی بۆ سەر تەختی پاشایەتی ساسانی، بەو ئومێدەی بە بوونی فەرمانڕەوایەكی بەهێز و بەتوانا، مەترسی ڕۆمانەكانیان لێ دووربكەوێتەوە.(18) هەروەها ناوچەكە بەگشتی بەگوێرەی لێكۆڵینەوە مێژووییەكان، لە ڕۆژگاری ساسانیدا، ڕێی هاتوچۆ بووە لە نێوان تەیسەفون (سەلمان پاكی ئێستا) و شاری شیز، كە شوێنی حەجكردنی زەرەدەشتییە ساسانییەكان بووە، بەشێكی گرنگی ئەو شاڕێیە بەم ناوچەیەدا تێپەڕیوە، هەر ئەمەشە وایكردووە لەو ڕۆژگارەدا، لەو نێوانەی كەوتۆتە نێوان( خانەقین-كەلار)، بینایەكی ئێجگار گرنگ و گەورە درووست بكرێت، تا

**هەم قەلاَ و هەم ویستگەیەكی گرنگی سەر ڕێگای نێوان ئێرانی ئەو كات و گەرمیان و میسۆپۆتامیا بێت، ئەویش بینای حەوش كوڕووە، كە بینایەكی گەورەی پڕ ژوور و دالأن و هەیوانی بە بەرد و قسڵ بونیانراوە.( 19 )**

**زیادبوونی ژمارەی نشینگەكانیش لە ماوەی دەسەلأتی ساسانییەكاندا( 224-651ز) بەڵگەیە لەسەر بەرەو پێشچوون و گۆڕانێك لە ڕووی ئابووری و كۆمەلأیەتییەوە لە ناوچەكەدا، بەو پێیەی ژمارەیەكی زۆر كەناڵی ئاودێری گەورە تێبینی كراوە، لەوانە كەناڵێكی ئاودێری لە بەرد و قسڵ دروستكراو، كە ( چل ) كیلۆمەتر درێژە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری ساسانییەكان.( 20 ) ئەم كەناڵە ئاودێرییە كە لە یادەوەری لۆكاڵیدا بەجۆگە (گاورییەكە) ناسراوە، پرۆژەیەكی ئاودێری سەردا پۆشراوی ئەندازەییە، بەهۆیەوە لە بەرزاییەكانی گەڕەكی بەردەسووری ئێستای كەلارەوە، لە ڕووباری سیروانەوە ئاوی گواستۆتەوە بۆ دەشتاییەكانی كەلار و دەوروبەری. پرۆژەكە بەگوێرەی ڕا پۆرتێكی تیمەكەی هەردوو زانكۆی گلاسكۆ و دارمۆس، كە نزیكەی چواردە كیلۆمەتر چوارگۆشەی زەوی كشتوكاڵی بە ئاو داپۆشیوە، بەڵگەیە لەسەر ئاستی بەرزی ڕێبازی ئاودێری پارتی-ئەشكانی( 247پ.ز-224ز) و ساسانی( 224-651ز)( 21 ) شوێنەوارناسە لۆكاڵییەكان-یش كەلێكۆڵینەوەی مەیدانییان لەسەر ئەنجامداوە، گەورە و گرنگی ئەم پرۆژە پشتڕاست دەكەنەوە و كەناڵەكەیان وەك ئاماژەیەكی گرنگ لە بواری پشتبەستنی مرۆڤ بە گشتوكاڵ ڕاڤەكردووە( 22 ) لەو بڕوایەشدان كەناڵەكە بەڵگەیە لەسەر پێشكەوتنی كاری ئەندازیاری لەو سەردەمەدا، ئەوەش پیشاندەدات كە ڕێژەی دانیشتووانی ناوچەی كەلار لەو ڕۆژگارەدا زۆربووە.( 23 ) بەگوێرەی یەكێك لە شوێنەوارناسەكان لە كوردستانی كۆندا جۆگەی وا گەورە و درێژ لێنەدراوە( 24 ). پرۆژەیەكی لەم چەشنە بە بڕوای تۆژەر، بەڵگەیەكی حاشاهەڵنەگرە لەسەر زیندوێتی ژیان و سەقامگیری و پێشكەوتنی كشتوكاڵ و ئابووری لە كەلار و دەوروبەری لە ڕۆژگارە كۆنەكاندا.**

**دوا بەدوای شەڕی ( جەلەولا )یش لە ساڵی ( 16ك=637ز. )، كە لە نێوان سوپای ئیسلام و یەزدگردی سێیەم( 631-651ز) پادشای ساسانی ڕوویدا، كە بە شكستی دەوڵەتی ساسانی كۆتایهات. بەرەی عیراقی سوپای ئیسلام ناوچەی گەرمیان، كە نزیكترین ناوچەیە لە جەلەولاوە كردە بەشێك لە ئامانجەكانیان ئەوەبوو تا دەوروبەری ساڵی ( 641ز) تەواوی ناوچەكانی گەرمیان كەوتە ژێر دەسەلأتیان.( 25 )**

**بەداخەوە هەواڵ و ڕووداوەكانی ناوچەكە لە ڕۆژگارەكانی خەلافەتی ئیسلامی، كە كەوتۆتە نێوان ناوەڕاستەكانی سەدەی حەوتەم تا ناوەڕاستەكانی سەدەی پانزەهەم زۆر ناڕۆشن و تەمومژاوین، بێجگە لە هەندێ كەرەستەی شوێنەواری كەم نەبێت، كە لە چینەكانی سەرەوەی گردی شێروانە دۆزراونەتەوە( 26 )، تا ئێستا بەڵگەیەكی ئەوتۆی شوێنەواری بۆ ڕووداوو پاشماوەكانی ناوچەكە لەو ڕۆژگارانەدا لەبەردەستدا نییە. بەهەمان شێوە بۆ ڕۆژگارەكانی هاتنی مەغۆل تا دەگاتە ڕۆژگارەكانی دەركەوتنی عوسمانییەكان لە ناوچەكەدا، لە ناوەڕاستەكانی سەدەی شانزەهەم.**

**تەوەری دووەم/**

**کەلارو دەوروبەری لە سەدەی نۆزدەهەم لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژووییەکاندا**

پێدەچێت ناوچەی کەلار، بەحوکمی نێزیکایەتی جوگرافی سەر بە کفری بووبێت، کە هەر لە ناوەڕاستەکانی سەدەی شانزەهەمەوە، وەك سەنجەقێکی سەر بە ئەیالەتی بەغدا، ناوی لە دەفتەر دابەشکرنە کارگێڕییەکانی عوسمانیدا هاتووە.(27) لەگەڵ پەرەسەندنی هەژمونی بابانەکانیشدا لە ناوچەکە، لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمەوە، ناوچەی کەلار و ناوەندەکانی دەوروبەری، لەوانە زەنگاباد و کفری، بوونەتە بەشێك لە کەوشەنەکانی میرایەتی بابان.(28) هەر لەو کاتەشەوە بەشێك لە کونفیدراسیۆنی عەشیرەتەکانی جاف لە چوارچێوەی هەوارگۆڕینی وەرزانەی خۆیدا، بەڕێککەوتن لەگەڵ بابانەکان، دەشتاییەکانی ناوچەکە و ئەم دیوو ئەو دیوی گوێ چەم سیروان-یان کردۆتە شوێنی زستانە بەهارەی خۆیان.(29) لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی بنەماڵەکانیشیاندا ڕۆژ دوای ڕۆژ، تا گەیشتۆتە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، هەژموونیان لە ناوچەکەدا زیادیکردووە و بوونەتە جێفشار بۆ عەشیرەتەکانی تر، لەوانە دەلۆ، گێژ، پالانی، وەنایی و هۆمەر ئاغایی، کە کەوتبوونە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای قەزای کەلاری ئێستاوە.(30)

بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، ئەوڕەحمان پاشای بابان(1789-1813)، بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی، توانی کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتەکانی جاف بکاتە هێزێکی سەربازیی هاوپەیمان و پشتیان پێ ببەستێ، هەر لەو چوارچێوەشدا بۆ دەستهەڵگرتن لە ژیانی کۆچەری، بڕێکی زۆر لەو زەوی و زارانەی کەوتۆتە نێوان پێنجوێن لە باکوور و قزڕەبات لە باشوور، پێشکەش کردووە بە هەندێ لە لق و تیرەکانی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لق و پۆکانی جاف لەسەر ئەو زەوی زارانە جێگربن و بەژیانی کشتکارییەوە سەرقاڵبن، کەچی لە هەمان کاتدا بەشێکیان هەردوو پیشەکەیان دەکرد، واتا کشتکاری و بەخێوکردنی مەڕومالاتیش، هەڵبەتە کاریگەری هەوڵەکانی عەبدولڕەحمان پاشای بابان بۆ نیشتەجێکردنی جافەکان لە پاش مردنی بەچەند ساڵێکی کەم هەستپێکراوە، کە چۆن بووەتە مایەی بڵاوبوونەوەی کشتکاری و زۆربوونی گوندو دێهات، بەتایبەت لە ناوچەی شارەزوور.(31) بەڵام بەداخەوە هێشتا نازانین، نیشتەجێبوونی هەندێ لە پەل و پۆ کۆچەرییەکانی جاف لە ناوچەی کەلار و دەورووبەری لە بازنەی هەوڵەکانی پاشای باباندا بووە، یان لە قۆناغەکانی دواتردا بووە؟

بەگوێرەی یادگەی لۆکاڵی دەزانین، کە گوندەکانی سەید خەلیل، بەرلووت، شاکەل، کانی چەقەڵ (تازەدێی ئێستا)، کۆکس، ئیبراهیم خان و کەلاری کۆن، لە گوندە ئاوەدانەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم (یان ڕەنگە پێشووتر)ی کەلاری ئەمڕۆ دەوروبەرین، کە بەشێك لە لق و پۆکانی جاف لەوانە: شاتری، عەمەڵە، ڕوغزایی...هتد، هاوڕێ لەگەڵ خەڵکانی تری سەر بە عەشیرەتەکانی ناوچەکە، لەوانە زەنگەنە، گێژ، زەند و پالانی ئاوەدانیان کردۆتەوە. بەڵام هێشتا بەدیاریکراوی نازانرێت ئەو عەشیرەتانە لە چی قۆناغێکی مێژوویدا نیشتەجێبوون و ناوچەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە.

پێدەچێت پرۆسەی نیشتەجێبوون لە کەلار و دەوروبەری، لەپاش هەوڵەکانی مەدحەت پاشای والی بەغداد (1869-1872ز) پەرەیسەندبێت، لە چوارچێوەی سیستمێکدا کە بە " تاپۆ" ناسراوە. بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە خۆی لە چارەسەرکردنی پرسی عەشیرەتەکان و دانانی سنوورێك بۆ هەڵگەڕانەوەکانیان و نیشتەجێکردنیان بە مەبەستی ئاسانکردنی پرۆسەی باج وەرگرتن و سەربازگیریی، لە کۆتایشدا کۆتاییپێهێنانی سیستمی عەشیرەتگەری لە ناوچەکەدا.(32) هەر لە چوارچێوەی ئەم سیستمە نوێیەدا کاربەدەستانی عوسمانیی، لە ساڵی (1873ز)دا، زەوی و زارەکانی ناوچەکانی کفری و خانەقین... هتد. یان وەك زەوی و زاری میری بۆ فرۆشتن ڕاگەیاند. (33) ئەوەبوو مەحموود پاشای جاف(34) بە سوودوەرگرتن لە سیستمی تاپۆ و هەژموون و دەستڕۆیشتنی بنەماڵەکەی توانی چەندین پارچە زەوی لە کەلارو دەوروبەری لە دەوڵەت بکرێت.(35) بەجۆرێك بەگزادەکانی جاف تا ڕۆژگارەکانی جەنکی یەکەمی جیهانی(1914-1918ز) بوونە موڵکداری بەشێك یان تەواوی زەوی و زاری ناوچەکانی: (کەلار، شێروانە، شێخ لەنگەر، کانی چەقەڵ، شێخ تەویل، بەرلووت، سەید خەلیل، گۆبان. هەروەها زەوی زارەکانی قزلڕەبات، دەککە، سەرقەڵا و کۆکس.(36)

هەر لە چوارچێوەی سیستمی تاپۆدا سەرۆکەکانی هەردوو لقی هاروونی و شاتری لە جاف، وەك ڕۆژنامەی زەوراء لە ڕێکەوتی (9/نیسانی/1873ز.) ئاماژەی بۆ کردووە، بۆ پێدانی زەوی زار، سەردانی مەڵبەندەکانی حکوومەتیان لە ناوچەکەدا کردووە، وەك لە ڕۆژنامەکەدا هاتووە، لە کاتێکدا کە زەوی زار بۆ نیشتەجێکردنی جافەکان بێبەرامبەربووە، سەرۆکەکانی ئەم دوو لقە بەڵێنیان داوە، لە بەرانبەر ئەو زەوی و زارانەدا کە پێیان دەدرێت بڕە پارەیەك بدەن بە گەنجینەی دەوڵەت، بۆ پیشاندانی ئەو شوێنانەی گونجاوبوون بۆ کشتوکاڵکردن و تاپۆکردنی بەناوی خۆیانەوە کاربەدەستی تایبەتیش دانروان.(37) ڕاپۆرتی ئینگلیزەکان لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا حەزو ئارەزووی ژمارەیەکی دیاریکراوی شاترییەکان بۆ نیشتەجێبوون دووپاتدەکاتەوە، وەك هاتووە ئەوان لە نێوان ناوچەکانی شێروانە و سەید خەلیل و باوەنووردا جێگیربوون، بەتایبەت ئەو لقەی شاتری، کە بە ئیبراهیمی ناسراوە و "مەحموود محەمەد ئیبراهیم " ڕێبەرایەتییان دەکات، کە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە "**پیاوێکە بیرمەند، کەم دوو و ژیر**".(38).

بڕوای باو مێژووی دامەزراندنی شاری کەلار و پەرەسەندنی دەباتەوە سەر گوندی کەلار کۆن، کە تاوەکو ئەمڕۆ یەکێکە لە گەڕەکەکانی باکووری ڕۆژئاوای شارەکە، تا ئێستا پێمانوایە ئەو گوندە بووەتە بنچینەی دامەزراندنی ئەو شارەی کە ئێستا هەیە.(39) بەڵام ئایا تاکە گوندی ئاوەدانی ئەم ناوەندەیە، کە کەلاری لەسەر بونیادنراوە؟ یان ڕەنگە پێش درووستبوونی، یان شان بەشانی درووستبوون و دەرکەوتنی ئەم گوندە، مەڵبەندی تری ئاوەدان لە سەنتەری کەلاردا بوونی هەبووە؟

لە ئێستادا بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان، دەتوانین تیشکێك بخەینە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە. لە ڕاستیدا پێش دابڕانی ناوی کەلار بەسەر گوندی کەلار و ناوچەکەشدا، سەرچاوە مێژووییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، وەك شێروانە ئاماژەیان بۆ ناوچەکە و گردی شێروانە و گوندێکیش بەم ناوە کردووە، کە کەوتۆتە دیوی لای باشووری قەڵای ناسراو بە شێروانە.

**كۆنترین ئاماژەیەك بۆ بوونی شێروانە وەكو ناوێك لە سەرچاوە مێژووییەكاندا، هێندەی زانیارییەكانی تۆژەر، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1806ز)، كاتێك لە چوارچێوەی لێخستن و دەركردنی میر عەبدولڕەحمان پاشا لە میرایەتی بابان و پەنابردینی بۆ فەتح عەلی شای قاجار(1797-1834ز)و هێنانی سوپای ئێران بۆ سەر سلێمانی، عەلی پاشای والی بەغداد (1802-1807ز) بۆ یاریدەدان و بەدەنگەوەهاتنی داواكاری خالید پاشای بابان، كە خرابووە شوێنەكەی هێزێكی چوار هەزار مەزەندەكراوی لە جەنگاوەران، بە فەرماندەی سلێمان بەگی خوشكەزای و كەهییەی خۆی نارده سلێمانی. خۆیشی بەهێزێكەوە لە (شێروانە) چادرەكانی هەڵدا، لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ (شێروانە) هەواڵی شكانی هێزەكەی سلێمان بەگی خوشكەزای لە بەرامبەر عەبدولڕەحمان پاشادا پێگەیشتووە، بەو هۆیەشەوە دووچاری شێواوی و ئەوپەڕی پەژارە بووە. زۆریشی پێنەچووە هەواڵی ئەوەی پێگەیشتووە، كە شازادە عەلی میرزا لە بەرەی (زەهاوە)وە دەستی بە پەلاماردان كردووە، تا (قزرابات) هاتووە، سەرباری ئەم ڕووداوانەش ماوەیەك لە (شێروانە) ماوەتەوە، بەڵام كە بۆی دەركەوتووە چیدی ناتوانێ بەوشێوەیە بەردەوامبێت، بڕیاڕیداوە پاشەكشێی بكات بۆ كفری، پاشانیش بەدڵشكاوی گەڕاوەتەوە بەغدا.(40)**

**لە ساڵی (1820ز)، ئەو كاتەی كلاودیۆس جیمس ڕیچ، لە چوارچێوەی گەشتەكەیدا بۆ كوردستان، سەردانی ناوچەی بنكوورە-ی كردووە. ئاماژەی بۆ شێروانە كردووە، جارێك وەك ناوچەو جارێكیش وەك گردێك، كاتێك دەڵێت: "كە شۆڕبووینەوە بۆ دەشتەكە لە ناو ئەوەی كە بینیمان دیالە (مەبەستی ڕووباری سیروانە) لە دوورەوە پێچی خواردبوو لەلای ڕاستمانەوە، لەگەڵ گردێكی توورەكەڕێژی بەرز لەسەر كەنارەكانی پێیدەوترا شێروانە.. دەشتەكە لەوە دەچوو باش كشتوكاڵی لێكرابێت"(41)، كە بێگومان لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕستەی دواییدا، دەتوانین مەزەندەی ئەوە بكەین، كە زەوی و زارەكانی نزیك ڕووباری سیروان، نزیك لە قەڵای شێروانەی ئێستا و دەوروبەری، ئاوەدان و پڕ ژیان بووە. چونكە وەك دەڵێت"لەوێدا خاك زاڵبووە بەسەر بەردەملینە پێچراوەكان"دا، كە هەموو ناوچەكانی تری ئەو ناوەی بەچەردیەكی سەیر داپۆشییەوە. ڕیچ هەروەها لە شوێنێكی تری گەشتەكەیدا، ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە، كە جافەكان لە چوارچێوەی هەوارگۆڕینەكانیاندا، لە زستاندا لەم بەرو ئەوبەری سیروان، لە نزیك "شێروانە" ڕەشماڵەكانیان هەڵداوە.(42)**

**شێروانە لە چوارچێوەی شەڕو پێكدادانەكانی نێوان داوود پاشای والی بەغداد و بابەنەكاندا، جارێكی تر وەك شوێنێك ئاماژەی بۆكراوەتەوە. كاتێك داوود پاشا بۆ یاریدەی مەحمود پاشای بابان، لە ئەیلولی ساڵی (1821ز.)دا هێزێكی سەربازی (هەزارو پێنج سەد سوارەیی و سی تۆپ)، بە سەرۆكایەتی محەممەد ئاغای كەهییە ئەیالەتدا ڕەوانەی زەنگاباد-كۆكس كردووە، لەوێشەوە هاتۆنەتە ئەو شوێنەی پێی دەوترێت (شێروانە)و بۆ ماوەی چل ڕۆژ جێگیربوون.(43)**

**هنری ڕاوڵنسون-ی بەریتانی یەكێكی ترە لەو بیانیانەی ئاماژەی بۆ شێروانە كردووە، ناوبراو لە لێكۆڵینەوەیەكی تایبەتدا، دەربارەی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران، كە بۆخۆی لە ساڵی (1844ز) سەردانی ناوچە سنوورییەكانی كردووە، لەوانە ناوچەی زەهاو، لە میانەی لێكۆڵینەوەكەیدا، دەڵێت" وا هەستدەكەم شێروانە سنووری نێوان بەغدا و سلێمانی پێكدێنێ". (44)**

وەك دەبینین، هەم ڕیچ و هەم سەرچاوەکانی تر، تەنها دەڵێن "**شێروانە**"، یەکەمیان وەك گردێك، ئەوانیتر وەك شوێنێك ئاماژەیان بۆ کردووە، بەبێ هیچ زانیارییەکی تر. بەڵام محەممەد خورشید پاشای عوسمانی، کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بە کاریکی فەرمی فەرمانی سەردانی ناوچەکانی سنووری عوسمانی-ئێرانی کردووە، لەو نێوانەشدا هاتۆتە بنکوورە، **وەك گوندێگ ئاماژەی بۆ شێروانە کردووە، تەنانەت شوێنەکەیشی دەستنیشاندەکات**. نێوبراو لە وەسفی ئەو ڕێگەوبانانەی کە دەچێتەوە سەر شوێنەواری **تە پە گاوری**، ئاماژەی بۆ ڕێگەیەك کردووە، کە لە بنکوورەوە **"دەچێتەوە سەر پردە ڕووخاوەکەی سەر ڕووباری سیروان، لەو شوێنەی، کە بەرامبەر گوندی شێروانەیە"**.(45)

بێگومان بە ڕەچاوکردن و تێبینیکردنی زانیارییەکانی خورشید پاشا، کە لە چوارچێوەی کتێبی سیاحەتنامەدا، لە کۆتاییەکانی ساڵی (1851ز) داڕێژاوەتەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە لە باشووری قەڵای شێروانەدا گوندێك بەناوی (**شێروانە**) بوونی هەبووە. بە بڕوای ئێمە ئەو (شێروانە)ی کە لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئاماژەی بۆکراوە، دەبێت هەمان ئەو گوندی شێروانە بێت، کە لە سیاحەتنامەدا شوێنەکەی بەم چەشنە دیاریکردووە: (**بەرامبەر پردە ڕووخاوەکەی سەر ڕووباری سیروان**)، کە ئێمە دەزانین شوێنەواری ئەو پردە ڕووخاوە ڕێك کەوتۆتە نێوان گردەگۆزینەو قەڵای شێروانە، لەو شوێنەی کە پردێکی نوێی لێ دروستکراوە، کە تا ئەم دواییانەش شوێنەواری ئەو پردە ڕووخاوە مابوو. بەدیوێکی تردا پێدەچێت بەڵگەی شوێنەواری بوونی گوندەکە بسەلمێنێت، چونکە لەم ساڵانەی دواییدا بوونی شوێنەوارێکی گەورە، لە نزیك گۆڕستانی شێخ عەبدولڕەحمان، نزیك لە پردەکە دۆزراوەتەوە(46)، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ هیچ کنەو پشکنینێکی بۆ نەکراوە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەم گوندە چی بەسەر هات؟ بۆ لە بری پەرەسەندن و گەورەبوون، تەنها ناوەکەی دەمێنێتەوە و تا دەگاتە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئاوەدانییەکەی دەبەخشێتە گوندێکی نزیك خۆی، کە ئەویش گوندی "کەلاری کۆنە"؟ لە ڕاستیدا وڵامی ئەم پرسیارە، لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراودا دەبینینەوە. بەگوێرەی میجەرسۆن، گوندی شێروانە، کە کەوتۆتە ناوچەی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕووباری قۆرەتوو و سیروان، لە بەرەنجامی شەڕوشۆڕو ناکۆکییە خوێناوییەکانی نێوان هەردوو عەشیرەتی جاف و باجەلان(47) دا بەتەواوەتی کاول و وێران بووە.(48)

بێگومان بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکانی ڕۆژگاری عوسمانی، شەڕو پێکدادانی خوێناوییەکانی نێوان عەشیرەتەکانی کوردستان بەگشتی دەسەلمێنن، بەتایبەتی قۆناغی پاش نەمانی میرایەتییەکان و دەستپێکردنی حوکمڕانی ڕاستەوخۆی عوسمانی. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەدوا، ئەو حوکمڕانانەی عوسمانی، کە جێگەی میرەکانیان گرتەوە لە ناوچەکە، سەرباری ئەوەی شارەزای بارودۆخی ناوچەکە نەبوون، سەرۆکی عەشیرەتەکانیشیان بۆ دەستەمۆ نەدەکرا، کە لە هەڵپەی ئەوەدابوون، هێندەی بارودۆخە نوێیەکە ڕێگەبدات، دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بسەپێنن. بۆیە ئەو حوکمڕانانە هیچ کێشەیەکی عەشیرەتەکانیان بۆ چارەسەرو بنەبڕنەدەکرا، بەو هۆیەشەوە باری بێ یاسایی و پشێوی بەسەر هەموو کۆنە میرنشینەکاندا زاڵبوو.(49) بەتایبەتیش ساڵانی پاش بەرپابوونی جەنگی ڕووسی عوسمانی ساڵانی (1877–1878ز)، کە

یەکێك لە ئەنجامەکانی کشانەوەی سەرجەم ئۆردوگا سەربازییەکان و جەندرمەی ناوچەکە بوو، کە تاکە هێزی پۆلیسی ڕاستەقینەبوون بەدەست دەوڵەتەوە، بۆ بەرەکانی جەنگ و چڕکردنەوەی هەوڵ و کۆششەکانی دەوڵەت بۆ کۆکردنەوەی شەڕکەر بۆ ڕاژەی سەربازی.(50) ئەمەش بە تەنها نەبووە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی شەڕوشۆڕ و ڕاوڕووتی عەشایەری لە ناوچەکەدا، بەڵکو بۆشاییەکی دەسەڵاتی درووستکرد، کە هەستەکانی لاوازبوون و داڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا بەجۆرێکی بەربڵاو بەهێزکردبوو.(51)

سەرچاوە مێژووییەکان و بەڵگەنامەکانی عوسمانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، بارودۆخی لەڕادەبەدەر شێواوی عەشیرەتەکان لە ناوچەکە و شەڕوشۆڕو ئاژاوە و دەستدرێژییەکانیان بۆ سەر یەکتر دەسەلمێنن. وەك لە یەکێك لەو بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی زۆرێك لەو عەشیرەتانە، چی کۆچەرییەکان و ئەوانەشی نیشتەجێبوون، بە تفەنگی مارتینی و هاوشێوەکانی پڕ چەك بوبوون، ئەمەش ئەوەندەی تر ناکۆکیی و شەڕو شۆڕی نێوانیانی پەرەپێدابوو. لەو چوارچێوەدا ناوی عەشیرەتەکانی هەمەوەند و تاڵەبانی و ڕوغزاییەکانی جاف و چەندین عەشیرەتی تر هاتووە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پەلاماری گوندەکانی ناوچەکە و قافڵە بازگانییەکانیان داوە و ڕووتیان کردوونەتەوە.(52)

بەدیوێکی تریشدا سەرچاوە مێژووییەکان تیشکێکی زۆریان خستۆتەسەر ناکۆکی و پێکدادانە خوێناوییەکانی نێوان عەشیرەتەکان لە ناوچەکەدا، نموونەی شەڕو ناکۆکی نێوان پالآنییەکان و زەند، لە ناوچەی زەنگاباد، لە ساڵی (1878ز)، هەروەها زەنگەنە و هەمەوەند لە ساڵی (1878ز)، یان شەڕو ناکۆییە خوێناوییەکان نێوان جاف و لقێکی شاتری (کەرەم وەیسی)، دوای کوشتنی محەمەد پاشای سەرۆکی لقەکانی جاف، لەلایەن شاترییەکانەوە، لە ساڵی (1880ز).(53) پاشان شەڕو ناکۆکی نێوان جاف و هەمەوەند، لە دوای داڵدەدانی هەمەوەندییەکان بۆ کەرەم وەیسییەکانی شاتری.(54) زۆر ناکۆکی و دەستڕێژی عەشایەری تر، نموونەی شەڕو ناکۆکییەکانی نێوان پالآنی و کەرەوی عەرەبی، یان دەستدرێژییەکانی میکایلی بۆ سەر دەوروبەرەکەیان، کە حکومەتی عوسمان بۆ سەرکوتکردنیان سوپای بەکارهێناوە.(55) یان شەڕە درێژ و خوێناوییەکانی نێوان لقەکانی ڕوغزایی و تەرخانی لە جاف و لەگەڵ عەشیرەتی داودە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ساڵی (1912ز.) بەردەوامبووە و نزیکەی (سەدو هەشتا) کەس لە نێوانیاندا کوژراوە. ئەمانە و بێجگە لە شەڕو شۆڕە نێوخۆییەکانی نێوان لق پۆکانی جاف، لەوانە بۆ نموونە: "**شەڕی گامەخڵ**"(56)، لە ساڵی (1885ز)، لە نێوان میکایەڵی و عەمەڵە و پشتماڵە و شاتری لەلایەك، ڕوغزایی و تەرخانی لەلایەکەی تر.(57)

دواجار بەردەوامبوونی شەڕوشۆڕو تالآن و بڕۆ و ئاوارەکردنی لە ناکاو کێشەیەکی وەهایان بۆ خەڵکی ناوچەکە خوڵقاند، کە لەگەڵ دیاردەکانی کەم بارانی و گرانی و برسێتی و نەخۆشی و خەرج و باجی جۆراوجۆر و بەرتیل خۆریی کاربەدەستەکانی عوسمانی پێکرا بە تەواوی پرزەو توانایان لە خەڵکی ناوچەکە بڕیبوو.(58) پێناچێ کاربەدەستە باڵآکانی عوسمانیش ئارەزووی جیدییان لە چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی دۆخەکە کردبێت، چونکە درەنگ وەخت و پاش داواکاری و بێنەو بەردەیەکی درێژخایەن، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم (1898ز)دا، توانیان هێزێکی سەربازی ئامادەو گەڕۆك، بە

سەرۆكایەتی عەلی ڕەزا بەگ پێكبهێنن، كە پێكهاتبوو لە (500) پیادە و (200) سوارە و دوو تۆپی چیایی، ئامانجی ئەم هێزە گەڕانەوەی ئاسایش و ئارامی بوو بۆ ناوچەكە و لێدان و تەمبێكردنی ئەو تاقمانەی بەردەوامبوون لە كارو كردەوەی سەرەڕۆییانە، هەر لەو چوارچێوەشدا داواكراوە پەلەبكرێت لە دانانی قایمقامێكی نوێ بۆ قەزاری كفری (كە ئەو كات شێروانە سەر بە كفری بووە)، بەجۆرێك یەكسانبێت بەو گرنگییەی كە هەیەتی، چونكە ناوچەكە وەك لە داواكەدا هاتووە، بووەتە شوێنی جموجووڵی هەموو سەركێش و سەرەڕۆی عەشیرەتەكان، ئەوەشی بە هەنگاوێكی گرنگ بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی ناوچەكە داناوە.(59)

بە بڕوای تۆژەر لە دۆخێكی وەها پڕ شەڕوشۆڕو ناكۆكی عەشایەریدا، ڕێی تێدەچێت گوندی شێروانە وێران و كاول بووبێت، چونكە لە ناوچەكانی تری كوردستاندا نموونەی هاوشێوەمان هەیە، كە لەو جۆرە ناكۆكییانەدا، وێڕای هەبوونی كوژراو لە هەردوولای ناكۆك و تالانكردنی سامان و مەڕو ماڵاتەكان، سوتاندنی دەیان گوند و خانووشی لێكەوتۆتەوە.(60)

لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا، هەواڵەكانی شەڕو ناكۆكی نێوان جاف و باجەلان نابینینەوە.(61)، بەلام سەرچاوە لۆكاڵییەكان ئاماژە بۆ بوونی شەڕو ناكۆكی خوێناوی نێوان جاف و لقی جمووری باجەلان دەكەن، كە لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم دا ڕوویداوە. بەگوێرەی نووسەری (جموور چین)، كە ژیاننامەی عەزیز خانی باجەلان(؟-1903ز)ی (62) نووسیوەتەوە، زیاد لە جارێك شەڕو ناكۆكییەكی قورس و خوێناوی لە نێوان عەزیزخان و جافەكاندا ڕوویداوە، وەك لە گێڕانەوەكانیشیدا دەردەكەوێت، لە یەكێك لەو شەڕانەدا، عەزیز خان هێزێكی دوو هەزار هەژماركراوی لە جافەكان تێكشكاندووە.(63) بەلام بەبێ دیاریكردنی شوێن و مێژووی شەڕەكان، بە بڕوای تۆژەر پێدەچێت ناكۆكییەكانی نێوان عەزیز خان و جافەكان لەپاش ڕووداوی پاڵشتكردنی هەمەوەند بۆ شاترییەكان و هەلاتنیان بۆ قەسری شیرین، لە ساڵی (1881ز.) دەستپێكردبێت. چونكە بە گوێرەی هەواڵێكی ڕۆژنامەی زەوراء، پاش هەلاتنی جوامێری هەمەوەند بۆ قەسری شیرین، عەزیز خان پاڵپشتیكردووە.(64)

وەك دەزانرێت گوندی شێروانە ڕێك كەوتە ناوەندەی ئەو شوێنەی تیایدا جاف و جموورەكان و باجەلان بەیەك دەگەن، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو پێدەشتەی حاكمی كرماشان، لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، سپاردبووی بە عەزیز خان.(65) ئەوەی لە یەكی جیادەكردنەوە تەنها ڕووباری سیروان بوو. لە دۆخێكی وادا سرووشتیە بەهۆی كێبەركێ لەسەر زەوی زارو لەوەرگاو پاوان و هۆكاری سیاسییەوە، شەڕوشۆڕو ناكۆكی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕویدابێت. بەتایبەتی ئەو زەوی زارانەی لقی جمووری تیا دابەشبوبوو، هێشتا ناوچەیەكی جێناكۆك بووە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری دا.(66) نوسراوێكی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی قاجاری، كە لە (16ی جەمادی ئاخری 1317ك-21ی تشرینی یەكەمی 1899ز.) ئاراستەی باڵوێزخانەی دەوڵەتی عوسمانی كراوە لە تاران. پێدەچێت زۆر ڕووی نادیاری كێشەكانمان بۆ ڕوونبكەنەوە. وەك لە نوسراوەكەدا دەردەكەوێت، ژمارەیەك لە لق و پۆكانی جافی مورادی، لەوانە "**عەمەڵە و هاروونی و باشكی و بەداخی**" گوایە بۆ لەوەڕخۆڕی سنوورشكێنییان كردووە و چوونەتە ناو خاكی ئێرانەوە لە ناوچەی زەهاو، مەحموود پاشای جاف نامەی ناردووە بۆ

شێخ جەلال، کە لە گوندی "سەنگەر" نیشتەجێیە، داوای لێکردووە لەوێ نەمێنێت( 67 )، وەك لە نوسراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا هاتووە، جافەکان"**بە نەمانی کێشەیان لەگەڵ عەزیز خانی باجەلاندا، خەیاڵیان خراپە بەرانبەر قۆرەتوو**".( 68 )

ئەم نوسراوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە لە نێوان جاف و عەزیز خانی باجەلاندا شەڕ و ناکۆکی هەبووە، بەڵام چارەسەرکراوە، هەروەها ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە تەنها ڕووباری سیروان گوندی شێروانەی لە خاکێك جیاکردۆتەوە، کە ئێرانییەکان سەرسەختانە تێکۆشاون تا لەژێر دەستی خۆیاندا بیهێڵنەوە و نەهێڵن لق و پۆکانی جاف، کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون لێیی سوودمەندبن، بۆ ئەم مەبەستەش، وەك ژاك دومۆرگان دووپاتیکردۆتەوە، ئێرانییەکان سوودیان لە هێزو تواناکانی عەزیز خان وەرگرتووە و بەهۆی ئەوەوە سنوورەکانی خۆیان سەقامگیرکرووە، چونکە وەك پارێزەرێکی سنوور، وێڕای ئەوەی ئەو کەس و خێڵانەی ترس و دوودڵی لێیان هەبووە، بەرەو ناو خاکی عوسمانی دوورخستۆتەوە، چالاکییەکانی خۆیشی گواستۆتەوە بۆ ناو کەوشەنەکانی عوسمانی و ئەوێی کردۆتە سەنتەری چالاکییەکانی.( 69 ) هەڵبەتە نزیکترین شوێنێك کە نێوبراو چالاکییەکانی خۆی تیا ئەنجامدابێت، بەبڕوای تۆژەر ڕێك دیوی ڕۆژئاوای سیروانە، کە گوندی شێروانەی لێبووە . بۆیە ڕێی تێدەچێت لە ناو فەزای سنورێکی وا پڕ کێشێشمەکێشی سیاسیی و عەشایەریدا، ئەم گوندە، وەك مێجەر سۆن لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ( 1909 )دا ئاماژەی بۆ کردووە، لە بەرەنجامی شەڕوناکۆکییە خوێناوییەکانی نێوان جاف و باجەلاندا، بە تەواوی کاول و وێران بووبێت. بەجۆرێك تا دەگاتە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەوەی لە شێروانە ماوەتەوە تەنها ناوەکەیەتی، کە لە چوارچێوەی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی دوا ڕۆژگارەکانی عوسمانی( 1534-1918ز)و سەرەتاکانی ڕژێمی پاشایەتیدا( 1921-1958ز)، وەك ناوچەیەك سەر بە کفری ناوی هاتووە، ئیتر لەوە بەدوا گوندێکی چەند کیلۆمەتری نزیك لە خۆی، ئەویش گوندی "کەلاری کۆن"ە، وەك شوێنێك بۆ ژیان و ئاوەدانی جێگەی گرتۆتەوە و ورده ورده بووەتە بناغە بۆ ئەو قەزاییەی ئەمڕۆ بە کەلار ناودەبرێت، ناوەکەشی هەر لە ناوی ئەم گوندەوە وەرگرتووە.

## ئەنجام

بەڵگەو ئاماژەی شوێنەواری لە کۆنترین سەردەمانی مێژوویی و نیمچە مێژوویی ئاماژە بۆ بوونی ژیان و ئاوەدانی لە کەلار و دەوروبەریدا دەکەن، کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی گڵێنەکاری و سەردەمی حەسوونە( 5800-5500پ.ز). بەڵگە شوێنەواریی و زانیارییە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەم ناوچەیە یەکێك بووە لە ناوچە گرنگ و دیارەکانی سەردەمی برۆنزی( 2500-1200پ.ز)، بەهەمان شێوە لە قۆناغەکانی دواتردا، بەدیاریکراوی لە سەردەمی ساسانیدا، کەلار و دەوروبەری زیادبوونی ژمارەی نشینگەکان و گۆڕانێکی گرنگ لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەخۆوەدەبینێ، بەتایبەتی کە یەکێك لە گرنگترین و درێژترین کەناڵە ئاوییەکانی کوردستانی کۆنی تیا لێدراوە.

لەگەڵ دەستپێکی مێژووی نوێی و داگیرکردنی بەغداد لە ساڵی ( 1534ز)، لەلایەن عوسمانییەکانەوە، کەلارو دەوروبەری دەبنە بەشێك لە کەوشەنەکانی دەسەڵاتی عوسمانی، لە دوای ئەویش دەسەڵاتی بابانەکان بەتایبەتی لە پاش

بەرینبوونی هەژموونیی لە ناوچەکەدا لە سەدەی حەڤدەهەم، هەر لەو کاتەشەوە ورده ورده، تا دەگاتە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەتیش لەگەڵ دەرکەوتنی سیستمی تاپۆدا، لەنیوەی دووەمی سەدەکەوە، نیشانەکانی پەرەسەندنی ژیان و ئاوەدانی و نیشتەجێبوونی عەشیرەتەکان، بەتایبەتی کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتەکانی جاف لە کەلار و دەوروبەریدا

دەستپێدەکات و ناوچەکە چەندین گوندی ئاوەدان بەخۆوەدەبینێ.

پێش دەرکەوتنی گوندی کەلاری کۆن و دابڕینی ناوەکەی بەسەر ناوچەکەدا، سەرچاوەکان وەك شێروانە ئاماژەیان بۆ ئەم ناوچە کردووە، هەروەها گوندێکیش بەم ناوەوە لە سەنتەری کەلاردا بوونی هەبووە، کە بە گوندی شێروانە ناسراوبوو، بەڵام ئەم گوندە تا دەگاتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، لە ئەنجامی شەڕوشۆڕ و ناکۆکی عەشیرەتیدا، کە لە دوای




دابەشبوونی گوند و خێڵەکان لە کەلار و دەوروبەری لە سەدەی نۆزدەهەم

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەستن بە : نەخشەی پاکتاوی رەگەزی لە ناوچەی گەرمیان.

داڕووخانی میرایەتی بابان(1851ز) و شەڕی ڕووس-عوسمانی (1878ز.) ناوچەکە دەگرێتەوە، وێران و کاول بووە. بەجۆرێك ئەوەی لە شێروانە ماوەتەوە تەنها ناوەکەی بووە، کە لە چوارچێوەی دابەشکردنە کارگێڕییەکانی دوا ڕۆژگارەکانی

**عوسمانی(1534-1918ز) و سەرەتاكانی رژێمی پاشایەتی(1921-1958ز)، وەك ناوچەیەك سەر بە كفری ناوەكەی ماوەتەوە، ئیتر لەوە بەدوا گوندێكی چەند كیلۆمەتری نزیك لە خۆی، ئەویش گوندی "كەلاری كۆنە"، وەك شوێنێك بۆ ژیان و ئاوەدانی جێگەی گرتۆتەوە.**

**سەرچاوەكان**


- Glatz, C. and Casana, J., 2016. Of highland-lowland borderlands: Local societies and foreign power in the Zagros-Mesopotamian interface. *Journal of Anthropological Archaeology*, *44*, pp.127-147.
- **بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار و كەلەپوری عێراق (96) نەوەت و شەش گرد تپۆڵكە و شوێنی لە كەلار و دەوروبەری ەك ناوچەیەكی شوێنەواری دەستنیشانكردووە ، بەڵام تا ئێستا، زۆر بەكەمی و چەند دانەیەكیان نەبێت، كنەو پشكنینیان بۆ نەكراوە، بڕوانە: أطلس المواقع الاثرية، منشورات المؤسسة العامة للاثار و التراث، بغداد، 1976، خريطة رقم(104)، محافظة كركوك، قضاء كلار، ناحية شيروانة.**
  - ).Glatz and Cassana, 2017: 5(2-
- **حەسونە: ناوچەیەكی شوێنەواریی دێرینە لە میسۆپۆتامیا، نزیكەی (35كم) باشووری شاری مووسڵ، لە یەكەمین قۆناغە فەرهەنگییە ناسراوەكانە، كە دەكەوێتە پێش مێژوو، مرۆڤ پێش(6000)ساڵ پێش زایین لەم ناوچەدا ژیاوە، ماڵی لە قوڕ درووستكردووە، كشتكاری كردووە و گوندی درووستكردووە، دووری نێوان گوندەكان لەنێوان(2-5كم) بووە، ئەم شارستانییەتە لەلایەن شوێنەوارناسە عێراقییەكان بە سەرۆكایەتی سیتۆن لوید، لە نێوان سالانی(1942-1944ز) دۆزرایەوە. بڕوانە: طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة (تاريخ الفرات القديم)، ط2، (بغداد، 1955)، ص ص59-60.**
- Şerifoğlu, T. E,  Casana, J, Glatz, C and Haydar, S. M. 2016. Initial Results of the Sirwan (Upper Diyala) Regional Project. Proceedings, 9th ICAANE, Basel. V3. PP (119-130).
- **سەردەمی حەلەف: یان فەرهەنگی حەلەف، ئەو قۆناغەیە لە مێژووی میسۆپۆتامیا، كە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی شەشەمی پێش زایین، ناوەكەی لەو تەپە شوێنەوارییەوە وەرگرتووە، كە دەكەوێتە "حەسەكە"ی رۆژئاوای كوردستان، تیایدا یەكەمین شوێنەوارەكانی چاخی بەردینی نوێ دۆزرایەوە، دوای چەندین ساڵ كنەو پشكنین، لە نێوان سالانی(1889 و 1911 و 1913 و 1927 و 1929ز)، لەلایەن زانای ئەڵمانی ماكس فۆن ئۆبنهایم توانرا ڕوخسارە گشتییەكانی ئەم شارستانییەت و فەرهەنگە دەستنیشانبكرێت. بڕوانە: طه باقر، المصدر السابق، ص ص61 و 63.**

- محەمەد عەلی كەریم، مێژووی كەلار لە ڕووی بەڵگە شوێنەوارییەكانەوە، یادی كەلار"بڵاوكراوەیەكی تایبەتە بە ساڵیادی بە قەزابوونی كەلار، (ژمارە 0-1، 28ی شوباتی 2017)، ل 5.
- محەمەد عەلی كەریم، مێژووی شوێنەواری كەلار و دەوروبەری، یادی كەلار، (ژمارە 2ی شوباتی 2018)، ل28.
- Glatz and Cassana, 2016: 133.
- گەرمیان: واتا ناوچە گەرمەكان، كە ناوچەی كەلار و دەوروبەری بەدرێژای مێژوو بەشێكی بوون، ناوێكی جوگرافی دێرینە، پەتلیمۆس(87-150ز) لە جوگرافیا بەناوبانگەكەیدا بەگەرەمایۆی Garamaioi– نوسوێتی، دەڵێت شانشینێك بوو ناوەندەكەی "كەرخا بیث سلۆك" بوو، واتا كەركووكی ئێستا، تا هاتنی ساسانییەكانیش هەر بەدەوامبووە، لە مۆنۆمێنتە مێژووییەكەی پەیكولی دا، كە لە كۆتاییەكانی سەدەی سێیەمی زاییندا نوسراوەتەوە، "گەرمایییەكان" وەك ئاماژەیەك بۆ خەڵكی گەرمیان ناوی هاتووە، لە دەقی جوگرافیاكەی مۆسی خورنی-یش، كە مێژوونووس و جوگرافیاناسێكی ئەرمەنی ڕۆژگاری ساسانی بووەو دەقێكی بەناوبانگی لەسەر جوگرافیای ئیمپراتۆری ساسانی هەیە، ناوی "گەرمكان"ی وەك یەكێك لە ئوستانە ڕۆژئاواییەكانی ئێمپراتۆریای ساسانی هاتووە، بە زمانی ئارامی "بێت گەرمیٚ"یان پیٚ دەوت، لە قۆناغەكانی دواتردا لە سەرچاوە عەرەبییەكاندا بووەتە "باجرمیٚ".: بڕوانە: كۆزاد محەمەد ئەحمەد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تا ئیسلام. سەرچاوەی پێشوو، ل47. هەروەها كۆزاد ئەحمەد، پەیكولی شوێنەوارێكی گرنگ..دەقێكی لەبیركراو، ل17.
- بڕوانە: كۆزاد محمد أحمد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە ت ئیسلام، لە چوارچێوەی كتێبی(مێژووی خانەقین، ئامادەكردنی، مامۆستا حەعفەر"فازیل كریم ئەحمەد"، ب1، (سلێمانی، 2017)، ل ل 32-33.
جێی ئاماژەیە شوێنی سیمیرووم تا ئێستاش جێگەی مشتومڕە، بۆچوونی كۆنتر ئەوەبوو، كە لە دەوروبەری ئاڵتون كۆپری ( پردیٚ) بووە، دواتریش ئەو بۆچوونە خرایەڕوو، كە شانشینەكە كەتۆتە باكووری ڕۆژهەڵاتی ئەو بەشەی زنجیرەی حەمرینی نێوان دوو ڕووباری عزێم و سروان. نوێترین دەستنیشانكردنی سیمیرووم ئەوەی "فراین"ە (1997ز)، كە جەرگەی شانشینەكەی خستۆتە ناوچەی دەربەندیخان-شەمێران-ی ئێستا. بڕوانە:
- Frane, D.R., 1997.on the location of Simurrum Crasing Bonndariesan and Linking Horizans: studies in Honor of Mchael c. Astonr , pp.243-269.
- بۆ زیاتر بڕوانە: كۆزاد محەمەد ئەحمەد، بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشناییی سەرچاوە كۆنەكاندا، گۆڤاری ژین، (ژمارە-1 پوشپەڕی 2009)، ل ل 9-10.
- لە سەرچاوەكاندا هاوڕیٚ لەگەل سیمیررۆم دا ئاماژە بۆ "كارخار" دەكرێت، كە شولگی لە چوارچێوەی لەشكركێشییەكانیدا بۆ ناوچەكە هێرشی كردۆتە سەر، لە یەكێك لەو سەرچاوانەدا گریمانەی ئەوە دەكرێت ناوچەیەكی موحتەمەلی شوێنی كارخار نزیك كەلار-ی ئەمڕۆیە، پێشیوایە گۆڕانی (ر) بۆ (ل) شتێكی ئاساییەو

باقی گۆڕانکارییەکانیش دیسان ئاساین، ئەگەر ئەم دەستنیشانکردنە ڕاستبێت، پێویستە گۆڕانەکە بەم جۆرە بێت: کارخار-کەرخار)(کەلخار-کەلار). بڕوانە: فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، چاپی ئەمازۆن، 2017، ل33-34. بەلاّم بەگوێرەی "کۆزاد محەمەد ئەحمەد" کارخار، کە لەگەڵ سیموررووم دا زۆرترین لەشکرکێشیان کراوەتە سەر، یەکێك بووە لە شارەکانی سەر ڕووباری ئەڵوەند. بڕوانە: بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا، ل ل9-10.

- هەمان سەرچاوە، ل10
- کۆزاد محەمەد ئەحمەد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تا ئیسلام. سەرچاوەی پێشوو، ل ل38-40.
- Glatz and Cassana, 2016: 133
- محەمەد عەلی کەریم ، یادی کەلار، ژمارە(1)، ل 5.
- Altaweel, M., Marsh, A., Mühl, S., et al., 2012. New investigations in the environment, history and archaeology of the Iraqi Hilly Flanks: Sharizor Survey Project 2009–2011. Iraq 74, 1–36.
- محەمەد عەلی کەریم ، یادی کەلار، ژمارە (2)، ل 29.
- Glatz and Cassana, 2016: 133-134
- کۆزاد محەمەد ئەحمەد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تا ئیسلام، ل47.
- محەمەد عەلی کەریم ، یادی کەلار، ژمارە (2)، ل ل 29-30.
- بڕوانە: کۆزاد ئەحمەد، پەیکوڵی شوێنەوارێکی گرنگ..دەقێکی لەبیرکراو، گۆڤاری ژین، بنکەی ژین، (ژمارە 3ی تشرینی دووەمی 2011ز)، ل ل14-17.
- کۆزاد محەمەد ئەحمەد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تا ئیسلام، ل ل50-51.

- . 123: Şerifoğlu et al, 2014
- Glatz and Cassana, 2016: 133-134

- محەمەد عەلی کەریم ، یادی کەلار، ژمارە (2)، ل 32.
- بەگوێرەی بۆچوونی کەمال نوری مەعروف شارەزا لە بواری شوێنەوار، هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە پرۆژەکە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی کیسرای یەکەم –کیسرا ئەنوشەروانی ساسانی (531-579پ.ز) ئەنجامدرابێت. بۆ زیاتر بڕوانە: کەمال نوری مەعروف، هەندێك شوێنەواری دێرینی بەر لە مێژوو و مێژووی کوردستان، (سلێمانی، 2010)، ل ل351-357.

- عبدالرقيب يوسف، جێگەی کەلار و سەرەتای ئاوەدانبوونی، لە ئایاری 1954، بڵاوکراوەی یادی کەلار، ژمارە (2)، ل 3.
- جێی ئاماژەیە، ڕێك بەرامبەر ئەو شوێنەی ئەم کەناڵە ئاوییەی لێوە سەرچاوەی گرتووە، بەدیوی لای چەپی ڕووباری سیرواندا، لە خوار ئەو شوێنەی کە ئاوی قۆرەتوو دەڕژێتە ڕووباری سیروان، جۆگەیەکی ئاوی زۆر درێژو گرنگ لێدراوە، بە "باڵەجۆ" ناودەبرێت، جۆگەکە پێدەچێت مێژووییەکی زۆر دێرینی هەبێت، سیاحەتنامەی حدوود-کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم نوسراوەتەوە، وەك جۆگەیەك کە زەوی و زارە کشتوکاڵییەکانی دەشتی بنکوورە "لەدیوی ڕۆژهەڵات و باشووری کەلار" لێی سوودمەندبووە ئاماژەی بۆ کردووە. بڕوانە: خورشيد باشا، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران، ت.مصطفى زهران، ط1، (مصر، 2009)، ص ص189-190.
- زرار صديق نوفيق، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا (016-656ك-637-1258ز)، چ2، (هەولێر، 2011)، ل ل 13-14.
- بڕوانە: محەمەد عەلی کەریم ، یادی کەلار، ژمارە (2)، ل 32.
- 27- بڕوانە: علي شاكر علي، تاريخ العراق في العهد العثماني(1638-1750)، دراسة في احوالة السياسية، ط1، بغداد، 1985، ص22. عوسمانییەکان لەپاش داگیرکردنی بەغدا لە ساڵی (1534ز)، ناوچەکەیان لە چوارچێوەی کۆمەڵێك یەکەی کارگێڕیدا دابەشکرد، سەرەتا ئەیالەتی لوڕستان، دواتر ئەیالەتی بەغدا و لە سەرەتاکانی شەستەکانی سەدەی شانزەهەمیشەوە، ئەیالەتی شارەزول (شارەزوور)یان داهێنا، ئیدی لەوە بەدوا قۆناغ دوای قۆناغ و بەگوێرەی ڕووداوەکانی سەردەمە جیاوازەکان، پاشکۆیەتی کارگێڕی ناوچەکانی باشووری کوردستان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، ناوی کفری وەك مەڵبەندێك، کە کەلار و دەوروبەری پاشکۆی بوون. لە دابەشکردنە کارگێڕییەکانی عوسمانی سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم نابینینەوە، تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بەدیاریکراوی لە ساڵی (1266ك-1850ز)، ئەو کات ناوی کفری وەك مەڵبەندێکی سەر بە ئەیالەتی بەغدا دێتەوە ناوان. بڕوانە: فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي، دراسة تاريخية في الاوضاع الادارية في ضوء الوثائق والمصادر العثمانية حصرا(مطلع العهد العثماني-اواسط القرن التاسع عشر)، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، (بيروت، 2007)، ص315.
- دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، ب1، (سلێمانی، 2002)، ل75.
- مێجەر ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی شڤان، (سلێمانی، 2007)، ل67.
- جاف عەشیرەتێکی گەورەی نیمچە کۆچەری بەنێوبانگبوون، بەپێی زانیارییەکانی تۆژەر کۆنترین ئاماژەیەك بۆ ناوی ئەم عەشیرەتە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەم، کاتێك لە چوارچێوەی دابەشکردنە

كارگێڕییەكانی عوسمانیدا لیوای قەڵای هاواری سەر بە شارەزوور، لە ساڵی (991ك-1583ز)، سپێردراوە بە "شا وەلی بەگ" . كە بەگوێرەی دەفتەر دامەزراندنەكە سەرۆكی بەناوبانگترینی تایفەی جاف بووە. كۆنترین خەملاندن بۆ ژمارەی ماڵەكانی جاف، پێدەچێ ئەوەی (جیمس بیللی فرەیزەر) بێت، كاتێك لە ساڵی (1834ز) بە ناوچەكەدا تێپەڕیوە ژمارەیانی بە (10-12)هەزار ماڵ یان ڕەشماڵ خەملاندووە. لە ناوەڕاستەكانی سەدەی نۆزدەهەمیشدا (دەرویش پاشا) كۆی لقەكانی "جاف" و ئەو خەڵكانەی لە عەشیرەتەكانی ترەوە هاتوونەتە ناویان، بەنزیكەی (4100) ماڵ داناوە، لەوانە (3650)یان جاف بوون و (450)ماڵی تریان لە عەشیرەتەكانی تر بوون. ساڵنامەی ویلایەتی (موسڵ)ی ساڵی (1310ك-1892ز)، لقەكانی (میكایلی، شاتری، یزدان بەخشی، روغزایی، گلاڵی، هاروونی، نەورۆڵی، سەدانی، عەمەڵە) ناو هێناوەو بڕوانە: فاضل بیات، المصدر السابق، ص365. خالد مەحمود كەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە كوردەكان لە باكوردستانی باشوور،(1869-1914ز)، (سلێمانی، 2012)، ل ل95-104.

- سی. جی. ادموندز، كرد و ترك و عرب، (بدون سنة و مكان طبع )،ص132.
- بشير سعيد اسكندر، قيام النظام الاماراتى فى كردستان و سقوطة مابين منتصف القرن العاشر و منتصف القرن التاسع عشر ، ط2، (السليمانية، 2008)، ص133.
- بۆ زیاتر بڕوانە: خالد مەحموود، سەرچاوەی پێشوو، ل ل169-173.
- عباس العزاوی المحامی، المصدر السابق، ص19.
- مەحموود پاشای جاف (1846-1921ز): كوڕی محەمەد پاشای كەیخەسرەو بەگی جافە، پاش ڕووداوی كوشتنی باوكی لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی نۆزدەهەم، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە نازناوی پاشایەتی و چەند ساڵێك پۆستی قایمقامێتی هەڵەبجەی پێبەخشراوە، تا مردنی سەرۆكایەتی بەگزادە جاف و بەشێكی زۆری لقە كۆچەرییەكانی جافی كردووە، بۆ زیاتر بڕوانە: عباس العزاوی المحامی، المصدر السابق، ل 27 . مەیجەر سۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان، و. مینە، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، (سلێمانی، 207)، ل ل 126-127.
- بەگوێرەی گێرانەوەی كەریم بەگی جاف، لەو ساڵەدا مەحموود پاشا لە قەڵای شێروانە بووە، كە والی بەغداد لە ڕێگەی تەلگرافەوە ئاگاداری كردۆتەوە سەردانی بكات، ئەویش لەگەڵ یەك دوو لە كوێخاكانی شاتری دەڕواتە بەغدا، لەوێ والی ئاگادایكردۆتەوە كە حكوومەت مەبەستێتی پەلی كۆچەری جاف نیشتەجێبكات، بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەیە بەشێوەی تاپۆ زەوی وزاریان پێببەخشێت. مەحموود پاشا سەرەتا ئەمەی ڕەتكردۆتەوە، بەڵام لە هاتنەوەدا، كە دەزانێت یەكێك لە كوێخاكانی شاتری، كە لەگەڵیدا بوون خزمانی خۆی قایڵ كردووە بۆ وەرگرتنی زەوی و زار و نیشتەجێبوون، لە كۆتایدا ئەویش پاش پرس و ڕاكردن لەگەڵ محەمەد پاشای باوكیدا،

كە دژی نیشتەجێبوون بووە، بڕیار ئەدات بە مەبەستی زەوی و زار کڕین بگەڕێتەوە بۆ بەغدا. بۆ زیاتر بڕوانە: تاریخی جاف، چ1، (بەغداد، 1995)، ل ل172- 177.

- بڕوانە: مێجەر. ئی.ب. سۆن، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، ل ل72-73.
- بەگوێرەی گێڕانەوەی گەریم بەگی جاف، کوێخاکانی شاتری سەردانی ئەحمەد بەگی قادر پاشای بابانیان کردووە، کە ئەو کات قایمقامی خانەقینی بووە، بەو پێیەی ئەم بابانییە لە سەرانی جاف دڵگران بووە، بەتایبەت لە محەممەد پاشای جاف ،بەهۆی ئەو پێگە بەهێزەی کە لە پاش داڕووخانی میرایەتی بابانەوە بەدەستیهێنابوو، بۆیە کاری کوێخاکانی شاتری مەیسەر دەکات و تەلەگراف بۆ والی بەغدا دەکات، بۆ ئەوەی زەوی و زاریان بۆ تەرخان بکرێت. بڕوانە: تاریخی جاف، ل207.
- بڕوانە: ڕاپۆرتی: العشائر الكردية، ت. فؤاد حمة خورشيد، مطبعة الحوادث، (بغداد، 1979)، ص84.
- بڕوانە: دەرباز محەمەد، کەلار لە لادێوە بۆ شار، چ2، (سلێمانی، 2010)، ل36.
- الشيخ رسول الكركوكلي، دوحة الوزراء في تاريخ وقائع بغداد الزوراء، ت. موسى كاظم نوس، ط1، (قم، 1413 هجري)، ص 296.
- بڕوانە: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، بەرگی دووەم، و. مینە، چ1، (سلێمانی، 2012)، ل 262 .
- هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، ل134.
- الشيخ رسول الكركوكلي، المصدر السابق، ص296.
- هنری ڕاولنسن، سەرجەمی ئەو پەیماننامانەی بەندن بە کێشەی نێوان تورك و فارس، و. نەزەند بەگی خانی، (گۆڤاری کاروان-خوولی ڕاپەڕین، ژمارە 11ی ساڵی 1994)، ل 12.
- بڕوانە: خورشيد باشا، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران، ت.مصطفى زهران، ط1، (مصر، 2009)، ص 190.
- مەجید ساڵح و فایەق ڕەحیم، کەلار لە گوندەوە بۆ شار، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە (431ی ڕۆژی 20-9-2001، ل5.
- باجەڵان: یەکێکە لە کۆنترین عەشیرەتەکانی ناوچەی گەرمیان، لە دابەشکردنە کارگێڕییەکانی عوسمانی سەدەی شانزەهەم و دواتر بەشێوەی (باجوانلو، باجوان، باجەڵان) نێویان هاتووە، لە ناوەڕاستەکانی سەدەی شانزەهەم سەر بە ئەیالەتی لوڕستان بوون، کە عوسمانییەکان پاش داگیرکردنی عێراقی عەجەمی لە ساڵی (1534ز) لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان پێکیهێنا، لە دابەشکردنە کارگێڕییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و دواتردا، وەك میر عەشیرەتی باجەڵان، کە ناوەندەکەی لە ناوچەی زەهاو بووە، سەر بە ویلایەتی بەغدا بوون، لە پاش بەریەککەوتنیان لەگەڵ شازادە محەممەد عەلی میرزا و دەرکردنیان لە زەهاو، لە ساڵی (1820ز) و ناساندنی زەهاو وەك بەشێك لە ئێران، لە کۆنگرەی دووەمی ئەرزەڕووم (1847ز)دا، بەیەکجاری پاشەکشێیان

كرد بۆ خانەقین و پێدەشتی بنكوورە، بەگوێرەی سەرچاوەكان باجەلان لەدوو پۆلی سەرەكی پێكهاتووە،( قازانلوو و جموور). قازانلوو پێكهاتووە لە لقەكانی: ( حاجی خەلیل، والی ئاغا، عەبدولرەحمان ئاغا ). شوێنی نیشتەجێبوونیان لەو پێدەشتی ( بنكورە )یە، سنوورەكەی بەم شێوەیە: لە باكوور و رۆژئاواوە رووباری سیروان، لە باشوورەوە باوەپلاوی و جەبەل مرواری، لە رۆژئاواوە ئاغ داغ . هەرچی جوموور-ە، كە هەندێك پێیان وایە لە سەردەمانێكی زۆر زووەوە سەر باجەلان بوون، بەلام لەبەر زۆر هۆ لەوانە: نەبوونی زەوی كشتوكاڵی و فشاری ئەفشارەكان لە باجەلان جودابوونەتەوە و عەشیرەتێكی سەربەخۆیان پێكهێناوە: لقەكانی لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەم بەم جۆرە بووە: (سەگەوەند، حاجیلەر، غەریبوەند، شێرەوەند، چواركلاو، مەمەوەند، داودەوەند، جەلیل ئاغا )،شوێنی نێشتەجێبوونیان بەم شێوەیە: لە باكوورەوە جۆباری هەواسان، لە باشوورەوە رێگەی قەسری شیرین-كرماشان، لە رۆژهەلاتەوە گردۆلكەی داری دیوان و بێشكان، لە رۆژئاواشەوە رووباری سیروان و بەرزاییەكانی ئاغ داغ. بڕوانە: فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي، دراسة تاريخية في الاوضاع الادارية في ضوء الوثائق والمصادر العثمانية حصرا(مطلع العهد العثماني-اواسط القرن التاسع عشر)، ط1، بيروت-مركز دراسات الوحدة العربية، 2007، ص365. مێجەر ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو، ل ل35-41. محمد علی سلطانی، جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل كرمانشاهان، ج2، چ2، (تهران، 1381ش)، ص ص992-995.

- مە یجەر سۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان، ل89.
- بڕوانە: مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، د.كوردۆ عەلی، بەرگی دووەم، (سلێمانی، 2002)، ل ل153-154.
- Maria T. Oshea: Trapped between the Map and Reality: Geography and Perceptions of Kurdistan, Newyork-2004.p.77.
- ج. ج. لوريمر، دليل الخليج، القسم التاريخى، ج4، قسم الترجمة بمكتب امير دولة قطر، مطابع على بن على، الدوحة (د.ت) ص2196.
- Gökhan Çetinsaya: Ottoman Administration of Iraq, 1890-1908, Rout ledge, Newyork, 2006.p.75.
- بڕوانە: مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية، ترجمة، خليل علي مراد، مطبعة شفان، (السليمانية، 2005)، ص ص78-79.
- بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی هەندێ لەم ناكۆكییەكانە بڕوانە: خالد مەحمود كەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە كوردەكان لە باكوردستانی باشوور،(1869-1914ز)، (سلێمانی، 2012)، ل ل219-231.
- پاش كوشتنی محەمەد پاشای جاف، شاترییەكان هەڵاتن و پەنایان برد بۆ لای هەمەوەندەكان، كە لەو ڕۆژگارەدا جوانمێری هەمەوەند سەرۆكایەتی دەكردن، كاتێك هەمەوەند ڕەتیكردەوە شاترییەكان بەدەستەوە

بدەن، شەڕێك لە نێوان هەمەوەند و جاف دا لە نزیك گل ڕوویدا، جافەكان لە شەڕەكەدا شكان. تەقی پاشای والی بەغداد (1880-1886ز) بۆ پاڵشتی جافەكان لەشكرێكی ڕەوانەی ناوچەكە كرد، شاترییەكان و ژن و منداڵی هەمەوەندەكان بە سەلامەتی ڕەوانەی ناوچەی قەسری شیرین كرا، لە ماوەی دوو مانگدا هەمەوەندەكان شكستیان بەهێزەكان هێنا. بڕوانە: مێجەر ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو، ل57. بۆ وردەكاری زیاتر بڕوانە: سەرتیپ محەمەد ئەمین، هەمەوەند لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە تا جەنگی یەكەمی جیهانی، چ1، (سلێمانی، 2008)، ل ل 96-106.

- عباس العزاوی، موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين، العهد العثمانی الاخير(18721917)، المجلد الثامن، الدار العربية للموسوعات، بدون مكان و سنة طبع، ص50.
- گامەخڵ: یەكێكە لە گوندەكانی گەرمیان، سەر بە ناحییەی باوەنووری ئێستا، كەوتۆتە نێوان گوندی هەوارە ڕەقە و ژالانی ڕوغزایی لە باكوور و سەرناوە لە باشوور.
- بڕوانە: تاریخی جاف، ل ل204-205.
- بۆ زیاتر بڕوانە: حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی كفری لە نێوان ساڵانی (1914-1945)، لێكۆڵینەوەیەكە لە بارودۆخی ڕامیاری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، چ1، (كەركوك، 2010)، ل ل34-35.
- بڕوانە: مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية، المصدر السابق، ص79.
- یاكوب كەرەتاش، هەوڵە ئاشتەواییەكانی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان هۆزە كۆچەرەكانی ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا،و. شەماڵ حەویزی، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، (ژمارە 32ی ساڵی 2015)، ل403.
- بەڵگەنامەیەكی نیوەی یەكەمی سەدەی هەژدەهەم، تیشك دەخاتە سەر شەڕو كوشتارێكی جافەكان بۆ باجەلان، لە چارەكی یەكەمی سەدەی هەژدەهەمدا، بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە جافەكان بەفیت و هاندانی خانی سنە هەڵیانكوتاوەتە سەر (عوسمان بەگ)ی میری باجەلان لە قەسری شیرین، ئاكام عوسمان بەگ و ژمارەیەكی زۆریان لە بنەماڵەی باجەلان كوشتووە. بەڵگەنامەكە تەنها ئاماژە بۆ ژمارەی قوربانییەكان و ئەو لیژنەیە دەكات، كە بەسەرۆكایەتی قازی بەغداد پێكهێنراوە تا لە شوێنێكی گونجاوی سەر سنووردا لە تاوانەكە بكۆڵنەوە. بەگوێرەی دابەشكردنە كارگێڕییەكانی عوسمانی، لە ساڵی (1700ز)، هەردوو لیوای دەرنە و دەرەتەنگ تێكەڵدەكرێن و بە پێشنیاری ئیسماعیل پاشای والی بەغداد، بەشێوەی هەمیشەیی دەسپێردرێت بە عوسمان بەگی باجەلان. بەبڕوای ئێمە كوشتاری باجەلانەكان بە فیتی خانی سنە پێدەچێت لە چوارچێوەی ئەو ناكۆكیانەدا بێت، كە لە نێوان عوسمانییەكان و ئێرانی سەفەوی ئەو ڕۆژگارەدا هەبووە، بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەو ناوچەیە، چونكە خاڵی بەیەكگەیشتن و سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی پێكهێناوە و هەردوولای ناكۆك وەك شوێنێكی ئیستراتیجی لێیان ڕوانیوە. بڕوانە: عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تاريخ الكورد الحديث، ط1، مطبعة الثقافة، (اربيل، 2008)، ص ص 248-249. فاضل بيات، المصدر السابق، ص ص 312-313.

- **عەزیز خانی باجەلان**( ؟ - 1903 ): مەبەست "عەزیز خانی جموور"ە، كە لە سەرچاوەكاندا بە عەزیز خانی باجەلان، یان عەزیز شجاع الممالك ناسراوە، یەكێكە لە سەرۆك و كەسایەتییە دیار و ناسراوەكانی جموور، لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی نۆزدەهەم دا، مەسعود میرزا (ظل السلطان)ی حاكمی كرماشان، وەك پارێزەرێكی سنوور، ئەو زەوی و زارانەی كەوتۆتە نێوان هەردوو ڕووباری ئەلوەن و سیروان پێسپاردووە. كە ناوەندەكەی قۆرەتوو بووە، نێوبراو لە چارەكی كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سالانی یەكەمی سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵێكی كارایی لە ڕووداوەكانی ناوچەكەدا هەبووە. بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی كە بەندن بە دەرهێنانی نەوتی چیا سورخ لە سەرەتای سالانی سەدەی بیستەم. بۆ زیاتر بڕوانە: مامۆستا حەعفەر، عەزیز خان جموور، (لە چوارچێوەی كتێبی: مێژووی خانەقین، ئامادەكردنی، مامۆستا حەعفەر" فازیل كریم ئەحمەد")، ب1، سلێمانی، 2017، ل ل 317-331. خالد محمود كریم، جیاوكی دارسی و هەلكۆڵین لە چیا سورخ یەكەمین چاڵە نەوتییەكانی ڕۆژهەلاتی ناوڕاست، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان(ژمارە(12)، بەرگی سێیەم، سالی 2017، ل185-186. مەزاهر باجەلان، ئێلی باجەلان لە سەفەوییەكانەوە تا كۆتایی قاجارەكان، و. جەلیل موڕادی و كاروان عوسمان، چ1، (سلێمانی 2014)، ل ل87.
- بڕوانە: مەلا ئەحمەد مەحموود عەلی، جموور چین، لە چوارچێوەی كتێبی (مێژووی خانەقین، ئامادەكردنی، مامۆستا حەعفەر"فازیل كریم ئەحمەد"، ب1، (سلێمانی، 2017)، ل ل 342 و 362.
- عباس العزاوی، المصدر السابق، ص78. هەڵبەتە ئاگاداری ئەوەین، كە لە سالانی داهاتوودا ناكۆكی و ئاژاوە دەكەوێتە نێوان عەزیز خان و جوامێر ئاغای هەمەوەندەوە. بۆ وردەكارییەكان بڕوانە: مەلا ئەحمەد مەحموود عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل344-349.
- بەگوێرەی نوسینەكانی (10ی مارسی سالی 1891ز.) ژاك دمۆرگان، دوانزە سالێك پێش ئەو مێژووە، دەسەلاتدارانی ئێران پاراستنی سنووری زەوی و زارەكانی نێوان حەلوان و ڕووباری سیروان-یان داوە بە عەزیز خان، بە پلەی سەرتیپ-ییەوە، لەگەڵ موچەیەكی سالانە، كە بڕەكەی شەش تمەن (480 فرانك) بووە. بڕوانە: كوردستان لە لێكۆڵینەوەكانی ژاك دومۆرگاندا، و. سعید خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، چ1، چابخانەی گەنج، (سلێمانی، 2012)، ل126.
- ئەگەرچی بەگوێرەی پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی دووەم، لە سالی (1847ز)، دەبوو ئێران دەست لە زەوی و زارە نزمەكانی بەشی خۆرئاوای ناوچەی زەهاو هەڵبگرێت، بەلام لەڕاستیدا ئێران ئەمەی جێبەجێنەكرد. بۆیە سەرجەمی ئەو ناوچانەی كەوتۆتە ڕۆژهەلاتی ڕووباری سیروان، بەدیاریكراوی ئەو زەوی و زارانەی دەكەونە نێوان ئەو ڕێگا سەرەكییەی لە كەلارەوە دەچێتەوە سەر قۆرەتوو و گوندی مەجید سالار تا شاخی بەمۆ لەژێر دەسەلاتی ئێراندا مانەوە، تا دوای مۆركردنی پرۆتۆكۆلی ئەستانە لە 16ی تشرینی دووەمی سالی (1913ز) و كۆنووسی دانیشتنەكانی لیژنەی دیاریكردنی سنوور لە سالی (1914ز). ئەو كات وەك بەشێك لە خاكی عوسمانی

ناسێنران. بڕوانە ناوەڕۆکی پرۆتۆلەکە لە: عبدالعزيز سليمان نوار، تأريخ الشعوب الاسلامية، مصر(بدون تأريخ طبع)، ص ص615-624.

- پێدەچێت مەحموود پاشا، گوندی سەنگەر (هەروەها گۆڕەشەلە و قەلاَتەپە)ی وەك شوێنی دێرینی لقەكانی سەدانی و بەداخی سەر بەجاف زانیوە، كە هەر لە سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەهەم (ڕەنگە پێشووترەوە)، كردبوویانە شوێنی زستانە مانەوەی خۆیان. بڕوانە: تاریخی جاف، ل ل 161-162.
- وزارت امور خارجيه، مطالعات سياسى و بين المللى، گزيد اسناد ايران و عثمانى دەوره قاجاريه، جلد چهارم، واحد نشر اسناد، چاپ اول(تهران، 1370)، ص170.
- بڕوانە: كوردستان لە لێكۆڵینەوەكانی ژاك دومۆرگاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل126.

# Kalar and Its Surrounding Area in Accordance with the Historical (1800-1900)

Khalid Mahmood Karim

Social Science Dept, College of Basic Education, Garmian University
Khalid.mahmood@garmian.edu.krd

## Abstract

*Kalar* is a new name for an ancient area, and it has a vague survey of history since the old ages till the World War I (1914-1918) except some preliminary segments of information. According to little clues from the sources, this area has a deeper historical root in a time that it has not been discussed and uncovered in the former times sources in spite of its being a great issue for archive of history.

This study is primary attempt to shed lights on the unclearness of the area's history before the twentieth century through depending on both old and modern historical documents. And to achieve that, the study consists of an introduction and a couple of sections, the first one tries to elaborate the ancient history of the area via the archeological evidences so that a light must be thrown upon that disputed history, while the second section explains the area in the nineteenth century, and proves the research's hypothaeses which declares that before the developing of *Kalar Kon's* village, there was a village called *Sherwana* in the south of the citadel and the area was known *Sherwana* as well.

https://doi.org/10.24271/garmian.368 http://jgu.garmian.edu.krd

# كرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لەژێر رۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە كۆنەكاندا

## (چاخی بەردینی كۆن تا كۆتایی سەردەمی ساسانی)

دڵشاد عەزیز زاموا

بەشی شوێنەوار، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر

dlshadazamua@gmail.com

### پوختە

نووسینەوەی كرۆنۆلۆجیای شارستانییەت و مێژووی هەر ناوچەیەك كارێكی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە رێڕەوی رەوڕەوەی شارستانییەت و مێژووی ئەو ناوچەیە. ئامادەكردنی ئەم كرۆنۆلۆجیایەش بۆ ئەو ئامانجەیە كە خوێنەران و توێژەران لەرێگەیەوە وەك ئاوێنەیەك تێگەیشتنێكی گشتگیریان لەلا دروستببێت كە چۆن دەتواندرێت دووبارە مێژووی شارستانییەتی كۆنی گەرمیان لەژێر رۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە كۆنەكاندا بنووسرێتەوە. بۆ ئامادەكردنی ئەم كرۆنۆلۆجیایە توێژەر راستەوخۆ سوودی لە بەڵگە شوێنەوارییەكان و نووسینە مێخییەكان و سەرچاوە كۆنەكانی تر بینیوە. هەروەها توێژەرپشتی بەستووە بە تازەترین دۆزینەوە شوێنەوارییەكان و وردەكاری و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بۆ ئەو دۆزینەوە شوێنەوارییانەی كە ماوەی سەدەیەكە لە ناوچەكەدا ئەنجامدەدرێن و وەك پێویست سوود لە دەرئەنجامەكانیان وەرنەگیراوە بۆ نووسینەوەی مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان.

لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵدەدەین چەند پرسیارێك وەڵام بدەینەوە و چەند لایەنێك لە مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان دەربخەین. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆ پڕكردنەوەی ئەو پچڕان و بۆشاییانەی لە مێژوو و شارستانییەتی كۆنی ناوچەكەدا هەن و بەبێ زانیاری ماونەتەوە، بەڵگە شوێنەوارییەكان بەكاربهێنرێت بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییانەی دەربارەی مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان تا ئێستا پڕنەكرابوونەوە، بۆ ئەوەی بزانین سەرەتا و دەستپێكی شارستانییەت و مێژووی ئەم ناوچەیە چەندە كۆنە؟ و رۆڵی ئەم ناوچەی لە شارستانییەتی كۆنی زاگرۆس و میسۆپۆتامیادا چی بووە؟

**كلیلی ووشەكان :** كرۆنۆلۆجیا، مێژوو ، شارستانییەتی ،گەرمیان ، بەڵگە شوێنەواری ، چاخی بەردینی ،ساسانی

### پێشەكی

ناوچەی گەرمیان بەو سنورە فراوان و هەڵكەوتە جوگرافییەی كە هەیەتی رۆڵێكی گرنگی بینیوە لە بەرەوپێشچوونی رەوڕەوەی شارستانییەت و مێژووی زاگرۆس و میسۆپۆتامیادا. هەڵكەوتە ستراتیژییەكەی وای لەم ناوچەیە كردووە كە ببێتە گۆڕەپانی

گۆڕانکارییە شارستانی و مێژووییەکان. لەگەڵ ئەوەی زیاتر لەسەدەیەکە شوێنەوارەکانی گەرمیان کنەوپشکنین تێدا ئەنجام دەدرێت و توێژینەوەی شوێنەوارییان لەبارەوە دەنووسرێت، بەڵام تا ئێستا هەوڵێکی گشتگیری زانستی نەدراوە بۆ ئەوەی دەرئەنجامی ئەو کنەوپشکنین و توێژینەوە شوێنەوارییانە بخرێتە خزمەت نووسینەوەی شارستانییەت و مێژووی ناوچەکەوە. بەپشت بەستن بە دەرئەنجامی کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکان، توێژەر هەوڵدەدت سەرەتای ژیان و شارستانییەتی ناوچەکە بخاتەڕوو کە لە 120000سەد و بیست هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە دەستیپێکردووە و، بەدرێژایی چاخە بەردینەکان بەردەوام بووە. چۆن مرۆڤ یەکەم گوندە کشتوکاڵییەکانی لەم ناوچەیەدا دروستکردووە؟ چۆن و یەکەم گۆزە و گڵێنە و یەکەم پەیکەری قوڕین لە میسۆپۆتامیا هەر لە گەرمیان دروستکراون؟ پاشان تیشکخراوەتە سەر سەردەمە مێژووییەکان و بۆ ئەم مەبەستەش تیشکخراوەتە سەر بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەکان و نووسینە مێخییەکان کە لە گەرمیان دۆزراونەتەوە یان لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا باس لە ڕووداوەکانی گەرمیان دەکەن. ئەم توێژینەوەیە تیشکیشی خستووتە سەر دەرئەنجامی ئەو کنەوپشکنینە شوێنەوارییانەی کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لەلایەن شوێنەوارناسانی گەرمیان و شوێنەوارناسانی بیانییەوە دۆزراونەتەوە. توێژەران و خوێنەران لەڕێگەی ئەم توێژینەیەوە ئاشنا دەبن بە شارستانییەت و مێژووی هەزاران ساڵەی گەرمیان و بۆ هەر سەرەداوی ڕووداو و لایەنێکی شارستانی توێژەر سەرچاوەی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە تا خوێنەر بتوانێت بگەڕێتەوە سەری. وەك سنووری جوگرافی، ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر هەموو ناوچەکانی گەرمیان، ئەو ناوچانەی سەدان ساڵە وەك گەرمیان ناسراون، نەك ئەو ڕووبەرەکەمەی سنورەی گەرمیان کە ئێستا پێی دەگوترێت ئیدارەی گەرمیان.

## 1. چاخەبەردینەکان و گرنگی ژیان لە گەرمیان

### 1.1. سەردەمی پێش ئەشکەوت، سەرەتای ژیان لە گەرمیان 120 هەزارساڵ لەمەوبەر:

لەچاخی سەهۆڵینی پلایستۆسیندا ئاووهەوای ناوچەی گەرمیان ساردتر و باراناوی تربووە، لەبەر ئەوە بووەتە جێگەیەکی گونجاو بۆ ژیانی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن. لە کۆنترین بەڵگەکانی ژیانی مرۆڤی چاخی بەردین لە گەرمیان شوێنەواری بەردە پاڵگە( بەردەبەلکا )یە، ئەم شوێنەوارە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ لە دەروبەری 120000سەد و بیست هەزار ساڵ بۆ 60000 شەست هەزارساڵ لەمەوبەردا شوێنی دروستکردنی ئامرازەبەردینەکان بوو.[1]

### 1.2. ئەشکەوتەکان

لەو ناوچە شاخاوییانەی کە دەوری گەرمیانیان داوە چەندین ئەشکەوت هەن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی جەنگ لەسەدەی بیستەمدا دەرفەت نەبووە ڕووپێوی و کنەوپشکنینیان تێدا ئەنجامدرێت تا بزاندرێت ئایا لە چاخە بەردینەکاندا مرۆڤ لەم ئەشکەوتانە دەژیان یان نا. بەڵام بەڕوانین لەدەرئەنجامی کنەوپشکنین لەو ئەشکەوتانەی کە دەکەونە ئەو ناوچانەی کە نزیکن لە ناوچەکانی گەرمیان دەبینین لە ساڵی 2015دا تیمێکی شوێنەوارناسی کورد بەسەرپەرشتی

[1] Howe, B., Barda Balka, with Foreword by Yorke M. Rowan, Oriental Institute Communications, Chicago, (2014), pp. 1-29. See also, Naji Al-Asil, “Barda Balka,” Sumer Journal vol.5, Baghdad, (1949), pp. 205-206.

شوێنەوارناسی کورد دکتۆر فەرەیدون بیگلەری لە چیای شاهۆ لە کەناری رووباری سیروان (لەنزیك سنوری ئێران-عێراق) کنەوپشکنینان ئەنجامدا و بەهەمان شێوە شوێنەوار و ئامرازی چاخی بەردینی کۆنیان دۆزییەوە کە بەڵگەن بۆ ئەوەی مرۆڤ نزیکەی40000 چل هەزارساڵ تا 13000 سیانزە هەزار ساڵ پ.ز. ئەم ئەشکەوتەیان وەك پەناگەیەك بەکارهێناوە و بەڕاوی کەڵە کێوی و کۆکردنەوەی بەروبوومی رووەکییەوە خەریك بوون.[2]

**1.2.1.هونەری سەرتاشەبەرد(Rock Art) کۆنترین بەڵگەی شوێنەواری چاخی بەردینی ناوەڕاست**

ئەفسەری بەریتانی ئەدمۆنز لە ساڵی 1925دا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی رووباری سیروان و دەربەندیخان، لەنزیك شێخان کۆنترین وێنەی هونەری سەربەردی دۆزییەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست، هەرچەند ئەوکات ئەدمۆنز گرنگی ئەم دۆزینەوەی خۆیی نەزانی، چونکە ئەو تەنها راپۆرتی لەسەر نەخشە چیاییە شاهانەکانی زاگرۆس ئامادە دەکرد. بەڵام دوای نزیکەی هەشتا ساڵ چەندین وێنەی سەرتاشەبەرد لە ناوچەی ئەحمەد بڕندە و گوڵانی رۆژئاوای رووباری سیروان (رۆژئاوای دەریاچەی دەربەندیخان) دۆزرانەوە و، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە رۆخی رووباری سیروان و کانی و ئاوەکانی نزیك رووبارەکە سەرچاوەیەکی گرنگی راوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان بوون لەلایەن مرۆڤەکانی چاخی بەردینەوە.[3]

1.3. **شۆڕی کشتوکاڵی و کۆنترین گوندەکانی چاخی بەردینی نوێ (7500-6200پ.ز.)**

**1.3.1.گوندی چەرمو**

گوندی چەرمو(جەرمۆ) لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمدا تیمێکی شوێنەوارناسی ئەمریکی زانکۆی شیکاگۆ بوونە خاوەنی دۆزینەوەیەکی گرنگ لە نزیك چەمچەماڵ. ئەویش دۆزینەوەی شوێنەواری گوندی چەرمو بوو، کە ئەو کات بەیەکەم گوندی کشتوکاڵی نمونەیی لە میسۆپۆتامیا و زاگرۆسدا دادەندرا. لەم گوندەدا شوێنەواری زیاتر لە دەیان خانوو دۆزرانەوە، دۆزینەوەی شوێنەواری بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵی دانەوێڵە و دروستکردنی کۆنترین گۆزە و بازرگانی و بیناسازی بناغە بەردین و دیواری خشتی قوڕ لە گرنگترین بەڵگە شوێنەوارییەکانی ئەم گوندە بوون. لە گوندی کەریم شایەریش لە نزیك چەمچەماڵ بەهەمان شێوە شوێنەواری گوندێکی چاخی بەردینی نوێ دۆزرایەوە.[4]

**1.3.2.گوندی کانی ماسی**

لە باشوری رۆژهەڵاتی کەلار، تیمێکی بیانی بەسەرپەرشتی زانکۆی گلاسگۆی بەریتانی لە شوێنەواری کانی ماسی ئامرازی بەردینی چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازییان دۆزییەوە کە تەمەنی زیاتر لە دە هەزار ساڵ دەبێت. هەروەها لەم ناوچەیە گڵێنەی سەردەمی شارستانییەتی حەسونە (6200-5500پ.ز.)یان دۆزییەوە، لەسەر گۆزەکان نەخشی ئەندازەیی هەیە.[5]

---

[2] Editorial Staff, "Remains of stone age hunters found in Iranian Kurdistan" EKurd Daily News, December 31st 2015, http://ekurd.net/stone-age-hunters-iranian-kurdistan-2015-12-31.

[3] Cecil, J. Edmonds "Two More Ancient Monuments in Southern Kurdistan," The Geographical Journal, Vol. 72, No. 2 (Aug., 1928), pp. 162-163.

[4] Burce Howe, "Karim Shahir," In: Braidwood, L., et al., Prehistoric Archaeology along the Zagros Flanks, Chicago, (1983), pp.23-155.

[5] Jesse Casana & Claudia Glatz, "The Land Behind the Land Baghdad: Archaeological Landscapes of the Upper Diyala (Sirwan) River Valley," IRAQ (2017), vol. 79, pp. 47–69. esp. fig.4, p.53ff.

### 1.3.3. كۆنترین هەڵپەڕكێ لە گوندی چۆخەمامی نزیك مەندەلی (5500-4900پ.ز.)

لە ساڵی 1960دا جۆن و دەیڤید ئۆتسی مێردی كە دوو شوێنەوارناسی بەریتانی بوون دەستیانكرد بە گەڕان و كنەوپشكنین لە ناوچەی مەندەلی، لە گوندی چۆخەمامی شوێنەواری كۆنترین نمونەی دیمەنی هەڵپەڕكێیان لەسەر رووی گۆزەكان دۆزییەوە كە هاوسەردەم بوو لەگەڵ دۆزینەوەكەی سامەڕا و بۆ سەردەمی شارستانییەتی سامەڕا (5500-4900پ.ز.)دەگەڕایەوە. بەم شێوەیە دەبینین لەگەرمیان ژیان بەردەوام بووە و ئەو جۆرە هەڵپەڕكێیەش لەوانەیە بۆ بارانبارین ئەنجامدرابێت، چونكە لەم سەردەمە بەدواوە بەشێك لە ناوچەكانی گەرمیان و میسۆپۆتامیا كە پشتیان بە دانەوێڵەی دیمێ دەبەست و هەندێكجار باران كەم دەباری، لەوانەیە مرۆڤی ئەو سەردەمە ئەم جۆرە هەڵپەڕكێیەی بۆ باران بارین داهێنابێت. هەروەها لە دەشتی حەمرین تیمێكی ژاپۆنی لە گردەكانی تل ریحان و صنگور بەڵگەی گرنگیان دەربارەی ئەم شارستانییەتە دۆزییەوە.[6]

### .1.4.شوێنەواری چاخی بەردینی كانزایی لە گردی رەحیم لە سەردەمی شارستانییەتی حەلەف (4900-4500پ.ز.).

شارستانییەتی حەلەف بەناوی گوندی حەلەف لە رۆژئاوای كوردستان لەنزیك سەرێ كانی لەلایەن شوێنەوارناسانەوە ناوندرا، چونكە بۆ یەكەمجار لە ساڵی 1912ز شوێنەوارناسی ئەڵمانی لیۆ ئۆپینهایم ئەم جۆرە شارستانییەت و گڵێنە نەخشێندراوانەی ئەم سەردەمەی لە شوێنەواری حەلەف دۆزییەوە و بەو شێوەیە بەناوی گوندی حەلەفەوە ئەو شارستانییەتە ناوندرا شارستانییەتی حەلەف. لە ساڵی 2012ز تیمێكی هاوبەشی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان كنەوپشكنیان لە شوێنەواری گردی رەحیم لە رۆژئاوای كەلار ئەنجامدا. لەم دۆزینەوەیەدا بەڵگەی گڵێنەی نەخشێندراو و بیناسازی گرنگیان دۆزییەوە كە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی شارستانییەتی حەلەف (4900-4500پ.ز.). ئەم دۆزینەوە گرنگە دەگمەنە بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە شارستانییەتی حەلەف هەتا رۆخی رووباری سیروان بلاوبووەتەوە و، هەروەها بەڵگەیەكی گرنگە دەربارەی بەردەوامی ژیان لە گوندەكانی چاخەبەردینەكان لەسەردەمە جیاوازەكاندا لە ناوچەی گەرمیان.[7] بەهەمان شێوە بەڵگەی بیناسازی و گڵێنەی شارستانییەتی حەلەف لەچینییەكانی ژێرەوەی شوێنەواری وێران تەپە (شاری نوزی)ی باشوری خۆرئاوای كەركوكدا دۆزرایەوە.[8]

### 1.4. سەردەمی شارستانییەتی عوبەید (4500-3500پ.ز.)

---

[6] دلشاد عزیز زاموا، "دراسة تحليلية للزخارف الآدمية و الحيوانية على فخاريات حضارة سامراء(5500-4900 ق.م.)، مجلة هزارميرد، العدد 25، السليمانية (2004)، ص ص 243-270.

[7] لە بەرواری 12ی ئابی ساڵی 2012دا توێژەر سەردانی شوێنەواری گردی رەحیمی كرد و تیمە شوێنەوارناسەكە پارچە شوێنەوارە دۆزراوەكان و بەڵگە بیناسازییەكانیان بۆ باسكردین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا راپۆرتی كنەوپشكنینەكان بلاونەكراوەتەوە.

[8] Starr, R.F.S., 1937 *Nuzi report on the excavations at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq conducted by Harvard University in conjunction with American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931*, Vol. I, Harvard University Press, (1937), pp.9, 509.

بەڵگەی شوێنەواری دەربارەی سەردەمی شارستانییەتی عوبەید لە گەرمیان تەنها لە گردی قەڵای سپی چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە.[9]

**2. سەردەمە مێژووییەکان و بەردەوامی ڕەوڕەوەی مێژوو و شارستانییەت لە گەرمیان**

**1.3. دۆزینەوەی کۆنترین پەرستگە لە گەرمیان سەردەمی شارستانییەتی وەرکا (ئوروك) لە شوێنەواری لۆگردان (3500-3100پ.ز.)**

لە ساڵانی 2016-2017دا تیمێکی شوێنەوارناسی فەڕەنسی بەهاوکاری شوێنەوارناسانی کورد، شوێنەواری کۆنترین پەرستگەی چاخە مێژووییەکانی گەرمیانیان لە گردی شوێنەواری لۆگردان لە ڕۆژئاوای چەمچەماڵ دۆزییەوە. لە گردەکە پەرستگەیەکی سەردەمی شارستانییەتی وەرکا( ئوروك )ی سۆمەری دۆزراوەتەوە کە هاوسەردەم و هاوشێوەی پەرستگەکانی شاری وەرکای سومەرییە لە باشوری میسۆپۆتامیا.[10] ئەم دۆزینەوەیەك بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر پەیوەندی شارستانی سومەرییەکان لەگەڵ ناوچەکانی گەرمیان بەتایبەت لەرووی ئایینییەوە، هەروەها لەرووی ئابوریشەوە دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی نشینگەی بازرگانی سومەرییەکان لە گردی کانی شایێی باشوری خۆرهەلاتی دەشتی بازیان بەڵگەی بەهێزی پەیوەندی شارستانی خەڵکی ناوچەکەن لەگەڵ سومەرییەکانی باشوری میسۆپۆتامیادا.[11]

**2.2. سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵە سومەرییەکان**

لەم سەردەمەدا سومەرییەکان چەندین بنەماڵە و دەوڵەتە شاریان لە باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا دامەزراند و هەریەکێك لەو دەوڵەتە شارانە خاوەن میر و پەرستگە و سوپا و زەوی و زار و لەوەڕگەی خۆی بوو. هەندێك لەو دەوڵەتە شارانە توانییان سنوری خۆیان فراوان بکەن و هێرشی سەربازییان بۆ شارەکانی دراوسێیان و تەنانەت بۆسەر ناوچەکانی زاگرۆسیش ئەنجامدا و هەندێکیشیان پەیوەندی بازرگانییان لەگەڵ ناوچەکانی زاگرۆس ئەنجامدا.

**2.2.1. میری سومەری، نانێ هێرشی کردە سەر شاری سیمورو**

نانێ، میرێکی سومەری بوو لە دەوروبەری سەدەی 28پ.ز.دا، هێرشیکردووەتە سەر شاری سیمورو لە گەرمیان، هەرچەندە شارەکەی گرتووە، بەڵام فریای تاڵانکردنی نەکەوتووە و کشاوەتەوە و سەرکەوتوو نەبووە. لە تۆمارێکی تردا نووسراوە ئەو میرە شوراکانی شارەکەی تێکنەداوە (واتە فریای ئەوە نەکەوتووە شوراکان تێکبدا و سوپاکەی شکاوە). شایەنی باسە شاری سیموروم

---

[9] Marta Luciani, M. van Ess and K. Rasheed Raheem, “Recent research on the site of Chemchemal and its surrounding region,” Paper presented in the international conference *Archaeological Research in the Kurdistan Region of Iraq and the adjacent areas,* Athens, November 1st-3rd 2013.

[10] لەبەر ئەوەی تەنها دوو وەرزە لە ساڵی 2016 و 2017دا تیمەکە کارەکانی هەڵکۆڵینیان دەستپێکردووە لەبەر ئەوە ئەوەندەی ئاگاداربین هیچ ڕا پۆرتێکیان بڵاونەکردووەتەوە. بەڵام بۆ ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکان لێدوانیان داوە و باسی گرنگی دۆزینەوەکەیان کردووە.

[11] Andre Tome, Ricardo Cabral and Steve Rentette, “The Kani Shaie Archaeological Project,” in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. *Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013*, Oxford : Archaeopress, (2016), pp.427-434.

كۆنترین شاری گەرمیانە تا ئێستا ناوی لە تۆمارە كۆنەكاندا زاندرابێت.[12] بۆچوونی جیاوازهەیە دەربارەی هەڵكەوتەی جوگرافیایی شوێنەواری شاری سیموروم، دەربارەی شوێنی شاری سیموررووم بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك لە پسپۆڕان پێیان وایە لە جەبەل حەمرین و رووباری عوزێم نزیك بووە.[13] بۆچوونێكی تر شوێنەوارەكەی بە گردەكەی قەڵای شێروانەدادەنرێت، تازەترین دۆزینەوەی بەڵگە شوێنەوارییەكان لە گردی قەڵای شێروانە، بەتایبەت گڵێنەسازی دەیسەلمێنێت كە لە ژێر گردی شێروانەدا نشینگەیەكی گەورە/شارێكی چاخی برۆنزی و چاخی ئاسنی هەبووە، كە ئەمەش بەڵگەیەكی گرنگ دەبێت بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونە، تەنانەت بەراوردی سیموروم دەكرێت بە شاری سە یمەرەی سەردەمی ئیسلامی و سەرچاوەی گەڕیدەكانی سەردەمی ئیسلامی.[14] ناوی (چەمی سمۆر)یش لە قەرەداغ پێشنیاركراوە وەك پاشماوەی ناوی رووبارێكی وڵاتی سیموروم لەوانەیە هاتبێت و گۆڕانكاری بەسەردا هاتبێت.[15] هەروەها بە لێكچوون لەگەڵ ناوی شەمێران وا مەزندەكراوە كە لە ناوچەی شەمێران بێت، لە ناوچەی شەمێران هیچ گردێكی شوێنەواری وەك پاشماوەی ئەو شوێنەوارە پێشنیارنەكراوە.[16] بەڵام دواجار تەنها هەڵكۆڵینی شوێنەواری و دۆزینەوەی نووسینی مێخی كە ئاماژە بەناوی ئەو شارەبكات ئەم بۆچوونە جیاوازانە یەكلادەكاتەوە.

### 2.2.2. سارگۆنی ئەكەدی گەرمیان داگیردەكات و یەكەم ئیمپراتۆرییەت لەمێژوودا دادەمەزرێنێت و شاری سیموروم و ئەرزوخینای داگیركرد:

#### سارگۆنی ئەكەدی شاری (سیموررووم)ی داگیركرد

لە ساڵی چوارەمی فەرمانڕەواییدا لە دەوروبەری 2346پ.ز.، سارگۆنی ئەكەدی هێرشیكردە سەر ناوچەی گەرمیان، گرنگی ئەم هێرشە وەك رووداوێكی مێژوویی لەلایەن ئەكەدییەكانەوە تۆماركرابوو، تەنانەت رووداوی ساڵنامەی چوارەم ساڵی فەرمانڕەوایی سارگۆنی پێ تۆماردەكرا و دەنووسرا "*ئەو ساڵەی سارگۆن چوو( هێرشیكرد ) بۆ شاری سیموررووم*".[17]

#### سارگۆن شاری ئەرزوخینای داگیركرد

لەنووسینە شاهانەكانیدا، سارگۆنی ئەكەدی باس لە داگیركردنی شاری ئەرزوخینا دەكات، شوێنەواری ئەم شارە هەرچەندە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە، بەڵام زۆرێك لە پسپۆڕان پێیان وایە كە شوێنەواری ئەم شارە دەكەوێتە گردە شوێنەوارییەكەی ژێر قەڵا سپی ناو شاری چەمچەماڵ.[18] هەرچەندە بۆچوونێكی تریش هەیە كە پێی وایە گردی (گۆك تەپە)ی نزیك ئاغجەلەر لەوانەیە شوێنەواری ئەو شارە كۆنە بێت.[19] بێگومان داگیركردنی ئەو شارە گرنگەی كە ئەو كات وەك پایتەختی هەرێمێك وابووە

[12] بۆ وردەكاری زیاتر دەربارەی شار و شانشینی سیموررووم دەڕواندرێتە: Ahmed, (2012), Op.Cit., pp.230-284.

[13] RIME 2 1993 Sargon E2.1.1, p.8.

[14] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شار و شانشینی سیموررووم و مێژووەكەی و هەڵكەوتەی جوگرافییەكەی دەڕواندرێتە : Ahmed 2012, Op.Cit., pp.299, 229-340; Casana & Glatz, (2017), fig.6, p.56.

[15] زاموا 2007، هەمان سەرچاوە 3-9.

[16] Frayne, D.R., "On the Location of Simurrum", in Young, G. D., Chavalas, M. W. and Averbeck, R. E. (eds.), Crossing Boundaries and Linking Horizons: Studies in Honor of Michael C. Astour. Bethesda: CDL Press, 1997, pp. 243–69.

[17] RIME 2 1993 Sargon E2.1.1, p.8.

[18] Raheem, K., et al., Op. Cit.

[19] Simo Parpola and & Porter, M., *The Helsinki Atlas of The Near East in the Neo Assyrian Period*, Helsinki. (2001), map.4.

و سنوری قەزای چەمچەماڵی ئەمڕۆ هەمووی سەر بە ئەرزوخینای ئەوکات بووە، بەم شێوەیە بەشێك لە ناوچەی گەرمیان کەوتووەتە سنوری سەر ئەم هەرێمە.

### 2.2.4.نەرامسینی پاشای ئەکەد شەڕی لەگەڵ ساتونی پاشای لوللوبییەکان کرد

نەرامسینی ئەکەدی (2254-2218پ.ز.) لە نووسینە شاهانەکەیدا لەسەر میلی سەرکەوتن بەوێنەی نەحتکراو و، بە نووسینی مێخی و زمانی ئەکەدی باس لە هێرش و سەرکەوتنەکانی بەسەر (ساتونی) پاشای لوللوبییەکاندا دەکات. وەك لە وێنە هەڵکەندراوەکانی سەر میلەکەدا دیارە شەڕەکە لە ناوچەیەکی سەختی شاخاویدا روویداوە، ئاشکرایە لوللوبییەکان لە ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و شارەزوور ژیاون و ئەگەر لەم کاتەدا دەسەلآتیان فراوان بووبێت ئەوە ناوچەکانی باکوری گەرمیان و چیاکانی قەرەداغیش لەبەردەستیاندابووە. ئەو لوتکە سەختانەی کە لەوێنە هەڵکەندراوەکانی سەر میلەکەدا دیارن نازاندرێت کە داخۆ دەبێ زنجیرە چیاکانی قەرەداغ بن، یان بەمۆ یا خود چیای پیرەمەگرون یان زنجیرەچیاکانی نزیك سورداش. بەداخەوە لە نووسینەکەیدا نەرامسین ناوی شوێنی شەڕەکەی نەهێناوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم میلە بەردینە لەزاگرۆس نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو لەوڵاتی بابل بوو بۆ ماوەی زیاتر لە هەزارساڵ و دواتریش کاتێك عیلامییەکان دەوڵەتی کاشییەکانیان لە ساڵی 1157پ.ز. رووخاند ئەم میلەی نەرامسین و میلی قانونی حامورابییان بەتاڵانی برد بۆ شاری سوسە لەوڵاتی عیلام و لەساڵی 1902ز.دا تیمێکی فەرەنسی هەردوو میلەکەیان دۆزییەوە و بردیاننە مۆزەخانەی لوڤەر لە پاریس.[20]

### 2.2.5.شاری گاسور یەکێك لە کۆنترین شارەکانی گەرمیان

لە شوێنەواری (وێران تەپە)دا لەباشووری رۆژئاوای کەرکوك پاشماوەی یەکێك لە کۆنترین شارەکانی گەرمیان کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمەوە بنیاتنرابوو دۆزرایەوە.[21] حەوت سەدە دواتر و لەسەردەمی ئەکەدییەکاندا 1350پ.ز. بۆ یەکەمجار ئەم شارە ناوی لە تۆمارە مێخییە کۆنەکاندا هات و دەرکەوت کە لەسەردەمی ئەکەدییەکاندا پێی گوتراوە شاری گاسور.( ئیتبێ-لابیا ) یەکەم میری شاری گاسور بوو لە سەدەی 23-22ی پ.ز.[22]

### 2.2.6.ئیتیتی فەرمانڕەوای ئاشور، شاری گاسور تاڵان دەکات

لەسەدەی 23پ.ز.دا فەرمانڕەوای شاری ئاشور، ئیتیتی کوڕی ئینینین-لابیا، ئەم تابلۆیەی لە تاڵانییەکانی شاری گاسورەوە هێناوە و پێشکەشی خواوەند عەشتاری کردووە.[23]

### 2.2.7.ئانوبانینی پاشای لوللوبییەکان دەگاتە باکوری خۆرهەڵاتی گەرمیان

[20] Winter, I., J., “The Conquest of Space in Time: Three Suns on the Victory Stele of Naram-Sîn,”In: Dercksen, J.G., & Larsen, M. T., (eds.), *Assyrian and Beyond studies presented to Mogens Trolle Larsen*, Leiden: NINO, (2004): 607-628.

[21] Starr, R.F.S., 1937 *Nuzi report on the excavations at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq conducted by Harvard University in conjunction with American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931*, Vol. I-II, Harvard University Press, (1937).

[22] RIME 2: E2.5.1. = Frayne, D., Sargonic and Gutian Periods (2334-2113 BC), 1993, pp.240f.

[23] RIME 2: E.2.4.1.pp.238f.

یەكێك لەو بەڵگە شوێنەواریی و هونەرییە گرنگانەی كە لوللوبییەكان تۆماریانكردووە لە رۆژهەلاتی گەرمیان نەخشە چیاییەكەی پاشای لوللوبی (ئانوبانینی)یە، ئەم پاشایە وێنەی سەركەوتنی خۆی بەسەر دوژمنەكانیدا بەرامبەر خواوەند عەشتاری جەنگ هەڵكەندووە. لە دیمەنەكەدا پاشا ئانوبانینی راوەستاوە و كلاوێكی خڕی لێوار ئەستوری لەسەردایەوە و ریشێكی درێژی هەیە و كەوانەكەی كردووەتەشانی و بەدەستی چەپی گرتوویەتی. بەدەستی راستی تەورێكی پێیە و تەنورەیەكی لەبەردایە وقاچی خستووتە سەر سكی یەكێك لە دوژمنە دیلەكانی و لەدوای ئەوەوە دیلێكی تریش دەپاڕێتەوە و لەخوار ئەمانیش ژمارەیەك دیل بەڕووتی و كۆتكراوی وەستاون و یەكەم دانەیان تاجێكی لەسەردایە دیلەكان هەموویان بە قەبارەی بچووكتر وێنەیان هەڵكەندراوە. بەرامبەر ئانوبانینی خواوەند عەشتاری جەنگ وەستاوە و چەكەكانی لەشانكردووە و پەتێكی بەدەستەوەیە دوو دیلەكەی بەردەم پاشای لە لوتیانەوە كۆتكردوون و بە دەستی راستی داردەست/عەسا و ئاڵقەی یاسا و دەسەلات دەدات بە ئانوبانینی. ئانوبانینی لەسەرە نەخشەكە و لەچوارچێوەیەكی تایبەتدا بە خەتی مێخی و زمانی ئەكەدی بە سێ ستوونی نووسین باسی لەسەركەوتنەكانی خۆی كردووە. لەسەرەتادا نووسیویەتی كە ناوی ئانوبانینی یە و پاشای شاری لوللوبییەكانە و ئەم نەخشەی لە چیای باتیر هەڵكەندووە.[24] مەبەست لە چیای باتیر هەمان چیای دەربەندی سەرپولی زەهاوە كە دواتریش ئەم چیایە وەك خواوەندێك پەرستراوە و، یەكێك لەو مۆرە لولەییانەی لە دەشتی حەمرین لە تەل سولەیمە دۆزرایەوە مۆری كاهینی پەرستگەی ئەو خواوەندەبوو كە بۆمان دەردەكەوێت وەك خواوەندێك ژن پەرستراوە و پێی وتراوە خواوەند باتیریتوم.[25] هەرچەندە نازاندرێت بۆچی مۆری ئەو كاهینەی خواوەند باتیریتومی ناوچەی زەهاو گەیشتووەتە دەشتی حەمرین؟ بەلام ئەگەر بێتو ئەو خواوەندە لە حەمرین پەرستگەی هەبووبێت ئەوا واتای ئەوەیە كە پەرستنی شاخی باتیر وەك خواوەندێك لە زەهاوەوە بە گەرمیان و حەمریندا بلاوبووەتەوە.[26]

### 2.2.8. داستانی كوثا: حەوت كوڕەكەی ئانوبانینی هێرش دەكەنە سەر نەرامسینی پاشای ئەكەد

لە داستانی كوثادا باس لە هێرشی گەلانی زاگرۆس بۆ سەر ئەكەدییەكان دەكرێت، پاڵەوانی داستانەكە ئانوبانینی و نەوەكانییەتی كە هێرش دەكەنە سەر نەرامسینی پاشای ئەكەد. هەرچەندە ئەم داستانە لە تۆمارە مێژووییەكاندا پشتڕاستنەكراوەتەوە، بەلام كەسایەتییەكانی ناو داستانەكە بەتایبەت ئانوبانینی و نەرامسین دوو پاشای بەهێزی لوللوبییەكان و ئەكەدییەكان بوون. ئەگەر ئەم رووداوە روویدابێت، ئەوا دەبێت لە كۆتاییەكانی دەسەلاتی نەرامسیندا بووبێت، ئەوكاتەی كە پیربووە و توانای نەماوە وەك پێشتر هێرش بكاتە سەر لوللوبییەكان و ناوچەكانی زاگرۆس. بە پێی ناوەڕۆكی

[24]Behzad M. Nasrabadi,“Beobachtungen zum Felsrelief Anubaninis,” ZA 94 (2004), pp.291-303; Kozad M. Ahmed, The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis, PhD dissertation, Leiden University, (2012), pp.306-307.

[25] Dlshad A. Marf, (forthcoming) “Deified mountains in the Zagros; Nishba, Batir, Andarutta, and Hiptunu,” Paper presented in the Zagros Symposium, organized by the NINO in Leiden, December 1st & 2nd, 2014.

[26] Dlshad A. Marf, Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, PhD dissertation, Assyriology Department, Leiden University, Netherlands, (2016), pp. 103, 107; Dlshad Marf “Deified mountains in the Zagros; Nishba, Batir, Andarutta, and Hiptunu,” Paper presented in the *Zagros symposium*, organized by the NINO in Leiden, December 1st 2014.

داستانەکە کە چەند کۆپییەکی لە شاری نەینەوا و لە ولاتی ئەنادۆڵ دۆزراوەتەوە، باس لە جەنگی نێوان گەلانی زاگرۆس و ئەکەدییەکان دەکات. بەتایبەت شەڕی نێوان نەرامسین و کوڕەکانی ئانوبانینی ( پاشای لوللوبییەکان)؟ بە پێی داستانەکە حەوت کوڕی ئانوبانینی لە چیاکانەوە هاتنەخوارێ و هێرشیانکردە سەرئەکەدییەکان و 17 حەڤدە پاشای تریش هاوکاری کوڕەکانی ئانوبانینییان دەکرد.[27]

### 2.2.9.گوتییەکان لەگەرمیانەوە هێرش دەکەنە سەر ئەکەدییەکان و دەوڵەتەکەیان دەڕوخێنن

بە پێی تۆماری لیستی شاهانە سومەرییەکان، گوتییەکان کۆتایی بە دەوڵەتی ئەکەدی هێنا و، یەکەم ئیمپراتۆرییەتی مێژوویان رووخاند. گوتییەکان لە ناوچەکانی گەرمیانەوە بەهاوکاری گەلانی زاگرۆس توانییان هێرش بکەنە سەر ئەکەدییەکان و دەوڵەتەکەیان بڕوخێنن و ببنە فەرمانڕەوای زۆربەی میسۆپۆتامیا بە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیاشەوە.[28]

### 2.2.10.ئێرریدو- پیزیری پاشای گوتییەکان لەولاتی سومەرەوە هێرش دەکاتە سەرگەرمیان

ئێرریدو- پیزیری پاشای گوتییەکان لە تۆمارێکی شاهانەیدا کە پێشکەش بە پەرستگەی خواوەندی ئێنلیلی کردووە لەشاری نوففەری سومەری، باس لە هێرشەکانی دەکات بۆ ناوچەکانی مادگا، لوللوبوم، ئوربیلوم و لەو هێرشانەیدا ئەو ناوچانە دەخاتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتەکەی. لەو تۆمارەیدا باسی را پەڕینی پاشای سیموررووم دەکات کە ناوی **کا-نیشبا** بووە، **ئێرریدو-پیزیر** بەم شێوەیە باسی ئەو رووداوانە دەکات:

*"ئێرریدو- پیزیر، پاشای بەهێز، پاشای ولاتی گوتیوم و هەرچوارلای جیهان. ئەوکاتەی کا-نیشبا( پاشای سیموررووم) دەستی بە دوژمنکارییەکانی کرد. و فەرمانەکانی ئێنریدا- پیزیری باوکمی ( پشتگوێخست)کرد. (باوکم) پاشا بەهێزەکە، پاشای گوتیوم و هەر چوارلای جیهان. (کا-نیشبا ) هانی خەڵکی ولاتانی چیانشینان و شارەکانی دا بۆ را پەڕین. هەتا ولاتی لوللوبوم و ولاتەکانی....خواوەند عەشتار سوپاکانی لە شاری ئەگادە مۆڵدا، بەنیازی هێرشکردنە سەر سیموروم. ئێریدو- پیزیر چووە (شاری ئەگادە)لەو کاتەدا سوپاکە بەرانێکی گەورەیان کرد بە قوربانی بۆ خواوەندەکانی شاری ئەگادە."*[29]

سیموررووم دەکەوتە ناوچەی کەلار، بەلام مادگا بە ناوچەی کفری یان داقوق داندراوە، کۆزاد ئەحمەد پێی وایە **مادگا** کەوتبووە دامێنی سەگرمە –قەرەداغ، چونکە لە نووسینە مێخییەکەدا دەڵێت میری مادگا شارەکەی خۆی بەجێهێشت و هەڵهات بۆ شاخەکە.[30]

### 2.2.11. پاشا گودیا کانزای مسی لە گەرمیانەوە بۆ شاری لەگەشی سومەری برد

[27]Joan Goodnick Westenholz “Heroes of Akkad,” Journal of the American Oriental Society, Vol. 103, No. 1, Studies in Literature from the Ancient Near East, by Members of the American Oriental Society, Dedicated to Samuel Noah Kramer (Jan. - Mar., 1983), pp. 327-336; also see, Edzard, D. O. and M. Gallery “Kutha,” *RlA* 6 (1980-1983), pp.384-387.
[28] Ahmed (2012), pp.90f., 125.
[29] Ahmed (2012), p.145, and its bibliography.
[30] Ahmed (2012), pp.150-151, and its bibliography.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی گوتییەکاندا یەك شاری سومەری بەسەربەخۆیی مایەوە و درێژەی بە فەرمانڕەوایی خۆیدا، ئەو شارەش شاری لەگەش بوو، ئەم شارە لەلایەن سومەرییەکانەوە زۆر خۆشەویست نەبوو تەنانەت لەلیستی شاهانەی سومەرییەکانیشدا نووسەر و مێژوونووسە سومەرییەکان ناویان نەدەهێنا وەك ئەوەی سومەری نەبن.[31] هەرچەندە بەزمانی سومەری چەندین تۆماری بەنرخیان بەجێهشتووە. هۆکاری تریش هەن بۆ نمونە گومان دەکرێت کە بنەماڵەی لەگەشی دووەم، بەتایبەت پاشا گودیا خۆی سومەری نەبوبێت و، ئەمەش تەنها وەك گریمانەیەك لەلایەن شوێنەوارناسی ئەڵمانی ئەنتوان مۆرتگاتەوە تیشکی خراوەتەسەر، بەڵام هەروەك خۆی دەڵێت بەڵگە لەبەردەستتدا نییە.[32] هەر لە نووسینە شاهانەکانیدا، پاشا گودیا(2144-2124پ.ز.) دەڵێت کە لە شاری کیماش لە شوێنێك کە بە زمانی سومەری پێی دەگوترا شاری ***کاگال-ئات*** ***(KÁ.GAL-at.KI)***، بە زمانی ئەکەدی پێی دەگوترا شاری (***ئەبوللات*** *Abullāt*) واتە شاری مس، لەسەر چیای کیماش مسی تواندەوە و داردەستی لێ دروستکرد.[33] شاخی کیماش بە ناوچەی (قۆش تەپە) ی نزیك کەرکوك داندراوە.[34] هەرچەندە ئەم شاخە لەوانەیە ناوچەیەك بێت لە رۆژهەلاتی گەرمیان نەك لە رۆژئاوای گەرمیان.

**2.2.12.رووخانی دەوڵەتی گوتییەکان لە باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا و گەڕانەوەیان بۆ گەرمیان**

ئوتوحیگالی پاشای شاری وەرکای سومەری توانی دەسەلاتی گوتییەکان لە ولاتی سومەر کۆتایی پێبهێنێت، بەم شێوەیە گوتییەکان زۆربەیان گەڕانەوە گەرمیان.[35]

**2.2.13.ئورنەمموی پاشای سومەری هێرش دەهێنێتە سەرگەرمیان و هەر لەوێ دەکوژرێت**

پاشای سومەری ئورنەممو(2113-2094پ.ز.)، دامەزرێنەری بنەماڵەی ئوری سێیەمی سومەری بوو لە شاری ئور، هەروەها یەکەم پاشا بوو کە قانونێکی تایبەتی نووسییەوە. ئەم پاشایە سنوری دەوڵەتەکەی فراوانکرد و زۆربەی ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیای گرتەوە و بەرەو زاگرۆس بەڕێکەوت و هێرشیکردە سەر گوتییەکان لە گەرمیان، نووسینەکەی ئورنەممو دەڵێت ئورنەممو هێرشیکردە سەر "دەڤەری گوتی و سیمودار".[36] ئورنەممو لە هێرشێکیدا بۆ سەر گوتییەکان و داگیرکردنی ناوچەکانی گەرمیان کوژرا، بە پێی ناوەڕۆکی دەقی لاواندنەوەی ئورنەممو، دەبێت سەرەتا بریندارکرابێت و دواتر لەهەمان شەڕدا سەبڕدراوە و لاشەکەی لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێهێڵدراوە، بەلام دوای شەڕەکە سوپای سومەری مەیتەکەی

---

[31] طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ج1، بلاد الرافدين، بغداد(2012)،ص 409. هەروەها دەڕواندرێتە
RIME 3 1 Edzard 1997 Gudea and His Dynasty.
[32] انطون مورتكَات، الفن في العراق القديم، ترجمة:عيسى سلمان و سليم طة التكريتي، بغداد، (1975 )، ص ص205-229.
[33] RIME 3/1, Gudea E3/1.1.7. StB: vi 21-25.
[34] بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە:.Ahmed 2012: 69; Frayne 1999:159-162
[35] باقر (2012)، نفس المصدر، ص 414.
[36] RIME 3/2 Ur-Nammu E312.1.1, p.11.

دەبەنەوە بۆ ولاَتی سومەر و لە شاری ئور دەینێژن.[37] نووسینە سومەرییەکە بەم شێوەیە باسی کوژرانی ئورنەممو دەکات: "*لەو شوێنەی کە سەربڕدا و لاشەکەی ئورنەممو کەوتبوو وەك دۆلکەیەك(گۆزەیەك)ی شکاو*."[38]

### 2.2.14.نەخشەکەی دەربەندی گاور و کوژرانی ئورنەممو؟

یەکێك لەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کەلەوانەیە پەیوەندی بەهێرشی یەکێك لە پاشایانی بنەماڵەی ئوری سێیەمەوە هەبێت بۆ ناوچەی گەرمیان و قەرەداغ، نەخشی چیایی دەربەندی گاورە لە چیای قەرەداغ، ئەم نەخشە هەرچەندە لەسەرەتادا لەلایەن ئەدمۆنزی ئەفسەری بەریتانییەوە لەساڵی 1925دا بە نەخشی نەرامسینی ئەکەدی ناسێندرا، بەلاَم شێوازی کلاَو و ریشی و جلوبەرگەکەی لە نەرامسین ناچێت. بەڵکو شێوازی کلاَو و ریش و ملوانکەکەی لە وێنە هەڵکەندراوەکەی پاشا ئورنەمو دەچێت کە لەسەر میلەکەی لەشاری ئور دەردەکەوێت، هەرچەندە نووسین لەسەر نەخشەکەی دەربەندی گاور نییە و نووسین و هێمای خواوەندەکان لەسەر رووی ئەم نەخشە هەڵنەکەندراون. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم نەخشە نەخشی پاشا ئورنەمویە و بەهۆی کوژرانییەوە ورەکارییەکانی تری تۆمارنەکراوە یان هەر هونەرمەندەکە ویستوویەتی تەنها وێنەی پاشا جەنگاوەرەکە و دوو دوژمنە کوژراوەکەی خوار پێی هەڵبکەنێت؟ ئەوەی گومانی تێدانییە کوژراوەکانی خوار پێی پاشا کە بە قەبارەیەکی زۆر بچووکتر لە پاشا وێنەیان هەڵکەندراوە و وەك ئەوەی لە شاخەکەدا کوژرابن و کەوتوون لەسەرپشت هەردووکیان تەنورەی کورتی جەنگییان لەبەردایە و پرچێکی درێژیان لەدواوە هەیە. ئەم جۆرە پرچە تایبەتمەندی پیاوانی لوللوبییەکان بوو، واتە جەنگێك لەدەربەندی گاوری ناوچەی قەرەداغ روویداوە و دوژمنێك لە دەشتی سەنگاوەوە بەدەربەندی گاوردا، ویستوویەتی بگاتە ولاَتی لوللوبییەکان لە قەرەداغ و شارەزوور، ئەو دوژمنە بەپێی بەڵگەی ئەم نەخشەبێت سەرکەوتووە بەسەر لوللوبییەکاندا لەم دەربەندەدا و تۆماری سەرکەوتنەکەشی بە کێشانی ئەو نەخشە بە نەمری هێشتووەتەوە. جا ئەو پاشایە ئورنەمو بووبێت یان شولگی یاخود ئەمارسینی کوڕی لە تۆڵەی کوژرانی باوکیان هێرشیانکردووەتە سەر ناوچەکە، یان هەر پاشایەکی هاوسەردەمی ئەوان، جێی ئاماژەیە لەبەر نەبوونی نووسین لەسەر نەخشەکە ناتواندرێت هیچ کام لەم بۆچوونانە بەشێوەیکی رەها پەسەند بکرێت.[39]

### 3.سیموروم، شانشینە بەهێزەکەی گەرمیان

لە مێژووی کۆنی گەرمیاندا هیچ شانشین و دەسەلاَتێك وەك شانشینی سیموروم بەروونی مێژووەکەی تۆمارنەکراوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاشایانی ئەم شانشینیە بۆخۆشیان گرنگی زۆریان بە تۆمارکردنی هێرش و لەشکرکێشی و رووداوەکانی هاوسەردەمی خۆیان داوە، ئەمە جگە لەوەی کە سەرچاوە سومەرییەکان، بەتایبەت تۆمارە شاهانەکانی بنەماڵەی ئوری سێیەمی سومەریش باسیان لە لەشکرکێشی بۆسەر ئەم شانشینە کردووە.

---

[37] Samuel Noah Kramer, "The Death of Ur-Nammu and His Descent to the Netherworld," Journal of Cuneiform Studies, Vol. 21, Special Volume Honoring Professor Albrecht Goetze, The American Schools of Oriental Research, (1967), pp. 104-122. (URL: http://www.jstor.org/stable/1359365).

[38] RIME 3/2 Ur-Nammu E312.1.1, p.20. Kramer Op.Cit., p.118, line.59.

[39] بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی مێژووی نەخشەکەی دەربەندی گاور دەڕواندرێتە: دڵشاد عزیز زاموا، "نەخشەکەی دەربەندی گاور، شیکردنەوەی بەڵگە هونەرییەکان بۆ دیاریکردنی سەردەمەکەی، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 1، هەولێر، (2007)، لا.3-9.

### 3.1.هێرشەکانی کوڕەکانی ئورنەممو بۆ سەر شانشینی سیمورم لە گەرمیان

لەسەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەمدا شانشینی سیموروم یەکەم بەربەستی بەر ڕووی فراوانبوونی دەسەڵاتی سومەرییەکان بوو لە ناوچەکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی، لەبەر ئەوە پاشایانی ئەم بنەماڵەیە لەهەر لەشکرکێشییەکیاندا دژی گەلانی ڕاپەڕیوی زاگرۆس دەبوو هێرشبکەنە سەر گەرمیان و ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی شانشینی سیموروم داگیربکەن. لەدوای مردنی ئورنەمو شولگی (2094-2046پ.ز.) و ئەمارسین(2045-2037پ.ز.)ی کوڕی کە هەردووک یەك لەدوای یەك بوونە پاشای بنەماڵەی ئوری سێیەم و سنوری دەوڵەتەکەیان فراوانکرد و زۆربەی ناوچەکانی میسۆپۆتامیای گرتەوە و پەلی هاویشت بۆ ناوچەکانی زاگرۆس. شولگی زیاتر لە یازدە جار هێرشیکردووەتە سەر ناوچەکانی گەرمیان.[40]

شولگی نۆ جار هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی گەرمیان و سیمورروم، وا دیارە خەڵکی ناوچەکە و شانشینەکە هەموو جارێك دژی دەسەڵاتی سیمورروم ڕاپەڕیون، لەبەر ئەوە پێدەچێت هەموو زستانێك لەکاتی بەفر و ڕێبەنداندا خەڵکی سیمورروم ڕاپەڕینیان دژی سومەرییەکان ئەنجامدابێت و هەتا بەهار و بەفر تواندنەوە پاشای سومەری نەیتوانیوە لەشکرکێشی ئەنجامبداتەوە. بەم شێوەیە لە نووسینە شاهانەکانی سومەریدا باس لە هێرشەکانی شولگی بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان و زاگرۆس لە ساڵەکانی بیست و پێنجەم و بیست و شەشەم و سی و دووەم و سی و سێیەم و، لەساڵی چل و چوارەمیشدا دەڵێت بۆ نۆیەم جار شاری سیمورم وێرانکرا. ئەمەش واتای ئەوەیە کە جگە لە ساڵەکانی 25و 26 و 32 و 33یەم ساڵی 44چل و چوارەمیش هەر وێرانکردنی سیموروم کراوەتە گرنگترین ڕووداوی ساڵ و تۆماری ئەو ساڵانەی پێکراوە. بەڵام دیارە چوارجاری تریش لە نێوان ساڵانی 33 یەم و 44 هەمی فەرمانڕەوایی شولگیدا ئەم شارە هێرشیکراوەتە سەر، بەڵام هێرشەکان ئەوەندە گرنگەنەبوون کە تۆماری ئەو ساڵانەیان پێ بکرێت. بۆ نمونە لە تۆمارەکانی شولگی دا نووسراوە کە چ ساڵێك بەناوی وێنرانکردنی سیمورمەوە ناونراوە: *"مو سیموروم کی باخول"* واتە *" ئەو ساڵەی کە سیموروم وێرانکرا "*.[41]

لە ساڵی چل و چوارەمی فەرمانڕەوایی شولگی دا، بەناوی وێرانکردنی سیموروم و لولوبومەوە ناونراون:*"مو سیموروم کی ئو لولوبی کی ئارا 10 لال-کام-ئاش با-خول"* واتە : *"ئەو ساڵەی کە شاری سیموروم و شاری لولوبو بۆ نۆیەم جار وێرانکران."* [42]

### 3.2. ئیدی(ن)-سین، پاشا بەهێزەکەی سیموروم لە گەرمیان و زاگرۆس

بە ڕووخانی بنەماڵەی ئوری سێیەمی سومەری، کۆتایی هات بە دەسەڵاتی بنەماڵە سومەرییەکان لەسەردەستی گەلانی سوباری و ئاموری و عیلامی بوو. بەم شێوەیە بۆ ماوەیەك ناوچەکانی زاگرۆس توانییان دوور لە هێرشی دەوڵەتەکانی باشوور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا پشوویەك بدەن. ئەم دەرفەتە بۆ شانشینی سیموروم دەرفەتێکی زێڕین بوو، چونکە نەك هەر لە ناوچەی گەرمیان کە پایتەختی شانشینەکەی لێبوو بەڵکو سنوری شانشینەکە فراوانکرد و، زۆرێك لە شار و شانشینە لوللوبییەکان و خوررییەکان لە شارەزوور و سلێمانی و ڕانیە و بێتواتە کەوتنە بن دەستی پاشا ئیدی(ن)-سین و کوڕەکەی کە ناوی زابازونابوو. لەو تۆمارە

[40] بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی هێرشەکانی پاشایانی سومەری بۆ سەر شانشین و شاری سیموروم لەگەرمیان دەڕواندرێتە :
Ahmed, (2012), Op.Cit., pp.230-340.

[41] RIME 3/2 Frayne 1997 Ur III Period (2112-2004 BC), Šulgi.E3/2.1.2., p.104.

[42] RIME 3/2 Frayne 1997 Ur III Period (2112-2004 BC), Šulgi.E3/2.1.2., p.108.

شاهانانەی کە باس لە سەرکەوتنەکانی دەکات لەسەر پێنج میلی بەردین تۆماریکردوون، میلێکیان لەبناری چیای پیرەمەگرون دۆزرایەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانییە و بە میلی غەریب هەڵەدنی ناسراوە. هەروەها سێ میلە بەردینی تریان لە بێتواتە دۆزرانەوە و بردرانە مۆزەخانەی بەغدا، بەڵام گرنگترین میلیان میلێکی بەردینە کە جگە لە نووسین وێنەی پاشا و خواوەند عەشتاری جەنگیش لەگەڵ وێنەی پاشای شاری کوللونومی لەسەر هەڵکەندراوە. ئیدی(ن)-سین پێی خستووەتە سەرسنگی پاشای شاری کوللوننوم ئاورناخوش.[43]

## 4.نەخشی بێلولە، تۆماری جەنگێك لە سەر شاخەکانی رۆژهەلاتی گەرمیان

نەخشی هەڵکەندراوی بێلولە (کە ناسراویشە بە نەخشی هۆرێن-شێخان) لە دەربەندی بێلولە لە کۆتایی رۆژهەلاتی چیای بەمۆ و لە نزیك گوندی باخە هەنارە و گوندی بێلولە هەڵکەندراوە. ئەم نەخشە یەکێکە لە نەخشە هەڵکەندراوە مێژووییەکانی سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. لە لای راست (خۆرهەلات)ی رووی ناوەوەی دەربەندەکە لە شوێنێکی سەخت و بەرزدا هەڵکەندراوە. دیمەنە هەڵکەندراوەکانی سەرنەخشەکە پاشایەکی جەنگاوەری بێ ریش و سمێڵ و دوو دیل (کە بە شێوەیەکی بچووکتر لە پاشای سەرکەوتوو هەڵکەندراون) لەگەڵ نووسینێکی مێخی لەناو چوارچێوەیەکدا نیشان دەدات. پاشاکە تیروکەوانێکی پێیە و خەنجەرێکی بەدەستی راستی گرتووە و لە پشتییەوە سەبەتەی تیروکەوانەکە داندراوە.

نووسینەکانی سەر ئەم نەخشە وەك ئەوە وایە لەلایەن هونەرمەند(نەحات)ێکی نەخوێندەوارەوە هەڵکەندرابێت، چونکە نووسینەکە بەشێوەیەك هەڵکەندراوە وەك ئەوەی یەکێك وێنەی بکێشێتەوە نەك بینووسێتەوە، هەرچەندە ناوی پاشای سەر نەخشەکە بەشێوەی تاردوننی دەخوێندرێتەوە.[44] بەڵام ئەو خوێندنەوەیەش دڵنیانییە. لەبەر ئەوە تەمەنی ئەم نەخشە بە بەراوردکردنی لایەنە هونەرییەکانی بێت دەمانگەیەنێتە چەند دەرئەنجامێك دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەم نەخشە دیمەنی سەرکەوتنی چ پاشایەکی تۆمارکردووە؟ بەڵام لەبەر ئەوەی ناوی ئەم پاشایە لە هیچ تۆمارێکی زاگرۆس و میسۆپۆتامیادا نەهاتووە لەبەرئەوە نازاندرێت کە ئایا ئەم پاشایە پاشای چ گەلێك بووە؟ گومانی تێدانییە کە پاشەیەکی ناوچەیی بووە و لە دەشتەکانی میسۆپۆتامیاوە نەهاتووە. شێوازی جوڵەی پێی پاشاکە و دیلەکان بەتایبەت پێ خستنە سەر سکی دوژمنەکە هاوشێوەیە لەگەڵ دیمەنی چەند میلێك وەك میلەکەی شەمشی ئەدەدی یەکەم لە ماردین کە باس لەسەرکەوتنەکانی دەکات بەسەر پاشا بونو-عەشتار لە شاری قابرا لە نێوان پردێ و هەولێر. هەروەها پاشاکەی بێلولە ملوانکەیەکی لەملدایە کە لە ناوەڕاستدا بازنەیەکی خڕی پێداهەڵواسراوە ئەم جۆرە ملوانکەیە لە سەدەی 18ی ملی مۆسیقاژەنێکی وڵاتی بابل لەسەر تابلۆیەکی گڵێنەیی و هەروەها لە سەر وێنەکانی سەردیواری کۆشکی پاشا زمریلم لە شاری ماری (لە رۆخی رووباری فورات لە نزیك سنوری عێراق –سوریا) دەبیندرێن، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پاشاکەی نەخشی دەربەند بێلولە لەسەدەی19یان 18ی

[43] Shaffer, A. and N. Wasserman"Iddi(n)-Sîn, King of Simurrum: A New Rock Relief Inscription and a Reverential Seal. Mit einem Beitrag von Ursula Seidl," ZA 93 (2003), pp.1-52; Ahmed, (2012), Op.Cit., pp.273ff.

[44] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی نەخشی بێلولە دەڕواندرێتە: **Postgate, N., & Roaf, M.,** "The Shaikhan Relief," *al-Rāfidān* 18 (1997), pp.143-155.

پ.ز. دا ژیاوه. بەڵام ئەو پرسیارەی كە تا ئێستا جێگەی بەرِوونی وەڵامنەدراوەتەوە ئەویش ئەوەیە ئایا تاردوننی پاشای چ گەلێك بووە؟ پسپۆرِان دوو بۆچوونیان پێشنیاركردووە ئەویش ئەوەیە كە دەبێت پاشایەكی ناوچەیی خوررییەكان بووبێت، یان پاشایەكی لوللوبییەكان، بۆ لوللوبییەكان ئەگەرەكە لاواز دەبێت، چونكە لوللوبییەكان ریش و سمێڵیان دەهێشتەوە، بەڵام وێنەی پاشاكەی بێلولە بێ ریش و سمێڵە، پاشا ئیدین-سین لە وێنەكەی سەر میلەكەیدا كە لە بێتواتەی رۆژئاوای رانیە دۆزرایەوە و دزرا و دواتر فرۆشرا و ئێستا لە مۆزەخانەی ئورشەلیمە ئەویش بێ ریش و سمێڵە، ئیدی(ن)-سین پاشای شانشینی سیموروم بوو، ئەو شانشینەی پایتەختەكەی دەكەوتە ناوچەی گەرمیانەوە، پێشنیاردەكرێت كە لەناوچەی چیای زەنگان لە نزیك بەیەك گەشتنی چەمی پونگەڵە و رووباری سیروان بێت.[45] بەڵام ئایا پاشاكەی بێلولە پاشای شانشینی سیموروم بووە؟ ئەگەرپاشاكەی نەخشی بێلولە پاشای شانشینی سیموروم بووبێت، ئەوا دەبێت دوای پاشای ئیدی(ن)-سین بووبێت. ئەگەری تریش هەن، بۆ نمونە ئایا پاشاكەی نەخشی بێلولە پاشایەكی كاشییەكان بووە یان پاشای وڵاتی نامری ناوچەی گەرمیان بووە؟ لە ئێستادا ئەم پرسیارانە بێ وەڵامن.

### 5. پاشای ئاشوری شەمشی ئەدەدی یەكەم شاری ئارا پخا(كەركوك)ی داگیركرد

شەمشی ئەدەدی یەكەم هێرشی كردە سەر شاری ئارا پخا و داگیری كرد، بەم شێوەیە بەشێك لە ناوچەكانی گەرمیان كەوتە دەستی ئاشورییەكان.شاری ئاراپخا لە مانگی ئادار بەشداری لە جێژنی گەرمی كرد. ئەم بارە بەو شێوەیە مایەوە هەتا میتانییەكان دەوڵەتی ئاشوری كۆنیان رووخاند و لە سەدەی شازدەوە تا سەدەی چواردەی پ.ز. بوونە میراتگری دەوڵەتی ئاشوری[46]

### 6. كاشییەكان لەگەرمیان بەرەو بابل كۆچ دەكەن

كاشییەكان یەكێك بوون لە گەلە كۆنەكانی زاگرۆس، بەشێكیان لە سەدەی هەژدەی پ.ز. و لەوانەیە پێشتریش بەرەو وڵاتی بابل كۆچییان كرد،بەڵام نەیاتوانی دەوڵەتی بابلی برِوخێنن، لە ساڵی نۆیەمی فەرمانرِەوایی پاشای بابلی سامسوئیلونای كورِی حامورِابیدا كاشییەكان توانییان بە شێوەیەكی سەربازی خۆیان رێكبخەن و لەناوجەرگەی وڵاتی بابل بكەونە جەنگەوە لەگەڵ سوپای بابلی، بەڵام بە پێی نووسینە شاهانەكانی بابلییەكان كاشییەكان جەنگەكەیان دۆرِاندووە و سوپاكەیان تەفروتوناكراوە.[47] لەدوای ئەم رووداوەوە كاشییەكان بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك هیچ چالاكییەكی سەربازییان نەبوو بەڵكو بە بازرگانی و خۆ رێكخستنەوە خەریك بوون. لەبەر ئەوە بەشێكیان لە وڵاتی بابل مانەوە و بەشەكەی تریان

---

[45] RIME 3 2 Frayne 1997 Ur III Period (2112-2004 BC), p.104; Frayne, D., 1999 “The Zagros campaigns of Šhulgi and Amar-Suena” In:. Owen, D. I., and G. Wilhelm (eds.), *SCCNH* 10, Bethesda, Maryland: 141-201.

[46] Grayson, A. K., *Assyrian Rulers of the Third and Second Millennium B.C. (to 1115 BC), (The Royal Inscriptions of Mesopotamia: Assyrian Periods 1(*= RIMA I *))*, Toronto - Buffalo – London, 1987, .A.0.39.1001: ii’ 1- iv’.

[47] Brinkman, J. A., 1976-1980 b “Kassiten (Kaššû),” *RIA* V, Berlin, pp. 464-473; Ahmed 2012: 340.

رووبانكرده باكوری خۆرئاوا و بە رۆخی رووباری فوراتدا بەرەو ناوچەكانی باشوری جەزیرە لە ناوچەكانی باشوری كوردستانی رۆژئاوا لە سوریا. بەتایبەت شوێنەواری كاشییەكان لە ناوچەی تەرقە و لە ناوچەكانی رووباری فورات لە باشوری جەزیرە و ناوچەی عانەی فورات دەسەلاَتیان فراوانكرد و لەوێش لە رووی سەربازی و ئابورییەوە خۆیان رێكخستەوە.[48]

دوای ئەوەی حیثییەكان توانییان لە ساڵی 1595پ.ز. هێرش بكەنە سەر دەوڵەتی بابلی یەكەم و دەوڵەتەكەیان بڕوخێنن، حیثیيەكان دەسەلاَتی ولاَتی بابلیان رادەستی كاشییەكان كرد و خۆیان كشانەوە و، بەو شێوەیە كاشییەكان بوونە میراتگری دەسەلاَتی بابلییەكان لە ناوەڕاست ولاَتی بابل و باشوری میسۆپۆتامیا (ولاَتی بابل) و توانییان دەوڵەتی كاشی دا بمەزرێنن و ناویان نا ولاَتی كاردونیاش. ئەم دەوڵەتە لە ساڵی 1595پ.ز.ەوە تا ساڵی 1157پ.ز. بەردەوام بوو.[49]

### 6.1.ناوچەكانی گەرمیان دەبنە بەشێك لەدەوڵەتی كاشییەكان؟

لە دوای ساڵی 1595پ.ز.ەوە كاشییەكان توانییان بۆ ماوەی زیاتر لە چوار سەدە فەرمانڕەوایی باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا و بەشێك لە ناوچەكانی گەرمیانیش بكەن و كەوتنە كێشمەكێشم لەسەر ناوچەكانی گەرمیان لەگەڵ ئاشورییەكان و میتانییەكان و عیلامییەكان. لە كنەوپشكنینە شوێنەوارییەكانی تیمێكی نێودەوڵەتی لەگەرمیان لە ناوچەی كانی ماسی نزیك رووباری سیروان چەندین شوێنەواری سەردەمی كاشییەكانیان دۆزییەوە بەتایبەت ژمارەیەك پەرداخی گەورە كە ناسراون بە پەرداخی كاشییەكان.[50]

**6.2.گلێنەی كاشییەكان:** یەكێك لەو جۆرە گلێنە و گۆزە تایبەتانەی بە گلێنەی كاشییەكان ناسراوە، گلێنەیەكی شێوە لولەیی ناڕێكە. گلێنەكە بنكێكی بازنەیی پانی هەیە، پاشان لەگەڵ دەستپێكردنی لاشەكەی باریك دەبێتەوە، لەناوەڕاستی لاشەی گۆزەكەدا دووبارە ئەستوردەبێتەوە و پاشان شان و ملی گۆزەكە باریك دەبێتەوە. ئەم جۆرە گۆزەیە ناسراوە بە پەرداخی گەورە و درێژی كاشییەكان كە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (Kassite Goblet). ئەم جۆرە پەرداخە درێژانە جگە لەناوچەكانی سنوری دەوڵەتی كاشییەكان لە ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیا، لە ناوچەكانی گەرمیان و زاگرۆسیش دۆزراونەتەوە.[51] لە تازەترین دۆزینەوە شوێنەوارییەكاندا لە ناوچەی گەرمیان لەلایەن تیمێكی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان و زانكۆی گلاسكۆی بەریتانی و دارتماوثي ئەمریكی و زانكۆی بەتلیس لە باكوری كوردستان. لە شوێنەواری

[48] Brinkman, (1976-1980), pp.: 464-473.

[49]Brinkman, J. A., *A catalogue of cuneiform sources pertaining to specific monarchs of the Kassite dynasty, Materials and studies for Kassite history vol.1*, The Oriental Institute of the University of Chicago, (1976).

[50] Tevfik Emre Serifoglu, Claudia Glatz, Jesse Casana and Shwkr Muhammed Haydar, “The Siran (Upper Diyala) Regional Project-First Results,” in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013, Oxford : Archaeopress (2016, pp.. 403-410.

[51] Reade, J. E., “Kassites and Assyrians in Iran,” *Iran* XVI, (1978): 137-143.

كانی ماسی لە نزیك رۆخی رووباری سیروان ژمارەیەك لەم پەرداخانە دۆزرانەوە.[52] لە كنەوپشكنینەكانی ساڵی 2016دا، دۆزینەوەی بەڵگەی شوێنەواری بوو دەربارەی گرنگترین قۆناغەكانی شارستانییەت و ژیان لە ناوچەی كانی ماسی، شوێنەواری فراوانی شارستانییەت و ئاوەدانییەك بووە لەكۆتایی چاخی برۆنزی لە نێوان ساڵانی 1450-1150پ.ز. لەژێر رۆشنایی ئە نجامەكانی كنەوپشكنین لەم شوێنەوارەدا تیمەكە گەیشتوونەتە ئەو ئە نجامەی كە خانەدانەكانی ئەم ئاوەدانییە پەیوەندی شارستانی راستەوخۆیان لەگەڵ كاشییەكان لە وڵاتی بابل هەبووە.[53] ئەوكات كاشییەكان فەرمانڕەوای وڵاتی بابل (باشور و ناوەڕاست) و بەشێك لە باكوری میسۆپۆتامیا بوون. هەرچەندە ئەم تیمە شوێنەوارناسەی لە كانی ماسی كاری پشكنینیان ئە نجامداوە پێیان وایە كە پەیوەندییان لەگەڵ كاشییەكانی بابل هەبووە، بەڵام لەوانەشە دۆزینەوەی ئەم جۆرە پەرداخەی كاشییەكان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە لەناوچەی گەرمیان لەوكاتەی كە دەوڵەتەكەیان لە وڵاتی بابل هەبوو بەشێك لە كاشییەكان خۆیان لەم ناوچەیە دەژیان نەك ئەوەی كە ئەم تیمە شوێنەوارناسە پێشنیاریانكردووە كەوا تەنیا پیاوماقوڵانی ناوچەكە و فەرمانڕەواكان پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی كاشی لە وڵاتی بابل هەبووبێت. ئەم ئاوەدانییە لە سەدەی 13 و سەدەی 12ی پ.ز.هێرشی كراوەتەسەر و سووتێندراوە، ئەم بەروارەش هاوكاتە لەگەڵ هێرشی عیلامییەكان بۆ سەر دەوڵەتی كاشی، كە پێدەچێت لەناوچەی گەرمیانەوە هێرشیان كردبێتە سەر دەوڵەتی كاشی و رووخانی دەوڵەتی كاشی.

### 6.3.دوای رووخانی دەوڵەتەكەیان كاشییەكان گەڕانەوە بۆ گەرمیان

عیلامییەكان بەردەوام بوون لە هێرشكردنە سەر دەوڵەتی كاشییەكان و ئەوانیش بە پەرچیان دەدانەوە و سەردەمێكیش لە رێكەوتن هەبوو ئەوكاتەی كە شازادە ناپیراسوی كاشییەكان درا بە ئونتاش خومبانی پاشای عیلامی لە ساڵی 1250پ.ز. بەڵام دوای سەدەیەك عیلامییەكان هێرشێكی فراوانیان كردە سەر دەوڵەتی كاشی و لەساڵی 1157پ.ز. كۆتاییان بە دەوڵەتی كاشییەكان هێنا. دیارە زۆرینەی كاشییەكان گەڕانەوە زاگرۆس و گەرمیان، لەگەڵ ئەوەی بۆ زیاتر لە سێ سەدەش دوای رووخانی دەوڵەتەكەیان هەندێك كەسایەتییە كاشییەكان پلەو پۆستی سەربازی و فەرمانڕەواییان هەبوو لەوڵاتی بابل.[54] بەڵام بەشێكی زۆریان گەڕانەوە ناوچەكانی گەرمیان و زاگرۆس و لە وڵاتی نامری. لە خوارەوە وردەكاری زیاتر باس دەكەین.

### 7.دەوڵەتی میتانی رۆژئاوای گەرمیانی گرتەوە

لە سەدەی 15ی پ.ز. میتانییەكان و خوررییەكان توانییان ئیمپراتۆرییەتی میتانی دابمەزرێنن كە سنورەكانی بەشێكی زۆر لە رۆژئاوای كوردستان تا دەریای ناوەڕاست و بەشێكی گرنگی باكوری كوردستان و هەروەها لە باشوری كوردستانیش لە ناوچەكانی كەركوك و دەوروبەرییەوە بۆ ناوچەكانی نێوان زێی خواروو و رووباری دیجلەی دەگرتەوە و، پایتەختی

---

[52] ئەم تیمە لە ساڵی 2013 وە لە شوێنەواری (كانی ماسی)، لەم كنەوپشكنینە شوێنەوارییەدا بەڵگەی شوێنەواری گرنگییان لەسەر بەردەوام بوونی شارستانییەت و ژیان لە هەر لە سەردەمی چاخی بەردینی كانزاییەوە لە سەردەمی شارستانییەتی حەلەف (4900-4500پ.ز. تا سەردەمی ئیسلام ئاوەدان بووە، بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە : Casana & Glatz, (2017),pp. 47–69; Serifoglu, et al., (2016), pp. 403-410.

[53] Ibid, pp.403-410.

[54] دەربارەی رووخانی دەوڵەتی كاشییەكان دەڕواندرێتە Brinkman, J. A., *A political history of post-Kassite Babylonia, 1158-722 B.C.*, Roma: Pontificium Institutum Biblicum, 1968.

ئیمپراتۆرییەتی میتاننی لە شاری واششوكانی (تل عەجاجە لە پارێزگەی حەسەكە) بوو، هەروەها لە گەرمیان دوو شاری گرنگی میتاننی و خوررییەكان سەردەمی زێڕینیان دەستی پێكرد ئەوانیش شارەكانی ئارا پخا(كەركوك) و نوزی (وێران تە پە)ی خوار كەركوك بوون. لەم سەردەمەدا باری ئابوری و شارستانی ناوچەكە زۆر پێشكەوت و ئەم دوو شارە دەوڵەمەند بوون و تەنانەت بازرگانیكردن بە كۆیلەكانی ولاتی لوللوبییەكانەوە لە ناوچەی سلێمانی زیاتر بەرەوی سەند و پێیان دەوتر كۆیلەی نوللو (لوللو) و نرخیان لە كۆیلەكانی تر زیاتر بوو. شوێنەوارناسانی ئەمریكی لە سالآنی 1931-1933 ژمارەیەكی زۆر نووسینی مێخی و چەند كۆشك و پەرستگەیەك و چەندین مۆر و گلێنەی نەخشێندراو دۆزرانەوە، ئەمە جگە لە وێنەی سەردیواری كۆشك بە نەخشی میسرییە كۆنەكان كە پێدەچێت بۆ شازادەیەكی فیرعەونی رازێندرابێتەوە كە لەرێگەی هاوسەرگیری سیاسییەوە درابێتە شازادەیەكی میتانی و هاتبێتە نوزی و ئەو كۆشكەیان بە نەخشی فیرعەونی بۆ رازاندبێتەوە.[55] خوررییەكان هەر لە سەرەتای هەزارەی دووەمەوە بوونە زۆینەوە و فەرمانڕەوای شاری ئارا پخا لە كەركوك و شاری نوزی لە باشوری شاری كەركوك بووە بنكەیەكی سیاسی و ئابوری بەهێزی میتاننییەكان.

### 7.1.رووخانی دەوڵەتی میتاننی و داگیركردنەوەی گەرمیان

لە كۆتایی سەدەی چواردەی پ.ز. ئاشورییەكان و حاتی/حثییەكان توانیان كۆتایی بە ئیمپراتۆرییەتی میتانی بهێنن. ئاشورییەكان هێرشیان كردە سەر گەرمیان و شاری ئارا پخایان داگیركردەوە و ئەستێرەی درەوشاوەی شاری نوزیش كۆتایی هات. بەم شێوەیە بەشی رۆژئاوای ناوچەكانی گەرمیان كەوتەوە دەست ئاشورییەكان، بەلاَم كاشییەكان لە هەوڵدابوون بۆ دروخستنەوەی دەسەلاَتی ئاشوری لەبەشەكەی تری گەرمیان، لەبەر ئەوە بەردەوام لەشەڕ یان لە رێكەوتندابوون لەسەر ئەم ناوچانە.[56]

### 8.ولاَتی نامری (سێبەری دەسەلاَتی كاشییەكان) لە دڵی گەرمیاندا

نامری كە لەوەو پێشیش پێی دەگوترا (ناوار) هەرێمێكی گرنگ بوو و، كەوتبووە ناوچەكانی باكوری گەرمیانەوە لە سێگۆشەی نێوان ئارا پخا (كەركوك)-زاموا-میدیادا، وردتر دەكەوتە ناوچەكانی باكوری كەلار بۆ چیای بەمۆ و لەوێشەوە بۆ ناوچەكانی رۆژهەلاَت درێژدەبووەوە. لەنووسینە ئاشورییەكانی سەدەی نۆیەمی پ.ز.دا. ولاَتی نامری ناوچەیەكی دەوڵەمەند و سەرە رێگەیەكی گرنگ بوو بۆ ولاَتی میدیا و ناوەڕاستی ئێران و بۆ ولاَتی عیلام و لەرووی بازرگانی و سەربازییەوە گرنگی خۆی هەبوو، خەڵكەكەی لە بنەڕەتدا لە كاشییەكان و خوررییەكان بوون.

### 9.1. پاشای ئاشوری شالمانیسەری سێیەم هێرشیكردە سەر ولاَتی نامری:

شالمانیسەری سێیەم(858-824پ.ز.) بەم شێوەیە باس لە هێرشەكەی بۆ سەر ولاَتی نامری دەكات:

---

[55] **Starr, R.F.S., 1937** *Nuzi report on the excavation….*

[56] Brinkman 1976.

*"ماردوك-موداممیق، پاشای وڵاتی نامری، متمانەی بە هێزی سوپاكەی كرد. ژمارەیەكی زۆر لە ئەسپسوارەكانی كۆكردەوە بۆ ئەوەی جەنگ دژی من رابگەیەنێت و شەڕ دژی من بكات. ریزی شەڕی دامەزراند بەرامبەر من لە رۆخی رووباری ناماریتو. ئەوم بەزاند و سوارەكانیم لێ گرت. مەردوك-موداممیق، ترسا لە رووبەڕووبوونەوەی چەكە بەهێزەكانم و دەستبەرداری شارەكانی شومورزە، بیت-نێرگال، نیقیقوی وڵاتی توگلیاشی بوو، شارە شورەدارەكانی و ئەو سوپایانەش كە پارێزگارییان لێ دەكرد دەستبەرداری هەموویان بوو. بۆ ئەوەی ژیانی خۆی رزگار بكات ئەو رایكرد،(و)كۆشكەكانیم تالانكرد. خواوەندەكانیشیم بە تالانبرد. هەموو كەلوپەلەكان و شتومەكەكانی. كۆشكی ژنەكانی (و) ئەسپە راهێنرا و تەیكراوەكانی كە لە ژمارە نەدەهاتن."*[57]

شالمانیصەری سێیەمی دوای ئەو هێرشە لە ساڵی 842پ.ز.دا هێرشێكی تری بۆسەر نامری ئەنجامدا:

*"لە شانزەهەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیمدا بەرەو وڵاتی نامری (بە سوپاكەمەوە) بەرێكەوتم. مەردوك-موداممیق پاشای وڵاتی نامری بۆ ئەوەی ژیانی خۆی رزگاربكات رایكرد. كەلوپەل و سوپاكەیی و خواوەندەكانیم برد بۆ وڵاتی ئاشور. ئیبیانزو پیاوەكەی (بیت-خانبان)م كردە بەرپرسی وڵاتی نارمری."* [58]

بەڵام وادیارە دوای هەشت ساڵ ،ئیبیانزو، ئەو میرە كاشییەی كە شالمانیصەری پاشای ئاشوری متمانەی پێكرد و لەجێگەی مەردوك-موامیق كردییە فەرمانڕەوای نامری، ئەویش راپەڕی دژی شالمانیصەر، لەبەر ئەوە شالمانیصەر لەساڵی 834پ.ز.دا باسی لەشكركێشییەكی تر دژی ئیبیانزو و نامری دەكات:

*"لە بیست و چوارەمین ساڵی فەرمانڕەواییمدا لە رووباری زێی بچووك پەڕیمەوە و بە چیای خاشیموردا تێپەڕیم (و) بەرەو وڵاتی نامری داگەڕام، ئیبیانزو، پاشای وڵاتی نامری لە چەكە بەهێزەكانم ترسا و بۆ ئەوەی ژیانی خۆی رزگاربكات هەڵهات. شارەكانی سیخیشالاخ، بیت-تامول، بیت-شاككی (و) بیت-شێدی م گرتن، (ئەوانە) شارە شورادارەكانی (ئیبیانزو)بوون. خەڵكی ئەو شارانەم قەتلوعام كردن، تالانمكردن، كاول و وێرا نمكردن (و) سوتاندمن. ئەوانەی رزگاریان بوو خۆیان گەیاندە لوتكەی چیایەك، گرتمن و سەرمبڕین و تالانم كردن (و) كەلوپەلەكانیانم هێنایە خوارەوە."* [59]

ئەم دەقە گرنگی خۆی هەیە و هەموو ئەو بۆچوونانە رەت دەكاتەوە كە پسپۆڕان پێیان وایە نامری دەكەوێتە دیوی سنوری ئەمڕۆی ئێران، ئەم دەقە راستەوخۆ دەڵێت لە دوای پەڕینەوە لەزێی بچووك و تێپەڕبوون بە دەربەندی شاخی خاشیموردا گەیشتووەتە وڵاتی نامری، تەنانە پاشا نەگەیشتووەتە رووباری سیروان، لەبەر ئەوە پایتەختی نامری دەكەوتە رۆژئاوای رووباری سیروان و لەبەشی باكوری گەرمیان و دەربەندی خاشیمور یان یەكێك بووە لە دەربەندەكانی قەرەداغ یان دەربەندیخان بووە.

[57] RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.6.7-20, p.40.
[58] RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.14: 93-95, p.67.
[59] RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.14: 110-119.

وادەرەكەوێت كە شالمانیصەری پاشای ئاشوری بەتەواوەتی لە یاخیبوونەكانی ئیبیانزوی پاشای نامری و دەوروبەری بێزاردەبێت، لەبەر ئەوە هەر بەو هێرشەوە نەوەستا كە لە ساڵی 834پ.ز.دا كردییە سەر وڵاتی نامری كە ئیبیانزو خۆی رزگاركرد و چووە لوتكەی شاخەكە، ئەم جارە شالمانیصەر هێرشێكی لەناكاوی كردە سەر وڵاتی نامری و ئیبیانزوی گرت و لەگەڵ بتی خواوەندەكانیدا بۆ شاری ئاشور رایگواستن، و شالمانیصەر بەم شێوەیە باسی ئەم هێرشە دەكات:

*"(بە خۆم و سوپاكەمەوە) بۆ دووەم جار بەرەو وڵاتی نامری جوڵام، ئیبیانزوم بەدیل گرت و لەگەڵ خواوەندەكانی و تالآنی وڵاتەكەی (و) كەلوپەلی كۆشكەكەی هەموویانم بۆ شارەكەی خۆم (شاری) ئاشور راگواست.* [60]"

**10.وشكەساڵی و باران بڕانی ساڵانی 714پ.ز. لە گەرمیان**

عەشتار-دوری لە ساڵی 714پ.ز.دا پارێزگاری ئاراپخا (كەركوك) بوو، لە یەكێك لە نامەكانیدا بۆ پاشای ئاشوری سارگۆنی دووەم مژدەی بارانبارینی دەداتێ و پاشا دڵنیا دەكاتەوە كە پەڵەیداوە و كشتوكاڵ و دانەوێڵە لەمەترسی رزگاری بووە و دەڵێت :

*"بارانێكی زۆر باری، بەروبوومی دانەوێڵە زۆر باش دەبێت، پاشا، گەورەی من دەتوانیت دڵخۆشبێت."* [61]

**11.سەنحاریب كاشییەكانی لە چیاكانی گەرمیانەوە بۆ نزیك ئاراپخا(كەركوك) راگواست**

هەروەك لە سەرەوە باسمكرد، كاشییەكان یەكێك بوون لە گەلە كۆنەكانی ناوچەی گەرمیان و توانییانە لە سەدەی 16 تا 12پ.ز. دەوڵەتی كاشی لە وڵاتی بابل دابمەزرێنن و باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا و بەشێك لە گەرمیان بخنە سنوری دەوڵەتەكەیانەوە. دوای رووخانی دەوڵەتەكەیان زۆربەیان گەڕانەوە گەرمیان. دوای چوارسەد و پەنجا و پێنج ساڵ لە رووخانی دەوڵەتی كاشییەكان، دووبارە ناوی كاشییەكان لەگەرمیان دەردەكەوێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە ئەم گەلە رەسەنە ماونەتەوە و هۆكارەكەشی ئەوەبووە چونكە خەڵكی رەسەنی ناوچەكەبوون. پاشای ئاشوری سەنحاریب (704-681پ.ز.) لە ساڵی 702پ.ز. دا هێرشی كردە سەر ناوچە شاخاوییەكانی رۆژهەڵاتی كەركوك لە رۆژئاوای رووباری سیروان/دیالە. لە هێرشەكەیدا بەم شێوەیە باس لە سەركەوتنەكانی دەكات:

*"خواوەند ئاشور، خوای من، هانی دام و منیش بەرەو وڵاتی كاشییەكان و وڵاتی ئیاسوبیگاللییەكان (بە سوپاكەمەوە) جوڵەمكرد، ئەوان دوژمنێكی ترسناكن و لەوكاتەی كە كەس بەبیری نایە بۆ هیچ پاشایەك لە پاشایانی باپیری من ملكەچ نەبوون." "لە چیا بەرزە زۆر سەختەكان (ئەوەندە سەخت بوون بەناچاری لە ئەسپ و عارەبانەكەم دابەزیم) بە سواری ئەسپ (بە شاخەكەدا سەركەوتم) و عارەبانەكە (شاهانەكە)ی خۆم لەسەر ملی پیاوەكانم(سەربازەكان)م هەڵگرت. لە بەشێكی زۆر سەختی چیاكەدا (نەمتوانی بە ئەسپ بڕۆم) بە پیادە وەك گامێشێكی كێوی دەسوڕامەوە." "گەمارۆی شاری بیت-كیلمازەخ م دا و شارە شورادارەكەیانم داگیركرد. خەڵكەكەیم بە گەنج و پیرەوە راگواست، ئەسپەكانیان، ئێسترەكانیان، كەرەكانیان،*

---

[60] RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.40: Iii 1-2a, p..
[61] *SAA* XV 94: 14-15.

*گامێشەکانیان و مەڕ و بزنەکانیان و هەموویانم وەك تالانی شەڕ هەژمارکرد. هەموو نشینگە بچووکەکانیان کە لە ژمارە نەدەهاتن تێکم دان و وێرانمکردن و بڵاوەمکردنەوە، و کردمن بە کاولە. بە ئاگر هەموو کەپر و دەوارەکانیان کە پشتیان پێی بەستبوو سوتاندمن و هەموویانم کرد بە خۆڵەمێش." "شاری بیت-کیلمازەخم دووبارە نۆژەنکردەوە و کردمەوە بە شارێکی شوراداری بەهێزتر لە جاران. خەڵکی وڵاتانی تر کە داگیرمکردبوون رامگواستن بۆ ئەم شارە و نیشتەجێمکردن. خەڵکی وڵاتی کاشییەکان و خەڵکی وڵاتی ئیاسوبیگاللییەکان کە لە ترسی چەکەکانم رایانکردبو لە شاخەکان هێنانە خوارەوە و لە شارەکانی خاردیشپو و بیت-کوباتتی نیشتەجێمکردن. هەموویانم خستەژێر دەسەلاتی یەکێك لە خەسێندراوەکانی خۆمەوە کە پارێزگاری شاری ئارا پخا بوو.[62] لەسەر میلێکی بەردین هەموو سەرکەوتن و داگیرکارییەکان کە بەدەستمهێنابوو بەسەریاندا تۆمارمکرد و میلەکەم لەو شارەدا چەقاند."[63]*

**سه نحاریب تەنها ناوی یەك شاری هێناوە، ئەویش شاری بیت-کیلمازەیە، هەروەها دەڵێت چەندین نشینگە بچووکی لە ژمارە نەهاتوو لە دەوروبەری ئەم شارە بوون. پاشان دەڵێت "بە ئاگر کەپر و خێمەکانیانم سوتاندن." هەروەها دەڵێت "ئەسپ، ئێستر، کەر، گامێش، مەڕ و بزن"م وەك تالانی جەنگ برد.[64] و دەڵێت خەڵکەکەم لە شاخەکان هێنایە خوارەوەوە، لە ناوەڕۆکی ئەم نووسینەی سه نحارییەوە تێدەگەین کە کاشییەکان و یاسوبیگاللییەکانیش شوانکارەبوون، و لەوانەیە گەرمێن و کوێستانیان کردبێت. چونکە نووسینەکە ئاماژە بە کەپر و دەوارنشینەکان دەکات. هەروەها لە نێو تالانییەکاندا تەنها ئاژەڵی ئەسپ و ئێستر و کەر و مەڕو ماڵات و گامێش ئاماژەی پێکراوە، ئەم جۆرە دەستکەوتانەش لە خەڵکی شارنشین بەدەستنایەن و لەوانەیە ژیانیان پشتی بەستبێت بە شوانکارەیی، هەرچەندە بەشێکیان لە شاری (بیت-کیلمازە) ژیاون، بەڵام زۆرینەیان شوانکارەی گەڕۆك بوون و دەوارنشین بوون.**

**12. پارێزگاری دێر (ناوچەی بەدرە و مەندەلی) نامە نووسی دەویست:**

**پارێزگاری دێر (ناوچەی بەدرە و مەندەلی) کە ناوی سین-ناعدی بوو، هەرچەندە دەیتوانی بنووسێ، بەڵام خوێندەوارییەکەی زۆر باش نەبوو، لە نامەیەکدا بۆ پاشای ئاشوری سارگۆنی دووەم دەنووسێت و داوای ناردنی نووسەرێك دەکات بۆ دیوانی پارێزگار، چونکە نووسەری نەبووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو نامەیە کە بە خەتی مێخی و زمانی ئەکەدی (شێوەزاری ئاشوری)نووسراوە، چەند هەڵەیەکی رێزمانی تێدایە، ئەمەش بەشێکی نامەکەیە:**

---

[62] پاشایانی ئاشوری لە هەندێك بنەماڵە گەنجانیان هەڵدەبژارد و دەیانخەساندن(لە پیاوەتییان دەخستن) و، پاشان لە کۆشکدا رادەهێندران بۆ کاری نووسین و کارگێڕی و ئابوری کۆشك و، دەبوونە نزیکترین کەسانی پاشا لە رووی متمانەوە، چونکە پاشا لە دوو رووەوە لێیان دڵنیادەبوو، لەرووی خیانەتی سیاسی و خێزانییەوە، لە هونەری ئاشوریدا ئەم خەسێندراوانە بێ ریش و سمێڵ و قژدرێژن.

[63] RINAP 1, 3.1., p.10; 3.1.3. 20-26, p.52; RINAP 3/1: 20-26; Zadok 2002b: 8.10

[64] RINAP 3/1: 20-26.

*"بۆ پاشا، گەورەی من، خزمەتکارت سین-ناعدی. هیوای تەندروستییەکی باش بۆ پاشای من. لەو شوێنەی کە پاشا منی ناردووە(بمە پارێزگار، واتە لە دێر) نووسەرم نییە. با پاشا راستەوخۆ لەرێگەی پارێزگاری ئارا پخا (کەرکوک)ەوە یان لە رێگەی (ئاشور-بێلو-تاقێن)ەوە نووسەرێکم بۆ بنێرێت."*[65]

**13.کە یخوسرەوی میدیا لە ئەیلولی 615پ.ز. دا شاری ئارا پخا(کەرکوک) ی لە ئاشورییەکان رزگارکرد**

لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی 615پ.ز.دا کە یخوسرەوی پاشای میدیا لە کرماشانەوە بەرەو گەرمیان هات و توانی شاری ئارا پخا و گەرمیان لە دەستی ئاشورییەکان دەربهێنێت و بیخاتە سەر دەوڵەتی میدیا. لە تۆماری شاهانەی بابلییەکاندا بەم شێوەیە باس لەم رووداوەکراوە و بە زمانی بابلی نووسراوە:*"ئینا (ئاراخ) ئاراخسامنی مات مادای ئانا مات ئاراپخو ئوردامما...."* واتە *"لە مانگی ئۆکتۆبەردا وڵاتی میدیا(میدییەکان) هاتنەخوارێ بەرەو وڵاتی ئارا پخا."*[66]

ئەمەش هەنگاوێك بوو بۆ هێرشکردنە سەر دەوڵەتی ئاشوری و توانی لەماوەی سێ ساڵی تردا شارەکانی ئەربائیل(هەولێر) و ئاشور و پاشان لە ساڵی 612پ.زدا نەینەوای پایتەختی ئاشورییەکانی گرت و بەم شێوەیە گەرمیان و گشت ناوچەکانی زاگرۆس و باکوری میسۆپۆتامیا بوونە بەشێك لە ئیمپراتۆرییەتی میدیا.

**14.لە ساڵی550 پ.ز.دا فارسەکان ئیمپراتۆرییەتی میدیا دەڕوخێنن و گەرمیانیش داگیردەکەن**

لە ساڵی 550پ.ز.دا میری فارسی کۆرشی دووەم توانی ئیمپراتۆرییەتی میدیا بڕوخێنێت و بەم شێوەیە هەموو زاگرۆس و ناوچەکانی گەرمیان کەوتە دەستی فارسەکان. لە ساڵی 547پ.ز. دا کۆرش بە گەرمیاندا بەرەو ئەربائیل *"لە مانگی نیساندا، پاشای وڵاتی پارسو، سوپاکەی کۆکردەوە و لە خوار ئەربیل(هەولێر)ەوە پەڕییەوە."*[67] و لەوێوە ئورارتو (لە باکوری کوردستان) و لیدیا(لە رۆژئاوای ئەنادۆڵ)ی داگیرکرد.

**15. لە 1ی ئۆکتۆبەری ساڵی 331پ.ز.دا ئەسکەندەری مەکدۆنی لە شەڕی ئەربێلادا کۆتایی بە ئیمپراتۆرییەتی فارسی هاخامەنشی هێنا و بە گەرمیاندا بەرەو بابل رۆیشت.**

**16.گۆڕی میرەکانی سەردەمی ئەشکانی لە گەرمیان لە شوێنەواری سەر قەڵا دۆزرایەوە (57پ.ز. تا 191ز.)**

لە ساڵی 138پ.ز. ئەشکانییەکان دەوڵەتی سەلوقی دەڕوخێنن و تا 224ز. فەرمانڕەوایی زاگرۆس و ئێران و میسۆپۆتامیا دەکەن و، ناوچەکانی گەرمیانیش لەم سەردەمەدا گرنگی خۆی هەبوو بەتایبەت کە لە تەیسەفونی پایتەختی ئەشکانییەکانەوە زۆر دوورنەبوو. لەم سەردەمەدا زۆربەی ناوچەکان ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبوو.

یەکێك لەو دۆزینەوە گرنگە شوێنەوارییانەی کە لە ناوچەکانی گەرمیان ئەنجامدراون، گۆڕە گومەزدارەکەی میرەکانی گەرمیانە کە لە سەردەمی ئەشکانیدا لەوێ نێژرابوون و گۆڕی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا و دەوڵەمەندی گەرمیان بوون. ئەم گۆڕە لە سەرقەڵا دۆزرایەوە و لە ساڵی 2013دا لەلایەن تیمێکی شوێنەوارناسی گەرمیانەوە کنەوپشکنینی تێدائەنجامدرا. لەم

[65] *SAA* XV 17; Radner 2014a: 69.
[66] Wiseman 1956 B.M.21901.line.23. p.57.
[67] Amélie Kuhrt, The Persian Empire: A Corpus of Sources from the Achaemenid Period, USA, 2007, p.50.

گۆڕەدا چەند تابوتێکی گڵجۆشی ڕەنگ شوشەیی پیرۆزەیی دۆزرانەوە لەگەڵ ئێسکی چەند میر و شازادەیەك و، چەندین کەلوپەلی و سکەی سەردەمی ئەشکانی کە ئێستا لە مۆزەخانەی گەرمیان لە قەلای شێروانە نمایشکراون. لەنێو ئەو پارچە شوێنەوارانەدا ژمارەیەك سکەی ساسانی دۆزرانەوە کە بۆ سەردەمی چوار پاشای ئەشکانی دەگەڕێنەوە، ئەوانیش سکەکانی پاشا (ئۆرۆدێسی دووەم کە ناسراوە بە ئەردەدۆم (57-38پ.ز.)، ڤۆلۆگاسێس(بەلاش)ی یەکەم (51-78ز)، ئەرتەبانۆس( ئەردەوان )ی سێیەم (80-90ز.)، ڤۆلۆگاسێس( بەلاش )ی سێیەم (105-147ز.)، ڤۆلۆگاسێس( بەلاش )ی چوارەم (147-191ز.).[68]

17. پەیکوڵی یەکەم مۆنۆمێت لە گەرمیان و درێژترین نووسینی شاهانەی ساسانی لە جیهان

پاشای ساسانی نێرسە (293ز)، لەدوای مردنی باوکی لە کێشەو جەنگدابوو لەگەڵ مامی کە تەختی شاهانەی ساسانی لێ زەوتکردبوو. لەبەر ئەوە نێرسە هەوڵیدا کە لایەنگران لە ناوچە و هۆز و نەتەوە جیاوازەکانی سنوری دەوڵەتی ساسانی لەخۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی تەختی شاهانەی ساسانی بەدەستبهێنێتەوە. ئەوەبوو لە باکوری خۆرئاواوە بەرەو ناوجەرگەی دەوڵەتی ساسانی گەڕایەوە و لە پەیکوڵی لە رۆژئاوای دەربەندیخان توانی سەرکەوتن بەسەر مامیدا بەدەستبهێنێت. بۆ ئەم یادەش مۆنۆمێنتێکی سەرکەوتنی دروستکرد لە شێوەی قوللەیەکی گەورەی لاکێشەیی بەردین و بە پەیکەری گەورەی سەری خۆی رازاندییەوە و، لە سەر دەیان بەردی گەورە بە ئەلف و بێی پەهلەوی و ئەشکانی سەرکەوتنەکەی خۆی و ناوی هەموو ئەو هۆز و نەتەوانەی کە هاوکاری بوون تۆمارکردووە. بەم شێوەیە ئەم نووسینەی نێرسە بەدرێژترین نووسینی شاهانەی ساسانییەکان دادەندرێت لە جیهاندا، بەردەنووسراوەکان ئێستە لە مۆزەخانە سلێمانین.[69]

17.2.تۆپ عەسکەر، شوێنەواری ئاوەدانییەکی ساسانییەکان

لەم چەند ساڵەی رابردوودا شوێنەوارناسانی گەرمیان ژمارەیەك شوێنەوار و ئاوەدانی شوێنەواری گرنگیان دۆزییەوە، لە نێویاندا شوێنەواری تۆپ عەسکەربوو، کە ئاوەدانییەکی سەردەمی ساسانییەکان بوو چەندین پارچە شوێنەواری ئەم سەردەمەی تێدا دۆزرایەوە، لە نێوانیاندا گڵێنە و سکەی ساسانی تێدابوو.[70]

17.3.گۆڕەخمەکانی کفری

لەباکوری رۆژئاوای کفری چەندین گۆڕەخمە لە ناوچە چیاییەکە هەڵکەندراون، ئەو گۆڕانە گۆڕی زەردەشتییەکانی سەردەمی ساسانییەکانن و شوێنەکەشیان لەڕێگەی سەرەکی حەجی زەردەشتییەکان بووە لە تەیسەفونەوە بەرەو تەختی سولەیمان وشیز.

---

[68] بە سوپاسەوە تیمەکەی شوێنەواری گەرمیان راپۆرتەکەیان نیشاندام و رێگەیان پێدام کە بەکورتی ئاماژە بەم دۆزینەوەیە بکەم.

[69] Gianfilippo Terribili and Alessandro Tila, “The Activities of the Italian Archaeological Mission in Iraqi Kurdistan (MAIKI): The survey area and the new evidence from Paikuli blocks documentation,” in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. *Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013*, Oxford : Archaeopress, (2016), pp.417-426.

بۆ وردەکاری دەقەکە، دەروانڕێتە : کۆزاد محمد ئەحمەد، "پەیکوڵی : شوێنەوارێکی گرنگ...دەقێکی لەبیرکراو،" ژین 3( 2011 ): ل 11-36.

[70] بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری گەرمیان، "راپۆرتێکی سەرەتایی دەربارەی کنەوپشکنینەکانی گۆڕستانی تۆپ عەسکەر،" گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 8، هەولێر (2014)، لا 133-154.

ئەمە جگە لەو شوێنەوارانە، شوێنەواری كۆشكی حەوش كوڕو و جۆگەی گاوری كە هەردووكیان بە شوێنەواری سەردەمی ساسانی دادەندرێن.[71]

**كۆتایی و دەرئە نجامەكان**

**لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرئە نجامێك:**

1. هەروەك بەڕوونی دەردەكەوێت، بۆ نووسینەوەی كرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان چەندە پێویستمان بە تۆمارە كۆنەكان هەبوو، ئەوەندەش بەڵگە و دۆزینەوە شوێنەوارییەكان وەك كەرەستە و بەڵگەی مادی لایەنە شاراوەكانی مێژوو و شارستانییەتی ئەم ناوچەیە روون دەكەنەوە.
2. بەڵگە شوێنەوارییەكان دەریانخستووە كە ناوچەكانی گەرمیان یەكێكن لە كۆنترین ئەو ناوچانەی كە سەرەتای ژیانی مرۆڤی تێدا دەركەوتووە و، زیاتر لە سەد و بیست هەزارساڵ لەمەوبەر لە پێدەشتەكانی چیاكانی دەوروبەری گەرمیان مرۆڤی چاخی بەردینی كۆن ژیاوە.
3. یەكێك لە كۆنترین كارەكانی هونەری هەڵكەندن لەسەر بەرد لە ناوچەی هۆرێن دۆزاوەتەوە، كە دیمەنی بزنە كێوییە و مرۆڤەكانی چاخی بەردینی ناوەڕاست دروستیان كردووە.
4. رۆڵی مرۆڤەكانی ناوچەی گەرمیان لە شۆڕشی كشتوكاڵی چاخی بەردینی نوێدا بەڕوونی دیارە، لە گوندی چەرموو كشتوكاڵ و گۆزەدروستكردن و بیناسازی لادێ لەو داهێنانە گرنگانەبوون كە لە هەزارەی حەوتەمی پ.ز.ەوە هەتا سەدەیەك لەمەوبەر بەهەمان شێوازە لە ناوچەكەدا بەردەوام بوون.
5. لە نزیك مەندەلی لە چۆخە مامی دیمەنی كۆنترین هەڵپەڕكێی كوردستان دۆزایەوە، كە دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی سامەڕا (5500-4900پ.ز.). ئەم هەڵپەڕكێیە لەوانەیە بۆ باران بارین بووبێت.
6. لە چاخی بەردینی كانزاییدا ژیان و شارستانییەت لە گەرمیان بەردەوام بووە، لە گردی رەحیم نزیك ناحیەی رزگاری شوێنەواری كۆنترین گوندی ئەم سەردەمە دۆزرایەوە كە ئەویش شێوازای بیناسازی و گڵێنەی شارستانییەتی حەلەف (4900-4500پ.ز.)ە.
7. ژمارەیەك گەلی رەسەنی كۆنی زاگرۆس لە ناوچەكانی گەرمیان دەژیان وەك گوتییەكان، بەشێك لە لوللوبییەكان، خوررییەكان (بەتایبەت شانشینی سیمورروم و پاشایانی شاری كارخار) و كاشییەكان و پاشان میتانییەكان. هەروەها ئامورییەكانیش لە كۆچە درێژەكەیاندا لەوڵاتی شامەوە بە باكوری میسۆپۆتامیادا هاتنە گەرمیان و دواتر بەرەو ناوچەكانی باشور بەرێكەوتن و هەندێكیان لە باشوری رۆژئاوای گەرمیان نیشتەجێ بوون. جگە لەوەی ئاشورییەكان عیبرییەكان و ئارامییەكان و تەنانەتە تاكە تاكە یۆنانییەكانی كەناراوەكانی ئەنادۆڵیان بۆ ناوچەكانی دەوروبەری گەرمیان راگواستووە.

---

[71] بریار احمد، بررسي و تحلیل باستان شناختي اثار معماری ساسانی منطقه بین رودخانة های زاب كوچك و سیروان، پایان نامه برای دریافت درجه كارشناسی ارشد گروه باستان شناسی، دانشگاه تهران، دانشگاه ادبیات و علوم انسانی، 2018، 55.

8. یەكێك لە ئەنجامە گرنگەكانی ئەم توێژینەوەیە تیشكخستنە سەر كاشییەكانە، ئەو گەلە رەسەنەی زاگرۆس كەلە سەرەتای هەزارەی دووەمەوە بەشێكیان كۆچیانكرد بۆ ولاتی بابل و دواتر بۆ ناوچەكانی فوراتی سوریا، و لە ساڵی 1595پ.ز. توانییان دەوڵەتی كاشی دابمەزرێنن و هەموو باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا و بەشێك لە گەرمیان بخەنە سەر ئەم دەوڵەتە. تازەترین بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەكانی كەناری رووباری سیروان لەگەرمیان بەڵگەی بوونی كاشییەكان لە گەرمیان پشتڕاست دەكاتەوە. هەروەها بە پشت بەستن بە نووسینە شاهانەكانی سەنحاریبی پاشای ئاشوری توێژەر توانیویەتی دوو خاڵ روون بكاتەوە، یەكەم ئەوەیە كە كاشییەكان دوای رووخانی دەوڵەتەكەیان گەڕاونەتەوە گەرمیان و لە شاخەكانی رۆژهەلاتی گەرمیان و رۆژهەلاتی هەرێمی ئاراپخا(كەركوك)ژیاون. دووەم خاڵ ئەوەیە كە كاشییەكان دوای زیاتر لە چوار سەدە لە رووخانی دەوڵەتەكەیان هەروەك گەلێك مابوونەوە و زیاتر لە چیا سەختەكانی دەوروبەری گەرمیاندا بە بەخێوكردنی ئاژەڵەوە خەریك بوون و تا بۆ دواجار لە ساڵی 702پ.ز. سەنجاریب زۆربەیان راگواست بۆ سنوری پارێزگای ئاراپخا و لەوێ نیشتەجێی كردن و خەڵكی ناوچەكانی تری بەزۆر راگواستووە بۆ شار و ناوچەكانیان. ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن كە كاشییەكان یەكێك بوون لە گەلە كۆنەكانی گەرمیان بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ لە سەدەی هەژدەی پ.ز.ەوە تا كۆتایی سەدەی هەشتەمی پ.ز. لە ناوچەكەدا ژیاون و دواتریش زۆرینەیان راگواستراون بۆ رۆژئاوای گەرمیان لەسنوری ئاراپخا(كەركوك)، بەم شێوەیە روون دەبێتەوە كاشییەكان گەلێكی رەسەنی گەرمیان بوون. بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەكانی كانی ماسی نزیك رووباری سیروانیش ئەو راستییە دەسەلمێنن كە تەنانەت لەوكاتەی كاشییەكان لە باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا دەوڵەتیان هەبوو، لە گەرمیان كاشییەكان دەژیان و پەیوەندییان لەگەڵ كاشییەنی سنوری دەوڵەتی كاشی و گلێنە و دۆلكە گلێنەییە(Kassite Goblets)كانی كاشییەكان باشترین بەڵگەن).

9. پاشایانی سومەری لە هێرشی بەردەوام دابوون بۆ سەرناوچەكانی گەرمیان، چونكە ناوچەیەكی ستراتیجی و گرنگ بوو كە دەشتەكانی میسۆپۆتامیای بە زاگرۆس و بانەكانی ئێران و دەشتەكانی ولاتی عیلامەوە دەبەستەوە. ئورنەموی پاشای سومەری لەشەڕێكدا لە ناوچەی گەرمیان كوژرا، شولگی كوڕی نۆ جار هێرشیكردە سەر شانشینی سیموروم لەگەرمیان. لەوانەیە نەخشی دەربەندی گاور یەكێك لەو دوو پاشایە نیشان بدات و دوژمنەكانی پاشاكەش لە لوللوبییەكان بوون كە هاوسنوری شانشینی سیمورروم بوون.

10. نەخشی بێلولە كە دیمەنی پاشایەكی جەنگاوەری سەركەوتووی ناوچەی گەرمیان نیشان دەدات، مێژووەكەی بۆ سەدەی 19پ.ز. دەگەڕێتەوە. نووسینەكەی سەری زۆر باش ناخوێندرێتەوە چونكە ئەو هونەرمەندەی كە نووسینەكەی لەسەر شاخەكە هەڵكەندووە لەبەر نووسینێكی تر نووسیویەتییەوە، لەوانەیە هونەرمەندە خوێندەوار نەبووبێت.

11. دۆزینەوەی گۆڕە شاهانەكەی سەرقەلا كە بۆ سەردەمی ئەشكانییەكان دەگەڕێتەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات كە گەرمیان وەك هەوڵێر گرنگ بووە بۆ میر و پاشایانی ئەم سەردەمە.

12.ناوچەکە گرنگی زۆری هەبووە لەسەردەمی ساسانییەکاندا، لەگرنگترین ئەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کە لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە نووسینە شاهانەکانی پاشا نێرسەیە کە درێژترین نووسینی شاهانەی ساسانییەکانە. هەروەها دۆزینەوەی شوێنەواری تۆپ عەسکەر و کۆشکی حەوشکورو، و جۆگەی گاوری بەڵگەی گرنگی ناوچەکەن لەم سەردەمەدا.

13.ئاووهەوای گەرمیان گرنگی خۆی هەیە، هەروەك چۆن بەشێك لە گەرمیان هەندێك جار تووشی وشکەساڵی دەبێت بەهەمان شێوەش، لە ساڵی 714پ.ز. باران بارین دوا دەکەوێت، بەڵام لەکۆتایی دا باران و پەڵە دێت و پارێزگاری ئارا پخا مژدە دەدات بە پاشای ئاشوری.

14.بێگومان نووسینەوەی کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لە توێژینەوەیەکدا کۆتایی نایەت و لێرەدا تەنها تیشکخراوەتە سەر رووداوە هەرە سەرەکییەکان. کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکان و دۆزینەوەی نووسینە مێخییەکان لە داهاتوودا لەوانەیە مێژووی کۆنی ناوچەکە زیاتر رووبکاتەوە وردەکاری زیاتر دەربخات.

**سەرچاوەکان**


- انطون مورتكَات، الفن في العراق القديم، ترجمة:عيسى سلمان و سليم طة التكريتي، بغداد، (1975)، ص ص205-229.
- بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری گەرمیان، "ڕاپۆرتێکی سەرەتایی دەربارەی کنەوپشکنینەکانی گۆڕستانی تۆپ عەسکەر،" گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 8، هەولێر (2014)، لا 133-154.
- بريار احمد، بررسي و تحليل باستان شناختي اثار معماری ساسانی منطقه بين رودخانة هاى زاب كوچك و سيروان، پايان نامه برای دريافت درجه كارشناسی ارشد گروه باستان شناسی، دانشگاه تهران، دانشگاه ادبيات و علوم انسانی، 2018، 55.
- دلشاد عزيز زاموا، "دراسة تحليلية للزخارف الآدمية و الحيوانية على فخاريات حضارة سامراء(5500-4900 ق.م.)، مجلة هزارميرد، العدد 25، السليمانية (2004)، ص ص 243-270.
- دڵشاد عزیز زاموا، "نەخشەکەی دەربەندی گاور، شیکردنەوەی بەڵگە هونەرییەکان بۆ دیاریکردنی سەردەمەکەی، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 1، هەولێر، (2007)، لا.3-9.
- طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ج1، بلاد الرافدين، بغداد(2012).
- کۆزاد محمد ئەحمەد، "پەیکوڵی: شوێنەوارێکی گرنگ...دەقێکی لەبیرکراو،" ژین 3(2011): ل 11-36.

- Amélie Kuhrt, The Persian Empire: A Corpus of Sources from the Achaemenid Period, USA, 2007, p.50.
- Andre Tome, Ricardo Cabral and Steve Rentette, "The Kani Shaie Archaeological Project," in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology

of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. *Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013*, Oxford : Archaeopress, (2016), pp.427-434.

- Behzad M. Nasrabadi,"Beobachtungen zum Felsrelief Anubaninis," ZA 94 (2004), pp.291-303;
- Brinkman, J. A., *A political history of post-Kassite Babylonia, 1158-722 B.C.*, Roma: Pontificium Institutum Biblicum, 1968.
- Brinkman, J. A., *A catalogue of cuneiform sources pertaining to specific monarchs of the Kassite dynasty, Materials and studies for Kassite history vol.1*, The Oriental Institute of the University of Chicago, (1976).
- Brinkman, J. A., 1976-1980 b "Kassiten (Kaššû)," *RIA* V, Berlin, pp. 464-473.
- Burce Howe, "Karim Shahir," In: Braidwood, L., et al., Prehistoric Archaeology along the Zagros Flanks, Chicago, (1983), pp.23-155.
- Cecil, J. Edmonds "Two More Ancient Monuments in Southern Kurdistan," The Geographical Journal, Vol. 72, No. 2 (Aug., 1928), pp. 162-163.
- Dlshad A. Marf, Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, PhD dissertation, Assyriology Department, Leiden University, Netherlands, (2016).
- Dlshad Marf "Deified mountains in the Zagros; Nishba, Batir, Andarutta, and Hiptunu," Paper presented in the *Zagros symposium*, organized by the NINO in Leiden, December 1st 2014.
- Dlshad A. Marf, (forthcoming) "Deified mountains in the Zagros; Nishba, Batir, Andarutta, and Hiptunu," Paper presented in the Zagros Symposium, organized by the NINO in Leiden, December 1st & 2nd, 2014.
- Editorial Staff, "Remains of stone age hunters found in Iranian Kurdistan" EKurd Daily News, December 31st 2015, http://ekurd.net/stone-age-hunters-iranian-kurdistan-2015-12-31.
- Edzard, D. O. and M. Gallery "Kutha," *RlA* 6 (1980-1983), pp.384-387.
- Fuchs, A., and Parpola, S., 2001 *The Correspondence of Sargon II, Part III: Letters from Babylonia and the Eastern Provinces, State Archives of Assyria* XV. Helsinki.= SAA XV =
- Grayson, A. K., 1996 *Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 2 (858-745 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods II/I),* Toronto - Buffalo – London. = RIMA III.

- Grayson, K., and Novotny, J., 2012 *The Royal Inscriptions of Sennacherib, King of Assyria (704-681 BC), Part 1, Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian Period*. Winona Lake, Ind : Eisenbrauns.= RINAP III/I.

- Frayne, D., 1993 *Sargonic and Gutian Periods (2334-2113 BC), The Royal Inscriptions of Mesopotamia. Early Periods*. Toronto – Buffalo – London.= RIME II.

- Frayne, D.R., “On the Location of Simurrum”, in Young, G. D., Chavalas, M. W. and Averbeck, R. E. (eds.), Crossing Boundaries and Linking Horizons: Studies in Honor of Michael C. Astour. Bethesda: CDL Press, 1997, pp. 243–69.
- Frayne, D., 1997 *Gudea and His Dynasty, The Royal Inscriptions of Mesopotamia. Early Periods* III/1. Toronto – Buffalo – London.= RIME III/1.

- Frayne, D., 1997 *Ur III period (2112-2004 BC): The Royal Inscriptions of Mesopotamia. Early Periods, RIME 3/2,* Toronto [etc.]: University of Toronto Press.= RIME III/2.

- Frayne, D., 1999 “The Zagros campaigns of Šhulgi and Amar-Suena” In:. Owen, D. I., and G. Wilhelm (eds.), *SCCNH* 10, Bethesda, Maryland: 141-201.

- Gianfilippo Terribili and Alessandro Tila, “The Activities of the Italian Archaeological Mission in Iraqi Kurdistan (MAIKI): The survey area and the new evidence from Paikuli blocks documentation,” in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. *Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013*, Oxford : Archaeopress, (2016), pp.417-426.

- Grayson, A. K., *Assyrian Rulers of the Third and Second Millennium B.C. (to 1115 BC), (The Royal Inscriptions of Mesopotamia: Assyrian Periods 1(*= RIMA I *))*, Toronto - Buffalo – London, 1987, .A.0.39.1001: ii’ 1- iv’.

- Howe, B., Barda Balka, with Foreword by Yorke M. Rowan, Oriental Institute Communications, Chicago, (2014), pp. 1-29. See also, Naji Al-Asil, “Barda Balka,” Sumer Journal vol.5, Baghdad, (1949), pp. 205-206.
- Jesse Casana & Claudia Glatz, “The Land Behind the Land Baghdad: Archaeological Landscapes of the Upper Diyala (Sirwan) River Valley,” IRAQ (2017), vol. 79, pp. 47–69. esp. fig.4, p.53ff.

- Joan Goodnick Westenholz "Heroes of Akkad," Journal of the American Oriental Society, Vol. 103, No. 1, Studies in Literature from the Ancient Near East, by Members of the American Oriental Society, Dedicated to Samuel Noah Kramer (Jan. - Mar., 1983), pp. 327-336; also see,
- Kozad M. Ahmed, The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis, PhD dissertation, Leiden University, (2012).
- Marta Luciani, M. van Ess and K. Rasheed Raheem, "Recent research on the site of Chemchemal and its surrounding region," Paper presented in the international conference *Archaeological Research in the Kurdistan Region of Iraq and the adjacent areas*, Athens, November 1st-3rd 2013.
- Postgate, N., & Roaf, M., "The Shaikhan Relief," *al-Rāfidān* 18 (1997), pp.143-155.
- Radner, K., 2014 "An Imperial Communication Network: The State Correspondence of the Neo-Assyrian Empire," In: Radner, K., (ed.), *State Correspondence in the Ancient World: From New Kingdom Egypt to the Roman Empire*, Oxford University Press: 64-93.
- Reade, J. E., "Kassites and Assyrians in Iran," *Iran* XVI, (1978): 137-143.
- Samuel Noah Kramer, "The Death of Ur-Nammu and His Descent to the Netherworld," Journal of Cuneiform Studies, Vol. 21, Special Volume Honoring Professor Albrecht Goetze, The American Schools of Oriental Research, (1967), pp. 104-122. (URL: http://www.jstor.org/stable/1359365).
- Simo Parpola and & Porter, M., *The Helsinki Atlas of The Near East in the Neo Assyrian Period*, Helsinki. (2001), map.4.
- Shaffer, A. and N. Wasserman"Iddi(n)-Sîn, King of Simurrum: A New Rock Relief Inscription and a Reverential Seal. Mit einem Beitrag von Ursula Seidl," ZA 93 (2003), pp.1-52.
- Starr, R.F.S., 1937 *Nuzi report on the excavations at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq conducted by Harvard University in conjunction with American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931*, Vol. I, Harvard University Press, (1937).
- Tevfik Emre Serifoglu, Claudia Glatz, Jesse Casana and Shwkr Muhammed Haydar, "The Siran (Upper Diyala) Regional Project-First Results," in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq

and Adjacent Regions. Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013, Oxford : Archaeopress (2016, pp.. 403-410.

- Winter, I., J., "The Conquest of Space in Time: Three Suns on the Victory Stele of Naram-Sîn,"In: Dercksen, J.G., & Larsen, M. T., (eds.), *Assyrian and Beyond studies presented to Mogens Trolle Larsen*, Leiden: NINO, (2004): 607-628.
- Zadok, R., 2002 *The Ethno-linguistic Character of Northwestern Iran and Kurdistan in the Neo-Assyrian Period*, Jerusalem.
- Wiseman, D. J., 1956 *Chronicles of Chaldaean Kings (626-556 B.C.) in the British Museum*, London.

# Chronology of Culture and History of Garmian district in the light of the archaeological evidence and the ancient records

## (From Paleolithic to the late Sassanian period)

Dlshad A. Marf Zamua

Instructor at the Department of Archaeology, Salahaddin University-Erbil
dlshadazamua@gmail.com

**Abstract**

The archaeological discoveries in the Garmian region along the Sirwan/Diyala river and its neighboring valleys and plains showed a rich culture began from the Lower Paleolithic in the earliest workshops of stone tool makers to the first villages during the Neolithic, then to the Chalcolithic Age. Besides, the author relies on the cuneiform records of the local and Mesopotamian rulers dealt with the history and culture of the region from different prospective.

This paper deals with the chronology of culture and history of Garmian district from the Paleolithic to the late Sassanian period, the author relies on the results of the archaeological previous and recent discoveries and the cuneiform and other ancient texts, these evidence give a good sequence in order to understand the development of culture in the region and as well the cuneiform records give a rich details about the historical events and the local kingdoms of the region. This paper is the first attitude in rewriting the chronology of the region from both cultural and historical prospectives in the light of both archaeological and cuneiform and other ancient records. Moreover, the author tried to make the results of the local archaeological field works and excavations become visible, which is not well known for the foreign scholars abroad.

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.369

# ڕۆژنامەی كوردستان و هەڵوێستی بەرانبەر بەدۆزی ئەرمەن و سوارەی حەمیدییە

# 1902 – 1898

**ئەحمەد باوەڕ**

بەشی مێژوو ,كۆلێژی پەروەردە , زانكۆی گەرمیان
Ahmadbawar_1967@yahoo.com

## پوختە

مەسەلەی ئەرمەن و بارودۆخی ئەرمەن ، بەتايبەتی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا ، يەكێكە لەو دۆزە گرنگ و هەستیارانەی ، كە بە درێژایی ساڵانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێت ، زۆرێك لەوڵاتان و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردبوو ، بەوەی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی و بەتايبەتی لە ماوەی حكومڕانيەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ( 1876 -1909 )داو بگرە لەساڵانی دواتریشەوە، سیاسەتێكی سەركوتكەرانەو كۆمەڵكوژیەكی بێ وێنەیان بەرانبەر بە نەتەوەی ئەرمەن بەرپاكردبوو ، بەجۆرێك زۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەكان ، ژمارەی قوربانیەكانیان ، بەنزیكەی دوملیون كەس و بگرە زیاتریش لەقەڵەم داوە ، بەتايبەتی لەڕێگای ئەو سیاسەتی سەركوتكردن و پرۆسە ڤێزەونانەیانەوە ، كە دامودەزگای چەكداری ( سوارەی حەمیدیە ) لەماوەی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دواتریشدا جێبەجێ كراو ، تارادەیەك دەستی گەلێكی زوڵم لێكراوی وەك كوردیشی پێوە خوێناوی كرا ، بەوەی كە گوایە زۆرێك لە چەكدارو فەوجەكانی ( سوارەی حەمیدیە ) لەو خێڵ و هۆزە كوردییانە پێكهاتبوون ، كە لەسەر داوای فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی چووبوونە ڕیزەكانی سوارەی حەمیدییەوە .

ئەم كورتە لێكۆڵینەوەی ئێمەش واتە (ڕۆژنامەی كوردستان و هەڵوێستی بەرانبەر بەدۆزی ئەرمەن و سوارەی حەمیدییە 1898- 1902 )، كە بەسەرییەكەوە لەچوارچێوەی پێشەكی و چەند تەوەرێكی سەربەخۆداو پشت بەستوو بەژمارە ڕەسەنەكانی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، كە بۆیەكەم جار لەشاری قاهیرەی ولاتی میسرو لە( 22ی نیسانی 1898 )دا، بەهەردوو زمانی كوردی توركی دەست بە بلاوكردنەوەی كراوە، سەرەڕای بەكارهێنانی كۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگی تر بەزمانەكانی: عەرەبی ، فارسی و كوردی وەك ئەوەی لەلیستی پەراوێزو سەرچاوەكاندا بەوردی ئاماژەیان بۆكراوە. نووسراونەتەوە، هەروەها ڕۆژنامەی (

كوردستان )یش ، وەك سەرچاوەیەكی ڕەسەنی كوردی نزیك لەو هەلومەرج و ڕووداوانەوە، كە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی و توركەكان بەسەر گەلێكی زوڵم لێكراوی وەك ئەرمەنیاندا هێناوە بەوردی ڕوون دەكاتەوەو لە زۆربەی زۆری ژمارەكانی ئەودەمانەیدا ، كە بەسەریەكەوەو تاكاتی داخستنی تەنها ( 31 ) ژمارەی لیّ بلاّوكراوەتەوە، زۆر بەجیدی سەركۆنەو ئیدانەی ئەو ڕێكارە كۆمەڵكوژییە دەكات ، كە توركەكانی عوسمانی بەرانبەر بە گەلێكی وەك ئەرمەن و لە ڕێگای دامودەزگا سەركوتكەرەكانیانەوە گرتوویانەتەبەرو هاوكات كۆمەلاّنی خەڵكی كوردستان و گەلی كوردیشی بەتەواویی لەوە هوشیاركردۆتەوە، كە نابێت گەلێكی وەك كورد خۆیان بخەنە نێو پرۆسەو هاوكێشەیەكی لەو بابەتەوەو بەڵكو بە پێچەوانەوە داوایان لێدەكات ، هاوكارو یارمەتی دەریان بن و تەنانەت ئەوەشیان بۆ ڕوون دەكاتەوە، كە كورد و ئەرمەن دوو گەلی زوڵم لێكراوی ژێر دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانین و ئەوانیش وەك كوردوگەلی كورد مافە نەتەوەیی و ئایینیەكانیان پشتگوێ خراوەو هەر ڕۆژەو بەجۆرێك دەچەوسێنرێنەوە .

هەر وەك ئاماژەی بۆ كرا توێژینەوەكە بەسەریەكەوە، سەرەڕای لیستی سەرچاوەو پەراوێزەكانی لە پێشەكی و چەند تەوەرێكی سەرەكی پێكهاتووە، تەوەری یەكەم : بەدواداچونێكی پوختی مێژوویییە سەبارەت بە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) و چونێتی بلاّوبوونەوەی لەشارە گەورەكانی ئەوكاتەی وەك : قاهیرە ، جنێڤ ، لەندەن ، فۆلكستۆن و دووبارە جنێڤ و شیكردنەوەی ناوەرۆكیان ، بەلاّم تەوەری دووەمی بەزۆری تەرخانكراوە بۆ هەڵوێستی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) لە دۆسیەی ئەرمەن و دۆزی ڕەوای ئەرمەن لە ماوەی حكومڕانیەتی سوڵتان عەبدولحەمید و توركەلاوەكاندا ، بەلاّم هەرچی تەوەری سێیەم و كۆتاییشە هەڵوێست و قسەكردنی هەمان ڕۆژنامەیە لەسەر شێوازی دامەزراندنی ( سوارەی حەمیدییە ) و چۆنێتی بەكارهێنانیان لە پرۆسەی سەركوتكردنی ئەرمەنیەكاندا.

**كلیلی ووشەكان :** ڕۆژنامەی كوردستان ، میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا، عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا ، ئەرمەن ، سوارەی حەمیدییە، دەوڵەتی عوسمانی، عەبدولحەمیدی دووەم، كورد

## پێشەكی

بێگومان كاری ڕۆژنامەوانی و بلاّوكردنەوەی ڕۆژنامە بەزمانی كوردی ، بە بەراورد لەگەڵ گەل و نەتەوەكانی تری ڕۆژهەلاّت و بەتایبەتی ئەو ڕەگەزو نەتەوانەی ، كە لە دێرزەمانەوە لە ژێرسایەو دەسەلاّتی دەوڵەتی عوسمانی و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون ، بەشێوازێكی زیاتر دواكەوت ، بەوەی ئەم هەنگاوەو ئەم بەرێداچوونەی كاروانی خەباتی ڕووناكبیری كوردیی

، ئیدی بەهەر هۆیەك بوو بێت ، لە بەختی کورد و گەلی کورد نەیتوانی لەگەڵ ڕەوت و سەرهەڵدانی خەباتی کوردایەتییدا بکەوێتە سەر سکەی خۆی ، بۆ نموونە لەگەڵ بەرپابوونی ڕاپەڕینی بەرخان پاشای بۆتان ( 1843- 1847 ) یان ڕاپەڕینی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ( 1880- 1882 )دا ، بۆئەوەی ئەمیش بیتوانیبایە ڕۆژێك زووتر فیکر و زمان و ئەدەبیاتی کوردی و هەواڵی سەنگەرەکانی خەباتی کوردایەتی ، بگەیەنێتە ڕای گشتی جیهانی و هاوکات لەم سۆنگەی خەباتیشەوە دۆزی ڕەوای گەلی کورد لەگەڵ میللەتانی تری ناوچەکەدا ، پێکەوە موتوربە بکرێت و لێکدی نزیك بکرێنەوە ، وەك ئەوەی شاعیرێکی ڕۆشنگەریی ناسراوی وەك حاجی قادری کۆیی ( 1824- 1897 ) ، وەك دەگوترێت زۆر بەئاواتی ئەوەوە بووە، ڕۆژێك لەڕۆژان بەچاوی خۆی بڵاوکراوەیەك یان ڕۆژنامەیەك ، بەزمانی کوردی ببینێت ، کەچی بەساڵێك پێش بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) کۆچی دوایی کردووەو ئەو ئاواتە لە مێژینەی بەیەکجاری بردۆتە ژێرگڵەوە ، هەروەها بەچەند ساڵێك پێشتریش لەم بارەیەوە ، زۆر بەتاسەوە نووسیویەتی :

کتێب و دەفتەرو تەئریخ کاغەز

بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی

مەلاو شێخ و میر و پادشامان

هەتامەحشەر دەما نامونیشانی[i].

واتە ئەگەر کەناڵێکی وەك ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و بڵاوکرنەوە لەکات و ساتی خۆیداو لە هەلومەرجی خۆیدا ، بایەخی تەواوی پێ بدرابایەو هەژاری موکریانی ( 1920- 1991 ) واتەنی (( چەپگەردی گەردوون ... ))[ii] و هەلومەرجی زەمانەش تۆزێك ، یاوەرو یارو هاوکاریی گەلی کورد بوایەن ، ئەوا قەت ڕووداوەکانی مێژوو و ناوو ناونیشانی زۆرێك لە گەورە پیاوان و ڕووناکبیرە گوم ناوەکانی پێشینا نمان بەقەولی شاعیری ناسراوی سودانی : ئیدریس محەمەد جەماع ( 1922 – 1980 ) نەدەبوونە : (( ئاردی ناودڕك .. ))[iii] و هەتا ڕۆژی مەحشەر بەزیندوویی دەمانەوەو نەدەبوونە خۆراکی ئاگردانە داخراوەکانی بەختی کورد ، خۆ ئەگەر بایەخی ڕۆژنامەو کاری ڕۆژنامەوانیش هێندە گرنگ و بەبایەخ نەبوونایە ، ئەوا زۆرێك لە گەورەپیاوان و تەنانەت سەرکردە گەورەکانی مێژوو و جیهانیش ، هێندە لەسامی ڕۆژنامەو چالاکی ڕۆژنامەنووسان و قەڵەمی بەبڕشتی ڕۆژنامەنووسان نەدەترسان و حەق وحیسابی تایبەتیان بۆ نەدەکرد ، بۆ نموونە گەورە کەسایەتیەکی مێژوویی وەك ناپلیون پۆناپارت ( 1769 – 1821 ) هەرزوو نەی دەووت :( سێ ڕۆژنامە لەسەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن ). شان بەشانی ئەوەش نووسەر و بیریاریی گەورەی جیهانی فرانسوا ماری ئەرویە ناسراو بە ڤۆڵتێر ( 1694- 1778 ) ، ئەویش لەبارەی کاری ڕۆژنامەنووسی و پیشەی ڕۆژنامەنووسییەوە دەنووسێت :( ڕۆژنامەنووسی دەزگایەکە بەکەس ناشکێت ، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەڕوخێنێت ، بۆ ئەوەی جیهانێکی نوێ دا بمەزرێنێت ) ، هاوکات هەرلە خۆڕاش نەبووە ، کە هەر لەساڵی ( 1828 ) زایینییەوە ، گۆڤارو ڕۆژنامەو کاروپیشەی ڕاگەیاندن ، وەك دەسەڵاتی چوارەم ( السلطه الرابعه ) بێتەوە بەرچاوان و مامەڵەی تایبەتی لەگەڵدا بکرێت [iv].

کەواتە لە دایك بوون و نۆبەرەی ڕۆژنامەیەکی کوردی وەك ڕۆژنامەی کوردستانی ( 22ی نیسانی 1898 )[v] یش ، هەرچەندە بۆ یەکەمین جار لە تاراوگەو دوور لەوڵاتی کوردستانی زێدی گەلی کورد بڵاوکرایەوە، هاوکات تائێستاش بەشێك لە ژمارەکانی بەتەواویی نەدۆزراونەتەوەو بەتەواویی نەکەوتوونەتە بەردیدەی خوێنەرو دەستەی ڕووناکبیریی کوردی ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆی هیواو دەروازەیەکی ڕۆشن و گەورەی ڕووناکبیریی و بووژانەوەی گەلی کورد بووە لە کۆتاییەکانی ساڵانی سەدەی نۆزدەیەمی زایینیدا ، کە دەکرێت لەلایەن زۆرێك ، لەلێکۆڵیاران و پسپۆرانی بواری ڕۆژنامەوانییەوە ، لە زۆر ڕووی گەش و جۆر بەجۆرییەوە ، خوێندنەوەی تازەو بە دواداچوونی تازە بە نێو ناوەرۆکی ژمارەکانیدا بکرێت .

ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەی ، کە لێرەدا و پشت بەستوو بە کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆ بەجۆر، خستوومانەتە پێش دەستی خوێنەران ودەستەی ڕووناکبیریی ، بەسەریەکەوە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە ، تەوەری یەکەمیان : بە دواداچونێکی کورتە سەبارەت بە : هەوڵ و هەنگاوە بەراییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ، کە لە قۆناعی یەکەمیدا لە شاری قاهیرەی وڵاتی میسرەوە لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان پاشای بۆتانەوە دەست بەبڵاوکردنەوەی کراوە ، بەڵام تەوەری دووەمیان : بەزۆری تەرخانکراوە سەبارەت بە هەڵوێستی : ڕۆژنامەی کوردستان و دۆسیەی ئەرمەن و یان وەکتر کوشتاری ئەرمەن ، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا ، هەرچی تەوەری سێیەم و کۆتاییە ، بەدواداچونێکی خێرایە لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەی ناوبراو لە پێکەوەنانی ( سوارەی حەمیدیە )دا ، کە لەماوەی حکمڕانیەتی دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانیدا ، هاتۆتەکایەوەو هاوکات سوڵتانی عوسمانی چۆن توانیویەتی سوود لەو خێڵ و هۆزانەی کورد وەربگرێت لە پێکەوەنان و دامەزراندنیدا ، جگەلەوەش نەتەوەیەکی وەك کورد و بەشێك لە هۆزەکانی ئەودەمانەی کوردستان لەو سەروبەندەدا چۆن تێوەگلاوون لەکوشتاری ئەو ئەرمەنیانەدا ، کە لەو ماوەیەدا بەشێکی دیاری گەلانی ژێرسایەو دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیان پێکدەهێنا .

### تەوەری یەکەم / هەنگاوە بەراییەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان

لای هیچ تۆژەرو ڕووناکبیرێکی کورد و چ غەیری کورد ، بەتەواویی گومان لەوەدا نەماوەتەوە ، کە بۆ یەکەمین جار بڵاوبوونەوەی ، یەکەمین ڕۆژنامەی ( کوردستان )[vi]. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، بەهەردوو زمانی کوردی ( کرمانجی ژوور و شێوەی جەزیرەی بۆتان ) و تورکی ، بە دوو هەفتەجارێك[vii] . لە( 22ی نیسانی 1898 )داو لەڕێگای ( چاپخانەی هیلال )ی بەناوبانگەوە ، کە خاوەنەکەی نووسەری ناسراوی عەرەبی بەڕەگەز مەسیحی ، جورجی زێدان ( 1861– 1914 )[viii] بووە، لە یەکەمین ژمارەیەوە تا ژمارەی سێیەمی لەچاپخانەی ناوبراوەوە بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام هەردوو ژمارەی چوارەم و پێنجەمی هەر لە شاری قاهیرەو لە چاپخانەی ( ڕۆژنامەی کوردستان ) خۆییەوە لە چاپدراون[ix] . ئەمەش بۆ خۆی جۆرێك لە گۆڕان و وەرچەرخانێکی ژیاریی و شارستانی گرنگی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی و باری ڕووناکبیری کوردییدا هێناوەتەکایەوە ، بۆ ئەوە ی بتوانێت لە داهاتوو و لەئایندەدا هەنگاو بەرەو خەباتی سەربەخۆیی و ئازادی بنێت ، هاوکات ئەو ناوەشی واتە : ( کوردستان ) ، کە لایەن دەرهێنەرو خاوەنە ڕاستەقینەکەیەوە ، میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا( ؟ – 1917 )[x]. بۆ دەست

نیشانکرا، ئەوپەڕی گەواهی و دەلالەتی مێژوویمان دەداتە دەستەوە ، بەوەی کە هەستی نەتەوایەتی و ئینتمای نەتەوایەتی لای ئەم بنەماڵە سەربەرزەی کورد و بەتایبەتی کە سایەتیەکی ناسراوی وەك میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا، تاچ ڕادەیەك پێگەیشتوو بووەو چەند بە وردی لەتاقیب و مشووری ئەوەدابوون ، کە بە بەردەوامی هەویەی کوردایەتی و شوناسنامەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرزبکەنەوە ، وەك نەتەوەیەکی خاوەن ژیارو شارستانی بەگەلان و نەتەوەکانی تری جیهانیان بناسێنن ، ئەمەش وێڕای ناسین و تۆمارکردنی باری ڕووناکبیریی و داواکاریەکانی گەلی کورد لەڕێگای ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەیەکەوە ، کە بەزمانی دایکی خۆی دەری کردبێت ، هەرچەندە بۆ ئەوەش دەسەلاتداران و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوپەڕی کۆسپ و قۆرتی گەورەیان بۆ دروستکردووەو بەبەردەوامی ئەو فشارەیان خستۆتە سەرخاوەنەکەی بۆئەوەی واز لە دەرکردن و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) بهێنێت و دووبارە بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ و ژێر دەسەلات و سایەی فەرمانڕەوایانی عوسمانی ، چونکە میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا کاتێك ولاتی میسر و شاری قاهیرەی پایتەختی ئەو ولاتەی بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشانکردو پەنای بردەبەر ئەو ولاتە ، بەتایبەتی لەساڵی ( 1891 ) بەدواوە ، زیاتر بۆ ئەوەبوو ، لەو دەمانەداو لە ژێر سایەی بنەماڵەی خدێوی و فەرمانڕەوایانی میسری ئەوکاتەدا ، کە لە دەسەلاتی محەمەد عەلی پاشای ( 1769- 1849 )[xi] ، بەبنەچەو بەڕەسەن کوردی دیاربەکرییەوە دەست پێدەکات و تاڕادەیەکی زۆر دوور لە دەسەلاتی سوڵتانی عوسمانی بەڕێوەیان دەبرد و بەتەواویی فەرمانڕەوایانی عوسمانی و بە هۆی گەندەڵی کارگێڕی و هاتنەناوەوەی هێزی سەربازیی بەشێکی زۆر لە ولاتانی ئەوروپاوە بۆ ناوچەکە ، دەسەلاتیان دابووی لە کزی و ئەمەش وای کردبوو ، کە ئەو هەرێمانەی ژێر دەسەلاتی پێشووتری دەوڵەتی عوسمانی ، ببنە ناوەندێکی گرنگ بۆ چالاکی و جموجوڵی کاری هەموو ئەو کەسایەتی و کۆمەڵەو ڕێکخراوە ڕووناکبیریی و سیاسیانەی ، کە لە دەرئەنجامی سیاسەتی دواکەوتوو و ڕزیوی دەوڵەتی عوسمانییەوە هاتبووەکایەوە ، بەلام تا ئەو دەمانەش هێشتا خەبات و هەوڵەکانیان لە قۆناغێکی سەرەتاییدا بوو ، هەروەها بنەماڵەی بەدرخانیەکانی باکووری کوردستانیش هەرچەندە لە ڕووی خەباتی سیاسی و چەکدارییەوە ، بەتایبەتی لە کاتی ڕاپەڕینەکەی میر بەدرخان پاشای بۆتان ( 1802- 1869 )[xii] بەدواوە ، بەتەواویی خۆیان بە کوردو کۆمەڵگای کوردەواریی ناسان و خۆیان بەخاوەنی کێشەو دۆزێك دەزانی ، کە لەوەبەدواوە گەلی کورد خەباتێکی بەردەوام و شەهادەتێکی بەردەوامی بۆ دەکردە قووربانی ، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرخانیەکان وەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا : لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە ، شانبەشانی خەباتی چەکداریی کەوتنە ئەوەی لە دەروازەیەکی تازەو نوێ ترەوە بکەونەوە خەبات و ئەمجارەیان خەباتی قەڵەم و سەرچاوەکانی ژیاری و مەدەنیەت بکەنە مینبەرێکی زیندووی ئەوتۆ ، بۆ داواکارییەکانی کوردو نەتەوەی کورد، لەنێو ولات و نیشتمانێکدا ، کە پێی دەوترێت کوردستان و نیشتمانی گەلی کورد ، هەر بۆیە کەسایەتیەکی وەك میقداد مەدحەت بەدرخان پاشای خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستان لەمیانی ئەو : (( بەیاننامەیەی )) خۆیدا ، کە وەك پاشکۆیەك ، لەگەڵ ژمارە ( 1 ) ی ڕۆژنامەی ( کوردستان )دا ، بەزمانی فەرەنسی بۆ کۆمەلانی خەڵك و گەلانی دونیای بلاوکردۆتەوە ، بەتەواویی پەردە لە ڕووی تەواوی هەموو ئەو نەهامەتیانەدا هەڵدەماڵێت ، کە بەدرێژایی مێژوو کوردو نەتەوەیەکی وەك کورد بە دەستیەوە نالاندوویەتی ، هەروەها هانی کوردان و گەلی کورد دەدات بۆ ئەوەی لەڕێگای زانیاری و پێشکەوتنەوە داوا ڕەواکانی خۆیان

بخەنە پێش چاوی گەلان و باسی هەموو ئەو زوڵم و سیاسەتەی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی دەكات ، كە چۆن ژیانی لەبنەماڵەی ئەوان و هەموو ئەو ڕێبەرانەی تری كورد تاڵ و قەدەغەكردبوو ، كە دەیانەویست ژیوارو بەختەوەریەكی زیاتر بۆ وڵات و میللەتەكەیان فەراهەم و دەستەبەر بكەن ، وەك لەدەقی بەیاننامەكەیدا هاتووەو بە تەعبیرو هەستێكی كوردانەی سەرنج ڕاكێشەوە نووسیویەتی :

(( زۆر بەختیارم بەوەی ، كە ژمارەی یەكەمی ڕۆژنامەی كوردستانتان بۆ دەنێرم ئەوەی هەرئێستا لە قاهیرە دامەزراندووە . نەتەوەی من ، كە نەتەوەی كوردە ، ژمارەی شەش ملیون كەسە لە ئاسیای بچووكدا ، زمانیان گەلێك كۆنە ، ئەمە یەكەمین جارە ، كە بەم زمانە ئەم ڕۆژنامەیەم بلاْوكردۆتەوە ، بۆ مەبەستی تێگەیاندنی زانیاری و گیانی خۆشەویستی لە ناو ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمداو هاندانی كوردەكان بۆ ئەوەی ڕێگەی پێشكەوتن و شارستانیەتی نوێ بگرن ، لە هەمەنكاتیشدا ئەدەبی نەتەوەیی خۆیانیان پێ نیشان بدەین . باوكم میربەدرخان ، لە جەنگی سەربەخۆیی كوردستاندا بەشداربوو دژی حكومەتی عەبدولحەمید ، ئەوكەسەی ، كە ژیانی لە بنەماڵەی ئێمە قەدەغەكرد لە نیشتمانی خۆماندا ، لەبەر ئەمە ڕووم كردە قاهیرە ، لە بەرئەوەی دەمەوێ نیزام و ئاسایش باڵ بەسەر كوردستاندا بكێشێ ، بڕیارمدا لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە ، هەموو توانای خۆم لەدەرەوە ( دوورە وڵاتدا ) تەرخان بكەم ، بۆ هەموو كارێك ، كە قازانج و بەختیاری و پەروەردەكردنی بیری تێدا بێت بۆ هاوڵاتیانی كورد... )) . میقداد – مەدحەت[xiii].

بەجۆرێك هەر لە چوارچێوەی ئەو بەیاننامەیەو ئەو هەموو هەست و دڵسۆزیەیدا ، كە میقداد مەدحەت بەدرخان پاشای بۆتان بەرانبەر بەگەل و وڵات و نەتەوەكەی خۆی دەری دەبڕێت ، ئەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە ، كە بەچی شێوازێك میقداد مەدحەت بەدرخان ویستوویەتی مەسەلەی ڕاگەیاندن و كارو پیشەی ڕۆژنامەنووسی بكاتە سەنگەرێك و بیكاتە كەناڵێكی زیندووی ئەوتۆ ، كە لێیەوە داكۆكی لەمافی گەل و نەتەوەكەی خۆی بكات ، هاوكات لە ویشەوە هەوڵی ئەوەبدات ، كە چۆن هەموو ڕووناكبیران و نیشتمان پەروەرانی كورد لەدەوری كورەی خەبات و شۆڕشێكی تازەو لەبەرەیەكی تازەو یەكگرتوودا كۆیان بكاتەوە ، وێڕای ئەوەش كارێكی وابكات و هەڵوێستێكی وابنوێنێت ، كە چۆن بۆ هەموو نەیارو دوژمنانی خۆی و گەلی كوردی بسەلمێنێت كە : ( نەتەوەكەی ئەو... ) وەك هەر گەل و نەتەوەیەكی تری دونیا مافی ژیان و ( بەختیاری نیزام و ئاسایشی... ) هەیە . بۆ لایەنێكی لەم بابەتەش هەر لەخۆڕا نەبووە ، هەر لەژمارە یەكەمی ڕۆژنامەی ( كوردستان )ەوە ، بكەوێتە حیوارو گفتوگۆوە لەگەڵ خوێنەران و ڕووناكبیران و كۆمەلاْنی خەڵكی ئەوكاتەی كوردستاندا ، بەجۆرێك دەیەوێت سەرنج و تێبینی خۆیانی سەبارەت بە ڕۆژنامەكە بۆ بنێرن ، داواشیان لێدەكات پاڵپشتی هەمیشەیی ئەوبن . لەم بەرێداچوون و كاروانەیدا ، بەجۆرێك ئەوی ڕووناكبیرو نیشتمان پەروەر دەیەوێت ، ببێتە ڕێبەرو بكەوێتە خزمەتیانەوە ، هەروەها باس لەوەش دەكات ، كە چۆن كارەكەی ئەو بێ كۆسپ و بێ گرێ و گۆڵ نابێت ، وەك ئەوەی لەم بارەیەوە دەنووسێت : ( ئەم ڕۆژنامەیە یەكەم ڕۆژنامەیە ، بۆیە كەم و كوڕی تیادەبێت ، هیوادارم تێبینی لەسەر ئەوكەم و كوڕیانەمان بۆ بنێرن ، هەمووكارێكی نوێش لە سەرەتاوە كەموكوڕی هەیەو دواتر بەرەو باشتر هەنگاو دەنێت ، ئیدی من بۆ ئەو مەبەستە كاردەكەم ... ) . هەروەك ئەوەی ڕۆژنامەكە لەسەرەتای دەرچوون و

بڵاوبوونەوەیەوە ، وەرچەرخان و گۆڕانکاریەکی گەورەو بێ وێنەی لە مێژووی نووسین و ئەدەبیات و کاری ڕۆژنامەنووسی کوردییدا هێناوەتەکایەوە ، شانبەشانی ئەوەش بیرو لێکدانەوەو بەدواداچوونێکی تازەی لەبواری شارستانیەت و بیروڕای مەدەنیەتدا هێناوەتەکایەوە ، کە دەکرێت لێرەداو لە دووتوێی ئەم کورتە توێژینەوەدا، باس لەو هەڵوێستانە بکەین ، کە ڕۆژنامەی کوردستان و بەتایبەتی لە خوولی یەکەم ( 1898- 1902 ) یدا ، لێیان بێ ئاگا نەبووەو تەنانەت لەهەموو ژمارەو وتارو نووسینێکی خۆیدا تەرحێکی تازەو چارەسەرێکی گونجاوی خۆی هەبووە لەوبارەیەوە ، هەر لە باسکردنی هەواڵە جیهانیەکانی ئەوودەمانە، ڕەختەگرتن لە دەوڵەت و سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە کۆمەلانی خەڵك ، هاندانی خەڵکانی هوشیارو دەزگاکانی دەوڵەت بۆ کردنەوەی ناوەندی زانستی و سەرچاوەکانی خوێندەواریی ، ڕەتدانەوەی هەموو ئەو سیاسەتەی وڵاتان بەرانبەر بەوەی نەتەوەیەکی وەك کورد دەستی لە مەسەلەی ئەرمەن و کوشتاری ئەرمەن و هەڵایسانی هەموو ئەو نەهامەتیانەدا بووبێت ، کە بەرانبەر بە نەتەوەیەکی وەك ئەرمەن کراوە ، لە سالآن و ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانی و دواتردا ، بە جۆرێك دەکرێت لەو بارەیەوە دەیان نموونەو بەڵگەنامەی زیندووی ناو ژمارەو لا پەڕەکانی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) دەستنیشان بکەین و بە وردی باسیان لەسەر بکرێت ، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بەشێکی تاڕادەیەك بەر چاوی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەوانە شیعرو نووسینی هەردوو شاعیری گەورەو ناسراوی کوردی وەك ئەحمەدی خانی ( 1650- 1707 ) بەتایبەتی ( مەم و زین )کەی ، کە هەر لە ژمارە ( 2 )یەوە ڕۆژنامەی ( کوردستان ) بەزنجیرە دەستی بە بڵاوکردنەوەی کردووە ، لەگەڵ شیعرە بایەخدارو نەتەوەییەکانی حاجی قادری کۆیی ( 1824- 1897 ) و مەلاساڵحی جەزیری ، میر جگەرخوون ، عومەر فەوزی ، سەید تاهیری بۆتیٚ ... و هاوکات لە لایەکی تریشەوەو ناو بەناو هەڵبژاردەیەکی لە مێژووی ( شەرەفنامە ) ی میر شەرەفخانی بەدلیسی ( 1543- 1604 )[xiv] و مێژووی ناوداران و حوکمدارانی جەزیرەی بۆتانی زێدی یەکەمین نووسەرانی ڕۆژنامەکەی لە چەند ژمارەیەکیدا بڵاوکردۆتەوە [xv].

لە هەمانکاتیشدا جگە لەهەموو ئەوانە ڕۆژنامەی ( کوردستان ) هەر لە ژمارەی یەکەمییەوە ، کە باسی ئەو واقیعە دەکات ، کە وڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان لە ڕووی دواکەوتن و نەخوێندەواریی و دەردووی جۆر بەجۆرەوە لە ئەوپەڕی نەهامەتی دایە . بەرانبەر بەوەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەلومەرجە، لای خۆیەوە وا هانی کوردەکان دەدات ، کە پشت بە خۆیان ببەستن و شانبەشانی گەلان و نەتەوە پێشکەوتووەکانی تر هەوڵی خوێندن و کاری زانیاری و زانست بدەن ، سوود لە ئەزموونی گەلان و سەرچاوەکانی زانیاری گەلان وەربگرن . لەم ڕووەشەوە وەك لە ژمارەی یەکەمیدا ، زۆر ڕاشکاوانە دەنووسێت : ( لەم ڕۆژنامەیەدا سوودەکانی زانست و زانیاری باس دەکەم لە چ جێگایەك مرۆڤ فێردەبێت لە چ جێگایەك خوێندنگەی باش هەیە پیشانی کوردی دەدەم ، لە چ جێگایەك شەڕ بێت هەڵوێستی وڵاتانی گەورە چی و چۆن شەڕەکەن ، چۆن بازرگانی دەکرێت هەموویان باس دەکەم ... ) . سەبارەت بەمەش لە زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ( کوردستان )دا ، میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا دەیان ئایەتی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر ( د . خ ) و وتە جۆر بەجۆری هێناوەتەوە ، وەك ئەوەی نووسیویەتی : ( حەزرەتی پێغەمبەر ( د . خ ) لەسەر بێت فەرموویەتی : ( اطلب العلم من المهد الى اللحد ) واتە داوای عیلم و زانین بکەن هەر لە

لانكەوە تا دەچنە ناوگڵ )[xvi] ، چونكە ڕۆژنامەكە هەر لە سەرەتاوەو لە قۆناغی دەرچوونیدا ئامانجێكی ڕۆشنگەریی هەبوو بۆ بلاّوكردنەوەی خوێندەواری و پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی كوردی [xvii]. بەسەریەكەوە هەموو ئەمانەش وەك هاندەرێك و بۆ وشیاركردنەوەی كۆمەلاّنی خەڵك خستوونیەتی دووتوێی ئەو سەر وتارو بابەتانەوە ، كە لە ڕۆژنامەی كوردستاندا بلاّوی كردوونەتەوە ، ڕاشكاوانەش ڕووی دەمی دەكاتە دانیشتوانی كوردستان و بۆ یان دونووسێت : ( دراوسێكانتان ( عەجەم ) یش جاران وەكو كوردەواریی بوون ، دواتر زانیان ، كە بێ عیلم و سەنعەت گەشە ناكەن ، بۆیە ئێستا ( عەجەمیەكان ) خوێندگاو قوتابخانەیەكی زۆریان هەیە ، منالاّنی خۆیان دەنێرن بۆ دووره ولاّت و فێری خوێندنیان دەكەن ) . سەرەڕای ئەو هەموو داواكاری و بانگەوازانەی كە چەندین جار بە گوێی ( میروئاغایانی ) كوردی دا دەهێنێت و دەیەوێت لە خەوی غەفڵەت بە ئاگایان بهێنێتەوە : ( ئەی میرو ئاغایانی كورد ، باش تەماشای دەوروبەری خۆتان بكەن و ببینن .. ) . یان لە شوێنێكی تردا دەنووسێت : (( ئەی میر و ئاغایان من لە ئێوە دەپرسم كێتان هەتا ئێستا خزمێكی خۆتان ناردۆتە جێگایەك بۆ ئەوەی بخوێنێت ( الحمدلله ) لەبەغداو شام و ئەستەمبووڵ خوێندنگاو قوتابخانەی حكومی هەن و بێ خەرجین هەركەسێك منداڵی خۆی تەسلیم بە حكومەت بكات بە خۆڕایی فێری خوێندن دەبێت )) . ئەو قسانەشی كە زیاتر میقداد مەدحەت بەدرخان جەختی لەسەر كردوونەتەوە ، بە زۆری ڕوو بەڕووی ئەوكوردانەی كردوونەتەوە ، كە لە هەرێمی باكووری كوردستانی ئەو كاتەدا بوون ، بە بۆ چوونی ئەو كوردانی ناوچەو پارچەكانی دی تاڕادەیەك حاڵ و ژیواریان باشتر بووە . بە ڕادەیەك ڕۆژنامەی كوردستان هەر لە سەرەتاوە لە سوریاوە ناوی دەركرد ، بە تایبەتی شاری دیمەشق كە بووە خاڵی دەستكردن بە بە شینەوەی ڕۆژنامەكە بەسەر هەموو ناوچەكانی كوردستاندا ، بەجۆرێك یەكێك لەو كوردە نیشتە جێبووانەی شاری دیمەشق لە نامەیەكیدا و كە لە ژمارە ( 3 )ی ڕۆژنامەكەدا بلاّویان كردۆتەوە دەنووسێت : ( چەند ژمارەیەكم لە ڕۆژنامەكە كڕی و ، كوردەكانم لە دەوری خۆم كۆكردەوە تا پێكەوە بیخوێنینەوە ، هەرئەوەندەی زانیان ناوی كوردستانە میرەكەیان دەری دەكات ، لە شادی و خۆشیاندا دنیا بە خۆی نەدەگردن ، بۆ ڕێزلێنان هەڵیان بڕیە بان سەریان كاتێك لە ناوەڕۆكەكەی تێ گەیشتن و وشەكانی ڕای چەڵەكاندن ، لە نێوخۆیاندا بەڵێنیان دا هاوكاری و یارمەتی یەكدی بدەن و منالاّنیان فێری پیشەی تەكنیكی بكەن [xviii].

كاتێك باس لەو سەروبەندەی ولاّتی میسریش دەكات ، كە ڕۆژنامەكەی خۆی تیا بلاّوكردۆتەوە نووسیویەتی : ( لە میسر جامیعەی ئەزهەر هەیە لە ڕاستیدا ژمارەیەك كوردی سۆرانی لە كەركوك و سلێمانییەوە هاتوون لەوێ دەخوێنن بەڕاستی هیچ جارێك و لە هیچ شوێنێك خەڵكی بۆتان و شێروان و غەزوان و هەكاریم نەبینیوە لە هیچ خوێندنگایەك و خەڵكی ئەو عەشایارانە هەموویان كاسبكار و هەژار و بێ دەرامەتن و هیچ سەنعەتێك نازانن ) . بۆیە لە بەشێكی تری وتارەكەیدا دەكەوێتە ڕەخنە گرتن لە پیاوانی ئایینی و خوێندەواران بۆ ئەوەی لەلای خۆیانەتەوە باسی خوێندن و گرنگی و بایەخی خوێندەواریی بكەن وەك ئەوەی لە چەند شوێنێكدا نووسیویەتی : ( ئەی زانایانی كورد بۆچی ئێوە لە مزگەوتەكان باسی خرا پی نەزانین و سوودی عیلم ناكەن ... ). لەهەمانكاتدا ئەوەش دووپات دەكاتەوە ، كە ئەركی سەرشانی ئەو ئەوەیە داوا لە زانایانی كورد بكات و پێیان بڵێت : ( ئەم ڕۆژنامەیەم بۆ ئەوەیە میر و ئاغاو كرمانجەكان بخوێنن ... ) . دواتر هەر خۆی لە ژمارە (

2 )ی ڕۆژنامەی كوردستاندا میقداد بەدرخان پەردە لە ڕووی ئەم بارودۆخە هەڵدەماڵێ و ئۆباڵی دواكەوتنی كوردو بڵاونەبوونەوەی زانیاری و خوێندن لە كوردستان بە كارێكی كەم تەرخەمانەی هەموو میرو ئاغاو دەوڵەمەندانی كورد دەزانێت و بیریان دەخاتەوە كە ئەوان كاروباری وڵاتیان بە دەستەوەیەو هەر ئەوانیش دەتوانن هەوڵ و كۆششێكی وا بدەن كە گەل و كۆمەڵانی خەڵك لە جەوری نەخوێندەواری ڕزگار بكەن و ببنە ڕێنیشان دەریان بەرەو دوارۆژێكی لە بارترو شایستەتر ، لەوبارەیەشەوە باس لە شاعیرو بیریاری گەورەی كورد ئەحمەدی خانی دەكات ، كە چۆن هەوڵی داوە و خزمەتی بە كۆمەڵگای كوردەواریی كردووە ، هاوكات لە ڕێگای فیكرو شیعرەكانیەوە ڕەوتی هوشیاركردنەوەی میللەتەكەی گرتۆتە بەر . وەك ئەوەی پێمان دەڵێت : (( ئەی زاناو میرو ئاغایانی كورد ئەگەر ئەوخەڵكەی كە لە ژێر دەسەڵاتی ئێوەدان و فێری خوێندنەوە بن و نەیا نخەنە بەرخوێندن و فێری زانین و سەنعەت نەبن ئەوا لە دونیاو قیامەتدا ئۆباڵیان لە ئەستۆی ئێوەدایە )) . بەڵام كاتێك ڕوولە خەڵكی زەنگین و دەوڵەمەندانی كورد دەكات ، ڕای خۆی چەندین جار دووپات دەكاتەوەو پێیان دەڵێت : (( ئەی دەوڵەمەندی كورد ، باوكتان بەچەند گەزێك كفنی سپی یەوە چووە بەر ڕەحمەتی خواو ئێوەش بەهەمان شێوە دەچن ، ئەو زێڕو زیوە لە ناو عەلبەكانتان بێننە دەرێ و لە ڕێی خودا قوتا بخانەو خوێندنگا دروست بكەن )) . جگە لە هەموو ئەوانەش لە ژمارە ( 6 ) شەشی ڕۆژنامەی كوردستان و كاتێك دێتە سەر بایەخی باری ڕووناكبیریی و مەسەلەی خوێندن ئەوە ڕوون دكاتەوە كە : ( عەقڵە مرۆڤ لە ئاژەڵ جوێ دەكاتەوە ، هیچ شتێك لە عەقڵ باشتر نیەو عەقڵ بە بێ خوێندەواریی ڕەنگ و بۆی نامێنێت ، مرۆڤ بەهۆی عەقڵەوە جیهانی ئاژەڵ دەخاتە ژێر دەستی خۆی ، هەر بە چاكەی عەقڵ و زانستەوەیە پا پۆڕەكان لە زەریادا ئاو دەبڕن و شەمەندەفەرەكان ئەو ماوە دوورو درێژە دەڕۆن ، ناسینی سروشتی شتەكان دیاردەیەكە لە دیاردەكانی بە دەستهێنانی خوێندەواری )[xix].

دوا بەدوای ئەوەش تەنها بەوانەوە ناوەستێت و هەمان هەڵوێست و هەمان ئەركی نەتەوایەتی و نیشتمانی ڕووبەڕووی خۆی و بنەماڵەكەی خۆی دەكاتەوەو هەموو ئەدرەس و ناونیشانێكی خۆی و براكانی بۆ كۆمەڵانی خەڵك ئاشكرا دەكات و بەڵێنی ئەوەیان دەداتێ ، بە هەموو جۆرێك لەم ئەركە ژیاری و شارستانیەدا كۆمەك و دەست گرۆییان بكات و وایان بۆ دەگێڕێتەوە ، كەئەوان وەك بنەماڵەی بەدرخانیەكان و وەك میرانی بۆتان ، خۆیان بە گەورەی كوردان دەزانن و خۆیان بۆ خەباتی كوردایەتی تەرخانكردووە ، ئەوانەشیان كە تا ئەو سەروبەندە لەژیاندابوون : (( حەڤدە برا )) بوون ، هەمووشیان خاوەنی پلەو پایەو ( مەئموورن ) لە كاروباری وڵاتداو لەم بارەیەشەوە دەنووسێت : (( دەبێت ئێمە وەك منالآنی خۆمان تەماشای منالآنی كورد بكەین ، كێ لە خەڵكی كوردستان بیەوێت ، منالەكانی بنێرێتە ( ئەستەمبووڵ ) بۆ خوێندن ، بابچێت بۆ لای براكانی من )[xx]. هەروەها سەبارەت بەوانەشی ، كە دەیانەوێت بچنە وڵاتی میسر داوایان لێ دەكات با : (( پێشتر نامەم بۆ بنێرن )) و لەسەر نامەكانیان بنووسن : (( مصر نجل المرحوم بدرخان باشا مقداد مدحد بگ )) . هاوكات بۆ وەڵامەكەشی داوای لێ كردوون ، هەر كەسەو بە تەواوی ناونیشانی خۆی لەگەڵ داواكاریەكەیدا بنوسێت ، بۆ ئەوەی بە تەواوی : (( بزانم وەڵامەكەی بۆ كوێ بنێرم )). جگە لەوانەش هاتووە لە ژمارە ( 4 )ی ڕۆژنامەكەیدا ، سكاڵانامەیەك ، بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی ( 1876-

28/ 4 / 1909 )[xxi] دەنووسێت و باسی هەموو ئەو جەورو چەوسانەوەیە دەكات ، كە دژی كورد كراون لەولآتی خۆیاندا لە كاتێكدا ( كوردەكان ) یەكێك بوون لەو گەل و نەتەوەانەی ، كە بەشێكی گەورەی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی پێكدەهێنن ، لەهەموو ئەرك و بەرپرسیارێتیەكی نیشتمانیدا بەشدارن ، كەچی لەڕووی بایەخدان و كردنەوەی ناوەندەكانی زانست و خوێندەوارییەوە وەك پێویست لایان لێ نەكراوەتەوە ، وەك لە بەشێكی قسەو داواكارییەكانیدا بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنووسێت : ( بەلآم تەجالوسی پیرۆزی هەمایونیەت خوێندن و فێركردن و بەرەو پێش بردنیان هەرچی چۆنێك بێت گوێی نەدراوەتێ ... )[xxii] . جگە لەوەش زۆر ڕاشكاوانە ترو بەبێ ترس دەیەوێت ئەو ئەركە نیشتمانی و شارستانیەتەی كۆمەڵی كوردەواریی لەئەستۆی خۆی بگرێت ، سەرەڕای بلآوكردنەوەی زانست و خوێندەواریی كار بۆ ئەوەدەكات ، كە زمانی نەتەوایەتی كوردی ببوژێنێتەوە ، هەروەك خۆشی لەرێگای ڕۆژنامەكەیەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنووسێت : ( ئەو ڕێنماییانەی كە بەزمانی كوردی ڕۆژنامەكە لە خۆی گرتووەو لە ڕووی نەتەوایەتییەوە لە ناو كوردەكان كاریگەرییەكی بەرزی هەیە ئەگەر دەساڵ لەمەوبەرەوە ڕۆژنامەیەكی وەك ئەم ڕۆژنامەیە هەبوایە دەست تێوەردانی بێگانە ڕێگای پێ نەدەدراو هەروەها ئیغتشاشات لە كوردستاندا ڕووی نەئەدا ، پێشكەوتن و شارستانێتی زۆر لە زووەوە دەستەبەر دەكرا ) . لە كۆتایی ئەو دواكاریەشیدا ، كە بۆ سوڵتانی بەرزكردۆتەوە ، جەخت لەسەر ئەوەدەكاتەوە ، كە هەوڵ بدرێت ڕیفۆرمی واتە( اصلاحات )ی زیاتر لە كوردستاندا بكرێت و ڕێ لەو هەموو خرا پەكاریانەش بگیردرێت ، كە لەلایەن هەندێك كاربەدەستی دەوڵەتەوە لەناوچە كوردنشینەكانی كوردستاندا جێبە جێ دەكرێن و دەیانەوێت كار بۆ ئەوە بكەن كە ڕۆژنامەكەی ئەو واتە ( كوردستان ) لەناوچە كورد نشینەكاندا بلآو نەبێتەوەو بەردەوام هەوڵی قەدەغەكردن و هەڕەشە لەوانەش دەكەن كە ئەم ڕۆژنامەیە دەخوێننەوە ، تەنانەت لەدوا ژمارەشیدا كە ژمارە ( 5 ) پێنجەمی بووە لەقاهیرەو تائەوكاتە میقداد مەدحەت بەدرخان سەرگەرمی دەركردنی بووە ، بۆ جارێكی دی نوو سراوێكی خستۆتە بەردەم ( حەزرەتی خاوەن شكۆ و گەورە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ) و ئەوەی دەخاتەوە بیر ، كە كاربەدەستان دەستیان لەدژایەتی كردنی هەڵ نەگرتووە و بۆ ئەمەشیان بۆی خۆی دەنووسێت : ( بە پێچەوانەی چاوەڕوانیم ئەو قەدەغەیە هەڵ نەگیرا ) كە سەبارەت بە ڕۆژنامەكەی ئەو هەبووە ، هەرچەندە ئەوەش بەسوڵتان ئەڵێت : ( پاشام چاكی و دروستی ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن هەموو ئەربابی مەعاریف و شارستانیەتەوە سەلمێنراوە ) و هەروەها لە گەڵیشیدا داواكاریەك لە چوارچێوەی چەند خاڵێكدا بۆ دەسەلآتی بالآی عوسمانی و سوڵتان بەرز دەكاوەتەوەو ، لە دوا وتەشیدا ، هێندە لە خەمی ڕۆژنامەكەی و خزمەتكردنی گەلەكەیدا دەبێت ، زۆر بە ڕوونی ئەوە بۆ سوڵتان بەرز بكاتەوەو سوێندی بۆ بخوات ، كە مەبەستی سەرەكی ئەو لە دەركردن و بلآوكردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیەدا خزمەتكردنە بە گەلەكەی و بەجێهێنانی ئەركی سەرشانیەتی ، هەر بۆیە سوێند ئەخواو بە دەسەلآتی بالآی عوسمانی ئەڵێت : ( پاشام سوێند ئەخۆم ، كە تەنیا لە پێناو بەجێ هێنانی ئەو ئەركەی ، كە لەسەر شانمە بەرانبەر بەكورد ئەم ڕۆژنامەیەم دەركردووەو هیچ مەبەستێكی ترم نیە ) .

جگە لەوەش ڕۆژنامەی ( كوردستان ) لە چەندین وتارو بیرخەرەوەی تریشدا وەك مینبەرێكی ( سیاسی – شارستانی ) كاری بۆ خەباتی كوردایەتی و پشتگیریەكی بەردەوامی لە كێشەی گەلەكەی خۆی كردووە ، یەكێك لە هەرە دەردە كۆمەلآیەتیەكانی

ئەودەمانەی كوردیشی وا لێك داوەتەوە ، كە سەرچاوەو فاكتەرە سەرەكیەكەی نەزانین و نەبوونی هەستی نەتەوایەتی بوویێت لە ناو كۆمەڵگای كوردەوارییدا، وەكو وتمان : لە چەندین شوێن و چەندین وتاردا هەمان زام و هەمان برین دەكولێنێتەوە و بەخەمێكی گەورەوگرانی خۆی دەزانێت . بۆ نموونە لە ناونیشانێكدا هاتووە: ( لە برینە كۆمەڵایەتیەكانمان بێ مەعاریفیە )[xxiii] ، وێڕای ئەوبایەخ نەدان و توندو تیژیەی لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە بەرانبەر بە كورد پیادەكراوە و لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی كوردیان : ( بەورچە تورك ) ناوبردووە ، ئەمەو سەرەڕای ئەو بیرخەرەوەو باسكردنی ئەودەردە كۆمەڵایەتییە جۆر بەجۆرانەی ، كە میقداد بەدرخان پاشا زیاتر هۆكارو ڕەهەندە گەوهەریەكانی بۆ بێ مەعریفەیی كوردان و ئەو زوڵم و جەورەی فەرمانڕەویان دەگەڕێنێتەوە كە وڵاتی كوردو گەلی كوردیان خراوەتە ژێردەسەلاتەوەو بەو شێوەیە كاروباریان بەڕێوەبردوون ، كە لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونی خۆیاندا دەگونجێت . میربەدرخان دووبارە ئەوەش دەهێنێتەوە یاد ، كە خوێندەواری و گەلاڵەبوونی هەستی نەتەوایەتی بەرەو ئەوئاقارەمان دەبات ، كە داكۆكی لە نیشتمانی خۆمان و وڵاتی خۆمان بكەین و سەرچاوەكانی ئاوەدانی و پێكەوە ژیان و نیشتەجێ بوونی بۆ دەستەبەر بكەین ، لەم بارەیەشەوە هەندێكجار پشت بەو فەرموودەو كلتوورەی ئیسلامی دەبەستێت كە باس لە: ( خۆشەویستی نیشتمان ) دەكات و جەختی تەواوی لەسەر دەكاتەوە ، وەك لە ژمارە ( 2 )ی ڕۆژنامەكەیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە : ( خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە ، كە مرۆڤ نەهێڵێت یان ڕێگە نەدات دوژمنان بێنە ناو نیشتمان ، خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە كە مرۆڤ ئاوەدانی بكاتەوە ، خوێندگاو قوتا بخانەو خێرو خێراتی تیا دروست بكات ، خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە ، كە مرۆڤ منالآنی ئەو نیشتمانە بخاتەبەر خوێندن و خوێندنەوەو پیشەو زانستیان فێربكات )[xxiv].

لە ژمارە ( 6 ) ی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) بەدواوە تادەگاتە ژمارە ( 19 )ی ، كە لە شاری ( جنێڤ )ی وڵاتی سویسراو لەلایەن عەبدولڕەحمان بەدرخانی ( 188- 1936 )[xxv] برایەوەو بە هاوكاری هەریەك لە كوردە دامەزرێنەرەكانی ڕێكخراوی یەكێتی و سەركەوتن ( الاتحاد و الترقی )ی ، وەك عەبدوڵلا جەودەت ( 1869- 1932 )[xxvi] و ئیسحاق سوكووتی ( 1868- 1903 )[xxvii] ییەوە بلاوی كردۆتەوە ، ئەمەش لە كاتێكدا بووە، كە لەگەڵ ئەوانداكاری ڕێكخستنی ڕێكخراوی ناوبراوی كردووە[xxviii]. بەڵام میقداد بەدرخانیش بەهۆی هەموو ئەو فشارەی ، كە لەلایەن فەرمانڕەوایانی عوسمانییەوە كراوەتە سەر بنەماڵەكەیان ، بەناچارییەوە دووبارە گەڕاوەتەوە ئەستەمبووڵی ژێردەسەلاتی عوسمانی ، هەرچەندە لێرە بەدواوە ڕۆژنامەكە بە پەرتەوازەیەكی زیاترو بەڕادەیەكی دوورتر لە وڵاتی كوردستان بلاوكراوەتەوە ، كە زۆر بەئاسانی نەتوانراوە ژمارەكانی بگەیەنرێتەوە دەستی خوێنەران و كۆمەلانی خەڵكی كوردستان ، هەرچەندە لەسەر هەمان ڕێبازو پەیڕەوو بۆچوونی ژیاری و ڕەخنەگرانەی خۆی بەردەوام بووەو زۆر بەوردییەوە بایەخی بە بارودۆخ و ژیواری ڕۆژانەی كۆمەلانی خەڵكی كوردستان داوەو ڕەخنەی خۆی لەو جۆرە سیاسەت و سیستەمە گرتووە ، كە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە كەسانی ڕووناكبیرو ڕیفۆرمخوازانی ئەو وڵاتە جێبەجێیان كردووە ، وەك دەبینیت ڕووناكبیرو كەسایەتیەكی وەك عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا ، وەك هەمان هەڵوێستی میقداد بەدرخانی برای و لە ڕێگای ڕۆژنامەكەیەوە چەندین پێشنیارو بیرخەرەوە و سكالآنامەی ڕوو

بەڕووی سوڵتانی عوسمانی و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی کردۆتەوەو ، تیایدا باسی ئەو ئاکارو ڕەخنانەی کاربەدەستانی خۆی بۆ ڕوونکردۆتەوە ، کە دژ بەئەندامانی بنەماڵەکەی ئەو ئە نجامیان داوەو بەبەردەوامی براو کەس و کاری ئەویان زینـدانی کردووەو ڕێگەی گەڕانەوەو چوونەوە کوردستانیان لێگرتوون [xxix] . تەنانەت لـەم بارەیـەوە عەبـدولڕەحمان بـەدرخان لـە بـارەی خۆی و وڵات بەجیّ هێشتنی خۆیەوە نووسیویەتی : منێکی بێدەسەلاٌت دوای بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی خوێندنگەکانی سوڵتانی و مولکی لە یەکێك لە خوێندگاکانی ئامادەیی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بە پلـەی باشکاتب دامـەزرام و بۆمـاوەی شـەش حـەوت ساڵێك کارم کردووە ، ئومێدی گەورەم خزمەتکردنی نیشتمان و میللەتەکەم بوو ، بەلاٌم چارم نەبوو ، ئەوزوڵم و زۆرداریيەی کـە تەنانەت مارو مێرووشی بریندار دەکرد ، بۆ بەرهەڵستی هیواکانم و کاتێك توانای مانەوەم نەما لەئەستەمبووڵدا کارومەچەکم کردە فیدای مەبەستی پیرۆزم و خۆم هاویشتە باوەشی ئـازادی[xxx] . هـەروەها لەبەشێکی تـری داواکاریەکانیـدا عەبـدولڕەحمان بەدرخان پاشا ئەوەدەخاتەوە یادی سوڵتانی عوسمانی ، کە ئەوان و بنەماڵەی ئـەوان لـەهیچ ڕەفتـارێکی ئـەو سڵ ناکەنـەوە ، بەڵکو ئەوان لەنەوەی ئەو بەدرخان پاشا ( 1843- 1847 ) یەن ، کە بۆ ماوەیـەکی زۆر ڕێبەرایـەتی شۆڕشـی کـوردو خـەباتی کوردایەتی گرتبووە دەستەوە ، دواتریش ئەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی ڕوون دەکاتەوەو داوای لێدەکات ، با کـار بەدەسـتێکی وەك ئەبوهودای سەیادی قیبتی ( 1849- 1909 )[xxxi] واز لە دژایەتی بـراو کـەس وکارەکـەی ئـەو بهێنێت ، وەك ئـەوەی هـەر لـەو بارەیەشەوە زۆر بەڕوونی بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسیویەتی: ( لە کاتێدا خۆت یەکێکی لەئەنـدامانی خانـەوادەی سـەڵتەنەتی عوسمانی ئایا بۆچی توانای تێگەیشتنی ئەم ڕاستیەت نیـە ئـەم جـۆرە تـەگبیرو کردارانـە ئەگـەر کاریگـەریی لەسـەر کەسێکی ترسنۆکی وەك ( ابوالهدى ) قیبتی نیە ، کە کردووتـانە بەتـاجی سەرتـان ، هیچ کاتێك کارناکاتە سەر کـوڕی قـارەمانێـك ، کـە لەگەڵ سوڵتان عەبدولەجیدی باوکتدا جەنگابێت ... )[xxxii] .

بەجۆرێك ئەم ڕەوش و بارودۆخەش لەکاتێدا بووە ، کە هەلومەرجی کوردستان و ناوچە کورد نشینەکان ، لە ئەوپەڕی لوتکەی ئاوەدانی و داکۆکی کردنیاندا بووە ، بۆ خاك و وڵاتی خۆیان ، بەدرخان پاشای بە ناوبانگ هەردەم بەدوای ئەوەدا گـەڕاوە ، کـە خۆشگوزەرانییەکی زیاترو ژیوارێکی فەراهەمترو ئاسوودەتر ، بۆ وڵات و گەلەکەی دەستەبەر بکات ، چونکە ڕۆژگـاری دەسـەلاٌت و فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵدێر و گەندەڵی دەسەلاٌت هەنگاوی ناوە ، ئەوانەشی کـە بـاجی ئەم نەهامەتی و گەندەڵیەیان داوەتەوە ، تەنهاو تەنها کۆمەلاٌنی خەڵك و ئەو چینە هەژارو لێقەوماوەی نێو ئەو نەتەوەو گەلە ژێردەستانە بوون ، کە بەدرێژایی مێژوو کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی کردوویانەتە داشی دامەی سیاسەت و مانەوەی خۆیان ، لە دەسەلاٌت و فەرمانڕەوایەتیدا ، هەرئەوەش بووە کەسـایەتیەکی وەك عەبـدولڕەحمان بـەدرخان پاشـا والێبکـات ، کـە بـە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی بڵێت و بۆی بنووسێت : ( لەوکاتـەدا بـاوکی ڕەحمەتیم بەدرخان بەگ لـە کوردسـتاندا بوو ، گوندەکانی ناوچەکە هەریەکەی ( 100 ) خێزانی زیـاتری تێدا نیشتەجێبوو ، ئێستا دوای کاولکردنیان ، ئەگـەر ( 20 ) خێزانی تێدا مابێت ، پەککەوتەیەکی زۆر لەژن و ئەو منداڵە هەتیوو ڕووت و قووت و بێکـەس و بێچـارانەی ، کـە بەسکی برسـی لە پەنا دیوارەکاندا هەڵتووتـاون ... ) ، شانبەشانی ئەوانەش بۆی دەنووسێت و پێی دەڵێت : ( هـەوڵ و کۆششـەکانتان ، تـەنیا

بۆ ناو كۆشكەكانتان تەرخان نەكرێت ) . بەڵكو تۆزێك بیرتان لە ژیانی كۆمەڵانی خەڵك و چاوێكیش بەناوچەكانی كوردستاندا بگێڕن ، كە بەداخەوە ئەمڕۆ لەهەموو جۆرە ئاسەوارێكی شارستانی بێ بەشە [xxxiii]. هەموو ئەو نووسین و بە دواداچوونانەی ، كە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) چ لە سەردەمی میقداد مەدحەت بەدرخان بەگدا لەقاهیرەو چ ئەوانەشی ، كە دواتر لەسەردەمی عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشای براپچووكیدا لە شاری ( جنێڤ ) هەر ئەوەنەبووە ، كە تەنها بە دەستی كاربەدەستانی عوسمانی گەیشتبێت و تەنها ئەوانیش ئاگاداری ئەوەبووبێتن و بزانن كەسێك هەیە لەسەنگەری قەڵەم و لە ڕێگای نووسین و كاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسییەوە بۆ كورد و مافی ڕەوای گەلی كورد تێدەكۆشێت ، بەڵكو بە پێی هەموو ئەو ژمارانەی ، كە لەئەوپەڕی دو نیاوەو بە ئەوپەڕی كوللەمەرگییەوە ، توانیوویەتی بیانگەیەنێتەوە كوردستان ، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن خوێنەرو كۆمەڵانی خەڵكەوە ، تاڕادەیەك بەباشی خوێندراوەتەوەو لەو كەین و بەینانەی بە ئاگا بوون ، كە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) لەوكاتەدا بووە بە دینامیكیەت و هۆكاری سوڕانەوەی ، وەك ئەوەی لە ژمارە ( 17 ) هەڤدەی كوردستاندا ، عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا ، بە پێی دەقی نامەی ( كوردێك ) ، كە لە وڵاتی كوردستانەوە بۆی ڕەوانەكردووە ، ئەویش لە ژمارەی ناوبراوی كوردستاندا بڵاوی كردۆتەوە ، خاوەن و نووسەری نامەكە واهەست و پیرۆزبایی خۆی دەگەیەنێتە خاوەنی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) وەك لەبڕگەیەكیدا نووسیویەتی : ( جگە لەیەك ژمارە سەرجەم ژمارەكانی ڕۆژنامەی كوردستانم خوێندۆتەوە، ئەم پێشكەوتنە بەسایەی ئەو خۆڕاگری و تێكۆشانە لەڕادە بەدەرەوەتانەوەیە ، كە میللەتێكتان بەئەلفبای سەرنجدان و وردبوونەوە ئاشناكردووە ، دەست خۆشی و پیرۆزباییتان لێ دەكەم ... )[xxxiv] .

## تەوەری دووەم / ڕۆژنامەی كوردستان و دۆزی ئەرمەن

هەرلەوكاتەوەی كە نەتەوەیەكی وەك ئەرمەن كەوتنە بندەستی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەوە ، پێشترو لەساڵانی سەدەی چواردەیەمدا ، ئەرمەنیەكان وەك ڕەعیەتێكی دیان واتە مەسیحی و بە پێی یاسای عوسمانی بە( زیمی – Dhimmi ) ناسرا بوون ، كە مەبەست لێی ئەو ڕەعیەتە غەیرە موسڵمانانەن ، كە لەڕیعایەتی دەوڵەتی توركی موسڵماندا دەژین ، خەڵكیش بۆ بێزراندن پێیان دەگووتن كافر ( Gavur )[xxxv]. هەندێك سەرچاوەی تریش لەبارەیانەوە نووسیویەتی كە گوایە : ئەرمەنەكان لەشوێنی ڕەسەنی خۆیانەوەو بەتایبەتی لەناوەندەكانی سەدەی دەیەمی زایینیەوە ، لە ژێر فشاری سەلجوقیەكانی ڕۆمدا هاتوونەتە ناوچەكانی ڕوهاو ئەنتاكیەو كیلیكیە[xxxvi]. دواتریش بوونەتە جێی سەرنجی ئەوەی كە بەشێوازێكی ترو بەچاوێكی ترەوە بە بەراورد لەگەڵ گەلان و نەتەوەكانی تری ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت ، وەك ئەبینی جێگری كۆنسوڵی بەریتانی لەئەدەنە ( Adana ) پ . هـ . ماسی( P.H.Massy ) لەبارەیانەوە دەنووسێت : دانیشتوانە ئەرمەنەكان لە هەموو ناوچەكاندا لەلایەن ئەو نیزامەوە دەچەوسێنرێنەوەو ئازادی گەڕان و بەدەستهێنانی قووتی ڕۆژانەیان لێ زەوتكراوەو هەستكردن بەئاسایشی سەروماڵیان لێسەندراوەتەوە ، بە هەموو شێوازێك و زۆر دڵڕەقانە ، باجیان لێ كۆدەكاتەوە ، تەنانەت لە هەژارترین خێزانیش ، زیندانەكانیشی پڕكردووە ، لەخەڵكی بێ تاوان ، كە بەدرێژایی چەندین مانگ بێ دادگاییكردن دەكرێنە ژوورەوە [xxxvii].

هەربۆیە دەكرێت بوترێت دۆزی ئەرمەن و كوشتاری ناڕەوای گەلێكی وەك ئەرمەن ، وەك یەكێك لەو ڕووداوو دۆزە هەستیارانەی ، كە لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەخەستی كاری لەسەركراو پلانی پێشوەختی بۆ دڕێژراو هاوكات بووە جێی سەرنج و بایەخی زۆرێك لە ناوەندەكانی ڕاگەیاندن و بلاْوكردنەوە ، یەكێك لەو ڕۆژنامانەش كە بەچەند ساڵێك دواترو لە دوورە ولاْتی و لەتاراوگە بلاْوكرایەوە ، ئەویش ڕۆژنامەی ( كوردستان )ی هەردوو برای بەدرخانی ( میقداد مەدحەت بەدرخان ) و ( عەبدوڵەحمان بەدرخان ) بوو ، كە ئەمانیش بەهەمان شێوەو بەبایەخەوە سەرلاپەڕەكانی ڕۆژنامەكەی خۆیانیان بۆ دۆسیەی ئەرمەن و دۆزی ڕەوای نەتەوەی ئەرمەن تەرخانكرد و تاڕادەیەكی زۆر داكۆكیان لەسەركردن ، كە ئەمەش بۆ خۆی دیارترین و بەرچاوترین سەرچاوەی كوردی و ڕاگەیاندنی كوردی زۆر نزیك بووە لەوردەكاریەكانی ئەو ڕووداوەوە ، بەتایبەتی لەولاْتی كوردستان و ئەو ناوچە كوردنشینانەدا ، كە نەتەوەیەكی بێ دەرەتانی وەك ئەرمەنی لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی و دام ودەزگای سوارەی حەمیدیەی سوڵتانی عوسمانییەوە ، تیا قەتڵ و عام دەكراو بەبێ تاوان دەكوژران ، هەرچەندە زۆر ڕاستیشە بەوەی كە بوترێت ڕۆژنامەیەكی وەك ( كوردستان )، لەو قۆناغ و هەلومەرجەی كوردستان و ناوچەكەدا وەك زمانحاڵی ڕێكخراوو حیزبێكی سیاسی كوردی و تەنانەت نەش دەكرا وەك ڕایەكی گشتی گەلی كورد و بەشێوازێكی بەرفراوان باسی لێوەبكرێت[xxxviii] . بەلاْم بەدیوێكی تریشداو سەرەڕای كۆسپ بۆ دروستكردن و ڕێگەنەدانی دامودەزگا ئەمنیەكانی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی ، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەكانی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) بەڕادەیەكی زۆر باش و بەرفراوان دەگەیشتنەوە ناوەوەی كوردستان و زۆرێك لە ڕووناكبیرو چینی خوێندەوارو دەستەبژێری كوردیش خوێندوویانەوتەوەو هاوكات سەرنج و بۆ چوونی خۆیانیان بۆ بەرپرس و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەكە بەنامەی تایبەت نووسیوە ، بەتایبەتی لە شارو ناوچەكانی ئەودەمانەی كوردستان و غەیری كوردستانی وەك : ماردین ، دیاربەكر ، ئەدنە ، جەزیرە ، دیمەشق ، مووسڵ ، سلێمانی ، شام و تەرابلس[xxxix] . هەروەها لەمەسەلەی گەیشتنەوەو هێنانەوەی زۆرێك لەژمارەكانی ڕۆژنامەی ( كوردستان )دا بۆ ناوچە جۆربەجۆرەكانی ولاْت ، ڕێكخستنە ئەرمەنیەكان چ ئەوانەیان لە تاراوگە كاریان دەكردو چ ئەوانەشیان كە لەناوەوەی ولاْتدا بوون ڕۆڵێكی بەرچاوو كارایان هەبووە لەهێنانەوەو دابەشكردنیدا بەسەر دانیشتوانی ناوچە كورد نشینەكاندا[xl] . سەرەڕای ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی كوردستان ، كە بەشێوازێكی باش بەزۆرێك لەولاْتانی ئەوروپای وەك ئەڵمانیا ، نەمساو ئینگلتەراگەیشتوون ، بەتایبەتی بەكەسایەتی و ڕۆژهەلاْتناسەكانی ئەودەمانە لەوانە عەرەبناس و ڕۆژهەلاْت ناسێكی وەك پرۆفیسۆر مارتن هارتمان H.Hartmann ( 1851 – 1918 ) كە لەودەمانەدا جگە لەشارەزایی سەبارەت بە مێژووی ئیسلام ، هاوكات زمانی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەلاْتی زانیوەو تەنانەت هەر لەودەمانەشدا لەڕێگای عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشای بۆتانەوە سەرگەرمی فێربوونی زمانی كوردی بووە[xli] .

بۆ نموونە كەسایەتیەكی وەك میقداد بەدرخان پاشا هەر لە ژمارە ( 3 )ی ڕۆژنامەی كوردستانەوە ، شێوازی پێكدادان و ناكۆكیەكانی نێوان گەلی كورد و ئەرمەنی بەكارێكی خراپ لێكداوەتەوەو تەنانەت باسی لەوەشكردووە، كە ئەو لەژمارەكانی دواتردا لە سەر ئەم بابەتە دەنووسێت[xlii] . لەم ماوەیەش بەدواوە كوردەكان ئەوەیان لائاشكرا دەبێت ، كە واقیعی خەلافەتی

عوسمانی و هەڵوێستیان بەرانبەر بەكۆمەلآنی خەڵك چۆنەو ئەو عینایەت و كەرامەتەی ئەو هەتا كوێ بڕو هەتەردەكات ، كوردەكانیش پێشتر چۆن بیریان كردۆتەوە ، وەك لەبەشێكی تری نامەكەیدا هاتووە : ( كوردەكان نەیان ئەزانی خەلیفە چیە، تێگەیاندنیان چەند هیمەتێكی گەورەیە ، كوردەكان وایان ئەزانی حكومەت هەرچیەك بكات حەقی خۆیەتی و پاشا هەرچی كارێك پێی هەڵسێت كەرامەت و عینایەتە ، ئێوە لە كوردەكانتان گەیاند، كە ئەو بۆچوونەیان ڕاست نیەو هەركەسەو خاوەنی مافێكی دیاری كراوی خۆیەتی ، ئەو مشتومڕەی قەڵەمە كە خستووتانەتە ئەستۆی خۆتان غەزایەكی زۆر پیرۆزە )، ئەم تەعبیركردن و بۆ چوونانەی ، كە بە ناوی كوردێكەوە نێردراوە بۆ ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ناوەرۆك و ئەوڕاو لێكدانەوانەوەی ، كە لەچوارچێوەی دا دەردەبڕێن ، دەلالەت لەوە دەكەن ، كە كەسێكی ڕووناكبیرو شارەزای بارودۆخی كوردستانی ئەوكاتە نووسیبێتی ، ئەمەش بۆ خۆی وایكردووە ، كە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆژنامەكە خەڵكی زیاتر و خوێنەری زیاتری لە دەور كۆببێتەوە و خۆیان بە پاڵپشتی كەری بەردەوامی بزانن ، جا ئیتر بۆ شوێنە ونكردن بوو بێت یان خاوەنی ڕۆژنامەكە خۆی مەبەستی بوو بێت ، ناوی ڕووناكبیرو كەسایەتیە پەیوەندداركانی خۆی ئاشكرا نەكردووە ، نەبادا كاربەدەستانی سەر بە سوڵتانی عوسمانی ، دواتر لێ پرسینەوەو هەڵوێستی خراپیان لە دژ ئە نجام بدەن ، لە تەوەرێكی تردا كاتێك ڕۆژنامەی كوردستان باس لەبارودۆخی كوردستان و ئەو نەهامەتیانەش دەكات ، كە بە هاندان و دەستێوەردانی ولآتانی بیانی و عوسمانیەكان خۆیان دروستیان كردو كوردو ئەرمەنیان كردۆتە نەیاری یەكتری ، شەڕی براكوژی و كۆمەڵ كوژی دژ بە نەتەوەی ئەرمەن هاتەكایەوە ، هەر لەم بارەیەشەوە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەكە زۆر ژیرانەو وردبینانە پەردە لەسەر هەموو ئەو تۆمەتانە هەڵ دەماڵن ، كە دەدرێنە پاڵ گەلێكی وەك كورد ، سەبارەت بە كوشتاری ئەرمەن و لە ناوبردنی ئەرمەن ، هاوكات هەموو ئەو پڕوپاگەندەو قاوانەش بەدرۆ دەخاتەوە ، كە دوژمنانی كوردو ولآتانی داگیركەر لەو دەمانەدا بۆ كوردیان هەڵدەبەست ، زۆر بەوردی باسی لەوەشكردووە ، كە كوشتاری ئەرمەنیەكان پلانێك بووە ، كە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی خۆی بەناوی ئیسلام و ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دژی ئەرمەنیەكان ئە نجامی ئەدات ، كە لەو ڕۆژگارو ماوەیەدا لەهەوڵی ئەوەدابوون ، كە كیان و دەسەلآتێك بۆ خۆیان پێكبهێنن و بۆ ئەوەی چیتر لە ژێر زوڵم و ستەمی فەرمانڕەوایانی عوسمانیدا نەمێننەوە ، كە ڕۆژانە دەرهەق بەئەوان و ئایین و پیرۆزییەكانی ئەوان و ماڵ و منداڵی ئەوان دەكراو دەیانەویست كوردەكان بۆ مەبەست گەلێكی لەم جۆرە بەكار بهێنن و هانیان بدەن لە دژی ئەوان بجەنگن و لە سەر حاڵ و ماڵ و زێدی خۆیاندا بەتالآنیان بەرن ، جا بۆ هوشیاركردنەوەی كوردو هەلومەرجێكی لەو بابەتەش ، خاوەنی ڕۆژنامەی كوردستان عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا لە ژمارە ( 25 )ی ڕۆژنامەكەیداو بەناونیشانی : ( بۆ كوردەكان ) نووسیویەتی :

( ئەی برایانی نەجیم تكاتان لێ دەكەم كە بەدڵ و بە گیان گوێ لەو قسانەم بگرن ، كە لەناخی دڵ و دەروونی خرۆشاومەوە هەڵدەقوڵێت ، بە پێویستی نازانم دەربارەی بێ بایەخێكی وەك خۆم بدوێم ، تەنیا ئەوەندە خۆمتان پێدەناسێنم من كوڕی باوكێكم بە پشت بەستن بە شمشێرەكەی لە ڕێی پاراستنی ئازادی و بەختەوەریی ئێوەدا واتە ئەم قەومە نەجیب و تاقانەیەدا گیانی خۆی بەخت كردووە ، ئەمڕۆ منیش لە غوربەتی ڕۆژئاوادا بۆ هەمان مەبەست تێدەكۆشم ... )[xliii] . لەگەڵ ئەوەشدا داوای

هاوخەباتی و پاراستنی ئەوئەرمەنیانەش دەکات کە لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕۆژانە ماڵ ویران دەبن و دەنووسێت : ( پێویستە پەککەوتەو بێ تاوانەکانی ئەرمەنیەکان بپارێزن ، لە ڕووی چەند خرا پە کارێك ڕازی مەبن بە کاولکردنی ماڵ و حاڵی دوو ملیۆن کەس )[xliv] . هەروەها شانبەشانی ئەوەو بۆ بەرپەرچدانەوەی وتەو لێدوانەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی کە وتوویەتی : ( ئەرمەنەکان دووژمنی کوردن .. ) ، ڕۆژنامەی ( کوردستان )یش لە ژمارە ( 7 ) حەوتی ساڵی ( 1898 )دا ، بەڕوونی دەنووسێت : ( ئەوعەبدولحەمیدەی کە ئەڵێت ئەرمەنەکان دوژمنتانن ، ئەمە ڕاست نیە بەڵکو هەرخۆی تاوانباری یەکەمە لە نانەوەی دوژمنایەتی نەتەوەیی لەولاتدا و خۆ ئەگەر بڕواش بەقسەکانی دەکەن ، ئەوا ئەوبەرەو لە ناو بردنتان دەبات ... )[xlv] . هەروەها ئەوەشیان بۆ دەگێڕێتەوە ، کە بەهۆی ئەو بارە نالەبارەو کوشتاری نەتەوەی ئەرمەنەوە، کە دەستی گەلی کوردیشی پێ سوورکراوەو ڕۆژانە کوردەکان ، هێرش دەکەنە سەر ئەرمەنیەکان ، بۆ بەدی هێنانی مەرامێك ، کە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی خۆیانی لە پشتەوەن و وەك لە بڕگەیەکی تری وتارەکەیدا دەنووسێت: ( بەهۆی پێناسەی کوردایەتیەوە ، کە جێی شانازیمە لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە لە ئەوروپا جۆرەها سەر زەنشت دەکرێم لەڕووی ئەو کردەوە خرا پانەی ئێوە دەرحەق بە ئەرمەنیەکان ... )[xlvi].

لە هەمانکاتیشدا سەرەڕای ڕوونکردنەوەی مەرامی دواڕۆژی ئەرمەنیەکان بۆ سەر کوردو ولاتی کوردستان ، دانیشتوانی کوردستان و ئەو خەڵکانە هوشیار و ئاگاداردەکاتەوە کە لە مێژەوە شانبە شانی ئەرمەنیەکانی دراوسێ ژیاون و وەك یەك لەلایەن کار بەدەستان و فەرمانڕەویانی عوسمانییەوە زوڵمیان لێ دەکرێت ، حاڵی حازر لە خەباتی ئەوەدان : ( ببنەنە خاوەنی مافی خۆیان ) ، هەنگاو و خەباتێکی لەوجۆرەش بە هیچ جۆرێك نابێتە کۆسپ و ڕێگر لە ڕێی ئێوەدا تا واتان لێ بکات و مافی ئەوەتان پێ نادەن هێرش بکەنە سەریان و قەتلو عامیان بکەن ، نابێت بڕوا بە پشتگیری حکومەت بکەن ، چونکە لە ولاتی تورکیادا ئەوەی : ( بە توانابێت دەبێتە خاوەنی مافی خۆی ) ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستان ڕوو لە گەلی کورد و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکات و دەنووسێت : ( ئێوە لە جیاتی ئەوەی پەلاماری کۆمەڵێك پەککەوتەی ئەرمەنی بدەن ، کە لە ژێر باڵی ئێوەدا خۆیان کز کردووە ، هەوڵ بدەن و غیرەت بکەن بۆ شکاندنی ئەو تەوقە زوڵم و زۆرداریییەی ، کە ئێوەی بێ بەشکردووە لە هەموو خۆشیەکی ژیان و پێشکەوتن و بە ختەوەری ، ئەوە بزانن کە لە ڕوانگەی حەقیقەتدا پە نجا قات لەو ئەرمەنیە مەزلوومانە مەزلووم ترن ... ) . جا بۆیە پێویستە لە سەرتان وەك گەل و نەتەوەیەکی زوڵم لێ کراو ، وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی : ( پێویستە پەککەوتەو بێ تاوانەکانی ئەرمەنیەکان بپارێزن ، لە ڕووی چەند خرا پە کارێك ڕازی مەبن بەکاولکردنی حاڵ و ماڵیان ... ) . باچیتر نەبینە ئامێری دەستی سوڵتان و خوێنی نەتەوەو ڕەگەزە ئایینیەکانی دی بەدەستی ئێمە نەڕێژێت ، ئەو هەموو کوشتارو تۆوی دووبەرەکایەتیەش ، کە سوڵتانی عوسمانی بە پێی سیاسەتی ( فرق تسد ) واتە ( پەرتکە و زاڵ بە )ی ئەوانەی هەنگاوی خراپ و ئاکاری نا مرۆڤانەی خراپ نەخەینەسەر خەرمانی پڕ لە سەروەریی مێژوومان ، لە پێناوی هێنانەدی و : ( جێبەجێکردنی ئارەزووە خوێنڕێژ و جنایەتکارانەی پاشامان ) . بەڵکو : ( چ کوردەکان و چ ئەرمەنییەکان ، ئەگەر دەیانەوێت لەم بارودۆخە پڕ لە ئازارەو لەم زوڵم و زۆرداریانە ببێت بە ڕێککەوتن و یەکگرتن

سەركەوتن بە دەست دێنن )[xlvii]. كەچی لەولاشەوە كەسایەتیەكی وەك مەلاسالْحی جەزیری هەرلە شاری جەزیرەوە سەبارەت بەم بارودۆخە نامەیەكی بۆ رِۆژنامەی كوردستان ناردووەو دژی سیاسەتی دواكەوتوویی سوڵتانی عوسمانی بۆتەوەو دەنووسێت : ( قوتا بخانە لە هەموو شوێنێك دەكرێتەوەو گەلان خەریكی گشت كارێكی داهێنانن و بە ئامرازەكانی پێشكەوتنەوە سەرقاڵن ، بەلاَم سوڵتان هەرئەوەی پێ دەكرێت كورد لەدژی ئەرمەن هان بدات ، ئێستا زانیومانە ئەرمەنیش گەلێكی ژێر دەستەی چەوساوەیەو دەزانین داوای چی دەكەن و دەیشزانین چی لەژێر سەری سوڵتان دایە ، كردەوەو كۆششی ئەوەیەتی تاسەر لەچۆڵەوانی پاشكەوتندا بمانهێڵێتەوە ، تا هەلی بۆ برِەخسێت بە ئاسانی تۆوی رِق و كینەی دژبەئەرمە نمان لە دەروونـدا بچێنێت ، باسوڵتان بزانێ لەمەودوا ئەوە دووپات نابێتەوە و چیمان پێ بكرێت بۆ پێشكەوتنی مرۆڤایەتی دەیكەین )[xlviii].

بەرِادەیەكی ئەوتۆ لەم بارەیەشەوە دەیان نموونەی گونجاو سەبارەت بە ئاكارو سیاسەتی زاڵمانەی سوڵتانی عوسمانی دەهێنیتەوەو لەسەر لا پەرەو ژمارەكانی رِۆژنامەی كوردستاندا ، بەزۆری بلاَوی كردوونەتەوەو بۆ جەماوەری ئەوكاتەی كوردستانی روون دەكاتەوە ، بەجۆرێك جەخت لەسەر ئەوەش دەكاتەوە لەوە زیاتر كورد بە هانای دەست و پێوەندەكانی سوڵتانی عوسمانیەوە نەچن و وا ناوی بردوون ، كە ئەبێت لە بری ئەوانەو ئاكاری سوڵتانی عوسمانی : ( هەزار رِەحمەت بۆ گیانی جەنگیزو تەیموور بنێرن ) ، چونكە باش بزانن ئەو كاربەدەست و ( والی و موتەسەریف و قائمقامانەی ) ئەوان بەردەوام لەوەدان ، هانتان بدەن بۆ تالاَنكردن و خیانەتكردن لە ویژدانتان ، فەرموون بەچاوی خۆتان ببینن چیان لە دەستاندا هێشتۆتەوە غەیری ئەوەی ( شەرەف و ناموسیشتان ئەتك ئەكەن ) ، تەنانەت كارێكتان پێ ئەكەن : ( خواو پێغەمبەریش نەهی لێ كردووە ) . جگە لەهەموو ئەوانەش هەر عەبدولرِەحمان بەدرخان پاشای خاوەنی رِۆژنامەی ( كوردستان ) بوو ، كە راسترین و دروسترین هەڵوێستی بەرانبەر بە كوشتاری ئەرمەنیەكان هەبوو ، بۆنموونە كارگەیشت بەوەی ئەم پیاوە دووربینە بەئاشكرا حاشای لە عوسمانی كورِی خۆی كرد ، چونكە لە كوشتاری ئەرمەنیەكاندا بەشداربوو[xlix]. هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوەو بەرز راگرتنی هەستی كوردانەو بەرانبەر بەوهەڵوێستانەی دوژمنانی كورد ، هەر عەبدولرِەحمان بەدرخان بیرخەرەوەیەكی جوانی هێناوەتە یاد و بۆ كۆمەلاَنی خەڵكی كوردستانی باس دەكات ، بۆ ئەوەی چاوی لێ بكەن و هەر ئەوانیش هەمان هەڵوێست وەربگرن ، وەك ئەوەی لە شوێنێكی تردا دەنووسێت : ( چەند ساڵێك لەمەوبەر لە وان بە فەرمانی پاشا كۆنگرەیەك بەستراوە ، برِیاردرا هانی كوردەكان بدرێت بۆ كوشت و برِی ئەرمەنیەكان ، خوالێخۆشبوو شێخ عەبدوڵلاَ كە یەكێك بوو لەئامادەبوانی كۆنگرەكە هەستاو وتی لەبەر ئەوەی كوشتنی ئەرمەنیەكان بەم جۆرە پێچەوانەی فەرمانەكانی خوایە ، ئەو پاشایەی كە ئەو جۆرە فەرمانانە دەردەكات ، بەیاخی و زاڵم دەژمێردرێت ، پێویستە لەسەركار لابرێت و دوای ئەو قسانە كۆنگرەی بەجێ هێشت ، كوردەكان ئەم كرداره مەردانەیەی شێخی ناوبراو بۆچی نابێت بە میسالێكی باش بۆ ئێوە ، یان لەگەڵ كردارەكانتاندا رِێك ناكەوێت )[l]. هەروەكو ئەوەی پێمان بڵێت : ئێوەش چاو لە كەسانی واو لە هەڵوێست گەلی لەو بابەتە بكەن ، تۆزێك بە خۆتاندا بچنەوە ، با بارودۆخەكە لەوە زیاتر تەشەنە نەكات و ولاَتی تریش نەیەنە ناو ئەم هاوكێشەیەوە ، با ناوچەو ولاَتەكەتان لەوەزیاتر بشێوی و ترس و خرپە كاری تیا بلاَونەبێتەوە ، وەك ئەوەی لەوماوەیەوە ، كە ئەم دووبەرەكایەتی و كوشتارە دەستی پێكردووە ، ولاَتانی ( ئینگلیزو رِووسەكان )یش ، بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیانەوە ،

خەریكن دێنە ناوكایەكەوەو زیاتر ئاگری ئەو دووژمنایەتی و دووبەرەكایەتیە خۆش ئەكەن ، پاشتریش ڕوومان لێ دەكاتەوەو لێمان دەپرسێت : ( ئەو شەرەف مەندیەی كە باپیرانتان بەهەزار هەوڵ و تەقەلاو گیان بەختكردن بە دەستیان هێناوە ، چۆن ویژدانتان قبوولْ دەكات بە پەڵەی خوێن لەكەداری بكەن ؟ ئایا شێلانی ئەو خاكە پیرۆزەی نیشتمانەكەتان ، كە مایەی ژیانتانە لە ژێر پێی دوژمندا لە حەمییەتاندا جێی دەبێتەوە )، بەجۆرێك لە كۆتایی ئەو وتارەكەشیدا ، كە لە ژمارە ( 27 )ی ڕۆژنامەی ( كوردستان )دا بلأوی كردۆتەوە عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا بەڕووحیەتێكی بەر پرسیارانەو بەمەسئوولیەتێكی گەورەوە ، داوای یەكێتی و یەك ڕیزی گەلی كورد دەكات و زۆر بەڕاشكاویەوە دەنووسێت : ( هەموو دەست بخەنە ناو دەستی یەك و هیمەت بكەن بە شێوەیەكی برایانە پێكەوە بژین ، كارێكیش كە بەدڵێكی پاكەوە ئەنجام بدرێت بە فەرمانی خودا سەركەوتوو دەبێت .. ) [li] . هەروەها لەبارەی ڕێككەوتن و یەكڕیزی كوردو نەتەوەی ئەرمەنیشەوە نووسیویەتی : هەموو تاوانێكی گەورە لەئەستۆی سوڵتان عەبدولحە مید دایە ، هەر هەمووشیان دەبنە مایەی زەرەرو زیانی گەورە لە نێوان كورد و ئەرمەندا ، خۆ ئەگەر كوردو ئەرمەنیش بیانەوێت لەم قەیران وكێشەیە ڕزگاریان بێت ، ئەوا پێویستە لە سەریان لەگەڵ یەكدیدارێك بكەون و پێكەوە و بە هەردوولایانەوە ڕووبەڕووی سوڵتان و بەرپرسە گەندەڵ كارەكانی ببنەوە لە كوردستاندا [lii] .

## تەوەری سێیەم / ڕۆژنامەی كوردستان و سواری حەمیدیە

یەكێك لەو هەنگاوانەی ، كە وەك گۆڕانكارییەكی سیاسی و سەربازیی ، فەرمانڕەوایانی عوسمانی و بەتایبەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی ویستی بەزۆری لەهۆز وخێڵە كوردییەكان پێكەوەی بنێت و بەشێوازێكی ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری و لەفەرمانی شەخسی خۆی لانەدەن ئەویش پێكەوە نانی دەزگایەكی سەربازی و هێزێكی چەكداری بوو ، بە ناوی سوارەی حەمیدیەوە ، ئەوەبوو سەرەتا سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی ، كەسایەتیەكی وەك سەمیح پاشای ڕاسپارد بۆ ئەوەی ئەم ئەركەی بۆ جێبەجێ بكات و هەروەها هێزێكی سوارەش لە عەشیرەتە كوردەكان پێكبهێنێت ، كە سەر بەسوپا بێت ، بەلام لە قۆناغی یەكەمدا هەوڵەكانی سەمیح پاشا بە هۆی مل نەدان و دوودڵی عەشیرەتە كوردییەكانەوە ، سەركەوتنێكی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا ، هەرچەندە دواتر هەندێك خێڵ و هۆزی وەك زیلانی و كاسكانایی هێزی خۆیان بۆ ڕیزەكانی ڕەوانەكرد [liii] . كەچی بە پێچەوانەشەوە لە كۆی پێنج هۆزی ناوچەی بەدلیس تەنها بەشێكی هۆزی جەلالی چوونە ڕیزەكانی سوارەی حەمیدیەوە ، بەلام لەویلایەتی دیاربەكر و ناوچەی دەرسیمدا بە هەموویانەوە دژی ئەم پرۆسەیە وەستان . هاوكات هەریەك لە بەدرخانیەكان و شەمزینی و تەنانەت لە بەشی باشووری كوردستانیشدا ، كەسایەتیەكی وەك شێخ مەحموودی حەفید ( 1881- 1956 ) و پشدەریەكان و هۆزی ناسراوی هەمەوەندیش ، كە بەردەوام بە هۆزێكی سەركێش و لێهاتوو شۆرەت و ناو بانگیان ڕۆیشتبوو ، بەدەنگی بانگەوازەكەی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی نەچوون [liv] . بەوەی ئەم هۆزەی دوایی قەت ئەوەیان بیر نەچووبووەوە ، كە چۆن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی لە كۆتایی هەشتاكانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێكی یەكجار زۆری هۆزەكەیان بۆ ناوچە دوورەدەستەكانی ئەنادۆڵ و باكووری ئەفریقیاو بەتایبەتی ولأتی لیبیای ئەمڕۆ دوورخستەوە [lv] .

ڕۆژنامـەی ( كوردسـتان )یـش لای خۆیـەوەو وەك هەڵوێسـتێك ، بەرانبـەر بـە دەزگـای سـەربازیی ( سـوارەی جەمیدیـە ) و بەناونیشانی : ( لیواكانی سوارەی حەمیدیە )ەوە، لەژمارە ( 28 )ی خۆیدا ، بابەتێكی دوورو درێژی لە( 15ی ئەیلولی 1901 )دا بڵاوكردۆتەوەو تیایدا سوارەی حەمیدیەی وەك : (( دامودەزگایەكی گەندەڵ )) ناو بردووە [lvi]. تەنانەت مێژووناسێكی وەك كەمال مەزهەر ئەحمەد( لەدایك بووی 1937 )یش ، زۆر جەخت لەسەر ئەوەدەكاتەوەو دەنووسێت : هەركاتێك ناوی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) هاتە پێشەوە ، دەبێت دوو ڕووی پڕ شانازی ئـەم ڕۆژنامەیـە بخرێتـە بەرچـاو ، یەكـەمیان هەڵوێسـتی ڕۆژنـامەی( كوردستانە ) بەرانبەر بە گەلی ئەرمەن و ئەوی تریان بەرانبەر بەودەزگا سەربازییە دواكەوتووەی سوڵتانی عوسمانییە ، كە لـە دەوروبەری كۆتـاییـەكانی سـەدەی نۆزدەهەمـدا بـە نـاوی سـوارەی حەمیدییـەوە لـە پیاوی چـەكداری هـۆزانی كـوردو شـەركەس ( چەركەس ) دا یمەزراند [lvii]. هەموو ئەمانەش بەسەریەكەوە بریتی بوون لە هێزێكی باشی مەشق پێكراوی سوڵتانی عوسمانی و لە كوردەكان دروستی كردبـوون و چـەكی بـاش و جل و بـەرگی جیـاوازی پێدابوون ، ئـەم فەوجـەی حەمیدییـە ، تـەنها لەلایـەن سوڵتانەوە فەرمانیان پێ دەكرا ، ئـەمانیش زۆر دڵسـۆز بـوون بـۆی ...و هاوكـات بـە پێكێنـان و دروسـتكردنی ئـەم فەوجانـەش سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی توانی كۆنترۆڵی ئـەو كـوردە سەركەشـانە بكـات ، لەلایـەكی دیشـەوە بـەكاری دەهێنـان بـۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەرمەنەكاندا بەو شێوەیەی كە خۆیان پێیان خۆش بـوو [lviii]. هەرچـەندە بـەدیوێكی تـردا و هەنگاوگـەلێكی لەم جۆرەش ، بەمەبەستی پێكەوەنانی سوارەی حەمیدیە ، بەشێوازێكی پراكتیكی بەتەواویی بۆ سوڵتانی عوسمانی نەهاتـەدی تـا ئەوكاتەی لە مانگی ( كانوونی دووەمی 1890 )دا ، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ، مەرسومێكی بڵاوكـردەوە بـە مەبەسـتی پێكـەوەنانی هێزێكی سـوارە لـە كوردەكـان و لەناوچـە كوردنشینەكاندا ، بـەلام وەكـتر مێـژووی ڕاگەیانـدن و جێبـەجێكردن و بڵاوكردنەوەی ئەم مەسومەو بە شێوازێكی پراكتیكی ، وەك ئەوەی زۆرێك لە مێژوونووسان و لێكۆڵەرانی بواری مێژوو لـە سـەری كۆك بن ، زیاتر دەگەرێتەوە بۆ مانگی( كـانوونی دووەمـی 1891 )[lix]. بـەوەی یـەكێك لـەو هەنگاوانـەی ، كـە فـەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی لەچوارچێوەی دەسەڵاتیاندا هەنگاویان بۆ دەنا ، بەتایبەتی لە نێوەندی كۆمەڵگای كـوردی ئـەو دەمانـەدا ، هەروەها ئەو خێڵ و هێزە كوردیانەی ، كە لە ناوچە جۆر بە جۆرەكانی كوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵـەتی عوسمانیـدا بـوون ، ئەوەش بۆخۆی پێكەوەنانی ئەو هێزە چەكدارییە بوو ، كە لە سەر شێوازی فەوج و گروپـی جـۆر بـەجۆر بـەزۆری لـەخێل و هـۆزە كوردەكان پێكی هێنان ، كە دواتر لە مێژووی نـوێی گـەلی كـورد و دەوڵـەتی عوسمـانی و تەنانـەت تـەواویی ناوچەكەشـدا بـە( سوارەی حەمیدییە ) ناسـراو بـەزۆری هـەڵێنجان و دەسـت نیشـانكردنی ناوەكەشـی لـە نـاوی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمـی عوسمانی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبوو [lx].

بەجۆرێك بیرۆكەی پێكهێنـانی ئەم فەوج و گروپە چەكدارییەی سوڵتان عەبدولحەمیـدی عوسمـانی لـە سـیزارەكانی ولاتـی ڕووسـیاوە وەرگیرابـوو [lxi]. بـەوەی ئـەوان پێشـتر لـە خێـڵ و هـۆزە كوردەكـانی پشـتەوەی ناوچـەی قـەوقاز و بەسـەرۆكایەتی سـەرهەنگێكی سـەربازی بـە نـاوی ( م . ت . لـۆریس میلیكـۆف M.T. Lorees Melekove ) ەوەو لەسـاڵی ( 1878 ) دا پێكیان هێنابوو ، كە بە قۆزاق ناسرابوون [lxii]. كەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ولاتی دراوسێی دەوڵـەتی عوسمـانی ، كـە بریتـی

بوون لە ڕووسیای قەیسەری و ئێرانی قاجاری زۆر كەیف خۆش نەبوون بە پێكهێنانی ئەم دامەزراوەیە بە تایبەتی ولآتێكی گەورەی وەك ڕووسیا[lxiii] . چونكە ڕووسیای سیزاری لەدەرئە نجامی سەركەتنیدا بە سەر دەوڵەتی عوسمانیداو لە چوارچێوەی پە یماننامەی نێودەوڵەتی ( سان ستیڤانۆی 1878 )دا ، بە تایبەتی لەماددەی ( 16 ) شازدەیەمیدا ، بەتەواویی پێی لەسەر ئەوە داگرتووە كە : ( بەرلەوەی سوپای ڕووسیا لە ڕۆژهەلآتی ئەنادۆڵ بكشێتەوە ، دەبێت دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی ئەوە بدات ، كە لەماوەیەكی كورتدا هەموو مافێكی ئەرمەنیەكان دەستە بەر بكات و لە پەلاماری كورد و شەركەسیەكانیش بیانپارێزێت )[lxiv] . بەلآم بە پێچەوانەوەو بەچەند ساڵێك دواتر تەنها لەماوەی ساڵی ( 1895 ) دا بە هەزاران ئەرمەنی پەرتەوازە لەدەرئە نجامی هێرش و سەركوتكردنی ( سوارەی حەمیدییە )دا لە شارو ناوچەكانی ئەستەمبووڵ ، تەرابزوون ، ئەرزنجان ، بەدلیس ، ئەرزڕووم ، دیاربەكر ، عەرەبكیر و مەلاتیە كوژران[lxv] .

بەزۆری گرنگترین ئەو هۆكارانەشی ، كە بوونەمایەی دامەزراندن پێكهێنانی ئەم دامەزراوە چەكدارییە، بەسەریەكەوە بریتی بوون لە : هەوڵی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سوود وەرگرتن لە كوردەكان بەرامبەر بە ڕووسیا لە ناوچە سنووریەكانی دەوڵەتی عوسمانی دا و هاوكات بەكارهێنانیان وەك هێزێك بۆ سەركوتكردنی بزوتنەوە نەتەوەییەكانی كورد و بەشداریكردنیان لە لێدانی نەتەوەكانی تردا بە تایبەتی ئەوانەی ، كە داوای مافی خۆیان دەكرد ، سەرەڕای مل كەچكردنی هۆزو عەشیرەتە كوردەكان بۆ حكومەتی ناوەندی و بۆ ئەوەی ڕێگەی ئەوەیان لێبگرێت داوای مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانیان بكەن و پشتیوانی خۆشیان بۆ سوڵتانی عوسمانی دەستەبەر بكەن[lxvi] . كەچی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) كە بەماوەك ، پاش مەرسوومی دامەزراندنی ( سوارەی حەمیدیە ) و لە نێوان ساڵانی ( 1898- 1902 ) بلاوكرایەوە ، ڕەخنەیەكی زۆر لە دامەزاروەو سوارەی حەمیدیە دەگرێت و وەك دامەزراوەیەكی خراپ ناوزەدی كردووە[lxvii] . وەك ئەوەی عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشای دەرهێنەری ڕۆژنامەكە بەهەمان شێوە لەدرێژەی بابەتی ژمارە ( 28 )ی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) دا و بەناونیشانی : ( لیوا سوارەكانی حەمیدییە )ەوە ، لە بابەتە سەرنج ڕاكێش و سەربەخۆكەیدا ، كە پەیوەندی تەواوو یەكانگیری بەلێكۆڵینەوەو بابەتەكەی ئێمەوە هەیە نووسیوویەتی : ( كوردستان كە دەكەوێتە ڕۆژهەلآتی دەوڵەتی عوسمانی و هاوسێی دەوڵەتی ئێران و ڕووسیایە ، لە ڕووی ستراتیجی و سەربازییەوە ناسكترین و فراوانترین و هاوكات قووڵترین ناوچەی نیشتمانەكەمانە ، ئەمڕۆ لە پێناو بەردەوامی ژیانی سیاسی و تەكامولی حكومەتەكەماندا ، بە دەستهێنانی ( ڕۆم ئیلی ) پێویستیەكی لە ڕادەبەدەر و هاوكات بۆ كوردستانیش هەمان پێویستی و گرنگی هەست پێ دەكرێت ... هەروەها ئەسڵی مەبەستیشمان بۆ دروستكردنی هێزی دەریایی دەرخستنی گرنگی ستراتیجی سەربازیی كوردستان و ڕاگەیاندنی قەدرو پلەی لیوا سوارەكانی حەمیدیە بوو ، ئەگەر بێت و ڕووسیا نیازی پەلاماردان و لە ناو بردنی كوردستانی هەبێت ، دەبێت ئەوە بزانێت ، كە ئەو كوردستانە دەبێتە گۆڕەپانی جەنگێكی گەورەی دڵتەزێن . جگە لەوەش لە بارەی بیرۆكەی دامەزراندنی سوارەی حەمیدیەشەوە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) و بەتایبەتی عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا وای دەگێڕێتەوە كە : بیركردنەوە لە پێكهێنانی ( لیواكانی حەمیدیە ) لەئە نجامی هەستكردن بەمەترسی ڕوودانی ڕاپەڕینێكی گشتی كوردەكان بوو ، لە هەموو خاڵێكی نیشتمانەكەمانداو دژی ئەو زوڵم و

زۆرداریی و كارە ناڕەوایانەی ، كە حكومەت لە ناوچەكەدا پەیڕەوی دەكات ، هەروەها لەدەرئە نجامی ڕا پۆرتێكی زەكی پاشای موشیری سوپای چوارەم ( كە بە باوكی ڕۆحی ئەم سوارانە ناسرا بوو ) ، وەك ئەوەی لەسەرەتای یەكەم ڕا پەڕینی ئەرمەنیەكاندا ، دابووی بە شاهنشاهی هەمایۆنی و ئەگەری بەشداربوونی كوردەكانیشی بە هەمایۆنی ڕاگەیاندبوو[lxviii] . شانبەشانی هەموو ئەوانەش باس لە تەمەنی دامەزراندنی سوارەی حەمیدیە دەكات و تەنانەت جەخت لەسەر ئەو شێوازی تاوان و ئاكارانەیان دەكاتەوە ، كە لە ولاتی كوردستاندا ئەنجامیانداوە ، وەك دەنووسێت : ئەو لیوا سواریانەی كە پێكهێنراون ، لە دەساڵ لەمەو بەرەوەو تاكو ئەمڕۆ ئەو تاوانە نامرۆیانەی لە كوردستاندا ئە نجامیان داون لە پلەیەكی وادابوون ، كە سەرنجی جیهان ڕابكێشن و بوونەتە جێی ڕەخنەی نەتەوەكانی نیشتمانی عوسمانی . لە ناوەوەدا ئەو ملیونەها لیرەیەی ، كە بە ناحەق لە قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانانەی ، كە گوایا لە كەسانێكی سەر بەدەوڵەتە گەورەكان لە ئە نجامی كوشتاری ئەرمەنیەكان لێیان كەوتووە لە ناوبردنی ئاوەدانی و بەختەوەریی لە نیشتمانداو دروست بوونی كلاوەی خوێناوی لە هەموو كوچەیەكیدا لە ناوبردنی هەزاران كەس بێ دادگاییكردن و خوێناویكردنی شمشێری بەنرخی عوسمانی بەخوێنی بێ تاوانان . بە یەكدادانی ئەو كۆمەڵە جیا جیایانەی میللەت ، كە لەچەندین سەدەوە وەك برا بەئاسوودەیی ژیاون ، بێهێزكردن و لاوازكردنی ئەو سوپایەی كە لە بنەمادا بۆ بەرگریكردن لە نیشتمان پێكهێنراوە ، ئەمانە هەموو ئەو خرا پەكاریانەی لیواكانی سوارەی حەمیدیەن ، كە تاكو ئەمڕۆش لە ئە نجامدانیدا بەردەوامن ، ئەو لیوایانەی حەمیدیە خاوەنی چەكێكی زۆرو فەرمانی شاهانەن ، هەروەك لە ( یەنی چەریەكان )[lxix]ەوە بۆیان مابێتەوە وایە . لەم خولی شارستانیەتەدا پەلاماری گوندو شارۆچكەكان ئەدەن ، بە پێكهێنانی چەند مەفرەزەیەكی چەتەگەریی كوردستانیان لە هەیەجان و تالانكردندا نوقم كردووە[lxx] . تەنانەت لەدوا ژمارەشیدا ڕۆژنامەی كوردستان جەخت لە سەر زوڵم و زۆرداریی حەمیدیەكان دەكاتەوەو ئەوەبیری كۆمەلانی خەڵكی كوردستان و نەتەوەكانی ژێردەسەلاتی عورسمانی دەهێنێتەوە هەركاتێك توانیمان : ( زوڵم و زۆرداری حەمیدیەكان لەناو بەرین ، ئەوكاتە هەموومان بەگشتی ، بە سەربەستی و گەشەدارییەوە لەولاتەكەماندا دەژین ... )[lxxi] .

شانبەشانی هەموو ئەوانەش ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ئاكارو هەڵوێستی سوڵتانی عوسمانی بەڕێكارێكی زەلیلانە ناودەبات و لە ڕوانگەی ئەوەی هەوڵی چارەسەری كێشەو داواكاریەكانی كۆمەلانی خەڵك بدات كەچی ئەو : ( هەموو كارو جوولانەوەكانی عەبدولحەمید جۆرە زەلیلییەكی تێدا دەردەكەوێت و شێوەی ژیان و هەڵسوكەوتی لە شێوەی هەڵسوكەوتی خزمەتكارێكی مالان دایە ، تەنانەت ئەگەر كوڕی خزمەتكارێكی مالانیش بكرێت بە پاشای میللەتێك بەكاریگەریی ئەو تەختەی ژێری و ئەوتاجەی سەری گۆڕانكارییەكی كەمیش بێت لە كردەوەكانیدا ڕوودەدات و گەورەییەك نیشان ئەدات .. )[lxxii] . بەلام ئەو بە پێچەوانەوە كەچی سەنگەری لە كۆمەلانی خەڵك و گەلەكەی خۆی گرتووەو زۆر بێ ڕەحمانە لە ناویان دەبات ، ئەمانەو دەیان نووسین و بابەتی ڕەخنەگرانەی ، ڕۆشنگەرانەی سەرنج ڕاكێش لەسەر لا پەڕەكانی یەكەمین خولی ڕۆژنامەی ( كوردستان )دا ، دەخوێندرێنەوەو بەرچاودەكەون ، كە بە باشی هەڵدەگرێت لە چوارچێوەی كتێب و تێزێكی سەربەخۆی زانستیدا لەبارەیەوە بنووسرێت و ناوەرۆكە دەوڵەمەندەكەی لێك بدرێتەوە .

**سەرچاوەو پەراوێزەکان**

[i]- حاجی قادری کۆیی ، دیوانی حاجی قادری کۆیی ، لێکۆڵینەوە ولێکدانەوەی : سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا ، ( سنە : 1390 ) ، ل 152 - 153 .

[ii] - دەقی شیعرەکەی هەژاری موکریانی بەم شێوەیە : چەپ گەردی گەردوون گەڕان کوشتمی

نەزان پەرستی ... بۆ نان کوشتمی

ئەی مردن لە کوێی .. ژیان کوشتمی

[iii] - دەقی شیعرەکەی ئیدریس جەماع بە عەرەبی بەم شێوەیە :

اين حظي كدقيق فوق شوك نثره

ثم قالوا لحفاة يوم ريح اجمعوه

صعب الامر عليهم قال قوم أتركوه

أن من أشقاه ربي كيف أنتم تسعدوه

[iv] - کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ( بەغدا : 1978 ) ، ل 18- 19 .

[v] - سەبارەت بە ڕێکەوت و مێژووی یەکەمین ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ی قاهیرە ، هەریەك لە دکتۆر جەلیلی جەلیل و فەرهاد شاکەلی لەگەڵ ئەوەدان ، کە ڕۆژنامەی ناوبراو ، یەکەمین ژمارەی لە ( 21ی نیسانی 1898 ) دا ، بڵاوکرابێتەوە نەك لە ( 22ی نیسانی 1898 )دا . جا بۆ زیاتر بڕوانە : جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد ، کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم – سەرەتای سەدەی بیستەم ، وەراگێڕنی : سدیق ساڵح ، ( سلێمانی : 2000 ) ، ل 24 ، فەرهاد شاکەلی ، ڕۆژنامەگەری کوردی : ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە ، ئاسۆ ( ڕۆژنامە )، ژمارە ( 413 ) ، یەك شەممە 22/ 4/ 2007، ل 4.

[vi] - ڕۆژنامەی کوردستان : کە بەسەریەکەوەو لە ماوەی ساڵانی ( 1898 – 1902 )دا ، تەنها ( 31 ) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە ، لە هەنگاوی یەکەمی دا ، بە ( 4 ) لا پەڕەی تەواوەوە و بەزمانی کوردی و تورکی ، هەر لە ژمارە ( 1- 5 )ی لە

لایەن میقداد مەدحەت بەدرخان پاشاوە لە شاری قاهیرە بلاوی کردۆتەوە ، بەلام لێرە بەدواوە ئەرکی بلاوکردنەوەی کەوتۆتە ئەستۆی عەبدولڕەحمان بەدرخانی برای و توانیویەتی هەر لە ژمارە ( 6- 31 ) ی لە شارەکانی گەورەکانی وەك : ( قاهیرە ، جنێڤ ، لەندەن ، فۆلکستۆن ، جنیف ) بلاوبکاتەوە ، بەجۆرێك لە ژمارە ( 6- 19 ) ی لە جنێڤ و هەروەها لە ژمارە ( 20- 23 ) ی دووبارە لە شاری ( قاهیرە ) ی ولاتی میسر بلاوکردۆتەوە ، کەچی تەنها ژمارە ( 24 )ی لە شاری لەندەن دەرکردووە ، هاوکات هەرلە ژمارە ( 25 - 29 ) لە شاری ( فۆلکستۆن ) ی باشووری لەندەن بلاوکردۆتەوە . بەلام هەردوو ژمارەی کۆتایی ، کە دەکاتە ژمارە ( 30- 31 ) بۆ جارێکی دی لە شاری جنێڤ بلاوی کردوونەتەوە . بڕوانە : دکتۆر کەمال فوئاد ، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898- 1902، چ3 ، ( تاران : 2006 )، ل 3.

[vii] - دکتۆر کەمال فوئاد ، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ، ل 3 .

[viii] - جورجی حەبیب زیدان : نووسەرو ڕۆژنامەوان و مێژوونووسێکی دیانی ( مسیحی ) لبنانیە ، سالی ( 1861 ) لە گوندی ( عین عنب )ی ، چیای لبنان لە خێزانێکی هەژاری مەسیحی دایك بووە ، لە سالی ( 1892 )دا، بۆ یەکەم جار ( گۆڤاری هیلال ) ی بەناوبانگی لە ولاتی میسردا بلاوکردۆتەوە و لە دیارترین نووسەرە ناسراوەکانی ئەوکاتەی وەك : ئەحمەد زەکی ، حوسێن موئنیس ، عەلی ئەلڕاعی و شاعیری ناسراو سالح جەودەت نووسین و بەرهەمی دانسقەی خۆیان تیا بلاوکردۆتەوە ، جگە لە زمانی عەرەبی هاوکات شارەزاییەکی بەرچاوی لە زمانەکانی : عیبری ، سریانی ، فەرەنسی و ئینگلیزیدا هەبووە وسەرەتا لە کۆلێژی ( پزیشکی ) وەرگیراوە . بەلام دواتر لێی پاشگەزبۆتەوەو کۆلێژی ( سەیدەلیە ) ی خوێندووە ، بەسەریەکەوە و لە ماوەی ( 53 ) سالی تەمەنیدا، دەیان کتێب و ڕۆمان وبەرهەمی جۆر بەجۆری بلاوکردتەوە و لە ( 21ی ئابی 1914 ) دا کۆچی دوایی کردووە . بڕوانە : عبدالحمید الرشودی ، انصفوا هڎا الرجل جرجی زیدان النموڎج الامپل للعصامیە والنبوغ العبقری ، منارات ( جریدە ) ، ملحق پقافی اسبوعی یصدر عن جریدە المدی ، العدد ( 2464 ) ، الاربعاو، ( 25 نیسان 2012 ).

[ix] - کەمال فوئاد ، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898 – 1902 ، ل 11- 30 .

[x] - میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا : کوڕی بەدرخان پاشای گەورەیە ، بەلام تا ئێستا سالی لە دایك بوون و قۆناغی منالی زۆر ڕوون نیە کە چۆن ژیاوە ، لە سالی ( 1889 ) دا هاوکاری ئەمین عالی بەدرخانی برای بووە لە ڕا پەڕینێکیدا دی سولتان عەبدولحەمیدی عوسمانی لە ناوچەی تەرابزون و سنوورەکانی باکوری کوردستان کە تیایدا سەرکەوتوو نەبوون ، بۆ یەکەم

جارو لە ( 22ی نیسانی 1898 ) دا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە بلاوکردۆتەوەو ناوی لێ ناوە ( کوردستان ) ، لە ساڵی ( 1908 ) بەدواوەو بە تایبەتی پاش بەرپابوونی هەڵگەڕانەوەی عوسمانی پەیوەندی کردۆتە حیزبی ئازادی و ئیتلافی عوسمانی ) ەوەو لە دەوروبەری ساڵی ( 1917 ) دا کۆچی دوایی کردووە و لە ژیانیدا تەنها دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی ئایەتڵلاّ و فاروقەوە لە گەڵ تاقە کچێکی دا کە تائێستا نازانرێ ناوی چی بووە . بڕوانە : هوگر گاهر توفیق ، الکرد و المسالە الارمنیە 1877 – 1920 ، دار ئاراس للگباعە والنشر ، ( اربیل : 2012 ) ، ص 320 ، فەرهاد پیربال ، پێشەکی : کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898- 1902 ، کۆکردنەوەو پێشەکی : دکتۆر کەمال فوئاد ، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ، ( سلێمانی : 2000 )، ل 14.

[xi] - محەمەد عەلی پاشا : محەمەد عەلی پاشای کوڕی ئیبراهیم ئاغا ، کە بەدامەزرێنەری میسری نوێ و بنەماڵەی خدێوی میسری ناودەبرێت ، ساڵی ( 1769 ) لە شاری ( قۆلە ) ی ولاتی ئەلبانیا لەدایك بووە ، بەلام بە پێی گێڕانەوەی یەکێك نەوەکانی و لە یادی ( 100 ) ساڵەی گۆڤاری ( المصور ) ی میسریدادەلێت : ( ئەم بنەماڵەیە بە بنەچە لە دیاربەکری ولاتی کوردانەوە هاتووەو لێرەوە باوکی محەمەد عەلی ودووبرای هاتوونەتە شاری قۆلە ) و بەزۆری لەم شارەدا پێ گەیووەو قۆناغەکانی خوێندنی دەست پێ کردووە ، تائەوکاتەی لە سوپای عوسمانیدا بۆتە ئەفسەری سەربازی و ئەوکاتەی سوپای فەرەنسیەکان ولاتی میسریان داگیرکردووە ، محەمەد عەلی وەکیلی تیپی سەربازی قۆلە بووە و لەوەدەمانەشیدا کەسوپای عوسمانی لە شەڕی ( ئەبی قیر )ی ساڵی ( 1799 )دا بەرانبەر بەفەرەنسیەکان شکستی هێناوە ، فەرماندە عوسمانیەکەی گەڕاوەتەوە و محەمەد عەلی جێگای گرتۆتەوە و پلەی سەربازی بۆ پلەی ( بەگباشی ) بەرزکراوەتەوە ، دوای دەرچوونی فەرەنسیەکان لە ولاتی میسر لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە محەمەد عەلی کراوەتە والی میسرو نازناوی ( پاشا ) ی پێ بەخشیوە، دواتر توانیویەتی گەورەترین دەسەلات و فەرمانڕەوایەتی لە میسردا پێکەوە بنێ و هاوکات ولاتەکانی سودان و شام بخاتە ژێردەسەلاتی خۆیەوەو کۆتایی بەهە ندێك بزوتنەوەی یاخی گەری بهێنێت ، بەجۆرێك بووە جێی مەترسی ولاتانی ئەوروپاو پە یماننامەی لەندەنی ( 1841 ) یان بەسەردا سە پاندو سنووریان بۆ دەسەلاتەکەی دانا ، بەلام وەکتر توانی لە ڕووی جۆربەجۆری سەربازی ، ئابووری و بەڕێوەبردنەوە میسر ئاوەدان بکاتەوە ، تا ئەوکاتەی لە تەمەنی ( 83 )دا ، لە شاری ئەسکەندەریە کۆچی دوایی کرد . هەرچەندە نەوەکانی تا ساڵی ( 1952 ) لە دەسەلاتدا ماونەتەوە وکاروباری میسری

خدێویان بەڕێوەبردووە . بڕوانە : کەمال مەزهەر ئەحمەد ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، ب1، ( بەغدا : 1985 )، ل 250 ، محمد علی الصویرکی ، معجم اعلام الکرد فی التاریخ الاسلامی والعصر الحدیپ فی کردستان و خارجها، ( السلیمانیه : 2006 ) ، ص 662 – 663 .

[xii] - بەدرخان پاشا : کوڕی عەبدالْ خانی کوڕی ئیسماعیل خانە ، ساڵی ( 1802 یان 1803 ) لە شاری جەزیرەی ( ناوەندی میرنشینی بۆتان ) لەدایك بووە ، لە ماوەی ساڵانی ( 1821- 1847 ) کاروباری میرایەتی بۆتانی کەوتۆتە ئەستۆ ، لە دەرئە نجامی ڕا پەڕینەکەیدا ( 1843- 1847 ) لەلایەن سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەمی ( 1839- 1861 ) عوسمانییەوە ، بۆشاری قەندەهیەی دورگەی ( کریت )ی نێو دەریای سپی ناوەڕاست دوورخراوەتەوە ، دوای گەڕانەوەی بۆماوەیەك ، لە وڵاتی شام ژیاوەو لە ساڵی ( 1869 ) دا لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی ( سالحێە ) ی گەڕەکی کوردان و لە نزیکی گۆڕی مەولاناخالیدی نەقشبەندییەوە نێژراوە . بڕوانە : صلاح هروری ، اماره بوتان فی عهد الامیر بدرخان 1821- 1847 ، ( دهوك : 2000 ) ، ل 13- 14 .

[xiii] - بڕوانە : فەرهاد پیربال ، پێشەکی : کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898- 1902 ، ل 14.

[xiv] - میر شەرەفخانی بەدلیسی : ساڵی ( 1543 ) لە شارۆچکەی ( گروهورد ) سەر بەشاری ( قوم ) ی وڵاتی ئێران لە دایك بووە ، ئەمەش لە کاتێکدا بووە ، کە میر شەمسەدینی باوکی حەوت ساڵی تەواوبوو ، پەیوەندی بە فەرمانڕەوایانی سەفەوییەوە کردبوو ، بەتایبەتی لەماوەی حوکمڕانیەتی شا تەهماسبی یەکەمدا ، دایکی کچی ( ئەمیر خانی موسلۆ ) بووە ، لەوکاتەشەوە ، کە باوکی لە کاروباری فەرمانڕەوایەتی دوورخرایەوە ، توانیوویەتی بگاتە دەسەڵات و ماوەیەك کاروباری ناوچەکانی ساڵیان و مەحموود ئابادو گەیلانی خراوەتە ئەستۆوە ، لە مردنی تەهماسب شا بەدواوە ، ئیسماعیل میرزای دووەم بە هەمان شێوازی پێشوو، بانگی کردۆتەلای خۆی لە ( قەزوین ) و پلەی ( میری میران ) ی لەناوچە کوردنشینەکان و لوڕستان و گۆرانی پێ سپاردووە . دواتر بەهۆی هەندێك پیلانی کاربەدەستانی سەفەوییەوەو تێکەوتنی چەند کەسایەتیەك ، لای سوڵتانی عوسمانی موڕادی سێیەم ، بەوەی موڵکەکانیان بۆ بگێڕنەوە ، گەڕاوەتەوەو کراوەتە فەرمانڕەوای بەدلیس و نازناوی ( خان ) ی دراوەتێ ، لە ساڵی ( 1597 )دا ، لە کاروباری بەڕێوەبردن دوورکەوتۆتەوەو کتێبی : ( شەرەفنامە )ی بەزمانی فارسی نووسیوەتەوەو لە ساڵی ( 1603 ) دا ، کۆچی دوایی کردووە بڕوانە : مصگفی احمد النجار ، شرفخان بدلیسی ومنهجه التاریخی من خلال کتابه

شرفنامه ، ( دهوك : 2007 ) ، ص 36 - 41 ، محمد علی الصویركی ، معجم اعلام الكرد ، ( السلیمانیه : 2006 ) ، ص 343 – 344 .

[xv] - جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد ، كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ، ل 40 .

[xvi] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 2 ) ، ( 23ی نیسانی 1898 ) .

[xvii] - جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد ، كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم – سەرەتای سەدەی بیستەم ، وەرگێڕانی : سدیق ساڵح ، ( سلێمانی : 2000 ) ، ل 25 .

[xviii]- جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد ، كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ، ل 26- 27.

[xix] - جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد ، ل 32.

[xx] - ڕۆژنامەی كوردستان ، ژمارە ( 3 ) ، ( 20ی ئایاری 1898 ) .

[xxi] - سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم : كوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدی ( 1839- 1861 ) عوسمانیە ، لە ژنی دووەمی ، كە ئەویش جاریەیەكی شەركەسی بووەو ناوی ( تیری موژگان ) بووە ، لە ( 21ی ئەیلولی 1882 ) دا لە دایك بووە ، هێشتا تەمەنی حەوت ساڵان بوو ، كە دایكی لە تەمەنی ( 23 ) ساڵیدا كۆچی دوایی كرد ، پلەكانی خوێندنی لای مامۆستای تایبەت تەواوكردووەو زمانی عەرەبی و فارسی و فەرەنسی بە باشی زانیووە ، كەسایەتیەك بووە ، بەزۆری ئارەزووی لە خوێندنەوەو تیرهاویشتن و سوارچاكی كردووە . وەك دەسەلاتیش بەسەریەكەوە نزیكەی ( 32 ) ساڵ و ( 6 ) مانگ و ( 26 ) ڕۆژ لە كاروباری فەرمانڕەوایەتی عوسمانیدا ماوەتەوە ( 1876- 1909 ) ، تا ئەوكاتەی لە ( 10ی شوباتی 1918 ) دا ، كۆچی دوایی كردووە . بڕوانە : ماجد محمد زاخویی ، الفرسان الحمیدیه 1891- 1923، ( دهوك : 2008 ) ، ص 35.

[xxii] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 4 ) ، ( 4ی حوزەیرانی 1898 ) .

[xxiii] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 5 ) ، ( حوزەیرانی 1898 ) .

[xxiv] - ڕۆژنامەی كوردستان ، ژمارە ( 2 ) ، ( 23ی نیسانی 1898 ) .

[xxv] - عەبدولڕەحمان بەدرخان : كوڕی میر بەدرخانی گەورەیەو لە ساڵی ( 1868 ) دا لە شاری ئەستەمبووڵ لەدایك بووە و بەشێكی زۆری پلەكانی خوێندنی هەرلەم شارەوە دەست پێ كردووە ، پێش پەیوەندی كردنی بە ڕیزەكانی ئۆپۆزسیونەوە دژی

دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانی عوسمانی ، جێگری بەڕێوەبەری وەزارەتی مەعاریف بووە ، لە دوای میقداد بەدرخانی برای و لە شاری جنێڤ كاروباری دەركردنی ڕۆژنامەی كوردستانی گرتۆتە ئەستۆ ، هاوكات ئەندامی ڕێكخراوی ( ئیتیحادو تەرەقی )بووەو لە گەڵ حیكمەت عارفدا ، ئەندامی كۆنگرەی دووەمی ئەوڕێكخراوە بوون ، كە لە ساڵی ( 1902 ) دا لە شاری پاریس بەستراوە ، لە ساڵی ( 1910 ) دا ، بەڕێوەبەری یەكەمین ( قوتا بخانەی كوردی ) بووە لە شاری ئەستەمبووڵ و لە ساڵی ( 1936 ) كۆچی دوایی كردووە . بڕوانە : هوگر گاهر توفیق ، الكرد والمسالە الارمنیە 1877- 1920 ، ص 312، صلاح محمد سلیم هروری ، الاسرە البدرخانیە ، نشاگها السیاسی والپقافی 1900- 1950 ، ( دهوك : 2004 ) ، ص 23 .

xxvi - عەبدوڵلا جەودەت : كوڕی حاجی عومەر واسف ئەفەندییە ، لە( 9ی ئەیلولی 1869 )دا ، لە گوندی ( عەرەبكیر ) ی باكووری كوردستان ، لە بنەماڵەیەكی ناسراوی كورد بە ناوی ( عومەر ئۆغلولیری ) لە دایك بووە ، دایكی ناوی ( لامیعە مستەفا ) بووە ، لە ( مایسی 1889 )داو لەگەڵ ئسحاق سكووتی هاوەڵ و خەڵكی شاری ( دیاربەكر ) و ئیبراهیم تیمۆی بە ڕەگەز ئەلبانی و محەمەد ڕەشید شەركەسی قەوقازیدا ، یەكەمین شانەی ڕێكخراوی یەكێتی و سەركەوتن ( ئیتیحاد و تەرەقی ) یان دامەزراند ، بۆ ماوەیەكی زۆر و دوای هەلاَتنی ، خۆی گەیاندۆتە ولاَتانی ئەوروپا و بەتایبەتی شاری ( جنیڤ ) ، پاشان لەگەڵ بەشێك هاوەلاَنیدا ، سەرگەرمی كاری سیاسی و چالاكی ڕۆژنامەوانی بووە لەوانە بلاَوكردنەوەی ڕۆژنامەی ( عوسمانلی ) بە هەردوو زمانی توركی و فەرەنسی ، لە ساڵی ( 1905 ) دا پارتی دیموكراتی عوسمانی دادەمەزرێنێ و لەنیوان ساڵانی ( 1904- 1932 ) بەسەریەكەوە ( 358 ) ژمارەی گۆڤارێكی بە ناوی ( ئیجتهاد ) دەوە بلاَوكردۆتەوەو بیرەجیاكانی خۆی لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە هێناوەتە گۆ و تا لەژیاندا بووە سێ ژنی هێناوەو لە ( 29ی كانوونی یەكەمی 1932 )دا ، كۆچی دوایی كردووە و لە گۆڕستانی مەركەز ئەفەندی لە شاری ئەستەمبووڵ نێژراوە ، نووسەرێكی بە بەرهەم بووەو نزیكەی چل كتێبی بلاَوكردۆتەوە . بڕوانە : مالمیسانژ ( محمد گیفون ) ، القومیە الكردیە و دكتور عبدالله جودت فی مگلع القرن العشرین ، ( اربیل : 2000 ) ، ص 9- 11، شوكری محەمەد سەگبان ، پرسی كورد كێشە گەلی كەمینە نەتەوەكان ، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە : نەجاتی عەبدوڵلا ، ( هەولێر : 2013 ) ، ل 89 - 90 ، قادر سلیم شمو ، موقف الكورد من الحرب الاستقلال التركیە 1919- 1922، ( دهوك : 2008 )، ص 24، ڕۆهات ئەلاكۆم ، كوردەكانی ئەستەمبووڵی كۆن 1453 – 1925 ، وەرگێڕانی : ئەحمەد تاڤانە ،( هەولێر : 2005 ) ، ل 103 – 104 .

[xxvii] – **ئیسحاق سوكووتی : لە ساڵی ( 1868 )دا لە شاری ( دیاربەكر ) و لە بنەماڵەیەكی كورد لە دایك بووە و پزیشكی سەربازی تەواو كردووە ، ئەندامی بەرایی و لە دەستەی دامەزرێنەرانی رێكخراوی ( ئیتحادو تەرەقی ) بووە ، لە ساڵی ( 1896 )دا، لە لایەن فەرمانڕەوایانی عوسمانیەوە وەك سزایەك بۆ ماوەی ( 5 ) ساڵی تەواو دوورخراوەتەوە بۆ دوورگەی ( ڕۆدس ) ، كەچی لەوێشەوە توانیویەتی هەڵبێ و خۆی بگەیەنێتە شاری پاریس و لەگەڵ عەبدوڵلا جەودەتی هاوەڵیدا جگە لە چالاكی سیاسی بەكاری ڕۆژنامەوانییەوە خەریك بووە ، بۆ دواكاتیش ، لە ساڵی ( 1903 ) دا لە ( سان ڕیمۆ ) ی وڵاتی ئیتالیا كۆچی دوایی كردووە و هەواڵی مردنەكەشی بەناونیشانی : ( چیاع عقیم )ەوە ، لە دوالاپەڕەی ، ژمارە ( 30 ) ڕۆژنامەی ( كوردستان ) دا بلاّوكراوەتەوە ، بەلاّم لە ساڵی ( 1909 )دا و لە لایەن ( ڕزا نوور ) ەوە تەرمەكەی دەهێنرێتەوە ئەستەمبووڵ و لە باخچەی گۆڕستانی سوڵتان مەحموود دەنێژرێ . بڕوانە : ڕوهات ئەلاكوم ، كوردەكانی ئەستەمبووڵی كۆن ، ل 104- 105 ، جاوان حسین فیج اللە الجاف ، الكورد ودورهم فی جمعیە الاتحاد الترقی ، دراسە تاریخیە 1899- 1914 ، ( دیمشق : 2012 ) ، ص 69.**

[xxviii] – **بڕوانە: فەرهاد پیربال ، پێشەكی : كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی 1898- 1902، كۆكردنەوەو پێشەكی : دكتۆر كەمال فوئاد ، ل15 " جاوان حسین فیج اللە الجاف ، الكورد ودورهم فی جمعیە الاتحاد الترقی ، ص 94 .**

[xxix] – **سەبارەت بە پرۆسەی دوورخستنەوەی بەدرخانیەكان لە كوردستان بڕوانە : ئەحمەد باوەڕ ، دوورخستنەوەی ڕێبەرانی كورد لە دەوڵەتی عوسمانی 1847- 1914، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی ، ژمار( 25 )، ساڵی 2013 ، ل 287 - 332 .**

[xxx] – **ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 26 ) ، ( 14ی كانوونی یەكەمی 1900 ) .**

[xxxi] – **ئەبو هودای سەیادی : ناوی محەمەدی كوڕی حەسەنی وادی حەلەبیە و بە ئەبوهودای سەیادی ناسراوە ، لە ( 1849 ) لە گوندی ( خان شیخۆن ) ی سەربە شاری حەلەبی وڵاتی شام لە دایك بووە ، یەكێك بووە لە دووكەوتەكانی تەریقەتی ( ڕەفاعی ) و لە كۆتاییەكانی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی ( 1861- 1876 ) دا هاتۆتە شاری ئەستەمبووڵ و چاوی بە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی كەوتووە ، ئەمەش لە كاتێدا ، كە هێشتا تەمەنی لەدەوروبەری ( 28 ) ساڵیدا بووە ، یەكێك بووە لەوانەشی كە لە ململانێ و دژایەتیەكی بەردەوامی بیریارو ڕووناكبیرانی هاوچەرخی خۆیدا بووە . بەتایبەتی هەریەك لە عەبدولڕەحمانی كەواكبی ، جەمالەدین ئەفغانی ، مەعرووف عەبدولغەنی ڕەسافی ، جەمیل سدقی**

زەهاوی و شاعیری ناسراوی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، کەسایەتیەکی نزیکی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی بووەو تاکۆتاییەکانی دەسەلاتی لە گەڵیدا ماوەتەوەو لە ( 1908 ) بەدواوە دوورخراوەتەوە بۆ دوورگەی ( برایلببۆ ) ی یونانی و تاکاتی مردنی لە ( 1909 )دا تیایدا ماوەتەوە . بڕوانە : هوگر گاهر توفيق ، دور الصحافه الكرديه فى تگوير الوعى القومى الكردى 1898 – 1918 ، ( دهوك : 2004 ) ، ص 98 .

[xxxii] – ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمار ( 7 ) ، ( 5ی تشرینی دووەمی 1898 ) .

[xxxiii] – ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 13 ) ، ( 2ی نیسانی 1899 ) .

[xxxiv] – ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 17 ) ، (15ی ئابی 1899 ) .

[xxxv] – پیتەر باڵەکیان ، دیجلەی گڕگرتوو ، مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن ، وەگێڕانی : ڕزگاری عومەر عەلی ، ( سلێمانی : 2011 ) ، ل 44 .

[xxxvi] – عونى فرسخ ، الاقليات فى التاريخ العربى منذ الجاهليه والى اليوم ، ( لندن : 1994 ) ، ص 132 .

[xxxvii] – پیتەر باڵەکیان ، دیجلەی گڕگرتوو ، مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن ، ل 47 .

[xxxviii] – هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المساله الارمنيه 1877- 1914، ص 320- 321 .

[xxxix] – کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ل 69 ، جەلیلی جەلیل ، بووژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد ، ل 41 ، هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المساله الارمنيه ، ص 321 .

[xl] – فارس عپمان ، الكرد والارمن العلاقات التاريخيه ، گ2، ( السليمانيه : 2013 ) ، ص 104 .

[xli] – کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ل 69- 70 .

[xlii] – ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 3 ) ، (20ی ئاداری 1898 ) ، هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المساله ، ص 322.

[xliii] – ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 25 ) ، ( 1ی تشرینی یەکەمی 1900 ) .

[xliv] – ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 25 ) .

[xlv] – ڕۆژنامەی ( کوردستان )، ژمارە ( 7 ) ، ( 5ی تشرینی دووەمی 1898 ) ، فارس عپمان، الكرد و الارمن، ص 105.

[xlvi] – ڕۆژنامەی ( کوردستان )، ژمارە ( 7 ) .

[xlvii] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 26 ) ، ( 14ی كانوونی یەكەمی 1900 ).

[xlviii] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 14 )، ( 7ی نیسانی 1899 ) ، جەلیلی جەلیل، بوژانەوەی ڕۆشنبیری ،ل 38.

[xlix] - كەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی كوردیدا ، ل 65 .

[l] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 27 ) ، ( 13ی مارتی 1901 ) .

[li] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 27 ) ، ( 13ی مارتی 1901 ) .

[lii] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 26 ) ، ( 14ی كانوونی یەكەمی 1900 ) .

[liii] - عەبدوڵڵا محەمەد عەلیاوەیی ، كوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا جەنگی یەكەمی جیهانی، لێكۆڵینەوەیەكە لە مێژووی سیاسی ، ( سلێمانی : 2004 ) ، ل 165- 166 .

[liv] - كمال مظهر احمد، كردستان فی سنوات الحرب العالمیه الاولی، ت: محمد الملا عبدالكریم، گ2، ( بغداد : 1984 )، ص 89.

[lv] - ینظر: حسام الدین علی غالب النقشبندی ، عشیره الهموند ونفی قسم منها الی بلاد الاناچول ولیبیا فی أواخر الپمانینات من القرن التاسع عشر، دراسه وپائقیه ، مجله ( ژین ) ، العدد ( 3 ) ، تشرین الپانی 2011، ص 231 - 278.

[lvi] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 28 ) ، 1ی جمادی الاخره 1319 ، ( 15ی ئەیلولی 1901 ).

[lvii] - كەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی كوردیدا ، ل 64 ، الكساندر پادماگریان ، گیو أقاسی ، تاریخ سیاسی و اجتماعی ارامنه ، انتشارات سازمان فرهنگی پاد ، ( تهران : ) ، ص 63 .

[lviii] - پیتەر باڵەكیان ، دیجلەی گڕگرتوو ، مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن ، ل 49 .

[lix] - هوگر گاهر توفیق ، الكرد و المساله الارمنیه 1877- 1920 ، ص 183.

[lx] - ماجد محمد زاخویی ، الفرسان الحمیدیه 1891- 1923، دارسبیریز للگباعه والنشر ، ( دهوك : 2008 )، ص 67.

[lxi] - دیفید مكدول ، تاریخ الاكراد الحدیپ ، ترجمه : راج آل محمد ، دار فارابی ، ( بیروت : 1996 ) ، ص 114 .

[lxii] - ماجد محمد زاخویی ، الفرسان الحمیدیه 1891- 1923، ص 67

[lxiii] - كمال مظهر احمد ، كردستان فی سنوات الحرب العالمیه الاولی ، ص 92 .

[lxiv] - مامەند ڕۆژە ، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن ، دوسێی تورکیا ( گۆڤار ) گۆڤارێکی تایبەت بە کاروباری تورکیایە ، ژمارە ( 3 ) ، نیسانی 2006 ، ل 114 .

[lxv] - دیفید مکدول ، تاریخ الاكراد الحديپ ، ترجمه : راج أل محمد ، ص 118 .

[lxvi] - عەبدوڵلا محەمەد عەلیاوەیی ، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا لەناوەڕاستی سەدەی ، ل 169 – 170 .

[lxvii] - عەبدوڵلا محەمەد عەلیاوەیی ، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ، ل 169 .

[lxviii] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 28 ) ، ( 15ی ئەیلولی 1901 ) ، هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المساله الارمنيه 1877- 1920 ، ص 337 – 338 .

[lxix] - یەنی چەری : واتە سوپای نوێ ( الجيش الجديد ) ، هێزێکی سەربازی تۆکمەی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، کە بەشێوازێکی ڕێك و پێکوکارا ڕێکخرابوون ، هەر لە ڕاهێنان ، جل وبەرگ ، خواردن و پەروەردەو فێرکردن ، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی ( سوڵتان ئۆرخانی دووەم ) ی عوسمانی و بەتایبەتی لە ساڵی ( 1324 )دا ، هەڵبژاردنی ئەندامەکانیشی بە زۆری لە منداڵی ئەو دیان ( مسیحیی ) یانەوە سەرچاوەی دەگرت ، یان لە شوێن و وڵاتانی ترەوە دەکرڕدران و دەهێنرانە نێو دەوڵەتی عوسمانییەوە لەوانە ناوچەی بەلقان ، پاشان بەشێوازێکی ئیلزامی و وەك بە تورکی پێی وتراوە ( دۆشرمە ) لە سەربازگەی تایبەتدا ڕاهێنانی پێویست و زمانی تورکیان فێردەکرا ، سەرەڕای بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ، بەجۆرێك هەرلە کاتی فێرکردنیشانەوە دابەش دەکران بە سەر سێ بەشی سەرەکیدا :

1- ئەوانەیان کە بۆ خزمەتگوزاری کۆشکی سوڵتان ئامادە دەکران .

2- ئەوانەیان کە بۆ کاروباری وەزیفەی مەدەنی گەورە لە وڵاتدا ڕادەهێنران .

3- ئەوانەیان کە بۆ ڕیزەکانی سوپای ( ئینکشاری ) واتە سوپای نوێ ڕێك دەخران و ڕاهێنانی تایبەتیان پێ دەکرا ، کە بەسەریەکەوە لەوانەی پێشووتر ژمارەیان زیاتر بوو ، ئەم پرۆسەیەش بەم شێوەیە لە سوپای عوسمانیدا بەردەوام بوو ، تا ئەوکاتەی لە دەرئەنجامی ڕاپەڕینیان ، لەلایەن سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانییەوە و لە ساڵی ( 1826 )دا ، بە یەکجاری هەڵوەشێنرایەوە . على حسون ، تاريخ الدوله العپمانيه وعلاقاتها الخارجيه ، ( بيروت : 2012 ) ، ص 106 –

108 ، يوجين روجان ، العرب والفتوحات العپمانيه الى الحاچر ، ترجمه : محمد ابراهيم الجندى ، گ2 ، ( القاهره : 2014 ) ، ص 41 ، ويكيبيديا ، الموسوعه الحره ، 30 / 11 / 2015.

[lxx] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژماره ( 28 ) ، ( 15ی ئەیلولی 1901 ) .

[lxxi] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژماره ( 31 ) ، ( 1ی نیسانی 1902 ) .

[lxxii] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژماره ( 23 ) ، ( 11ی شوباتی 1900 ) .


## Abstract

From the last 20th century and till now, Armenian situation and issue still is one of those vital and sensitive issues, especially during the reign of Ottoman State. Most of the countries and international organizations were paying more attention to it, in a way that Ottoman's leaders and especially during the reign of Sultan AbdulHameed II (1876-1909) and even after that. They practiced a very brutal policy and genocide against the Armenian people. Most of the historical references indicated that nearly two million persons or more had been killed through those represses and disgusted processes which were adapted by Hamidih Knights militia throughout the reign of Sultan AbdulHameed and the followers. It had been referred to that Kurds also had taken part in these processes by supposing that most of Hamidih Knights were from those Kurdish tribes who forced to join Hameedya army.

This short research (Kurdistan Newspaper's point of view against Armenian issue and Hamidih Knights 1898-1902) which consists of introduction and some sections depended on the original copies of (Kurdistan Newspaper) that published for first time in Cairo on April 22, 1898 in two languages; Kurdish and Turkish. In addition to that, a large number of useful references were used from Arabic, Persian and Kurdish as referred in the bibliography. Documents were analyzed and Kurdistan newspaper, as a Kurdish source and as it was published at that time, so explained in detail what Ottoman leaders and Turks brought to the Armenians. Also in most of the editions of Kurdistan

newspaper, which were 31 issues, strongly condemns the genocide that carried out by the Ottoman Turks against the Armenian people through their repressive administrations. At the same time, it appealed Kurdish people (nation) to be more aware, so as not to engage in such a process, on the contrary, demanding to cooperate and support the Armenian and even stated that the Kurds and Armenian peoples oppressed under Ottoman authority and also that the Armenians such as the Kurdish people, their national and religious rights have been neglected and every day they have been tortured in many ways.

As noted before, the search consists of an introduction and three main sections in addition to the list of sources and margins, it. First Section: includes a historical sum up analysis of Kurdistan newspaper and how it spread in major cities at that time, such as: Cairo, Geneva, London and Folkston and again Geneva. Most of the second section devoted to discuss Kurdistan newspaper's attitude on the Armenian and the Armenian issue during the reign of Sultan AbdulHameed and Turks. While the third and last section poses Kurdistan newspaper's attitude about the way of founding (Hamidih Knights) and how they have been used in the process of suppression and killing of Armenians.

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.370

# مێژووی كۆمەڵی مەدەنی و ئاستەنگەكانی بەردەمی لە هەرێمی كوردستاندا.

## توێژینەوەیەكی مێژوویی – فكریە

**احمد حمە مصطفی**

بەشی مێژوو ,كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەكان, زانكۆی ڕاپەرین

Ahmedhama1976@gmail.com

### پوختە

نوسین و توێژینەوە لەبارەی چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی و ئاستەنگەكانی بەردەمی هەمیشە پاڵنەری تایبەت بەخۆی هەیە ،بەسەرنجدان لەوەی كە لێرەو لەوێ وبەبەردەوامی سیستەمە شمولی و تۆتالیتاریەكان خۆیان نمایش دەكەن و دەكەونە بەرتەسك كردنەوەی ئازادیەكان و پێشلیكردنی مافەكان، جاچ مافە سیاسیەكان بن یان مافە مەدەنی و ئابووری و كۆمەلآیەتی و یاساییەكان بن،لەدوای دەركەوتنەوەی ڕژێمە ستەمكاریەكانی سەدەی بیستەم لەبەرگی نازیزم و فاشیزمدا،جاریكی تر قسەكردن لەسەر ئەم چەمكە وەك پێویست خۆی نمایندەكرد،بەوپێیەی مەبەستی سەرەكی گروپ و دام و دەزگاكانی كۆمەڵی مەدەنی لەزۆر حاڵەتدا كورت كردنەوەی دەستی دەسەلآتە لەكایە جۆربەجۆرەكانی ژیان و فەراهەم كردنی پانتایی ئازادیەكانە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانیت گوزارشت لەویست و ئیرادەو داخوازیەكانی بكات وهەست بەكەرامەت و بوونی خۆی بكات لە كۆمەڵگا.

**كلیلی ووشەكان :** میژووی كۆمەڵی مەدەنی , هەرێمی كوردستان, ئازادیەكان , مافەكان ,سەدەی بیستەم

### ئامانجی تۆێژینەوەكە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشك خستنەسەر مێژووی ئەم چەمكەو سەرهەڵدانیەتی لە وولآتانی ئەوروپادا , پاشان هاتنەناوەوەی ئەم چەمكەیە بۆ وولآتانی عەرەبی ئیسلامی و دواتر عێراق و هەرێمی كوردستان، پاشان وەستانە لەسەر ئاستەنەگەكانی بەردەمی و هەوڵێكیشە بۆ بەمەدەنی كردنی دامەزراوەكان و گە شە پێدانی مافە مەدەنیەكان لە هەرێمدا.

### گرنگی توێژینەوەكە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی نمایش دەكات كە لەهەر كات زیاتر لە ئیستادا تاكی كورد هەست بە پەراوێز خستن و بێ مافی دەكات و پێویستی گروپ بەندی و ڕێكخراوە مەدەنیەكان جارێكی تر دێنێتە پێشەوە.

### پلانی توێژینەوەكە

ئەم توێژینەوەیە دابەشی پێشەكی و چوار تەوەرو دەرئەنجام كراوە بەم شێوەیە :لە تەوەرەی یەكەمدا ،تیشك خراوەتە سەر چەمك و پێناسەی كۆمەڵی مەدەنی،تەوەرەی دووەممان تەرخان كردوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمكە ،لە تەوەرەی سێیەمدا سەرنجمان خستۆتە سەر بنیات نانی كۆمەڵی مەدەنی و تایبە تمەندی و ڕەگەزەكانی ،تەوەرەی چوارەم و كۆتایشمان پەیوەست كردوە بە ئامانج و ئاستەنگەكانی لە هەرێمی كوردستان.

## تەوەری یەكەم: كۆمەڵی مەدەنی : چەمك و پێناسە

كۆمەڵی مەدەنی یاخود كۆمەڵگای مەدەنی [1] كە ئیمەی كورد بەكاریدەهێنین لەڕووی زمانەوانیەوە لە (المجتمع المدنی) عەرەبییەوە وەرگیراوە، ووشەی (المجتمع – كۆمەڵگا) لەكرداری ( جمع ) ە یان (إجتمع) وەرگیراوە بەمانای كۆبونەوەی خەڵكانێك لەدەوری شتێك یان گروپێك یان گروپ بەندی لەدەوری ئامانجێكی دیاری كراو دەگەیەنی [2] .

د. بورهان غلیون بیرمەندو پرۆفیسۆری كۆمەڵناسی گەورەی سوری ( 1945_ )لە پەرتوكەكەی خۆیدا (كۆمەڵگای شارستانی) ووشەی شارستانی وەك هاوواتای مەدەنی بەكارهێناوە، لەزمانی عەرەبیشدا ووشەی (شارستانی –حچارە ) لە (حچر) ەوە وەرگیراوە كە بەواتای سەقامگیری و نیشتەجێ بوون دێت وە بە پێچەوانەی ووشەی (بداوە) دەشتی و خێڵەكی بەكارهاتوە [3]

(المجتمع المدنی)لای عەرەبەكانیش وەرگیراوی ووشەی (civil society) ی لای ئینگلیزەكانە كە لە دەستەواژەی ( politke kanomia) ئەرستۆو فەیلەسوفی یونانی(384_322ب.ز) وەرگیراوە كە مەبەست لێی خەڵكانێكن كە لە (دەوڵەتە شار) دا دەژین واتا دەوڵەتە شارەكانی یۆنان [4] بەوپێیە بێت ووشەی (شارستانی –حچارە ) كە بورهان غلیون بەكاریهێناوە تەواو نزیكە لەو چەمكە یۆنانیەیی كە ئەرستۆ بەكاریهێناوە .

ئەم چەمكە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و پاش (تیۆری پەیمانی كۆمەلایەتی) هاتۆتە هزری سیاسیەوە ,كەباس لە رەوش و هەلومەرجێك دەكات كە مرۆڤ لە ئازادیە سروشتیەكانی خۆی خوش دەبێت و مل بۆ دەسەلاتی دەوڵەت و یاسادا دادەنەوێنیت [5]

سەبارەت بە پێناسەی ئەم چەمكەش ڕاو بۆچونی جیاواز لەبارەیەوە هەیەو بیرمەندان و تایبە تمەندانی ئەم بوارە لە دیدگاو تێڕوانینی جیاوازەوە ئەم چەمكەیان شرۆڤەو شیكردۆتەوە ,ئەم ڕاجیایەی لێكۆڵەرانیش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی گەشەی ئابووری وسیاسی و كۆمەلایەتی كۆمەڵگاكان . واتا كۆمەڵگاكان لە (زەمان و زەمینی) جیاوازدا پێشوازیان لەم چەمكە كردەوەو

---

[1] لای ئێمەی كورد هەردوو دەستەواژەی (كۆمەڵگای مەدەنی یان كۆمەڵی مەدەنی ) بەكاردەهێنرێت و زۆرجار لەیەكتری جیاناكرێنەوە كە توێژەر پێیوایە ووشەی كۆمەڵ بۆ ڕێكخراوەكان و گروپەكان شیاو گونجاوەو ووشەی كۆمەڵگاش ئاماژەیە بۆ كۆمەڵگایەك كە كۆمەڵە مەدەنیەكان نەشونمایەكی سروشتیان تیادا كردووەو جێگای خویان كردۆتەوە .

[2] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : تعریف المجتمع لغة واصتلاحاَ. mawdoo3.com

[3] فەرهاد محمودحاتەم و هێمن جبار محمود،دەركەوتنی شارستانی ،نوێ بوون ،گۆڤار،ژمارە 7 ،ساڵی 2009،لا32.

[4] زاهیر محمدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش,چاپخانەی ڕۆژهەلات ،وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر ،ساڵی 2006،لا528.

[5] هەمان سەرچاوە ،لا 528-529.

بە پێی ئاستی هۆشیاری و گەشەی كۆمەلأیەتیان ,هەم هەڵویستیان لەبەرامبەردا وەرگرتوە هەم هەوڵی خۆگونجاندنیشیان لەتەكدا داوە. ڕۆچوون بەمێژووی ئەم چەمكەدا هەڵدەگەرین بۆ تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیەو هەوڵدەدەم لەم تەوەرەیەدا بۆ زیاتر ئاشنا بونمان بەكۆمەڵی مەدەنی چەند پێناسەیەك بخەمە ڕوو.

ئێرنست گلەربیرمەندی فەرەنسی(1925_1995 ) وای بۆدەچێت كە: (ئەم كایە گونجاوە یە كە گروپ و دام و دەزگا كۆمەلأیەتی و ڕێكخراوە بەرهەڵستكارەكانی دەوڵەت یاخود ڕێكخراوە سەربەخوكان دەگرێتە خۆ)[6] .

كەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری دیاری میصری دكتور سعدالدین إبراهیم پێیوایە كە كۆمەڵی مەدەنی :(لەكۆمەڵێك لە و دەستە جەمعی و گروپە خۆبەخشە سەربەخۆیانە پێكدێت كە مەبەستیانە و تێدەكۆشن بۆ پڕكردنەوەی بۆشای نێوان دەوڵەت لەلایەك وخێزان لەلایەكی ترەوە، بەئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی تاكەكانی ناو كۆمەڵگ و مامەڵەكردنێكی ئاشتیانە لەگەڵ فرەیی و جیاوازیەكان )[7]

زانای كومەلناسی عیراقی دكتۆر فالح عبدالجباریش(1946_2018)بۆچونی خۆی لەمەڕ كۆمەڵی مەدەنی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو :(هەموو كۆمەڵگاكان و سەندیكاكان و پارتەكان و یانە هەرەوەزیەكان دەگرێتەوە،كە نامیری و ناخێزانی ونامیراتین )[8]

كۆمەڵی مەدەنی :(ڕێكخراو گەلێكی نادەوڵەتین بە ومانایەی كە خەڵك بەخواستی خۆیان دروستیان كردوون و سەربەخۆ لەدەوڵەتان بەڕێوەی دەبەن و ناحكومین بەومانایەی كە مەبەستی سوود گەیاندنیان بۆ كەسێك یان گروپێك لە خەڵكیان نیە ). [9]

دكتور كەریم ئەبو حلاوەش كەبیرمەدنێكی سوریە وخاوەنی چەندین توێژینەوەیە لەوبوارەدا,سەرنجی خۆی بەم شێویە لەسەر كۆمەڵی مەدنی دەربڕیوە و دەڵێت،(تێكەڵێەكە لەو دژە بەرژەوەندیانەی كە پێویستیان بەجۆرێك لە ڕێكخستن و یاساو ڕێسا هەیە،بەجۆرێك شێوەیەكی عەقلأنی دەگرێتە بەر ،ڕكابەری ئازاد و كەمترین ئاستی پاراستنی یەكسانی بۆ ڕكابەرەكان بەدەست دەهێنێ )[10]

---

([6])خەلیل ئیسماعیل محمد، كۆمەڵی مەدەنی و ئایندەی گروپە ئیتنیەكان لەعێراقدا،سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی،گۆڤار،ژمارە 1 ،ساڵی 2004،لا 9.

([7])عبدالوهاب حميد رشيد، التحول الديموقراطی والمجتمع المدني،الطبعة الاولى ،دار المدى للثقافة والنشر ،سورية، 2003،ص90

([8]) فالح عبدالجبار ،دەوڵەت ،كۆمەڵگای مەدەنی و وەچەرخانی دیموكراسی لەعێراقدا،وەرگێڕانی :ئاوات ئەحمەد ،چاپی یەكەم ،چاپخانەی داناز ،سلێمانی ، 2001،لا4.

([9])مەریەم پورنەزەر ،كۆمەڵی مەدەنی چی یە،وەرگێڕانی :یاسین عومەر ،چاپی یەكەم،چاپخانەی داناز،سلێمانی ، 2003،لا 15.

([10])كەریم ئەبو حەلاوە، گیرو گازی چەمكی كۆمەڵی مەدەنی ،وەرگێڕانی :ئیسماعیل كوردەو ئەوانی تر،چاپی دووەم،لە بلأوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فكری و ئەدەبی نما،هەولێر، 2004،لا

بەسەرنجدان لەم پێناسانە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە کۆمەڵی مەدەنی بەسەرجەمی ئەو ڕێکخراو سەندیکا پیشەیی و دامەزراوە کومەلایەتی و سیاسیانە دەگوترێت کە پانتایی و بۆشایی نێوان بواری گشتی (واتا دەوڵەت) و بواری تایبەت (واتا خێزان) پڕدەکەنەوە،وەك فالح عبدالجبار ئاماژەی پێ کردوە ئەم ڕێکخراوانە (نامیری )ن واتا لەدەرەوەی خواست وویستی دەوڵەتدان ونێوانی خۆیان ودام دەزگاکانی دەوڵەتیان پاراستوە، هەروەها (نامیراتی) شن بەمانای خواست و ویستێکی ئازادانە لە پشت کارەکانەوەن وفۆرمە تەقلیدو کلاسیکەکانیان پێپەڕاندوە.

کۆمەڵەمەدەنیەکان زۆرجار وەك گروپەکانی فشار خویان نمایش دەکەن و کارەکانیان چڕدەکەنەوە لە کورت کردنەوەی دەستی دەسەلاَت لەکایە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا ، بەمەبەستی ڕەخساندنی کەشێکی ئازاد کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە چالاکیە جۆربەجۆرەکانی هەڵبستێت و لەژێر سێبەری ئازادیدا پەرە بەبەهرەوە وتواناکانیان بدەن ،هەندێك جاریش بەناجاری لەبەرامبەر قۆرخ کاری کۆمپانیا ئابوریەکان و خاوەن کارەکاندا،داوای دەستتیوەردانی دەوڵەت دەکەن بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی و دەستەبەری مافەکان بۆ هاولاَتیان.کۆمەڵی مەدەنی سەرجەمی دەزگا سیاسی و ئابووری و کۆمەلاَیەتی و ڕووناکبیریانە دەگریتەوە کە لەبواری جیاوازی خۆیاندا کاردەکەن و سەربەخۆیی ڕێژەییان لە دەسەلاَتی دەوڵەت و قازانجی کۆمپانیاکان وکەرتی تایبەتی هەیە.[11]

تەوەری دووەم: مێژووی دەرکەوتنی کۆمەڵی مەدەنی

یەکەم : یۆنان زەمینی یەکەمی کۆمەڵی مەدەنیە

چەمکی کۆمەڵی مەدەنی گەرچی لەبەرکارهینانی دا مێژوویەکی نوێی هەیەبۆ دوو تا سێ سەدە بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە،بەلاَم وەکو باقی چەمکەکانی تری وەك هاولاَتی بوون ،دیموکراسی ...هتد، مێژوویێکی دوورو درێژی هەیە،سەرزەمینی یەکەمی دەرکەوتنی ئەم چەمکە بە تێکەیشتنە کۆن و کلاسیکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان ،یان ڕاستر بۆ دەوڵەتە شارەکانی یۆنان و تایبەتتر،دەوڵەتە شاری( ئەسینا )[12]

لەو دەوڵەتە شارانەدا کە بەلانکی لەدایك بوونی فەلسەفەش دادەنرێت، فەیلەسوفانی یۆنانی تۆێژینەوەو تێڕامانەکانیان لەدەوری بابەت گەلێکی وەك (خۆشەویستی،هاوڕێیەتی، فێرکردن،هاوسەرگیری ،ئەرکەکانی کۆیلە،بەرپرسیاریەتی فەرمانڕەواو گەورەکان،بەهرەو توانای پیشەیی و دابەشکردنی کارو هاولاَتی بوون).دەسوڕانەوە ،تێوری فەلسەفی و سیاسیان

[11] فرید باسیل ئەلشانی،کۆمەڵگای مەدەنی ،وەرگێرانی :رووف بێگەرد ، سەردەم،گۆڤار،ژمارە 33،حوزەیرانی 2004،لا102

[12] ئارام جەمال سابیر،کۆمەڵگای مەدەنی (دەسەلاَتێکی بەردەم دەسەلاَت )،رۆشنگەری ،گۆڤار 22،سلیمانی،2007،لا80.

لەسەر بنەمای لێكۆڵینەوە لەو چەمكانەو پەیوەندی و كاریگەرییان لەسەر یەكتری و گفت گۆ لەسەر (تایبەت و گشتی) (بەشەكی و هەمەكی) داڕشت.[13]

داڕشتنێك نزیك لە بەكارهێنانی چەمكی كۆمەڵی مەدەنی ،بەبێ ئەوەی ئەم چەمكە بەكاربهێنرێت،بەڵكو لەجێگای ئەو چەمكە دەستەواژەی (كۆمەڵگای سیاسی) یان بەكارهێناوە ،ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە یۆنانیەكان پێیان وابوە بەبێ بوونی (دەوڵەتە شار) و بەبێ بوونی سیستەمێكی سیاسی ( شارستانیەت) بینا ناكرێت و گەشەی شارستانی و كۆمەڵایەتی ڕوونادات.[14]

لەم تێڕوانینەوە دەیانڕوانیە ئەرك و مافی هاوڵاتیان و بە پێویست بەڵكو وەك ئەركێكی پیرۆز سەیری ئینتمایی هاوڵاتیانیان دەكرد بۆ دەوڵەتە شارەكانیان . مرۆڤێك كە گۆشەگیرە و دوورە پەرێزە لە كاری سیاسی و لەدەرەوەی دەوڵەتە شاردا دەژی وەك مرۆڤێكی بێ مۆراڵ سەیر دەكرا و وەك مرۆڤێكی (لامنتمی) هەژمار دەكرا[15]

ئەرستۆ كە بۆچوونی وابوو (مرۆڤ بونەوەرێكی سیاسیە)واتا ( دەوڵەتە شاری)یەكەسێك لە (دەوڵەتە شار) دا نەژی ،بوونەوەرێكە یان لە مرۆڤ نزمترە یان بەرزترە،هەر لە پیاوە دەچێت ,هۆمیروس شاعیری نابینای یۆنانی لەسەركونەیدا ووتویەتی (بێكەس لێقەوماو بێسەر وبەرە)[16] پیركلیسیش كەحوكمرانی ئەسینا(462_427)ب.ز بووە زیاد لەوە دەڕوات ودەڵێت (ئێمە وەك كەسێكی تەمبەڵ ناڕوانینە ئەو پیاوەی بەشداری لە كاروباری دەوڵەتدا ناكات،بەڵكو وەك مرۆڤێكی بێ بەها سەیری دەكەین)[17]بەم شێوەیە تا سەردەمانێكی دواتر ئەم دوو چەمكە واتا (كۆمەڵگای مەدەنی و كۆمەڵگای سیاسی) یان لەیەكتر جیانەكردۆتەوەو ،هەر كاتێك باسی (كۆمەڵگای سیاسی) یان كردبێت مەبەستیان كۆمەڵگای مەدەنیش بوە بەڵام دوای دەركەوتنی ئاینی مەسیحی و رمان و روخانی بەشی رۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە 476ز دا،ئیدی سەردەمێكی تر و بارودۆخێكی دیكە خۆی دەسە پێنێ بەسەر ئەوروپادا،ئەوروپای سەدەكانی ناوەڕاست ، ئەوروپای هەزار ساڵ تاریكی، ئەو شوێنە بوە كە بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ لە نێوان نەزانی و چەوسانەوەدا دەست و پلی نەرم كردو بەدەم ڕاڤەی سادەو ساویلكەوە پەنچەركانی بەسەر عەقڵیدا داخستبوو. ئەو ئیماندارانەی وایان دەزانی حەقیقەت لە گیرفانی ئەوان دایەو هیچ زانست و زانینێك نەماوە تا مرۆڤ بەدوایدا بگەڕێت ، بە قوڕی نەفامی و بیرتەسكیەوە دیواری بەرزیان لە پێش چاوی مرۆڤەكاندا هەڵدەچنی و هەموو جیهان لە ئاسمانێكی خۆڵەمێشی و چەند بستێكی بەردەمیان تێپەری نەدەكرد.ئیتر دەنگی مشتو مڕی نێوان

---

([13])جون إربيبرغ،المجتمع المدني(من اليونان حتى القرن العشرين)،ترجمه :حسين ناظم وعلي حاكم صالح ، الستراتيجيه ،بغداد 2007،ص21.

([14])الجون ابيبرغ ،المصدر السابق،ص21-22.

([15])بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی كەم وكورتیەكانی ئەم جۆرە بیركردنەوە یە وئەو تیۆرە سیاسی یە : بڕوانە/مضطفى النشار،الحرية والديموقراطية والمواطنة (قرأة في فلسفة ارسطو السياسية )،الطبعة الاولى ،الدار المصرية السعودية للطباعة والنشر والتوزيع ،القاهرة ،2009،ص 14-20.

([16])زاهیر محمد و یاسین حاجی زادە، سەرچاوەی پێشوو،ل 528-529.

([17])وەرگیراوە لە : یوسف گۆران ،سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە چەمكی هاوڵاتیبوون ،لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) ،سلێمانی ،2002،لا 11.

دەسەلاٌتداران و ژێردەستەكانی یۆنان نەدەبیسترا و ئیدی دەنگیان و هاولاٌتی بوون و ئەنجومەنەكانیان و بێگانەو كۆیلەكان مانایان نەمابوو. بەدرێژای ئەم سەردە مە هەموو لە كۆیلایەتیەكی ڕەهادا ژیانیان بەسەر دەبرد.[18] كەلتورو شارستانیەتی دێرین بەشێوەیەكی گشتی( كلتور و شارستانیتیەكی شاری) بوو، لە یۆنان و ڕۆماندا چەندین جۆر بونیاد و دەزگای سیاسی و كۆمەلاٌیەتی بۆ ڕێكخستنی كاروبارەكانی ژیانی خەلٌك پێكهاتبوون .بونمونە (ئەسینا)خاوەنی سێ بونیادی زۆر گرنگ بوو:(كۆڕی گەل ،ئەنجومەنی ڕاوێشكاری و دیوانی بالاٌ) ئەو سێ دەزگایە بە ڕێگایەكی دیموكراتیك دەسەلاٌتیان دەگرتە دەست و دیموكراسیش واتا بەشێوە نمونەیەكەی خۆی واتا دیموكراسی ڕاستەو خۆ. هەرئەوكاتە یەكێك لە ئەركەكانی ئەنجومەن كۆنترۆڵ كردنی دەسەلاٌتدارەكان بوو،بەلاٌم كەلتوری ئەوروپا لەسەدەكانی ناوەراست (كلتورێكی دێهاتی) بوو،كەلە كەنیسە و زەویوزاردا كورت كرابۆوە،دەسەلاٌتی كەنیسە كارای هەموو جۆرە بونیادێكی سیاسی و كۆمەلاٌیەتی سڕیبۆوە[19]

بەلاٌم لەكۆتایی سەدەكانی ناوەراست جۆرە بیرێكی سیاسی سەریهەلٌدا كە خۆی لە (تیۆری سپاردنی یەزدانی ) دا دەبینیەوە، پەرەسەندنی ئەم تیۆرە بە هەنگاوێكی ئیجابی لە قەلٌەم دەدرێت لەبیری سیاسیدا ،چونكە پێشتر بە پێی تیۆری ( یەزدانی پاشاكان). پاساو بۆ هەموو جۆرە دەسەلاٌتێكی پاشا دەهێنرایەوە حوكمی پاشا بەحوكمی خودا و حوكمێكی پیرۆز لەقەلٌەم دەدرا. لە پێناو مل پێكەچ كردنی هاولاٌتیاندا خۆیان بەجێنشینی خودا دەزانی و پێیان وابوو تەنها لەبەرامبەر خودادا بەرپرسیاران ،لەحالەتی ئاوهاشادا هاولاٌتی بەهیچ شێوەیەك مافی چاودێری كردن و لێپرسینەوەی بەرامبەر بەدەسەلاٌتدارانی نەبوو. بەلاٌم تیۆرە نوێیەكە دانی بەوەدانا كە دەسەلاٌتی حاكم لە ئیرادەی خەلٌك وەرگیراوە[20]. ئەمەش نیشاندەری ئەم ڕاستیە بوو كە وورده وورده تارمایی سەدەكانی ناوەڕاست لە ئاسمانی وولاٌتانی ئەوروپی بەرەو كزی و ئاوابوون دەچوو, سەردەمێكی نوێ لە بیری سیاسی خۆرئاوادا سەریهەلٌدا،كە بەسەردەمی (ڕێكەوتن نامەی ئاشتی لەگەلٌ ئەوانیتر)دا یان (العقد الاجتماعی – پەیمانی كۆمەلاٌیەتی) ناسراوە.

### دووەم: پەیمانی كۆمەلاٌیەتی یان ڕێكەوتن نامەی ئاشتی لەگەلٌ ئەوانی تردا

بیری پەیمانی كۆمەلاٌیەتی وەك بناغەی سستەمی سیاسی دەگرێتەوە بۆ بیرمەندان و فەیلەسوفانی وەك تۆماس هۆبزی ئینكلیزی(1588-1679) جۆن لۆكی ئینكلیزی (1632-1704) ،جان جاك ڕۆسۆی فەرەنسی(1712-1778)و چەند فەیلەسوفێكی تر كە ڕاستەو خۆو ناڕاستەوخۆ بەشدار بوون لە ڕەخساندنی دۆخێكی سیاسی كە تیایدا فەزایەكی جیاواتر لە

---

([18])مۆنتیسكۆ ،ڕۆحی یاساكان،وەرگێرانی،ئیدریس شێخ شەرەفی ،چاپی یەكەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،لا9.
([19])مۆنتیسكۆ،سەرچاوەی پێشوو،لا10.
([20])هەمان سەرچاوە،لا 10-11.

سەدەكانی ناوەڕاست بێننە كایەوە ،لە جێگای (مافی خواوەند) و ستەمی (پاشایەتی ڕەها) ،مافی مرۆیی و قسەكردن لەسەر بەشداریكردنێكی چالاك تری هاوڵاتیان لە بڕیاری سیاسی خۆی نمایش كرد.[21]

لە تێوری (پەیمانی كۆمەڵایەتیدا) بەشێوەیەكی گشتی سەرەتا (دۆخی سروشتی )واتا دۆخی پێش دروست بوونی دەوڵەت لەبەرچاو دەگیرێت ،ئیدی ڕەت بوون لە دۆخی (سروشتیەوە )بۆ (دۆخی مەدەنی) لەڕێگای پەیمان و پێكهاتنی گشتیەوە ڕاڤە دەكرێت . لەم تیۆرەدا پەیمان بناغەی خۆبەستنەوە وپەیڕو كردنی دەسەلاتی سیاسیە،چونكە تاك بەپێی ئەو شتەی كەلە پەیماندا مۆری كردوە ،دەبێت بجولێتەوە.هەروەها ئەگەر پەیمانی ناوبراو بشكێت ،مافی شۆڕش و سەرهەڵدان بەدژی حكومەت شتێكی چاوەڕوان كراوە .گەرچی پەیمانی كۆمەلایەتی بە دیموكراسیەوە دەبەسترێتەوە ،بەلاّم دەتوانین ئەوەش هزر بكەین كە خەڵك لەڕێگای پەیمانێكی كۆمەلایەتی سەرەتایەوە حكومەتێكی نادیموكراتیك پێكدەهێنێت[22]

### (1) تۆماس هۆبز (Tomas Hobbes)[23]

توماس هۆبز بەیەكێك لەڕێبەران و پێشەنگانی (تێوری پەیمانی كۆمەلایەتی) دێتە هەژماردن. گرنگترین كتێبی بەناوی (لڤیاتان) پەیوەندی بەچۆنیەتی شكڵ گرتنی كۆمەڵگای مەدەنیەوە هەیەلەسەر بنەمای هەڵسوكەوتی ئاوازیانەی تاكی مرۆیی .هۆبز لە كتێبەكەیدا سەرەتا لە هەلومەرجی پێویست بۆ ئارامی و ئاسایش دەكۆڵێتەوە و پاشان بەگرێبەستی كۆمەلایەتی و دروست كردنی دەوڵەتی ئایدیاڵ(میسالی) بۆ ئەو هەلو مەرجە خەریك دەبێت . واتای سەرەكی تیۆری هوبز مافی سروشتیە لە جیاتی یاسای سروشتی، لە بنەڕەتدا مافی سروستی لە ڕوانگی هۆبزەوە بریتیە لە مافی پاراستنی گیان(روح). كۆمەڵگای سیاسی بۆ دروست بوونی دەسەلاتێك پێك دێت كە تیایدا مافی پاراستنی گیان و یاسای سروشتی پارێزراو بێت. هۆبز پێیوایە بناغەی دامەزراندنی كۆمەڵگای سیاسی دروست كردنی هەلو مەرجێكە كە تیایدا یاسای سروشتی لەلایەن هەموانەوە پەیرەو بكرێت مافی سەرەتایی و سروشتی پاراستی گیان پارێزراو بێت.ئەم هەلومەرجەش تەنها بەدروست بوونی كۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت دێتە دی. لە هەلو مەرجێكدا كە كۆمەڵگای مەدەنی نەبێت ( ڕەوشتی سروشتی) زاڵ دەبێت كە تیایدا تاكەكان بەشێوەیەكی هەمیشەی گومانی خراپیان بەرامبەر یەكتر هەیە وكەس لە گیان و ماڵ و سامانی خۆی دڵنیا نیە,لە دۆخێكی ئاوادا هەموو كەسێك بۆ بەرزكردنەوەی ڕادەی ئاسایشی خۆی هەوڵ دەدات دەسەلاتی خۆی زیاتر بكات چونكە دەسەلات شتێكی ڕێژەیەو لە پەیوەندی لەگەڵ كەسانی كەدا هەڵدەسەنگرێت و لە حالەتێكی وادا ململانێیەكی بێ كۆتایی دروست دەبێت[24]. لەڕوانگەی

---

([21]) فیصل شنطاوی، محاضرات في الدیمقراطیة،الطبعة الاولی ،دار الحامد للنشر والتوزیع ،عمان ،الاردن،بدون سنة الطبع ،ص10.

([22]) حوسێن بەشیری ،دیموكراسی بۆ هەمووان،وەرگێڕانی :حوسێن محمد زادە،چاپی یەكەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،دەزگای چاپ و بلاّوكردنەوەی موكریانی،هەولێر ،2005،لا17.

([23]) تۆماس هۆبز ، بەیەكیك لەفیلەسوفە كە ورەكانی بەریتانیا دادەنریت لە نیوان (1588_1679)ژیاوە,شارەزایە كی باشی لە ژمێریاری و مێژووی یونان و رۆمادا هە بوو,بە یە كێك لە بیرمەندانی (پەیمانی كۆمەلایەتی)هەژماردە كرێت.بۆ زانیاری زیاتربروانە:فایزصالح ابو جابر,المصدر السابق,ص69_70.

([24]) كەمال پۆلادی,سەرچاوەی پێشوو,ل 42_43.

هۆبزەوە مادامەکی خەڵك هێزیان کەم تاکورتێ وەکو یەکە ،هیچ بناغەیەکی سروشتی بۆ نەزمی سیاسی بەدی ناکرێت.بۆیە سیستەم ئەبێ بەشێوەی دەستکردو لەسەر بناغەی پەیمان دابمەزرێت. لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا هەمووان هاودەنگ دەبن کە لەمافی ژیان بە پشت بەستن بەتوانای کەسایەتی خۆیان یان لەمافی پاراستنی زاتی خۆیان، بەهۆی هێزی خۆوە چاوپۆشی بکەن و ئەو مافە بەکەسی سێیەم کە حوکمڕان بێت بسپێرن .ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیەش کۆتای بە جەنگی هەموان دژی هەموان دێنێ.[25]

## (2) جۆن لۆك (1632-1704)[26]

دوابەدوای هۆبز چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆیشتە قۆناغێکی ترەوەو گۆڕانی بەسەردا هات . لەسەر دەستی فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لۆك) لە کتێبەکەیدا بەناوی (دوو پەیام لەبارەی حکومەتی مەدەنیەوە) ،بنەمای لێکدانەوەی تایبەت و نوێ لەبارەی چەمك و مافی سروشتی هاتۆتە ئاراوە"لۆك پێیوایە کە هەرمرۆڤێك کە دێتە دنیاوە بە شێوەیەکی سروشتی خاوەن ماف گەلێکی تایبەت بەخۆیەتی, کە یەکەمین و گرنگترینیان بریتیە لە(مافی پاراستنی ژیان) وەئەوەی بە پلەی یەکەم هەڕەشە لەو مافە دەکات بریتیە لە (برسیەتی )واتا لە دەستدانی گیان بەهۆی برسیەتیەوە،بۆیە هەموو هەوڵێکی مرۆڤ لە پێناو دەستەبەر کردنی ئامرازەکانی بژێویی دایە بۆ زاڵ بوون بەسەر برسیەتیدا، وەهیچ کەسێك بۆی نیە ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەم هەوڵەی مرۆڤدا.لۆك پێیوایە کە خواوەند یاخود سروشت زەوی خستۆتە ژێر دەسەڵات و ئیختیاری گشتی مرۆڤەکان تاوەکو سودی لێوەرگرن و بەختەوەری خۆیانی پێ فەراهەم بکەن، ئەو خێرو بێرە بەشێوەیەکی هاوبەش تایبەتە بەسەرجەم خەڵکەوەو هیچ کەس ناتوانێ یەکلایەنانە خۆی بەخاوەنی بزانێت .لەم دۆخەدا هیچ حکومەت و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بوونی نیە ,مرۆڤەکان ئازادن و دوورن لە هەوژمی دەوڵەت و یاسا دانراوەکان ، ئەم دۆخە پێی دەگوترێت دۆخی سروشتی[27] بە پێچەوانەی هۆبز لۆك پێیوایە فیترەت یان حاڵەتی سروشتی ،حاڵەتێکی تەندروستە یان نیمچە تەندروستە ، بەشێوەیەك کە دڕندە نیە وەك ئەوەی هۆبز بۆی چوە...فیترەت حاڵەتێکی واقعیە کە دەکرێت باش بوونی بەسەردا بێت.

لۆك پێیوایە کە (موڵکداریەتی تایبەت).لە حاڵەتی سروشتیدا هەیەو بوونی لە پێش کۆمەڵگای مەدەنیەوە یە[28] دۆخی سروشتی لای لۆك جیاوازە لە دۆخی سروشتی لای هۆبز، چونکە هۆبز دۆخی سروشتی بەشەری هەموان لە دژی ئەوانی تر دادەنێ، بەڵام لۆك بە پێچەوانەوە پێیوایە ئەم دۆخەیە کە ئازادی تەواوی تێدا بوەو ،ئەمەش وای کردوە کە عەقڵ مرۆڤ بەشێوەیەك

---

[25] حوسێن بەشیری ,سە رچاوە ی پێشوو,ل18.

[26] جۆن لۆك:فەیلەسوفی ئنگلیزی لەسەردە می شورشی 1688 ژیاوە,لە چینی بازرگانە نوێکانی بەریتانیا بووەو بەشێوە یەکی سەرسەختانە بەرگری لێیان کردووە,بە یەکێك لە بەرگریکارانی ئازادی ومافە کانی مرۆڤ ولیبرالیزم دادە نرێت.بۆ زانیاری زیاتربگەڕێوە بۆ:فایز صالح ابو جبار,المصدرالسابق,87_91.

[27] مەروان مەزهەر جافر,کومەلگای مەدە نی لە هزری بیرمەندانی پە یمانی کۆمەڵایەتی,کوچ,گۆڤار,ژمارە 13,سلێمانی,2010,ل316_317.

[28] کەریم ابو حەلاوە.,سەرچاوەی پێشوو,ل 32.

ئاراستە بكات يارمەتی دەری بێت بۆ ئەوەی ژيان و كەلوپەلەكانی بپارێزێت، بەبۆچونی لۆك دۆخی سروشتی دۆخێكی ( ناكۆمەلآيەتی ) نەبوە ,بەڵكو تەنها دۆخێكی ( ناسياسی )بوە , ئەوەش وامان لێدەكات بڵێين كە دۆخێكی كۆمەلآيەتی لە ئارادا بوە ، ئەوەيە كە مرۆڤە كان لەو قۆناغەدا لەسەر بنەمای ياسايەكی سروشتی خۆرسك مامەڵەيان دەكردو يارمەتی يەكتريان دەدا,ئەم ياسايەش فەزايەكی ئازادی و يەكسانی و ڕێز گرتنی ماف و ئازادی و مۆڵك و ماڵی كەسانی تری بۆ هەموان ڕەخساندبوو. لۆك پێيوايە مادامەكی مرۆڤەكان لە كاتی لەدايك بوونيانەوە يەكسان و چوون يەكن, ئەوا دەبێت لەمافە سروشتيەكانيش وەك يەك و يەكسان بن. [29] ئەگەر لێكدانەوەكەی لۆك دەربارەی ڕەوشی سروشتی پەسەند بكەين ئەم پرسيارە ديتە ئاراوە كە بۆچی مرۆڤ دەبێت بيەوێت لە ( دۆخی سروشتی ) دەربچێت و بەرەو ( دۆخی مەدەنی ) و دروست كردنی ( دامەزراوەی سياسی ) دەوڵەت هەنگاو بنێت؟.وەلآمی لۆك ئەوەيە ئەگەرچی ڕەوشی سروشتی , ڕەوشی جەنگ نيە بەلآم هەندێك كەم و كورتی هەيە كە ئاشتی و ئارامی تيايدا گرەنتی ناكرێت . هەندێ مرۆڤی وا هەن كە دەيانەوێ بە پێچەوانەی دۆخی ئاسای بجوڵێنەوەو ئاشتی و ئارامی تێك بدەن, بەم جۆرە ڕەوتی سروشتی بەتەواوی لەمەترسی بەدوور نيە . ڕەوشی سروشتی بە پێی بۆچونی لۆك سێ كەم و كورتی سەرەكی تێدايە : 1. نەبوونی ياسايەكی نوسراوی دياری كراو.

2. نەبوونی دادوەرێكی بێلايەن كە لەلايەن هەموانەوە پەسەند كرابێت.

3. هێزو دەسەلآتێك كە بڕيارەكان جێ بەجێ بكات. [30]

واتا نەبوونی دەسەلآتێكی بەتوانا لەپاراستنی مافەكاندا، هەڕەشەی لە مافەكان كردوە (ژيان و ئازادی و موڵكداری)وە دەسەلآتيش لە پەيمانی كۆمەلآيەتيدا ئەركی پاراستنی مافەكانی لەئەستۆگرتوە بەرامبەر مل كەچ كردن بۆ دەسەلآت و بۆ لايەنی دەسەلآتدار لە چوارچێوەی ڕێكەوتنێكی بەڕێز كە پێشێل كردنی ئەم ڕێكەوتنە , شايانی شۆڕش بێت بەرامبەر دەسەلآتدار. كەواتە گواستنەوە لە ( دۆخی سروشتی )و هەنگاو نان بەرەو دروست كردنی سيستەمی سياسی و( كۆمەڵگای مەدەنی ) ، مەبەست لێی ئەوە بوە دەوڵەت ئامێرێكی دروستكراو بێت بۆ ڕێكخستنی هەڵسوكەوتی تاكەكان و پاراستنی مافەكانيان بەگشتی [31]

( تۆماس هۆبز ) و ( جۆن لۆك ) لەوێوە دەستيان پێكرد كە تاكەكەس بنەمای پەيمانی كۆمەلآيەتيە بەلآم هەردوكيان بە دوو دەرئەنجامی جياواز گەيشتن ,يەكەميان بەدەسەلآتی ڕەهاو ئەويتريشيان بە دەسەلآتی پەرلەمانی . ئەم جياوازيەشيان تەنها بەجياوازی بيرو باوەڕ تەفسير ناكرێت، بەڵكو لەڕێی ئەو ژينگە كۆمەلآيەتيەوە لێك دەدرێتەوە كە هەردوكيانی تيادا ژياون .

---

[29] موسا ئيبراهيم ،فيكری سياسی خۆرئاوا(لە مەكيافيليە وە تا ماركس),وە رگێرانی :شوان ئەحمەد,چاپی دووەم,دە زگای چاپ وپەخشی سەردەم,سليمانی,2007,ل149_150.

[30] كەمال پۆلادی,سەرچاوەی پێشوو, ل 61.

[31] سەعيد محمەد بەرزنجی، بنەما تيوريەكانی كۆمە لگای مەدەنی وره هەندە روشنبيريە كانی,گەلاوێژ,گوڤار,ژمارە 2_3,سليمانی,2006,ل 4و5.

لەسەردەمی هۆبزدا چینی ناوەند پێویستی بەوە بوو بچێتە ژێر ڕکێفی دەسەلآت بەلآم لەسەردەمی لۆك داو بەتایبەتی پاش شۆڕشی 1688 ئەم چینە پێیوابوو بەڕادەیەك بەهێز بووە دەتوانێ داوای دەسەلآت بكات.[32]

## (3) جان جاك ڕۆسۆ (1712-1778)[33]

ڕۆسۆ بەهەمان شێوەی هۆبزو لۆك باسی لە چۆنیەتی گواستنەوەی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیەوە بۆ دۆخی كۆمەلآیەتی كردوە. ئەو پێیوابووە مرۆڤ بەرلەوەی كە بچێتە نێو كۆمەلگایەكی ڕێكخراو لە حالەتێكی سروشتیدا ژیاوە,لەم دۆخەداهەموو مرۆڤەكان یەكسان بوون و هەركەسەو پێداوستی خۆی تێر كردوەو و هەموانیش بەو ژیانە ڕازی بوون .مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا لە ژێر كۆمەلێك هەست و سۆزی خۆرسك و بەرژەوەندی تایبەتیدا هەلسوكەوتی كردووە , كە بەختەوەری و كامەرانی بۆ دەستەبەركردوون, لەم قۆناغەدا مرۆڤ لەناو چەنگەلەكان و لەناو ئاژەلدا دەژیا،بە غەریزە دەركی بەهەموو ئەوشتانە كردووە كە بۆ ژیانی پێویست بوون , ئەوەی تەنها ترسی لێی هەبووە( ئازارو برسیەتی ) بوولە ژیانیشیدا تەنها خەیالی لە لای خواردن و نوستن و جوت بوون بوو،تەنها خولیای ئەوە بووە بێ وەی بێت و دەروونی ئارام و جستەشی تەندروست بێت[34] ,ڕۆسۆ لەكتێبی ( ووتارێك دەربارەی ڕیشەی نابەرامبەریەوە ) بەلگەی ئەوەی خستۆتە ڕوو كە سروشتی مرۆڤ لە دوو غەریزەی سەرەكی دروست كراوە،یەكەم غەریزەی خۆ پاراستن و خۆ خوازی ( خۆپەرستی ) و دووەمیان ( مرۆڤ دۆستیە ).سروشتی مرۆڤ بەشوێن ئەو دوو غەریزە دژ بەیەكەدا ووێلەو تەنها ویژدان دەتوانێ ئەم دووانە ئاشت بكاتەوە ، مرۆڤی سروشتی كەسێكە ویژدانی ئەو لەنێوان دوو غەریزەی سەرەكی دا هاوسەنگی پێك هێنابێ. عەقل و فەرهەنگ و كۆمەلگا یارمەتی ویژدان دەدەن و هاوسەنگی ڕووحی مرۆڤ قورس دەكەن.[35] لای ڕۆسۆ مرۆڤ بەڕادەی نزیك بوونی لە دۆخی سروشتیەوە چاكە خوازتر دەبێ و بەڕادەی كاریگەری خواستەكان و پێداویستیەكانی كۆمەلگا لە خراپەكاری نزیك دەبێتەوە یاخود دەكەوێتە ناو خراپەكاری تەواوەتیەوە. یەكەمین شتێك كە هانی خراپەكاری بدا و بانگەشەی بۆبكات خۆشەویستی خاوەنداریەتیە. مرۆڤی سەرەتایی كە لەدۆخی سروشتیدا ژیانی بەسەر دەبرد پێش ئەوەی چێژی خاوەنداریەتی بكات لە خراپەكاری بەدوور بوو. لەو ڕۆژەوەی كە مرۆڤ توانی ( پەرژینی زەوەیەك بكات و بلێ ئەوە هی

---

[32]موسا ئیبراهیم,سەرجاوەی بیشوو,ل 164.

[33]جان جاك رۆسۆ:یە كیكە لە فەیلەسوفە گەورەكانی سەدەی هە ژدە هەمی فەرەنسا,لە جنێف لە سویسرا لە دایك بووە.دوای مردنی دایكی كۆچی دوایی كردووە,باوكی بە خێوی كردووە كە بە سە عات سازیەوە خەریك بووە,رۆسۆ خویندن وفێركردنێكی رە سمی نە بووە,خا وەنی چەندین بە رهەمی بە ناوبانگی هە بووە,بە یەكیك لە بیرمەندانی پە یمانی كۆمەلآیەتی دادەنرێت.بۆ زانیاری زیاتر بروانە:كەمال پولادی, سەرچاوەی پێشوو,ل 115و116،جان سالوین شابیرو,لیبرالیزم (جەمك و مێژوو),وەرگێرانی :عوسمان حسن شاكر,لە بلاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك),سلیمانی, 2005,ل 171.

[34]موسا ئیبراهیم,سەرچاوەی پێشوو,ل 196_197.

[35]حوسین بەشیری ,سەرچاوەی پێشوو,ل 50.

منە, ئینجا کەسانێکی سادەو ساویلکەی وەهای دۆزیەوە باوەڕیان پێکرد, ئەو مرۆڤە بەکردەوە دامەزرێنەی کۆمەڵگای شارستانیە )[36]

هەرچەندە ڕۆسۆ پێیوابوو (دۆخی سروشتی )بەختەوری بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکا, بەلاّم وەك دۆخێکی نمونەی لێی ناڕوانێت . بەڵکو پێیوایە کۆمەڵگای سیاسی ڕێکخراو دەتوانێت بەختەوەرترین ژیان بۆ مرۆڤ مسۆگەر بکات و مرۆڤ و هێزە مەعنەویەکانی بەرەو ئاستێکی بالاّ بەرێت. هەر لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایە داد پەروەری و ئاکار جێگای حەزو ئارەزوەکان دەگرنەوە،[37] رۆسۆ پێیوایە بەهۆی ( پە یمانی کۆمەلاّیەتیەوە ) هاولاّتیان چاکەی گشتی دەکەن بەشتێکی لەبەرچاو گیراو .ئەمەش بەوە دەبێت کە هەرکەسێك دەستبەرداری هەندێك لەمافەکانی تاك ببێت لە پیناوی کامەرانی کۆمەڵ و مافی ژیانی پێکەوەیی خۆش . لەم دیدگایەوە دەوڵەت بریتیە لە (مەیدانی پێناسەکردنی سروشتی چاکەی گشتی ), ئازادی مەدەنی ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە هەموو خەڵك ئامادەن کە ئیرادەی گشتی جلەویان بکات , خەڵکانی گشتیش ئەوانەن کە یاساکان دادەنێن ، بۆیە ئەوانەی ئەو یاسایانە دادەنێن سەرئە نجامەکانیان دەگاتە دروست بوونی تاکی میانڕەو سامانیش بەشێوەیەکی یەکسان پەرەدەسێنێت و متمانەو دڵنیای بلاّو دەبێتەوە[38] . بەلاّم پە یمانی کۆمەلاّیەتی لای ڕۆسۆ تەنها هێز و توانای خۆی لە تاکە کەسەکانەوە وەرناگرێت. بەڵکو هاوکات لە سەلامەتی ئەو ڕێگایانەی دەیگرێتە بەرو ئەو ئامانجەش هەوڵی بەدیهێنانی دەدات, سەرچاوە دەگرێت .لەبەر ئەوە پە یمانی کۆمەلاّیەتی تەنها بۆ ئەوە هاتۆتە ئارا کە ژیانێکی ئاسوودە ترو باشتر لە دۆخی سروشتی کە ئازادی و یەکسانی تیایدا بەر قەرارە،بۆ ئەندامەکانی مسۆگەر بکات،بۆیە پێویستە پە یمانی کۆمەلاّیەتی گرەنتی ئازادیەکانی بکات[39] . گەورە فەیلەسوفی ئێرانی مستەفا مەلەکیان ( 1955_ )یارمەتیمان دەدات بۆ بەئە نجام گەیاندنی ئەو گواستنەوەیە واتا (گواستنەوە لەدۆخی سروشتی بۆ دۆخی مەدەنی )ئەویش بەقسەکردن لەسەرچەمکی ئازادی .مەلەکیان ئازادی بەدوومانا بەکاردەهێنێ ،یەکەمیان ئازادی ئارەزوو خوازانە و دووەمیان ئازادی کردەیی،یان دەتوانرێت بگوترێت یەکەمیان لە (دۆخی سروشتی ) دا بەدەست دێت و دووەمیان لەدۆخی مرۆیی و کۆمەلایەتی( واتا مەدەنی )دا مەیسەر دەبێت. واتای یەکەمیان ئەوەیە کاتێك مرۆڤ دێتە دونیاوە تا ئەوکاتەی دەمرێت تەنها لەژێر کاریگەری حاکمیەتی یاساکانی جیهانی سروشتدا دەبێت.لەم جۆرە ژیانە دا ڕووە کەکانیش هاوبەشن تیایدا،بەلاّم کاتێك دەچینە ناو ژیانی گیانلەبەران دەبینین ئەمانە بەم جۆرە نین، دەشێت گیاندار بیەوێت ئالیك بخوات بەلاّم خاوەنەکەی ڕێگای پێ نەدات ،یان گیاندارێکی دیکە ڕێگای لێ بگرێت،کەواتە ناتوانیین بڵێین گیانداران تادەگاتە مرۆڤەکان بەو واتایە ئازادن, چونکە یاسا سروشتیەکان حکومیان دەکەن.ئازادی ،واتایەکی سمبولیە واتە لە کردەوە دا لێی ناکۆڵرێتەوە و نایەتەدی،وەك ئاماژەی پێدراوە تەنانەت لە ژیانی

---

[36] بورهان غلیون و ئەوانیتر,سە رچاوەی پێشوو,ل 30.

[37] موسا ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو,ل 201.

[38] رۆری ئۆبرین, مێژووی فەلسەفیانەی بیرۆکەی کومە لگای مەدە نی,وەرگێرانی :ئاوات ئەحمەد,سەردەم,گوڤار,ژمارە 33,سلیمانی ,2004,ل 165_164.

[39] موسا ئیبراهیم،سەرچاوەی پێشوو,ل 201.

گیاندارانیش سمبولیە .بۆیە چارە یە کمان نیە ئە وە ندە نەبێت لەئازادی سروشتیەوە ،بگوازرینەوە بۆ واتای دووەمی ئازادی ،مەلەکیان لەبارەی جۆری دووەمی ئازادیەوە (واتا ئازادی کردەیی)دابەش کردنی بەهاکانە بۆ ئەو بەهایانەی (ئامانجی مرۆڤن )و ئەو بەهایانەی( ئامرازی مرۆڤن )،بەواتایەکی دی(بەها غائیەکان و بەها ئالیەکان) مەلەکیان پێیوایە ئازادییەك نیە مرۆڤ لە پێناو خودی خۆیدا بیەوێت بەڵکو ئازادی بەهایەکە مرۆڤ بۆ گەیشتن بەبەهاکانی دیکە دەیەوێت. لەم حاڵەدا گەرچی ناگونجێت مرۆڤ بەهیچ جۆرە بەهایەکی ئامانجدار بگات مەگەر ئازادی ببێتە مەرجی هەمیشەیی ئەگەر چی مەرجی تەواویش نیە ،واتا هەرچەندە ئازادی بەهایەکی (ئالیە )نەك (غائی)،بەلام لەهەمان کاتدا گەیشتن بە هە ر بە ها یە کی ئامانجدار بەبێ بوونی ئازادی بونی نیە ،بۆیە لەنێو بەها ئامانجدارەکاندا بەبەهاترین بەها ئازادیە بەلام ئەو ئازادیە ئازادی سروشتی نیە بەڵکو ئازادی کۆمەلایەتی و کردەییە[40] .دیارە چوارچێوەی ئەم ئازادیە لە ئازادی سمبولی بەرتەسکترە،واتا وازهێنان لە ئازادی سروشتی بۆ ئازادی کۆمەلایەتی.

لای فەیلەسوفی ئێرانی عبدالکریم سروش( 1945_ ) (مرڤەکان لەبەر هۆکاری جۆراو جۆر لەسەردەمی رووتی و وەحشیەت چوونە دەرێ و هاتنە نێو دونیای پۆشتەیی وژیاریەوە (مەدەنیەوە).ئەخلاق ،ئایین ،ڕۆشەنبیری و زانست و یاسا هەموویان بۆ بە ژیاری بوونی مرۆڤ ،واتا بۆ کۆنترۆڵ کردنی غەریزە حەق شکێن و دژە ڕێساکانی یارمەتیان داوە،ئەم کۆنترۆڵ کردنی غەریزانە و سەرنەوی کردنیان بۆ یاسا و ڕێساکان بووە هۆی بە ژیاری (بەمەدەنی) بوونی مرڕۆڤ)[41].

وەك نیشانمان دا بیرمەندان و فەیلەسوفان لەدەلاقەی جیاجیا وەو لە تیڕوانینی تایبەتیەوە قسەیان لەسەر گواستنەوەی کۆمەڵگا لە (دۆخی سروشتی) یەوە بۆ (دۆخی مەدەنی ) ودروستبوونی دەوڵەت کردووە ،زۆر جاریش بە دەرئە نجامی لێك جیاش گەیشتوون وەك ئەوەی لای هۆبز ولۆك ئاماژەمان پێدا ،بەلام هەموویان لەسەر ئەم گواستنەوەیە کۆکن و بە هەنگاوێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتی لەقەڵەمی دەدەن.

لێرەدا دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت ئایە تێڕوانینی ئەو فەیلەسوفانە و چەندان فەیلەسوفی تریش کە بۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە بێ هەڵە و کەم و کورتین؟ ئایە کۆمەڵگای سیاسیش خاوەنی گیروگازی تایبە ت بە خۆی نیە؟ ئایە مروڤەکان بە کامەرانی و خۆش گوزەرانی گەیشتن ؟ئەمانە و چەندین پرسیاری تر جێگای هەلوێستە لەسەر کردنن ،بەلام ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم ڕەخنانە بواردووە کە لەدەوری ئەم بابەتە دەسوڕێنەوە بە وپێیەی ئەم توێژینەوەیە تایبەت نەکراوە بەم بوارەوە[42]

---

[40] مستەفا مەلەکیان ,سیکولاریزم وحکومەتی ئاینی,وەرگێرانی:سە عدی حەمە خان,هەژان ,گوڤار,ژمارە 13, 2004,ل 101.

[41] عبدالکریم سروش ,(ئایین ,لێبوردن,مەدە نیە ت),وەرگێرانی:یوسف محمد صادق,هەژان,گوڤار,ژمارە 9_10, 2002,ل 32.

[42] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو رە خنانەی ئاراستەی کومەلگای سیاسی یان کومە لگای مەدەنی کراون بگە ڕێوە بۆ:حسن ناظم وعلی صالح, المجتمع المدنی(تاریخ نقدی),الطبعة الاولی,بغداد,2007، فایز صالح ابو جابر, المصدر السابق.

**سێ یەم: سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نیشتمانی عەرەبی و هەریمی کوردستان:**

**(1)لە نیشتمانی عەرەبیدا:**

چەمکی کۆمەڵی مەدەنی بەو تێگە(مەفهوم)ە کلاسیکیە کۆنینەی کە لە دەوڵەتە شارەکانی یۆنان باسمان لێوەکرد,لە نیشتمانی عەرەبیدا رەگ و ریشەی دەگەرێتەوە بۆ دروستبونی شارستانیەت لە دۆڵی رافیدەین,واتە دروستبونی یەکەمین کۆمەڵگەی سیاسی مرۆیی لە مێژوودا.مێژوو نوسی گەورەی عێراقی تەها باقر(1912_1984),مێژووی دروستبونی دەوڵەتە شار,لە دۆڵی ڕافیدەین دەگێرێتەوە بۆ نیشتەجێبوونی دانیشتوان لە پێدەشتەکاندا,لە 5000 ساڵی بەرلەزاین,وە سیستەمی دەوڵەتەشار لە دۆلی رافیدەین لەوکاتەدا,سیستەمێکی نمونەیی بووە,لە یەکێتی سیاسی یان دەوڵەت,بەم شێوەیە دوای 1000 ساڵ,لە یۆناندا ئەم نمونەیە لە سیستەمی سیاسیدا دوبارەبۆتەوەو سەریهەلداوە.

ئەو دەوڵەتە شارانە خاوەنی چەندین دامودەزگاو ئەنجومەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بون,وەك ئەنجومەنی شار( مجلس المدینە),بە زمانی سۆمەری (ئوکن_ukin) وە (بوخرم_Pukhrum) بەزمانی ئەکەدی,و(رئاسە المدینە واتە سەرۆکایەتی) وە (شیبوت ئەلەم_Shibutalm)یش هاتووە.وە چەندین دام ودەزگای تری هاوشێوە لەوکاتە بونیان هەبووە.کریمەر کە تیابەتمەندە بەشارستانیەتی سۆمەری یەوە دەلێت"یەکەمین پەرلەمانی سیاسی ناسراو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوەیە کە 3000 سال بەرلەزایین,لەدۆلی رافیدەین گرێدرا,کە لە 2 ئەنجومەن پیکدەهات,یەکێکیان ئەنجومەتی پیران و ئەوەیتر,ئەنجومەنی ئەو هاولاتیانەی کە توانای هەلگرتنی چەکیان هەبوو"[43].

جگە لەمە یەکێیتی یە سیاسیەکان و گروپە پیشەیەکان,ئەوانەی بە کاری دەستی و بواری بازرگانی و کرین و فرۆشتنەوە خەریك بوون رۆژبەرۆژ لە زیادبوندابون و خاوەنی پێگەی کۆمەلایەتی بوون.کۆمەڵگەی کۆنینە لە نیشتمانی عەرەبیدا,لەسەر بناغەی دەسەڵاتێکی سیاسی ڕاوەستابوو,کە شەرعیەتی خۆی لەسەرچاوە ئاینیەکان و هێزی سەربازیەوە وەردەگرت,بەڵام لە ڕوی کردەیی یەوە,زانایان و بازرگانان و خاوەن پیشەکان و سەرۆکایەتی دەستەو تاقمەکان,بواری گشتیان پڕدەکردەوە.

لەوسەردەمەدا تاقم و گروپی پیشەیی جیاجیا پێکەوە دەژیان و تا ڕادەیەکی زۆریش مامەلەیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەگەڵ یەکتریدا دەکرد.تایەفەکان و پەیرەوە دینیەکان و کەمینە نەژادیەکان و گروپە پیشەییەکان,کاروباری خۆیان لە ریگەی ئەوکەسانەوە ڕایی دەکرد,کە هەلدەبژێردران و دیاریدەکران.

[43] بۆزانیاری زیاتر لە بارەی بارۆدخی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی لە دەولەتە شارەکانی دۆلی رافیدەین,بگەرێوە بۆ عبدالوهاب حمید رشید:,المصدر السابق,,ص 127-132,.

[44]چەمكی كۆمەڵگەی مەدەنی و بەشداری سیاسی و شێوازی حوكم و فەرمانڕەواییكردن لە نیشتمانی عەرەبیدا,چەند قۆناغێكی تری بڕیوە,تا گەیشتۆتە ئێرە.قۆناغی دووەمی ئەم مەسەلەیە,كاریگەربونی پێشرەوان وبانگەوازكارانی چاكسازی عەرەبین لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بە فیكرو بیروبۆچونە رۆژئاوایەكان.لەوێنەی قسەكردن لەسەر(الوگن,الدستور,هەلبژاردن...).بێئەوەی راستەوخۆ قسە لسەر كۆمەڵگەی مەدەنی بكەن,بە شێوەیەك لە شێوەكان لەم چەمكە نزیكبونەتەوە.ئەوە لە ڕێگای گەشت كردنی كۆمەڵێك كەسایەتی و رۆشنبیری عەرەبی بۆ وڵاتانی ئەوروپی و پاشان كاریگەربونیان بەو شێوازە لە ئیدارەو بەرێیوەبردن و چۆنیەتی فەرمانرەواییكردنەی كە لەو وڵاتانە پیادەدەكرێن.

لە نمونەی ئەو كەسایەتیانەاحمد فارس شدیاقی لوبنانی(1804_1887),خاوەنی پەرتوكی(كشف المخبئا فی فنون اوروبە) وە(الگهگاوی) لە(تلخیص الابریز فی تلخیص باریز) و(احمد بن ابی الصّیاف) لە(اتحاف اهل الزمان) و(خیرالدین) لە(اقوم المسلك)و شێخ بیرم الخامس لە(صفوە الاعتبار) و(محمدالسنوسی) لە پەرتوكی(الاستگلاعات الباریسیە)[45].وە زۆرێكی تریش كە ناكرێت لێرەدا ئاماژە بە ناوی هەمویان بكەین.ئەمانە دوای گەڕانەوەیان وسەرسام بوونیان بەشارستانیەتی ئەوروپی,بەشداریەكی كاریگەریان لە لە بڵاوكردنەوەی بیری نوێخوازی كردووە لە نیشتمانی عەرەبیدا.

قۆناغی سێ یەم:دەگەڕێتەوە بۆ نوسینەكانی هەردوو رۆشنبیری گەورەی عەرەبی سوری عبدالرحمن الكواكبی(1849-1903) و فرانسیس فتح الله مراش 1835(-1874),كە ئەوەی دووەمیان پەرتوكێكی لە ساڵی 1865 بڵاوكردەوە بە ناوی(غابە الحق),لە بارەی(مراش) وە گوتراوە,خاوەن عەقڵێكی گەورە بووەو بەشداری یەكی كاریگەری لە دامەزراندن و گەشە پێدانی كۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبووە.وە یەكەم رۆشنگەربووە,كە ویستویەتی جارێكیتر بە شۆرشی فەرەنسی دا بچێتەوە و تیۆرێكی سیاسی و فەلسەفی نوێی لەسەر بنیات بنێت[46].

عبدالرحمن الكواكبیش لە كتێبی(گبائع الاستبداد),دا دەڵێت"هیچ حكومەتێك لە ژێر پێناسەی ستەمكاری و ئیستبداد دەرناچێت,ئەگەر لە ژێرچاودێری و لێپرسینەوەیەكی توندی هاوڵاتیاندا نەبێت"[47]. ئەو بۆچونەی كەواكبی هەمان دیدو تێروانینی فەیلسوفی بەریتانی جۆن لۆكە,كە دەیگوت"سیاسەتكاران لە ناخی خۆیاندا حەیوانێكی دڕندەی كێوین,كە لە بەكارهێنانی ملهوڕانەی دەسەڵات بۆ بەرژەوندی خۆیان هیچ دودڵ نین.بۆیە دەبێت ئەم سیاسەتكارانە لە ڕێگای بەكارهێنانی

---

[44] فالح عبدالجبار,سرجاوە ی پێشوو,ل 12_13.

[2] الحبیب الجنحانی وسیف الدین عبدالفتاح اسماعیل, المجتمع المدنی وابعاد الفكریە,الگعە الاولی , دار الفكر المعاصر, دیمە شق,2003 ,ص 115_116.

[46]عبدالوهاب حمید رشید,المصدرالسابق,ص 115-116.

[47]هەمان سەرچاوە,ل 115.

دامەزراوەو لەمپەری بەرچاوو چاودێری بەردەوامەوە لە چوارچێوە بخرێن و دەستەمۆبکرێن. ,بۆیە سیاسەتمەداران هەمیشە دەبێت لە ژێر چاودێری و ڕەخنەی خەلکدابن,ئەگینا بۆلای خراپەو گەندەڵی ملدەنێن[48].

قۆناغی کۆتایی بڵاوبونەوەی چەمکی کۆمەلگەی مەدەنی و ئاشنابونی تەواوەتی نیشتمانی عەرەب,بۆ ئەو چەمکە بۆ سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە,کە لەماوەی ساڵانی 1974-1994دا,شەست دەوڵەت لە سیستەمی دیکتاتۆریەوە گواستیانەوە بۆ سیستەمی دیموکراتی,کە زانایانی سیاسەت و سۆسیۆلۆژیا بەم دیاردەیە دەڵێن شەپۆلی سێ یەم.بە پێی بۆچونی زانای سیاسی ئەمریکی سامویل هانیگتۆن(1927_2008),شەپۆلی یەکەمی دیموکراسی دوای سەرهەڵدانی شۆرشی ئەمریکی و فەرەنسی هەڵیکردوەو شەپۆلی دووەمیش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە(1914_1918) دەستپێیکردووە تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو,شەپۆلی سێ یەمیش لە حەفتاکانەوە تا ئێستا بەردەوامە[49].

(2) کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان

قسەکردن لەسەر سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی و نەشونماکردنی ڕێکخراوە مەدەنیەکان لە هەرێمی کوردستان کارێکی قورسە,ئەگەر ئەوە لە پێشچاو بگیرێت,بەرلە جەنگی یەکەمی جیهانی هەرێمی کوردستان(ویلایەتی موصل)ی ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بووەو سەربەخۆیی تەواوی نەبووە,لە دوای جەنگیش و سەرلەنوێ دارشتنەوەی سنوری نێوان وڵاتان,پرۆسەی داگیرکاری لە کوردستان درێژەی هەبووە و بە پلانی وڵاتانی زلهێز(بەریتانیاو فەرەنسا),دابەشی هەرچوار دەولەتی(عێراق-ئێران-تورکیا-سوریا)کراوە.لە لایەکی ترەوە ئەگەر قبولبکرێت,پارت و ڕێکخراوە سیاسەکان بە بەشێك لە کۆمەلگەی مەدەنی بزانین,وەك لە پێناسەکەی بورهان غلیون ئاماژە مان پێدا،ئەوە دەکرێت بڵێین,لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە,هەموو ئەو ڕێکخراوو پارتە سیاسیانەی,کە بەمەبەستی بەگژداچونەوەی ستەمی دەوڵەتی عوسمانی و پاشان وڵاتانی تازە دروستبوی ناوچەکەدروست بوون,بە سەرەتایەك بۆ سەرهەلدانی کۆمەلگەی مەدەنی بزانین.لەدوای کۆتایی پێهێنانی میرنشینە کوردیەکان لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە هەمدا لەلایەن دەولەتی عوسمانیەوە بارودۆخێکی نوێ لەکوردستان هاتەئاراوە،گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی لەئاکامی بلاوبوونەوەی کتێب وتێکەلاو بوونی کورد بە بێگانەو سەردانی بەردەوامی کونسوڵە ئەوروپییەکان بۆکوردستان وای لەسەرۆك خێڵ وعەشیرەتەکوردیەکان کردهەست بەلاوازی وپاشکەوتوویی خۆیان بکەن لەرووی زانست وخوێندنەوە. بۆیە حەڤدە سەرۆك خێڵ بەناوی (40)هەزار کوردەوە داوایان لە سوڵتانی عوسمانی کرد قوتابخانە لەدەڤەرە کوردیەکان بکاتەوە.گەرجی دەوڵەتی عوسمانی لەپێناوبەرژەوەندی خۆی وگرێدانی زیاتری عەشیرەتە کوردیەکان بە سیاسەتەکانیەوە لەساڵی 1892وەوە هەستا بەکردنەوەی ئەو قوتابخانانە،بەلام وەك مێژوونوسان ئاماژەیان پێکردووە ،دەرئەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوەو ژمارەیەکی زۆری دەرجووی خوێندنگاکان بەگیانێکی نەتەوەیی

[48] حسێن بەشیری,سەرچاوەی پێشو,ل10.

[49] فالح عبدالجبار,سەرچاوەی پێشوو,ل7.

كوردانە گۆش بوون وباوەریان بە خەباتی نەتەوەیی هەبوو[50]..هەرلەوسەروبەندەداو لەكۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا ژمارەیەكی زۆر كورد لە ئەستەنبوڵ دا هەبوون،كەلە ناویاندا ئەندامانی بنەماڵە ناودارەكانی كورد،وەك( بەدرخانیەكان،شەمزینیەكان،بابانیەكان ) و رۆشنبیرانی تر. ئەوانە یان لەبەر هۆكاری سیاسی دورخرابوونەوە،یاخوود بە شێوەیەكی گشتی لەوكوردانە بوون كە بەمەبەستی خوێندن لە كۆلێژو پەیمانگاكان روویان لە پایتەخت كردبوو.تێكەڵاو بوونی خوێندكارانی كورد بەنەتەوەكانی ترو كاریگەربوون بەشارستانیەتی ئەوروپی وهۆشیاری سیاسی ونەتەوەیی بووە هۆكاری بەرەوپێش جوونی لایەنی رۆشەنبیری وكاری رێكخراوەیی ودەستە جەمعی ئەوەش لە دەركردنی یەكەم رۆژنامەی كوردی بەناوی (كوردستان )لە ساڵی1898 وجەندین رێكخراوی نەتەوەیی وروۆشەنبیری وەك (كۆمەڵەی عەزمی قەومی كوردستان 1900 )و (كۆمەڵەی تەعاون وتەرەقی كورد 1908 )و(كۆمەڵەی هێڤی 1912 ) ........هتد رەنگی دایەوە.

دوای كۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیش(1939_1945 ),راستر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم,رێكخراوگەلی وەك(قوتابیان-مامۆستایان و ئافرەتا ن و پیشەوەران...),لە هەرێمی كوردستان دروستبون كە كاروچالاكیان لە بوارە جیاوازەكاندا نواندووە.بەڵام زیاتر روخسارو ئامانجێكی نەتەوەییان پێوەدیاربووە نەك وەكو ریكخراوێكی پیشەیی و مەدەنی.,هەڵبەت قۆناغی رزگاری نیشتمانی وا یخواستووە,ئەم حاڵەتەش بەردەوام بووە,تاوەكو سەرهەڵدانی راپەرینی ساڵی 1991ی خەڵكی كوردستان دژ بە دەسەڵاتی رژێمی بەعس و كشانەوەی دامودەزگاكانی دەوڵەت و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دروستبونی حكومەتی هەرێمی كوردستان,كە ئەم هەل ومەرجە تارادەیەك كرانەوەی لەچاو پێشوتر دروستكرد.پەنجەرەیەك بۆخەلكی كوردستان كرایەوە,گروپ گەلی سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی و پیشەیی دروستبون,كە هەر رێكخراوە بە پێی توانای خۆی بەشداری لە بەمەدەنیكردنی كۆمەلگەی كوردی كردووە.

ئێستا بۆئەوەی چەمكی كۆمەلگەی مەدەنی زیاتر رون بێت لە لامان,تیشك دەخەینە سەر گرنگترین رەگەزو پێكهێنەرەكانی كۆمەلی مەدەنی و ئەو تایبە تمەندیانەی كە لەكۆمەلگەی سیاسی جیادەكەنەوە.

**تەوەرەی سێ یەم: رەگەزو تایبە تمەندیەكانی كۆمەڵی مەدەنی**

**یەكەم : پەیوەندی كۆمەڵی مەدەنی بەسیستەمی دیموكراسیەوە**

توێژەرانی بواری كۆمەڵی مەدەنی پەیوەندی پتەو لەنێوان چەمكی كۆمەڵی مەدەنی و سیستەمی دیموكراسیدا دەبینین،بوونی كۆمەڵگای مەدەنی بەهێز بەمەرجی بنەرەتی بۆ دەوام و سەقامگیری دیموكراسی دەزانن،كۆمەڵگای مەدنی كۆمەڵێك گروپ و

[50] عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، كوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا،سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی ،چاپی دووەم،2004،لا 124-126.

دەستەو ئە نجومەن و ڕێکخراوی کۆمەلآیەتیە کەبە حکومەت و دەسەلآتی سیاسی بەندنین، بەلآم دەورێکی بالآیان لەشێوە پێدانی دەسەلآتی سیاسیدا هەیە[51].

دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی تەواوکەری یەکترین و هیچیان بەبێ ئەویتریان نابێت .یەکەمیان داننانە بە جیاوازیەکان و لەیەکنەچوونی مرۆڤەکان،ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆ خۆنمایش کردنی گروپ و کۆمەڵە جیاجیاکان و تەعبیر لەخۆکردن و هەستان بەچالاکیەکان ،نەبوونی دووەمیشیان یان چالاك نەبوونیان نیشانەی پرسیار لەسەر سیستەمی دیموکراسی هەرووڵاتێك دروست دەکات وبەناتەواو ناکامل دێتە هەژماردن.

دووەم : کۆمەڵە خۆبەخشەکان یان ڕێکخراوە ناحکومیەکان

کۆمەڵەکان ئەو گروپانەن کە لەکۆبونەوەی چەند تاکێك و بەمەبەستی ئە نجامدانی ئەو مەبەستانە دروست دەبن کە تاڕادەیەك دیاریکراون و تاکەکان بۆ ڕازیکردنی حەزە کۆمەلآیەتیەکانیان دەبن بە ئەندامیان[52].

ئەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانە بە ناحکومی لە قەڵەم دەدرێن چونکە هیچ جۆرە موچەیەکی مانگانە ونەسریەکی بێ پرۆژە لە حکومەت وەرناگرن چونکە لەوکاتەدا هیچ جیاوازیەك نامێنێت لەنێوان ڕێکخراوێك و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتێکی حکومیدا.جگە لەوەی ئەمە وادەکات ڕێکخراوەکان لە کاری سەرەکی خۆیان لابدەن و لەڕووی چاودێرکردنی ئەدای حکومەتەوە چاو بەرەژێرین و چاو لەئاست کەم و کوڕیەکانی بنوقێنن چونکە خۆیان دەبن بەبەشێکی ئۆڕگانی لەحکومەت.[53] لە نموونەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەبواری ئاوەدانکردنەوەوخزمەت گوزاریدا کاریان کردووە لەدوای ڕاپەرینەوە:کۆمەڵەی ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدانی کوردستانKURDS،پرۆژەی گوندە بچوکەکانی زاخۆZSVP،هەرەوەزی وئاوەدان کردنەوەی کوردستانCORK،کە لەساڵی 1992دامەزران.هەروەها ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری کوردستانKEDO،کۆمەڵەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانKVRA،لەساڵی1994.وەك دەردەکەوێت کاری ئەو ڕێکخراوانە کورت کراوەتەوە لەبواری ئاوەدانکردنەوەو خزمەت گوزاریدا بەلەبەرجاوگرتنی ئەو بارە سەختە ئابووریەی کە کوردستانی پێدا تێپەریوە[54].. لەدوای 2008وە دووڕێکخراوی تری خۆبەخش لە بوارە جۆربەجۆرەکانی وەك:(دروستکردنی خانوو،نەخۆشخانە،قوتابخانە،سەرپەرشتی کردنی منالآنی بێ باوك،خاوەن پێداویستی تایبەت وئاوارەکان وهاوکاریکردنی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان ........هتد)کاروچالاکیان نواندووە،ئەوانیش (ڕێکخراوی هانای خێرخوازی و بەرنامەی

---

([51])حوسێن بەشیری ,سەرجاوەی بیشوو, ل 81.

([52])مەنوچیهر موحسنی، دە روازە كانی كومەلناسی,وەر كیرانی :رێبوار سیوە یلی وئە وانی تر،جاپی یە كە م, جاپخانە ی وە زارە تی پە روەردە,هە ولێر,2002,ل 210.

([53])ئارام جمال سابیر,سەرجاوەی پێشوو,ل 93.

[54]بەختیار عبداللە كریم،راپەرین .. دەروازەیەك بۆ سەرهەڵدانی ڕێكخراوە ناحكومیەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراقد(1991-2015)،گۆڤاری زانكۆی راپەرین،ژمارە 3 ساڵی 2016،لا 321-322.

بەخشین)ن.کەئەوەی دووەمیان لە ماوەی (10)ساڵداو بەتایبەت لەدوای 2015 ودروست بوونی قەیرانی داراییەوەلە هەرێمی کوردستاندا بە بری (20)ملیارو(650)ملیۆن و(430)هەزاردینار،زیاترلە(75)هەزار خانەوادە لێی سوود مەند بوون.[55]

سێ یەم: ئامانج

تایبە تمەندی و جیاکەرەوەیەکی تری کۆمەڵگای مەدەنی خۆی لەئامانج دا دەبینێتەوە.ئەگەر ئاما نجی حیزبێکی سیاسی گرتنە دەستی دەسەلاَت بێت ،ئەوە ئامانجی کۆمەڵە مەدەنیەکان پاراستنی بەرژەوەندی چین و توێژە جیایاکانە لەو ململانێیە سیاسیەدا،واتا ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەردەوام بەشوێن سوود و قازانجی گشتیەوەن و ڕێگا نادەن بەرژەوەندی خەڵکی بەقوربانی ململانێ سیاسیەکان بکرێت. بۆیە کۆمەڵە مەدەنیەکان ئیشیان (سیاسەت کردن نیە ،بەڵکو بەخشینی ئاراستەیەکی (مرۆڤ دۆستانەیە )بەسیاسیەکان .سیاسەت لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بوارێکی گشتیەو هەموو تاکێك لەرێگەی پرۆسە دیموکراتیەکانی وەك (هەڵبژاردن و ڕا پرسیەوە) دەتوانی بەشداری لە پرسە سیاسیە چارەنوسسازەکانی کۆمەڵگاکەیدا بکات .

چوارەم: کردەوەی ئیرادەگەرای سەربەستە :کۆمەڵگای مەدەنی بەویست و ئیرادەی سەربەستانەی تاکەکان بنیات دەنرێت ،بۆیە جیاوازە لەفۆڕمە کلاسیك و تەقلیدیەکانی وەك( خێزان ,عەشیرەت و هۆز). لەگروپی خزمایەتیدا, تاکەکەس بە ئارەزووی خۆی نەبوە بەئەندام، بەڵکو بەحوکمی لەدایك بوون یاخود بۆ ماوە بەسەریدا سەپێنراوە،کۆمەڵگای مەدەنی جیایە لە دەوڵەت ,دەوڵەت ڕەگەزنامەی خۆی یان سەروەری و یاساکانی بەسەر ئەوانەدا دەسەپێنێت کە لەچوارچێوەی هەرێمەکەیدا دەژین بەلاَم خەڵك خۆیان لە پێناوی دەستکەوتنی بەرژەوەند یەکانیان چا چ مادی بێت یا مەعنەوەی تاکی بێت یان جڤاکی پەیوەندی دەکەن بەکۆمەڵگای مەدەنیەوە(56).

پێنچەم: ڕۆڵی رۆشنیران لەکۆمەڵگای مەدەنیدا: بوونی ڕۆشنبیری سەربەخۆو ئازاد لە بنیاد نانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بە پێویست دادەنرێت ،ڕۆشنبیران بەبەردەوامی گەشە بە ئاستی هۆشیاری خۆیان و کۆمەڵگاکانیان دەدەن،کاریان ئاشکرا کردنی ئەو (نەزانراوو نەبیراوانەیە) کە دەسەلاَت پەی پێنەبردوون.کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ جۆرێکی تایبەت لە زانیاری و ڕۆشنبیری و مەعریفە مەحاڵە دروست ببێت. دەکرێ دوو ئاکاری سەرەکی لەو شێوە زانیاری و ڕۆشنبیریە لەیەکتری جیا بکەینەوە,ئەویش ڕەخنەی بوون و ڕێژەیی بوونە, ڕەخنەی بوون بەو مانایەی لەبەرامبەر ستراتیجی بێدەنگ کردن و بێمافیدا بێ دەنگ نابێت،ڕێژەی بوونیش بەو مانایەی بەناوی حەقیقەتێکی موتلەقەوە نادوێت و کەس بێدەنگ ناکات و دونیا و دیاردەکان بۆ ڕەش و سپی و دۆست و دوژمن دابەش ناکات(57).

[55] بەرنامەی بەخشین، www.payam.tv.

([56]) فالح عبدالجبار، سەرچاوەی پێشوو,ل 6

([57]) مەریوان وریا قانع، شوناس وئالوزی , چاپی یەکەم, چاپخانەی رەنج,سلیمانی,2004,ل 180.

## تەوەرەی چوارەم و کۆتایی

### ئامانج وئاستەنگەکانی بەردەمی لەهەرێمی کوردستاندا

کۆمەڵی مەدەنی کۆمەڵێك ئامانج لەبەرچاو دەگرێ بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی کارەکانیدا بەدیان بهێنی ، لەهەمان کاتدا ڕووبەری کۆمەڵێك ئاستەنگیش دەبێتەوە کە دەبنە لەمپەرو بەربەست لەبەردەم گەشەکردن و فراژوو بوونیدا،کە لێرەدا تیشکیان دەخەینە سەر:.

یەکەم: ئامانجی کۆمەڵە مەدەنەیەکان بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆئەوەی بە ئەرکی چاودێری کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت هەڵبستن،لەلایەك هەڵوێست وەردەگرن بەرامبەر دیاردە ناشیرن و دزێوەکانی کۆمەڵگا ،لەلایەکی تریشەوە لەڕێگای بەشداری سیاسیان لە نمونەی ( هەڵبژاردن و ڕا پرسیەوە )هەوڵی گۆڕین و نوێبوونەوەی دەزگاکانی دەوڵەت دەدەن،لەو بارەیەوە سەرۆکی وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا تۆماس جیفرسۆن ( 1743_1826 )دەڵێت ( هاولاتی هۆشیار دڵی شەق دەبێت ،کاتێك دەبینێ ماف و دەسەلاتەکانی لە لایە ن قەیصەر و ناپلیۆنەوە داگیرکراوە ).[58]

دووەم: پاراستنی بەرژەوەندی چین و توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا یەکێکە لە ئامانجەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.لە نمونەی ئەورێکخراوانە مەلبەندی رۆشە نبیری وکۆمەلایەتی خانزاد 1996 ) سەنتەری راگەیاندن وروناکبیری ژنان 1997 )( لانەی مندالانی کوردستان1997 )( هانای مندالانی کوردستان 2000 )[59]..

سێیەم: بەو پێیەی کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ و فرە دەنگە،لەچین و توێژی جیا جیاو خاوەن بەرژەوەندی جیاجیا پێك هاتووە،ڕەخساندنی کەشێکی ئارام بۆ گەشە پێدانی گیانی لێبووردن و خۆشەویستی و هاریکاری کردن و هەڵکردن لەگەڵ جیاوازیەکاندا لە پێشینەی ئامانجەکاندایە.

چوارەم: گەشە پێدانی ئازادیە گشتیەکان ،بەرەو پێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی، قوڵکردنەوەی گیانی هاوکاری و یەکتر قبوڵ کردن ،ڕووبەڕوبوونەوەی کێشەکان لەڕێگای کاری دەستە جەمعی و گروپ بەندیەوە،ڕێکخستنی بەرژەوەندیە جیاوازیەکان لە چوارچێوەی یاسایەکی مەدەنیدا ،ئەمانە هەمووی دەخرێنە خواستی بنەڕەتی کۆمەڵە مەدەنیەکانەوە.لەنمونەی ئەوریکخراوانە( رێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسی1999، ناوەندی رۆشەنبیری بەدلیسی2001،ناوەندی روناکبیری وراهێنانی کلتوری مەدەنی 2001،سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی ومافی مرۆڤ2002، پەیمانگای کوردستان بۆهەڵبژاردن2002، ناوەندی روناکبیری خورماڵ2002،دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی2004، پەیمانگای نوێگەری بۆگەشە

[58] (عبدالوهاب حمید رشید ،المصدر السابق،ص127.

[59] بەختیار عبداللە کریم، سەرچاوەی پێشو،لا 326.

پێدان لەرانیه 2005، كاركردن له پێناوئاشتی لەخانەقین2005،گرین بۆراهینانی مەدەنیەت له هەڵەبجەی شەهید2006،وه دەیان گروپ وكۆمەڵەی ترکه لەو ماوەیەدا دروست بوون.[60]..

پێنجەم: پاراستنی رێزو كەرامەتی مرۆڤ ،یەكسانی و جێ بەجێكردنی یاسا به سەر هەمووان‌دا، پاراستنی سنوری ئازادی ئەوانیتر، رێز گرتن له خودو حەزو ئارەزووەكانی له ئەولەویەتی كارەكانی كۆمەڵگای مەدەنیه.

سەبارەت به ئاستەنگەكانی بەردەمیشی دەكرێت سەرنج بخەینه سەر چەند خاڵێكی گرنگ لەوانه:

یەكەم: گەرچی كۆمەڵه مەدەنیەكان مەیدانیكی گونجاون بۆ ئەوەی هاوڵاتیان له بواره جۆر بەجۆرەكاندا چالاكی خۆیانی تێدا ئه نجام بدەن بەڵام دەبینین ژمارەیەكی كەم له هاوڵاتیان بەشداری له چالاكیه كانی ئەو گروپانەدا دەكەن ئەمەش بۆته بەربەست لەبەردەم كاریگەری ئەو رێكخراوانه بەسەر حكومەته وه بەڵكو به پێچەوانەوه دەرفەتی به حكومەت داوه،رێكخراوەكان سنورداربكات و هەژموونی خۆی بەسەر كۆمەڵگای مەدەنیەوه بسەپێنێ(بەرچاوترین نمونه بەشداری كەمی مامۆستایان وفەرمانبەران له خۆپیشانەكاندا، بەبەراوورد بەو ژماره زۆرەی فەرمانبەران كەلەبریارەكانی حكومەت زیا نمەندبوون)

دووەم: لەزۆربەی وولآتانی ئیسلامی و عەرەبیدا كه (ئێمەی كوردیش) بەشێكین لەو سیستەمه ،دەسەلآت لەلایەن نوخبەیەكی سیاسی پاوا نخوازەوه ئیداره دەدرێت و دەستی بەسەرداگیراوه، ئەمەش واتا نەبوونی سیستەمی دیموكراسی كه ئیمانی بەفرەیی و جیاوازیەكان هەبێت ولەرێگای یاساوه رێكیان بخات و هەلی چالاكی و تەعبیر له خۆكردن بۆ هاوڵاتیان برەخسێنێ.به نمونه كاریگەرترین توێژ كەتوێژی گه نجانه،به پێی را پۆرتی ساڵانەی رەوشی گەنج كەلەساڵی 2008دا بلاوكراوەتەوه به پێی یاساو رێنماییەكان،گەنج گه نجیەتی خۆی له دەست دەدات تا دەگاته پلەیەكی وەزیفی وئیداری له هەرێمدا[61].

سێیەم: ئەگەرچی یارمەتیدەرانی رێكخراوه مەدەنیەكان لەرووی داراییەوه لەلایەن لایەنی دەركیەوه بەتایبەتی وولآتانی ئەوروپی و ئەمریكی فرسەی جولەو چالاكی رێكخراوەكان زیاتر دەكات،بەڵام لەهەمان كاتدا،بەدگومانی لای هاوڵاتیان بەرامبەر به كارو چالاكی و جموجۆڵه جۆر بەجۆرەكانیان دروست كردووه،لای هاوڵاتی والێكدەرێتەوه ودەخەملێنرێ كه ئەم رێكخراوانه بەكار دەهێنرێت, هێندەی ئەوەی پەرەدان بێت به دیموكراسی و مەدەنیەت له ناوچەكەدا.سیمای زەقی كاری رێكخراوەیی لەدوای2003وروخانی رژێمی بەعس بریتیه لەلێشاوی پاڵپشتی مادی جالاكی رێكخراوه ناحكومیەكان،كەرێكخراوه نێودەوڵەتیەئەمریكیەكان بەبێ بوونی دیدگایەكی دروست لەسەرژینگەی سیاسی وكۆمەلآیەتی وكۆمەڵگای مەدەنی ،روویان كرده عێراق ودەستیانكرد بە پێدانی پاره به رێكخراوەكان وهاندانی عێراقیەكان بۆدامەزراندنی رێكخراو،هاوكات زۆرینەیان هەر وەك ریكخراوه خۆماڵیەكان بەدوای بەخشین و پاڵپشتیدا وێڵبوون.هەروەها حكومەتی هەرێم به هەندێك رێكخراو كەزۆربەیان سەربەیەكێك لەحزبی دەسەلآتداربوون'مانگانەیەكی زۆری بۆتەرخان كردبوون بەجۆرێك

[60] هەمان سەرچاوەلا 326.

[61] رێكخراوی توانا سازی لاوانی كوردستان، را پۆرتی ساڵانەی رەوشی گەنج له كوردستان، 2008،دەزگای ئاراس،هەولێر2009، لا 35.

مانگانەبری( 82000000 )ملیۆن دیناردراوەبە( 214 )رێکخراو،ئەمەش وایکرد ژمارەیەك لەرێکخراوی مانگانە خۆری خاوەن نوسینگەی بێ جالاکی لە هەرێمدا بێتەئاراوە. [62]..

چوارەم: بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ناوچەکەو هەرێمی کوردستاندا بۆتە گرفتێکی گەورەی بەردەم گەشەکردن و نوێ بوونەوەی کۆمەلگا بە پێی سەررژمێریەکی نافەرمی لەسالی 2001 دا ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگای سلێمانی 27٪ و لەپارێزگای هەولێر و دهۆك 34٪ بووە [(63)] کە ئەمە ڕێژەیەکی گەورە یە و بەربەستێکی پۆلاینە لەبەردەم هۆشیاری کۆمەلایەتیدا.

پێنچەم: نەبوونی تاکی هۆشیار: کۆمەلگای مەدەنی لەسەر شانی مرۆڤە هۆشیارەکان بنیاتدەنرێ ،بەسەرنجدان بەڕێژەی زۆری نەخوێندەواری لەلایەك وکەمی خوێنەرو خوێندنەوە لەلایەکی ترەوە ،دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ئاستی هۆشیاری کۆمەلایەتی و سیاسی ئێمە لە ئاستی پێداویستدا نیە و تەنانەت هەندێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بێ بەرامبەر دابەش دەکرێن بەلام ناخوێنرێنەوە.(لەبەر رێزی قەلەم ونوسین ناوی ئەوروژنامانەمان نەبردووە کەناخوێنرێنەوە) مۆنتیسکۆ لە ڕوحی یاساکاندا ئاماژەبەوە دەکات کە باشترین دەستور و یاسا پێویستی بە تاکی هۆشیار هەیە کە پراکتیزەی بکات و بیخاتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.

شەشەم: نەبوونی دەستورێکی مەدەنی سەرچاوە گرتو لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتیەوە ، وایکردووە هاولاتیان ئاشنای ئەرك و مافەکانیان نەبن، لەو حالەتەشدا دەسەلات بەبیانوی جۆر بەجۆر پێشێلی مافەکانی مرۆڤ بکات و سنوری ئازادی و چالاکیەکانی هاولاتیان سنوردار بکات.(بەرجاوترین نمونە ئەوفەوزایە بووکە لەغیابی دەستوردا لەسەریاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا دروست بوو،ج بەلایانگرو ج بەدژ).

حەوتەم: بەحیزبی کردنی دام و دەزگاکان ورێکخراووسەندیکاکان و لێك جیانەکردنەوەی دەسەلاتەکانی لەیەکتری، پرۆسەی نوێ بوونەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەم هەرێمەی پەك خستووەو بواری چاکسازی و بەمەدەنی کردنی کۆمەلگای ئفلیج کردووە.لەوبارەوە ژنە جالاکوانێکی کەنەدی باس لەدابەش بوونی سیاسی وحزبی رێکخراوە کوردیەکان دەکات لەکەنەدا،ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە زۆرلە رێکخراوەکان سەربەیەکێك لەودوو حزبە یان کەسانی بالای ئەو دووحزبە بوون.بوونی پۆستی سەرۆکی رێکخراوە NGOکان لە مەکتەبی رێکخراوەکانی حزبەکاندا،بەرجاوترین نمونەیە لەپەیوەست بوونی رێکخراوەکان بە حزبەکانەوە [64]...کەئەمەش دوورونزیك رێکخراوەکان لەئەرکە راستەقینەکەی خۆیان دووردەخاتەوە.

---

[62] بەختیار عبداللە کریم، سەرچاوەی پێشو،لا.328-329.

[(63)] ئەم ڕێژە یە وە رگیراوە لە بەرێز ابراهیم عبداللە محمد امین بە ریوە بەری فیر کردنی نا ئاسایی پارێزگای سلیمانی لە بەرواری 2018/3/12..

[64] بەختیار عبداللە کریم، سەرچاوەی پێشو،لا. 323-324.

هەشتەم:نەبوونی یاسایەکی تۆکمە کەدەستی دەسەلاّتداران بگرێت لە پێشێل کردنی مافەکاندا،بۆتە هۆی ئەوەی سیاسە تمەداران بەحەزی تاکە کەسی شرۆڤەوشیکاری یاسابکەن و,چۆن لە بەرژەوەندیان بێت ئاوها مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.لەو بارەوە بیرمەندی ئەمریکی فرانسیس فۆکۆیاما( 1952_ ) لە پەرتوکەکەیدا (نهایە التاریخ) دا دەڵێت (ڕەنگە سیاسە تمەداری ئەمریکی بەدڵ حەزبکات،وەك ناپلیۆن و قەیصەری جاران دەسەلاّتی نەبراوەی لەدەستدا بێت،بەلاّم یاساو دەستوری ئەمریکی ڕێگە نادات لە (جیمی کارتەر)و (ڕۆنالد ڕێگان)زیاتر بێت،قەیدەکانی چەندین دامەزراوی بەهێز و هێزە سیاسیەکان لە هە موو لایە کە وە دە ییە ستنە وە و وایلێدە کە ن ئاواتە کانی لەو ڕێگەوە بهێنێتەدی کە خزمەتکاری خەڵك بێت نەك سەرداری )[65].

نۆیەم: نەبوونی کیانی نەتەوەیی وسەقامگیری سیاسی بەردەوام عوزرو بیانوی دەستی دەسەلاّتداران بووە بۆ دواخستنی پرۆسەی نویّ بوونەوەی کۆمەڵگاو ئیقرارنەکردنی مافی هاولاّتیان وەك چۆن ململانێی (عەرەب –ئیسرائل) بیانووی دەستی سەرانی عەرەب بوو بۆ پەککخستنی پرۆسەی دیموکراسی لە وولاّتەکانیاندا.

دەیەم: تێپەڕنەبوونی کۆمەڵگای کوردی و وولاّتانی ناوچەکەو ئاشنا نەبوونیان بە بزوتنەوە گەورەکانی مرۆڤایەتی وەك (ڕێنیسانس, ڕیفۆرمی ئاینی،بزوتنەوەی رۆشەنگەری و شۆڕشی فەرەنسی و ...هتد) کە هاوکارێکی گرنگی هەڵوەشاندن و هەڵتەکاندنی پەیوەندیە تقلیدی و کۆنەکان و گواستنەوەی کۆمەڵگا بوون بۆ قۆناغێکی نویّ و ژیانێکی مرۆیی باشتر.

لەگەڵ ئەوبەربەستانەشدا رێکخراوەکان ج حزبی وج سەربەخۆکان لە ئاستێکی خوازراویش نە بووبێت ڕۆڵ وکاریگەریان بەسەرگۆڕینی یاساکانەوە هەبووە ،لەوێنەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ودابەزاندنی تەمەنی خۆکاندید کردن بۆپەرلەمان وگۆڕینی یاسای رێکخراوەکان و.........هتد.

**ئە نجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئە نجامەی کە:

1-ئەگەرچی مەفهومی کۆمەڵگەی مەدەنی بەم شێوەیەی کە ئیستا هەیە و بەکاردەهێنرێت نویّ یە,بەڵام سەرەتاکانی لە مێژووی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی و دۆلی رافیدەین دەدۆزینەوەو پەی پێدەبەین.

2-چەمکی کۆمەلگەی مەدەنی چەمکێکی ئیشکال ئامێزەو لە زەمان و زەمینی جیاو لە لایەن فەیلسوفانی کۆن و نویّ قسەی جیاوازی لەسەرکراوەو شرۆڤەوشیکاری جیاوازی بۆکراوە.لە لای هەندێك توێژەران واخەملێنراوە,کە ئەستمە بۆجونێکی ئاشکراو رونمان سەبارەت بەم چەمکە دەستگیربیت و لەسەر یەك پێناسە بگیرسێینەوە.

---

[65] وەرگیراوە لە :عومە رعە لی غە فور, بە ئایدۆلۆژیا کردنی ئاین ,جاپی یە کەم ,جاپخانەی زین,2002, ل 42..

3-گەرچی ئەم چەمکە چ بە مانا کۆنەکە ی و چ لە بەکارهێنانە نوێ یەکەیدا,مێژوویەکی درێنی لە وڵاتانی رۆژئاوادا هەیە,بەڵام بە هۆی بوونی سیستەمی شمولی لە وڵا تانی عەرەبی و ئیسلامیدا,کە ئیمەی کوردیش ژێردەستەی ئەم رژێمانەبوین,زۆر درەنگ بە کۆمەلگەی ئیمە ئاشنابووە و پایەکانیشی لەبەر چەندین هۆکار بە لاوازی وستاون و لە جیاتی( چاودێریکردنی حکومەت,چاودێری دەکرێن لە لایەن حکومەتەوە,لە جیاتی بکەرین,بونەتە بەرکار,لەجیاتی کاریگەری,کارلێکراون ).

4.ئە وبارودوخە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەی لە هە رێمدا هەیە,یارمە تیدە ری دروست بوونی تاکێکی مە دە نی نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی دەبینرێت هەنگاو نانە بەرەو ناسەقامگیری و دروست بوونی توندوتیژی.

5. پشت بەستنی زۆرینەی رێکخراوەکان لەرووی داراییەوە بەحکومەت وای کردوە ئەو رێکخراوانە نەتوانن بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵبستن لە چاودێری کردن و بەدواداچوونی کارەکانی حکومەتدا بەڵکو خۆیان دەستەمۆ کراون لەلایەن حکومەتەوە.

6. بەحیزبی کردنی حکومەت و بەسیاسی کردنی دامەزراوەکان گرفتیکی گەورەی بەردەم کۆمەڵگای مەدەنیە لەهەرێمی کوردستان.

سەرچاوەکان


- بەختیار عبداللە کریم،راپەرین .. دەروازەیەك بۆ سەرهەلدانی رێچکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقد( 1991-2015 )،گۆڤاری زانکۆی را پەرین،ژمارە 3 ساڵی 2016.
- جان سالوین شابیرو,لیبرالیزم ( جەمك و مێژوو ),وەرگێرانی :عوسمان حسن شاکر,لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری (ی.ن.ك ),سلیمانی, 2005.
- حوسێن بەشیری ،دیموکراسی بۆ هەمووان،وەرگێرانی :حوسێن محمد زادە،چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی،هەولێر ،2005
- خەلیل ئیسماعیل محمد، کۆمەڵی مەدەنی و ئایندەی گروپە ئیتنیەکان لەعێراقدا،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی،گۆڤار،ژمارە 1 ،ساڵی 2004،
- رۆری ئۆبرین, مێژووی فەلسەفیانەی بیرۆکەی کومەلگای مەدەنی,وەرگێرانی :ئاوات ئەحمەد,سەردەم,گوڤار,ژمارە 33,سلیمانی ,2004.
- رید باسیل ئەلشانی،کۆمەڵگای مەدەنی ،وەرگێرانی :رۆف بێگەرد سەردەم،گۆڤار،ژمارە 33،حوزەیرانی 2004،
- زاهیر محمدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ئارەش،چاپخانەی رۆژهەلات ،وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر ،ساڵی 2006،

- سەعید محمەد بەرزنجی، بنەما تیۆریەکانی کومەلگای مەدەنی و رە هەندە روشنبیریە کانی،گەلاویژ،گوڤار،ژمارە 2_3،سلیمانی،2006.
- عبدالكريم سروش ،(ئایین ،لیبوردن،مەدە نیە ت )،وەرگێرانی:یوسف محمد صادق،هەژان،گوڤار،ژمارە 9_10، 2002
- عەبدوڵلا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ،چاپی دووەم،2004،لا 124-126.
- عومە ر عە لی غە فور، بە ئایدولوژیا کردنی ئاین ،چاپی یە کەم ،چاپخانەی زین،2002.
- فالح عبدالجبار ،دەوڵەت ،کۆمەڵگای مەدەنی و وەچەرخانی دیموکراسی لەعێراقدا،وەرگێڕانی :ئاوات ئەحمەد ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی داناز،سلێمانی ،2001،
- فەرهاد محمودحاتم و هێمن جبار محمود،دەرکەوتنی شارستانی ،نوێ بوون ،گۆڤار،ژمارە 7 ،ساڵی 2009،
- کەریم ئەبو حەلاوە، گیرو گازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی ،وەرگێڕانی :ئیسماعیل کوردەو ئەوانی تر،چاپی دووەم،لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما،هەولێر،2004،
- مەروان مەزهەر جافر،کومەلکای مەدە نی لە هزری بیرمەندانی بە یمانی کومەلایەتی،کوج،کوفار،زمارە 13،سلیمانی،2010.
- مەریەم پورنەزەر ،کۆمەڵی مەدنی چی یە؟،وەرگێڕانی یاسین عومەر ،چاپی یەکەم،چاپخانەی داناز،سلێمانی ،2003،
- مەریوان وریا قانع، شوناس وئالوزی ، چاپی یەکەم،چاپخانەی رەنج،سلیمانی،2004،
- مەنوچیهر موحسنی، دە روازە کانی کومەلناسی،وەر گێرانی :ریبوار سیوە یلی وئە وانی تر،چاپی یە کە م، چاپخانە ی وە زارە تی پە روەردە،هە ولێر،2002.
- موسا ئیبراهیم ،فیکری سیاسی خورئاوا( لە مەکیافیلیە وە تا مارکس )،وە رکیرانی :شوان ئەحمەد،چاپی دووەم،دە زگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلیمانی،2007.
- موستەفا مەلەکیان ،سیکولاریزم وحکومەتی ئاینی،وەرکیرانی:سە عدی حەمە خان،هەژان ،گوڤار،ژمارە 13، 2004.
- مۆنتیسکۆ ،رۆحی یاساکان،وەرگێڕانی،ئیدریس شێخ شەرەفی ،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،
- ئارام جەمال سابیر،کۆمەڵگای مەدەنی ( دەسەلاتێکی بەردەم دەسەلات )،رۆشنگەری ،گۆڤار 22،سلیمانی،2007،
- یوسف گۆران ،سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە چەمکی هاولاتیبوون ،لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی .ن.ك) ،سلێمانی ،2002،
- عبدالوهاب حمید رشید، التحول الديموقراگی والمجتمع المدنی،الگبعه الاولی ،دار المدی للپقافه والنشر ،سوریه،2003،
- جون إربيبرغ،المجتمع المدنی( من اليونان حتی القرن العشرين )،ترجمه حسين ناقم وعلی حاكم صالح ، الستراتيجيه ،بغداد 2007،ص21.

- مصگفى النشار،الحريه والديموقراگيه والمواگنه ( قرأه فى فلسفه ارسگو السياسيه )،الگبعه الاولى ،الدار المصريه السعوديه للگباعه والنشر والتوزيع ،القاهره ،2009.
- فيصل شنگاوى، محاچرات فى الديمقراگيه،الگبعه الاولى ،دار الحامد للنشر والتوزيع ،عمان ،الاردن،بدون سنه الگبع .
- الحبيب الجنحانى وسيف الدين عبدالفتاح اسماعيل, المجتمع المدنى وابعاد الفكريه,الگبعه الاولى , دار الفكر المعاصر, ديمه شق,2003 .
- ئەنتەرێت:
- بەرنامەی بەخشین،.www.payam.tv
- تعريف المجتمع لغه واصتلاحاً. mawdoo3.com
- ابراهيم عبدالله محمد امين به ريوه بەرى فير كردنى نا ئاسايى پاريزگاى سليمانى له بەروارى 2018/3/12..


## تاريخ المجتمع المدني والعوائقه في اقليم كوردستان

ان الكتابة والبحث عن مفهوم المجتمع المدني والعوائق التي تكون امامه لها دوافع خاصة بها،وبالنظرلما تستعرض الأظمة الشمولية والتوليتارية نفسها هناوهناك وتقوم بتضيق الحريات وانتهاك الحقوق،سواء كانت هذه الحقوق السياسية أوالمدنية والأقتصادية والأجتماعية ووالقانونية. أصبحت بالتالي التكلم عن هذا المفهوم ضرورية،حيث ان الهدف الرئيسي لمجموعات وهيئات المجتمع المدني في كثير من الحالات هي تقصير ايد السلطة في مجالات الحياة المختلفة وتضمين مساحة الحريات،لكي يعبر المرء عن تمنياته وارادته ومتطلباته وليحس بكرامته ووجوده في المجتمع.

**هدف البحث:**

يهدف هذا البحث لالقاء الضوء على تاريخ هذا المفهوم وظهوره في البلدان الأوروبية ثم مجيئه الى البلدان العربية الأسلامية والى العراق واقليم كوردستان فيما بعد،ثم للوقوف على العوائق التي تظهر امامه وكذلك محاولة التمدن الهيئات وتطوير الحقوق في الأقليم.

**اهمية البحث:**

تستعرض اهمية هذا البحث فيما يظهر بان الفرد الكردي يحس الآن اكثر من اى وقت آخر بهاميشيته وانتهاك حقوقه،ويثبت بالتالي بأن التجمع وتشكيل المنظمات المدنية ستكون ضروريا.

**خطة البحث:**

يتكون البحث بالأضافة الى المقدمة واهم النتائج التي وصل اليها الباحث والملخص باللغتين العربية والأنجليزية من اربع محاور،ففي المحور الأول القي الضوء على مفهوم وتعريف المجتمع المدني،وخصص المحور الثاني لتاريخ ظهورهذا المفهوم،وفي المحور الثالث وضع النضرعلى بنياد المجتمع المدني وخصائصهاوعناصرها،وأخيرا ربط المحورالرابع بأهداف المجتمع المدني وعوائقه في اقليم كوردستان.

# The history of civil society and its problems in the Kurdistan region
## *"A historical and intellectual research"*

**Abstract**

There is no doubt that, writing and researching on civil society and its difficulties always has some motivations. Especially, this is will be right when we look at totalitarians system which they reduce freedom and political, economic and social rights. After the appearance of totalitarians system in the twentieth century in the shape of Nazism and fascism, the term of civil society was one of the essential dialogue in the world.it is true that, the main aims of civil society is reducing the states role in different sectors of society and providing moe freedom to individuals to demonstrate abilities and obtain self-determention in society.

**Aim of the research:**

The purpose of this research is to demonstrate the history of civil society in Europe then its appearance in Arabic and Islamic states and in the Kurdistan region.as well as illustrate is difficulties in the Kurdistan region.

**Significant of the research:**

This study is very significant for Kurdish individuals as nowadays they fell ignorance and non-rights in their society. Therefore, Kurdish individuals needs to create groups, organizations to organize themselves and obtain their rights.

**Research plan:**

This research consists of preface, four main sections and conclusion.in the first chapter the term of civil society and its definition has been discussed. Also in the second section, the history of civil society demonstrated from the ancient time until modern period. Regarding the third section the ingredients and its characteristic has discussed. Finally, this study focused on the aims and difficulties in civil society in the Kurdistan region

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.371

# ئاراستەی نووسینیی مێژوویی لە ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرای مێژووی نوێ و هاوچەرخ (بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین وەك نموونە)

توانا رشيد كريم

بەشی زانستە كۆمەلایەتییەكان، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سلێمانی

twana.karim@univsul.edu.iq

**پوختە**

مێژوونووسی كوردی لە باشووری كوردستان لەسەدەی بیستەمدا، گورۆتینێكی زۆری بەخۆییەوە دی بەچەشنێك لەگەلٚ دامەزراندنی زانكۆ و كردنەوەی بەشی مێژوودا، مێژوونووسی پێینایە قۆناغێكی نوێوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی خوێندنی بالا لەسالٚی (1987-1988) كرایەوە وچەندان ماستەرنامە وتێزی دكتۆرای لەپسپۆرییەكانی مێژووی (كۆن، ئیسلامی، نوێ وهاوچەرخ) پێشكەش بە مێژوونووسی كورد، كرد. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەمییانی تیشكخستنەسەر ئەمە وپشكنینی ناوەڕۆكی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرای مێژووی نوێ وهاوچەرخ لە بەشی مێژوو، بەرمەبنای هێلە بنەڕەتییەكانی لێكۆلینەوەی مێژوویی، ئاراستەی نووسینەوەی مێژوویی لەبەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین بخاتەڕوو.

بەهۆی نەبوونی توێژینەوەیەك لەسەر ماستەرنامە وتێزەكان لە زانكۆكانی كوردستان، لەكاتێكدا لە زانكۆكانی دیكەی عێراق بایەخی پێدراوە، بۆیە ئەم ناونیشانە هەلبژێرا، بە ئامانجی دەستنیشانكردنی ئاراستەی نووسینی مێژوویی و كایەی مەعریفییەكان و كەرەستەی مەعریفییەكان، لەپالٚ ناساندنی بەرهەم و هەولە ئەكادیمییەكانی بەشی مێژوو. كە بێگومان بەگشتی ڕوئیای مێژوونوس وئەكادیمی كورد دەخاتەڕوو.

بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامگیرییەكی ڕوون ودروست، توێژەر ڕاستەوخۆ سوودی لە ناوەڕۆكی نامە وتێزە ئەكادیمییەكان بینییەوە، بۆیە میتۆدی شیكردنەوەی ناوەڕۆك وەك میتۆدی سەرەكی بەكارهاتووە، لەپالٚ سودبینین لە هەردوو میتۆدی شیتەلٚكاری و مێژوویی.

توێژینەوەكە سوودی لەگەلێك سەرچاوەی جۆراوجۆر بینییەوە، لەپێشەوەیان ماستەرنامەكان وتێزەكانی دكتۆرا، كە سەرچاوەی سەرەكیین بۆ توێژینەوەكە،لەپالٚ ڕێبەرەكانی زانكۆی سەلاحەدین، فەرمانی كارگێڕی، كتێبی( پوختەی نامە وتێزەكانی مێژووی نوی وهاوچەرخی)ی بورهان گۆمەتالی،لێكۆلینەوەی د.مفید كاصد الزيدی بەناونیشانی(المنهجية التاريخية في الرسائل الجامعية( البصرة والموصل نموذجا ) وچەندین سەرچاوەی یارمەتیدەری دیكەش.

توێژینەوەكە، دابەشكراوە بەسەر دوو باسی سەرەكی و چەند تەوەرەیەكدا؛ لە باسی یەكەمدا : لەمییانی دوو تەوەرەدا باسی پاشخانی مێژوویی بابەتەكە كراوە،تەوەری یەكەم، تیشكخراوەتەسەر پەرەسەندنی مێژوونووسی لای كورد. لە تەوەری دووەمیش : دامەزراندن و پەرەسەندنی مێژوویی بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین خراوەتەڕوو، هەروەها باسی دووەم : لەمییانی

دوو تەوەرەدا جەختكراوەتەوە سەر ئاڕاستەی نووسینی مێژوویی ماستەرنامەكان وتێزەكانی دكتۆرا. لە تەوەری یەكەمدا، تیشكخراوەتەسەر ئاڕاستەی نووسینی مێژوویی بەرمەبنای بنەڕەتەكانی لێكۆڵینەوەی مێژوویی(كات-شوێن). لە تەوەری دووەمیشدا، كایە مەعریفیەكان و كەرەستە و ڕێبازی توێژینەوە باسكراوە. لەكۆتایشدا، ئەنجامی توێژینەوەكە بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

كلیلەوشە: ئاڕاستە، نووسینی مێژوویی، ماستەرنامە، تێزەكانی دكتۆرا، بەشی مێژوو، كەرەستەی مەعریفی، ڕێبازی توێژینەوە.

**باسی یەكەم: پەرەسەندنی مێژوونووسیی كورد و دامەزراندنی بەشی مێژوو:**

**تەوەری یەكەم: چەردەیەك لەمەڕ پەرەسەندنی مێژوونووسیی لای كورد:**

ڕوون و ئاشكرایە، مرۆڤ لەمیانی تۆماركردنی ئەدگار و ڕووداوەكانی ڕابردووی خۆییەوە بوارێكی نوێی بۆ زانین و ناسینی خۆی دۆزییەوە. ئەم دۆزینەوەیە تەرزێكی نوێی مەعریفیی لەلای ئەو خولقاند، كە زادەی پێویستە كۆمەڵایەتیی و سیاسییەكانیی بوو. لەبەرئەوە پرۆسەی نووسینی مێژوویی، پرۆسەیەكی دووبارە وێناكردنەوەی ڕابردووە لەلایەن كۆمەڵگە مرۆییەكانەوە بە شێوەیەكی مێژوویی و لەسەر بناغەی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستییدا بووە[i].

كورد وەك نەتەوەیەك لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەراوێز نەبووە لەو ژیارانەی، كە لە خاكەكەی یاخود دەوروبەرەكەی دروستبووە، ئەمەش هەلی بەشداریكردنی لە نێو شارستانییەتە جوداكان بۆ خولقاندووە و زەمینی كوردستانیش بۆتە گۆڕەپانی پەیدابوونی چەندین شارستانییەت و دەوڵەت[ii]. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەی نووسینیی مێژوو لە نێو كورد دا زۆر درەنگ سەرهەڵدەدا و، سەرەتا و بەراییەكانیشی دیاریكراو و ڕوون و ئاشكرا نییە[iii]. ڕاستییەكەی دەتوانین گەلێك هۆكار دیاری بكەین بۆ ئەم درەنگ سەرهەڵدانە، لەم بارەیەوە مێژوونووسیی كورد كەمال مەزهەر سروشتی كۆمەڵگە كوردی بەهۆكارێك دەزانێت بۆ ئەم درەنگ كەوتنەوە، چونكە بەردەوام كۆچەری ونیمچە كۆچەری بوونی كۆمەڵگەی كوردی و ناسەقامگیربوونیی لە شوێنێكی دیاریكراودا، وای كردووە بایەخ بە نووسینی ڕووداوەكان نەدا[iv]، هەروەها ئەم بۆچوونەش لەلایەن مێژونووس عیماد عەبدولسەلام ڕەئوف جەختی لەسەركراوەتەوە وپێیوایە گوندەكان سەرچاوەی مەعریفە بوون لەنێو كۆمەڵگەی كوردیدا، لەكاتێكدا مێژوونوسی لەنێو شاردا گەلاڵە دەبێت، چونكە شار سەرچاوەی ڕووداوە و مێژونووسیش بایەخ بەم ڕووداو دەدات[v]، بەتایبەت كورد ڕۆشنبیرییەكی زارەكیی هەبووە و گرنگی بە نووسینی مێژوویی نەداوە. سەرباری درەنگ پەیدابوونی خوێندن و خوێندەواری لە نێوكۆمەڵگەی كوردیدا[vi].

هەر لەبەرئەمەیە دەبینین لە چاخەكانی مێژووی كۆندا، مێژوونوسێك بەدی ناكەیت ڕووداوەكانی سەردەمی خۆی نوسیبێتەوە و تۆماركردبێت، تەنانەت لە شێوازی ئەدەبیشدا، بە پێچەوانەی گەلانی دی وەك هیرۆدۆت، كە مێژووی یۆنانی تۆماركردووە[vii].

لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام و بلاوبونەوەی ئایینی ئیسلام لە كۆمەڵگەی كوردیدا و گەشەكردنی خوێندن و خوێندەواریی و دروستبوونی چەندین خوێندنگەی ئایینی، ئەم دۆخە پێچەوانە دەكاتەوە لەلای ژمارەیەك لەزانایانی كورد جێی بایەخ بووە. لە

دیارترین ئەو زانا كوردانەی لەم قۆناغەدا بایەخیان بە زانستی مێژوو و مێژوونووسی داوە، وەكو: ئەبو حەنیفەی دینەوەری(895ز)، ئەبوفەزل ئەلیاس ئەربیلی(1204ز)، ئیبنولمستوفی ئەربیلی(1239ز)، ئیبن ئەسیر(1232ز). ئیبن خەلەكان(1282ز)، هەروەها بایەخدانەكانی خانەوادەی ئەیوبییەكان وەكو ئەبی هیجا(1301ز)، ئیبن شەدادی قازی(1234ز) [viii].

جێی باسە، هەندێك لەم مێژوونووسانە گرنگیان داوە بە مێژووی ناوچە كوردیی و میرنشینە كوردییەكان، بەڵام ئەم گرنگی دانە دەكەوێتەچوارچێوەی بایەخدان بە "مێژووی گشتی یان مێژووی نەتەوە خاوەن دەسەڵاتەكان"[ix]، واتە: لەجوغزی نیشتمانی خۆیانە نەیڕوانیوتە مێژوو، بە ئەندازەی خزمەتكردنییان لە دەرباری میر و دەسەڵاتدارەكان. لەلایەكی دیكەوە نووسینەكانیان ڕێبازی مێژوونووسیی ئەوكاتی جیهانی ئیسلامی تێدا زاڵە و شوێنییان لەسەر تەرزی نووسینەكانیان هەبووە.بێگومان، ڕاستە بەشێكی زۆر ئەو شاكارانەی لە سەدەكانی ناوەڕاست بەدەستوپەنجەی زانایانی كورد نووسراون ڕاستەوخۆ تایبەت نەبوون بە مێژووی كورد وەك نەتەوەیەك لەناو جیهانیی ئیسلامی، بەڵام هەنووكە بونەتە هەوێنی نووسینەوەی مێژووی كورد[x].

لەسەردەمی نوێدا (1500-1900)، بەدرێژایی ئەم سەدەیە ئاستێكی وێكڕا نابینین لە مێژوونووسییدا، ئەگەرچی ئەم قۆناغە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە مێژوونووسیی كوردیدا، چونكە لەم قۆناغەدا چەندین مێژوونووس بەرهەمەكانی خۆیان بۆ مێژووی كورد وكوردستان یەكلاكردۆتەوە، وەك شاكاری شەرفنامەی شەرفخانی بەدلیسی. شەرفخان لە زاری خۆییەوە و لەبارەی شەرفنامەكەی نووسیویەتی:" بۆ یەكلایی كردنەوەی بنچ و بناوانی كورد و ڕوونكردنەوەی باری ژیان و چۆنییەتی ئاكاریان بە درێژایی مێژوو" تەرخانكراوە[xi]. ئەمەش بە نۆبەرەی مێژوونووسیی دانانرێت لە سەردەمی نوێیدا، كە مێژووی كورد وكوردستان وكەسایەتی وشارستانی كوردی كرابێتە تەوەری سەرەكی نووسین وبەرهەمەكانیی، توێژەرێكی دیكە چەند نووسراوێكی دی مێژوویی زیاد دەكات، كە لە پێش شەرەفنامەوە نووسراون، هەرچەندە بۆ مێژووی كورد نەنووسراوان، بەڵام لەلایەن زانایان و ڕوناكبیرانی كوردەوە نووسراوە، وەكو: مەلا ئیدریسی بەدلیسی خاوەنی كتێبی(هشت بهشت) یان(مذكرات مامون بیك بن بیكة بك)ە[xii].

هەڵبەتە قۆناغی نوێ وەك پێشووتر باسی لێوەكرا بە یەك ئاست نەڕۆیشتووە. لە سەدەكانی شازدەهەم و حەڤدەهەمدا مێژونووسێكی

كوردی وەها بەرچاو ناكەون، ئەمەش كەلێنێكی گەورەی لە مێژوونووسی كوردیدا دروستكردووە، بەشێوەیەك توێژەرێك ئەم دووسەدەیە بە"لاپەڕەیەكی تاریك لە تۆماری مێژوونووسی كوردیدا" تاریف دەكات[xiii]. بەڵام سەدەی نۆزدەهەم كاروانی مێژوونووسیی كوردی هەنگاوێكی بە گوڕ دەهاوێت و چەندین هەوڵی مێژوونووسی كوردیمان بەرچاو دەكەوێت، كە ڕاستەوخۆ بایەخیان بە نووسینی مێژووی كورد داوە و، لەسێبەری دەسەڵاتی حوكمڕانێكی كوردی (میرنشینی ئەردەڵان) هاتۆتە ئەنجامدان وەكو: (زوبدەتولتەواریخی سەنەندەجی) مەلا محەمەد شەریفی قازی ئەردەڵانی،(تاریخی ئەردەڵانی) ئیسماعیلی كوڕی مەلا محەمەد و(تاریخی بەنی ئەرەڵانی) خوسرەوەی كوڕی محەمەد ئەردەڵانی و (تاریخی ئەردەڵان)ی مەستورەخانم[xiv]. سەرباری

ئەمانەش، لەم سەدەیەدا مێژوونووسیی كوردی شێوەیەكی قوڵتری وەرگرتووە و، بەرەو پێشەگەریی تەواو هەنگاوی ناوە، ئەمەش لەلای مەلا مەحمودی بایەزیدی دا بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە. لەساڵی (1858) كتێبی"كتابی تاریخی جدیدی كوردستان" هاتۆتەبەر. هەروەها لە بەشەكانی دی كوردستاندا گەلێك نووسراوی دیكەی مێژوونووسانی كورد بەرچاو دەكەون[xv].

لەلایەكی دیكەوە لەم قۆناغەدا، دوای ئەوەی ڕۆژنامەی (كوردستان) لەساڵی (1898ز) دەرچوو وپاشتریش چەند ڕۆژنامەیەكی دیكە، ئەمانە ڕۆڵ و بایەخی خۆیان هەبووە وچەندین نووسراویان لەبارەی مێژووی كوردییەوە بڵاوكردۆتەوە، شایەنی باسە، كە سەرجەم بەرهەمەكانی ئەم قۆناغەی مێژوونووسی كورد بە زمانی كوردی نەنووسراوان و زیاتر زمانی نووسینی ئەو سەردەمە بەكارهاتووە (فارسی و توركی)، جگە لە ئەو نووسینەی مێژووییانەی، كە لە ڕۆژنامەكاندا بڵاوكراونەتەوە[xvi].

سەبارەت بەسەردەمی هاوچەرخ، لە دوای ساڵی(1900) مێژوونووسی كورد پێشكەوتنێكی بەرچاو و سەرلەبەری بەخۆوە دەبینێت تا دەگاتە شێوازی نووسینیی ئەكادیمی لە زانكۆكانی دەوەرە و پاشتریش لە زانكۆی سەلاحەدین. ڕەنگە لەم قۆناغەدا، فاكتی نەتەوەیی شوێنی تایبەتی و كاریگەری بەهێزی هەبووبێت لە نووسینەوەی مێژووی كورد دا، هەروەك محەمەدئەمین زەكی(1888-1948) لە پێشەكی خولاصەی تاریخی كوردستاندا، نووسیویەتی:" كە لە جێگای تەعبیری عمومی عوسمانی لەفزی تورك و تورانی لە توركیادا باوی سەند...غەیرەتی خۆم چاكتر حس كرد وە غروری قەومی مەجبوری كردم، كە لەهەموو فرسەتێكدا ئەم حسەی خۆم ئیزهار بكەم"[xvii]. دەكرێت محەمەد ئەمین زەكی بە سەردەستەی قۆناغی هاوچەرخ دابنێین لە مێژوونووسی كوردیدا، چونكە نووسین لەلای محەمەد ئەمین زەكی شێوازێكی پێشكەوتووتری وەرگرتووە لەڕووی تەكنیك وخستنەڕووی ڕووداوە مێژووییەكاندا و بووەتە سەرچاوەیەكی پڕبایەخ بۆ مێژونووسی كوردی لە ئێستادا[xviii]. هەروەها هەر لەم سەردەمەدا گەلێك نووسراوی دیكەی بە بایەخ هاتونەتە بەرهەم، وەك: هەوڵەكانی حوسێن حوزنی موكریانی(1897-1947)، كە یەكەم كەس بوو دەستەواژەی " مێژوو" و "مێژوونووسی" خستۆتە نێوفەرهەنگی كوردییەوە. وێڕای بوونی چەندین بەرهەمی دیكە لەلایەن مێژوونووسانی كوردەوە. لەوانە: ساڵح قەفتان(1885-1968)، محەمەد عەلی عەونی(1897-1952)، عەلائەدین سوجادی(1907-1984)، ڕەفیق حلمی(1898-1960)، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی(1913-2001)، تۆفیق وەهبی(1892-1984)، عوسمان صەبری(1905-1993)، عەلی سەیدۆگۆران، جەلادەت بەدرخان(1893-1951)، زوبێر بلال ئیسماعیل(1938-1998)، مەلا ڕەئوف حەوێزی، كەریم زەند(1925-2017)، عەبدولرەقیب یوسف[xix].

لە پاڵ ئەمەشەدا، ڕۆژنامەوانیی كوردی تێگەیشتنی ڕاستی و ژین و ژیانەوە و گۆڤاری نزار وگۆڤاری گەلاوێژ وبەیان وهاوكاری وگۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد ڕۆڵێكی یەكجار مەزنی بینییوە لە برەودان بە مێژوونووسی كوردی بە بڵاوكردنەوەی نووسین و وەرگێڕان لەبارەی مێژووی كورد وجیهان و نەتەوەكان و ئەزمونە جیاوازەكان و یاداشت و بیرەوەری و بەڵگەنامە[xx]

هەر لە قۆناغی هاوچەرخدا، وێنەیەكی دیكە لە مێژوونووسی كورد سەرهەڵدەدا ئەویش نووسینی ئەكادیمییە، هەربۆیە ئەم قۆناغە تەواو جیاوازە و لێوان لێوە لە بەرهەمی جوان و دەستڕەنگینی ئەكادیمی كوردی، بەتایبەت پاش ئەوەی دەرگای

خوێندن لە وڵاتانی دەرەوە و ناوەوەی وڵات بۆ ڕووناكبیر و تاكەكانی كورد كرایەوە، لەبەرئەمە گەلێك بەرهەمی ئەكادیمی جیاواز و جوان لەسەر مێژووی كوردی لە پسپۆڕییەكانی مێژووی كۆن ونوێ وهاوچەرخ بە ئەنجام گەینرا، كە ئەمەش لەدوای كردنەوەی زانكۆ لە كوردستان و پاشتر ڕا پەڕینی ساڵی ( 1991 ) و كردنەوەی خوێندنی باڵا و بەشەكانی مێژوو لە زانكۆكانی كوردستاندا دەچێتە لوتكە. لەم ڕووەوە گەلێك نموونەمان لەبەردەستدایە، وەكو: عەلی حەیدەر سلێمان، د.محمد ساڵح، د.موحسین عەبدولحەمید، د.كەمال مەزهەر، د.عەبدولرەحمان قاسملۆ، عەزیز شەمزینی، د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبكر، د.ڕەحیمی قازی، جەلیلی جەلیل، كوردۆیڤ[xxi]. بەمشێوە دەتوانین بڵێین، كە مێژوونووسی كوردی چەندین بەرزی ونشێوی بڕیوە تا گەیشتووە بەم ئاستەی ئێستای و، هەنووكە دەرفەتی زێتری لەبەردەستدایە بۆ خستنەڕووی مێژووی كورد و بوژانەوەی كەلە پوری كوردستان.

**تەوەری دووەم: بەشی مێژوو (ئاساندن ودامەزراندن و پەرەسەندنی)**

لەدوای ئەو گۆڕانكارییە سیاسییە لە گۆڕەپانی عێراقدا هاتەئاراوە، یەكێك لەو خواستانەی بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردی لە دەسەڵاتی نوێی عێراقی كرد بریتی بوو لە كردنەوەی زانكۆیەك لە كوردستاندا بەمەبەستی پەرەپێدان بە پرۆسەی خوێندن، ئەوەبوو سەركردایەتی باڵای شۆڕش ( حزبی بەعس ) بڕیاری ژمارە: ( 85 )ی لە ڕێكەوتی: ( 1968/8/4 ) بە كردنەوەی زانكۆی سلێمانی دا، دواتر لە ( 23 )ی تشرینی یەكەمی ( 1968 ) وەك یەكەمین دامەزراوەی خوێندنی باڵا لەشاری سلێمانی دامەزرا، كە هەنگاوێكی گەورەبوو بۆ پێشخستنی خوێندنی و زانست لە كوردستاندا[xxii].

لەسەرەتادا، زانكۆی سلێمانی بایەخی بە بەشە زانستییەكاندا، ئەوەبوو كۆلێژەكانی (ئەندازیاری وكشتوكاڵ و زانست) كرانەوە، بەڵام لەداوی بەیاننامەی 11ی ئازار، زانكۆ بەرەوپێشچوونێكی گەورەی بەخۆوە دی. لەساڵی ( 1971/8/31 ) بە بڕیاری ژمارە( 262/ 1208 ) كۆلێژی ئاداب، كە سەرەتا تەنها بەشی كوردی لەخۆگرتبوو، كرایەوە[xxiii]. بەڵام لە ئاكامی ئەو پەرەسەندن وجموجۆڵە سیاسیی وچەكدارییەی لەدوای ساڵی 1975 لە باشووری كوردستاندا، بەتایبەت لە سلێمانی هاتەئاراوە، حكومەتی بەعس بە بیانووی تیرۆركردنی چەند مامۆستایەكی زانكۆ، هاوینی ساڵی ( 1981 ) بڕیاری گواستنەوەی زانكۆی سلێمانی دا(جگە لە كۆلێژی كشتوكاڵ) بۆ شاری هەولێر و ناوەكەی لە زانكۆی سلێمانییەوە گۆڕی بۆ (زانكۆی سەلاحەدین)[xxiv].

هەر لەسەرەتاوە زانكۆی سەلاحەدین، بەیارمەتی ئەوپاشخانەی بۆی دروستبوو دوای گواستنەوە ونەمانی زانكۆی سلێمانی، گۆڕانكارییەكی بەرچاوی بەخۆییەوە دی، یەكێك لەو گۆڕانكارییانە فراوانبوون و گەشەسەندنی كۆلێژی ئاداب بوو. كۆلێژی ئاداب بە یەكێك لە كۆلێژە پڕبایەخ و گرنگ و كۆنەكانی زانكۆی سەلاحەدین هەژمار دەكرێت. ئەم كۆلێژە لەماوەی ساڵانی ( 1981 ) تا ساڵی( 1991 ) چەند بەشێكی دیكەی تێدا كرایەوە، ئەمە لە كاتێكدا، پێشوتر تەنها لە بەشی كوردی وكۆمەڵناسی وعەرەبی پێكهاتبوو، پاشان لەساڵی ( 1985-1986 ) هەردوو بەشی مێژوو و ئینگلیزی ولەساڵی ( 1986-1987 ) بەشی جوگرافیا كرایەوە[xxv].

بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین، بەدێرینترین بەشی مێژوو لە زانكۆكانی باشووری كوردستان دادەنرێت[xxvi]، سەبارەت بە پەرەسەندن وگەشەكردنی ئەم بەشە، دەتوانین دابەشی دوو قۆناغی بكەین:

+ قۆناغی یەكەم: پێش ڕاپەڕینی ساڵی 1991: ئەم قۆناغە لە كردنەوەی بەشەكەوە دەست پێدەكات لەساڵی (1985-1986)، كە د.حسام الدین علی غالب نەقشبەندیی[xxvii] سەرۆكی بەش بووە[xxviii]. لەسەرەتادا ئامانجی بەشەكە بریتی بووە لە:"ئامادەكردنی توێژەرانی پسپۆڕ لە بواری زانستی مێژوو بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ پلانی گەشەپێدانی نەتەوەیی بەمەبەستی كاركردن لە دامەزراوە ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنیی و گەشتیارییەكاندا"[xxix]، هەر لەبەرئەمە پرۆگرامەكانی بەشەكەش مێژووی كۆن وئیسلامی وهاوچەرخ وپەروەردەیی لەخۆگرتبوو، كە لەنێو ئەمەشدا مێژووی كورد بەشێوەیەكی كەم بایەخی پێدرابوو، ئەم بایەخە كەمەش زێتر لە مێژووی ئیسلامییدا خۆی دەبینییەوە. وێڕای ئەمەش مامۆستایانی بەشەكە لەگەڵ ئەوەی مامۆستای كوردی تێدابوو وەك د.جەمال رشید ئەحمەد، د.حسامەدین نەقشبەندی، د.ئەرسەن موسا ڕەشید، د.گڵستان محمد سعید[xxx]، بەڵام ژمارەیەكی زۆرییان عەرەب بوون و لەزانكۆكانی موسڵ و بەغداوە هێنرابوون، وەكو د.عەبدولواحید زەنون، عیمادەدین ئەلجواهیری، د.عمادەدین خەلیل، تەنانەت پسپۆڕییەكانیشیان تایبەت نەبوون بە مێژووی كوردەوە[xxxi].

هەروەها پێش ڕاپەڕین پەرەسەندنێكی دیكە لەنێو بەشی مێژوودا هاتەئارا، ئەویش دامەزراندنی خوێندنی باڵا بوو لە مێژووی ئیسلامییدا، ئەوەبوو لەساڵی(1987-1988)خوێندنی ماستەر لەمێژووی ئیسلامییدا كرایەوە و سێ خوێندكار وەرگیران[xxxii].

جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین، بەشەكە لەم قۆناغەدا چەندچالاكییەكی جۆراوجۆری سازداوە، كە دەكرێت بڵێین تاڕادەیەك ڕەنگدانەوە و ئاڕاستەی ئەم قۆناغە دەنوێنن، وەكو بەشداریكردن لە كۆڕبەندی دامەزراندنی سوپای عێراق، سازدانی سیمینار لەبارەی هزری سەدام حوسێن لە ناوچەی حوكمی زاتی، سازدانی سیمینار لەبارەی مێژووی كۆنی كوردەوە[xxxiii].

+قۆناغی دووەم: لەدوای ساڵی (1991): ئەم قۆناغە لەپاش ڕوودانی ڕاپەڕینی ساڵی (1991) دەست پێدەكات. لەم قۆناغەدا لە زۆر ڕووەوە بەرەوپێشڤەچوون ڕوویدا. لەپێشەوەیان بایەخدان بوو بە مێژووی كورد لەنێوپرۆگرامەكانی خوێندندا.ئەم گەشەسەندنە لەساڵی (1998) ئاڕاستەیەكی ڕوونتر وفراوانتر وەرگرتووە ئەوەتا لەو ساڵەدا قۆناغەكانی سێیەم و چوارەم دابەشكرا بۆ لقەكانی (لقی مێژووی كورد) و (لقی مێژووی گشتی)[xxxiv].

هەروەها یەكێكی دیكە لە پەرەسەندنەكانی ئەم قۆناغە كردنەوەی ماستەر و دكتۆرا بوو لە پسپۆڕی مێژووی نوێ وهاوچەرخ، ئەوەبوو لە(1993/10/21) بە پێی فەرمانی كارگێڕی (2920/2/3) دوو كورسی بۆ خوێندنی ماستەر لە مێژووی نوێ وهاوچەرخ كرایەوە. لەساڵی (1995) خوێندنی دكتۆرا لەهەمان پسپۆڕی كرایەوە. پاشتریش لەساڵی (2000) مێژووی كۆن كرایەوە، بەڵام تا ئێستا خوێندنی دكتۆرا لەمێژووی كۆن نەكراوەتەوە[xxxv]. جێگەی ئاماژەپێدانە لە ئەیلوولی 1995 یەكەمین ماستەرنامە لە پسپۆڕی مێژووی نوێ وهاوچەرخ لەلایەن توێژەر (سەعدی عوسمان حوسێن) لەژێر ناوی (كوردستان والأمبراطورية العثمانية دراسة فی تطورها السياسی 1514-1851م) پێشكەشكرا. لە ساڵی (1998) یەكەمین تێزی دكتۆرا

لەهەمان پسپۆڕی لەلایەن توێژەر (عەبدوڵڵا محەمەد عەلی) بەناونیشانی (کردستان فی عهد الدولة العثمانیة من منتصف القرن التاسع عشر الی بدایة الحرب العالمیة الاولی دراسة فی التأریخ السیاسي) نووسراوە، هەروەها لەم قۆناغەدا یەکەمین نامەی ماستەر بەزمانی کوردی لەلایەن (کامەران احمد محەمەد ئەمین)ە بەناونیشانی: (کوردستان لەنێو ململانێی نێودەوڵەتیی و ناوچەییدا 1890-1932 توێژینەوەیەك لە مێژووی سیاسی و ئابووری) بە سەرپەرشتی (د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس) نووسرا، پاشتریش (یاسین خالد حەسەن) بەناونیشانی: (کوردستانی ئێران (1939- 1979) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد) بەسەرپەرشتی (د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر) یەکەم تێزی دکتۆرای بە زمانی کوردی لە ساڵی (2001) نووسی[xxxvi].

لە ئێستادا بەشی مێژووی وەرچەرخان و گەشەکردنێکی باشی بەخۆوەدیوە و ساڵانە چەندان خوێندکار پسپۆڕی لە بەشی مێژوو وەردەگرن، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە بوژاندنەوە و مێژوونووسی کوردیدا. بەجۆرێك ئەو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرایانەی لەم بەشەدا تەواوکراون (200) ماستەرنامە وتێزی دکتۆران، لە هەر سێ پسپۆڕی (مێژووی کۆن، مێژووی ناوەند یاخود ئیسلامی، مێژووی نوێ وهاوچەرخ). وەك لە خشتەی ژمارە (1)دا نیشاندراوە[xxxvii]:

خشتەی ژمارە (1): بەرهەم ودابەشبوونی نامە ئەکادیمییەکان بەگوێرەی پسپۆڕیی

| جۆری خوێندن | پسپۆڕی | مێژووی کۆن | مێژووی ئیسلامی | مێژووی نوێ وهاوچەرخ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ماستەر | | 5 | 70 | 79 | |
| دکتۆرا | | ---- | 26 | 20 | |
| کۆ | | 5 | 96 | 99 | 200 |

ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنێکی زانستیی بەرچاوی بەشی مێژوو لە بواری برەودان بە کاری ئەکادیمی لە نووسینی مێژوودا. شایەنی باسە، لەم توێژینەوەیەدا تەنها جەختکراوەتەوەسەر ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆراکانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ، کە پێکدێت لە (79) ماستەرنامە و (20) تێزی دکتۆرا. لەلایەکی دیکەوە، بەشەکە ژمارەیەك کادری پسپۆڕ وئەکادیمیی بە پلەی زانستیی باڵا وپسپۆڕی جوداوە خزمەتی تێدا دەکەن، کە ژمارەیان (57) مامۆستا و وانەبێژن،لەخشتەی ژمارە (2)دا زانیاری ورد لەم بارەیەوە خراوەتەڕوو[xxxviii]:

خشتەی ژمارە (2): پسپۆڕی و پلەی زانستیی مامۆستایانی بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین

| پسپۆڕی/ پلەی زانستیی | پرۆفیسۆر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مامۆستا | مامۆستای یاریدەدەر | |
|---|---|---|---|---|---|
| مێژووی کۆن | --- | 1 | --- | --- | |
| مێژووی ئیسلامی | 7 | 3 | 8 | 8 | |
| مێژووی نوێ وهاوچەرخ | 4 | 4 | 6 | 16 | |
| کۆ | 11 | 8 | 14 | 24 | 57 |

لەبارەی روئیا و ئامانجی ئەم بەشە، بەشێوەیەکی گشتی خۆی دەبینێتەوە لە گرنگیدان بە مێژووی کورد ومێژونووسی کورد وکوردستان

لەهەموو سەردەمە جیاوازەکاندا، ناساندنی زانستی مێژوو بە خوێندکارەکان، پەروەردەکردنی خوێندکاران بە هۆشیاری مێژوویی، فێرکردن و ئاشناکردنی خوێندکاران بە میتۆدی توێژینەوەی مێژوویی[xxxix].

وێڕای ئەمەش، پسپۆڕان و مامۆستایانی ئەم بەشە، هەوڵ وتەقەڵلاّ و بەشدارییەکی باشیان کردووە لە چالاکی جۆربەجۆر لەسەر ئاستی کوردستاندا ودەرەوەدا بە سازدانی سیمینار و کۆڕ وکۆنفرانس و دەرکردنی کتێب و بلاّوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی و بەرنامەی ڕاگەیاندن وەك سازدانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بە مێژووی کورد وکوردستان لەساڵی (2013). بێگومان ئەمەش شوێنێکی گرنگ داناوە ودادەنێت لە پەرەپێدانی بەهۆشیاری مێژوویی ومێژوونووسی لە کوردستاندا[xl].

## باسی دووەم: ئاڕاستە و ڕێبازی نووسینیی مێژوویی ماستەرنامەکان وتێزەکانی دکتۆرای بەشی مێژوو

### تەوەری یەکەم: ئاڕاستەی نووسینیی مێژوویی

کرۆکی هەموو پرۆسەیەکی نووسینەوەی مێژوو جەختکردنەوەیە لەسەر "ڕووداوە مێژووییەکان" یاخود ئەوەی پێدەوترێت "بابەتی مێژوویی". مێژوو و مێژوونوسیش سەروکاری لەگەڵ بابەتیی مێژوویدا هەیە و کار دەکات لەسەر کۆمەڵگەی مرۆیی لەباری بزاوتی و نەگۆڕییدا، وێنای ئەو پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و فکری و ئابوریيەکانی ڕابردوو بەخوێندنەوەی ئەو ڕووداوە یان بابەتە مێژووییانەی کۆمەڵگەی مرۆیی تۆماردەکات[xli]. ڕاستییەکەی، ڕووداوە مێژووییەکان یان بابەتی مێژوویی، کە گۆڕەپانی سەرەکی مێژوونووسانن، لەسەر سێ بنچینەی سەرەکی (کات، شوێن، مرۆڤ) وەستاوە، بەشێوەیەك هیچ کردەیی مێژوویی بەبێ ئەم سێ ڕەگەزە، نە دەکرێت بێتەئاراوە، نە ڕوودەدات، ئەمانەش وا دەکەن ئاڕاستە و وێنە بە ڕووداوەکان ببەخشێت[xlii]. بەهەمان شێوەش لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، بە هێڵە سەرەکی و بنچینەییەکانی کردەیی مێژووییەوە وابەستەن.

لەم تەوەرەدا، هەوڵدەدین لەمیيانی شیکردنەوەی ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرای لە پسپۆڕی مێژووی نوی وهاوچەرخ، کە سەمپڵی توێژینەوەکەیە لەچوارچێوەی ئەو بنچینە سەرەکییانەی توێژینەوەی مێژوویی لەسەر ی وەستاوە (کات، شوێن)، ئاڕاستەکانی نووسینەوەی مێژوو لەبەشەکەدا بەیان بکەین:

**1. کات**

چەمکی کات و مێژوو، دوو چەمکی لێکدانەبڕاون و گۆڕانی مێژووی هەر نەتەوەیەك وابەستەیە بە تێپەڕبوونی کاتەوە، لەبەرئەوەی کات جەوهەری سەرەکی هەموو کردارێکی مێژوویی پێکدەهێنێت و، شێوە بە ڕووداوە مێژووییەکان دەدات، بەشێوەیەك ناتوانرێت وێنای ڕوودانی هیچ کردارێکی مێژوویی بکەین بەدوور لە کات، چونکە هەموو ڕووداوە مێژووییەکان بەرهەمی کاری مرۆڤەکانن لە کاتێکی دیاریکراودا[xliii]. بۆیە تەنانەت وشەی مێژوو لە زمانی کوردی و عەرەبی وفارسیشدا یەکێك لە هاو واتاکانی بریتییە لە (کات- زەمەن)[xliv]. لەبارەی پەیوەندی نێوان کات و مێژووەوە، هایدیگەر پێیوایە: " کات یاخود زەمەن ئاسۆی تێگەیشتنی بوونیی ئەم جیهانەیە، نەك لەبەرئەوەی دیاردەیەکی سروشتییە وجوڵەی گەردوون دیاری دەکات، بەڵکو بەو پێیەی ڕەوتێکی مرۆییە بۆ چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی داهاتوو کە مردن خۆی بۆ مەلاّسداوە"[xlv].

لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی، کە توێژەر لەسەر سەمپڵی توێژینەوەکەی کۆی کردۆتەوە، تێبینی ئەوە دەکرێت (کات وزەمەن) کارەکتەرێکی سەرەکی پێکهێناوە لە بەشێکی زۆری نامە ئەکادیمییەکانییدا. بازنە ڕوونکەرەوەی(Pie Chart)ی ژمارە (1) و(2) ئەوە ڕووندەکەنەوە

بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە(1): دابەشکردنی نامە ئەکادیمییەکان بەگوێرەی کات




بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە(2): پشکی مێژووی نوێ ومێژووی هاوچەرخ




لەهەردوو بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (1) و(2) ی سەرەوەدا، ڕێژەیەکی بەرفراوان تەرخانکراوە بۆ مێژووی سەدەی بیستەم بە بەراورد بە سەدەکانی دیکە بەچەشنێك(73) ماستەرنامە وتێزی دکتۆرا لە کۆی (99) نامەی ئەکادیمییدا کە دەکاتە ڕێژەی (74٪) سەرجەم نامە ئەکادیمییەکان. ئەمەش گوزارشت لە ئاڕاستەی بیرکردنەوەی بەشی مێژوو دەکات لە دانانی ماوەی زەمەنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکان، کە سەدەی بیستەم پانتاییەکی فراوانی تێداگرتووە.

ڕەنگە ئەمەش وەك پسپۆڕ و توێژەرێکی مێژوویی ئاماژەی پێداوە بگەڕێتەوە بۆ " بەهۆی سەرنجراکێشی ئەم قۆناغەوەیە یان ئاسان تێگەیشتن و نووسینە لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەم ماوەیە"، سەربارى ئەمەش دەکرێت فاکتەرێکی دیکە پەیوەست بە زانینی زمانەوە هەبێت، بەجۆرێك بەشێکی زۆری سەرچاوە و کەرەستە مەعریفییەکانی ئەم قۆناغە پێویستی بە ئاشنابوون بە زمانی عەرەبی یاخود کوردی هەیە، بۆیە توێژەران زێتر ڕوویان تێکردووە[xlvi]، هەروەك دەتوانین بڵێین بە ئاسان دەستهێنانی سەرچاوەکانی ئەم سەدەیە، وایکردووە بایەخی زێتری پێبدرێت[xlvii]، بەتایبەت لەدوای ساڵانی (2000) کانەوە هەوڵ وتەقەڵلایەکی ڕۆشنبیریی بەرچاو هەست پێدەکرێت لە باشووری کوردستان لەلایەن ڕۆشنبیران ونووسەرانی کوردەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەشدا وەك بازنەی ڕوونکەرەوەکەی ژمارە(1) دەردەکەوێت سەدەی نۆزدەهەم پلەی دووهەمی گرتووە، بە جۆرێك (18) ماستەرنامە وتێزی دکتۆرا لێکۆڵینەوەیان لەبارەی سەدەی نۆزدەهەم کردووە، کە دەکاتە ڕێژەی (18٪) کۆی نامە ئەکادیمییەکانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ لە بەشی مێژوو، بەلام سەدەکانی شازدە وحەڤدەهەم و هەژدەهەم وەك دەبینرێت کەمترین ڕێژەیان داگیرکردووە لە نێو نامە وتێزەکاندا و قورساییەکی وەهایان نییە لەباری بەراوردکردنیان بە هەردوو سەدەی دواتر، بەچەشنێك سەدەی هەژدەهەم تەنها (1) نامەی بۆ تەرخانکراوە[xlviii]، سەدەی شازدە وحەڤدەهەم تەنها (1) نامە کاری لەسەرکردووە[xlix]. بەگشتی هەرسێ سەدەی شازدەهەم وحەڤدەهەم و هەژدەهەم ڕێژەی (8٪) گرتووە لە کۆی نامە

ئەکادیمییەکاندا، بێگومان یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش ئەوەیە، کە زۆربەی توێژەران ئاشناییان بە زمانی تورکی عوسمانی و فارسی نییە، کە کەرەستە و سەرچاوە مەعریفییەکانی ئەم قۆناغە مێژووییە بەو زبانانە نووسراون و پێویستی بە ئاشنابوون هەیە بەوانە، سەرباری ئەوەش دەستکەوتنییان بۆ توێژەریکی کورد زۆر گران وناڕەحەتە، بە پێچەوانەی سەدەی بیستەم، کە زۆرینەی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی وعەرەبیین وئاسانتر دەستدەکەون[1]، تەنانەت ئەگەر لەم ڕووەوە سەرنج بدەینە ئەو ماستەرنامە وتێزی دکتۆرایانەی لەبارەی ماوەکانی (سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم و هەژدەهەم) نووسراون لەم بەشەدا سەرچاوەی تورکی یاخود فارسی وەهایان بەکارنەهێناوە و لەو ڕووەوە کەرەستە مەعریفییەکانیان زۆر هەژارە، کە پشتیان پێبەستووە، هەرچەندە هەوڵ وتەقەلای زۆردراوە بۆ دەستخستنی سەرچاوەی پێویست، بەلام ڕەنگە هۆکاری نەتەوەیی ومادی وسەقامگیری سیاسی ڕۆڵی خۆی هەبوبێت هەروەکوچۆن خۆیان لەپێشەکیی ماستەرنامە وتێزەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کردووە[li]. بۆیە پێویستە لە داهاتوودا بەشی مێژوو بایەخ و گرنگی بدات بە سەدەکانی شازدەهەم و حەڤدەهەم وهەژدەهەم و، ئەم کەلینە پڕبکاتەوە، توێژەرانیش ئەم ماوەیە بە هەندوەربگرن وکاری لەسەر بکەن.

لە سەرنجدان لەمەڕ کاتی ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا بەگشتی ئەوە نیشاندەدات، کە مێژووی هاوچەرخ ڕێژەی زۆری نامەئەکادیمییەکانی مێژووی نوێ وهاوچەرخی پێکهێناوە، بەچەشنێك (73) نامەی ئەکادیمی کە دەکاتە (74٪) کۆی نامەکان لێکۆڵینەوەکەیان دەکەوێتە چوارچێوەی سەدەی بیستەمەوە، بە پێچەوانەوە مێژووی نوێ بایەخی کەمتری پێدراوە بە بەراورد بە مێژووی هاوچەرخ، کە تەنها(26) نامەی ئەکادیمی بەرێژەی (16٪) بۆ تەرخانکراوە. بڕوانەی بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە(2).

لەلایەکی دیکەوە، هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی توێژەر لەبارەی ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا دەستیخستووە، تێبینی دەکرێت لێکۆڵینەوەیەك کاری لەسەر ماوەیەکی زەمەنی درێژی کردووە وماوەی (سەدەکانی شازدەهەم و حەڤدەهەم و هەژدەهەم ونۆزدەهەیەم) وەك ناوەندی زەمەنی لێکۆڵینەوەکەی وەرگرتووە[lii]، هەروەها (5) نامەی ئەکادیمی دیکە ماوەی سەدەی ونیوێك یاخود دووسەدەی وەك ماوەی لێکۆڵینەوەکەی خستۆتەبەرباس وتوێژینەوە[liii]. بێگومان بەشێك لەمە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی لێکۆڵینەوەکان، لەوانەشە بەشێکی دیکەش بگەڕێتەوە بۆ کەمی سەرچاوە، بەتایبەت لەبارەی مێژووی کوردەوە. لەم بارەیەوە توێژەرێك لە پێشەکی وچوارچێوەی تێزەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە وتویەتی: " ڕوانینێکی کوردییانە بۆ ئەم ماوە درێژە...کەمی و دەگمەنی سەرچاوەی تایبەت بەولایەنانە بەشێوەیەك بە لاپەڕەیەکی تاریك دادەنرێت لە مێژوونووسی کوردیدا" وای کردووە ئەم ماوە درێژە وەربگرێت تا لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی ئە نجامبدات[liv].

سەرباری ئەوەی (کات) لە زۆربەی ماستەرنامە وتێزەکاندا هاتوون، بەلام تێبینی ئەوە دەکرێت هەندێك لە ماستەرنامەکان وتیزەکانی دکتۆرا ناونیشانەکانیان بە تەواوی زەمەن و کاتی تێدانییە، هەرچەندە خوێنەر دەتوانێت لە ناوەخنی ناونیشانەکەوە ماوەی زەمەنی لێکۆڵینەوەکان دەستنیشان بکات، ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گرنگی بابەتە سەرەکییەکە لە ناونیشانی ماستەرنامە وتێزەکاندا وایکردبێت بەکارهێنانی زەمەن وکات وشوێن بایەخی خۆیان لەدەستبدەن لەبەرامبەر ماهییەت و گرنگی بابەت سەرەکییەکەدا، بۆیە کاتی تێدا نەهاتووە لە ناونیشانەکەدا[lv].

بەمشێوەیە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیكردنەوە وداتایانەی سەرەوە، ئەم توێژینەوەیە پێشنیاز دەكات، بەشی مێژوو هەوڵبدەن ئەو كەلێنە مێژووییانەی لێكۆڵینەوەی لەسەر نەكراوە پڕبكەنەوە و بایەخی پێبدەن.

**2. شوێن:**

وەك لە پێشووتردا باسمان كرد یەكێك لە ڕەگەزەكانی بونیاتنەرەكانی مێژوو و لێكۆڵینەوەی مێژوویی (شوێن)ە. گومانی تێدا نییە، پەیوەندییەكی بەتین هەیە لەنێوان مێژوو و جوگرافیادا، بەچەشنێك بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، دەبێت لە شوێن و ژینگەكەی بكۆڵینەوە، هەروەك چۆن ناكرێت كردارەكانی مرۆڤ دابڕێن لە ژینگەی دەوروبەری لەبەرئەوەی شوێن شانۆی ڕووداو مێژووییەكانە و كاریگەریی تەواویی لەسەر چارەنووسی مرۆڤ و چالاكییەكانی و سیستەمی سیاسی و ئابوری وكۆمەڵایەتییەكەی هەیە[lvi]. لەم بارەیەوە توێژەرێك بە مجۆرە تیشك دەخاتەسەر ئەم پەیوەندییەی نێوان مێژوو و شوێن. دەڵێت:" پەیوەندی نێوان مرۆڤ وشوێن یاخود ژینگەكەی لە چوارچێوەیەكی زەمەنی دیاریكراودا، بەرهەمهێنەری ڕووداوی مێژووییە لە هەرسەردەمێك لە سەردەمە مێژووییەكاندا"[lvii] بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین ڕووداوی مێژوویی زادەی كارلێككردنی ژینگە و مرۆڤە لەچوارچێوەی زەمەنێكی دیاریكراوەدا. ئەمەش ئاڕاستە و چەمك بەمێژوو دەبەخشێت.

لەبارەی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆراوە، دەتوانین بڵێین، كە شوێن وەك ڕەگەزی لێكۆڵینەوە مێژووییەكان، لە بەشێكی زۆری ناونیشانەكاندا ڕەگەزی (شوێن) دیاریكراوە و بەهەندوەرگیراوە، هەندێكی دیكەش لە ناوەڕۆكدا زەمینێكی بۆ ماوەی زەمەنی لێكۆڵینەوەكەی داناوە. بەگشتی ئەو شوێنانەی لە ماستەرنامە وتێزەكانی مێژووی نوێ وهاوچەرخدا هاتووە بریتین لە: (باشوری كوردستان، باكوری كوردستان، ڕۆژهەلاتی كوردستان، ولاتانی عەرەبی، ئێران، ئەمریكا). بازنەی ڕوونكەرەوەی ژمارە (3) و (4) لە خوارەوە ئەم ئاڕاستانە دەخاتەڕوو:

بازنەی ڕوونكەرەوەی ژمارە (3): دابەشبوونی نامە ئەكادیمیەكان بەگوێرەی شوێن




بازنەی ڕوونكەرەوەی ژمارە (4): پۆلێن بە پێی پارچەكانی كوردستان




بە سەرنجدان لە بازنەی ڕوونكەرەوەی ژمارە (3)، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە ئاڕاستەكانی نووسینی مێژوویی لە ڕوانگەی شوێنەوە كاریگەری هەبووە لەسەر جۆراوجۆری وچەشنی هەڵبژاردنی ناونیشانەكانی ماستەرنامەكان وتێزەكانی دكتۆرا لە بەشی مێژوو، وەك تێبینی دەكرێت (كوردستان) پانتاییەكی بەرفراوانی لەنێو نامە ئەكادیمییەكانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی بەشی مێژوو داگیركردووە، بەشێوەیەك (87) بەرهەمی ئەم بەشە بۆ مێژووی كورد و كوردستان وكەسایەتییە كوردییەكان تەرخانكراوە

كە ڕێژەی (88٪) كۆی گشتی نامە ئەكادیمییەكان دەگرێتەوە، بە پێچەوانەی شوێنەكانی دیكە كە تەنها (12) نامەی ئەكادیمی واتە: (12٪)ی نامە ئەكادیمییەكان، ڕەنگە هۆكارەكەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتی ئەو حكومەتانەی كوردی بەسەردابەشكراوە دەرهەق بە مێژووی كورد، بۆیە دوای سالی 1991 دەرچەیەك بۆ ئەم بابەتانە دەكاتەوە[lviii]، هەروەكو پسپۆڕێكی ئەم بوارەوە خۆی ئاماژەی پێكردووە و ئەزمونی خۆی دەگێڕێتەوە و ئاماژە بەوە دەكات لەكاتی خوێندكارییدا ویستویەتی كتێبی شەرفنامە بخوازێت، بەلام پێیانوتوە ئەوە بۆ خواستنی گشتی نییە[lix]، لەلایەكی دیكە دەكرێت " گەڕان بەدوای ناسنامەدا" پالنەری سەرەكی بووبێت لای توێژەرانی كورد[lx]. بۆیە ئەمانە بونەتە پالنەرێك تا بایەخ بە مێژووی كورد وكوردستان زێتر بدرێت. ئەم زانیارییانە ئاماژەیەكی ڕوونن بۆ ئەوەی كە خوێندنی بالا لە بەشی مێژوو زێتر پشتگیری ئەو ئاڕاستەیەی كردووە و دەكات.

لە پاڵ ئەمەشدا (پارچەكانی دیكەی كوردستان) لەنێو تێزە وماستەرنامەكاندا بەڕێژەی جیاواز دەبینرێن. ئەگەر سەرنج بدەینە بازنەی ڕوونكەرەوەی ژمارە (4) دابەشبوونی ئەو نامە ئەكادیمییانەی بایەخ بە مێژووی كورد دەدەن، ئەوەمان بۆ ڕووندەكاتەوە، كە باشووری كوردستان قەبارەیەكی زێتری بەركەوتووە بەشێوەیەك لە كۆی تێزوماستەرنامەدا (67) نامەی ئەكادیمی بە ڕێژەی (73٪). ئەمە لەكاتێكدا پارچەكانی دیكە پشكێكی كەمیان بەركەوتووە لە بەراوردكردنی لەگەڵ باشووری كوردستان. دوای باشووری كوردستان، ڕۆژهەلاتی كوردستان پلەی دووەمی گرتووە و (7) نامەی ئەكادیمی بۆ تەرخانكراوە كە دەكاتە (8٪) ڕێژەی گشتی. پاشان (باكوری كوردستان) بە ڕێژەی (3٪) بە پلەی سێیەم دێت. بەلام هیچ جۆرە ماستەرنامە وتێزێك لەسەر ڕۆژئاوای كوردستان بەدی ناكرێت، كە لەم بەشەدا بەرهەمهاتبێت، ڕاستییەكەی ئەم بابەتانە بۆ باشوور پێدەچێت بەشێكی ڕەنگدانەوەی بایەخ و پسپۆڕییەكانی سەرپەرشتیارانی ناو بەشەكە بێت. هەڵبەتە لەم ڕووەوە كەموكورتیی وكەلێنێكی گەورەیە، پێویستە بەجدی ئاوڕبدرێتەوە لەمێژووی ڕۆژئاوای كوردستان و ئەو شوێنانەی كوردی تێدا هەن.

لەلایەكی دیكەوە لەسوچی ژمارەوە ئەو لێكۆڵینەوانەی شوێنیان بەهەند وەرگرتووە، ئەگەر سەیری ئاڕاستەی نووسینی مێژوویی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرا بكەین ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، كە مێژووی (ناوخۆیی-لۆكالی)، لێرەدا مەبەستمان (مێژووی هەولێر)ە ڕێژەیەكی بەرزی گرتووە لەكاتی دیاریكردنی ناونیشانەكاندا بەشێوەیەك (10) نامەی ئەكادیمی كە دەكاتە(10٪) لە لایەنەكانی ڕۆشنبریی و ئابوری وكۆمەلایەتی وفكری هەولێردا دواوە. هەروەها (3) نامەی ئەكادیمی دیكەش لە ئەو ناوچە وشوێنانەی دەكەونە ناو پارێزگای هەولێر وەك ڕەواندز، بارزان، شەقلاوە دەكۆڵنەوە[lxi]. سەرەڕای ئەمەش شاروشارۆچكەكانی دیكەی باشووری كوردستان بە ژمارەیەك باش ڕومالكراون لە نێو نامە ئەكادیمییەكانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ وەك (سلێمانی، كەركوك، پشدەر، چەمچەماڵ، كفری)[lxii]. جێی باسە، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی كارگێڕی و كۆمەلایەتی و ئابوری ورۆشنبیرییەوە لێكۆڵینەوە لەسەر مێژووی لۆكالی كراوە، بەلام ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە، كە لایەنی سیاسی تێیدا زاڵ ودیارە وكراوەتە چەق وتەوەری لێكۆڵینەوەكانی تایبەت بە مێژووی لۆكالی.

لە پاڵ مێژووی كورد وكوردستان، شوێنەكانی دیكەی وەك ئێران و عێراق وئەمریكا ولاتانی عەرەبی لێكۆڵینەوەیان لەبارەوە بەئەنجام گەینراوە، بەلام كەمترین لێكۆڵینەوەیان بۆ تەرخانكراوە ئەگەر بەراوردی بكەین بە كوردستان، بەچەشنێك ئێران

(5) و عێراق (4) و توركیا (1) و ئەمریكا (1) و ولاَتانی عەرەب (1) و ولاَتانی ئەوروپی (1) ناونیشانی نامەی ئەكادیمییان بۆ دانراوە، كە لە كۆی گشتی نامەكاندا تەنها ڕێژەی (13٪) پێكدەهێنن، هەرچەندە بەشێك لەمانە شوێنی (كوردستان) دیویكی ناونیشانەكانی بۆ تەرخانكراوە و بزاڤی كوردی ئامادەگی بوونیی هەیە [lxiii]،لەلایەكی دیكەوە نابێت ئەوەمان بیربچێت (مێژووی ئەوروپا و توركیا و ولاَتانی ئاسیا و ئەفریقیا) بە تەواوی فەرامۆشكراوە و هیچ جۆرە ئاوڕدانەوەیەكی بۆ نەكراوە لەلایەن بەشی مێژووەوە. بەتایبەت هەندێك لەم ولاَتانە كاریگەرییان لەسەر ڕووداوە مێژووییەكانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست هەبووە وهەنووكەش بەردەوامە، كە كورد نەتەوەیەكە و لەم ناوچەیەدا دەژی. سەربارى ئەمانەش، لەنێو ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرادا هەندێ لێكۆڵینەوە هەن، كە هیچ ئاماژەیەكی شوێنیان تێدا نییە وەك لێكۆڵینەوە فەلسەفییەكان یاخود كەسایەتییەكان، هەرچەندە ئەمەی دواییان ڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ شوێن تێدا بەدی دەكرێت، بەتایبەت لە مێژووی كەسایەتییەكاندا شوێن لەناوەخنی ناونیشانەكاندا بوونی هەیە و، شانۆی كاروچالاكییەكانی ئەو كەسایەتییانە بوون[lxiv]. هەروەها نزیكەی (11) ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرا هەن، كە لەم بەشەدا بە ئەنجام گەیێنراون و واتای شوێن تێیدا سنوری ناوچەیی و قەوارەی دەوڵەت وئیمپراتۆرەكانی بەزاندووە و كۆی كوردستانی گەورەی وەك ناوچەی لێكۆڵینەوە مامەڵەی لەگەڵدا كراوە، بەتایبەت ئەو نامە ئەكادیمییانەی تایبەتن بەمێژووی نوێ، ئەو ڕێژەیە كاری لەسەر كۆی كوردستان كردووە وسنورەكانیان بەزاندووە[lxv].

بەگشتی لەبەر ڕۆشنایی داتاكان، توێژینەوەكە پێشنیاز دەكات، سەرنج بخرێتەسەر مێژووی ولاَتانی دیكە، چونكە ئەمە كەلێنێكە لە خوێندنی بالاَی كۆنترین بەشی مێژوو تا لەهەموو لایەنەكانەوە پسپۆڕی پێویستی هەبن، كە ئەمە دەبێتەهۆی پەرەپێدانی لایەنی ئەكادیمی، جگە لەوەش بایەخدان بە مێژووی پارچەكانی دیكەی كوردستان پێویستییەكی نیشتمانییە.

### تەوەری دووەم: ڕێبازی نووسین و كەرەستە وكایە مەعریفییەكانی ماستەرنامە وتێزەكان

#### 1. ناوەڕۆك و كایە مەعریفییەكانی

هەڵبژاردنی بابەت بە یەكێك لەو ئەركە سەرەتایی و گرانانەی مێژوونوس یان توێژەری ئەكادیمی بواری مێژوویی هەژماردەكرێت، چونكە لە دەستنیشانكردنی بابەتی مێژووییدا چەند مەرجێك لە توێژەر یا مێژوونووس دەخوازرێت وەك نوێگەریی و نووسینی تێزی داهێنەرانە، بابەتی ڕەسەن، ئامرازەكانی گەیشتن بە ئەنجام، وابەستەبوونی بە چوارچێوەی كات و شوێنەوە[lxvi]. ڕاستییەكەی، بابەت یاخود ئەوەی پێیدەوترێت ناوەڕۆكی مێژوویی لە لێكۆڵینەوە مێژووییەكان بە ڕەگەزی سەرەكی دادەنرێت، چونكە بەبێ بوونی بابەتی مێژوویی، كە مەبەستمان سەرجەم پاشخانە سیاسی و كۆمەلاَیەتی و ئابوری وهزرییەكانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە، نووسینی مێژوویی گەلاَلە نابێت وناتوانێت شێوەی كۆتایی خۆی وەربگرێت. بۆیە دەكرێت بابەتی مێژوویی بە مەكۆییەك دابنێن كە لەمیانی كارلێككردنی ڕووداو و كات و شوێندا دێتەئاراوە و شێوەی بابەتی لێكۆڵراو وەردەگرێت، بابەت یاخود ناونیشان گوزارشتە لە جەوهەری ئەو بابەتەی لێكۆڵینەوەی لەبارەوە دەكرێت[lxvii].

بێگومان، کایەکانی مەعریفەی مێژوویی تەنها سەرگوزەشتە کەسایەتی و پاشاکان و جەنگەکان نیین، بەڵکو مێژووی پەرەسەندنی ژیانی سیاسی و شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئابوری وفکری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە[lxviii]، بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەکانیی مێژووش ڕەنگدانەوەی ئەم تێڕوانینە گشتیگرە بن و، قەتیس نەکرێن لە تەنها کایەکی مەعریفەی مێژوویی.

لە خوێندنەوە و پشکنینکردنی ناوەڕۆکی ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا لە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین، ئەوە دەردەکەوێت، کە چەند کایەکی مەعریفی وەکو: (مێژووی سیاسی ، مێژووی کۆمەڵایەتی، مێژووی ئابوری، مێژووی کارگێڕی، مێژووی سەربازی، مێژووی فکری) لەنێو نامە ئەکادیمییەکانی بەشی مێژوودا ڕەنگدەداتەوە. بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (5) گرنگترین ئەو کایە مەعریفیانە نیشاندەدات

بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (5) دیمۆگرافیای کایە مەعریفییەکانی نامە ئەکادیمیەکان




بەسەرنجدان لە بازنەی ڕوونکەرەوەی ژمارە (5)ی سەرەوەدا ئەوەمان پێشاندەدات، کە کایەی سیاسی پلەی یەکەمی گرتووە و بایەخێکی هێجگار زۆری پێدراوەك ئەوەتا (45) نامەی ئەکادیمی، کە ڕێژەی (45٪) لە ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا تەرخانکراون بۆ ئەم کایە مەعریفییە، هەڵبەتە ئەمەش بەشێکی زۆری ڕەنگدانەوەی ئەو باروۆخە سیاسییە، کە کۆمەڵگەی کوردی تێکەوتووە و هەمیشە لەژێر چاپۆکی ستەمی سیاسی دەوڵەتانی ناوچەکە و دەمارگیری ناسیۆنالیستی دەوروبەرەکەی بووە و بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە گوزارشت لە بیرکردنەوەی سیاسی خۆی بکات وەك کوردێك.لەم بارەیەوە نووسەری یەکێك لەتێزەکانی، کە لە کایەی سیاسی دواوە لە پێشەکی تێزەکەیدا بە ڕوونی پەنجەی خستۆتەسەر ئەم ڕوانگەیە و دیاریکردنی کایەی سیاسی بۆ لێکۆڵینەوەکەی. نووسیویەتی:" بە زمانی کوردی وبەقەڵەمی کوردێك شرۆڤەی سیاسەتی ئێران بکات...لەوانەیە ئەوانی بیانی بەپێی بەرژەوەندی و دەمارگرژییە ناسیۆنالیستەکەی خۆیان لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیبێ"[lxix]. لەلایەکی دیکەوە ئاڕاستەی سەرپەرشتیارانی ناو بەشەکە وپرۆگرامی خوێندنی بەرایی کاریگەری خۆی هەیە چونکە بەشێکی زۆری پرۆگرامی بەرایی لەبەشی مێژوو چڕبۆتەوە لە مێژووی سیاسیی، ئەوانی دیکە زۆر بە کەمی دەبینرێن وجێی بایەخ بوون[lxx]. هەروەها لەوانەیە پابەندبوون بەمەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوئیایەی مێژوونوسان لەسەدەی هاوچەرخ لەهەمبەر دەوڵەت هەیانبووە، مێژوونووسان پێیانوابووە دەوڵەت بزوێنەری سەرەکی ژیانە و چارەنووسی قوڵی بەسەر

لایەنەکانی دیکەوە ناو کۆمەڵگەوە هەیە. جگە لەوەش ڕاییان وابووە مێژوو جگە لە ژیانی کەسایەتییەکان و مێژوو دەوڵەت هیچی دیکە نییە وناگرێتەوە[lxxi]. بۆیە بەدوور نابینرێت توێژەرانی بەشی مێژوو و سەرپەرشتیارانی کاریگەربووبن بەم تێزە، هەرچەندە ئەم ئاڕاستەیە بەشێوەیەکی زێتر لە نێو توێژەرانی مێژووی کورد دا جێی بایەخ بووە بە ئامانجی تێگەیشتن و فامکردنی چییەتی سیاسەت و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کورد دا. بێگومان، ئەمەش وێنایەکی دیکەی ئاڕاستەی نووسینی مێژوویی بەشی مێژوو بەیان دەکات.

سەرباری ئەو بایەخدانە بەرفراوانەی لەنێو نامە ئەکادیمییەکاندا دەبینرێت لەهەمبەر پرسە سیاسییەکاندا، کەچی لایەن و بایەتەکانی دیکەش کەم تا زۆر جێگەی بایەخ بووە وەك مێژووی کۆمەڵایەتیی (4) نامەی ئەکادیمی کایەی کۆمەڵایەتییان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بایەخ پێداوە، کە دەکاتە ڕێژەی (4٪) ، بەڵام لایەنی سەربازی و ئابوری هەریەکەیان (1) نامەی ئەکادیمی لەسەر نووسراوە. شایەنی باسە، لە ئەم (6) نامە ئەکادیمییەدا ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەیان لە کایەی کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان وسەربازی دا کردووە، بەڵام لە(26) نامەی ئەکادیمی دیکەدا کایەکانی کۆمەڵایەتی وئابوری و سیاسی و کارگێڕی و ڕۆشنبیریی وفەرهەنگی بەشێوەی بابەتی پێکەوەلکێنراو وەرگیراوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە، واتە: ڕێژەی (26٪) کۆی نامە ئەکادیمییەکان لێکۆڵینەوەکانیان بۆ زێتر لە کایەیەکی مەعریفیی چڕکردۆتەوە، بەتایبەت لەو ماستەر وتێزانەی باسی شاروشارۆچکەکان دەکەن[lxxii].

لەلایەکی دیکەوە (10) نامە ئەکادیمی، کە ڕێژەی (10٪) ماستەرنامە وتێزەکان پێکدەهێنێت لە سەرجەمی ئەونامانەی لەبەشەکەدا بە ئەنجام گەینراوە،تەرخانکراوە بۆ (کەسایەتی). بێگومان کەسایەتیی بابەتێکی گرنگی نێو زانستی مێژوو پێکدەهێنێت، بەتایبەت ئەم کەسایەتییە کوردییانەی ڕۆڵێکی ڕۆشنبیریی و سیاسی وئیداری بەرچاویان لەمێژووی کۆمەڵگەی کوردیدا بینیوە و کەسانێکی گرنگی نێو جوڵەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون، بۆیە لێکۆڵینەوە لەباسوخواز وژیانی کەسایەتییەکان وێنایەکی بارودۆخی مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی لەنێو پێگەیشتن و ڕۆژگارەکانی ژیانیاندا ڕەنگدەداتەوە[lxxiii]. هەروەها کایەکانی فەلسەفی و ڕۆشنبیریی و فەرهەنگیش، فەرامۆش نەکراوە و، چەند نامەیەکی بۆ تەرخانکراوە وەك بازنەی ڕوونکەرەوەکەی ژمارە (5) دا خراوەتەڕوو، بەڵام دەبینین ئەم بایەخدانە زۆر کەمە، ئەگەر بەراوردی بکە بە لایەنی سیاسی و کەسایەتییەکان[lxxiv]، ئەمەش بۆشاییەکی گەورە دروستکردووە لەبەشەکەدا، لەبەرئەوەی لایەنی فەلسەفەی مێژوو لەزانستی مێژوودا زۆر پێویستییە و لە هەموو توێژەر و مێژووناسێك دەخوازرێت ڕوئیایەکی فەلسەفی بۆ ڕووداوەکان هەبێت و، مەغزا و ئامانج لە پشتی ڕووداو وبابەتە مێژووییەکان هەڵێنجێت، بە پێچەوانەی ئەمەوە لێرەدا مێژوونووس تەنها وەکو تۆمارکەرێکی ڕۆژانە پێشچاو دەکەوێت و هیچ گوزارشتێك نادات بەدەستەوە و پەندو وانەی لێوە وەرناگیرێت[lxxv].

لە دواجاردا، ئەو زانیارییانەی سەرەوە و لەدیدی ئەو کایە مەعریفییانەی لە نێو ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا هاتوون ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە وێڕای بایەخدان بە مێژووی کۆمەڵایەتی ومێژووی ئابوری و مێژوی ڕۆشنبیریی، هێشتا ئاڕاستەی

مێژووی سیاسیی تاکە ئاراستەی زاڵە لە کایە مەعریفییەکانی خوێندنی باڵا لە بەشی مێژوو، لەبەرامبەر ئەمەشدا، مێژووی دبلۆماسی ویاسایی وفکری تاڕادەیەکی زۆر ونە تێیدا.

2. کەرەستە مەعریفییەکان

هەریەك لە نووسینی مێژوویی و زانستی مێژوویی، کە کار لەسەر بونیادنانەوەی ڕابردوو دەکەن لەمیانی خستنەڕووی پرس وبابەتەکاندا پێویستیان بە کەرەستەیەکی مەعریفی هەیە بۆ گەیشتن بەو ئەو ئامانجەی مەبەستێتی. لێرەدا سەرچاوەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە گرنگترین کەرەستەی مێژوونوسین بۆ ئەو کارە مەزنەن و ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا[lxxvi]، چونکە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی پێویستی بەسەرچاوەیەی زانیارییە ومەعریفییە تا زانیاری لێ هەڵێنجێت. بایەخی هەموو لێکۆڵینەوەیەك لە چلۆنایەتی ئەو کەرەستانەدایە، کە زانیاری لێ وەرگرتووە، بەجۆرێك بەهای زانستیی و گرنگی هەر نووسینی مێژوویی وابەستەکراوە بە دەستخستنی سەرچاوەی جۆراوجۆر و گرنگ لەڕووی کات و هاوچەرخیبون و پەیوەندییان بەوبابەتەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت[lxxvii].

لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی لە ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرادا هاتووە، تێبینی دەکەین، کە گرنگترین ئەو کەرەستە مەعریفانەی توێژەران لە بەشی مێژوو سودییان لێ وەرگرتووە بریتیین لە: (بەڵگەنامەکان، کتێب- دەستنووس، لێکۆڵینەوە و وتار، رۆژنامە، نامەی ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا، چاوپێکەوتن، یاداشت و بیروەری، بڵاوکراوە حکومیی و حزبی، پێگەی ئەلیکترۆنییەکانی ئینتەرنێت). لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە بڕی بەکارهێنانی هەریەك لەم کەرەستانە هەیە لە نامەیەکی ئەکادیمییەوە بۆ نامەیەکی ئەکادیمی دیکە، بەڵام بەگشتی هەموو ئەمانە کەرەستەیەکی گرنگی مەعریفییان پێکهێناوە بۆ گەیشتن بە ڕاستیی مێژوویی، کە ئەمەش بێگومان گوزارشت لە زانستیبوون وفراوانبوونی ئاسۆی زانستیی مێژوونووسی دەکات لەلای توێژەرانی کورد و سەرباریکیشە بۆ بەهای بەرهەمە فکرییەکانی ئەم بەشە.

لەسەرووی هەموویانەوە بەڵگەنامەکان دێت، بێگومان ئەمەش بەهەردوو جۆرەکەیەوە (بڵاوکراو وبڵاونەکراوە) شوێنێکی دیاری لەسەر ماستەرنامە وتێزەکاندا بەجێهشتووە، بەچەشنێك نامەیەك یاخود تێزێك بەرچاو ناکەوێت، کە بەڵگەنامەی تێدا بەکارنەهێنرابێت. تێبینی دەکرێت ئەو بەڵگەنامانەش زیاتر وەرگیراون لە چەند دامەزراوەیەکەوە وەرگیراون (خانەی کتێب و بەڵگەنامەکانی عێراق، وەزارەتی ناوخۆ، فەرمانگەی تۆماری گشتی PRO لەندەن، مەڵبەندی توێژینەوەی موسڵ، وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵگەنامەکانی C.I.A) . هەر لەم چوارچێوەیەشدا بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان بە زمانی کوردی کەرەستەیەکی گرنگی مەعریفین بۆ توێژەرانی بەشی مێژوو نموونەی ئەمەش ئەو بەڵگەنامانەی د.ئەحمەدعوسمان ئەبوبەکر لە گۆڤاری (الثقافة) دا بلاوی کردۆتەوە، هەروەها هەندێ لەو بەڵگەنامانەی دیکەش، کە لە چوارچێوەی چەند کتێبێکدا بڵاوکراونەتەوە وەکو (بەڵگەنامەکانی میرنشینی ئەردەڵان بابان سۆران لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، الكورد في وثائق العثمانية، يوميات وثائق الوحدة العربية 1983، وثائق مجلس التعاون للدول الخليج العربية، ساڵنامەکانی عوسمانی)[lxxviii].

هەروەها دەستنوسەكانیش لە نێو كەرەستەكانی دیكەدا فەرامۆشنەكراوە و جێی بایەخ بووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند نموونەیەك بژاردە بكەین، كە لەنێو ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرادا هاتوون: دەستنووسی مستەفا بەگی جاف، دەستنووسی ئەسعەد خدر گۆمەتاڵی، تاریخی امارە سوران مەلا ئەسعەد خەیلانی[lxxix].

كەرەستەیەكی دیكە، كە بەشێوەیەكی زۆر بەربڵاو بەكارهێنراوە بریتییە لە كتێب بەهەموو زمانەكانی (كوردی وعەرەبی و فارسی و ئینگلیزی وتوركی).لەنێو ئەم جۆرەی سەرچاوەدا ئەو كتێبانەی بە زمانی عەرەبی نووسراون بە ڕێژەیەكی زۆرتر بەكارهاتوون، بەتایبەت ئەو لێكۆڵینەوانەی تایبەتن بە مێژووی باشووری كوردستان یاخود مێژوو عێراق وەك تاریخ الوزارات العراقیە. بێگومان ئەمەش بەشی زۆری بۆ سروشتی ناونیشانەكان دەگەڕێتەوە، كە پەیوەندییان بە باشووری كوردستانەوە هەبووە وەك لە تەوەری پێشووتردا باسمان كرد. لەلایەكی دیكە تێبینی ئەوە دەكرێت لەدوای ساڵی (2000) ئەو كتێبانەی بە زبانی كوردی نووسراون یاخود وەرگێڕاون ڕێنتێكی بەرفراوانیان لە پێكهێنانی مەعریفەی مێژوویی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرادا هەیە، بە پێچەوانەوەی ساڵانی پێشووتر، كە زۆرترین كتێبی زبان عەرەبی بەكارهێنراوە. شایەنی باسە، ئەو هەوڵ وتەقەلاَّ بەرفراوانەی لەم بارەیەوە لە كوردستاندا بەرهەمهاتووە، كە سەدان كتێب وەرگێڕاو یاخود نووسراون لەبارەی مێژووی كورد بەتایبەتی ومێژووی جیهان شوێنی خۆی لەسەر ماستەرنامە وتێزەكان داناوە. هەروەها ئەو كتێبانەی بە زمانی فارسی نووسراون لەو بابەتانەی تایبەتن بە مێژووی ئێران كەرەستەیەكی پڕبایەخی مەعریفین بۆ نامە ئەكادیمییەكان، بەڵام بەكارهێنانی ئەو كتێبانەی بە زمانی ئینگلیزی وتوركی نووسراوە ڕێژەیەكی زۆر كەمی گرتووە، بەشێوەیەك لەزۆربەی نامەكاندا لە 10 سەرچاوە تێنەپەڕیوە، ئەمەش مانای وانییە سوودی لێ نەبینرابێت، بەڵام بە ڕێژەیەكی كەمتر ئەگەر بەراوردی بكەین بە كتێبە زبانەكانی دی، هەروەك بۆ كتێبە توركییەكانیش دروستە. لەوانەشە وەكو پێشووتر ئاماژەمان بۆ كرد ئاشنانەبوونی ئەم دوو زمانە لەلایەن توێژەران یاخود چەشنی ناونیشانەكان هۆكاربن[lxxx].

سەرباری ئەمانەش، هەندێك لە ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرا، بۆ دەستخستنی زانیاری كەرەستەیەكی دیكەی گرنگیان بەكاربردووە بەشێوەیەكی زۆر و بەرچاو ئەویش (ڕۆژنامە وگۆڤارە كوردییەكان)ە، جا ئەو ڕۆژنامە وگۆڤارانە نهێنی بوبن یاخود ئاشكرا. لە نموونەی ئەمەش: ژین، ژیانەوە، گەلاوێژ، نزار، رزگاری،ئازادی، هەتاو، بەیان، رۆشنبیریی نوێ، ڕەنگین، تاخی. ئەگەر سەرنج بدەین ئەمجۆرە لەسەرچاوە لەو بابەتانەی بایەخیان بە ڕۆژنامەگەری كوردی داوە ڕەنگدانەوەی دەبینرێت چونكە كەرەستەی سەرەكی بابەتەكەیان بووە. وە نەبێت تەنها ڕۆژنامە كوردییەكان سەرچاوەی مەعریفەی ماستەرنامە وتێزەكان بن، بەڵكو ڕۆژنامە فارسییەكانی وەكو ماهنامە ازادی، كیهان، اغازنامە،اطلاعات جمهوری اسلامی و، ڕۆژنامە عێراقییەكانی وەكو الوقائع العراقیە، العراق، صدی العراقیە، فتی الموصل و، ڕۆژنامە ئینگلیزییەكانی وەك The New york Times، The Times Magazine،Washington Post و، ڕۆژنامە عوسمانییەكانی وەك نومرو، موصل بەشێوەی پێویست لەنێو ماستەرنامە وتێزەكان دەبینرێن[lxxxi].

وێڕای ئەمانە، دەكرێ یاداشت و بیرەوەرییەكان و چاوپێكەوتن بەسەرچاوەیەكی دیكەی پێكهێنان و گەیشتن بە هەقیقەتە مێژووییەكان دابنرێن، كە لە نامە ئەكادیمییەكاندا بەكارهێنراون، بەتایبەت لەو ماستەرنامە وتێزانەی باسی بزاڤی

رزگاریخوازی كوردی دەكەن، لەمەدا سوودی زۆر لە یاداشت و بیرەوەری ئەو كەسانە بینراوە، كە ڕاستەوخۆ بەشێك بوون لە ڕووداوە مێژووییەكانی نێو كۆمەڵگەی كوردی و پارت وڕێكخراوە سیاسییەكان چونكە لای خۆیانەوە زۆر هەقیقەتی مێژوویی نیشان دەدەن، كە لەسەرچاوەكانی دیكەدا نابینرێن ودەست ناكەون[lxxxii].

بەدەر لەمانەش چاپكراوە حكومییەكان و بڵاوكراوە حزبییەكان لایەنێكی گرنگ لە كەرەستەی مەعریفی ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرای بەشی مێژوو داگیردەكەن[lxxxiii]، هەروەها پاش ئەو پێشكەوتنەی لە بواری ئایتییدا هاتۆتەكایەوە نابێت (ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییەكان )مان بیربچێت، ئەمانەش لای خۆیان تاڕادەیەكی باش لەگەڵ فەرهەنگۆك و ئینسایكلۆپیدیاكانیش ڕۆڵێكی بنچینەییان گێڕاوە لە پێكهێنان و بونیادنانی ڕووداوە مێژووییەكان لەنێو ماستەرنامە وتێزەكانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ، بەتایبەت لە ناساندنی شوێن وكەسایەتییەكاندا، سەرباری ئەمانەش هەریەك لە لێكۆڵینەوەكانی بەرزكردنەوەی پلەی زانستی و كاسیتی ڤیدیۆی و دۆكۆمێنتاری بەشێكن لەو كەرەستانەی بەكارهێنراون بۆ گەیشتن بە مەعریفەی مێژوویی لەنێو ماستەرنامە وتێزەكاندا.

بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین، نامە ئەكادیمییەكان لەمێژووی نوێ وهاوچەرخ، هەوڵ وتەقەڵلایەكی زۆری تێدا دەبینرێت بۆ فراوانكردنی كەرەستە مەعریفییەكان و بەكارهێنانی لە نووسینی مێژووییدا. ئەمەش خزمەتێكی بێ وێنەی بەشی مێژوو نیشاندەدات، كە پێشكەشی كتێبخانەی مێژوونووسی كوردی كردووە.

### 3. ڕێبازی لێكۆڵینەوە

هەرگیز مێژوونووس یاخود توێژەر بەبێ تێگەیشتن لە میتۆد ناتوانێت ئامانجەكانی خۆی بەدی بهێنێت، لەبەرئەوەی میتۆد گوزارشت لە هۆشیاری توێژەر یاخود مێژوونووس دەدا لەمەڕ بابەت و هەنگاوەكانی بۆ چۆنییەتی كاركردن لەسەر ناوەڕۆكی كێشە وبابەتەكان و خستنەڕووی بەڵگە و گەیشتن بە ئەنجامگیرییەكی ڕوون، هەرچەندە میتۆد چوارچێوەیەكی جێگیری نییە، دەكرێ لە توێژەرێكەوە بۆ توێژەرێكی دیكە، یاخود لە جۆرێكی توێژینەوەوە بۆ توێژینەوەیەكی دی یان لەچارەسەری كێشەدا بگۆڕدرێت. بەگشتی چوارچێوەیەكی گشتی پەیڕەوكراو بوونی هەیە. لەمەوە ئەو پرسیارە دێتە كایەوە، مەبەست لە بەكارهێنانی میتۆد یاخود ڕێباز چییە؟ دەتوانین بڵێین مەبەست لە بەكارهێنانی میتۆد ڕوونكردنەوەی خاڵە لاواز و سەرەكییەكانی زانیاری و داتاكانە هەتاوەكو كۆشش و هەوڵەكانی توێژەر بەهەدەر نەچێت[lxxxiv]. لەم سۆنگەیەوە میتۆد و بەكارهێنانی لە لێكۆڵینەوە مێژووییەكاندا، جێ وبایەخی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە لە كۆنەوە تا هەنووكە پەرەسەندنێكی بەرچاو وگۆڕانێكی ڕاستەوانەی بەخۆوەدیوە[lxxxv]. بەمشێوەیە دەكرێ ڕێبازی توێژینەوە لە لێكۆڵینەوە مێژووییەكاندا، بناسێنین بەوەی: " ئەو قۆناغانە دەگرێتەوە، كە لەمیبیانیانەوە توێژەر دەگات بە هەقیقەتە مێژووییەكان، هەر لە دیاریكردنی ناونیشانەوە دەست پێدەكات تا كۆكردنەوەی سەرچاوەكان وچەسپاندنی ڕاستیی زانیارییەكان و ڕەخنەگرتن لێیان و ڕێكخستن و پێكهێنانی بەشێوەیەكی مێژوویی دروست"[lxxxvi].

سەبارەت بە میتۆد و بەكارهێنانی لەنێو ماستەرنامە وتێزەكانی دكتۆرای بەشی مێژووی زانكۆی سەلاحەدین لەچوارچێوەی نموونەی لێكۆڵینەوەكەماندا، دەكرێت لە ڕێگەی تێبینی و سەرنجدان لێیان پە نجە بخەینەسەر چەند خاڵێك بەرلەوەی ئاماژە بە جۆرەكانی میتۆدی بەكارهاتوو بكەین تێیاندا:

1. لە كۆی (99) ماستەرنامە وتێزی دكتۆرادا (71) نامەی ماستەر وتێزی دكتۆرا ئاماژەیان بە بەكارهێنانی میتۆدی نووسینەكەیان نەكردووە، هەرچەندە بەگشتی پەیڕەوی میتۆدی مێژوویی كراوە. ئەمە لەكاتێكدا تەنها (28) نامەی ئەكادیمی بە ڕوونی ئاماژەیان بەمیتۆدەكە كردووە.
2. بەگشتی كاتێك سەرنج لەناوەڕۆكی ئەو نامە ئەكادیمییانە دەدەین، كە ئاماژەیان بە جۆری میتۆد كردووە، سێ جۆر میتۆد بەكارهاتووە (كرنۆلۆژیایی، وەسفی مێژوویی، شیكاری، پێكهێنان، شیكردنەوەی ناوەڕۆك).
3. لە خستنەڕووی نووسینەكانیاندا، بە دوو جۆر میتۆد ڕووداو و بابەتە مێژووییەكان خراونەتەڕوو، ئەوانیش: (ساڵانە، بابەت)ن. مەبەست لە ساڵانە خستنەڕووی بابەتەكان بەگوێرەی زەمەن، هەرچی بابەتیشە مەبەست لە خستنەڕووی بابەتە مێژووییەكان بەشێوەی بابەتییە.
4. هەندێ لەو نامە ئەكادیمییانەی میتۆدیان ئاماژە پێكردووە، كەوتونەتە هەڵەوە لە چۆنییەتی ئاماژەدان بە ماهییەتی میتۆدەكە وەك تێكەڵكردنی ئامانج و ڕێباز، كە دووشتی تەواو لێكجودان یاخود بەگشتگیری ئاماژەی پێیداوە و نووسیویانە "ڕێبازی توێژینەوەی زانستی" بەكارهێنراوە یان نووسین و ئاماژەدان بەجۆرێك لە میتۆد، كە لە فەلسەفە و میتۆد ئەو جۆرە ڕێبازەمان نییە وەك میتۆدی خستنەڕوو[lxxxvii].

پێشووتر، تیشك خرایەسەر ئەوەی سەرجەم نامە ئەكادیمییەكان پابەندن بە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی، چونكە لە بناغەدا ئەو قۆناغ و ڕێگایانەی پەیڕەویان كردووە، هەر لەدیاریكردنی ناونیشانەوە و پۆلێنكردنی بەشەكان و خستنەڕووی داتا وبەكارهێنان وكۆكردنەوەی سەرچاوە وئە نجامگیری دەكەونە چوارچێوەی ڕێبازی توێژینەوەی مێژووییەوە.

بێگومان هەموو توێژەرێك شێواز و ڕێگایەك بۆ خستنەڕووی بابەتە مێژووییەكان بەكاردەهێنێت، بەسەرنجدان لە نموونەی توێژینەوەكەمان، تێبینی دەكرێت بەشێك لە توێژەران بۆ خستنەڕووی نووسینەكانیان، كاریان لەسەر میتۆدی ساڵانە كردووە واتە: ڕێكخستن و خستنەڕووی بابەتەكانیان بەگوێرەی ساڵ، هەرچەندە چەندین ڕووداویان جێگەكردۆتەوە لەژێر ئەو ساڵانەدا و ناونیشانی جودایان بۆ داناوە[lxxxviii]. هەندێكی دیكە میتۆدی بابەتیی لە خستنەڕووی ڕووداوەكاندا بەكارهێناوە، بە واتایەكی دی توێژەران لێكۆڵینەوەیان لەبارەی كێشەی لێكۆڵراو یاخود دیاردەیەك كردووە، ئەوەش بە جەختكردنەوە لەسەر پەیوەندیی بابەتی نەك (زەمەن وساڵ) بۆ خستنەڕووی بابەتەكانیان،ئەمەش بە ڕوونی لەو نامە ئەكادیمییانەدا ڕەنگدەداتەوە، كە پۆلێنكراوە لەسەر بنەمای بابەت وەك پێكهاتەی كۆمەڵایەتی، كشتوكاڵ، پیشەسازی، هەڵوێستی پارتێكی سیاسی[lxxxix]

لەسەرێكی دیكە هەندێك لە ماستەرنامە وتێزە ئەكادیمییەكان میتۆدەكانیی (وەسفی وشیكاری و پێكهاتن) یان، بۆ چارەسەری ناوەڕۆكی بابەت یان ڕووداوەكان بەكارهێناوە. لەبارەی میتۆدی وەسفییەوە، كە جۆرێكی میتۆدی بەكارهاتووە

بەشێوەیەکی گشتی لەونامە ئەکادیمیانەدا بەکارهێنراون، کە مێژووی شارەکان کراوەتە تەوەری نامەئەکادیمییەکانیان و توێژەران تەنها وەسفی ڕۆڵی شارەکانییان کردووە و هیچ جۆرە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکیان لەم بارەیەوە نەداوە. لەلایەکی دیکەوە لەو نامە ئەکادیمییانەی باس لە کەسایەتییەکان دەکەن وەکو مستەفا بارزانی یان ئیدریسی بارزانی. تێبینی دەکرێت توێژەر تەواو خۆی دوورگرتووە لە هەڵسەنگاندنی هەڵویست و کارەکانیان تەنها وەسفێکی مێژوویی لەمەڕ ئەم کەسایەتتیانە ورۆڵیان خستۆتەڕوو بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕەخنەیەك یاخود شیکردنەوەیەك یان بەراوردکارییەك لەبارەیانەوە بنوسێت[xc].

هەندێك توێژینەوەی دیکە وەك تێزەکانی سەعدی عوسمان، یاسین سەردەشتی، صلاح هروری بەشێوەیەکی بەرچاو و زیاتر لە بابەتێکی لێکۆڵینەوەکەیاندا ڕێبازی شیکاریان بەکارهێناوە و پەنجەیان خستۆتەسەر هۆکار و بزوێنەرە سەرەکییەکانی نێو ڕووادوە مێژووییەکان. هەر بۆ نموونە لەتێزی دکتۆرای یاسین سەردەشتییدا لەباسی فاکتەرەکانی ڕوخانی کۆماری مەهاباد دا زۆر بەوردی وسەلیقەوە شیکاری خاڵە لاوازەکان وهۆکارە نێودەوڵەتییەکانی کردوە، کە بوونە هۆی ڕووخانی کۆمار، لەلایەکی دیکەوە، سەعدی عوسمان لە تێزەکەیدا هەڵێنجنانی سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر بە کورد بە تەواوی تەتەڵە دەکات وپەنجەدەخاتە سەریان یاخود هۆکارەکانی داگیرنەکردنی کوردستان لەلایەن عوسمانیەکانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەمان تێزی ناوبراودا[xci]. جێی باسە ئەمە تەنها نموونەی بژاردەبوون، بەڵکو لە نامە ئەکادیمییەکانی دیکەشدا ئەم جۆرە میتۆدە لە هەندێ لە ناوەڕۆکی ماستەرنامە وتێزەکانیاندا دەبینرێت. میتۆدێکی دیکە، کە لای هەندێ توێژەر بەکارهاتووە (میتۆدی پێکهاتن)ە،وەك ڕێبازێکی دیکەی توێژینەوە لە هەندێك نامە ئەکادیمییدا دەبینرێن، ئەمەش بە وردی لەو نامانەدا ڕەنگدەداتەوە، کە هەوڵیانداوە ڕەوتە جیاوازەکانی ڕووداوەکان زیندوبکەنەوە یاخود وێنە لێکدابڕاوەکانی بوارێکی مێژوویی پێکەوەببەستنەوە، کە لەمێژووی شارەکاندا زۆرتر دەبینرێن[xcii]. هەڵبەتە، لەپاڵ ئەمەشدا، هەندێك لەماستەرنامە وتێزی ئەکادیمی دا زێتر لە میتۆدێکی دیاریکراوی بەکارهێناو و تێکەڵێکردووە وەك میتۆدی شیکاری و وەسفی و پێکهێنان،ئەمەش بەمەبەستی ئەنجامگیرییەکی دروست و ڕوونترە[xciii].

سەرباری ئەمانە، دەبوو هەندێك لە نامە ئەکادیمییەکان زێتر سوودیان لە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك ببینایە، بەتایبەت ئەو ماستەرنامە وتێزانەی لە ڕۆژنامەگەری دواون چونکە باوترین میتۆد لەو جۆرە لێکۆڵینەوانەدا، میتۆدی (شیکردنەوەی ناوەڕۆك)ە، لەبەرئەوەی تەوەری سەرەکیی بابەتەکەیان ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکانە، ئەمە لەکاتێکدا تەنها لە ماستەرنامەکەی ئازاد عوبێد دا ئەمجۆرە میتۆدە بەکارهاتووە و ئەوانی دیکە فەرامۆشیانکردووە وپشتیان پێنەبەستووە[xciv].

لەگەڵ هەموئەمانەشدا، تێبینی دەکرێت ڕێبازی بەراوردکاری بە تەواوی نادیارە لە نامە ئەکادیمییەکاندا و بەکارنەهێنراوە لە خستنەڕووی ڕووداوەکاندا، لەکاتێکدا بۆ تەتەڵەکردنی زانستییانەی بابەتە مێژووییەکان لەهەمووان زێتر دەخوازێت کاری لەسەر بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی، وێڕای ئەو کەم وکوڕییەی لەم بارەیەوە بەدی دەکرێت، کە پێویستە لەلایەن بەشی مێژووە جەختی لەسەر بکەنەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین لەنێو ماستەرنامە وتێزەکاندا پەیڕەوی (ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی) کراوە، هەر لە دیاریکردنی ناونیشانەوە بگرە تا چۆنییەتی خستنەڕوو و داڕشتن و پەراوێزنووسین وتەکنیکەکانی نێو ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی و ئەنجامگیریی.

**دەرئە نجام**

1. کردنەوەی بەشی مێژوو لە زانکۆکانی کوردستاندا، دەروازەیەکی گرنگی بۆ مێژوونووسانی کورد خولقاند تا بەشێوەیەکی ئەکادیمی مامەڵە لەگەڵ مێژوو بکەن و گوڕوتینی خستەئەم بوارە و تاڕادەیەکی باش ئەم کەلێنەی پڕکردەوە. بەچەشنێك تا ئێستا 200 ماستەرنامە وتێزی بە ئە نجام گەیاندووە.
2. بەشێکی زۆری ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا تەرخانکراون بۆ مێژووی سەدەی بیستەم، ئەمە لەکاتێکدا مێژووی نوێ بەتایبەت بۆ مێژووی کوردستان جێی و مەقامی خۆی هەیە وتاڕادەیەکی زۆر دووربوە لە بایەخی بەشی مێژوو وکەمترین پشکی بەرکەوتووە.
3. ئاڕاستەی بایەخدان بە مێژووی کورد وکوردستان لەباشووری کوردستان بەتایبەتی ومێژووی کوردستان بەگشتی بە هەموو ڕەهەندەکانیی سیاسی و رۆشنبیریی و فەرهەنگی و کۆمەلأیەتی و سەربازیی بە گرنگترین سیما وخەسڵەتی نووسینەوەی مێژوونووسی دادەنرێت لەلای توێژەرانی بەشی مێژووی زانکۆی سەلأحەدین، هەرچەندە رۆژئاوای کوردستان هیچ جۆرە ئامادەگی بوونی تێدا نییە.
4. مێژووی وڵاتانی دیکەی وەك ئەوروپا و ئەفەریقا و ئاسیا و مێژووی عەرەب لە نێو بەشی مێژوودا بە تەواوی فەرامۆشکراوە وهیچ جۆرە ئاوەڕێکی لێنەدراوەتەوە، لەکاتێکدا ئەمانە، کاریگەرییان لەسەر مێژووی کورد هەبووە وهەیە.
5. مێژووی سیاسی پانتاییەکی فراوانی لەنێو ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا گرتووە، ئەمە لەکاتێکدا مێژوو تەنها مەعریفەیەکی سیاسی نییە و مێژووی کۆمەلأیەتی و مێژووی ئابوری و مێژووی رۆشنبیریی و مێژووی فکری وفەلسەفەی مێژوو بایەخێکی زۆریان هەیە لە مێژوودا و بە بناغەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان دادەنرێن، هەرچەندە بەڕادەیەکی کەم جێی بایەخی خوێندنی باڵای بەشی مێژوو بووە.
6. ماستەرنامە وتێزەکانی دکتۆرا، سودیان لە گەلێك سەرچاوە و کەرەستەی مێژوویی بینیوە بۆ گەیشتن بە مەعریفە و ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکان و تەتەڵەکردنیان وەك: بەڵگەنامەکان، رۆژنامەکان، تێزوماستەرنامەکان، کتێب، لێکۆڵینەوە و وتار، یاداشت و بیرەوەریی، ماڵپەڕەکان، بلأوکراوە حکومی وحزبییەکان.
7. هەرچەندە لەبەشێکی زۆری ماستەرنامە وتێزەکاندا ئاماژە بە جۆری ڕێبازی لێکۆڵینەوەکان نەکراوە، بەلأم بەگشتی لەنووسین وخستنەڕوودا هەنگاوەکانی ڕێبازی توێژینەوەی مێژووییان پەیڕەوکردووە هەر لە ڕێساکانی دیاریکردنی ناونیشانەوە تاوەك کۆکردنەوە سەرچاوە و ئە نجامگیری دروست، گرنگترین ئەو میتۆدانەش، کە بەکارهاتوون بریتیین لە (شیتەڵکاری، مێژوویی، وەسفی، شیکردنەوەی ناوەڕۆك، پێکهاتن).

**پەراوێزەکان:**

---

[i] د.هاشم الملاح والاخرون: دراسات في فلسفة التاريخ، دار الكتب للطباعة والنشر- الموصل، 1988، ص29؛حيدر زكى: كتابة التاريخ، دار نينوى للدراسات والنشر، 2011،ص29-30.

[ii] لەبارەی ڕۆڵی کوردستان لە ژیار و دەوڵەتەکانی کۆنی رۆژهەلأتی ناوەڕاست. بڕوانە: صلوات گوياموف: اريا القديمة و كوردستان الابدية (الكرد من اقدم الشعوب)، ت: د.اسماعيل حصاف، مؤسسة بحوث والنشر موكرياني، 2011.

[iii] لەم بارەیەوە هەریەك لە (د.كەمال مەزهەر) و (د.سەعدی عوسمان) لەبارەی سەرەتاكانی مێژوونووسی لای كورد دواون، بەلام خۆیان نەداوە لەدەستنیشانكردنی سالێكی دیاریكراو، هەرچەندە چەندان سەرچاوەیان ئاماژە پێداوە وەك دەستپێكی مێژوونووسی كورد.كەمال مەزهەر(د): مێژوو كورتەباسێكی مێژوو وكورد و مێژوو، چ2، چاپخانەی هێڤی- هەولێر، 2008،ل106؛ سەعدی عوسمان هەروتی (د): كورد وكوردستان لە بەڵگەنامە وسەرچاوە مێژووییەكاندا، چاپخانەی موكریان- هەولێر، 2001،ل29.

[iv] كەمال مەزهەر: س.پ، ل 106.

[v] عیماد عبدالسلام رؤوف(د): محاظرات طلبة الدراسات العليا في قسم التاريخ- كلية الاداب/جامعة صلاح الدين للسنة الدراسية2016-2017.

[vi] محمد عبدالله كاكەسوور: گرفتەكانی نوسینی مێژووی كورد، كۆنگرەی جیهانی لەسەر خوێندنی كوردی 6-9 ئەیلولی2006-هەولێر، ل212.

[vii] هۆشەنگ سالح نەجار: كورد ومێژوونووسین لەسەرەتاوە تا سەدەی نۆزدە، گۆڤاری رامان، ژمارە: 210، 2014/11/5، ل 113؛ سەبارەت بە مێژونوسی یۆنانی هیرۆدۆت و شاكارەكانی ئەلیادە وئۆدیسە. بڕوانە : د.عادل نجم عبو، د.عبدالمنعم رشاد: اليونان والرومان دراسة في التاريخ والحضارة، دار الكتب- الموصل، 1993، ص32-37.

[viii] لەبارەی بەرهەم و نووسراوەكانی ئەم مێژوونووسانە بڕوانە : تريفة احمد عثمان البرزنجي: إسهامات العلماء الأكراد في بناء الحضارة الاسلامية خلال القرنين السابع والثامن الهجرين (13-14م) العلوم النظرية، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، ص ص250 و الاخری؛ هۆشەنگ سالح نەجار: س.پ، ل114-117.

[ix] سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل31

[x] كەمال مەزهەر: س.پ، ل106؛ سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل30-31.

[xi] كەمال مەزهەر: س.پ، ل115.

[xii] سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل33-36.

[xiii] محمد عبدالله كاكەسوور: س.پ، ل211؛ سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل40.

[xiv] مەستورەی كوردستانی: مێژووی ئەردەڵان، چ2، وەرگێڕاون و بەراوردكردنی لەگەڵ سەرچاوەی دیكە: هەژار، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل ل16 و لاپەڕەكانی دواتر؛ محەمەد حەمە باقی: ئەدەب و مێژوو چەند لێكۆڵینەوە لە ئەدەب و بەڵگەنامەی مێژووی كورد، موكریانی-هەولێر، 2013، ل ل 189 ودواتر

[xv] كەمال مەزهەر: س.پ، ل129- 133 ؛ سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل42-44 ؛ هۆشەنگ سالح نەجار: س.پ، ل119.

[xvi] لەبارەی بایەخدانی رۆژنامەكانی ( كوردستان و تعاون وترەقی غزەتسی و هەتاو وبانگی كورد و رۆژی كورد ) بە مێژوو و مێژووی كورد. بڕوانە : هوگر طاهر توفيق: دور الصحافة الكردية في تطور الوعي قومي الكوردی، دار سبيرز-دهوك، 2004، ص 85-89/ ص ص141 ومابعدها؛ كەمال مەزهەر:س.پ،ل ل135 ولاپەڕەكانی دواتر.

[xvii] محەمەد ئەمین زەكی: خولاصەی تاریخی كورد وكوردستان، ب1 و2، سەردەم- سلێمانی، 2000 پێشەكیەكەی.

[xviii] لەبارەی ئەمین زەكی ومیتۆدی لە نووسیندا. بڕوانە هەردوو بابەتی: محمد امين زكی من خلال كتابه "خلاصه تاريخ الكردوالكردستان...، ص 351 و مابعدها و حسامەدین نەقشبەندی: چەند سەرنجێكی رەخنەگرانە سەبارەت بە نووسینەكانی محەمەدئەمین زەكی...، ل223 وەرگێراوە لە كتێبی: چی لەبارەی محەمەد ئەمین زەكی بەگەوە نووسراوە، ئا: رەفیق سالح، بنكەی ژین-سلێمانی، 2010.

[xix] لەبارەی بەرهەم ونووسراوە مێژووییەكان و ژیانیان. بڕوانە : كەمال مەزهەر: س.پ، ل ل206 ودواتر؛ بوار نورەدین: كورد و كوردستان بیبلۆگرافیا وپێرستیان لە كتێبی كوردیدا-مێژوو وجوگرافیا- كتێبی سالانی 1925-2010، ب1، ل ل68 ودواتر؛ مصطفی نەریمان: ببلیۆگرافیا دووصەد سالی كتێبی كوردی 1787-1986، الزمان- بغداد، 1988، ل ل191 و دواتر؛ جمال بابان: إعلام كرد العراق، سليمانيه، 2006؛ عوسمان سەید قادر: ژیاننامەی مێژوونووسانی كورد، چ2، كاروخ-سلێمانی، 2015.

[xx] لەنێولاپەڕەكانی رۆژنامەكانی سەدەی بیستەمدا چەندین بابەتی لەبارەی مێژووی كورد هاتووە. لەم بارەیەوە بڕوانە : كەمال مەزهەر: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەی كوردیدا، چاپخانەی كوڕی زانیاری كورد- بغداد- 1978، ل ل148 و دواتر؛ نزار گۆڤارێكی حەفتەیی سیاسی كوردی وعەرەبی یە، ئامادەكردنی: رفیق سالح، سلێمانی، 2000 ؛ جەمال نەبەز: گۆڤاری نیشتمان، چ2، هەولێ- كوردستان، 2010.لە ژمارەی: 3، 4/ بابەتی كوردستان، ناودارانی كورد...هتد؛ گۆڤاری بەیان-ژمارەی تایبەتیبە بیبلۆگرافیای بەیان، ژ:92 تشرینی دووەم 1983، ل ل61 و دواتر

[xxi] لەبارەی ژیان وبەرهەمەكانی ئەكادیمییەكانی كورد بڕوانە : كەمال مەزهەر:مێژوو...، ل ل 206 دواتر.

[xxii] ئاراز عەلی عەبدولرەحمان: رەوشی رۆشنبیریی شاری سلێمانی 1970-1991 توێژینەوەیەكی مێژووییە، ماستەر- كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی راپەڕین 2016، ل30.

[xxiii] وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدين: دليل جامعة صلاح الدين 1983-1984، بغداد-1984، ص136-137.

[xxiv] ئاراز: س.پ، ل68؛ دليل جامعة صلاح الدين 1983-1984...، ص8.

[xxv] وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدين: دليل التخرج دورة التاسعة التصدي لسنة 1989-1990، بغداد- 1990، 61.

[xxvi] لەدوای سالی 1991 بەشی مێژوو لە زانكۆی سلێمانی 1998، زانكۆی دهۆك1998، زانكۆی كۆیە 2001، زانكۆی راپەڕین 2004، گەرمیان2008، زانكۆی زاخۆ2009 كراوەتەوە.

[xxvii] حسام الدين علی غالب: یەكێك لە ئەكادیمیە بەرچاوەكانی كوردستانە، لەسالی 1930 لەدایكبووە، لەسالی 1962 بەكالۆریۆسی لەبەشی مێژووی زانكۆی بەغداد وەرگرتووە و لەسالی 1976 ماستەر و لەسالی 1985 دكتۆرای لەهەمان زانكۆ بەدەستهێناوە و خاوەنی چەندین دانراوی زانستییە.
المركز الاكاديمي للابحاث: http://acadcr.com/index.php/2017-11-11-13-20-24/292-2017-11-19-08-15-50

[xxviii] دليل التخرج دورة التاسعة التصدي لسنة 1989-1990...، ص61.

[xxix] الدليل الاول للعام الدراسی 1990...، ص68.

xxx ن.م، ص69. سەبارەت بە پێکهاتەکانی پرۆگرامەکانی بەش. بڕوانە: ن.م، ص 71.

xxxi وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدين، مجمل النشاطات العلمية و الثقافية والاجتماعية حلال السنة الدراسية 1987-1988، اعداد: شعبة الاعلام والنشر، 1988، ص57 ؛ الدليل الاول للعام الدراسى 1990...، ص69-70

xxxii دليل التخرج دورة التاسعة التصدي لسنة 1989-1990...، ص62؛ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة صلاح الدين: استمارة معلومات و درجات طالب الدراسات العليا، ملف موسى مصطفى ابراهيم- وحدة الدراسات العليا.

xxxiii مجمل النشاطات العلمية و الثقافية...، ص57-58.

xxxiv سەعدی عوسمان هەروتی: دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ بەسەر ڕاپەڕین ئایا بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین چی پێشکەش بە کوردستان و مێژووەکەی کردووە؟، بلاوکراوەی بڵاوکراوەی کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەدین، 2001، ل13.

xxxv جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب-شعبة الدراسات العليا، امراداري-قبول طلبة الدراسات العليا، ملف (سعدى عثمان حسين-ياسين خالد حسن)؛ عمادة كلية الاداب-شعبة الدراسا العليا، امر اداري- قبول طلبة الدراسات العليا/ الدكتوراه، ملف (عبدالله محمد على) المرقم: 660/2/3 ل1995/7/29؛ کۆلێژی ئاداب- یەکەی خوێندنی باڵا، فەرمانی کارگێڕی وەرگرتنی خوێندکارانی خوێندنی باڵا/ ماستەر ودکتۆرا، دۆسیەی (کلپوم جمیل عبدالواحید). ژمارە: 29/2/3ی 2000/10/23.

xxxvi بورهان حاتم گۆمەتاڵی: پوختەی نامە وتێزە ئەکادیمییەکانی مێژووی نوێ وهاوچەرخ(بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین 1995-2016)، لەژێر چاپدایە لەلای ئەکادیمیای کوردی (وێنەی کتێبەکە لەلای نووسەر)، ل12-13.

xxxvii بۆ دروستکردنی ئەم خشتەیە پشت بەم سەرچاوانە بەستراوە: فەرمانە کارگێڕییەکانی یەکەی خوێندنی باڵا- زانکۆی سەلاحەدین: 1741/2/3ی 2012/5/12-1875/2/3ی 2012/5/23- 4511/2/3ی 19/ 2013/12- 3348/2/3ی 2014/12/1- 3073/2/3ی 2015/10/28- 3234/3ی 2015/11/8؛ بورهان حاتم گۆمەتاڵی، ه.س؛ توانا رشید کریم: ڕێبەری خوێندنی باڵا لە کۆلێژی ئەدەبیات (1987-1988/2008-2009)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، 2009، ل15-26؛ توانا ڕەشید کەریم: ڕێبەری نامە ئەکادیمییەکانی بەشی مێژوو لە زانکۆکانی کوردستان 1989-2009، چاپخانەی منارە- هەولێر 2009، ل11-26.

xxxviii ئەم زانیارییانە ڕاستەوخۆ لە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو وەرگیراون.

xxxix 2015 بەشی_مێژوو_ زانکۆی سەلاحەدین. http;// www.salahaddin university-erbil

xl سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی ئەم بەشە بڕوانە: the history2913.org" سەعدی عوسمان هەروتی: دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ...، ل8-12؛ الدليل الاول للعام الدراسي 1990...، ص 77-80.

xli عەبدولحسەین زەرینکوب: مێژوو لە تەرازوودا فەلسەفە ولۆجیکی مێژوو، و:د.قادر محمد حسن وسۆران بهاءالدین، چاپخانەی سەردەم-سلێمانی، 2011، ل213-214.

xlii قاسم عبده قاسم(د): تطور منهج البحث في الدراسات التاريخية، ط1، عين للدراسات و البحوث الانسانية و الاجتماعية، 2000، ص37 ؛ حيدر زكى: م.س، ص33.

xliii قاسم عبده قاسم: م.س، ص 38.

xliv بڕوانە: هاشم يحى الملاح (د)والاخرون: م.س، ص11؛ هەژار: هەنبانە بۆرینە فرهنگی کردی فارسی، سروش-تهران، 1376، ل843.

xlv سعيد العميارى: التاريخ و السرد عند بول ريكور 2018. http://diwanalarab.com/spip.php?article43812

xlvi سەعدی عوسمان هەروتی: ڕێبازی نوسینەوەی مێژوو لە کوردستاندا (خوێندنەوەیەك بۆ نامە زانکۆییەکانی دوای ڕاپەڕین)، ژین، ژمارە:6 دیسەمبەری 2014، ل135.

xlvii محمود صالح سعيد(د): اتجاهات الكتابة التاريخية في الرسائل و الاطاريح الجامعية (قسم التاريخ جامعة الموصل)، ادب الرافدين، العدد: 54، 2009، ص381.

xlviii بۆنموونە. بڕوانە: نعمەت شەهاب حاجی: کوردستانی ڕۆژهەلات لەسەردەمی فەرمانڕەوایی زەندییەکان (1751-1794) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، ماستەرنامە، 2006.

xlix بۆنموونە. بڕوانە: نازدار جليل مصطفى: الدور العلمي في الدولة العثمانية خلال القرنين السادس عشر والسابع عشر، ماجستير، 2010.

l سەعدی عوسمان هەروتی: ڕێبازی نووسینەوەی...، ل135.

li تەنها بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە لیستی سەرچاوەکانی: سعدى عثمان حسين: كوردستان والامبراطورية العثمانية دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان 1514-1851، ماجستير 1995؛ كامران عبدالصمد الدوسكى: كوردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر، ماجستير 2000؛ عبدالله علياوقيى: كوردستان في عهد الدولة العثمانية من منتصف القرن التاسع عشر الى بداية الحرب العالمية الاولى، الاطروحة الدكتوراه، 1998. هەریەك لەم توێژەرانە، وێڕای هەوڵوتەقەلای زۆر بۆ دەستخستنی سەرچاوەی پێویست لە پێشەکی لێکۆڵینەوەکانیاندا پە نجەیان خستۆتەسەر ئەم گرفتە.

lii بڕوانە: سعدى عثمان حسين: كوردستان والامبراطورية العثمانية...، 1995.

liii بڕوانە: كاوة فريق احمد: امارة بادينان 1700-1842، ماجستير 1998؛ عثمان عبدالرحمن سمايل: امارة سوران منذ بداية القرن الثامن عشر ختى عام 1836، ماجستير، 2009؛ نازدار جليل: الدور العلمي...(2010)؛ سعدى عثمان حسين: كوردستان الجنوبية وايالتا بغداد والموصل في القرنين السابع عشر والثامن عشر، الاطروحة الدكتوراه، 2001؛ نازدار جليل: كتابة التاريخ لدى الكورد في الدولة العثمانية في القرنين 18-19، الاطروحة الدكتوراه، 2013.

liv سعدى عثمان: كوردستان الجنوبية(2001).

lv بڕوانە: نازنازمحەمەد قادر: میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قاجارەکاندا، ماستەرنامە، 2001؛ كاوه عزيز برايم: النخبة ودورها في نشوء الحضارات وسقوطها عند ارنولد توينبي، ماجستير، 2007؛ محمد صباح كريم: المؤرخ حسين حزني موكرياني مؤلفاته ومنهجه فى كتابة التاريخ، ماجستر، 2009؛ فارس قادر فقێ: ڕۆڵی ڕۆشنبیری و ئیداری وسیاسی هادی چاوشلی، ماستەرنامە، 2016.

[lvi] لەبارەی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی شوێن لەسەر ئاڕاستەی مێژوویی بڕوانە: کامەران محمد قادر: کاریگەری شوێن لەسەر بزوتنەوەی مێژوو، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی-بەشی B، ژمار: 24، تشرینی یەکەمی 2008، ل95 ودواتر؛ هاری المر بارنز: تاريح الكتابة التاريخية، ت:ا.د. محمد عبدالرحمن، ج2، مصر 1987،ص194.

[lvii] قاسم عبده قاسم: م.س، ص56.

[lviii] بورهان گۆمەتالی: س.پ، ل12.

[lix] سەعدی عوسمان هەروتی: ڕێبازی نووسینەوەی...، ل134.

[lx] سەعدی عوسان هەروتی: دوای تێپەڕبوونی...، ل1.

[lxi] بڕوانە: ئەحمەد حمە ئەمین: ڕەزانـدز 1918-1939، ماستەرنامە، 2005؛ شوان محەمەد: هەولێر 1958-1963...، ماستەرنامە، 2009؛ هۆشەنگ سالح: بزاڤی ڕۆشنبیریی لەشاری هەولێر 1958-1975...، ماستەرنامە، 2011؛ اسماعيل شكر: اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكرى و السياسي 1939-1958، الاطروحة الدكتوراه، 1999.

[lxii] بڕوانە: دڵشاد عبدالرحمن: کەرکوك 1932-1958...، ماستەرنامە، 2008؛ حسين اسماعيل عزيز: ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی 1914-1945...، ماستەرنامە، 2009؛ فەرهاد عەبدولعەزیز: ناوچەی چەمچەماڵ 1918-1939...، ماستەرنامە، 2009؛ دارا توفيق: ناوچەی پشدەر 1921-1958...، ماستەرنامە، 2009؛ توانا ڕەشید کەریم: سلێمانی لەنێوان ساڵانی 1945-1958...، ماستەرنامە، 2010.

[lxiii] بڕوانە: تەلار علی ئەمین: سیاسەتی کەمالی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد...، ماستەرنامە، 2000؛ اسماعيل عبدالرحمن سعيد: ناسیۆنالیزمی ئێرانی...، ماستەرنامە، 2008؛ دڵزار صالح صديق: ژیانی پەرلەمانی لە ئێران...، ماستەرنامە، 2016؛ ڕۆژین عارف عیسا: السعودية ومجلس التعاون لدول الخليج العربية 1981-1991 دراسة في العلاقات السياسية، ماجستير، 2013.

[lxiv] بڕوانە: کاوە برایم (2007)؛ ئاشنا عەلی: هەمزە عەبدوڵلا و ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، ماستەرنامە، 2014؛ بارزان محمد علی: جەمال حەیدەری 1926-1963 ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبریی، ماستەرنامە، 2016.

[lxv] کامەران منتك: کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی وناوچەییدا...، ماستەرنامە، 1999؛ سعدی عثمان: كوردستان والامبراطورية...(1995)؛کامەران محەمەد حاجی: کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتدا1800-1900،ماستەرنامە، 2006؛ کامەران محەمەد حاجی: کوردستانی عوسمانی لەسیاسەتی بەریتانیادا...،تێزی دکتۆرا، 2013.

[lxvi] مفيد كاصد الزيدى(د): المنهجية التاريخية في رسائل الجامعات العراقية دراسة حالة في جامعتي البصرة و الموصل، مجلة اتحاد الجامعة العربية، ع29 كانون الثاني 1994، ص248-250؛ حسن عثمان(د): منهج البحث التاريخي، ط8، دار المعارف- القاهرة 1964، ص53 و مابعدها.

[lxvii] محمد صالح سعيد(د): م.س، ص384 ؛ حسن مؤنيس(د)، التاريخ و المؤرخون، دار المعارف- القاهرة، 1984، ص ص21 و مابعدها.

[lxviii] سەبارەت بەتێڕوانینە جیاوازەکان وپەرەسەندنی زانستی مێژوو.بڕوانە: جاك لوغوف:التاريخ الجديد، ترجمة وتقديم:د. محمد الطاهر المنصوري،بيروت-2007،ص98-134.

[lxix] بڕوانە: پێشەکی تێزی دکتۆرای نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراقدا 1961-1975، ل6

[lxx] زانیاری لەبارەی پرۆگرامی بەشی مێژوو تویژەر ڕاستەوخۆ لەسەرۆکایەتی بەشی وەرگرتووە.

[lxxi] جاك لوغوف: م.س، ص119-120.

[lxxii] بۆ نموونە.بڕوانە: دڵشاد عبدالرحمن: بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك...، تێزی دکتۆرا، 2013؛ حسين اسماعيل: ژیانی کۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی...، تێزی دکتۆرا، 2014؛ هاوکار کریم: شۆڕشی ئەیلول..تویژینەوەیەك لەبارەی ڕێکخستن وچالاکی سەربازی...، ماستەرنامە، 2009؛ ڕێبوار خالد: پارێزگای سلێمانی (1968-1988) توێژینەوەیەکی مێژوویی ئابوریيە، ماستەرنامە، 2014؛ زیاد نعمان: خانەقین لەساڵانی 1918-1958 لەبواری کارگێڕی وئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسی...ماستەرنامە، 2016.

[lxxiii] بۆ نموونە.بڕوانە: بارزان محمد:(جەمال حەیدەری-2016)؛مەغدید حاجی:عزیز شەریف ڕۆڵی سیاسی وهەڵوێستی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد،ماستەرنامە،2011؛فارس قادر:ڕۆڵی ڕۆشنبیریی و ئیداری وسیاسی هادی چاوشلی،ماستەرنامە،2016؛ کاروان جەوهەر:ئیدریس بارزانی 1944-1987ڕۆلی لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا،ماستەرنامە، 2016.

[lxxiv] کاوە عزیز برایم: (2007)؛ محمد صباح کریم: (2009)؛ نازدار جليل: كتابة التاريخ...، الاطروحة الدكتوراه (2013).

[lxxv] د.مصطفى النشار: فلسفة التاريخ، شركة الامل للطباعة والنشر، 2004، ص24.

[lxxvi] عەبدولحسەین زەرینکوب: س.پ، ل243.

[lxxvii] حسن عثمان: م.س، ص22.

[lxxviii] بۆ نموونە. بڕوانە: إسماعيل شكر رسول: اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكرى والسياسي 1939-1958، الاطروحة الدكتوراه، 1999؛ عزيزحسن: الولايات المتحدة الامريكية و المسالة الكوردية في العراق 1961-1975، الاطروحة الدكتورا، 2008؛ ڕۆژین عارف عیسا: (2013)؛ کامران عبدالصمد دوسکی: (1999).

[lxxix] بڕوانە: نازدار جليل: الدور العلمي...(ماجسيتر 2010)؛ غەمگین عبداللە قادر: ڕۆڵی سیاسی هۆزی جاف لەماوەی ساڵانی 1847-1918 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە، ماستەرنامە، 2016؛ نازدار جليل: كتابة التاريخ...(الاطروحة الدكتورا2013).

[lxxx] لەم بارەیەوە زۆربەی تێز وماستەرنامەکان پشتیان بەسەرچاوەی عەرەبی و کوردی وفارسی وئینگلیزی بەستووە. لێرەدا چەند نموونەیەك بژاردەکەین: احمد محمد امين: القضية الكردية في مؤلفات العرب العراقيين حتى عام 1975، الاطروحة الدكتورا، 2016؛ سروه اسعد صابر: كوردستان العراق في نهاية مشكلة الموصل الى بداية الحرب العالمية الثانية1926-1939، الاطروحة الدكتوراه،2005؛ ميڤان عراف بادى: الحركه القوميه الكورديه التحرريه فى كوردستان العراق 1958-1963، ماجستير، 2002. لێرەدا

چەند نامەیەك کە پشتیان بە کتێبە فارسیی وئینگلیزی وەك نموونە : یوسف محمد ئەمین: کوردستانی رۆژهەلأت 1867-1914، ماستەرنامە، 2011؛ اسماعيل عبدالرحمن: ناسیۆنالیزمی ئیرانی 1906-1946، ماستەرنامە، 2008؛ دلأزار صالح: ژیانی پەرلەمانی لە ئێران لەنێوان سالأنی 1906-1925، ماستەرنامە 2016؛ مستەفا محەمەد كەريم: پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران لەسەردەمی نادری ئەفشاری...،ماستەرنامە، 2013؛ عزيز حسن: الولايات...(الاطروحة الدكتوراه، 2008)؛ هاوار کەمال میرزا: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەئێران لەسەردەمی ئیدارەی جیمی کارتەردا...، ماستەرنامە، 2013.

[lxxxi] بڕوانە: عزيزحسن:الولايات...(الاطروحة الدكتوراه 2008)؛ نهرو محەمەد: هەولێر لەنێوان سالأنی 1918-1926، ماستەرنامە، 2008؛ اسماعيل عبدالرحمن:(2008)؛ قارەمان حەیدەر: بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری هەولێر (1975- 1991) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ماستەرنامە، 2014

[lxxxii] بڕوانە: شوان محەمەد: لیوای هەولێر 1963-1970، تێزی دکتۆرا، 2016؛ فاخر على: رۆڵی زانایانی ئاینی لە ژیانی سیاسی هەولێردا 1945-1975، ماستەرنامە، 2013؛ اسماعيل شكر: اربيل...(الاطروحة الدكتوراه 1999)؛ ماجد حسن على: الحركة الطلابية الكوردية في العراق 1926-1970، ماجستير، 2008.

[lxxxiii] بڕوانە: ڕێبوار خالد:(2014)؛ محمد عبداللە کاکە سوور: گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق 1921-1953، دکتۆرا، 2003؛ فەرەیدون عبدالرحيم، بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق لە11ی مارتی 1970-11ی مارتی 1974، ماستەرنامە، 2005؛ ئارەزوو یوسف حسن:ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکان لە بزاڤیرزگاریخوازی کورد 1975-1991، ماستەرنامە، 2015.

[lxxxiv] عقيل حسين عقيل: فلسفة مناهج البحث العلمي، مكتبة مدبولى، 1999، ص47-51.

[lxxxv] سەبارەت بە پەرەسەندنی ڕێبازی تویژینەوەی مێژوویی. بڕوانە: قاسم عبده قاسم: م.س، ص93 و مابعدها.

[lxxxvi] حسن عثمان: م.س، ص20.

[lxxxvii] بڕوانە: حسين اسماعيل عزيز: ناوچەی کفری لەنێوان سالأنی 1914-1945 لێکۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی رامیاری وکۆمەلأیەتی و رۆشنبیری، ماستەرنامە، 2009؛ فەرهاد عەبدولعزیز محمد: ناوچەی چەمچەماڵ لەنێوان سالأنی 1918-1939 تویژینەوەیەك لە بارودۆخی کۆمەلأیەتی ورامیاری و رۆشنبیری، ماستەرنامە، 2009.

[lxxxviii] بڕوانە: محمد عبداللە كاكەسور: الدور السياسى و الثقافي للضباط الكرد في الحركة الكردية في كردستان الجنوبية 1921-1945، ماجستير، 1998؛ فەرەیدون عەبدولرەحیم:(2008)؛ فاروق محەمەد محەمەد: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جولأنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان 1975-1989، سلێمانی، 2014؛ شوان محەمەد: هەولێر لەنێوان سالأنی 1958-1963 لێکۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی سیاسی، ماستەرنامە، 2009.

[lxxxix] بڕوانە: سعدى عثمان: كوردستان الجنوبية...(الاطروحة الدكتوراه2006)؛ عثمان عبدالرحمن: (2009)؛ دلشاد محمود عبدالرحمن: بارودۆخی کۆمەلأیەتی شاری کەرکوك لەسەردەمی پاشایەتییدا 1921-1958، دکتۆرا، 2012.

[xc] بڕوانە: رەفیق رحمان: مستەفا بارزانی ژیان و رۆل و هەلوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا 1958-1970، ماستەرنامە، 2010؛ رۆژ ئەرگوشی: ناوچەی بارزان لەنێوان سالأنی 1931-1946 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، ماستەرنامە، 2011؛ نازدار جليل: الدور العلمي...(ماجستير 2010).

[xci] لەبارەی بەکارهێنانی میتۆدی شیکارییەوە،هەریەك لەم ماستەرنامە وتێزی دکتۆرایانە لەچەندین ڕووداودا میتۆدی شیکارییان بەکارهێناوە. بۆ نموونە. بڕوانە: یوسف محمد: (2011)؛ سعدى عثمان حسين: كوردستان و الامبراطورية العثمانية...(2008)؛ صلاح الهرورى: امارة بوتان في عهد الامير بدرخان 1821-1847 دراسة تاريخية سياسية، ماجستير، كلية الاداب- جامعة صلاح الدين، 1998؛ کامەران منتك: (1999)؛ یاسین خالد:کوردستانی ئێران 1939-1979 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر جولأنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد، دکتۆرا، 2001. هەروەها لە گەلێك نامەی ئەکادیمی دیکەی دا، شیکاری بۆ هەلوێست و ڕووداوەکانی کۆمەلگەی کوردیی ومێژوو کراوە.

[xcii] بڕوانە: بەختیار سەعید محمود شوانی: کەرکوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا لیکۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی رامیاری وئابوری، ماستەرنامە، 2009؛ دارا توفيق:(2009).

[xciii] بۆ نموونە. بڕوانە: نازناز محەمەد قادر: سیاسەتی ئێران...(تێزی دکتۆرا2008)؛ کامەران محەمەد: کوردستانی عوسمانی...(تێزی دکتۆرا2013)؛ هاوار کمال میرزا:(2013).

[xciv] بڕوانە: ئازاد عوبێد سالح: کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر رۆژنامەگەری کوردی 1961-1975، هەولێر-2007؛ لەبارەی فەرامۆشکردنی میتۆد شیکاری ناوەڕۆك. بۆ نمونە: هوگر طاهر توفيق: (2004)؛ فتاح بهرام خضر: رەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستانی باشوور لە رۆژنامەگەری کوردی عێراقدا 1932-1958، ماستەرنامە، کۆلێی ئاداب، 2012؛ دحام لقمان اسماعيل: رەوشی ئابوری وکۆمەلأیەتی باشووری کوردستان لە روانگەی رۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لە عێراقدا 1980-1991، کۆلێژی ئاداب-2015.

## سەرچاوەكان

الغربيين لسنوات طويلة. كان العامل الاول يتركز في ان الغرب مكروه لقيامه بخلق ودعم وجود دولة اسرائيل وتأييده لها. وثانيا لان المصريين لم يشعروا بخوف حقيقي من العدوان السوفيتي، لانه لو حدث ووقع مثل هذا العدوان فلابد ان يمر اولا على تركيا وايران. واخيرا كان المصريون يشعرون ان اي مشاركة جديدة لن تكون الا مجرد حيلة لاستمرار سيادة بريطانيا على المنطقة. وكان الرد المصري هو الغاء معاهدة سنة 1936 وكذلك الغاء نظام الحكم الثنائي الانجليزي المصري على السودان المقرر في عام 1899 وكذلك مطالبة بريطانيا بالانسحاب من قاعدة قناة السويس[(73)].

وقد ناشد دين انشيسون وزير خارجية الولايات المتحدة مصر ان تعيد النظر في موقفها وان تدرك انه من مصلحتها معاونة غيرها من دول العالم الاخرى على تنظيم الدفاع عن منطقة الشرق الاوسط وحمايتها من الخطر المشترك[(74)].

وشهد بداية عام 1952 مذبحة الاسماعيلية يوم 25 كانون الثاني التي راح ضحيتها جميع افراد قوات البوليس بمبنى المحافظة- ثم اعقبها المظاهرات التي عمت ارجاء القاهرة في اليوم التالي. وتطورت الاحداث لتؤدي الى احتراق القاهرة،

في الوقت الذي عملت فيه الولايات المتحدة الأمريكية على زيادة نفوذها السياسي في مصر وبدأت تسوق الاحداث لمصلحتها حين كتبت صحيفة التايمز الامريكية "ان الولايات المتحدة الأمريكية تنظر الى احداث مصر نظرتها الى احداث اليونان عام 1947 عندما ضعفت بريطانيا هناك للحلول محلها كما كانت تقوم بالدور نفسه في ايران عندما خاضت ظروفاً مشابهة بتأميم النفط".[(75)]

وفي مصر كان الضباط الاحرار يريدون بصورة ايجابية للغاية التخلص من فاروق ومن ثم المخابرات الامريكية يتوقع ان تصبح هي الامر السائد، واكدوا في تقاريرهم ((كان عبدالناصر يحظى بمساندة من وكالة المخابرات المركزية الامريكية للوصول الى السلطة))[(76)]،(( وقام كيرميت روزفلت بنصح وتمويل زعماء الضباط الاحرار بطريقة سرية وذلك ضد السياسة البريطانية التي تحاول انجاح النظام الملكي للملك فاروق، غير انه بالنسبة للاخوة دالاس كان محاولات البريطانين لاستمرار في استخدام النماذج الاستعمارية الاولى ليس اكثر من دعوة للشيوعيين الوطنيين، وهي بمثابة امر توجيهي لهم))[(77)]، وكان افضل طريق لمنع تحرك البريطانيين هو الاستعانة بالامريكيين وكان وجود كيرميت روزفلت والسفير كافري الذي كان يطمح في تحقيق السلام بين مصر واسرائيل يمثلان عوامل ايجابية للضباط الاحرار يستغلونها ضد الملك فاروق، والظاهر ان هذا هو ما حصل.

---

[(67)] . جمال فيصل حمد صالح المحمدي، المصدر السابق، ص71.

[(74)] لينزوسكي، المصدر السابق، ص561.

[(75)] ميسون عباس حسين الجبوري، المصدر السابق، ص21-22.

[(76)] عادل ثابت، فاروق الاول الملك الذي غدر به الجميع، ترجمة: محمد مصطفى غنيم، اخبار اليوم، الطبعة الثانية، القاهرة، 1989، ص215.

[(77)] عادل ثابت، المصدر السابق، ص218.

عند اقتراب موعد قيام الثورة اقترح احد الضباط الاحرار وهو عبد اللطيف البغدادي على عبد الناصر ارسال ( علي صبري )[78] إلى السفارة الامريكية في القاهرة لإعطائهم فكرة عن اهداف الثورة وطبيعتها، لحماية الثورة من احتمال التدخل البريطاني ضد الثورة، حيث اعطى الامريكيون الضباط الاحرار الضوء الاخضر للقيام بثورتهم، وان الوعد الامريكي في حماية الثورة من أي تدخل بريطاني محتمل اذا كانت الثورة غير شيوعية ولا تهدد مصالح امريكا.[79]

وكان هذا الوضع دفع الولايات المتحدة ان تزاول ضغطا مكثفا لاستئناف المفاوضات مع مصر، اذ كانت الولايات المتحدة تلقي اشد اللوم على بريطانيا لتشددها ازاء المسألة المصرية وهذا التشدد لم يعد مقبولا لدى حكومة واشنطن ففي ذلك الوقت كان وضع الولايات المتحدة في الشرق الاوسط غير مستقر، كما ان الوضع في مصر كان مضطربا، ووسط هذه الظروف الصعبة اخذ جيفرسون كافري يحاول اقناع الحكومة المصرية بضرورة الانضمام الى الحلف الدفاعي عن الشرق الاوسط.

## الخاتمة

1- لم يكن للولايات المتحدة الامريكية حتى الحرب العالمية الاولى سياسة واضحة او موقفا محددا بشأن مصر، ويبدو ان ضعف العلاقات التجارية الامريكية مع مصر تعود بالاساس الى السياسة الامريكية القائمة على العزلة استنادا الى مبدأ مونرو1823 القائم على اساس سياسة منع التدخل الامريكي في شؤون العالم.

2- بعد انتصار الولايات المتحدة الامريكية في الحرب العالمية الاولى انتهج سياسة اقتصادية مفتوحه نحو العالم، وخاصة الشرق الاوسط، واصبح شريكا اقتصاديا مع الدول المنتصرة.

3- كان الولايات المتحدة الامريكية ترى في مصر الموقع الاستراتيجي الذي تربط بين القارات الثلاث اسيا واوربا وافريقيا من خلال البحر الابيض المتوسط والبحر الاحمر مرورا بقناة السويس.

4- بعد الحرب العالمية الثانية انقسم العالم الى قطبين يقودان الحرب الايدولوجي للسيطرة على العالم وهما الولايات المتحدة الامريكية والاتحاد السوفيتي، سميت بالحرب الباردة.

5- حاول الولايات المتحدة الامريكية ان تدخل مصر في الاحلاف العسكرية لتطويق الاتحاد السوفيتي لكنه، واقناعهم بالدخول في عملية سلام مع الاسرائيل، الا انهم لم ينجحوا في ذالك بسبب الرفض المصري الذي كان يكافح من اجل الاستقلال عن بريطانيا.

---

[78] علي صبري: وهو مدير مخابرات الطيران في حكومة الملك فاروق، الذي كان قد ارسل ضمن بعثة الى امريكا، وهو على علاقة حسنة بالامريكان وتحديداً الملحق الجوي الامريكي في السفارة الامريكية د.ل. ايفانز (D.L. Evans) ، مقالة، ثورة يوليو بين سياسة التهديد البريطانية ودبلوماسية الاحتواء الأمريكية، مجلة المستقبل العربي، بيروت، العدد 221، السنة العشرون، 1997، ص53.

[79] ميسون عباس حسين الجبوري، المصدر السابق، ص29.

6- توصل المخابرات المركزية الامريكية الى قناعة الازاحه بالملك فاروق وبالدور البريطاني ايضا كي يتفردوا بمصر، وذالك بمساندة الضباط الاحرار.

**المصادر**


- F.O.371/4/397, Doc.No991.Mars.19.1944; F.O.371/397.Doc . No. 668.Apr, 4,1944.
- Truman.Harry.Memoirs,VOL.1,PP.120-122.
- Foreign Relations, 1951, VOL.1, P.131.
- [4]Foreign Relations, 1949, VOL.1, P.346.
- Foreign Relations, 1949, VOL.4. Introductory Discussions at the Washing, Ton talks", 14 Nov.1949.
- Foreign Relations, 1950 VOL.5.P.138:Arms Shipment to Arab States and Israel.20 April 1950.
- Foreign Relations, 1950, VOL.5, P.312; see also Aronson, Geoffrey. OP. cit, PP.55-58.
- Foreign Relations, 1950, VOL.5, P.234; United States minutes of United States.
- Foreign Relations, 1950, VOL.5, P.695 the internation-alization of Jerusalem Palestinian problems, and other.
- Foreign Relations, 1950, VOL.5, P. 330; For a review of the British Proposal and the United States reaction.
- Foreign Relations, 1950, VOL.5, P.231: minutes of Conversation: Middle East and Iran, 24october, 1950.
- Foreign Relations, 1949, VOL.6, P.132; NSC Foreign Relations, 1949, VOL.6, P.210. 65:US Policy Toward Arms Shipments to the Near East,28 Marc 1950.
- تدخلات امريكا في البلدان الاسلامية-مصر، من سلسلة وثائق وكر الجاسوسية، منشورات الوكالة العالمية، الطبعة الاولى، بيروت، 1991،ض108.
- وثائق جامعة الدول العربية، مجموعة المعاهدات والاتفاقيات، معاهدة الدفاع العربي المشترك، القاهرة، 1963.
- ثانيا-الاطاريح والرسائل الجامعية
- جمال فيصل حمد صالح المحمدي، التطورات الاجتماعية في مصر 1945-1952م، اطروحه دكتورا تقدم الى كلية التربية ﴿ابن رشد﴾ جامعة بغداد، 2004.
- سنان صادق حسين، سياسة الولايات المتحدة تجاه مصر 1952-1956، رسالة ماجستير، كلية التربية/ ابن رشد، جامعة بغداد، 2001.

- سيامند كريم محمود، تركيا والقضايا العربية 1945-1967 ،رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس معهد التاريخ العربي والتراث العلمي للدراسات العيا،بغداد،2004.
- مازن مهدي عبد الرحمن الشمري، إسماعيل صدقي ودوره في السياسة المصرية1875 – 1950، رسالة ماجستيرمقدمة الى كلية التربية (إبن رشد) – جامعة بغداد،2005.
- ميسون عباس حسين الجبوري، أزمة السويس والموقف الدولي، رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية التربية للبنات جامعة بغداد،2005.
- احمد عبد الرحيم مصطفى، العلاقات المصرية-البريطانية 1936-1956، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة، 1954.
- اسماعيل صدقي، مذكراتي، القضية المصرية 1882-1954، المكتب المصري الحديث، القاهرة، 1971.
- ريتشارد ستيفن، الصهيونية الامريكية وسياسة الولايات المتحدة الخارجية 1942-1947، ترجمة المخابرات العامة، د.م، د.ت.
- توماس بريسون، العلاقات الدبلوماسية الامريكية مع الشرق الاوسط 1784-1975، ترجمة دار طلاس، دمشق، 1985.
- حسين فوزي النجار، امريكا والعرب، مكتبة مدبولي، القاهرة، 1976.
- جون و. سباير، السياسة الخرجية الامريكية منذ الحرب العالمية الثانية،ت: سامي حسن سري، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، 1964.
- صلاح منتصر، من عرابي الى عبد الناصر قراءة جديدة للتاريخ،الطبعة الاولى، دار الشروق، القاهرة، 2003.
- شبلي العيسمي، لماذا الوحدة العربية وكيف، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، 1993.
- عادل ثابت، فاروق الاول الملك الذي غدر به الجميع، ترجمة: محمد مصطفى غنيم، اخبار اليوم، الطبعة الثانية، القاهرة، 1989.
- عبد الرحمن الرافعي، ثورة سنة 1919، ج1، القاهرة، 1959.
- محمد انيس، حادثة 4فبراير 1942، القاهرة، 1964.
- محمد حسنين هيكل، ملفات السويس، مركز الاهرام للترجمة والنشر، القاهرة، 1975.
- محمد محمود السروجي، سياسة الولايات المتحدة الخارجية منذ الاستقلال الى منتصف القرن العشرين، القاهرة، 1984.
- مونرو اليزابيث، خطة بريطانيا في الشرق الاوسط 1914-1956، القاهرة، 1969.
- لينوار تشامبرز رايت، سياسة الولايات المتحدة الامريكية ازاء مصر 1830-1914، ترجمة فاطمة علم الدين، الهيئة المصرية العامة للكتاب، 1987.

- لينزوسكي، جورج مصالح الولايات المتحدة في الشرق الاوسط، ترجمة المخابرات العامة.
- د.ئاراس فريق زەينەڵ، مێژووی ئەمریكا لە كۆنەوە تا ئەمرۆ، چاپخانەی پەیوەند، سلیمانی، 2010.
- فرشتە نورایی، مێژووی گۆرانكاریی كۆمەڵایەتی وسیاسی ئەمریكا، و: هەورامان فەریق كەریم، ئەندیشە بۆ چاپ وبڵاوكردنەوە، چاپی دووەم، سلیمانی، 2013.
- فچل اللّه قوریشی، مێژووی ئە مریكا (سیاسی-ئابووری-جوگرافی)، و:علی حاجی زەڵمی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2011.
- عبدالرحمن السبعاوی، مێژووی نوێ وهاوچەرخی ئەمریكا، و:عماد جلال حبیب اللە، چاپخانەی چوار چرا ، چ1، سلیمانی، 2013.
- Professor Salim Yaqub, The United States and the Middle East: 1914 to 9/11, The Teaching Company Limited Partnership, U.S.A, 2003.
- Harry Truman, Memoirs, VOL1, United States, 1955.
- Aronson Goeffirey, From Sidesow to center Stage u.s.policy to ward Egypt 1946-1956, U.S.A, 1986
- السيد رجب حراز، مبدأ مونرو وازمة التضامن الامريكي، مجلة السياسة الدولية، القاهرة، العدد الرابع، 1966.
- ثورة يوليو بين سياسة التهديد البريطانية ودبلوماسية الاحتواء الأمريكية، مجلة المستقبل العربي، بيروت، العدد 221، السنة العشرون، 1997.
- نهى كادروس، السياسة الخارجية الامريكية بين التدخل العسكري والهيمنة الاقتصادية، مجلة شؤون فلسطينية، العدد93/92، يوليو-اغسطس 1979.
- صحيفة الاهرام، في 17 كانون الثاني 1950.
- صحيفة الاهرام في 22 اب 1950.
- صحيفة الاهرام في 17 ايلول 1950.
- صحيفة الاهرام في 9تشرين الاول 1950.
- صحيفة الاهرام في 21 شباط 1951.
- صحيفة الاهرام في 10 ايلول 1951.
- https://wikimedia foundation.org
- https://wikimedia foundation.org
- http://mostakbliat.com/link91.htm

# American-Egyptian Relations,

# 1952-1945

## Abstract

The case of American-Egyptian relations began officially by opening a consulate of the United States in Alexandria in 1832, when Egypt was one of the states of the Ottoman Empire. These relations did not reach the required level due to an announcement by US President James Monroe in 1823 that urged the policy of preventing America's intervention in the affairs of the world and it must be merely exclusive to the internal ones of the American continent, and to stop the interference of European countries in their internal and external affairs. After World War I, the United States became a politically, economically and militarily effective country that aspired to have interests and colonies throughout the world, and started competing with major countries such as Great Britain, France and the Soviet Union.

After the Second World War and after the decline of Britain and France because of the massive destruction caused by the war, the United States of America, which controlled the half of the world in equal share with the Soviet Union, became rival poles of global control in all respects and resulted in a conflict on the nature of international relations and their relations with other countries, and the importance of the Middle East, especially Egypt for its strategic position. The reason for choosing this topic to be tackled is the importance of studying international relations and the United States of America the country that leads the free world and Egypt with its strategic location on the Red and White Mediterranean Sea which connects the three continents Asia, Europe and Africa.

The research is divided into two parts: the first; American-Egyptian relations up to 1945, and the second: American-Egyptian relations 1945-1952. In addition to the introduction and conclusion, the research sheds light on the hidden aspects of relations between the two countries.

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.373

# زاراوە لەنێوان ململانێی زانستیی و کۆمەڵایەتییدا

بژوێن یەحیا محەمەد

زانکۆی گەرمیان- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/بەشی زمانی کوردیی
bzhwenyahya123@gmail.com

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (زاراوە لەنێوان ململانێی زانستیی و کۆمەڵایەتییدا)، کە لێکۆڵینەوەیەکی پەسنیی شیکارییە، هەوڵێکە بۆ یەکخستنی زاراوەو نەهێشتنی دووانەیی لە زمانی کوردیدا، سەرەتا جیاکاریی لەنێوان چەمکی "وشە" و " زاراوە" داکراوە, کە هەموو زاراوەیەك وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەك نابێت بەزاراوە لەزماندا، چونکە سەنگی مەحەك لە وشەدا واتایە، بەڵام لەزاراوەدا چەمکێکی زانستییەو پێویستی بەبڕیاری پسپۆڕی زانستیی دەبێت، کە وشەیەك ببێت بەزاراوە بەرامبەر بە چەمکێك، ئەم جیاکارییە بەبنەمای جیاکردنەوەی زانستی زاراوەسازیی و فەرهەنگسازیی دادەنرێت، دواتر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە دووانەیی لەزماندا ڕێگە پێنەدراوە لە ئاستی وشەو زاراوەشدا گونجاو نییە، مەبەست لەدووانەیی بەکارهێنانەوەو دووهێندەکردنی وشە فەرهەنگییەکانی زمانە، کە دەبێتە جێگرەوەی مۆرفۆلۆژیی و بە مۆدێلێکی تری فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگیی دادەنرێت، بەڵام ئەمە کاتێك لەزماندا ڕێگەپێدراوە، کە وشەکە بۆگەیاندنی واتایەکی نوێ بەکاربهێنرێتەوە، چونکە بەپێی تیۆری سیمانتیکی پێکهێنان، هیچ وشەیەك لەزماندا هەڵگری هەمان نیشانەی واتایی وشەیەکی تر نییە، ئەگەر بەنیشانەیەکی بچوکیش بێت جیاوازن، ئەمەش ڕێگەیەکی گونجاوی نەهێشتنی دووانەییە لەزماندا.

دووانەیی مۆرفۆلۆژیی کاتێك گونجاوە لەزماندا، کە فۆڕمەکە بۆ نیشانەیەکی جیاواز بەکاربهێنرێتەوە و واتایەکی نوێ بگەیەنێت، بەڵام دووانەیی لەزاراوەدا، کە مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەیە، ڕێگەی پێنادرێت تەنها لەیەك حاڵەتدا نەبێت، ئەویش حاڵەتی پێشکەوتنی زانستییە، واتە کاتێك دووانەیی لە زاراوەی زمانییدا ڕێگەی پێدەدرێت، کە باگراوەندی زانستیی هەبێت، هەروەها لە زاراوە داناندا ململانێ لەنێوان تاکەکاندا دروست دەبێت لەسەر دانانی زاراوەیەکی دروست و زانستیی، کە ئەم ململانێیە دووانەیی دروست دەکات لەزماندا، هەروەها لایەنگریی بۆ بەکارهێنانی زاراوەکان دروست دەبێت، بۆیە تاکگەرایی لەدانانی زاراوەدا ڕۆڵێکی گرنگیی هەیە، بەمەرجێك زاراوەی دروست و زانستیی دابنێت بەرامبەر بە بابەتێکی زمان و پشتگیریی لەم هەوڵە تاکە کەسیانە بکرێت بۆ نەهێشتنی جووت زاراوە لەزماندا، چونکە یەکخستنی زاراوە پێویستی بە پاڵپشتیی کۆمەڵایەتییە، چونکە دەبێت دوای ڕێچکە زانستییەکە بکەوین، تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی لەتێڕوانینی زانستیی جیابکەینەوە، بە پێوەرێکی زانستیی بۆ دەستکەوتنی ئەنجامی دروست و زانستیی.

هەرلە ڕوانگەی باسکردنی کەموکورتیی فەرهەنگیی زمانەوە، باسی وەرگرتنی وشەو زاراوە کراوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە فەرهەنگییە، بەلاّم وەرگرتن ئەگەر لەزمانێکی بێگانەوە بێت یان لە زارێکی تری زمانەکەوە بێت، بە هەڕەمەکی و لەخۆوە نابێت، بەڵکو بە پێڕەوکردنی کۆمەڵێك مەرجی زانستیی دەبێت، بۆئەوەی دوو فۆڕمیی لەزماندا دروست نەبێت، کە هە لگریی هەمان نیشانەی واتایی بن، چونکە تیۆری نیشانە واتاییەکان ڕێگە بەبونی دووفۆڕم بۆ یەك واتا نادات، بەمپێیە دەبێت کەلێنێك هەبێت لە زمانەکەدا بۆئەوەی ڕێگە بە وەرگرتنی وشەو زاراوە بدات لەزمانێکی ترەوە، واتە فۆڕمێك لە زمانێکی ترەوە بۆ واتایەك وەرناگیرێت، کە زمانەکە خۆی فۆڕمی بۆ داڕشتبێت، کەواتە زمان کاتێك ڕێگە بەهاتنەناوەوەی وشەی بێگانە دەدات، کە یان فۆڕمەکەی یان واتاکەی گۆڕانی بەسەردا بێت، بۆئەوەی دەروازەی فەرهەنگیی زمانەکە بەڕویدا بکرێتەوەو کەلێنیکی فەرهەنگیی زمان پڕبکاتەوەو ببێت بەلێکسیێم و بچێتە ناو فەرهەنگەوە، بەبێئەوەی دووانەیی لەزماندا دروست بکات.

**کلیلی ووشەکان:** زاراوە ،وشە ، ململانێی زانستی ، ململانێی کۆمەلاّیەتی

## 1. چەمکی وشەو زاراوە:

زمانەوانەکان بایەخێکی زۆر بە باسکردنی قووڵی وشە و زاراوە دەدەن، هەرچەندە " زاراوە " جۆرێکە لە جۆرەکانی " وشە "، بەلاّم ڕێچکەی تایبەتیی خۆی هەیەو وشەی فەرهەنگیی سەر زمانی کۆمەلاّنی خەڵك نییە، بەڵکو ڕێبازی سەرەکیی زاراوە دانان، گواستنەوەی وشەیە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تازەتر، کەواتە هەموو وشەیەك زاراوە نییە، بەلاّم هەموو زاراوەیەك وشەیە.

زمانەوانان و پسپۆڕانی زاراوەدانان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە( وشە ) و ( زاراوە ) جیاکاریی هەیە لەنێوانیاندا، ئەمەش بە بنەمای جیاکردنەوەی نێوان زانستی زاراوەسازیی و زانستی فەرهەنگسازیی دادەنرێت، هەروەها وشەکان لە فەرهەنگدا بە کۆمەڵێك نیشانەی واتاییەوە هەڵگیراون، کە لە نواندنی دەرەکییاندا دەتوانن هەرجارێك مارکە لە یەکێك لەو نیشانانە بدەن، کە لەنواندنی ناوەکییاندا هەڵگیراوە، کەواتە وشەکان لە زمانی کوردییدا دەربڕی گشتێتیین و دەشێت وشەکان بۆ ناونان لە شتەکانی دەوروبەرمان بەکاریان بهێنیین، بەلاّم زاراوە هێمایەکی زمانیی دیاریکراوە بەرامبەر بە چەمکێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، کەواتە زاراوەکان دەربڕی گشتێتیی نین و مارکەیان لێدراوە بۆ بابەتێکی تایبەتیی، کە هەموان لەسەری ڕێك دەکەون.

هەروەها خاڵێکی تری جیاکاری لە نێوان وشەو زاراوەدا ئەوەیە، کە زمانەوانەکان لە وشەوە بۆ ڕستە و پاشان بۆ واتا دەڕۆن، بەلاّم لە زاراوەسازییدا لە لێکۆڵینەوە لەچەمك و تایبەتمەندییەکانییەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئەو زاراوە دروستەی ، کە بەگونجاو دەزانرێت بۆ دەربڕین بەرامبەر بەو چەمکەی زاراوەی بۆ دادەنرێت. زاراوە وشەیەکی تایبەتییە بۆ بابەتێك لە بابەتەکانی زانست و زانیاریی و زمانەوانیی و ڕۆشنبیریی و شارستانیی و هەموو ئەوانەی، کە پەیوەندییان بەو

بابەتەوە هەیە بەکاردەهێنرێت، هەروەها زاراوە ڕێککەوتنی کۆمەڵە کەسێکە لەسەر دانانی زاراوەیەك بەرامبەر بە چەمکێك، هەروەها زۆربەی ئەوانەی باسی زاراوەسازییان کردووە، لەسەر ئەوە کۆکن، کە زاراوەسازیی وەك زانستێك بایەخ بە پەیوەندیی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوەکانی زمانەوانیی دەدات و لێیان دەکۆڵێتەوە.

ئەگەرچی زاراوە گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیەو بە بەردی بناغەی هەموو زمانێکی پێشکەوتوو دادەنرێت، هەروەها هەوڵێکە بۆ یەکخستنی بیرکردنەوەو تێڕوانینمان، بەڵام لێکۆڵینەوەی زاراوەسازیی لە زمانی کوردییدا، نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست، هیچکام لە کێشەکانی زاراوەسازیی هەوڵی چارەسەکردنی نەدراوە بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جووت زاراوە لەزمانی کوردییدا، واتا یەکخستنی زاراوە و بەکارهێنانی یەك زاراوە بەرامبەر بە یەك چەمکی زانستیی مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەیە[1].

## 2. دووفۆڕمی لە وشەو زاراوەدا

فەرهەنگ نواندنی ناوەکیی و دەرەکیی هەیە، لایەنێکی نواندنە ناوەکییەکەی بریتییە لەداڕشتنی پۆلەڕەگەز بۆ چەمك و بیرە پێش-فەرهەنگییەکەی، کە پەیوەست بەسیمانتیکی پێکهێنانەوە فۆڕمداڕشتنە بۆ نیشانەکان، بۆ نموونە یەکێك لەبنەماکانی سیمانتیکی پێکهێنان ناونانە(naming)[2]، کە فۆڕمی پۆلەڕەگەزێك هاوشێوەی فۆڕمی پۆلەڕەگەزێکی تر نابێت، مەگەر واتایەکی تر بخرێتە ئەستۆی هەمان فۆڕم، بەوەش ($X^n$)ێك لە نواندنە دەرەکییەکەی فەرهەنگدا دوو هێندە دەکرێت بۆ واتای نوێ، مەبەست لە دووهێندەیی فۆڕمیی ئەوەیە، کە وشەیەك فۆڕمەکەی ببێتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی لەزماندا، لەوەشەوە زمان بەکارهێنانەوەو دوو هێندەکردنی وشە فەرهەنگییەکانی دەبێتە جێگرەوەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و دەبێتە مۆدێلکی تری فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگیی، بەواتایەکی تر هەریەکە لە($X^n$، $X^v$، $X^a$)ەکان خاوەنی فۆڕم و واتایەکیی فەرهەنگیین، کە بە پێی سیمانتیکی پێکهێنان داڕێژراوە، یەکێك لە پرۆسە باوەکانی مۆرفۆلۆژی دووهێندەییە[3]، بەشێوەیەکی ئاسایی وەکو پرۆسەیەکی وشە دروستکردنی مۆرفۆلۆژی لێیدەڕوانرێت، zoll(2005: 6)ڕایدەگەیەنێت: "دووهێندەیی کاتێك ڕوودەدات، کە مۆرفۆلۆژیی داوای دووپێکهاتەبکات لەوەسفێکی سیمانتیکیی دیاریکراودا"[4]، بە پێی ئەمەبێت دووهێندەیی دووبارە خستنەوەگەڕی یان بەکارهێنانەوەی پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆژییە بەمەبەستی بەدەستخستنی واتایەکی نوێ بۆپڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەی لەفەرهەنگی زماندا هەن، بەبەکارهێنانەوەی هەمان ئەو وشانەی، کە لەفەرهەنگەکەیدا تۆمارکراون، بۆیە بە دووهێندەیی ناودەبرێت.

---

[1] سودم لە سەرچاوەکانی (جەمال عەبدول، 2008) و (شەهاب شێخ تەیب، 2012) و ( بژوێن یەحیا 2016) وەرگرتووە.

[2] Phill,(1992).

[3] Martin Haspelmath & Andrea D.Sims, (2011:38).

[4] Haritini kallergi, (2015: 65)

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێت، کە هەردانەیەکی فەرهەنگیی لەناو فەرهەنگدا بەلێکسیمێك دادەنرێت، کەواتە لێکسیم یەکەیەکی سەرەکیی فەرهەنگیی زمانەو دانەیەکی نادیاریی ناو فەرهەنگیی ئاوەزییە[5]، لەبەرجەستەکردنیدا لەناو فۆرمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیدا واتا شاراوەکانی ناو لێکسیمێك بەرجەستەدەبن، ئەگەرچی لێکسمەکان نواندنی تایبەتییان هەیەو بە تەنها لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و هەر لێکسیمێکیش دەروازەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەکرێت هەندێك لێکسیم نواندنی زیاتری هەبێت، بە واتایەکی تر، دەکرێت لێکسیمێك لەچەند نواندنێکدا دەربکەوێت، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت، کە بەهۆی بەکارهێنانی لەدروستەی کەرەستەیەکی نوێی زمانیدا واتاکەی دەگۆڕێت ودەبێتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، بۆنمونە (/منداڵ/، /پیاو/، /ژن/، ...تاد) لێکسیمی سەربەخۆن و لەنواندنی ناوەکی فەرهەنگیدا سەربە کەتیگۆری ناون و بەهۆی بەکارهێنانەوەیان لەنواندنی دەرەکی فەرهەنگیدا بۆ دروستکردنی فۆرمی نوێ بۆ گەیاندنی واتای نوێ و پڕکردنەوەی کەموکورتی ناوەکیی فەرهەنگیی، بەڵام دەکرێت لەنواندنی دەرەکیی فەرهەنگییدا نواندنی جیاوازیان هەبێت، زۆرجار لەگەڵ نواندنەجیاوازەکانی لێکسیمێکدا دەکرێت کەتیگۆرییەکەشی بگۆڕێت، بۆنمونە/منداڵ/ناوی ڕەگەزی نێرینەو مێینەی خێزان و کۆمەڵە، واتە دەربڕی گشتێتییە و سیفات و تایبەتێتیی ئەو تەمەنە، پەرێنراوەتەوە بۆ هەڵسەنگاندنیی هەڵسوکەوتیی مرۆڤیی گەورە کاتێك، کە دەشوبهێنرێت بە/منداڵ/، لەسەر بنەمای بکارهێنانەوەی وشەکە چەندین وشەو ئیدیۆم و فرێزی چەسپاو پەند سازێنراون، وەك(/منداڵبوون/، /ماڵ و منداڵ/، /منداڵیی/، /منداڵدان/، /منداڵپارێز/، /منداڵانە/، ... تاد)، کە هەریەکە لەو فۆرمانەی وشەی /منداڵ/ی تێدا بەکارهێنراوەتەوە، مەبەست و واتایەکی تری گەیاندووە، ئەگەرچی ئەو نیشانەواتاییەی، کە گوزارشتکردنە لەتەمەنێکی دیاریکراو ونی نەکردووە، بەڵام سودی لێوەرگیراوە بۆ گەیاندنی واتای نوێ، هەروەها هەریەکەیان جارێکی تر بوونەتەوە بەلێکسیم و چونەتەوە ناو فەرهەنگیی زمانی کوردییەوە.

هەروەها بەرامبەر بەوشەی/منداڵ/کۆمەڵێك فۆرمی تر داڕێژراوە وەکو(/زاڕۆڵە/، /بەچکە/،/بەبە/، /تووڵ/، ....)[6]، هەریەکە لەو وشانە لە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا بەرامبەر بە منداڵ بەکاردێت، بۆنمونە /زاڕۆڵە/ لە شێوەزاری هەورامییەوە بەواتای( منداڵ)ەوە وەرناگیرێت، چونکە سیمانتیکی پێکهێنان هاوواتا لەزماندا ڕەتدەکاتەوە، چونکە بەپێی سیستمی نیشانەی واتایی کاردەکات، بۆیە هیچ وشەیەك لەزماندا هەڵگری هەمان نیشانەی واتایی نییە، ئەگەر بەنیشانەیەکی واتایی بچوکیش بێت جیاوازن، بەڵام دەکرێت لەکاتی نەبوونی وشەیەك لەزارێکدا پەنا بۆ زارێکی تر ببرێت، کە دواتر بەوردی باسی لێوە دەکرێت.

بەهەمان شێوە بۆ وشەی /پیاو/ و /ژن/، لەدروستکردنی وشەی نوێ بۆ گەیاندنی واتای نوێ جارێکی تر خۆیان نواندووە، وەکو(/پیاوەتی/، /پیاوچاك/، /پیاوانە/، /گەورەپیاو/، /ناپیاوی /، /پیاوکوژ /، /پیاوخۆر/، .....)بۆیە/ پیاوەتی/واتای( چاکەکردن)ی هەیە و واتای (مرۆڤی نێر)ی تیا نەماوەتەوە، هەروەها بووەبە لێکسیمی سەربەخۆ

---

(5) https://www.google.com/search?tbm=bks&q=lexm#q=lexeme+definition

(6) فاروق عومەر سدیق، (2011: 174).

ئەمەش وایکردووە، کە/پیاوەتیی/ بەرامبەر/ژن/ و/کچ/یش بەکاربێت(<کچی چاك بەو پیاوەتیەکمان لەگەڵدا بکە!<).

هەروەها وشەی/ژن/بەرامبەربە وشەی/پیاو/دەوەستێتەوە، وەکو ڕەگەزی مێینە هەڵگری کۆمەڵێك نیشانەی واتاییە، کە هەمبەربە/پیاو/تەنها نیشانەی[+مێ]جیایان دەکاتەوە، بەواتای ئەوەی ڕەگەزی(مێ) لەکۆمەڵێك وشەدا خۆی نواندووە، وەکو(/بێوەژن/، /پیرێژن/، /ژن خوشك/، /سەرە ژن/،....)، هەروەها بەواتای هاوسەر لەزمانی کوردیدا لەکۆمەڵێك فۆڕمدا خۆی نواندووە، وەکو(/شاژن/، /وەستاژن/، /حاجی ژن/، /باوەژن/، /ماڵەوە/، /خێزانم/،...)، هەروەها وشەی/ژن/لە داڕشتنەوەی وشەی نوێدا بۆ واتایی نوێ خۆی نواندووە، وەکو/ژنێتی/، ئەم وشەیە بەرامبەربە پیاوێك بەکاردەهێنرێت، کە هەڵسوکەوتی ژنانە بکات، هەروەها وشەی/ژنانە/بەرامبەر بەهەموو ئەو شتانە بەکاردەهێنرێت، کە تایبەتن بەژن[7]، هەروەها وشەی/ژن/لەزمانی کوردیدا بەدوو واتا بەکاردەهێنرێت، کە خودی وشەکە هەڵگری دوو واتایە، کە تەنها نیشانەیەکی سیمانتیکی جیایاندەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە جارێك بۆ ڕەگەزی مێینەی کۆمەڵ بەگشتی و جارێکیش بۆ ڕەگەزی مێینەی خێزان بەشێوەیەکی تایبەتێتی بەکاردێت[8]. هەربۆیە دروستبوونی لەم جۆرە لە دوانەیی لەزماندا ڕێگە پێدراوە، چونکە نیشانەیەکی واتایی جیاکەرەوە وادەکات، واتای نوێیی پێ بگەیەنرێت، کەواتە فۆڕمەکە بەکارهێنراوەتەوە بۆئەوەی واتایەکی تر بگەیەنێت.

دەکرێت لەڕێگای چەند نمونەیەکەوە پێشبینی بەکارهێنانەوەی لێکسێمە ئاوەڵناوییەکانیش بکرێت، بۆنمونە /گەورە/و /بچووك/ فۆڕمێکن بۆ "ئاوەڵناوی قەبارە" داڕێژراون، بەڵام دەکرێت جارێکی تر لەبەرجەستە کردنەکەیاندا ببنە نواندنی چەمکی واتایی دیکەو ببنە بەڕێوبەری لێکسێمەکە, نمونەکانی(1)نواندنی واتایی /گەورە/ و /بچووك/ن:-

1) أ.گەورە ئاو دەڕێژێت، بچووك پێی تێدەخات.
(تەمەن) (تەمەن)

ب.ئازاد گەورە بووە.
(هەم تەمەن و هەم قەبارەی گەورە بووە، دۆخی تەمەنی گۆڕاوە).

ت.ئازاد ئێستا پیاوێکی گەورەیە.
(دەسەڵات)

[+قەبارە
+تەمەن
+دەسەڵات]

أ. گوێگرە پیاوی بچوك .
(بێدەسەڵات و بێکەسێتیی)

---

(7) فاروق عومەر سدیق، (2011: 104-150).

(8) عەبدولواحید موشیر دزەیی، (2014: 251).

ئەگەرچی لە نمونەکانی(1)دا، ئاوەڵناوەکانی(/گەورە/ و/بچووك/) دەربڕی واتای جیاوازن، بەڵام لەنواندنەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو واتایانە واتای شاراوەی ناویەك لێکسێمن و لەوشەدا بەرجەستەکراون، واتە تاکە وشەیەك چەند واتایەکی شاراوەی تێداهەڵگیراوە، ئەمەش تەنها قسەکەری زمانەکە هەستیان پێدەکات و دەیانناسێتەوەو شرۆڤەیان دەکات، چونکە جگەلە واتای یەکەمی کەرەستەکە، کە واتا بنەڕەتییەکەی، هەموو واتاکانیی تر خوازراون و لێکدانەوەیان، تەنها لەنواندنە سینتاکسییەکەدا ڕووندەبێتەوە[9].

هەروەها لێکسێمەکانی /گران/ و / هەرزان/, فۆرمێکن لەفەرهەنگدا بۆ زانینی نرخ داڕێژراون، بەڵام دەکرێت جارێکی تر لەبەرجەستە کردنەکەیاندا ببنە نواندنی چەمکی واتایی دیکەو ببنە بەرێوبەری لێکسێمەکە, نمونەکانی (2) نواندنی واتایی /گران/ و / هەرزان/ ن:

(2

| | |
|---|---|
| أ. خانووەکە بەم بڕە پارەیە گرانە. | + نرخ |
| ب. پارچەیەکی هەرزانم کڕی. | +بابەت |
| ت. وانەکەی ئەمڕۆمان گران بوو. | +کێش |
| پ. هەڵگرتنی بارەکە گرانە. | +نابیست |
| ج. گران دەبیستێ./گوێیی گرانە. | +کەسایەتی |
| ح. کەسێکی گرانە. | |

بەهەمان شێوە لە نمونەکانی(2)دا، لێکسێمەکانی(/گران/ و/هەرزان/), خۆیان لەبنەڕەتدا بۆ زانینی (نرخ) داڕێژراون، بەڵام لەنواندنەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە دەربڕی واتای جیاوازن، ئەو واتایانە واتای شاراوەی ناویەك لێکسێمن و لەوشەدا بەرجەستەکراون[10]،لێرەدا وا دەردەکەوێت، کە فۆڕمی /گران/ هەڵگری ئەو نیشانە سیمانتیکییانەیە لەفەرهەنگدا، هەمان فۆرم بەکارهێنراوەتەوە بۆ نیشانەکردنی یەکێك لەو نیشانە سیمانتیکییانە، بۆ گەیاندنی واتای جیاواز، کەواتە لێرەدا دووانەیی دروستبووە، بەڵام ڕێگە پێدراوە لە زماندا، چونکە بۆهەمان واتا بەکارنەهاتووەتەوە، بەڵکو واتای جیاوازی گەیاندووە، هەروەها وشەمان هەیە لەزمانی کوردییدا لەگەڵ ئەوەی نیشانەی جیاوازی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام ئێستا بوون

[9] محەمەدی مەحوی، (2009: 52).

[10] موحازەرەی پرۆفیسۆر د. محەمەدی مەحوی، زانکۆی سلێمانی پسپۆر لە زانستی زمانی کوردیی، کە لەساڵی 2015 لەژێر ناونیشانی (لێکسیکۆگرافی) دا، وتوویەتییەوە .

بە زاراوە لەزمانی کوردییدا، واتا ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی بەرامبەر بەچەمکێك بەکاری بهێنین و نیشانەی {+زاراوە}ش وەربگرێت، وەکو وشەکانی /ڕەگ/ ، / قەد/ ، / ڕەخنە/،...تاد. بڕوانە نمونەی (3):-

(3)

أ- / ڕەگ/

- دارەکە ڕەگی کوتاوە . + ڕەگی درەخت
- ددانی لە ڕەگەوە هەڵکێشراوە. + ڕەگی ددان
- ڕەگی کردار واتای سەرەکیی کرداری تێدایە. + ڕەگی کردار

ئەو نموونانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، بۆ ڕوونکردنەوەی نیشانە واتاییەکانی ناو وشەی / ڕگ /ە، ئێستا لەبەر ڕۆشنایی نموونەکاندا بۆمان دەرکەوت، کە ئەو نیشانە واتاییانەی تێدا هەڵگیراوە، بەلاّم بۆ (ڕەگی کردار) بووە بەزاراوە، واتا زمانەوانەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە وشەی / ڕەگ / بەرامبەر بەو چەمکە بەکار بێت، کە واتای سەرەکیی کرداری دەکەوێتە سەر و جۆرەکانی کرداری ڕابردووی لێ دروست دەکرێت.

ب- / قەد /

- قەد دارەکە زۆر ئەستوورە. + قەدی درەخت
- قەدی کردار بەلابردنی نیشانەی چاوگ دروست دەبێت. + قەدی کردار
- قەدی ئەو کچە زۆر ڕێکە. + مرۆڤ

ئەوەی لەسەرەوە خراوەتە ڕوو، لێکدانەوەی نیشانەواتاییەکانی وشەی / قەد /ە، وەك لە نموونەکاندا دیارە کۆمەڵێك نیشانەی واتایی لەخۆگرتووە، واتە وشەکە هەرجارێك بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ بەکاردەهێنرێتەوە، بەلاّم لە (قەدی کردار)دا بووە بە زاراوە، چونکە هەموو کردارێك نیشانەی چاوگەکەی لێبکرێتەوە، زمانەوانان وا ڕێککەوتوون زاراوەی " قەد "ی بۆ بەکاربهێنن. هەروەها وشەی / ڕەخنە/ لەکۆندا بۆ ئەو شوێنەی فەرش یان ڕاخەر بەکار دەهات، کە تەنك بووبێتەوەو کونی تێ بووبێت، بەلاّم ئێستا بووە بەزاراوە بەرامبەر بەو سەرنج و تێبینییانە بەکاردێت ، کە پسپۆری شارەزای بابەتەکە بەرامبەر بە بابەتێکی نوسراو لای دروست دەبێت.

هەموو ئەوەی لەسەرەوە ڕوونکرایەوە، چۆنێتیی بەکارهێنانی دوانەییە لە وشەدا، واتە بە پێیی ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆمان دەرکەوت، کە دووانەیی کاتێك لە ئاستی وشەدا ڕێگە پێدراوە، کە بۆ گەیاندنی واتای جیاوازبێت، بەلاّم دووانەیی لە زاراوەسازییدا ڕێگەی پێنادرێت تەنها لە حاڵەتێکدا دووانەیی لەزاراوەسازییدا گونجاوە، کە لە ئاستی زانستییدا بێت، واتا بەهۆی پێشکەوتنی زانستییەوە بێت، بۆنموونە دوای ئەوەی زاراوەی "وشە"مان هەیە، زاراوەی " مۆرفێم" دۆزرایەوە، ئەمەش

دوای ئەوەی بەهۆی پێشکەوتنی زانستییەوە زانرا لە وشە بچوکتریش لەزماندا هەیە بۆیە زاراوەی " مۆرفیم"ی بۆ دانراوە. هەروەها بەرامبەر بە دیاردەی ڕێککەوتنی نێوان دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە زاراوەی "کۆنکریت" بەکاردەهات، بەڵام ئێستا زاراوەی "ئەگریمێنت" بەکاردەهێنرێت، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ باگراوەندی زانستیی و لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی زانستیی، بۆیە دووانەیی لەزاراوەسازییدا ئەگەر لەئەنجامی پێشکەوتنی زانستییەوە بێت گونجاوەو ڕێگەی پێدەدرێت, دواتر بەکارهێنانی هەریەکە لەزاراوەکان لەلایەن بەکارهێنەرانی زاراوەوە، بۆ ستایلی تاك دەگەڕێتەوە، کە کام زاراوە بەکاردەهێنێت، بەڵام لەئاستی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییدا ڕێگە بە بەکارهێنانی دووزاراوەیی نادرێت، لە (ڕۆڵی کۆمەڵایەتییدا) ڕوونکراوەتەوە. کەواتە سەنگی مەحەك بۆ بەکارهێنای دووانەیی لە وشەدا واتایە، بەڵام لە زاراوەدا پێشکەوتنی زانستە[11].

### 3.وشەو زاراوە پەیوەست بەدەروازەی فەرهەنگییەوە

فەرهەنگ دەروازەی کۆزانیاری/مەعریفی زمانیی مرۆڤە، فەرهەنگی زمانێك، بریتییە لە لیستی ئایتمە ئاشکراکانی زمانەکە، کە پێویستە هەموو قسە پێکەرێکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، چونکە ئەم لیستە بۆ تاك بووەتە نیشانەیەکی لەخۆوەیی نەك بە هەندێك ڕێگا پێشبینی بکرێت. زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتیین لە(وشە)[12]، فەرهەنگ بڕی ئەوزانیاریانەی تێدایە، کە بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێن وەك زانیاری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی، کە بە دەروازەی فەرهەنگیی یان دەروازەی زانیاریی ناودەبرێت، بەمپێیە فەرهەنگ هەڵگری زانیاری سینتاکسیی و واتاییەو هۆکارێکە بۆناسینەوەی دروستەی دروست و واتاڕاست لەلایەن ئاخێوەری زمانەوە.

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە فەرهەنگ پێکهاتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسییەکانە، کە بەپێی دەروازەی زانیاری ڕێکخراوە[13]، بەو پێیەی فەرهەنگ (Lexicon) لیستی وشە تۆمارکراوەکانە، بەشێکی هەر زمانێکەو تەواوکەری ڕێزمانەکەیەتی، لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پڕاوپڕێتی پێڕەوی ناو مێشکی مرۆڤی کوردە، مەرج نییە فەرهەنگی بنەڕەتیی زمانەکەمان هەموو دیاردەکانی زمان بەدەستەوە بدات و فۆرمی بۆ هەموو چەمك و واتاو ناوەڕۆکەکان داڕشتبێت[14]، بۆیە هیچ زمانێك بێ کێشە نییەو ژمارەی وشە لەهەموو زمانێکدا سنووردارە، هەر لەبەرئەمە زمان پەنا دەباتە بەر وەرگرتنی زاراوە لە زمانەکانی ترەوە، بۆئەوەی کەموکورتیی فەرهەنگیی زمانەکە تەواو بکەن، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە تیشکی بخەینەسەر، (وەرگرتن/خواستن)ی وشەی بێگانەیە پەیوەست بە دەروازەی فەرهەنگیی زمانەوە، پێویستە لێرەدا پرسیارێك ئاڕاستە بکرێت، دەروازەی فەرهەنگیی زمان کەی ئەکرێتەوە بەڕووی زاراوەی وەرگیراو لە زمانێکی بێگانەوە؟ واتا کەی زاراوەی وەرگیراو ئەتوانێت وەکو وشەیەکی خۆماڵیی ڕەفتار بکات و بچێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە؟

---

[11] چاوپێکەوتن ، جەبار مستەفا مەعروف، 2018/3/6)

[12] Aronof & Anshen,( 2007:237) لە تریفەعومەر، (2013) وەرگیراوە.

[13] تریفە عومەر ئەحمەد، ( 2015: 37-39).

[14] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (2012: 263)

**وشه وەرگرتن، لەبواری زاراوەسازییدا بریتیە لەگواستنەوەی فۆڕمی بیانیی بۆ زمانی خۆماڵیی، واتا وشەی وەرگیراو وشەیەكە لەزمانێكی ترەوە وەردەگیرێت و خواستراویشی پێدەوترێت، گواستنەوەی فۆڕمێك لەزمانێكەوە بۆ زمانێكی تر بەكارێكی ئاسایی دادەنرێت، بەومەرجەی ئەو فۆڕمەی، كە دەخوازرێت لەزمانی خۆماڵیدا بەرامبەری نەبێت و بۆ پڕكردنەوەی كەلێنێك لەزمانەكەدا بێت، ئەگینا ئەوكاتە لەبری دەوڵەمەندكردنی زمان زیان بەزمانەكە دەگەیەنێت.**

**ڕێبازی وەرگرتن یان خۆماڵیكردن یان كورداندن، پێویستە هەر لەكاتی پێویست و ناچاریدابێت، هیچ زمانێك بەڕەمەكیی و لەخۆوەو بەبێ پلان وشە وەرناگرێت[15]، وەرگرتن و خواستنی وشەی بێگانە بۆ ئەو كەلێنەیە، كە زمانەكە فۆڕمی بۆ دانەڕشتوون، لەوەوە وەرگرتن و خواستنی وشەش دەبنە جێگرەوەی مۆرفۆلۆژیانە، گەر لەسەر ئەو بنەمایە نەبێت، ئەوا وشەی بێگانە لەچێوەی شێوازی قسەكردنی ئاخێوەری زمانەكەدا دەمێنێتەوەو ناچێتە فەرهەنگەوە.**

**بۆئەوەی دەروازەی فەرهەنگیی زمان بەڕووی وەرگرتنی وشەی بێگانەدا بكرێتەوە، دەبێت بەپێی تیۆری سیمانتیكی پێكهێنان ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی وشەو زاراوە بدرێت، لەبەرئەوەی وشە وەرگیراوەكە دووانەیی لەزماندا دروست نەكات، پێویستە یان فۆڕمەكەی یان واتاكەی گۆڕانی بەسەردابێت، نابێت ڕێگە بە بەكارهێنانی دووفۆڕم بۆگەیاندنی یەك چەمك و واتا بدرێت، فۆڕمداڕشتن و كەتیگۆری هێنانەوە بەپێی سیمانتیكی پێكهێنان بۆ نیشانەیەك یان بۆ چەمك وبیرێكی پێش-فەرهەنگیی یان پێش-كەتیگۆرییە، بۆیە لەناو زمانێكدا ڕێگا بەبیچمێك یان وشەیەك نادات، كە بۆ هەمان نیشانەو چەمكێك دابنرێن، گەر وابێت لەسەر هەمان بنەما فۆڕمێكی تر لەزمانێكی ترەوە وەردەگیرێت.**

**جگەلەوەی (X)ەكان زانیاریی سینتاكسیی و واتاییان تێدایە، لەڕووی فەرهەنگییەوە (X)ێك خاوەنی فۆڕم و واتایە، بۆیە پەیوەست بە وشەی بێگانەوە، بۆنمونە فۆڕمی(یاپراخ) فۆڕمێكی بێگانەیە بۆ واتایەكی كوردیی، كە ناوی خواردنەكەیە، كەواتە فۆڕمی وشەكە وەرگیراوە بەواتایەكی نوێوە، چونكە وشەی/گەڵا/بەرامبەر بەواتاكەی لەزمانی كوردیدا ڕێگە بەهاتنی وشەی بێگانە نادات بۆ هەمان واتا، كەواتە واتاكە كوردییەو فۆڕمەكە بۆگەیاندنی واتاكە كوردیی نییە، هەروەها وشەی/باجیی/لەزمانی توركییدا بەواتای(خوشكی گەورە)دێت و لەكۆمەڵەی (خێزان)دایە، لەزمانی كوردییدا هەرچەندە بەهەمان واتا یان بەواتای (باوەژن)ەوە وەرگیراوە، بەڵام ئێستا بەرامبەر بەكارگوزاری ڕەگەزی مێ بەكاردەهێنرێت، هەڵگری نیشانەی واتایی [+كارگوزار]ە[16].**

**یەكێك لەهۆكارەكانی خواستنی وشە لەزمانێكەوە بۆ زمانێكی تر، زیادبوونی كەرەستە مادددییەكانی دەرەوەی زمانە، چونكە مرۆڤ پێویستی بەگەشە پێدان و زیادكردنی وشەكانە، بەرامبەر چەمكە نامۆو نوێیەكانی، وەك كەرەستەكانی**

---

(15) **محەمەد مەجید سەعید،** (2015:118-127).

(16) **بەكر عومەر عەلی – عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف،** (2011: 32)

تەكنەلۆژیی و ئاژەڵ وتەنانەت ڕووەكی نوێش[17]، ئاشكرایە، لێكۆڵینەوەو دۆزینەوە نوێكان و پێشكەوتنە خێراكانی بواری زانست و تەكنەلۆژیا بوونەتە هۆی ئەوەی، كە چەندین چەمكی نوێ و نامۆ بە مرۆڤ دەربكەون و ئەمەش وا لەزمانەكان دەكات، كە لە زمانی سەرچاوەی زانستەكەوە ئەو وشانە بخوازن و وەریانبگرن، چونكە فەرهەنگی هیچ زمانێك بۆ دەربڕینی هەموو ئەو چەمك و دیاردانە، كە لە فەرهەنگی زمانانی ترەوە دێن، توانای پێویستی نییە[18]، وەك /تەلەفۆن/، /كۆمپیتەر/، /تەلەفزیۆن/، /سەلاجە/، /دیموكراتی/، /دیكتاتۆریی/، /پاسكیل/و......تاد)، لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژیی كوردیی ئەڵتەرناتیڤی بۆ ئەو كەرەستەو بیرانە بەلێكسیم دانەڕشتووە، وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە، بۆیە فۆڕمە بیگانەكان خۆیان سەپاندووە، ئەگەرچی لەلایەن تاكی كوردەوە پێشنیازی فۆڕمێكی لەجۆری /بەفرگر/ بۆسەلاجەو /ئەسپەئاسنینە/یان بۆ پاسكیل كردووە، بەڵام ئەم فۆڕمە پێشنیازكراوانە، كێبڕكێی فۆڕمە بێگانەكانیان پێ نەكراوە.

هەروەها ناوی ئەوشتانەی لەماركەكانیانەوە هاتوون، وەكو وشەكانی(/تاید/، / فاس/، /معجیزە/) لەزمانی یەكەمدا واتای دیكەیان هەیە یان تەنها ماركەیەكن، بەڵام لەزمانی كوردیدا ناوی ماركەكە دەبێتە ناو بەرامبەر بەماددەكە و نیشانەی [+ پاككرەوە]هەڵدەگرێت، چونكە فۆڕم لەزمانی كوردیدا دانەڕێژراوە بۆ ئەو مادەیەی، كە بۆ پاككردنەوە بەكاردەهێنرێت، بۆیە كاتێك زمان فۆڕمێك لەزمانێكەوە وەردەگرێت، بەهەمان ئەو واتایە وەریناگرێت، كە لەزمانەكەی خۆیدا هەیبووە، بەڵكو بەواتایەكی نوێوە وەریدەگرێت، واتا زمان هەرگیز فۆڕم بەرامبەر بەواتایەك وەرناگرێت، كە فۆڕمی هەبێت بەرامبەری، تەنانەت فۆڕمەكەش، كە بۆ واتای نوێ وەردەگیرێت، دەخرێتە ژێر فۆنۆتاكتیكی زمانی كوردییەوە.

یەكێكی تر لە هۆكارەكانی هاتنی وشەی بێگانە، بوونی وشەی تابووە لەزماندا، بەمەبەستی شاردنەوە یان كەمكردنەوەی هێزی وشە تابووەكە لەزماندا، بەكارهێنانی زاراوەو ناوی بیانیی لەبری زاراوەكوردیەكە ڕێگە پێدراوەو لەلایەن كۆمەڵەوە بەشیاوترو شارستانیتر دادەنرێت، بۆنمونە( /سێكس/، /ستیان/، /لیباس/، /W.C /، ......تاد)[19].

هەنگاوەكانی توێژینەوەكە ئەوە دەسەلمێنن، كە فۆڕمێكی فەرهەنگیی زمانییمان دەستناكەوێت بۆ هەمان نیشانەی فۆڕمێك داڕێژرابن، تەنانەت /گشت /و /هەموو/، /خەوتن/و/ نوستن/، /چوون/و /ڕۆشتن/ لەكرمانجیی ناوەڕاستدا جوتەیەكن، بۆ نیشانەی واتایی شاراوەی فەرهەنگیی داڕێژراون، ئەگینا لەزماندا نامێننەوە[20]. بە پێی ئەو ڕوونكردنەوەی، كە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، ئەتوانین جەخت لەسەرئەوە بكەینەوە، كە تەنانەت دوو فەرهەنگیش لەزمانی كوردیدا دروست نابێت، بۆنمونە وشەی/طیر/ وشەیەكی زمانی عەرەبیەو بۆباڵندە بەكاردێت، بەڵام لەكوردیدا، كە وەرگیراوە لەژێركاریگەری فۆنۆتاكتیكی زمانی كوردیدا بووە بە/ تەیر/، هەروەها بۆباڵندە جوانەكانی وەكو (فنجس، بولبول، كەناری،...)بەكاردێت، چونكە

---

[17] محەمەد مەجید سەعید، (2015: 118-123).

[18] محمد ڕەزا باتنی، (2015: 25).

[19] هێمن عەبدولحەمید شەمس، (2006: 129).

[20] بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر چۆنێتیی زاراوە دروستكردن، بڕوانە ( ڕۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی كوردیی، 2007)، (جەمال عەبدول، بەركولێكی زاراوەسازیی كوردیی، 2008)، (شەهاب شێخ تەیب، بنەماو پێكهاتەكانی زاراوە لە زمانی كوردییدا، 2012).

وشەی/باڵندە/مان هەیە بۆباڵندەكانی تر، لەبەرئەوەی لەزمانی كوردییدا كاتێك وشەیەك لەزمانێكی بێگانەوە وەردەگیرێت بەهەمان واتاوە وەرناگیرێت، كە لەزمانەكەی خۆیدا بۆی بەكارهاتووە، كەواتە نابنە هۆی دروستكردنی دووهێندەیی لەزمانی كوردیدا، چونكە ناتوانن هەمان ئەو نیشانانە هەڵبگرن، كە وشەیەكی كوردی هەیەتی بەرامبەربە شتێك، كەواتە كاتێك وشەیەك وەرگیرا بەرامبەر بەدیاردەیەك/حاڵەتێك وشەمان بۆی نەبێت، ئەوا دووهێندەیی دروست نابێت، ئەگەر بەواتایەكی نوێوە وەربگیرێت، بەهەمان شێوە دووهێندەیی دروست نابێت، ئەگەردووهێندەیی دروستنەكرد، ئەوا هەرگیز دووفەرهەنگیش دروست ناكات[21]، كەواتە زمانەكە خۆی رێگە بەدروستبوونی دووانەیی نادات، بەڵام ئەو وشانەی بۆ تەكنەلۆژیا بەكاردێت، فۆرم و واتای وشەكە وەردەگرێت وەكو (كۆمپیتەر، ئینتەرنێت، لاپتۆپ، ئایفۆن، مۆبایل، ...) لەم حاڵەتەشدا هەر دووانەیی دروستنابێت، چونكە ئەوانە زاراوەیەكی جیهانیین و نە فۆرم نە واتا بەرامبەر بەو ماددانە لەزمانەكەماندا نییە[22].

ئەو وەرگرتنانەی لەسەر ئاستی تاكەكەسی ڕوودەدەن، هەموو ئەو وشەو زاراوەو دەستەواژانە دەگرنەوە، كە شاعیران و رۆشنبیران و هونەرمەند ونوسەران و تەنانەت خەڵكانێكی ئاساییش لەزمانێكی ترەوە، یان بەكاریگەریی زمانێكی بێگانە وەریاندەگرن، هەندێكجار ئەم خواستنە چاولێكەرییە، یان لاسایی كردنەوەیەو هەندێكجاریش بۆ پڕكردنەوەی كەلێن و كەموكوڕییە، سەرەتا ئەم خواستنە لەسەر ئاستی تاك دەستپێدەكات و دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ كۆمەڵ و كۆمەڵیش بەكاریاندەهێنێت[23]، بەڵام مەرج نییە كۆمەڵ هەموو ئەو كەرەستانە وەربگرێت، كە لەلایەن تاكە كەسەوە دەخوازرێت بەڵكو تەنها ئەوانە وەردەگرێت، كە زادەی پێویستی و پڕكردنەوەی كەلێنی فەرهەنگیی زمانەكەیەتی، یان كاتێك كۆمەڵ ئەم خواستنە وەردەگرێت، كە هەست بكەن كەرەستەكە بۆشاییەكیان بۆ پڕدەكاتەوە لەكاتی گفتوگۆو ئاخاوتنی رۆژانەدا، ئەگەرچی لەرێگای سیستەمی دووپەلكی زمانەوە، فەرهەنگ و رێزمان دەبنە تەواوكەری زمان، بەڵام وەرگرتن و خواستنی وشەی بێگانە، كاتێك ڕاستەوخۆ دەچنە ناو فەرهەنگەوە، ئەو كەلێنانە پڕدەكەنەوە، كە لەفەرهەنگیی زمانی كوردییدا هەن، لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت، كە ئەوكاتە وشەیەكی بێگانە دەچێتە فەرهەنگەوە، كە كەلێنێك پڕبكاتەوە، ئەگەر وانەبێت ئەوا لەگەڵ وشەیەكی هاوواتای زمانەكەدا بەریەك دەكەون بۆنمونە[24]: /طعم-تام/، /طعنة-تانە/، /cover-كە وە ر/، /automobile – تومبیل/.....تاد.

هاتنی هەندێك وشەی بێگانە پەیوەست بەو شت و كەرەستەو بیرانەی، كە كورد وەكو لایەنی پیشەسازی و لەژینگەی كوردیدا بەرهەمی نەهێناون، بۆیە زۆرجار بەگۆڕانێكی كەمی دەنگییەوە، لەدەستی دووەوە پاش جێبەجێبوونی فۆنۆتاكتیكی زمانی بێگانە(بەتایبەت زمانی عەرەبی) هاتوونەتە نێو زمانی كوردییەوە[25]،

[21] بەكرعومەر عەلی- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (2011: 32).

[22] كامیل حەسەن بەسیر، (2013 :27).

[23] رۆژان نوری عەبدولا، (2007: 130).

[24] محەمەد مەجید سەعید، (2015: 121).

[25] محەمەدی مەحوی، (2010: 145).

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بوترێت، کە خواستنی وشەی بێگانە بەر پرۆسەی بەلیکسیمبوون دەکەوێت و دەبێتە لێکسیمی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت، بەڵام وشە قەرزکراوەکان مەرج نییە ببن بەلێکسیمی سەربەخۆ[26]. وشەیەکی وەکو/فۆرم/، کە لەزمانی ئینگلیزییەوە هاتووە، لەبنەڕەتدا واتای /شێوە/ی کوردیی و /شكل/ی عەرەبیی دەگەیەنێت، کەچی لەزمانی کوردییدا واتای (ئەو پارچە کاغەزەی، کە خۆراکی مانگانەی پێوەردەگیرێت) دەگەیەنێت، گۆڕانێکی گەورەو ڕیشەییە فۆرمەکەشی، ئەگەرچی لەشێوەدا گۆڕاوە بەکاریگەریی ڕێنوسەکە، بەڵام گۆکردنەکەی، هەمان گۆکردنی وشە بنەڕەتییەکەیە[27]، بەم شێوازە وەرگرتنی وشەی بێگانە ڕێگەپێدراوە، چونکە باری فەرهەنگیی زمان قورس ناکات و نابێتەهۆی دروستبوونی دووانەیی لەزماندا.

هەمانشتیش بۆ وەرگرتنی وشە لەدیالێکتەکانی تری زمانی کوردییەوە ڕاستە، چونکە هێنانی/وەرگرتنی وشەیەك لەدیالێکتێکی زمانەکەوە بەرامبەر بەدیاردەیەك، کە وشە هەبێت بۆی لەدیالێکتی وەرگردا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی لەناو زمانەکەداو ئالۆزی واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆنمونە هەبوونی وشەی/منداڵ/ لەزارێکی وەکو سۆرانیدا پێویست بەهێنانی وشەی/زاڕۆڵە/ ناکات لەهەورامییەوە یان/بەرسڤ/بۆ وەڵامدانەوە.

زمانی کوردی چەند دیالێکت و بەشەدیالێکت و شێوازی قسەکردنی جیاوازی هەیە، کە دەبنە هۆی دروستبوونی چەندین زاراوە بۆ هەمان واتا بەکاربێت، ئەمەش خۆی یەکێکە لەوکێشانەی، کە پێویستە چارەسەر بکرێت و ئەو زاراوانە یەکبخرێن، مەرجی سەرەکی وەرگرتنی وشە لەزارێکی ترەوە ئەوەیە، کە ئەو زارە کەلێنێکی پێ پڕبکاتەوەو وشەی نەبێت بەرامبەر بەو دیاردەیە، گەر وا نەبێت، ئەوا هێنانی وشەی زارێکی دیکە بەهەمان واتاوە کەلێنی فەرهەنگەکە پڕناکاتەوە، سوود وەرگرتن لەشێوە زارە ناوچەییەکانی زمانی کوردی بۆدەوڵەمەندکردنی زاراوەی نوێیاومان، بێگومان کارێکی پەسەندو ڕەوایە، بەڵام نابێ بە هەڕەمەکی و سەرپێیی و لابەلا ئەنجام بدرێ، نمونەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووداوە زمانییە لەزمانی کوردییدا، کە پەیوەندی بەکێشەی زاراوەسازییەوە هەبێت وشەی /ترس/و /زراوچوون/ە، ئەم دوو وشەیە ئێستا لەدووشێوەزاری زمانی کوردیدا بۆ یەك واتا بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئەم پرسیارە لەلای ئێمەوە لەشێوەی لوڕی و کرمانجی خواروودایە، دەتوانین بەو وەڵامە چارەسەری ئەم کێشەیە لەفەرهەنگی زاراوەی کوردییدا بکەین و بڵێین: بەرامبەر بەزاراوەی "الخوف"ی عەرەبی زاراوەی"ترس"دەست دەدات و بۆ وەرگێڕانی زاراوەی "الفزع" زاراوەی "زراوچوون" لەشێوەی لوڕیدا پڕبەپێستی خۆیەتی، هەروەها/ئەستێرە/ بەرامبەر / نجم/و /هەسارە/ بەرامبەر /کوکب/ی عەرەبی دابنێین، هەروەها وشەی /قرژاڵ/بەرامبەر /سرطان النهر/و /خەرچەنگ/ بەرامبەر بە/سرطان البحر/ی عەرەبی دابنێین.

لەبەر تیشکی ئەم نموونانەدا، دەتوانین سوود لەدیالێکتەکانی زمانی کوردی وەربگرین و چارەسەری کێشەی نەبوونی هەندێ زاراوەی نوێیاو لە فەرهەنگی زاراوەی نەتەوایەتیماندا بکەین، ئەگینا ئەگەر بێت و بەبێ لێکدانەوە واتای وشە

(26) محەمەد مەجیدسەعید، (2015: 128).

(27) محەمەد مەجید سەعید، (2015: 126).

ناوچەییەکان و بە بەراوردکردنی ماناکانیان ، بەسەرپێی و لابەلا وشەی هەندێ زاری کوردی بەسەر فەرهەنگی زاراوەی نوێیاومان بسەپێنین، ئەوا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی، بەڵام ئەمە لایەنێکی خراپی دروسبوونی دووهێندەییە، چونکە ئەگەر لە زارێکی زمانەکەوە وشەیەك وەرگرین بەرامبەر بە شتێك، کە زارەکە خۆی وشەی هەبێت بەرامبەر بەو شتە، ئەوە کارێکی باش نیە، چونکە بەبێ ئەوەی بمانەوێ باری زمانی کوردیی بە خولَقاندن و دروستکردنی زارێکی نوێ، قورس دەکەین و زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەمان لەیەکتر دەپچڕێنین[28].

**4.ململانێ (conflict)**

چەمکی ململانێ لە چەمکە ئاڵۆزەکانەو بە ئەستەم دەتوانرێت سەرجەم ڕەهەندەکانی دیاری بکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی شێوازی ململانێکان دەشێت هەندێك کات تاکایەتی و دەروونی بێت، هەندێك کاتی تر کۆمەڵایەتی بێت، یاخود دەشێت ململانێکان پەیوەندیان بە بواری ڕێکخستن، یان ململانێی سیاسی و ئایدۆلۆجی و ئاینی و نێودەوڵەتیەوە هەبێت. زانستی کۆمەڵناسی وا دەڕوانێتە ململانێ، کە هەموو پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکراو دوو کەس یان دوو لایەن بەشداری تیادا دەکەن، هەر لایەك هەوڵدەدات و تواناکانی خۆی بەکاردەخات بۆ بردنەوە و کۆنترۆڵکردن و تێکشکاندن و بەزاندنی لایەنی بەرامبەر، بۆیە هەموو تواناکان و میکانیزمە شیاوو بەردەستەکانی دەخاتەگەڕ بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکەی. دەربارەی تیۆری ململانێش، تێڕوانینی جەوهەری ئەوەیە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام ئەم زیندەوەرە هەمیشە لەبەردەم ئەگەری ململانێدایە، ئەمەش لەبەرئەوەی فشارکردنی توندوتیژیانە هەمیشە ئەگەرێکی بەهێزەو سەردەکێشێت بۆ ململانێیەك لەشێوەی دژایەتی کردندا.

ململانێ دیاردەیەکی حەتمیە و هەردەبێت سەرهەڵبدات لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، وە تاکەکانی ناو دامەزراوەکان بەردەوام لە ململانێدان یەك لەگەڵ ئەوی تردا، وە ئەو پرۆسە و ڕێکارە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگا دەیانگرێتە بەر لەڕووی تەواوکاری کۆمەڵایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگادا، بەمەبەستی ڕێگری کردن لە ڕوودانی ململانێ یاخود کەمکردنەوەی هیچ دەرئە نجامێکی نابێت و ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت یان کەم بکرێتەوە[29]، بۆیە ئەمانەوێ ململانێی تاك و ململانێی کۆمەڵایەتیی ڕوونبکەینەوە، لەسەر دانانی زاراوە بەرامبەر بەدیاردەیەك، واتە ڕۆڵی تاکگەرایی لەسەر بڕیاردان بۆ دروستکرنی زاراوەی زانستیی و یەکدەنگیی بەکارهێنانی ئەو زاراوەی، کە تاکی شارەزای بوارەکە بڕیاری لەسەر دەدات، یان ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی لە پەسەندکردنی بەکارهێنانی زاراوەیەك بەرامبەر بە چەمکێك، کە ئەمە دووئاستی سەرەکیی ململانێیە، لەخوارەوە باسەکە بەوردیی و بە نموونەوە دەخرێتەڕوو

**1/4 تاکگەرایی لە دروستکردنی زاراوەدا**

(28) کەمال جەلال غەریب، (2012: 125).

(29) سەروەر سابیر مەحمود، (2017: 36).

هەندێك جار چەمكی ململانێ بە واتای تایبەت بەکاردەهێنرێت، كە لە جۆرەکانی تری ململانێ جیاوازەو ئاماژەیە بۆ نەبوونی گونجان و هارمۆنیەت لە بەهاو پێوەرەکانی تاك ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی ترس و دڵەڕاوكێیەكی سۆزداری، دیاردەی ململانێی نێوان تاكەكان يەك لەگەڵ ئەوی تر، یان ململانێی تاكە لەگەڵ كەسێكی تر لەناو دامەزراوەیەكدا، هۆكاری سەرەكی ئەم جۆرە ململانێیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی تايبەتمەندی و سیفاتە كەسیەكان، كە بنەمای سەرەكین بۆ جیاوازیی فكری و فەلسەفی و كلتووری و پەروەردەیی و ژینگەیی ... هتد[30]. مەبەستی سەرەكیی توێژینەوەكە، جەخت خستنەسەر ململانێیە لەنێوان تاكەكان بەمەبەستی دانانی زاراوە بەرامبەر بە دیاردەیەك یان بابەتێكی زمانەوانیی، چونكە هەوڵی تاكەكەسی بەسەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگیی زمان دادەنرێت، چونكە بەهۆی ئەم هەوڵە تاكەكەسیانەوە چەندین زاراوەی نوێیاو هاتوونەتە ناو فەرهەنگی زمانی كوردییەوەو دەوڵەمەندیان كردووە، لێرەدا هەندێك نمونە لەو زاراوانە دەهێنینەوە، كە بەهەوڵی تاكەكەس و كەسانی پسپۆڕ دانراون، وەكو("پەرچەكردار"، "جیهانبینی"، "دووانەییەكان"، "وابەستەیی"، "شێوازگەرا"،....)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەوڵە تاكەكەسیانە نابێ بەرەهایی و بێ لێپرسینەوە ئەنجام بدرێت، چونكە یەكێك لەوكێشانەی، كە بەهۆی هەوڵی تاكەكەسییەوە دێنە بەردەم زاراوەسازیی كوردیی، ڕێكنەكەوتنی پسپۆڕانە لەسەر زاراوەیەك و سەرهەڵدانی بیروڕای جیاوازە، تائێستا چەندین زاراوەی جیاجیا بۆ بەشەكانی زمانی كوردیی كەوتووەتە سەرزارو ناو نوسینەوە، بۆنموونە بۆ یەك ناونیشان دووسێ زاراوەی بۆدانراوە[31]، كە هەر زاراوەیەك پێشنیازی یەكێك لەشارەزایانی زمانی كوردییە، بۆنمونە زاراوەی " فرمان " لەلایەن (ئەوڕحمانی حاجی مارف) و زاراوەی "كار" لەلایەن (محەمەد مەعروف فەتاح) و زاراوەی "كردار" لەلایەن (محەمەدی مەحوی)ەوە، بەرامبەر بەزاراوەی "فعل/ verb " بەكاردێت، كە هەریەكەیان بەتێڕوانینی خۆی ئەو زاراوەیە بەشیاو دەزانێت بەرامبەر بەو بابەتە، بەڵام دانانی یەكێك لەوزاراوانە و هەڵبژاردنی شیاوترینیان بە پێوەری زانستیی، پێویستی بە پاڵپشتیی كۆمەڵایەتیی دەبێت، بۆئەوەی ڕێگریی لە دروستبوونی جووت زاراوە بكرێت و شیاوترینیان لەلایەن كۆمەڵەوە پەسەند بكرێت، بە پێوەری نیشانەی واتایی لەهەریەك لەوزاراوانە، زاراوەی "كردار" شیاوترینیانە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، كە تاكگەرایی لە دانانی زاراوەدا دروست نابێت، كە هەموومان بچینە ژێر فەرمانی ئەوەوە، چونكە بەرهەڵستی زۆری دێتە پێش، لە ئێستادا تاكێكی وەكو (محەمەدی مەحوی) تاكێكی زانستیی بەهێزە، بەڵام تاكێكی كۆمەڵایەتیی بەهێزنیە، چونكە زاراوەی زانستیی بەهێز دادەنێت بەرامبەر بە بابەتەكانی زمانی كوردیی، بەڵام لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە نەیاری بەكارهێنانی زاراوەی بۆدروست دەبێت، كە ئەمەش بۆخۆی هۆكارێكی سەرەكیی دروستبوونی جووت زاراوەیە لە زمانی كوردییدا، ئەگەر بڕوانیتە نمونەی (4) بەكارهێنانی چەندین زاراوەیە بەامبەر بە یەك واتا، وكو:

4) - "زانكۆ"، " زانستگا "

---

[30] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ململانێیی تاك، بڕوانە، Joyce L. Hocker، nterpersonal Conflict (2017)

[31] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زاراوەسازی بڕوانە، ڕۆژان نوری عەبدوڵا، (2007).

- "شاعیر", "هەستیار", "هۆنەر"
- "شیعر", " هەڵبەست", " هۆنراوە"
- "بکەر", "کارا"
- "دروستە", "پێکهاتە" ، "ڕۆنان"
- "ئاوەڵکردار", "ئاوەڵکار", "ئاوەڵفرمان"
- " کردار", " کار", "فەرمان"
- "خوازە", " خواستن ", "ئاوەڵواتا", "میتافۆڕ"
- "ڕوخسار", "فۆڕم", "شێوە", "شکڵ"
- "ئامرازی پەیوەندی", "پریپۆزشن" ، "فرێزی پێشناویی"

پێویستە پسپۆڕانی زمانی کوردیی یەکگرتووبن لەبڕیارەکانیاندا لەسەر بناغەی تێگەیشتن لەچەمکی زاراوەو قوڵبوونەوە لەواتای زاراوەکان کارەکانیان ئەنجام بدەن، و بۆ ئەم مەبەستە بڕیاردان بۆ پەسەندکرنی زاراوەیەکی زانستیی، پێویستی بە پاڵپشتی کۆمەلایەتیی و بەکارهێنانی زاراوەکەیە لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەوە، ڕۆژانە هەریەك لە ئێمە چەندین زاراوە بەکاردەهێنین بەبێئەوەی بزانین کێ خاوەنی دانانی زاراوەکەیە، ئەوەی پێویستە بزانرێت ئەوەیە، بە پێوەری زانستیی کامەیان شیاوترینە بۆ بابەتەکە بەکاری بهێنین و چارەسەری گرفتیی جووت زاراوە بکەین لە زمانی کوردییدا[32].

تەنانەت هەندێکجار ئەو زاراوانەی بەهەوڵی تاکەکەس پێشنیازدەکرێن، هەندێکیان سەرکەوتوو دەبن، بەلام هەندێکی تریان پەسەند ناکرێن و لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەوە توانای ڕۆشتنیان نییە، وەکو زاراوەی "خەپلە" بەرامبەر بە "حەب"ی عەرەبیی پێشنیاز کراوەو نەڕۆشتووەو بەکار نایەت. هەروەها هەندێك زاراوە ماموستا ( مەسعود محەمەد ) پێشنیازی کردووە هەندێکیان پەسەندکراون، وەکو: زاراوەی "دادگا" بەرامبەر بە "محکەمە" و زاراوەی "داواکار" بەرامبەر بە "مدعی"[33]، بەلام هەندێك زاراوەی تر هەیە لای کۆمەڵێك بۆ شتێك بەکاردێت و دەچێتە فەرهەنگیی تاك و چین و توێژەکانیشەوە، بۆنموونە /گەلا/ لەفەرهەنگی ئەو کەسانەی کاری گۆڕینەوەی دراو دەکەنبۆ (دۆلاری ئەمەریکیی) بەکاردێت، کەچی ئێستا چووەتە فەرهەنگیی زمانەوە[34].

یەکێك لەو میکانیزمانەی هەمیشە لەدوای سەرهەڵدانی ململانێکان باسی لێوەدەکرێت چەمکی سازانە (Accommodation)، پرۆسەیەکە دەتوانرێت لەڕێگایەوە ململانێکان بەشێوەیەکی کاتی یان بەردەوام کەمبکرێتەوە و هاوکاری لێك نزیك کردنەوەی بۆچونە جیاوازەکانی نێوان تاکەکان دەکات لەڕێگای وەستاندنی ناکۆکیەکانەوە، یان لەڕێگای ملکەچکردنی لایەنێك بۆ لایەنەکەی تر . ئەم زاراوەیە پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی بەکاری دەهێنن بۆ گوزارشت کردن لە

(32) بژوێن یەحیا محەمەد ، (2016: 74).
(33) مەسعود محەمەد، (2011: 55).
(34) ڕۆژان نوری عبداللە، (2007: 239)

پرۆسەی ڕازیکردن و ڕێکەوتنی نێوان لایەنە کێبڕکێکار و ململانێکارەکان، جا دەشێت لایەنەکان دوو کەس یان دوو گروپ یان زیاتر بن. واتا دەکرێت بڵێین سازان پرۆسەی کۆتایی پێهێنانی کێبەرکێ و ململانێیە لەنێوان لایەنەکان، لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە هەوڵدەدرێت جارێکی تر پەیوەندییەکان بەشێوازێکی تازەو لەسەر بنچینەیەکی نوێ دابڕێژرێتەوە بەمەبەستی جیاکردنەوەی خاڵە لێکچوو جیاوازەکانی نێوانیان، ئەم پرۆسەیەش ئەنجام دەدرێت لەڕێگای یەکخستنی ئامانجەکان و دووبارە داڕشتنەوەی ئەرك و مافەکان، یان ڕێکەوتن لەسەر بنەمای دروستکردنی پەیوەندیی نوێ بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی نێوان لایەنەکان لەڕێگای نێوەندگیری یان هەر ڕێگاچارەیەکی تر.

لێرەدا ئەوەی شایانی باسە ، لەبەرچاوگرتنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی ململانێیە، تیۆری کارلێك پێی وایە ململانێ شتێکی ئەرێنییە، چونکە هەردوولا شتێك بەدەست دەهێنن، دامەزراوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەبێتە هۆی ژیانەوەو کاراکردنی دامەزراوەکە، وە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکە بە باشترین شێوە، بڕواشیان وایە ململانێ لە ئاستێکی نزمدا شتێکی سروشتیە، بەڵام پێویستیە.

لەڕووی نەرێنیەوە ململانێ دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگەکان و ڕووخان و کاولکاری و پارچە پارچەکردنی بەشەکان لەو کاتەی ناتوانن بەرگری پێویست لەخۆیان بکەن، وە هەروەها دەبێتەهۆی ڕاوەستانی چالاکیەکان و کۆکردنەوەی ڕق و کینەو دووبەرەکی تا دەگات بە شەڕو کوشتارو کاولکاری لەنێوان تاکەکان و گروپەکاندا . پێویستە پسپۆڕانی زاراوە دانان و نوسەران و زمانەوانانی کورد، لەسەر بناغەکانی تێگەیشتن لە چەمکی زاراوە بۆ مەبەستێك و تاکە واتایەك، تەنیا یەك زاراوە دەستنیشان بکەن، ئاگایان لەیەکتر بێت و بە کۆدەنگیی بڕیار لەسەر دانانی زاراوە بدەن[35].

### 2/4 ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی

ڕۆڵ بە چەمکێکی بنەڕەتی دادەنرێت لە زانستی کۆمەڵناسیدا، لەبەرئەوەی ڕۆڵەکان ئەڵقەی پەیوەندین لەنێوان تاك و گروپدا، کۆمەڵگاش پێکدێت لە چەندین ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، کە دەکرێت توێژینەوەی ڕەفتاری تاکەکانیش بکرێت لەڕێگەی ئەو ڕۆڵانەی ئەنجامی دەدەن لە چوارچێوەی گروپدا، گرنگیی توێژینەوەکردن لەسەر ڕۆڵ و پێگەکان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە هاوکارێکی باشن بۆ تێگەیشتن لە بوونیادی کۆمەڵایەتی . لەڕاستیدا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پێکدێت لەو بنەماو پێوەرانەی ڕەفتاری تاکەکان بۆی ملکەچ دەبن بەگوێرەی ئەو پێگەو ئەرکە تایبەتەی پێیان دەسپێردرێت بەگشتی یان لەناو گروپێکی دیاریکراو لە خەڵکیدا.

هەرلە سەرەتای دروستبوونەوە جیاوازیی هەیە لەنێوان ئەو ئەرکانەی، کە تاکەکان بەجیا یاخود بەشێوەی گروپ ئەنجامی دەدەن، لەبەرئەوەی تاکەکان هەریەکەیان بەشداریەکی دیاریکراو و تایبەتی هەیەو جیاوازە لە بەشداری ئەوانی تر. تەنانەت لەناو گروپە بچوك و سەرەتاییەکانیشدا توێژینەوەکان سەلماندویانە ئەم دابەشکاریە ئەرکیانە هەستیان پێدەکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی هەر لە بنەڕەتدا دابەشکردنی ڕۆڵەکان لەنێوان ئەندامانی گروپێکدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات

---

[35] سەروەر سابیر مەحمود، (2017: 43).

و پێویستیە دەروونی و ماددیەکانی ئەندامانی گروپەکە پڕدەکاتەوەو هاوکاریەکی باشە بۆ گەیشتنی گروپ بە ئامانجەکانی لەڕێگەی ئەو ئەرك و ڕۆڵانەی دەکەوێتە سەر شانی تاکەکان بەپێی بواری پسپۆڕی و ئەو شارەزایی و لێهاتوویەی وەریان گرتووە[36].

شایانی باسە ئەو هەوڵە تاکە کەسییانەی لەسەرەوە باسیان لێوەکرا بەمەبەستی دانانی زاراوە، پێویستی بە پاڵپشتی تەواوی کۆمەڵایەتیی هەیە، کەواتە بڕیاری کۆمەڵایەتیی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ نەهێشتنی یان ڕێگری کردن لە دروستبوونی جووت زاراوە لەزماندا، چونکە تاکگەرایی هەوڵێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام پێویستی بە پاڵپشتییەکی تەواوی لایەنی کۆمەڵایەتیی و سیاسی و دەزگای ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی و ... هەیە، بۆئەوەی ئەو زاراوەی بەگونجاوی دەزانێت لەناو کۆمەڵدا بڕوات و بەکاربهێنرێت و نەیاری بەکارهێنەرانی زاراوە نەتوانن ببنە ڕێگر لەبەردەم بەکارهێنانی زاراوەکەدا.

هەروەها سەرەڕای جیاوازی تاك بۆ دانانی زاراوە لەزماندا، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەڕووی جێندەرو تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی کێشەی دانانی زاراوە دروست دەکەن بۆنموونە کۆمەڵێك زاراوە هەیە هاوبەشە لەنێوان هەردووڕەگەزەکە، وەکو"مامۆستا"، "قوتابی"[37]، بەرگدوور"، "فەرمانبەر"، "نووسەر"، ئەم زاراوانە نیشانەیان لێنەدراوە بۆ جیاکردنەوەی جێندەر[38]، بەڵام کۆمەڵێك زاراوەی تر هەیە، کە پیشەیەکی تایبەتەو نیشانەکراوە بۆ یەکێك لەڕەگەزەکان، بۆنمونە"چێشت لێنان" پیشەیەکی تایبەتی ڕەگەزی مێیەو "شۆفێری تاکسی" پیشەیەکی تایبەتی ڕەگەزی نێرەو نیشانەکراوە، هەروەها وشەی جنێودان بۆ ئافرەتی ئارەزووباز لەگەڵ جنێودان بۆ پیاوی ئارەزووباز جیاوازە، بۆنمونە بۆ ئافرەتی ئارەزووباز وشەکانی/سۆزانی/، /لەشفرۆش/ بەفراوانی بەکاردێت[39]، هەرگیز ئەو وشانە بەرامبەر بە پیاو بەکارنایەت، چونکە وشەی/شەواڵ پیس / بەرامبەر ئەوجۆرە پیاوانە بەکاردێت[40]، هەروەها زاراوەی " قەحبە" تایبەتە بە ئافرەتی ئارەزووباز و بەرامبەر بەم زاراوەیە ڕێك زاراوەی " حیز" بۆ پیاوی ئارەزووباز بەکاردێت، بەڵام ئەم زاراوانە هەرچەندە نیشانەکراون، جیاوازی جێندەری لەناو کۆمەڵدا کاڵبوەتەوە، چونکە ئەو زاراوانەی، کە پێشتر تەنها بۆ یەکێك لەڕەگەزەکان بەکاردەهات، ئێستا بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بەکاردێت، تەنانەت پێشبینی دەکرێت، کە نیشانەکردنی جێندەری

---

[36] سەروەر سابیر مەحمود، (2017: 47)

[37] بڕوانە، عەبدالواحید موشیر دزەیی، (2010).

[38] بڕوانە ،ئاڤێستا کەمال مەحمود ،( 2012: 153)

[39] بەکارهێنانی ئەو وشانە "جوان-بەخش"ن، چونکە بەکارهێنانی وشەی/قەحپە/ و / حیز/ تابووە، بۆزانیاری زیاتر لەسەر وشەی تابوو ، بڕوانە ، شاخەوان جەلال فەرەج، (2011).

[40] کریستین نۆردنستام، و/غازی عەلی خورشید، (2009: 35).

لەکۆمەڵێك زاراوەی تریشدا نەمێنێت بەهۆی کاڵبوونەوەی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ، بۆنمونە"فیتەر"، "باخەوان"، "قەساب"[41].

ئەوەی لەکۆتاییدا توێژینەوەکە جەختی لەسەردەکاتەوە ئەوەیە، کە کێشەیەکی زیندووی کۆمەڵگای ئێمە فرە زاراوەییە لەناو زماندا، چونکە هەرکەسەو بەپێوەری خۆی زاراوەیەك دادەنێت بەرامبەر بە بابەتێك، بۆیە ئەم کێشەیە پێویستی بەچارەسەرێکی گونجاو هەیە، یان ئەبێت بەپێی تیۆری سیمانتیکی پێکهێنان چارەسەری جووت زاراوە بکرێت، کە ئەم تیۆرییە بەپێی شیکردنەوەی نیشانەواتاییەکان نابێت دوو وشە یان دو زاراوە هەڵگریی هەمان نیشانەی واتایی بن، کە ڕێگەیەکی زانستیی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، یان ئەبێت لایەنی کۆمەلایەتیی ڕۆڵی هەبێت لە پشتگیریی کردنی تاکگەرایی لەدانانی زاراوەدا بە پێوەری زانستیی، چونکە ئەبێت دوای ڕێچکە زانستییەکە بکەوین و تێڕوانینی کۆمەلایەتیی جیابکەینەوە لە تێڕوانینی زانستیی، بۆئەوەی ئەنجامێکی زانستیی بەدەست بێت[42].

سەرەڕای هەموو ئەوانەی باسکران و خرانەڕوو بۆ یەکخستنی زاراوە، ئەگەر پەسەند نەبوون، ئەوا توێژینەوەکە پێشنیازی ئەوەدەکات، کە باشترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی گرفتی جووت زاراوە لەزمانی کوردییدا، پێکهێنانی لیژنەیەکی زانستییە لەسەر ئاستی ئەکادیمیا، کە لە کۆمەڵێك ئەندامی پسپۆڕ لەسەر ئاستی هەموو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتبێت، بۆ بڕیاردان لەسەر زاراوەیەکی دروست و زانستیی بەرامبەر بە هەر دیاردەیەك یان بابەتێك، کە پێویست بکات زاراوەی بۆدابنرێت.

## ئەنجام

1- هیچ وشەیەك لەزماندا هەڵگری هەمان نیشانەی واتایی وشەیەکی تر نییە، ئەگەر بەنیشانەیەکی واتایی بچوکیش بێت جیاوازن، چونکە یەك نیشانەی واتایی جیاکەرەوە وادەکات وشەکە واتای نوێ بگەیەنێت، بەلام بەکارهێنانی دووانەیی لە وشەدا کاتێك ڕێگە پێدراوە، کە بۆ گەیاندنی واتای جیاوازبێت، واتە هەمان فۆرم بەکاربهێنرێتەوە بۆ نیشانەکردنی یەکێك لەو نیشانە سیمانتیکییانەی لە وشەکەدا هەڵگیراوە، کەواتە فۆڕمەکە بەکاردەهێنرێتەوە بۆئەوەی واتایەکی تر بگەیەنێت، هەربۆیە دروستبوونی لەم جۆرە لە دووانەیی لەزماندا ڕێگە پێدراوە، چونکە بۆهەمان واتا بەکارنەهاتووەتەوە، بەڵکو بۆ گەیاندنی واتای جیاواز بەکارهاتووەتەوە.

2- دووانەیی لە زاراوەسازییدا ڕێگەی پێنادرێت، تەنها لە حاڵەتێکدا دووانەیی لەزاراوەسازییدا گونجاوە، کە لە ئاستی زانستییدا بێت، واتا بەهۆی پێشکەوتنی زانستییەوە بێت و باگراوەندی زانستیی لە پشتەوەبێت.

3- وەرگرتن و خواستنی وشەی بێگانە بۆ ئەو کەلێنەیە، کە زمانەکە فۆڕمی بۆ دانەڕشتووە، واتا زمان هەرگیز فۆڕم بەرامبەر بەواتایەك وەرناگرێت، کە فۆڕمی هەبێت بەرامبەری، تەنانەت فۆڕمەکەش، کە بۆ واتای نوێ وەردەگیرێت، دەخرێتە ژێر فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوە، لەوەوە وەرگرتن و خواستنی وشەش دەبێتە جێگرەوەی مۆرفۆلۆژیانە، بۆئەوەی دەروازەی

[41] شوکر گەلالی، گۆڤاری زماناسی، ژمارە(10)، (2010: 95).

[42] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جیاوازی کۆمەلایەتیی، بڕوانە، بژوێن یەحیا محەمەد، (2016).

فەرهەنگیی زمان بەڕووی وشەی بێگانەدا بکرێتەوە، دەبێت بەپێی تیۆری سیمانتیکی پێکهێنان ڕێگە بە هاتنە ناوەوەی وشەو زاراوە بدرێت، لەبەرئەوەی وشە وەرگیراوەکە دووانەیی لەزماندا دروست نەکات.

4- بۆ وەرگرتنی وشە لە زارێکی ترەوە، مەرجی سەرەکیی ئەوەیە، کە ئەو زارە کەلێنێکی پێ پڕبکاتەوەو وشەی نەبێت بەرامبەر بەو دیاردەیە، گەر وا نەبێت، ئەوا هێنانی وشەی زارێکی دیکە بەهەمان واتاوە کەلێنی فەرهەنگەکە پڕناکاتەوە.

5- تاکگەرایی بۆ دانانی زاراوە لەزمانی کوردییدا دروست نابێت، کە هەمووومان بچینە ژێر فەرمانی ئەوەوە، چونکە بەرهەڵستی زۆری دێتە پێش، هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەیاری بەکارهێنانی زاراوەی بۆدروست دەبێت، کە ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی سەرەکیی دروستبوونی جووت زاراوەیە لە زمانی کوردییدا.

6- دەبێت لایەنی کۆمەڵایەتیی ڕۆڵی هەبێت لە پشتگیریی کردنی تاکگەرایی لەدانانی زاراوەدا بە پێوەری زانستیی، چونکە دەبێت دوای ڕێچکە زانستییەکە بکەوین و تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی جیابکەینەوە لە تێڕوانینی زانستیی، بۆئەوەی ئەنجامێکی زانستیی بەدەست بێت.

7- دوا ئەنجامی توێژینەوەکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی جووت زاراوە، پێشنیازکردنی لیژنەیەکی زانستییە لەسەر ئاستی ئەکادیمیی، کە پێکهاتبێت لە کۆمەڵێك ئەندامی پسپۆڕی زاراوە دانەری زانستیی ، لە ئاستی هەموو زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا بێت.

### سەرچاوەکان


- ئاڤێستاکەمال مەحمود (2012)، پرۆسەسایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا ، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- بژوێن یەحیا محەمەد (2016)، نواندنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردییدا، نامە ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی.
- بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2011)، سنوری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ31.
- تریفە عومەر ئەحمەد (2013)، پراگماتیکی فەرهەنگی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- تریفە عومەر ئەحمەد (2015)، زانیاری پراگماتیکی لەکرداردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ46.
- سەروەر سابیر مەحمود (2017)،سروشتی ململانێی ڕۆڵ و پەیوەندی بە پاڵپشتی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی.
- شاخەوان جەلال فەرەج (2011)، تابۆ وەك نمونەیەکی نێوان زمان و کلتور، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- شوکر گەلالی (2010)، واتای وشە، گۆڤاری زمانناسی، ژ10.
- شەهاب شێخ تەیب (2012)، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- عەبدلواحید موشیر دزەیی (2014) ، ڕێزمانی کوردی (وشەسازی و ڕستەسازی) ، هەولێر .

- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2012)، ئاوەڵكردار لە فەرهەنگ و سینتاكسی زمانی كوردیدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ
- فاروق عومەر سدیق (2011)، لەدایكبوونی وشە، چاپی یەكەم، سلێمانی.
- كامیل حەسەن بەسیر (2013)، بەراوردكارییەك لەنێوان زمانی كوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، هەولێر .
- كەمال جەلال غەریب (2012)، پرۆژەی زاراوەی زانستی كوردی، چاپی دووەم، هەولێر.
- كریستین نۆردنستام (2009)، و: غازی عەلی خورشید، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، هەولێر.
- جەمال عەبدول (2008)، بەركولێكی زاراوەسازی كوردی تەلاشێكی تری زانستاندنی زمانی كوردی، چاپی دووەم هەولێر.
- هێمن عەبدولحەمید شەمس (2006)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە كۆمەڵایەتیەكاندا، نامەی ماجستێر ، زانكۆی كۆیە.
- محەمەدی مەحوی (2009)، زانستی هێما " هێما، واتاو واتالێكدانەوە، بەرگی یەكەم ودووەم، سلێمانی.
- محەمەدی مەحوی (2010)، مۆرفۆلۆژی و بەیەكداچونی پێكهاتەكان (مۆرفۆلۆژیی كوردی)، بەرگی یەكهەم، سلێمانی.
- محەمەد ڕەزا باتنی (2015)، و: ئاكۆ عەبدولاكەریم، دەربارەی زمان، چاپی یەكەم سلێمانی.
- مەسعوود محەمەد (2011)، زاراوەسازیی پێوانە، چاپی دووەم، هەولێر.
- محەمەد مەجید سەعید (2015)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێكسیێمبوون، نامەی ماجستێر، زانكۆی سلێمانی.
- موحازەرەی پرۆفیسۆر د. محەمەدی مەحوی، زانكۆی سلێمانی پسپۆر لە زانستی زمانی كوردیی، كە لەساڵی 2015 لەژێر ناونیشانی (لێكسیكۆگرافی) دا، وتوویەتییەوە .
- چاوپێكەوتن ، جەبار مستەفا مەعروف، 2018/3/6)
- Haritini kallergi (2015), Reduplication at the word level .
- Martin haspelmath – Andrea D.sims (2011), Understanding morphology, Second edition, British.
- Phil (1992), The representation of lexical semantic information.

- https://www.google.com/search?tbm=bks&q=lexm#q=lexeme+definition

**Abstract**

This study (Term between scientific and social conflicts), Tries to unify the dialects and eliminate the doubling use of term in Kurdish language, Reduplication means reusing and doubling lexical items of language, which replaces morphology and considered as another form of word construction. This is acceptable in language, when the word is being used to convey new meaning, because according to semantic feature theory no word carries the same meaning in a specific language or are least they are slightly different. Thus, this is a way to eliminate doubling in language, but the present study has reached to the point that morphological doubling in language is suitable when the form is used for a different symbol and convey a new message a messaging.

However, doubling in dialect which is the focus of the study, will not be allowed except in one case, which is scientific development. In another words, doubling in terms is acceptable when it has a scientific background. Moreover, concerning putting terms, individualism has an important Role, only if correct and scientific terms parallel to a language subject and supporting these efforts by people to eliminate doubling use of term in language, since unifying terms needs social aid and support, as it is necessary to follow the scientific approach and differentiating social viewpoints from scientific ones with a scientific criterion to achieve a proper, right and scientific result.

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.374

# دیاریکردنی بونیادی واتا پەیوەست بە بونیادە تەسەورییەکان

شیلان ئەحمەد ئیسماعیل

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان
Kakany80@gmail.com

## پوختە

ئەم لێکۆلینەوەیە لە دوولایەنەوە رۆلێکی سەرەکی هە یە یە کەمیان زانستی زمان و دووەمیان فەلسە فەی زمانە ،بۆیە لێرەدا بە رانبەر پرسیارێکی گرنگیین ،ئایا بونیادی ( واتا )لە زمانی مرۆڤدا چۆنە ، مرۆڤ ئە و شتانەی بەرێگەی ئۆرگانە کانە وە پەیپێدەبات ،یان مەعریفە یەکی هەیە دەربارەی ، بە چ شێوەیەك دەتەانێت دەرییبرێت و لە بارییە وە قسە بکات ،،دەکرێت ئە وپرسیارە، لە چواچێوەی زانستی زمانی درککردن بە تێڕوانینێکی سایکۆلۆجیانە بخرێتە روو بۆ ئە وەی هەردوو بواری فە لسە فەی زمان و زانستی زمان بگرێتە وە ، پرسیارەکە بەم شێوە دەخرێتە روو ،ئایا بونیادی زمانی و واتایی بە چ شێوازێك دەتوانێت درککردنی هەستی ومەعریفە ی قسە کەر ئاشکرا بکات ، لە بارەی پەیوەندی پێرەوی چەمکی وئەزموونەکان پێشنیازی تیۆریی بونیادی تە سەوری دەکرێت بۆ ئاشکرا کردنی پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیکی و تە سەوری ، لێکۆلەر میکا نیزمی پێویست بۆ روونکردنە وەی ئەو گریمانەو لێکدانەوانە لە دوو بەشی سەرەکییدا دەخاتە روو:

لە بە شی یە کەمدا /لێکۆلەر باس لە پێرەوی چەمکی /تە سەوری دەکات ،وەکو میکانیزمێك بۆ پێکەوە گونجاندنی فۆرمە زمانییە کان و فۆرمە نازمانییە کان بە تایبەتی ئە زموون ، هەموو ئەو هەولانە بۆ روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان زانیارییە زمانی و نازمانییە کان ئەمرۆ لە چواچێوەی زانستی زمانی درککردندا ( cognative )لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت ،لەم نێوانە دا تیۆریی سیمانتیکی تە سە وری[1] ( conceptual semantic ) پەرەی سەندوو وەکو تیۆرییە کی زمانی فراوانی لێهاتووە و تێدا باس لە پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیکی و بونیادی تە سە وری دەکرێت

لە بەشی دووەمدا / گرفت لە دیاریکرنی سنووری نێوان بونیادی واتایی وشە کان لە زمانی کوردیدا دەخرێتە روو ،کە ئەم گرفتانە وابەستەی هە مە جۆری و جیاوازییە لە بونیادە تە سەوریی و کەلتووری قسەکەری کوردو و بە پێی ئەزموونی تاکە کەس دەگۆرێت . بۆ پێشکردنی باشرین مۆدێلی دارشتنی واتا پەیوەست بە بونیادە سیمانتیکی و تە سەورییە کان ،لێکۆلەر بەشێوەیەکی زانستی بە باشترین مۆدێلی دارشتنی واتای وشەکان خەریك دەبێت .

---

[1]- رای جاکندوف لە سالی 1945 لە دایك بووە خوێندکاری چومسکی بووە ،یە کێکە لە گەورەترین زانایانی زمان ،لە بواری سیمانتیك دا کاریکردووە بە رابەری تیۆریی سیمانتیکی تە سەوریی دادەنرێت( conceptual semantic )،کە دواتر لە لایە ن ستیڤن پنکر و پوستیوفسکی پەرەی پێدرا ،نوێترین بەرهەمی برێتییە لە واتاو لێکسیکۆن ( meaning and lexicon )،بروانە :رای جاکندوف( 2009:5-15 )

**كليلى ووشەكان:** بونيادی واتا ، بونيادە تەسەورييەكان، زمان

**1-1/1 )پەيوەندی نێوان ئە زموون وفۆرمە زمانييەكان**

بە پێی ئە و پەيوەندييەی نێوان واتاو مەعريفە /درككردن ،ئە وە ناتوانرێت هيچ جياكارييە ك بكرێت لە نيوان ڕاڤە كردنی سيمانتيكی بۆ ڕستە يە كی زمانی و هەروەها نواندنی مە عريفييە كانی پە يوەست بە ئە و رستە يە ،لە بەر ئەوەی ئێمە كاتێك لە زمان دەكۆڵينە و ە ،دەبێت لە بونيادی بير بكۆڵينە وە ، چونكە لێكۆڵينەوە لە پەيوەندييە واتاييە ئاوەزييە كان پشكنينە لە ئە و هۆكارانەی كە وا لە قسە كەر دەكات ،كە بە لايەوە هەندێك شت لە پەيوەنديدا يە و هەندێكی تر بە ئەو شێوە نين ، هيچ بە هاو نرخێك بۆ مەعريفە لە ئە م نێوانەدا دانەنرێت، لێكۆڵينەوەكان بە تەنهادەربارەی سە ڵماندنی ئەو ڕاستييە بيت ئايا ئەم شتانە لە واقيع دا بە ئەو شێوەن يان نە ؟چونكە ئێمە باس لە تە سەورێكی ئاوەزی ڕێكخراو دەكەين بە پێی ئە زموونی قسە كەر، [2] باس لەسەڵماندنی شتەكان ناكەين لە واقيعدا .لێرە دا لە بەردەم پرسيارێكی وردين ، ئايا چۆن دەتوانين زانيارييە بينراوەكان و ئە زموو نەكان بكەين بە زانياری زمانی و دەربرينمان هەبێت دەربارەی ،ئايا تيۆرييە ك هەيە ئە م ميكانيزمە بخاتە روو، لێكدانە وە بۆ پەيوەندی نێوان ئە زموون و دەربردراوە زمانييە كان بكات ، ئە م لێكۆلينەوەيە لە بەردەم تێروانينێكی سايكۆلۆجی و زمانييە ،بۆيە دەكرێت بە م شێوەيە سروشتی ( ئە زموون ) و پەيوەندی لە گەڵ ئا خاوتنە كان بخرێتە ڕوو بۆ پێشكەشكردنی باشترين مۆديلی پە سەندكردنی ئەزموونەكان[3] ، بە مەبەستی وەڵامدانە وەی ئە و پرسيارە ( چۆن زانيارييە بينراوەكان دەكرێتە دەربردراوی زمانی؟ ) بڕوانە خشتەی ( 1 ):

---

[2] محمد غاليم ( 1987:93 )

[3] راي جاكندوف ( 2010:48-50 )

| | |
|---|---|
| پــــــــە ســــــــەنكردنی فینومینۆلوجیانەی ئەزموون | زۆرینەی تیۆرییە هاوچەرخە كـان ئـە م جـۆرە تێڕوانینـە تێدە پـەڕێنن ، پـە سـەنكردنی فینومینۆلوجیانە ناتوانێت تیۆرییە كی تایبەتی هە بێت دەربارەی ئەوەی چـۆن بتـوانین ئـەو شـتانە ی ،كـە بـە چـاو دەبیـینین و ئـەزموونمان هەیـە دەربـارەی ،بـە ئاخـاوتن دەربیبرین ،بەڵكو بە تەنها گرنگی بە پێدراوەكان ( المعگيات ) دەدات. |
| پـە سـەنكردنی فیزیۆلـۆجی ئەزموون | پە سەنكردنی فیزیۆلۆجی گرنگی بە بونیادی دەماغ و ئەركـە و چـالاكییە میشكییە كـان دەدات ،بە لاَم ئەم جۆرە پە سەنكردنە ناتوانێت وەسفێكی وردمـان پێبـدات ،ئایـا چـۆن ئەزموونە كان دەكرێتە دەربـڕینی زمـانی و چـۆن زانیـاری بینـراوە دەكرێـت بـە زانیـاری زمانی ،چونكە بە شێوەیە كی ئە ندامی بیرۆكە ی تەواومان پێنابەخشێت دەربـارەی بـە جفـرە كردنـی دەنگـە كـان و ئاخـاوتنـە كـان ،بـە دەر لـە وەی، كـە شـتێكی گـرنگ لـە م بارەبیـەو ە خسـتوویە تـە ڕوو ، بـە تـەنها باسكردنی ناوچـەی برۆكـا ( brocas )یـە ،كەڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە زمانەوە . |
| پە سەنكردنی ئەركی( وڤیفی ) | زۆرینـەی تیۆرییـە تەقلیدییـە كـا نـی زانسـتی درككردن، لێكۆڵینـە وەیـە دەربـارەی پەیوەندی دەماغ و ئە زموون ،نایسەر ( 1967 ) عە قلْ بـە بونیـادیكی فیزیكـی وەسـف دەكات ،كە لە چەند بە شێك پێكهاتووە وتایبە تن بە پرۆسێس كردنـی زانیارییـە بـە دەستهاتووەكان و چۆنێتی بە ڕێكردنی زانیارییە كان لە هەر سێ جۆری یادگە دا ،هە موو ئە م هەوڵانە رۆڵێكی سەرەكی هەبوو لـە لێكۆڵینـەوە لـە توانـای فێربـوون و فێركـردن و بوارەكانی تر ،بەلاَم ناتوانێت میكانیزمێك بخاتە ڕوو بۆ وەلاَمدانەوەی ئە و پرسیارەی سەرەوە چونكە ناتوانرێت دەستنیشانی ئەوە بكرێت ئایا ئەو شتە بینـراوە ،بریتییـە لـە درەختێك یان سێبەری شتێكە ،چونكە توانـای پرۆسێسكردنی هەنـدێك زانیـاری ،ئـەوە مان بۆ ئاشكرا ناكات زانیارییە كە بریتییە لە چی ؟ یان چۆنە ؟ |
| پـە سـەنكردنی ڕێكـاری و بونیادی | ئە م بوارە بە شێوەیەكی ئاشكراو روون لە گەڵ دە ماغ و پرۆسێس كردنـی زانیارییـە كـان هەڵسە كەوت دەكات ،چونكە بە تەنها بە كە ناڵە كانی بە جفرە كردنی زانیارییە كـا ن گەیانـدنیان گرنگـی نـادات ، بـەڵكو هەنـدێك میكـانیزمی تایبە تمەنـدی زانیارییـە ئاوەزییە كـان و فۆرمییـە كـان دەخاتـە ڕوو ،ئـە و ڕێكاریانـە ی لـە م بـوارە دا پێویستن دیاریدەكات و بۆیە شێوازی پـە سـە نكردنـی بونیـادی وەلاَمـی ئـە وپرسیارە دە داتـە وە ( چۆن دەتوانین زانیارییە بینراوەكان بكەین بە دەربردراوی زمانی ؟ ) |

پە سەنكردنی بونیادی بریتییـە لـە تایبـە تمەنـدی فـۆرمی بـۆ زانیارییـە بینراوەكـان و زانیارییـە زمانییـە كـان و پەیوەنـدی نێوانیان.هیچ كام لە ئەو شێوازانەی سە رەوە یە كتری ناسڕنەوە ،بە هە مان شـێوە جیاكـاری كـردن لـە نێوانیـان ئـاڵۆزە ،بۆیـە دەبێت گریمانەی تیۆرییە كی زمانی بكرێت كە بونیادی زانیارییە زمانی و نـازمانییە كان و توانـای پرۆسێسكردنی زانیارییە كان لە خۆیدا بگرێت و كۆیانبكاتەوە ،جیاكاری كردن لە نێوان شێوازی بونیاد ی وڕێكاری لە تیۆرییـە زمانییـە كـان بـە دی دەكرێـت ،چونكە زانستی زمان لە بونیادی سینتاكسی زمان لێكۆڵینەوە دەكات ،كە چومسكی بـە توانسـتی زمـانی نـاوی دەبـات ،بـە لاَم لێكۆڵینەوە سایكۆ لۆجییە كانی زمان بریتییە لە چەند میكانیزمێك ،كە بـە كـاردێن بـۆ پرۆسێسكردنی بونیـادە ومانییـە كـان ،( جاكندوف ) پێی وایە كە پێویست دەكات تیۆرییە كی مە عریفی هـەبێت ئـە م دوو لایـە نـە لـە خـۆی بگرێـت ،بۆیـە بـە دوای

میكانیزمێك دەگە را بە ناوی تیۆریی بونیادی تە سە وری –واتا ئە و زانیاریانەی كە هاوبە شن لە نێوان دارشتە ی زمانی و زانیاری بینراو ( ئە زموون ).[4] تەسەور بەستنەوەی ئەزموونە بە كەلتوورەوە ،كە مەبەستمان لە ئەزموون ئەزموونێكی فیزیكی نییە ،چونكە هە موو ئەزموونێك ئەزموونێكی كەلتوورییە بە تایبەتی ئەزموونمان لە گەڵ دنیا و دەورووبەردا ،لەرێگەی ئەزموونەوە پێرەوی تە سەوری دیاریدەكرێت ،كە ئەزموون كەتیگۆرییە تە سەورییە كان دیاریدەكات ( پێش ، پاش )،ئە گەر تۆپێك لە نێوان ئێمەو بەردێك بێت ،ئێمە دەڵێین بەردەكە لە پێش تۆپە كەیە ،بەلام لە هەندێك زماندا تە سەوری جیاواز دەشكێتەوە بە سەر بونیادەكان دا[5]،بۆنموونە بڕوانە ئەم ڕستانە :

- تۆپە كە لە پاش بەردەكە دایە
- تۆپەكە لە نێوان من و بەردەكە دایە
- تۆپە كە لە پێش ( بەردەم )بەردەكەدایە
- بەردەكە لە دوای من و بەردەكەدایە

## 2-1/1 )پەیوەندی نێوان پێڕەوی تە سەوری /چەمكی و ئەزموونەكان

بەشێكی زۆری پێڕەوی تە سەوری /چەمكی بە شێوەی میتافۆری بونیادنراوە ،واتە تێگەیشتن لە هەندێك لە تە سە ورەكان /چەمكە كان بە شێوەیەكی بە شەكی /جزئی بە رێگەی تە سەوری ترەوە روودەدات[6]. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ،ئایا تە سەورێك/چەمكێك بوونی هەیە ،كە ڕاستە وخۆ بە بێ میتافۆر تێگەیشتنمان هەبێت دەربارەی و پرۆسەی تێگەیشتن رووبدات ؟ئەگەر وەلامەكە بە نەخێر بێت ئەوە،ئەی بە چ رێگایەك دەتوانرێت بنەمای تێگەیشن راستەخۆیانە بە دی بكرێت ،ئەو تە سەورانەی /چەمكانەی بە شێوەیەكی راستەوخۆ دەبنە بنەمای تێگەیشتن ،بریتیین لە چەمكە فەزاییە كان ،وەكو( سەرەوە ،خوارەوە.........تاد )چەمكە فە زاییە كان ،بە تەنها چالاییەكی فیزیكی نین ،بەڵكو ئاراستە كردنێكی جووڵەیین،هاوشێوەی ئاراستەكانی تری وەكو ( پێش- پاش،ناوەوە –دەرەوە،نزیك –دوور...........تاد )،بۆیە بونیادی تە سەوری فەزایی هەڵقولاوی ئەزموونێكی فیزیكی و كارلێكردنە لە نێوان كە سەكان و دەوروبەری فیزیكی ،چونكە تەسەوركردنی ئێمە بۆ ( سەرەوە ) ،تە سەوركردنی ( بەرزی و بەرزایی و بەرزبوونەوە )نییە ،بەڵكو كۆمەڵێك چالاكی وكارلێكەرییە لە نێوان كە سە كان و دەورووبەری فیزیكی و ئەركە جووڵەییەكان ،لە ئە نجامدا بونیادە تە سەورییەكان بە تەنها پەیوەست نین بە حاڵەتی فیزیكی كەسەكان بەڵكو پەیوەستە بە ئەزموون وكەلتوورەوە ،كە ئەزموونێكی فیزیكی ڕاستەوخۆ لە سەر بنەمای كۆمەڵێك بونیادی كەلتووری و

---

[4] راي جاكندوف ( 2009:51-53 )

[5] شیلان ئەحمەد ( 2015:131 )

[6] جوج لایكوف ومارك جونسن( 2009:77)

رۆشنبیری دانراوە،بە پێی ئە پاراتی تەسەوری کەسەکان ئەزموونەکان ڕاڤە دەکرێن،واتە بە بێ ئامادەبوونی لایەنی کەلتوری ناتوانین ئەزموونمان هەبێت دەربارەی جیهان. [7]

بەگشتی دەبێت لێرەدا جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەو ئەزموونانەی لایەنی فیزیکی زیاتر یدا ئامادەیە تاوەك لایەنی کەلتووری ،ئەو تەسەورانەی پەیوەستن بە جەستەی کە سە کان ،وەکو( سەرەوە ،خوارەوە،ناوەوە،دەرەوە، پێش ، پاش،رۆشن ،تاریك،گەرم ،سارد،نێر،مێ )جوانترو بە شێوەیەکی وردترویێنادەکرێن لە تەسەورەکانی تر،هەرچەندە ئەزموونی هەست و سۆز گرنگە وەکوئەزموونێکی فیزیکی درککراو( درککردنی هەستی / پەییپێبردن )،بەلام ئەزموونی هەست وسۆز ناروونتر پێوانە دەکرێت.دەتوانرێت بە رێگەی هەستە کانەوە پێکهاتەکانی ئاسن وکانزاکان درکپێبکرێت،هەروەها بە رێگەی هەستی بینین و دەستلێدان سنووری هەندێك شت دیارییکرێت و بناسرێتەوە ،بەلام لە توانای مرۆڤدا نییەبە رێگەی هەستەکانەوە سنوورەکەی دیارییکات، ئە مانە بەرێگەی تە سەورکردنەوە دەتوانرێت وەکو( کیانات ) سەیربکرێت ،کە لە ناوەوەی ئە م کیاناتە شتە کان بوونیان هەیە وەکو:دارستانەکان ،دەریاکان هەورەکان ،ئاسمانەکان ..............تاد )[8]

ئەزموونێکی فیزیکی یاسابەندانە تر نییە لە ئەزموونێکی هەست وسۆزیانە وئاوەزیانە و کەلتووریانە...تاد،بەڵکو هەموو ئەم ئەزموونانە هاوشێوەی یەکتری یاسابەندن،بەڵکودەتوانرێت جیاکاری بکرێت لە نێوان ئەزموونێکی فیزیکی دیاریکراوبە شێوەیەکی روون و ئاشکراو لە نێوان ئە زموونەکانی تر،کە بە شێوەیەکی ناروون دیاریکراون،بروانە ئەم نموونانە :

-ئارا لە ژوورەکەی خۆیدایە.

-ئارا لە وەزارەتی ناوخۆیە .

-ئارا لە بارودۆخێکی خراپ دایە.

ئەو رستانەی سەرەوە سێ بواری ( فەزایی ،کۆمەلایەتی ،سۆزداری )دەگرێتەوە ،ئە م سێ بوارەهاوشێوەی یەکتری ئەزموونێکی یاسابەندن ،بەلام ئە گەر لە تێڕوانینی بونیادی تە سەوری /چەمکییەوە سەیر بکرێت ئەوە ( لە )لەرستەی یەکەمدا ئەزموونێکی فیزیکی دەخاتە روو ،تە سەورێکی میتافۆری نییە، کە ( ئارا ) بە فیعلی لە ژوورەکەیدا بوونی هەیە ،بە لام ( لە ) لە ڕستەی دووەمدا تە سەورێکی کۆمەلایەتی پیشاندەدات ( مەبەست لە باری دارایی کەسێکە لە وەزارتی ناوخۆ لە چاو وەزارەتەکانی تر )، ( لە )لە رستەی سییەمدا ،تەسەوریکی هەست سۆزانە پیشاندەدات ( تێکچوونی باری دەروونی کە سێك )، ئێمە لێرەدا بەرانبەر سێ تە سەوری جیاواز نین بۆ ( لە ) ،بەڵکو یە ك فۆرمان هە یە بۆ سێ تە سەور،کە دوانییان میتافۆریین،لێرەدا چەند تە سەورییەکمان هەیە لە رووی گراماتیکییەوە یەکسانن ،بەلام چەند بونیادیکی تە سەوریی( conceptualization )

---

[7] جورج لايكوف ومارك جونسون ( 2009:78 )

[8] جورج لايكوف ومارك جونسون ( 2009:78 )

جیاكارمان هەیە بۆ ئەم ئەزموونانە ،كە ناتوانن یە كسان بن ،ئە م بونیادە تە سەوریانە تێدا زانیاری زمانی و نازمانییە كان( زانیارییە بینراوەكان و ئە زموونە كان ) تێدا دەگونجێنرێت ،بە گشتی پێرەوی تە سەوری /چەمكی پابەندە بە پرنسیپە میتافوریی و میتۆنومییە كان ،لە چواچێوەی پەیوەندی بونیادی تە سەوری لە گەڵ بونیادی سیمانتیكی لێكدانەوەی بۆ دەكرێت .[9] ( بڕوانە پرنسیپە تە سەوری و سیمانتكییە كان )

### 3-1/1 )گریمانەی بونیادی تە سەوری

یەك ئاستی نواندنی ئاوەزیمان هەیە ،كە بریتییە لە بونیادی تە سەوری ،كە تێدا زانیاری زانیاری زمانی و زانیارییە نازمانییە كان وەكو جووڵەیی و هەستی دەگونجێنرێت بە یە كەوە ،ئەم گریمانییە نموونەیەكی( Idealization ) گرنگ و گونجاوە بۆ گرنگی دان بە بونیادی دەماغ ،گریمانەی ئە وە دەكرێت ،كە بونیادە تە سەورییە كان لە كۆمە ڵێك یاسای ( دروستی بونیادە تە سە وریە كان/سلامە الابنیە الدلالیە ) پێكهاتووە ،ئە مجۆرە یاسایانە زگماكین و دواتر دەتوانرێت بە گوێرەی ئە زموونی كە سە كان پەرەی پێبدرێت ،بە لاّم تا سنوورێكی دیاریكراوو دەڕوات و كۆتایی پیّ دێت .[10] جان بیاجە باس لە توانای وەرگرتنی یاساكان دەكات ،هەندێكی تر بە زگماكی ناوی دەبە ن،جاكندوف پێی وایە ،كە سەرەرایی ئەزموونەكان دەبێت هەندێك لە رەهەندە چە مكییە كان بوونی هە بێت لە مێشكدا وەكو چە مكی جیاكاری نێوان رەنگە گان دەبێت پێشتر ئەم چەمكە بوونی هەبێت، ئە م گونجاندنە تە سەوریانە یان یە كگرتنە وە تە سە وریانە پەیوەستە بە گریمانەیەكی بنەرەتی لای جاكندوف ( 1983 ) ،كە بە گریمانەی بونیادی تە سە وری ناو دەبرێت :( تەنها یەك ئاستی نواندنی ئاوەزیمان هەیە ئە ویش بونیادی تە سەورییە ،كە زانیارییە زمانییە كان لە گەڵ زانیارییە نازمانییە كان وەكو جوڵەیی و هەستییە كان تێدا پرۆسێس/ پێواژۆ دەكرێت و پێكەوە دە گونجێنرێت،[11] هەربۆیە پرنسیپە كانی بونیادی تە سەوری لە ئە و بۆچوونە دەست هەڵدەگرن ،كە بتوانرێت دەربارەی هەموو جۆرەكانی واتا و بە كارهێنانە كانی مە عریفە یە كی تە واو مان هەبێت ،چونكە ئە مە پەیوەستە بە ئەزموونی فیكری /هزری و لایە نی ستاتیكی /جوانی و هە ستكردن بۆ نموونە ئە زموونمان لە گەڵ قە بارو رەنگ و شێوەی و دەنگی شتە كان ......تاد[12] جیاواز دیاریكراوە ،بڕوانە ئە م رستانە :

-چاكەتەكەی سایە سوورێكی تێرە .

-چاكەتەكەی پەریا سوورێكی تۆخە .

-چاكە تەكەی پەریا سوورێكی كاڵە.

---

[9] شیلان ئەحمەد ( 2015:131 )

[10] :راي جاكندوف ( 2009:70 )

[11] Jackendoff ( 1983:17 )

[12] Lakoff and Johnson ( 1980 )

-چاكە تەكەی پەریا قاوەییەكی سوور باوە.

### 1-3-1/1 ) پرنسیپە تە سەوریی /چەمكیی و واتاییە كان

گریمانە لە ئەوە دەكرێت ،كە پرنسیپە واتاییە كان سروشتێكی سایكۆلوجیانە یان هە یەو پێویست دەكات پەیوەندییەكی گونجاندن هەبێت لە نێوان ئەو پەیوەندیانەی ،كە پەیوەستن بە پێڕەوە واتاییە كان لە زمانە سروشتیە كان و ئە و پەیوەندیانەی ،كە پەیوەستن بە پێڕەوی مە عریفی ودركپێكردنەكانی تر ،هەربۆیە یەك ئاستمان هەیە بۆ پێكەوە گونجاندنی / پرۆسێسكردنی / پێواژۆ كردنی ئە و دوو جۆرە پەیوەندییە مان هەیە ،كە ئەویش ئاستی بونیادی تە سە وریە.[13] بونیادی واتایی بریتییە لە ئە و زانیاریانەی ،كە بە هۆی زمانە وە هەڵگیراون بە شێوەیە ك داڕێژراوە ،كە ئاوەز بە هۆیە وە دەتوانێت ئە زموونە كان ڕێكبخات ،چونكە پەیوەندییە واتاییە كان ناچارمان دەكات مەعریفەی نازمانی ( تە سەوری ) بە كا ربهێنین ،هەروەها میكانیزمە پێویستە كان بۆ نزیكبوونەوەو تە واو پێكانی بونیادی تە سەوری /نازمانی ، شیكارێكی تە واومان پێ دەبە خشێت كە راستە وخۆو پەیكاڵە لە گەڵ پەیوەندییە واتاییە كان .[14]

پەیوەندییە واتاییە كان خاوەن كۆمەڵێك سیماو نیشانە ی سەرەكیین كە تایبە تن بە پرنسیپە تە سە وریە كان ،تیۆریی واتایی بە شێكە لە تیۆریی بونیادی تە سەو ری ،بڕوانە وێنەی ( 1 ):




وێنە ی .........................................................( 1 )

پەسەندكردنی بونیادی واتایی بە تەنها پەیوەست نییە بە نواندنە واتاییە كان و سیما و نیشانە واتاییە كان ،هەروەها بە تەنها ناتوانرێت بە گوێرەی بونیادی سینتاكسی بە پێی یاساكانی پرۆ ژە سازدان دارشتنی بۆ بكرێت ،بەڵكو هەندێك جار گریمانە لە سەربە خۆ بوونی بونیادی واتایی دەكرێت لە بونیادی سینتاكسی و دواتر ملكەچبوونی بۆ یاساكانی دروستی ( قواعد السلامە ).[15] یاساكانی دروستی بونیادە سیمانتكییە كان ( سلامە الدلالە )لقێكە لە یاساكانی دروستی بونیادە تە سە

[13] الفاسي الفهري ( 1985:198 )، Jackendof ( 1978:202 )، Norrick ( 1981:1 )
[14] الفاسي الفهري ( 1985:198 )، Mccawley ( 1968:129-130 )، Jackendoff ( 1978:202 )
[15] الفاسي الفهري ( 1985:197 )، Jackendoff ( 1978:201 )

**وريیه كان ( سلامه التصورات )،هەروەها بونیاده سیمانتكییەكان ،كە بە گـوێرەی یاساكانی پـرۆژە سـازدان جیێبـه جێـدەكرێت ،ئاستێكی تايیه تە لە تە سە ورات /چەمكە كان [16] ،بروانە وێنە ی ( 2 ):**




**وێنە ی** ..........................................................( 2 )

**ئە گەر ھە موو تیورییە كی واتـایی پێویستی بە وە بێت كە كۆمەڵێك پرنسیپی واتـایی دیاری بكات بۆ ئەوەی تـایبە بكرێـت بـە دروستی بونیادە سیمانتكییە كان /سلامە البنیات الدلالیە /**semantic well-formness **،ئەوە دیاریكردنی پرنسیپە تـە سەورییەكان ( پرنسیپە واتـاییە كان لقێكە لە پرنسیپە تە سەورییە كان )پێویستی بە تیۆریی بونیـادی تـە سـە وری ھەیـە بـە مەبەستی لێكدانە وەی سروشتی تە سە ورەكان و چۆنێتی دیاریكردن و چـۆنێتی پێكـە وەگرێـدانی تـە سـە ورەكـان. ئـە م جـۆرە لێكۆلێنە وانە دەربارەی تە سە ور ئاراستە یەكی سایكۆلۆجیانە وكە لتوورانەی جیاواز جیاوازی ھەیە ،چونكە بریتیین لە چەند مۆدێلێكی تە سە وری ،یان چەند مۆدێلێكی مە عریفی،كە بە بۆچوونی فیلمور( 1982 ) ئـە م مۆدیلانـە بـە گـوێرەی كۆمـە لێـك ھۆكاری سایكۆلۆجی وكەلتووری پەیوەسـت بـە ئـە زموونـە وە دیاریـدەكرێن.[17] لـەم بارەییـەوە پەیوەسـت بـە پەیوەنـدی نێـوان بونیادی سیمانتیكی و تە سەوری بۆچوونی جیاواز دەخرێتە روو ،بروانە ( 2-3-1/2 )پەیوەندی نێوان بونیادە سیمانتكییە كان و تە سە ورییە كان ).**

## 1/2 ) پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیكی و تە سەوریيە كان

[16] الفاسي الفهري ( 1985:198 ) ،Jackendoff( 1978:203 )

[17] محمد غاليم ( 1987:93-94 )

راڤە كردنی واتا لە تیۆرییە زمانییە كاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوو پرسیاری جیاواز ٬ئایا كام پۆلە ڕەگەز لە پۆلە رە گەزە چەمكییە كان بریتیین لە واتا ؟یان ،ئایا واتا چۆن دەبە سترێتەوە بە بونیددی سینتاكسی ؟ لە چواچیوەی تیۆرییەكانی بوستال ( 1964 ) ،كاتز ( 1972 )،دەربارەی چونێتی بونیاد نانی واتای ڕستە كان بە ریگەی سیما و نیشانە تاییە تەكانی ئیلمێنتە ئاوەزییە كان ،واتە ئەو ئایتمە زمانییانە ،كە لە ئاوەزدان هەڵگیراون ، بە پێی یاسای پرۆژە سازدان ، لە مێشكی قسە كەردان واتاكانیان دەخرێنە پاڵ یە ك بە مەبەستی بونیادنانی واتای پێكهاتە وڕستە كان ، ئە گەر روونتر بخرێتە روو ،لای كاتز و فۆدۆر لە پەسەندكردنی زمانیدا ،( واتا )لە ئاستێكی چەمكیدا دەربرینی لێدەكرێت ،كە جیاوازە لە ئاستی سینتاكسی و بە ئاستی نواندنی سیمانتیكی ناودەبرێت ،ئە م ئاستە لە بونیادی زمانی دەبەسرێتەوە بە بونیادی سینتاكسی بە یارمەتی یاساكانی پرۆژە سازدان ،یاساكانی پرۆژە سازدان ووشە كان دەبەستێتەوە بە بە بونیادە /دروستە سینتاكسییە كان بۆ ئەوەی بگات بە مەدلوولی ڕستە،واتە واتا دەشكێتەوە بە سەر بونیادێكی دیاریكراو ،[18]بە لام جاكندوف نواندنی سیمانتیكی بە بونیادی سیمانتیكی ناو دەبات و ،یاساكانی پرۆژە سازدان بە یاساكانی پەیكاڵبوون ناودەبات ،بە لام بە گشتی رەخنە ی زۆر ئاراستەی یاساكانی گونجاندن دەكرێت لای كاتزو فۆدۆر و بەرهەمهێنەرەكان ،كە دەتوانرێت تیۆرێكی سیمانتیكی لەم وێنەدا بخرێتە روو( بڕوانە وێنەی ( 3 ):



وێنەی ( 3 )

سە رەرایی ئە و هەوڵە گرنگانە لەو بوارەدا ،بە لام لە ئە نجامدا لە چونێتی لێكدانەوەی واتای پێكهاتە میتافۆرییە كان و ناوازایی ( الشژوژ الدلالیە ) ،ئەم تیۆرییە بیٚ كە موكورتی نەبوو [19]، بڕوانەئەم رستانەی :

---

[18] میشال زكریا ( 1982:15 )،احمد محمد قدور ( 1996:323 )

[19] محمد غالیم ( 1987:91 )

- مە یموونەكە م بینی .

-تۆپە كە چوارگۆشەو خرە .

پیاوەكە مردووەو زیندووە .

-ئەو پێی وایە 2017 كورد دەبێت بە دەوڵەت .

لێرەدا بە پێی نیشانە واتاییە كان ناتوانرێت جیاوازی بكرێت لە نێوان پێكهاتەی میتافۆری و نا میتافۆری ،چونكە پێكهاتەی میتافۆری خاوەن ڕاڤە كردنێكی سیمانتیكی نییە بە ڵكو خاوەن واتاییە كی مەعریفییە ،لە رستەی یە كەمدا ،رەنگە واتای میتافۆری تێدا بە دی بكرێت ،كە مەبەست لە منداڵێكە مۆز زۆر دە خوات ،یان مەبەست لە كەسێكە زۆر ناشیرینە ،لەوانەشە واتایی حەحیقی هەڵبگرێت ،كە مە بە ست بینینی ئاژەڵێكە لە باخچە ی ئاژەڵان ،لە رستەی دووەم وسییە مدا واتایە كی نالۆجیكییە چونكە مردن و ژیان وخرو چواگۆشە لە یەك كاتدا پێكەوە نایە ن ،ئە م چەمكە لۆجیكییانە لە بونیادی ئاوەزی قسە كەردا بوونی هەیەو دركپێدەكرێت ،هەروەها لە رستەی چوارەمدا ، پێشبینی كردن هاوشێوەی بنە ما لۆجیكییە كان لەم تیۆرییە رێگە پێدراو نییە و ئە مەم چەندین كێشەی سیمانتیكی تر لە م رووە وە بەرچاو دەكەوێت ،كە دەكەوێتە نێو بونیادی تە سەوری ئاوەزی قسە پێكەرانی زمانی كوردی .[20]

ئەم تیۆرییە بە سیمانتیكی لێكدەرەوەیی ناودەبرێت ،چونكە لێرەدا پێكهاتەی سینتاكسی سەربە خۆیە ،بە لاَم لە سالآنی حەفتادا وەكو جێگیرەوەیەك بۆ ئە م تیۆرییە سیمانتیكی بەرهەمهێنەری بە دی دەكرێت ،كە تێیدا بونیادی سیمانتیكی و سینتاكسی پێكەڵ دەبن ، بروانە لایكوف ( 1971 )،بۆ بەستنەوەی بونیادی سیمانتیكی بە بونیادی سینتاكی پێویستمان بە یاساكانی گونجاندن /mappingدەبێت ،كە هەندێك بە یاساكانی بۆ یەكتر گە ڕانەوەو /پەیكاڵبوو ن / correspondence rules،ناوی دەبەن ،یان یاساكانی بەرانبەر كردن /inter faceهەروەها بە یاساكانی پرۆژە سازدان ناودەبرێت /projection[21] ، پەیوەست بە ئەم یاسایانە چەند قۆناغێكی لێكۆلینەوەمان هەیە لە پەیوەندی نێوان بونیادی سینتاكسی و سیمانتیكی[22]،بروانە خشتەی ( 2 ) :

[20] لەم رووە بڕوانە شیلان ئەحمەد ( 2015:134-140 )،ortony (1979:2)،Fillmore (1986:26)

[21] ئە م یاسایانە سەرەرایي جیاوازیان لە رووي زاراوەوە ،بەلاَم بۆ یە ك مە بەست بە كاردێن ئەویش نێوانطرییە لە نێوان سیمانتیك و سینتاكس ،كە پەیوەندي نێوان سیمانتیك و سینتاكس دیاریدە كەن ،بڕوانە شیلان عومەر ( 2012 ) ،هەروەها جاكندوف ( 2010 )

[22] سمیر شریف استیتیة ( 2008:186-188 )

| | |
|---|---|
| تیۆریی لێكدەرەوەیی | پێكهاتەی سیمانتیكی لە م تیۆرییە دا سەربەخۆیە ، پەیوەست نییە بە پێكهاتەی سینتاكسی ،كە دواتر تیۆریی بە رهە مهێنەری و سیمانتیكی بەرهەمهێنەری وەكو جێگرەوەی ئەم تیۆرییە لە سالأنی حەفت دا بە كارهات. |
| تیۆریی ستاندەر، كاتز فۆدۆر، پۆستالٚ1964، چومسكی1965 | یاساكانی گونجاندنی بونیادی سیمانتیكی ، لە زانیارییە كانی بونیادی قووڵەوە سوود وەردەگرێت ،كەموركورتی ئە م تیۆرییە و نەگونجاندنی بووە هۆی سەرهەڵدانی دوو ئاراستەی جیاواز( یە كەمیان سیمانتیكی بەرهەمهێنەریی ،دووەمیان سیمانتیكی ستاندەری فراوانكراو ). |
| تیۆریی بەرهە مهێنەری | بونیادی سینتا كسی و بونیادی سیمانتیكی لە ئە م تیۆرییە پێكەڵە/ممتزج ،بە شێوەیەكی ئازاد انە بەلاّم ئەم بۆچوونە روو بەڕووی كە مو كورتی بوویەوە چونكە هەڵبژاردنە كان/option لە بە ردەم كەسێك ،كە بیەوێت زمانێكی تر فێر ببێت زۆر فراوانە . |
| تیۆریی ستاندەری فراوانكراو لە لایە ن چومسكی و جاكندوف پەرەی پێدرا . | یاسانی گونجاندن دەكرێتە چەند پۆلێكەوە ،هەر یە ك لە ئەو پۆلأنە پەیوەستن بە بونیادی سیمانتیكی ،كە هەندێك زانیاری لە ئاستی قووڵەوە هەندێكی تر لە ئاستی رووكەش وەردەگرن . |
| تیۆری ستاندەری فراوانكراوی دەستپێداهێنراو چومسكی ( 1975،1980،1981 )، هەروەها بریسنا ن ( 1978،1982 )تیۆریی فەرهەنگی ئاوەزیانەی ئەركی | یاساكانی گونجاندن بریتیین لە چەند پۆلێك ،بەلاّم هەموو پۆلە كان بە سەر ئاسی رووكەشدا جێبە جێدەكرێن |

خشتەی ( 2 )..................................................

لە م بوارەدا دوو ئاڕاستە درووستبوو ،یە كەمیان نوێنەرانی سیمانتیكی بە رهەمهێنەری بوون ،لە چۆمسكی خۆیان جیاكردەوە ،وەكو لاكو ف و پۆستالٚ و ئەوانی تر ،ئاراستەیەكی تر جاكندوف بووڕابەرایەتی سیمانتیكی تە سەوری دەكرد ،كە ستیڤن پنگرو ئەوانی تر پێی كاریگەربوون و پشتگیریی لە تێڕوانینی ئاوەزداری چومسكی دەكەن ،لە بەر ئەوەی لێكۆلەر ئەوەی دووەم پە سەند دەكات وەكو باشترین مۆدێلی دارشتنی واتا ،بۆیە دەبێت لێرەدا باسی پەیوەندی بونیادی تە سەوری بكەین لە گەلٚ بونیادە زمانییە كان لە چواچێوەی پەیوەندی نێوان بونیادی سینتاكسی و سیمانتیكی ،لە م بارەییەوە دوو بنە مای سەرەكیمان هە یە بۆ بەستنەوەی بونیادی زمانی بە بونیادی تە سەوری [23]:

[23] راي جاكندوف ( 2009:71-72 )

1-بونیادی تە سەوری ئاستێكی قوڵترە لە بونیادی سیمانتیكی ،كە بەرێگەی پێكهاتەیە ك پێكەوە دەبەسترێتەوە ،كە پێی دەوترێت پێكهاتەی پراگماتیكی (واتای زمانی تایبە ت دەكات بە گوتارو باركگراوەندە نازمانییەكان ( extra linguistic )،ئە م بۆچوونە لای كاتزو فۆدۆر ( 1980 ) هەروەها جاكندوف ( 1972 )دەبینرێت.

2-بونیادی سیمانتیكی دەتوانێت لقێك بێت لە بونیادی تە سەوری ، بڕوانە وێنەی ( 2 ) یان جیگرەوەی بونیادی تە سە وری بێت،كە بە فۆرمی زمانی دەربڕینی لێدەكرێت ،هەروەها یاساكانی گونجاندن /mapping پەیوەندیەكی بەستنەوە /linking لە نێوان بونیادی سینتاكسی و تە سەوەری دروست دەكەن،هەرەها هەردوو یاساكانی دەرە نجامگیری و پراگماتیكی لە بونیادی تە سەورییەوە دەردەچن و دووبارە بۆی دەگەڕێنەوە ،ئەم بۆچوونانە لە زیرەكی دەستكردا سوودی لێبینراوە ،لە لایە ن فۆدۆرو گاریت و 1975 چومسكییە وە پەسەندكراو ن،بە گشتی لە ئە م مۆدێلە دا بونیادی سیمانتیكی دەكەوێتە نێو بونیادی تە سەوری ،بڕوانە وێنەی ( 4 ) ،وێنەی ( 5 ):




( **پێڕەوی زمانی** )




----( 5 )وێنەی__________ **پێڕەوی زمانی** ____________________________________
-------

**2-1/2 )بونیادی واتا بە پێی بونیادە تە سەورییە کان**

ئەزموونەکان ، دەتوانن گەتیگورییە کانی پێڕەوی تە سەوری دیارییکە ن ،ئە گەر شتە کان لە دنیای ڕۆلێکی هەبێت لە سنووردارکردنی پێڕەوی تە سەوری ،ئەوە ئەو ڕۆڵە بە تەنها بە ڕێگەی ئە زموونە کانەوە دەبێت .[24] بۆ ئەوەی تێگەیشتنمان هەبێت دەربارەی جیهان و دەوروبەر ،ئەوە پێویستمان بە گەتیگۆری شتە کان و ئە زموونە کانە ،کە ئەم گەتیگۆریانە چەند ڕەهەندێك دیاریدەکات ،وەکو :

1-ڕەهەندی درککردنی هەستی : پەیوەستە بە تە سەورکردنما ن بۆ شتە کان بە ڕێگەی ئۆرگانە هە ستییە کان .

2-ڕەهەندی جووڵەیی : پەیوەستە بە سروشتی کارلێکەری جووڵەیی لە نێوان مرۆڤ وشتە کان .

3-ڕەهەندی ئەرکی : پەیوەستە بە تە سەورکردنی ئەرك و چالاکی شتە کان .

4-ڕە هە ندی مە بە ستدار: پەیوەستە بە بە کارهێنانی شتە کان لە بارووددۆخێکی دیاریکراودا.

ناسینەوەی شتە کان بە تەنها تایبە تمەندی شتە کان نییە ،بە لّکو تایبە تمەندی کارلێکەریانەیە پەیوەستە بە ڕەهەندی درککردنی و جووڵەیی و................تاد .ئە گەر تە سەورەکان بە ئەو جۆرە لە نێو پێڕەوی تە سە وریدا دیارییکرێت ،ئەوە بە شێکی زۆری بونیادی تە سەوری خاوەن پرنسیپی میتافۆری و میتۆنۆمییە .چەشنەکانی تە سەوراتی میتافۆری لە سەر بنەمای بونیادی پێڕەوی تە سەوری کاردەکەن ،کە لایکوف و جونسن [25]،بە شێوە دیاریدەکەن :

1-میتافۆری بونیادی :بونیادنانی تە سەورێکە بە ڕێگەی تە سەورێکی ترەوە ،وەکو تە سەورکردنی ( دە مە قاڵە ی شەڕکردن ):

-هیچتان لە دەست نایە ت.

-ناتوانیت بەرگری لە خۆت بکەیت .

-مە بە ستە کەی پێکا .

-قسە کەی لە شوێنی خۆیدا بوو .

- پشتی شکاند و ئابڕووی برد

---

[24] لایکوف وجونسن ( 1980:146 )

[25] لایکوف وجونسن( 1980:2-22 )

دەمە قاڵە فۆرمێكی زمانییە ،بە لاَم شەڕكردن ناكۆكییە كی چە كدارانەیە ، لێرەدا تە سەوركردنەكانی (دەمە قاڵە ) لە گەڵ چالاكییە كی كردەیی (شەڕكردن پێكەوە گرێدراوە بە شێوەیە كی میتافۆریانە .

2- میتافۆرییە ئاراستییە كان :رێكخستنی پێڕەوێكی تە واوی تە سەورەكان بە رێگەی پێڕەوێكی تە سەوریی ترەوە ،كە پەیوەستە بە ئاراستەیەكی فەزایی (سەرەوە ،خوارەوە ،لە بن لە ناوەراست ..........تاد ):

-ئاستی خوێندكارەكان دابە زیوە .

-دەوڵەتی كوردی بۆ دواوە دەڕوات .

-مامۆستاكە لە بۆچوونەكانی زۆر دوور رۆیشت .

3-میتافۆرییە ئە نتۆلۆجییە كان :بریتییە لە ئەزموونمان لە گەڵشتە هەستپێكراوەكان ،كە بیروبۆچوون و چالاكی و رووداوەكان وەكو شتێكی هەستپێكراو سەیر دەكرێت:

-بارودۆخی دارایی هەرێم تووشی هەلاَوسان بووە.

-ئاهەنگەكەم بینی زۆر خۆش بوو.

-بارودۆخی دارایی چالاكیەكە،هەروەها (ئاهەنگەكە)ڕووداوێكە بەلاَم وەك شتێكی بەرجەستەكرا مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت،ئەگەر میتافۆر ڕێگایەك بێت بۆ تەسەوركردنی شتێك بەڕێگەی خواستنی تەسەورێكی تر ئەوە ئەركی سەرەكی میتۆنۆمی بریتیە لە ئاماژەبەندی،بەواتا كیانێك لە بری كیانێكی تر دادەنرێت بۆ نموونە:-

-لە زانكۆ چەند دەموو چاوێكی تازەم بینی.

چەند سەرێك لەناو ئۆتۆمبیلەكەوە دیارە.

دەموو چاوو سەر لەبری هەموو كەسەكان بەكارهێنراوە.ئەمەش وامان لێدەكات لە بونیادی تەسەوری مێشكدا هیچ جیاكاریەك نەكەین لە نێوان واتای میتافۆری و حەقیقی،چونكە مرۆڤ هەردووكیان وەك یەك دركپێدەكات.

## ئەنجام

1- بە پێی قۆناغەكانی لێكۆلینەوە لە واتا لە چواچێوەی تیۆرییە كانی لێكدەرەوەیی و بەرهەمهێنەری ،دوو ئاراستەی جیاوازمان هەیە بۆ لێكدانەوەی پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیكی و سینتاكسی ،لێكۆڵەر مۆدێلی بونیادی تە سەوری ،كە

ئاراستەیە كی ئاوەزدارییە بە باشترین مۆدێل دادەنێت بۆ لێكدانەوەی پەیوەندی نێوان بونیادی سیمانتیكی و سینتاكسی لە لایە كەوەو لە لایە كی ترەوە بۆ لێكدانەوەی پەیوەندی نێوان زمان و بونیادی تە سەوری .

2-بونیادی سیمانتیكی یە كسان دەكرێتەوە بە بونیادی تە سەوری ،هەندێك جاریش بونیادی سیمانتیكی بە لقێك لە بونیادی تە سەوری دادەنرێت ،لێكۆلەر لە ئە نجامدا ئەوە دەخاتە رو و ،كە بونیادی سیمانتیكی بە شێك لە بونیادی تە سەوری ئاشكرا دەكات .

3-بونیادی واتا بە ئەو ڕادەیە دیاریكراو نییە ،كە پەی بە هە موو جۆرەكانی واتا ببەین،بە لاّم ڕادەیەش فراوان نییە ،كە نەتوانرێت دركیپێبكرێت ،چونكە پەیوەست بە ئە زموونەكانی قسە كەرەوە بونیادی تە سەوری لە ئاوەزدا تارادەیە ك دیاریكرا و دەبێت ،واتە سنووردارکرنی پێڕەوی تە سەوری بە ڕێگەی ئەزموونە كانەوە دەبێت.

### سەرچاوەكان


- –شیلان عومەر حسەین ، پەیوندی سینتاكس و سیمانتیك لە ڕێزمانی كوردیدا ،سلێمانی ، 2012
- –شیلان ئە حمەد ئیسماعیل ،تێكردە بیرییە كان لە پەیكاڵبوونی فۆرم و واتادا ،( نامەی ماستەر )، 2015
- –احمد محمد قدور ،مبادی اللسانیات ‘گ1،دار الفكر،دمشق، 1996
- –احمد محمد قدور، مصنفات اللحن والتپقیف اللغوی حتی القرن العاشر الهجری ،وزاره الپقافه ،دمشق، 1996
- جورج لایكوف ومارك جونسن ،الاستعارات التی نحیا بها، ت: عبد المجید جحفه ،دار تویقال، 2009
- –رای جاكندوف ،علم الدلاله والعرفانیه ،ت:عبد الرزاق بنور، مختار كریم ،مركز الوگنی للترجمه ،وزاره الپقافه والمحافڤه علی التراپ ،سیناترا،تونس، 2010
- –سمیر شریف استیتیه ،اللسانیات ،عالم الكتب الحدیپ ،گ2،جدارا لكتاب العالمی ،اردن، 2008
- –الفاسی القهری ، اللسانیات واللغه العربیه ،دار تویقال ، 1985
- محمد غالیم ،التولید الدلالی فی البلاغه والمعجم ،گ1،دارتویقال ،دار البیچاو ،المغرب ، 1987
- میشال زكریا ،الالسنیه التولیدیه والتحویلیه وقواعد اللغه العربیه ،گ2،بیروت،المۆسسه الجامعیه للدراسات والنشر ، 1996
- Fillmore ,ch,j,(1986)the case for the case ,in bach and harms :universal in linguistic theory ,hoh ,rine,hard and Winston,inc ,
- Jackendoff ,R,(1983),semantic and cognition ,m,I,t,press.
- Jackendoff ,R,(1978):grammar as evidence for conceptual structure,in halle,m,and als ,(1978:linguistic theory and psychological reality ,m,I,t,press
- lakoff,G and Johnson ,m,(1980),metaphors we live by ,univ of Chicago,press

- Norrick ,n,r,(1981),semoiotic principle in semantic theory, John benjamins b.s
- Maccawiey ,j.d ,(1968) the role of semantics in grammer .in bach and harms .
- Ortony,A,(ed),metaphore and thought ,cambridge ,university press .1979



**الخلاصة**

**ان هذا بحث بعنوان ( تحديد البنيات الدلالية وفق البنيات التصورية ) ،له اهمية كبيرة في مجال اللسانيات وفي مجال فلسفة اللغة،في هذاالصدد يقوم الباحث بدراسة فرضية البنيات التصورية ،من اجل تقديم افضل نموذج الذي من خلاله نتمكن بيان سلامة البنيات الدلالية في اللغة معتمدا على البنيات غير اللغوية مرتبطة بالتصورات والتجارب والثقافات المختلفة المخزونة في الذهن المتكلم وفي اطار علم الدلالة التصوري يحدد البنيات الدلالية للالفاظ وكلمات في اللغة الكوردية الذي بدوره يعتمد على اختلاف في بنيات التصورية والثقافات والسياقات الاعتقاد.**



## Abstract

This is a research entitled (Determination of semantic structures according to conceptual structures), which is of great importance in the field of linguistics and in the field of philosophy of language. In this case, the researcher studies the hypothesis of conceptual structures in order to provide the best model through which we can demonstrate the semantic well-formness in language,in depend able Non-linguistic structures are linked to the different conception, experiments and cultures stored in the speaker's mind. In the context of conceptual semantics, the semantic constructs of words and words are identified in Kurdish language, which in turn depends on differences in conceptual structures, cultures and belief contexts

## ليستی زاراوەكان

| عەرەبی | كوردی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| المعرفة /الادراك | درككردن | Cognition |
| البنيات التصورية | بونيادی تە سەوری /چەمكی | Conceptual structure |
| فرضية البنيات التصورية | تيۆريی بونيادی تە سە وری | Conceptual structure hypothesis |
| قواعد التناسب | ياساكانی گونجاندن | Mapping rules |
| الادراك الحسي | پێپێبردن | Perception |
| قواعد الاسقاط | ياساكانی پرۆژە سازدان | Projection rules |
| البنيات الدلالية | بونيادە سيمانتكييە كان | Semantic structures |
| سلامة البنيات الدلالية | دروستی فۆرمە سيمانتكييە كان | Semantic well-formness |
| قواعد سلامة البنيات | ياساكانی دروستی فۆرم | Well –formness rules |
| الرواسب | بەستنەوە | Linking |
| قواعد الوصل | ياساكانی بەرانبەركردن | Inter face rules |
| قواعد التوافق | ياساكانی پەيكاڵبوون و بۆ يەكتر گەرانەوە | Coorespondence rules |

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.375

# جیاوازی لەنێوان نوێکردنەوە و نوێگەری لەشیعری کوردیدا

دیار فایەق مەجید

بەشی زمانی کوردی ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان
diyar.faeq@garmian.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کەناونیشانی (جیاوازی لەنێوان نوێکردنەوە و نوێگەری لەشیعری کوردیدا)یە، هەوڵدەدات لە چوارچێوەی چەمکەکانی شیعری نوێدا هەریەك لە زاراوەی (نوێکردنەوە) و (نوێگەری) لەشیعری کوردیدا، بەمەبەستی دەرخستنی تایبەتمەندی و جیاوازی هەردوو زاراوەکە لەرەخنەی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاواییدا بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەتوێژینەوەکەدا ڕێبازی شیکاریی ڕەخنەیی و هەڵبژاردنی دەق پەیڕەوکراوە.

پلانی توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازە و دوو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە: لەدەروازەدا باسی پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیع کراوە، لەگەڵ تیشك خستنەسەر مێژووی نوێکردنەوەی شیعر. تەوەری یەکەم, لەژێر ناونیشانی (نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا)یە و تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکردنی چەمك و زاراوەی نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا، بەپێی تایبەتمەندی ئەو دەقە شیعرییانەی دەچنەخانەی نوێکردنەوەوە. تەوەری دووەم، لەژێر ناونیشانی (نوێگەری لە شیعری کوردیدا)یەو تێیدا تیشك خراوەتە سەر زاراوە و چەمکی نوێگەری و گرفتەکانی لەشیعری کوردیدا. لەکۆتاییدا ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، کە توێژینەوەکە بەدەستی هێناون.

**کلیلی ووشەکان:** نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا ،نوێگەری لە شیعری کوردیدا، زاراوە، دەقی شیعری

## پێشەکی

شیعر دیاردەیەکی مرۆیی گرنگە و لەئەدەبیاتی جیهانیدا خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژە. شاعیران لەڕێی بەهەمەکانیانەوە توانیویانە کاریگەری گەورە لەبواری جوانکاریی نووسین و کاریگەری هزری لەکۆمەڵدا دروست بکەن. مێژووی هەڵکشانی شیعر بەپێی کات و شوێن گۆڕانکاری فراوانی بەخۆوە بینیوە و بەشێوەیەکی گشتی ئەدەب بۆ دوو قۆناغ پۆلێن کراوە: (شیعری کۆن) و (شیعری نوێ)، هەریەك لەم قۆناغانە پۆلێنبەندی وردتر لەخۆ دەگرن، لەم نێوەندەشدا چەند زاراوەیەك بەرهەمهاتوون و هەریەك لەزاراوەی (نوێکردنەوە) و (نوێگەری) بەشێکن لەو زاراوانە، کە توێژەرانی ئەدەبی بەخۆوە سەرقاڵ کردوون، بەڵام لەنێو توێژینەوەکانی ئەدەبی کوردیدا چەمك و سنوری هەردوو زاراوەکە بەڕوونی دەستنیشان نەکراون, لەم سۆنگەیەوە

ناونیشان و سنووری توێژینەوەکە دیاریکراوە، کە بریتییە لە لێکدانەو و شیکردنەوەی زاراوە و چەمکی (نوێکردنەوە) و (نوێگەری) لەشیعری کوردیدا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕووینەوەی تەمومژی و لێلی لەچەمك و پێناسەکردنی هەریەك لەزاراوەی (نوێکردنەوە) و (نوێگەری) لەئەدەبی کوردیدا، هەروەها جیاکردنەوە و دیاریکردنی سنووری هەردوو چەمکەکە لەشیعری کوردیدا،بۆ ئەم مەبەستەش تیشك خراوەتە سەر ئاوازی شیعری.

بۆ بەدەستهێنانی ئاما نجەکانی توێژینەوەکە ڕێبازی شیکاریی ڕەخنەیی و هەڵبژاردنی دەق بە پێی پێویستی توێژینەوەکە پەیڕەوکراوە.

گرفتی توێژینەوەکە، بە پلەی یەکەم دەگرێتەوە بۆ ئاڵۆزی خودی زاراوەکان، بەوەی ئەم دوو زاراوەیە لەڕێی زمانە ڕۆژئاواییەکانەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی. زاراوەکان لەخودی زمانە ڕەسەنەکانیشدا خاوەنی کۆمەڵێك گرێ و ئاڵۆزین، چونکە تێکەڵ بەفەلسەفە و ئایدۆلۆجیا و چەمکی ئازادی و گۆڕنکارییە واقیعییەکان بوونەتەوە، ئەمەش وایکردووە لەکاتی وەرگێڕان و نووسینی توێژینەوەکاندا بەشێك لەبەهای ڕاستەقینەی زاراوەکان لەدەست بدرێت، ئەم بارەش لەیەك کاتدا بووە بەگرفت و، لەهەمان کاتدا بووە بەهاندەر بۆ ئە نجامدانی توێژینەوەکە.

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و دوو تەوەر پێکدێت، بەم شێوەیە: دەروازە لەدوو باسی تیۆری پێکدێت: یەکەم، باسکردنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیع. باسی دووەم، تیشکێك بۆ سەر مێژووی نوێکردنەوەی شیعر. هەروەها تەوەری یەکەم، بەناونیشانی (نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا)یە و تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکردنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بە پێی تایبەتمەندی ئەو دەقە شیعرانەی دەچنەخانەی چەمکی نوێکردنەوەوە. تەوەری دووەم، لەژێر ناونیشانی (نوێگەری لە شیعری کوردیدا)یەو تێیدا تیشك خراوەتە سەر زاراوە و چەمکی نوێگەری لەشیعری کوردیدا و گرفتەکانی چەمکەکە. هەروەها لەکۆتاییدا گرنگترین ئە نجام و سەرچاوەکان و کورتەیەك لە توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەنەتەڕوو.

**دەروازە**

**یەکەم/ کاریگەری واقیع لەسەر ئەدەب.**

ئەدەب وەکو بەرهەمێکی مرۆیی لەژێر کاریگەری واقیعدا دەبێت، بگرە هەموو مرۆڤێك بەخودی نووسەران و خوێنەرانی ئەدەبیشەوە هەمووان لەژێر کاریگەری واقیعدا دەبن، بەڵام کاریگەرییەکە بە پێی (کات) و (شوێن) دەگۆڕێت، بەواتایەکی دیکە ئەدەب بە پێی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ژیان هەر لەکۆنەوە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان, چ لەڕووی بابەتەوە یاخود لەڕووی تەکنیکی نووسینەوە بێت, گۆڕانکاری گەورەرەی بەسەردا هاتووە و نوێکردنەوە ڕوویداوە، بەڵام ((هەموو (نوێیەك) مانای

جیابوونەوەی تەواوەتی نییە لەكەلەپوور، بەڵكو چاكترە كە بوترێت هەر نوێیەك، بازدانێكە بەسەر كۆن و لەهەمان كاتیشدا داهێنانێكی گشتییە ))[i] و سەرەڕای بانگەشەی هەندێك ڕێباز بەڵام ئەدەبی نوێ دابڕاو نییە لە ئەدەبی كۆن.

ئەوەی جێگەی تێبینیكردنە ئەوەیە كە گۆڕانكاری لەئاستی ئەدەبدا دوو جۆری هەیە. جۆری یەكەم بریتییە لەنوێكردنەوەی لەئاست بابەت و پەیامی ئەدەبی، ئەم گۆڕانكارییە بەستراوەتەوە بە وەرچەرخانی هزری و ئایدۆلۆجی لەگەڵ گۆڕانكاری لە پێداویستییەكانی ژیاندا، واتە هەركاتێك باری ڕۆشنبیری و سیاسی و جیهانبینی نەتەوەیەك گۆڕانكاری بەسەردا هات، یاخود بژێوی و باروگوزەرانی ژیانی خەڵك گۆڕا و دیاردەی تازە هاتە ناو كۆمەڵەوە, ئەوا گۆڕانكاری لەبابەت و پەیامدا دەبێت بە پێویستی، هەربۆیە نووسەران بابەتە تازەكان دەكەن بە پەیامی ئەدەبی خۆیان. جۆری دووەم بریتییە نوێكردنەوە لەئاست قاڵب و یاسا ئەدەبییەكان، ئەم جۆرەیان پەیوەستە بەشێوازی نووسین و تەكنیكەكانی ئاراستەكردنی دەقەوە، بەڵام گۆڕانكاری لەم حاڵەتەیاندا بۆ نووسەر قورسترە تاوەكو بابەت، هۆكاری گۆڕانكاری لەم ئاستەدا زیاتر پەیوەستە بەكرانەوەی ئەدەبی ناوخۆیی لەبەرامبەر ئەدەبی بێگانە لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی خودی واقیعەكە.

فۆرمەلەكردنی ئەدەب لەهەردوو ئاستی پەیام و فۆرمدا بەیەكەوە گرێدراون، بەجۆرێك بەشێك لەشاعیران گازندەی خۆیان ئاراستەی قاڵب و یاساكانی شیعری كردۆتەوە كە ڕێگر بوون لەبەردەم ئاراستەكردنی پەیامەكانیان بەو شێوەیەی كەخۆیان مەبەستیان بووە، لەم ڕووەوە (علی البیتیری) دەڵێت: ((نوێكردنەوەی فۆرمی هونەری و یاریكردن پێی لەچوارچێوەی گۆڕانكارییەكاندا بووە بەخەمی شاعیرە تازە و نوێخوازەكان، بەجۆرێك ئەو باوەڕە بڵاوبووە كە فۆرمی بەكارهاتوو لەشیعری عەرەبی كۆندا بەربەست بووە لەبەردەم نوێكردنەوەی ناوەرۆكی شیعری و قوڵبوونەوە تێیدا ))[ii]، ئەم بیركردنەوەیە لەلای نووسەرانی كوردیش گەڵاڵە بووە، بۆ نموونە (گۆران) لە شیعری (هەڵبەستی دەروون)دا دەڵێت:

هەرچەن ئەكەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم، بۆم ناخرێتە ناوچوارچێوەی هەڵبەستم

لێــكدانەوەی دەروون، قســەی زمــانم: بۆچی وەها دوورن لە یەك؟ نــــازانـــم[iii]

دیارە گواستنەوەی چەمكی زەینی بۆ سەر زمان بۆخۆی تووشی گرفت و لەدەستدانی واتا دەبێت، لە پاڵ ئەوەشدا قاڵبی شیعری گرفتێكی دیكەی گواستنەوەكە دەبێت، هەربۆیە (گۆران)ی شاعیر بۆ جۆانكاری بە (نازانم) گوزارشتی لەدیاردەكە كردووە.

كاتێك ژیانی تازە بەهەموو ڕەهەندەكانییەوە گۆڕانكاری جەوهەری بەخۆیەوە دەبینێت یاسا كۆنەكانی ئەدەب بارتەقای ئەوگۆڕانكاریانە نابن, بۆیە پێداچوونەوە بەو یاسانە دەبێت بە پێویستی، چونكە ((ناكرێ واقیعی تازە خەڵق بكرێ و بدوزرێتەوە بەهەمان ئەوكەرەستە و شێوازانە كە پێشتر بۆ كەشفكردنی واقیعێكی پێشوو بەكارهاتووە و ئەمڕۆ بەزێنراوە ))[iv]،

ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەكاتەوە كە مرۆڤ بە خودی نووسەران و خوێنەرانی ئەدەبیشەوە پێویستە لەگەڵ بەروپێشچوونی واقیع خۆیان نوێ بكەنەوە.

كەباس هاتە سەر واقیع ئەوە پێویستە بەشێوەیەكی بابەتییانە ڕەچاوی واقیع بكرێت، بەواتایەكی دیكە ڕاستە ئێمە لە ژیانی سەردەمدا دەژین و چەندین كەناڵ و ڕایەڵی پەیوەندی لەنێوان گەلانی جیهان بونیادنراوە و تاڕادەیەكی فراوانیش نزیكایەتی لەنێوان ژیانی كۆمەڵگا جیاوازەكاندا دروست بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی و جیاوازی لەزۆرێك لەكایەكانی ژیان لەنێوان نەتەوە و گەلە جیاوازەكاندا بەدی دەكرێت، هەرئەمەش وای كردووە هەندێك لەو دیاردانە، بەدیاردە ئەدەبییەكانیشەوە، بە پێی جیاوازی ژینگەیان لێكدانەوە و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بكرێت، ئەم جیاوازییەش لە چەمكی (نوێكردنەوە)دا بەڕوونی دەبینرێتەوە.

دووەم/ تیشكێك بۆ سەر مێژووی نوێكردنەوەی شیعر

هەموو دەقێكی ئەدەبی لە ڕووی كاتەوە بۆ قۆناغ و سەردەمی خۆی دەبێت بەدەقێكی سەردەمیانە و دەكرێت بە دەقی نوێ و هاوچەرخ ناوبرێت، واتا شیعرێكی (نالی) بۆ كات و سەردەمی خۆی نوێ و تازە بووە، ئەمەش وامان لێ دەكات بڵێین هەموو دەقێك لە سەرەتای بەرهەمهێنانییەوە دەبێت بە دەقێكی نوێ، بەو واتایەی ئەو دەقە لە ڕووی كاتەوە تازە بەرهەم هێنراوە، بەڵام مەرج نییە هەموو دەقێكی ئەدەبی تازەبەرهەمهاتوو لەڕووی بونیادی هونەری و پەیامەوە بەرهەمێكی نوێ و سەردەمییانە بێت.

نوێكردنەوە پرۆسەیەكی بەردەوامە، ((لەشیعری كوردیدا هەر لەشاعیرە سەرەتاییەكانەوە تاكو ئێستا ئەم نوێكردنەوەیە هەبووە، هەر قۆناغێك لەگەڵ قۆناغەكەی پێش خۆی جیابووە))[٧]، واتە هەر لەگەڵ بوونی ئەدەبدا ئەم پرۆسەیە بوونی هەبووە، هەر ئەم پرۆسەیەش وای كردووە كە ئەدەب ببێت بەخاوەنی یاسای ئەدەبی و هونەریی تۆكمە و كاریگەر، بەوەی قۆناغ بە قۆناغ شاعیر و نووسەرانی ئەدەب هەوڵی دووبارە تازكردنەوەی یاسا و دەستوورەكانی شیعر و ژانرەكانی دیكەی ئەدەبیان داوە، تا لە فۆرم و شێوازیكی دیكەدا بەرهەمەكانیان پێشكەش بكەن، بەم پێیە نوێكردنەوە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە و هەمواركردنەوەی بەشێك، یان تەواوی یاسا و داب و نەریتەكانی شیعر، بە یاساو بنەمای دیكە.

لەمێژووی ئەدەبیاتی كوردیدا لەگەڵ دەركەوتنی هەر یەك لە شاعیرانی وەكو (بابە تاهیری هەمەدانی) و (مەلای جزیری) و (ئەحمەدی خانی) و (نالی) و (گۆران) ... ، شیعری تازە (بە گوێرەی ئەو سەردەمانەی خۆیان) هاتۆتە ئاراوە، هەریەك لەو شاعیرانە لەئەنجامی ئەو بارودۆخەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە، یان بە هۆی ئەو هۆكارە ناوەكی و دەرەكیانەی كاریگەرییان بەسەریانەوە هەبووە، توانیویانە جۆرێك لەگۆڕانكاری لە شیعردا ئەنجامبدەن و شتێك بێننە ئاراوە كەسەرەڕای هەبوونی خاڵی هاوبەش لەگەڵ پێشتردا، چەند تایبەتمەندییەكی خودی و جیاواز لەخۆبگرێت.

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە ئەندازە و ڕێژەی نوێکردنەوە جیاوازە، ڕێژەی نوێکردنەوەش بۆخۆی دەبێت بەخاڵی بەهێز و کاریگەری بۆ خودی شاعیر، بۆ نموونە (بابەتاهیری هەمەدانی) نوێکردنەوەی لەئەدەبی کوردیدا ئەنجام داوە، بەوەی لەسەردەمی (هەمەدانی)دا شیعری میللی بەزمانی کوردی باو بووە، (بابە تاهیر) توانیویەتی یاساکانی شیعری کلاسیکی ئیسلامی بەسەر زمانی کوردی (لوڕ)دا پەیرەو بکات، هەروەها (ئەحمەدی خانی) داستانە شیعری بۆ ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بەرهەمهێناوە، ئەمەش بۆ خۆی دەچێتە ژێر چەتری نوێکردنەوەوە ، کەواتە هەر لەکۆنەوە پرۆسەی نوێکردنەوە لەئەدەبدا بوونی هەبووە و هەر بەردەوامیش دەبێت.

**تەوەری یەکەم: نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا**

پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعر بە پێی ئەندازە و ڕێژەکەی جۆراوجۆرە و دەتوانین لەدوو کۆمەڵدا کۆیان بکەینەوە:

یەکەم/ نوێکردنەوەی بەشەکی: واتە شاعیر لە یەکێك یان زیاتر لە یاسا و نەریتە باوەکان لادان ئەنجام بدات.

دووەم/ نوێکردنەوەی گشتی: واتە شاعیر دەستبەرداری یاسا و نەریتە باوەکانی شیعر ببێت و لەجێگەیاندا یاسا و بنەمای دیکە جێگیر بکات.

ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە کارکردنە لەسەر جۆری دووەمی نوێکردنەوە، واتە نوێکردنەوەی گشتی. لەمێژووی ئەدەبی جیهانیدا بۆ یەکەمجار گەلانی ڕۆژئاوا توانیان نوێکردنەوەی گشتی لەئاستی شیعردا ئەنجام بدەن، بەجۆرێك سەرەتاکانی ئەو پرۆسەیە لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەستپێدەکات، لەو نێوەندەشدا (قوتابخانەی ئەڵمانی، بەکۆنترین قوتابخانەی ئەدەبی ڕۆمانتیکی لە ئەوروپادا دەژمێردرێت، لۆدیڤیگ تیك لەساڵی 1798 لەشاری جینا دایمەزراند)[vi] و دواتر نوێکردنەوە بوو بەدیاردە، هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە دەرئەنجامی زەمینەسازی واقیعیی ژیانی ئەوروپا بوو، کە ڕەگوڕیشەی ئەو گۆڕانکارییانەش بەزنجیرە دەگەڕێنەوە بۆ دەرکەوتنی چاپەمەنی کەلەئەنجامدا ڕێنسانسی لێبەرهەمهات و پاشان سەردەمی ڕووناکبیری و دواتر سەردەمی نوێی شیعری لێکەوتەوە.

**هەندێ لەجیاوازییەکانی سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێ پەیوەست بەشیعر:**

لەسەردەمی کۆندا، لەژێر کاریگەری بیری (کۆمەڵباوەڕی)دا، دیاردەی لاساییکردنەوە باوبووە، بۆیە دووبارەکردنەوەو چاولێکەری بەپیرۆزی تەماشا دەکرا، ئەمەش بوو بەمایەی ئەوەی هەر یاسا و داب و نەریتی بە یاساکانی ئەدەبیشەوە کە لە کۆنە( پێشینان )وە هاتبوون، بەبەرز و پەسەندکراوی دووبارە پەیڕەو بکرێنەوە، ئەم بیرە زیاتر لەسایەی هەژموونی دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرهەمهاتووە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا لەژێر دیاردەی (تاکباوەڕی) باوبووە، هەربۆیە لەم قۆناغەدا لادان و یاخیبوون بوون بەدروشم، ئەمەش بوو بەمایەی یاخی بوونێکی نیمچە ڕەها لەڕابردوو بەهەموو ڕەهەندەکانی,

وەك دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ئاین، هونەر، ئەدەبی...، لەئەنجامیشدا نووسەرانی ئەدەب بەگشتی و شاعیران بەتایبەتی سەربەستییەکی فراوانیان بەدەستهێنا لەئاستی بونیادنانی پەیامی دەق و شێوازی نووسنەوەی دەقدا.

نووسەری سەردەمی نوێ هەمیشە هەوڵدەدات شێوازی نوێ بەکاربهێنێ و داهێنان بکات و قاڵبەکۆنەکان تێکبشکێنێ، هەروەها لەبەرامبەردا خوێنەرانیش لە دووبارەبوونەوەی شێواز و قاڵبی کۆن بێزار دەبن و ئارەزوومەندن بابەتی نوێ و شێوازی نوێ تاقیبکەنەوە، بۆیە پەنایان بۆ دەقە نوێیاوەکان دەبرد و بەلایانەوە جوان بوون ئەگەر نامۆش بن.

**نوێکردنەوە (التجديد / Modernization)**

لەنێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا چەند زاراوەیەك بەرامبەر بە(نوێکردنەوە) بەکارهێنراوە. (یادگار ڕەسوڵ) ئاماژە بەوە دەکات کەلەزمانە ئەوروپییەکاندا زاراوەی (Innovation) و زمانی عەرەبیش زاراوەی (تجديد) لەبەرامبەری دانراوە و پێناسەی جیاجیای بۆکراوە،دواتر دەڵێت : دەمانەوێت چەمکی (تجديد- Innovation) بناسێنین کە ئێمە زاراوەی تازەگەریمان بۆ بەکارهێناوە[vii]. ئەمە لەکاتێکدا ناوبراو ناونیشانی توێژینەوەکەی بریتییە لە (سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی 1898-1932)دا، واتە هەردوو زاراوەی (تازەگەری) و (تازەکردنەوە) بۆ دیاردەکە بەکاردەهێنێ، ئەمەش تێکەڵکردنێکی ڕوونە، چونکە (تازەگەری یان نوێگەری) دیاردەیەکی دیکەی ئەدەبی هاوچەرخە و جیاوازە لە نوێکردنەوە یان تازەکردنەوە.

(حسێن غازی) دەڵێت: چەمکی نوێکردنەوە لەزمانی کوردیدا چەمکێکی فراوانە. چەندین زاراوە لەخۆ دەگرێ، وەکو (نوێکراوە، نوێخوازی، تازەکردنەوە)، ئەم وشانەش هەموو بۆ یەك مەبەست بەکاردەهێنرێن، هەروەها لەزمانە ئەوروپاییەکاندا و لە وێژەی عەرەبیشدا چەمکی جیاوازی هەیە، هەردوو وشەی (تجديد) و (حداثة) یان بەکارهێناوە و لە زمانی ئینگلیزیشدا هەردوو وشەی (Modernism) و(Innovation) بەکار دەهێنرێن[viii]. بەوردبوونەوە لە وتەکانی (حسێن غازی) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەهەردوو زاراوەی نوێکردنەوە (التجديد - Innovation) و نوێگەری (حداثة - Modernism) ئاماژەن بۆ یەك دیاردە، بەجۆرێك هەریەك لە زاراوەی (نوێکراوە، نوێخوازی، تازەکردنەوە) دەشێ بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنرێن، دیسانەوە ئەمە ئاوێتەکردنە لەنێوان هەردوو زاراوەی (نوێکردنەوە) و (نوێگەری), چونکە نوێکردنەوە، وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە و هەموارکردنەوەی بەشێك، یان تەواوی یاسا و داب و نەریتەکانی شیعر، بە یاساو بنەمای دیکە. لەلایەکی دیکەوە (حسێن غازی) زاراوەی (نوێخوازی) وەکو هاوواتای (نوێکردنەوە) باسی دەکات، ئەمەش دیسانەوە یەکانگیرنییە لەگەڵ زاراوەی (نوێکردنەوە)، چونکە (نوێکردنەوە) لەسەر بنەمای ڕابردوو دامەزراوە، واتە شتێکی کۆنمان هەبێت و دواتر بخرێتەبەر پرۆسەی تازەکردنەوە، بەمەش دەوترێت تازەبوونەوە واتا (کۆنی دەسکاری کراو)[ix]، بەڵام زاراوەی (نوێخوازی) واتایەکی فراوانتری هەیە و بەواتای (هاوچەرخێتی) دێت، بەم جۆرە بەکارهێنانی زاراوەکە لەلای

( پیربال )یش دەبینرێت و دەڵێت: لەزمانی ئەمڕۆی ڕەخنەی کوردیدا، هەندێ جار لە پاڵ زاراوەکانی (نوێگەری) و (نوێخوازی) و (تازەگەری)، زاراوەی دیکەش بەکاردێن: مۆدێرنیتە و مۆدێرنیتی[x].

سەبارەت بە زاراوەی نوێکردنەوە (فەرهاد پیربال) دەڵێت: (نوێکردنەوە) یان (تازەکردنەوە) کە کرداری ناوەکەیە و لە فەرەنسیدا بریتییە لە مۆدێرنیزیَ (Moderniswr)، واتە:

- بەخشینی شێوەیەکی تازەتر کە لەتەکنیکی ئەمڕۆییەوە وەرگیرابێ.
- خۆگونجاندن لەگەڵ بەکارهێنانە هاوچەرخەکان[xi].

وشەی (تازەتر) بۆ بەراوردکردن هاتووە، واتە تەکنیکی کۆن هەڵدەگیرێت و تەکنیکی تازەتر دەخرێتە جێگای، بەجۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمی تازەدا، ئەمەش لێکدانەوەیەکی پەسەند و تۆکمەیە بۆ واتای نوێکردنەوە.

(حسێن مەحمود کەلاری) لەتوێژینەوەیەکدا بەناونیشان: (ڕەوتی نوێگەری لەشیعری کوردیدا) دەڵێ: وەکو ڕای تاکەکەس بۆ زاراوەی (التحدیث) نوێگەری دابنێین، پاشان دەڵێ: کێشەی ئێمە ئەوەیە تاوەکو ئێستا (ئەکادیما)یەکمان نییە، هەموو لەسەری کۆك و گرد بین و رزگارمان بێت لە رای تاکەکەسی، بۆیە فرە زاراوەیی هاتووەتە کایەوە، ئەمەش گرفتێکی زۆر دروست دەکات[xii].

(کەلاری) پێشنیاز دەکات زاراوەی (نوێگەری) بەرامبەر بە (تحدیث / تجدید) دابنرێت، ئەگەرچی (کەلاری) پێشمان دەکەوێ بەوەی بۆچوونی تاکەکەسی گرفتی زۆر لەبواری زاراوەدا دروست دەکات، بەلاّم بۆچوونی تاکەکەسی پشت بەستوو بەبەڵگە و سەلماندن کارێکی خراپ نییە بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتی زاراوەکان، لەم سۆنگەیەوە زاراوەی (نوێگەری) یان (تازەگەری) بە زاراوەیەکی پەسەند دەزانین بۆ دیاردەی (حداثة) نەك (تحدیث / تجدید)، ئەم باسەش بەپێی پلانی توێژینەوەکە لە تەوەری دووەمدا زیاتر ڕووندەبێتەوە، هەروەها سەبارەت بە (تحدیث / تجدید) زاراوەی (نوێکردنەوە) یان (تازەکردنەوە) بە پەسەندترین دەزانین.

ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە (محەمەد فازیل مستەفا) لە(دکتۆرانامە)[xiii] کەیدا، کە بەناونیشانی (دەنگی پیرەمێرد لەبزووتنەوەی شیعری کوردیدا)یە، بەشی یەکەمی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی مێژووی نوێخوازی لەئەدەبی ڕۆژهەلاّتدا، بەلاّم ناوبراو خۆی بەدوورگرتووە لە ناساندنی زاراوەکانی (نوێخواز) و (نوێکردنەوە)، بەڵکو زیاتر خۆی سەرقاڵ کردووە بەڕاوبۆچوونی نووسەران لەسەر مێژووی دەسپێکردنی قۆناغی نوێخوازی لە شیعری کوردی و شیعری ڕۆژهەلاّتیدا، هەروەکچۆن زاراوەی (نوێخواز) زیاتر سیمای وەسف بەسەریەوە زاڵە، ئەگەر لەبواری ئەدەبدا بەکاری بهێنین مەبەستمان لە نووسەرێکە کە ویستی لەسەر بابەت و شێوازی ئەدەبی نوێ و تازە هەیە، هەربۆیە ئەگەر شاعیرێك سیماکانی (نوێکردنەوە) یان (نوێگەری) لە بەرهەمەکانی ڕەنگبداتەوە دەتوانین پێی بڵێین شاعیرێکی نوێخوازە، لەم ڕووەیشەوە (هەژاری موکریانی) دەڵێت: (خواز)

پاشگرێکە بەکار دێت بۆ داواکەری و ئارەزوکاری[xiv]، واتا داواکاری و ئارەزوومەندی هەیە بۆ دیاردەی نوێ لە ئەدەبدا، هەربۆیە زاراوەی (نوێخواز) گشتیترە، بەڵام هەریەك لە زاراوەکانی (نوێکردنەوە) و (نوێگەری) سیمای وردبوونەوە و تایبەتمەندی هەڵدەگرن، بۆ نموونە کە دەڵێین (ئەدەب) واتایەکی گشتی تر دەبەخشێ لەوەی بڵێین (شیعر) یان (چیرۆك). بەهەمان شێوە ئەم حاڵەتە لەلای (ئازاد عەبدلواحید) دووبارە بووەتەوە و زاراوەی (نوێخوازی) بەکاردەهێنێت و دەڵێ: پێویستە لەسەر شاعیری نوێخواز... لە هەر دەقێکی ئەدەبیی نوێ، دوو مەبەستی پێکەوە گرێدراو بەرجەستە بکات:

یەك: پەیامێکی تازە، بەشێوازێکی تازە.

دوو: گوتنێکی نوێ بەشێواز و تەکنیکی نوێتر[xv].

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زاراوەی (نوێخواز) زیاتر هەڵگری واتای هاوچەرخێتی ئەبەخشێ، لەم ڕووەیشەوە (محمد خضر عريف) لە کتێبی (الحداثة مناقشة هادئة لقضية ساخنة بين مصطلح الحداثة والتجديد والمعاصر)دا دەڵێت: لە لای زۆرێك لە ڕەخنەگر و نووسەراندا ئاوێتەکاری کراوە لەنێوان هەریەك لەزاراوەی هاوچەرخێتی (modernity) و نوێکردنەوە (modernization) و نوێگەری (modernism)، بەوەی بەشێك لە ڕەخنەگران ئەو زاراوە بیانییانە بەرامبەر بە نوێگەری بەکاردەهێنن، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازییەکی فراوان لەنێوان هەر یەك لەو زاراوانەدا بەدی دەکرێت[xvi]. کەواتە (نوێخوازی) واتای (هاوچەرخێتی) لەخۆ دەگرێت و هەردوو چەمکی (نوێکردنەوە) و (نوێگەری) لەژێر چەتری (نوێخوازی) جێگایان دەبێتەوە، بەدەر لەجیاوازی چەمکی هەردوو زاراوەکە، لەلایەکی دیکەوە کەمتازۆر جیاوازی لەنێوان زاراوەکانیش بەدی دەکرێت لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چونکە ((زەمینەی سەرهەڵدانی بیری نوێخوازی و پەرەسەندنی، هەروەها ناوەڕۆکی ئەو نوێخوازییە لە ئەوروپادا – بەحوکمی جیاوازبوونی ئەوروپا و کوردستان – جیاواز بووە لە نوێخوازی وڵاتی ئێمە. کەواتە ئێمە دەبێ بەشێوەیەکی جیاواز مێژووی نوێخوازیمان بخوێنینەوە: نەك خۆمان و مێژوومان باوێینە ناو قاڵبی هەمان نوێخوازێتیی ئەوان))[xvii]، بەتایبەتی جیاوازی لەنێوان (نوێکردنەوە)دا، یاخود ڕوونتر وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد (نوێکردنەوەی گشتی)، چونکە زنجیرەی بەرەوپێشچوونی قۆناغەکانی مێژووی کوردستان جیاوازە لە ئەوروپا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەقۆناغی (ڕووناکبیری) و (ئازادی)یەوە.

ئەگەر تەماشای قۆناغەکانی مێژووی نوێی ئەوروپا بکەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتە کە بیری نوێخوازی بە زنجیرە بەرهەمی قۆناغی بوژانەوە (ڕێنسانس) و دواتر ڕووناکبیری (ڕۆشنگەر)یە کە دواتر دیاردەی ئازاد بوون و دروستبوونی مرۆڤی دونیایی و تاکگەری لێ بەرهەمهات، پاشان ئەو دیاردەیە گواسترایەوە بۆ ناو ئەدەب، بەڵام ئەو زنجیرە مێژووییە لە واقیع و ئەدەبی کوردیدا بەهەمان شێوە و زنجیرە نەبووە، ڕوونتر ئەوەیە ژینگەی تاکی کوردی بەقۆناغی ڕووناکبیری کرداریدا تێنەپەڕیوە، بەتایبەتی پێش دەرکەوتنی قۆناغی ئەدەبی نوێی کوردی، هەرگیز تاکی کورد نە ئازادی هاوشێوەی ئەوروپای بەخۆوە بینیوە نەبە قۆناغی ڕووناکبیری فیعلیدا تێپەڕیوە، ئەوەی کە هەیە چەند ئەدەبییێك کە بەپەنجەی دەستێك

دەژمێردرێن دەرکەوتوون و هەوڵیانداوە ئاستی هۆشیاریی مرۆڤی کورد بەرز بکەنەوە، لە نموونەی شاعیری گەورەی گەلەکەمان (حاجی قادری کۆیی)، ئەم بۆچوونە بۆ ئەدەبی عەرەبیش ڕاستە، هەربۆیە کاتێك کە نوێکردنەوە لەئەدەبی کوردی و عەرەبیدا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا وەکو دیاردە دەردەکەوێت،شاعیرا نمان ناتوانین هاوشێوەی ئەدەبی ئەوروپی ئازادی لە پەیام و قاڵبی شیعرەکانیان پێڕەو بکەن، تەنانەت چەمکی (شیعری ئازاد) نەیتوانیوە ئازادی هاوشێوەی ئەورپییەکان وەرگێڕتە ناو بەرهەم شاعیرانەوە، چونکە ((هۆنراوەی سەربەست لەئەدەبی کوردی هاوچەرخماندا بەهەمان چەمك بەکاردەهێنرێت کە (نازك الملائکە) بەکاریهێناوە واتە ئەو هۆنراوەیەی کەخۆی لەچوارچێوەی بەیتی دوو دێڕی دەرباز کردووە و ژمارەی پێیەکانی لەدێڕێکەوە بۆ دێڕێك دەگۆڕێ لە هەمان کاتیشدا دەستبەرداری قافیە نابێت))[xviii].

کەواتە چەمکی نوێکردنەوە بە پێی بەرهەمی دەقی شیعری شاعیرانی کورد بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەو هەموارکردنەوەی یاسا و بنەما شیعرییەکانی کلاسیکی ئەدەبی کوردی و دانانی یاسای دیکە لەجێگەیان کە گونجاوبوون لەگەڵ سەردەمی تازە، لە ڕووی زمان و کێش و سەروا و بابەتەوە هەر لەکۆنەوە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیدا وتەکەی (قدامە بن جعفر) دووبارە دەکرێتەوە وەکو بنەمایەکی سەرەکی شیعر، لەم ڕوانگەیەوە تیشك دەخەینە سەر دەقێکی شیعری (نالی) و یاساکانی کێش و سەروای تێدا دەستنیشان دەکەین، (مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((نالی پێڕەوی شیعری کلاسیکی ئیسلامی کردووە لەڕووی کێشەوە، هەموو شیعرەکانی بەبەحری عەرووزی کێشاوە، لەوانە بەشی هەرە زۆری غەزەلەکانی لەسەر کێشی هەزەج و هەندێ لەوە کەمتر ڕەمەلن))[xix]، نموونەی کێشی ڕەمەل و قافیەی یەکگرتوو، لەشیعری نالی:

تا فەلەك دەوری نەدا، سـەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبی میهری موبارەك، تـەلعەتی پەیدا نەبوو

تا نەگریا ئاسمان و، تـــــەم وڵاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو[xx]

فاعلاتن فاعلاتن فاعیلاتن فاعلن

بەشێك لەیاساکانی شیعری کلاسیکی لەسەر دەستی (حاجی قادری کۆیی) دەگۆردرێت، ئامانج لەم کارەی (حاجی) گەیاندنی واتاو مەبەستەکانە بەشێوەیەکی سادە و ساکار بەخوێنەر:

تا ڕێك نەکەون قەبیلی ئەکـــــراد

هەروا دەبنە خەرابە ئابـــــــاد

ئەنواعی میلەل لە گەورە تا چـــوك*

خەملێوە مەمالیکی وەکو بـــــــووك

یەك بەرگن و یەك زوبان و یەك ڕەنگ

بێ غەییەت و عەیب و عار و بێ دەنگ

……

هەر کوردن ئەگەرچی باکی مــــەردن

پامالی زەمانە میسلی گـــــــەردن[xxi]

جگە لە تازەکردنەوەی بابەت، (حاجی) کێشی پەنجەی (10) بڕگەیی خۆماڵی و جووت سەروا، دەکاتە بونیادی کێش و سەروا، چونکە نوێکردنەوە لەئەدەبی کوردیدا لەسەردەمی بوژاندنەوەی بیری نەتەوایەتیدا گەشەی کردووە، واتە ئەو کاتەی گرنگیدان بەبیری نەتەوایەتی بووە بە دیاردە نەك لەلای تەنها شاعیرێك دەرکەوتبێ، هەر بۆیە ((هەر نوێکردنەوەیەك لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بەتایبەتی شیعر، بەندە بەشێواز و پلەی پەرەسەندنی کۆمەڵەوە))[xxii]. بارودۆخی کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەنجامی ئەو هۆکارە ناوەکی و دەرەکیانەی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتن ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بووەوە، ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی و شیعریش بە تایبەتی ئەوەی بەرکەوت کە گوزراشتێکی تازە لەو بارودۆخە تازەیە بکات و وێنایەکی ئەو سەردەمە بکێشێ، بۆیە دەبینین سەرەتای گۆڕانکاری لەشیعری ئەو ماوەیەدا زیاتر لەئاستی ناوەڕۆکدا بووە و کەمتریش لەئاستی فۆرمدا بووە، بەڵام دواتر وردە وردە شاعیران ڕوویان کردووەتە تازەکردنەوە لەئاستی فۆڕمی شیعری و، لەمەوە قۆناغێکی تازەی شیعر لەئەدەبی کوردیدا دەرکەوت.

دوابەدوای (حاجی)، (شێخ نوری شێخ ساڵح) و (ڕەشید نەجیب) و (پیرەمێرد) زۆربەی هەرە زۆری یاساکانی شیعری کلاسیکی هەڵدەوەشێننەوە و لەجێگەیاندا بنەما هونەرییەکانی شیعری فۆلکلۆری کوردی و شێوەزاری گۆران دەکەن بەجێگرەوەیان، بەڵام لەسییەکانی سەدەی بیستەیەمدا لەسەر دەستی (گۆران) ئەو مۆدێلە لەشیعر دەگات بەلوتکە و بەیەکجاری دەستبەرداری یاساکانی شیعری کلاسیك دەبێتەوە، بۆ نموونە (گۆران) لە (جوانی بێ ناو)دا دەڵێت:

قژ کاڵی لێو ئـــــــاڵی پرشنگی نیگا کاڵ

ئەی کچە جوانـەکەی سەر گۆنا نەختێك ئاڵ

ئەی کچە مەندەکەی بــــــە دەنگی چپە دوو

گەندەمووی دەم و چاو مەچەك هەڵنەگرتوو

ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئیسك سوك

ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتــــــر لەهی بووك[xxiii]

گۆران جووت سەروا و کێشی بڕگەیی خۆماڵی و زمانی پاراوی کوردی دەکاتە بنەمای تازەی شیعرەکانی، پاشان دەست بۆ نووسینەوەی (شیعری ئازاد) دەبات، بەڵام هاوشێوەی شاعیرانی گەلانی ڕۆژهەڵات (عەرەب)، بە پێی یاسای (پێ / تەفعیلە) و پابەندبوون بە قافییەوە شیعری ئازاد بونیاد دەنێت، سەرەڕای ئەوەی شاعیرانی قۆناغی دوای ڕێبازی کلاسیك لەشیعری کوردیدا، چەند جارێك هەنگاو بۆ پێشەوە و نوێکردنەوەی شیعری دەنێن، بەڵام داهێنانەکانیان هەر لە چوارچێوەی نوێکردنەوە دەمێنێتە، بەو پێیەی قاڵب و یاسای ئەدەبی کۆن هەڵدەوەشێننەوە و قاڵب و یاسای دیکە لەجێگایان دادەمەزرێنن.

**تەوەری دووەم/ نوێگەری لەشیعری کوردیدا**

لە قۆناغەکانی سەردەمی نوێی ئەدەبدا چەند قۆناغێکی ئەدەبی پۆلێن دەکرێن، لە دیارترینیان قۆناغی (ئەدەبی نوێ) و (ئەدەبی هاوچەرخ) و (ئەدەبی پاش هاوچەرخێتی)*. ئەم قۆناغانە دەکەونە چوارچێوەی (ئەدەبی نوێ)، بەو واتایەی هەرسێ قۆناغەکە پلەبەندیی قۆناغێکی فراوانی ئەدەبین بەناوی (ئەدەبی نوێ)وە. بە پێی قۆناغەکانی ئەدەبی نوێ چەند زاراوەیەك بەرهەمهاتوون لەدیارترینیان زاراوەکانی (نوێکردنەوە) و (نوێگەری)ن و لەئەدەبی گەلانی جیهاندا هەریەکەیان خاوەن مانای ئەدەبی و ڕەخنەیین تایبەتن، واتا هەریەك لەو زاراوانە بۆ سنووری تایبەتی ئەدەبی بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ بوونی هەندێ تەمومژی و ئاوێتەکاری، بەڵام ئەوەی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکرێت ئەم دوو زاراوەیە (نوێکردنەوە/ شیعری نوێ) و (نوێگەری/ شیعری هاوچەرخ) تا ئەمڕۆش لەلایەن بەشێك لەڕەخنەگرانەوە ئاوێتەکاری لەنێوانیاندا دەکرێت و بگرە هەندێجار بۆ یەك واتا و مەبەست وەری دەگرن، هەڵبەتە ئەگەر (نوێکردنەوە و نوێگەری) بۆ ئەدەبی نوێ (نوێ و هاوچەرخ) بەکاربهێنرێت تارادەیەك شیاو دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زانستی نابێت, هەر لەم سونگەیەوە تیشك دەخەینە سەر پۆلێن بەندی مێژوویی و ئیستاتیکی شیعری کوردی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ شیعری کۆن / کلاسیك (دووبارەکردنەوەی یاسای تۆکمە)

دووەم/ شیعری نوێ: (أ) شیعری نوێ (دووبارەکردنەوەی یاسا بە پشت بەستن بە سامانی نەتەوایەتی)

(ب) شیعری هاوچەرخ (لادان لەیاسای تۆکمە و جێگیر و داهێنانی بەردەوام)

**نوێگەری (الحداثة / Modernity)[xxiv]**

نوێگەری لەدایکبووی هزری ڕۆژئاوایە، لەنێو ململانێی سیاسی، هۆشیاری، کۆمەڵایەتی و ئابوری لەگەڵ ململانێی نێوان کۆن و نوێ لەدایکبووە، (هیمداد حوسێن) دەڵێ ئەم چەمکە لەسەر دوو بنەما دامەزراوە:

1- هەموو بەهایەك شایانی گۆڕان و دۆخ سەندنە، مرۆڤ پێویستە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ.

2- پرۆسەی ڕەتبوون لەقۆناغی ڕابردوو، هەتا ئێستاش كاكڵی ئەم بۆچوونە پێكدێنێت، بەرەو گۆڕانی ڕادیكاڵیانە و پێشكەوتنی كۆمەڵ[xxv].

هەروەها لەباسی زاراوەكانی ئەدەبی نوێدا، (هیمداد حوسێن) ئاماژە بەوەدەكات كە لەزمانە ئەوروپییەكان و زمانی عەرەبیشدا چەمك و مەبەستی هەندێ لەو زاراوانە لەیەكتر جیاوان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خودی خۆی دەڵێ: نوێگەری، نوێخوازی، نوێبوونەوە، تازەگەرایی...هتد، هەموو ئەم شێوانە یەك مەبەست دەپێكن[xxvi]. ئەم بۆچوونە دژیەكی و ئاوێتەكاریی بۆ زاراوەكان دروست كردووە، وەك لەوەی ڕوونیانبكاتەوە كە ئەو جیاوازیانە چین لەو دوو زمانە و بەراوردیان بكات بەزمانی كوردی.

كرۆكی (نوێگەری) خۆی لەگۆڕانكاری و ڕەتبوون لە ڕابردوو دەبینێتەوە، ئەم بیرۆكەیە تاڕادەیەكی فراوان (نوێكردنەوە) تێدەپەڕێنێت، چونكە لەڕووی دەركەوتنیشەوە (نوێگەری) دوای (نوێكردنەوە) كەوتووە، بەوەی پرۆسەی (نوێكردنەوە) هەر لەگەڵ بووندا هەبووە، لەشیعریشدا لەگەڵ دەسپێكی بەرهەمی شیعریدا بەدیكراوە و لەڕێی نوێكردنەوەوە شیعر خۆی تۆكمەتر كردووەتەوە و بەهای ئیستاتیكی و یاساكانی بەرزتربوون, تاوەكو گەیشتووە بە لوتكە لە شیعری كلاسیكدا، بەم پێیە نوێكردنەوە بۆ خۆی دەبێت بە جۆرێك لەیاخیبوون، بەڵام (نوێگەری) بیرێكی پێگەیشتووترە و ئاست و پلەی یاخیبوونیش تێیدا بەرزتر و باڵاتر بووەتەوە، ئەم یاخیبوونە فراوانە لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا لەگەڵ یەكەم ڕێبازی ئەدەبیدا خەملیوە كە ئەویش ڕێبازی (ڕۆمانتیك)ە، پاشان لەگەڵ دەركەوتنی ڕێبازەكانی تردا یاخیبوونەكە گەشەی كردووە، بەجۆرێك تا دەگاتە ڕێبازی (سوریالیست)، یاخیبوونەكەش دەگات بەلووتكە، بۆخۆی یاخیبوون پەیوەندییەكی تۆكمەی بە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و چەندێتی ئازادی تاكەوە هەیە، هەر ئەمەش وای كردووە جیاوازی بەدی بكرێت لەنێوان (نوێكردنەوە) لە شیعری كوردی و شیعری ڕۆژئاواییدا، چونكە واقیعی ژینگەی مرۆڤی كورد بە شاعیر و خوێنەریشەوە جیاواز بووە لە واقیعی ژینگەیی مرۆڤی ڕۆژئاوایی، بەتایبەتی لەهەردوو لایەنی یاخیبوون و ئازادییەوە، بەوەی لەقۆناغی شیعری نوێی كوردیدا لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانی تاوەكو كۆتایی شەستەكانی سەدەی بیستەم ئاستی هۆشیاری و ئازادیی مرۆڤی كورد (مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی) نەگەیشتووەتە پلەیەك كەتاكێكی یاخی بەرهەم بهێنێ و ببێ بەمرۆڤی یاخی، هەر ئەمەش وای كردووە شاعیرانمان هاوشێوەی شاعیرە عەرەبەكان نەتوانن خۆیان لەڕابردوو ئازاد، بەڵگەش بۆ ئەم باسە دۆخی (شیعری ئازاد)ە لەئەدەبی كوردیدا، بەوەی توانیویەتی سنووری دێر تێكبشكێنێ، بەڵام نەیتوانیووە لە(پێ / تەفعیلە) و قافیە خۆی ڕزگار بكات، بۆ نموونە (گۆران) لەشیعری (یار)دا، دەڵێت:

یار، یار! (2)

شیرین لە نجەولار! (5)

چاوم ڕوا, (3)

سەبرم سوا، (3)

هێزم لێ بڕا، (5)

هەر نەهاتی، دەرنەكەوتی، (4+4)

بۆچی توخوا؟ (4)

یار، یار شیرین لە نجەولار؟[xxvii] (5+2)

كەواتە چەمكی (نوێگەری)، وەكو میتۆدێك كە ڕۆژئاواییەكان بانگەشەی بۆ دەكەن (پرۆسەیەكە جەوهەری داهێنانە)[xxviii]، بە بۆچوونی هیگڵ (Hegel) نوێگەری بەگرنگترین پرسی فەلسەفە دادەنرێ،هەروەها نوێگەری ئەبەستێتەوە بە (خودیەت)ەوە، كە لەسەر دوو چەمكی سەرەكی دامەزراوە ئازادی و بیركردنەوە[xxix]. بەم پێیە تادەركەوتنی (شیعری ئازاد) لەئەدەبی كوریدا پرۆسەكە دەچێتە خانەی نوێكردنەوەوە، چونكە (شیعری ئازاد لەئەدەبی عەرەبیدا ((لە پەنجاكانی سەدەی بیستەمدا بەتەواوی شێوەی گرت، دیارترینی ئەو شاعیرانەی ((كۆتەكانی شیعری كلاسیكییان شكاند و شیعری ئازادیان داهێنا، بریتین لە نازك مەلائیكە (1923-2007) و بەدر شاكر سەییاب (1926-1964)...هتد))[xxx]، هەروەها بەبۆچوونی (دڵشاد عەلی)، دیلان ((لە پێش هەموو ئەو شاعیرانەوە بە (ڕێگای خەبات)*ەكەی ڕەنگی (شیعری سەربەست)ی لە ئەدەبی كوردیدا ڕشت))[xxxi]، هەر لەم مەیدانەدا گۆران و هاوڕێكانی بەكۆمەڵێك دەق، بەرهەمی (شیعری ئازاد)یان خستووەتە نێو ئەدەبی كوردییەوە و ئەم جۆرە لە شیعر، واتە (شیعری ئازاد) دوای ساڵانی حەفتاكانی سەدەی بیستەم و تاڕۆژگاری ئەمڕۆشمان لەلایەن شاعیرانەوە پشتی پێدەبەسترێت،بۆ نموونە (عەبدوڵلا پەشێو) وەكو دەنگێكی نوێ و هاوشانی شاعیرانی گروپی (كفری) و (ڕوانگە)ییەكان لە ژمارە یەكی (گۆڤاری ڕوانگە)دا لە شیعرێكیدا بە ناونیشانی (سێ نامەی كورت)، دەڵێ:

خۆشەویستم.. (4)

نامەكانم، بسووتێنە (4 + 4)

ئەو هۆنراوەی، بۆت نووسیوم (4 + 4)

سێدارەی بۆ دامەزرێنە (3 + 5)

دڵگیر مەبە.. (4)

لەلای ئێمە.. نەك تۆ.. پیاویش (4 + 4)

لەسەر ووشەیەكی باڵدار ( 4 + 4 )

قۆڵ بەست ئەكرێ، ئەدرێ لە دار[xxxii] ( 4 + 4 )

سەبارەت بە زاراوەی نوێگەری (فەرهاد پیرباڵ) دەڵێ: هەر لەم زاراوەشەوە (مۆدێرنیزم Modernisme) لە زمانی فەرەنسی و (Modernism) لە زمانی ئینگلیزی داتاشراوە كە ئێمە (نوێگەری) و (نوێخوازی) و (مۆدیرنیتە) و (تازەگەری)مان لێوە دروست كردوون[xxxiii]. لەبارەی چەمك و واتای(نوێگەری)دا، (پیرباڵ) پشت بە قاموسی (لارووس)ی فەرەنسی دەبەستێ: لە لاپەڕە 927، ئاوها باسی لێوەكراوە:

- گەڕان بەدوای ئەوەی هاوچەرخە.
- بەخشینی شێوەیەكی تازەتر كە لەتەكنیكی ئەمڕۆییەوە وەرگیرابێ[xxxiv].

لەڕووی زاراوەوە (پیرباڵ) بەوردی (نویكردنەوە) و (نوێگەری) لەزمانی كوردی دەستنیشان كردووە، بەڵام نەیتوانیوە لەڕووی چەمك و ناساندنەوە ئەو جیاكارییە بەئەنجام بگەیەنێ، بەڵگەش ئەوەیە كە ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بۆ باسكردنی هەردوو زاراوەكە (نوێكردنەوە) و (نوێگەری) دەهێنێتەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە (پیرباڵ) لەشوێنێكی تردا دەڵێت: ((تازەكردنەوە و نوێگەرایی كردەوەیەكی دینامیك و بەردەوام لەكۆنەوە هەر هەبووە, بەڵام مۆدێرنیزم میتۆد و فەلسەفەیەكی دووای سەدەی ڕێنسانسی ئەوروپایە، لەئەوروپاوە بەرەو لای نەتەوەكانی ڕۆژهەڵات هاتووە))[xxxv], ئەمە لەكاتێكدایە خودی (پیرباڵ) لە قسەكانی پێشووتریدا، نوێگەری لە بەرامبەر مۆدێرن دادەنێت.

(شنۆ محەمەد مەحموود)، لەماستەرنامەكەیدا بەناونیشانی (ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لەنوێگەری شیعری كوردیدا)[xxxvi]، بەهیچ شێوەیەك باسی چەمك و پێناسەی نوێگەری نەكردووە.

(لوقمان ڕەئوف) سەبارەت بە نوێگەری لەشیعردا دەڵێ: ((شیعری مۆدێرنەی كوردی، شیعرێكە بەتەواوی زمان، وێنە, ڕیتم, بیر, شێواز, جۆرایەتی شیعری جیاوازە، چ وەك ڕابردوو، چ وەك خودی شیعری شاعیرەكانی مۆدێرنە))[xxxvii]، بەم پێیە نوێگەری ڕەها بوونە لەهەموو بەربەست و یاسایەكی ئامادەكراو كە لەڕابردووەوە بەدەست هاتبێ، ئەمەش بانگەشەی ڕاستەقینەی بیری نوێگەرییە، كە بەناڕاستەوخۆیی و وردی (لوقمان ڕەئوف) لەشیعری كوردیدا دەستنیشانی كردووە، كەواتە (نوێگەری) لەشیعردا چەمكێكە لەدایك بووی بیری ڕۆژئاوایە، كە جەخت لەسەر ڕەتكردنەوەی یاسا كۆنەكان و نوێكردنەوەی بەردەوام دەكات، بۆیە لە ڕێی ئەم چەمكە نوێیەوە چیتر ئەدەب پەیڕەوی یاسا و دەستووری تۆكمە و ئامادەكراو ناكات, هەربۆیە دەتوانین بڵێین هەموو نوێگەرییەك بۆ خۆی دەبێت بە نوێكردنەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕاست نییە.

دەستبەرداربوون لەیاسا باو و ئامادەکراوەکان، وای لەشاعیری نوێگەر کردووە بە پلەی یەکەم فۆکس بخاتە سەر زمان، ئەمەش وای لەبەشێك لەڕەخنەگران کردووە بڵێن: ((شیعری نوێگەری لەسەر ئەوە دامەزراوە زمان لەسروشتی هاوبەشی ڕەها بکات و بیگۆڕێ بۆ ئامرازێکی تاکەکەسی))[xxxviii]، ئازادی بەو مانایە نا کە یاساشکێنی بەبێ بەرنامەیی ئەنجامبدرێت، بەڵکو شاعیر ئازاد دەکرێت بۆ ئەوەی خودی خۆی ببێ بەیاسا دارێژەری بنەماکانی ئیستاتیکا و بابەت و باسەکان، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە فشار و ڕەقیبێکی بەسەرەوە بێت، بەمەش دەرگا بەڕووی شاعیردا کرایەوە، کەبەردەوام بێت لەداهێنان، بەواتایەکی دیکە ((دەستبەرداربوونیان لەبنەما کۆنەکانی شیعر لەسەر بیروباوەڕی داهێنەرانەی نووسەرەکانەوە دامەزرابوو))[xxxix]، چونکە شاعیری نوێگەر لە ڕوانگەی بنەما ڕەخنەییەکانەوە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسێنراوە کەنوێکردنەوە لەسەر نوێکردنەوە ئەنجامبدات، واتا ((مۆدێرنە بەردەوام باز بەسەر نوێدا دەدات))[xl]، ئەم پرۆسەیەش لەشیعری ڕۆژئاوادا لەهەنگاوی یەکەمدا لە (شیعری ئازاد)دا ڕەنگیدایەوە و پاشان بەچڕی لە (پەخشانەشیعر)دا دەرکەوت.

شیعری ئازاد (Free verse) ئەو شیعرەیە کە ((پابەندی کێش و قافیە نابێت، لاڤۆنتێن لە سەدەی 17 یەمدا دایهێناوە، بەڵام سەردەمی زێڕینی شیعری ئازاد لە فەرەنسای (1886) لەگەڵ دەرکەوتنی قوتابخانەی سومبولیزم، کە پشت بەگونجاندنی دەنگەکان دەبەستێ لەجیاتی قافیە، هەروەها بەڕیتم لەجیاتی کێش))[xli]. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ((چەمکی شیعری سەربەست لەئەدەبی کوردیدا گەلێ جیاوازە لەو چەمکەی لە هەردوو زاراوەی (Free Verse)ی ئینگلیزی و (Vere Libre)ی فەرەنسی دەگەیێنن، چونکە شیعری سەربەستی کوردی دەست بەرداری کێش و قافیە نەبووە))[xlii]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی ئەم جۆرە شیعرەی لەئەدەبی کوردیدا تێدا بەهەم هێنرا.

لەگەڵ دەرکەوتنی (پەخشانە شیعر) قۆناغی ڕاستەقینەی (نوێگەری) لەشیعری کوردیدا دەستپێدەکات، مێژووی ئەم قۆناغەش لە ئەدەبی کوردی بۆ کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی گروپی (کفری) و گروپی (ڕوانگە)دا (پەخشانە شیعر) وەکو دیاردە لەئەدەبی کوردیدا دەردەکەوێت، بەڵام پێشتر وەکو دیاردە بەهیچ شێوەیەك (پەخشانە شیعر) لەئەدەبی کوردیدا بەرهەمنەهاتووە.

پەخشانە شیعر دژی قاڵبی ئامادەکراوە، ئەمەش ئەستەمی بۆ ڕەخنەگران دروستکردووە لەدەستنیشان کردنی بەها جوانکاریی و ڕەخنەییەکان لەنێو دەقەکە، ((ئێمە بەدڵنیاییەکی تەواوەوە ناتوانین دەستنیشانی چامەی پەخشان بکەین دوور لە پێکهاتەکانی ناوەوەی و بەڕێگایەکی ڕووکەشی لەبەرئەوەی چامەی پەخشان ملکەچی "بنەما ئامادەکان" نییە))[xliii]، ئازادی و ڕەهایەتی کەلەچوارچێوەی چەمکەکانی نوێگەریدا شاعیر بەدەستی هێنا لەلایەك، و ئەو سیستماتیکیەتەی شیعر کەلە پێش قۆناغی نوێگەری پیادە دەکرا وای لە نووسەری فەرەنسی (پۆل ڤالیری 1871-1945) کرد بڵێت: ((دوو مەترسی هێشتا هەڕەشەن بۆ سەر جیهان سیستەم و ئاژاوە))[xliv]، کەواتە هەردوو قۆناغەکە بەدەر نین لەگرفت و باشە.

سەبارەت بە مێژووی دەكەوتنی پەخشانەشیعر لەئەدەبی ڕۆژئاوادا، ((تاوەكو سەدەی هەژدەیەم پەخشانە شیعر خۆی ئاراستە نەكردوە، چونكە بەڵگەنەویستە كەشاعیر بەوە ناسراوبووە كە شیعر هەڵدەبەستێ و كێش و سەرواش پێویستن بۆ شیعر))[xlv]، لە ئەدەبی كوردیشدا كۆتایی شەستەكان و ساڵانی حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو مێژووی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەكەیە، ئەوەی جێگەی تێڕامانە، لەگەڵ ئەوەی بەشێكی فراوانی خاڵی هاوبەش لەنێوان نوێگەری لەڕەخنەی ڕۆژئاوا و ڕەخنەی كوریدا بەدی دەكرێت، بەڵام دیسانەوە كۆپی ڕاستەوخۆی نوێگەری ڕۆژئاوایی نییە و بگرە خاوەن چەند تایبە تمەندییەكە.

(سامان عیزەدین) دەڵێ: ((لەتیف یەكەم شیعری خۆی ساڵی 1969 لەگۆڤاری ڕزگاریدا بڵاوكردۆتەوە، هۆنراوەیەكی داماڵراو بووە لەكێش و سەروا))[xlvi] ، هەروەها (محەمەد بەكر) دەڵێ: بڵاوبوونەوەی یەكەمین كۆمەڵە شیعری چاپكراوی (پەخشانە شیعر)ی كوردی لە دیوانی (خوا و شارە بچكۆلەكەمان)ی (لەتیف هەڵمەت) لەساڵی 1970))دا[xlvii] بووە، پاشان لەگەڵ جاڕدانی یەكەمین بەیاننامەی ئەدەبی لەلایەن نووسەرانی گروپی (ڕوانگە)[xlviii]وە لە 1970/4/25 و بڵاوبوونەوەی بەرهەمی شاعیرانی قۆناغەكە لە گۆڤاری ڕوانگە و بەشێك لەو شاعیرانەی لە دەرەوەی گروپە ئەدەبییەكانەوە شیعریان بڵاودەكردەوە، بە قۆناغی دەركەوتنی شیعری نوێگەری لەئەدەبی كوردی دەستنیشان دەكرێ، كە تێیدا پەخشانە شیعر بوو بە دیاردەیەكی باو و زۆربەی شاعیرە لاوەكانی ئەو قۆناغە لەڕێی كاریگەری شاعیرانی عەرەبەوە، بەناڕاستەوخۆیی كەوتبوونە ژێر كاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاواوە، بۆ نموونە (لەتیف هەڵمەت) لەشیعری (خوا و شارە بچكۆلەكەمان) دەڵێ:

سێبەرێك لە ئاوازەی ئەندێشەی دڵمایە (16)

خەو بەهیواوە ئەبینێ (6)

وەك ئاو پێئەكەنێ (8)

بۆ خۆشەویستییەكی بێ كۆتا (10)

كە لە دڵی شاخەكانا نووسراوە (11)

من هەمیشە لەگەشتێك ئەگەڕێم (10)

بمگێڕێتەوە بۆ لای تۆ (8)

هێشتا دیوارەكان هەر بەرزن (9)

هێشتا زنجیرەكان هەر ئەستوورن (10)

گیانە نامەكانم لەبای شەودایە ( 11 )

وریابە باران تەڕی نەكات[xlix] ( 9 )

لەم دەقەی سەرەوەدا وەك لە ژمارەی بڕگەكانی دێڕەكاندا دەردەكەوێت، دەبینرێت شاعیر پابەندی كێشی شیعری كوردی نابێت، هەروەها پابەندی ( پێ / تەفعیلە )ش نابێت، بۆیە ئەم شیعرە كێشی دەرەكی تێدا بەدی ناكرێت وەك لەشیعری ستوونی، یاخود شیعری ئازاددا هەیە، هەربۆیە ((كەباسی شیعری بێكێش دەكرێ، پەخشانەشیعر وەكو نموونەیەكی دیار خۆی دەردەخات ))[l]، كەواتە ئەم شیعرە دەچێتە خانەی پەخشانە شیعرەوە و تێیدا شاعیر پشتی بە ڕیتمی ناوەوە بەستووە.

ڕەهابوون لەقاڵبی ئامادەكراوی كێش و سەروا و پشت بەستن بەتوانا تایبەتییەكان وەكو پرۆسەیەكی نوێگەری لەنێو بەشێكی شیعرەكانی ( شێركۆ بێكەس ) یەكێك لەڕابەرانی شیعری نوێگەری ئامادەیە :

قەڵەم لە ڕەگەزی نێرە و مێبازیشە.

بۆیە لێرە، كە كچی جوان شاعیر بوو

قەڵەم حەز ئەكات زۆرترین وەخت

لەنێو پەنجەكانیدا بمێنێتەوە.

بەڵام گەلێ جار ئەو قەڵەمە مێبازانە

شوڵی لێ هەڵئەكێشن و

كچە شاعیرەكانیش ناچار ئەبن

بەجێیان بێڵن!

ئەی نابینن بەشی زۆری ئەو شیعرانە

ئەو وەختەی بڵاو ئەبنەوە

وەك تەواو نەكرابن وەهان![li]

( شێركۆ بێكەس ) لەم شیعرەدا پابەندی یاسای ئامادەكراو و بۆماوەیی شیعری كوردی نەبووەتەوە، وەكو ئەوەی پێش ساڵانی حەفتاكان، یاخود پێش جەنگی یەكەمی جیهانی لەئەدەبی كوردیدا پیادەدەكرا، ئەم شێوازە لەژێر كاریگەری چەمكی ( نوێگەری ) بەرهەمهاتووە، چونكە ((وزەی نوێگەری لەگۆڕانكاری و یاخیبووندایە، شاعیری نوێگەر ئەوەیە كە( پیرۆزییەكان )ی زمان و

گوزارشتكردنە هەستیارەكان تێكدەشكێنێ ))[lii]، ئەم یاخیبوونەش لەجیهانبینی بیرمەندانی ڕۆژئاوادا ڕەنگیانداوەتەوە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناو كایەكانی ژیان بە ئەدەبیشەوە، بۆ نموونە (دیكارت / Descartes) دەڵێ: عەقڵ دادپەروەرانەترین شتێكە لەنێوان خەڵكدا دابەشكراوە[liii]، بەواتایەكی تر (دیكارت) ئەیەوێ ئەوە ڕابگەیەنێ كەعەقڵ موڵكی خودی تاكە و ملكەچ نییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە(فرە عەقلانییەت لەگرنگترین پایەكانی بیری نوێگەرییە)[liv]. نوێگەری و بیری نوێگەری دەرفەتی ڕەخساند، كە بەپێی توانا زەینییەكانی خودی شاعیر یاساكانی ڕێكخستنی ئاوازی شیعر بەرهەمبهێنرێت، وەكو لەهۆنراوەكەی (شێركۆ)دا دەبینرێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو ئازادییە ڕەها و بێئەندازەیەی چەمكی نوێگەری بۆ شاعیر فەراهەمی دەكات،كەچی كۆسپ و گرفت بۆ خودی شیعر و شاعیر و ڕەخنەگریش دروست دەكات، چونكە یەكێك لەبەربەستەكانی (پەخشانەشیعر) بریتییە ((لەنەبوونی پێوەری ڕەخنەیی بۆ دەستنیشانكردنی ئەمجۆرە نووسینە، بەمەش لەكاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی پەخشانەشیعردا دڵەڕاوكێ بۆ ڕەخنەگر دروست دەكات، چونكە یاسای ڕێگە بۆخۆشكراوە بریتییە لە ئازادییەكەی فراوان و ئازادكردنی تەواوەتی شاعیر لە هەر قاڵبێكی ئاوازەیی))[lv]، ئەمەش مانای بێیاسایی ناگەیەنێ، بەڵكو بەو مانایە دێت كە شاعیر ببێ بەبەرهەمهێنی یاساكانی زمان و ئاوازی شیعرەكە.

لەڕوانگەی توێژنەوە لەچەمكەكاندا، نوێگەری بریتییە لە ((دەرهێنانی شیعر لەشێوە كۆنەكەی و ڕەهاكردنی بەرەو ئاسۆیەكی بەرین، كەتێیدا خەیاڵی فراوانی شاعیر مەلەلەدەكات))[lvi]، ئەم چەمكەش لەشیعری كوردیدا بەپێی شیكارییەكانی توێژینەوەكە زیاتر لە پەخشانەشیعردا ڕەنگدەداتەوە، ئەوەی جێگەی تێبینیكردنە خودی پەخشانەشیعریش لەنێو توێژینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا وەكو پێویست كار لەسەر تایبەتمەندی و چەمكەكەی نەكراوەتەوە، بەتایبەتی جیاكردنەوەی لەگەڵ (شیعری ئازاد)دا.

**ئەنجـــــام و ڕاسپاردە:**

1. لەمێژووی ئەدەبدا نوێكردنەوە و داهێنان و گۆڕانكاری لەئاست فۆڕم و شێوازی نووسیندا قورستر بووە لەچاو بابەت و ناوەڕۆكدا.
2. لەڕووی زاراوە و چەمك و پێناسەوە (نوێكردنەوە)ی شیعر، خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و جیاوازە لە(نوێگەری)، تەنانەت لە ئەدەبێكەوە بۆ ئەدەبێكی دیكەش دەگۆڕێن.
3. نوێكردنەوە پرۆسەی گۆڕینی یاسا و بنەمای شیعرییە بەیاسا و بنەمای دیكە، واتا جارێكی تر یاسا و بنەماكان جێگیر دەكرێن و دووبارە دەكرێنەوە. لەئەدەبی كوردیدا قۆناغی شیعری گۆران و هاوڕێكانی، بە(شیعری ئازاد)یشەوە چەمكی نوێكردنەوە بەسەریاندا پەیڕەو دەبێت.

4. نوێگەری هەوڵدانە بۆ خۆڕزگارکردن لەدووبارەکردنەوەی یاسا و بنەمای تۆکمە و جێگیر، ئەم بیرۆکەیە لەسایەی بانگەشەکانی ڕەهایەتی مرۆڤ و جاردانی ئازادی تاکەکەسییەوە بەرهەمهاتووە. لەئەدەبی کوردیدا نوێگەری تاڕادەیەکی زۆر لەدەقی ( پەخشانەشیعر )دا بەرجەستە بووە.
5. هەموو نوێگەرییەك دەبێت بەنوێکردنەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو نوێکردنەوەیەك نوێگەری بێت.
6. لەگەڵ هەموو ئەو ئازادییە ڕەها و بێئەندازەیەی کە چەمکی نوێگەری فەراهەمی دەکات، کۆسپ و گرفت بۆ خودی شیعر و شاعیر و ڕەخنەگر دروست دەکات.

---

## پەراوێز

[i] ئازاد عبدالواحید، نوێکردنەوەی لەشیعری کوردیدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی 1970، چاپخانەی ئەرەبخا، کەرکوك 2006، ل11

[ii] علي البيتيري، الحداثة الشعرية بين الشكل والمضمون:
(http://www.aljazeera.net/news/cultureandart/2016/4/15/)

[iii] دیوانی گۆران، چاپخانەی دالاهو، تەهران 2005، ل113.

[iv] ناتالی سارووت و ئالان ڕۆب گریێ و لویسیان گۆڵدمان، ڕۆمان و واقیع، کتێبی گیرفان، ژمارە (99) وەرگێڕانی: سەلام عومەر، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2008، ل27-28.

[v] حسێن غازی، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەساڵی 1932 تا کۆتایی 1949 لەکوردستانی عێراقدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر 2008،ل53.

[vi] د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی 2010، ل53.

[vii] یادگار ڕەسوڵ، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی 1898-1932، چاپخانەی دار سپیریز، دهۆك 2005، ل17

[viii] حسێن غازی، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەساڵی 1932 تا کۆتایی 1949 لەکوردستانی عێراقدا، ل52.

[ix] هەژار، هەنبانەبورینە فرهنگ کردی-فارسی، چاپ چهارم، چاپخانەی انتشارات سروش، تهران 1384، ل140.

[x] فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی 1898-1958، چاپخانەی کوردستان، هەولێر 2005، ل18.

[xi] هەمان سەرچاوە ، ل18.

[xii] حسێن محمود علی کەلاری، ڕەهەندەکانی ڕەقیب و پەیمان و بەڵێن و نوێگەری لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی ئاسیا، بەبێ شوێن و ساڵی چاپکردن، ل154.

[xiii] د. محەمەد فازیل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لەبزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 20011.

[xiv] هەژار، ل248.

[xv] ئازاد عبدالواحید، ل13

[xvi] د. مسعد محمد زياد، الحداثة مفهومها و نشأتها و روادها: (www.diwanalarab.com/spip.php?article4302)

[xvii] فەرهاد پیرباڵ ، ل20.

[xviii] د. دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەیڕەنج، سلێمانی 1998، ل151.

[xix] د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2003، ل57.

[xx] دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری بەغدا، 1976، ل370-371.

* (چووك) لەڕەسەندا وشەی (بچووك)ە، بەلام شاعیر لەبەرپێویستی (سەروا) پیتی (ب)ی لێقرتاندووە، چونکە (حاجی) هۆنراوەکەی لەسەر کێشی دەبڕگەیی خۆماڵی بونیادناوە، بوونی پیتی (ب) وا دەکات نیوەدێڕەکە ببێت بە (11) بڕگە، بەمەش ناهاوسەنگی دروست دەبێت.

[xxi] د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2003، ل174.

[xxii] ئازاد عبدالواحید، ل6
[xxiii] دیوانی گۆران، ل65.
* ئەم زاراوەیە ناکەوێتە سنووری باسی توێژینەوەکەمان.
[xxiv] بڕوانە : منصور زيطة،مصطلح الحداثي عند أدونيس، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلـــة، كلية الآداب و اللغات، سنة الدراسية 2013/2012، ص18.
[xxv] د. هیمداد حوسێن، بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك 2011، ل11-12.
[xxvi] هەمان سەرچاوە، ل11.
[xxvii] دیوانی گۆران، ل161.
[xxviii] پ.ی.د. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد، دیاردەی نوێگەری لای شێخ نوری شێخ صالح، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (5)، ساڵی 2014، ل21.
[xxix] منصور زيطة، ص30-31.
[xxx] نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی 2011، ل199.
* ئەم هۆنراوەیە ساڵی 1954بڵاوکراوەتەوە.
[xxxi] د. دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2007، ل229.
[xxxii] گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (1)، چاپخانەی النعمان، نەجەف، بەبێ ساڵی چاپ، ل 70.
[xxxiii] فەرهاد پیرباڵ، ل18.
[xxxiv] هەمان سەرچاوە، ل18.
[xxxv] هەمان سەرچاوە، ل19.
[xxxvi] شنۆ محەمەد مەحموود، ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا, چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی 2007.
[xxxvii] لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا, چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2009، ل33.
[xxxviii] أ. د. محمد عبدالمطلب، تحولات اللغة في الشعر الحداثة: قصيدة النثر بلغت شيخوختها في شبابها، مجلة فلادليفا الثقافية، عدد (5)، جامعة عين الشمس – القاهيرة، ص69.
[xxxix] أ. د. محمد عبدالمطلب، ص70.
[xl] ملكم برادبري و جيمس ماكفارلن،الحداثة، ترجمة: مؤيد حسن فوزي، مطبعة دار المأمون، بغداد، 1987، ص21.
[xli] مجدي وهبة و كامل المهندس، معجم مصطلحات العربية في اللغة والادب، طبعة الثانية, مكتبة لبنان, بيروت 1984, ص213.
[xlii] د. دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل229.
[xliii] سوزان بێرنار، چامەی شیعر، وەرگێڕانی: سەلاح محەمەد، کتێبی گیرفان، ژمارە (15) چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2012، ل7.
[xliv] سوزان بيرنار، قصيدة النثر من بؤدلير الى يومينا، ترجمة: د. زهير مجيد، طبعة الثانية، دارالمؤمون للطباعة، بغداد 1999، ص5.
[xlv] هەمان سەرچاوە، ص24.
[xlvi] سامان عیزەدین، بنیاتی هونەریی لەشیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی 2010، ل53.
[xlvii] د. محەمەد بەکر، پەخشانەشیعری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل11.
[xlviii] بڕوانە: احمد محمد ڕشید، کارتێکەریی گروپو بزووتنەوە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردیی کوردستانی باشوور (1970-2003)، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، بەشی زمانی کوردی، 2008، ل59.
[xlix] دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2005، ل69.
[l] سامان عیزەدین، ل313.
[li] شێرکۆ بێکەس، تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین! شیعر و پەخشان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر 2007، ل137.

[lii] محمد مصمولي، لا حداثة بغير ابداع ولا ابداع بدون حداثة (بحث) جزء من كتاب: من كناشات صاحب غليون: (https://books.google.iq/books?isbn=9796500269344)

[liii] عطيات أبو السعود، الحصاد الفلسفي للقرن العشرين، مطبعة منشأة المعارف جلال، الأسكندرية 2002،ص61.

[liv] منصور زيطة، ، ص24.

[lv] منصور زيطة، ، ص207.

[lvi] أ. سفير بدرية، التحديث والحداثة في النص الشعري، مجلة دراسات انسانية واجتماعية، جامعة وهران، عدد خاص، يونيو 2012، ص222.

## سەرچاوەکان


1- ئازاد عبدالواحید، نوێکردنەوەی لەشیعری کوردیدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی 1970، چاپخانەی ئەرەبخا، کەرکوك 2006.

2- حسێن غازی، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەساڵی 1932 تا کۆتایی 1949 لەکوردستانی عێراقدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر 2008.

3- حسین محمود علی کەلاری، رەهەندەکانی رەقیب و پەیمان و بەڵێن و نوێگەری لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی ئاسیا، بەبێ شوێن و ساڵی چاپکردن.

4- د. دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی 1998.

5- د. دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2007.

6- دیوانی گۆران، چاپخانەی دالاهو، تەهران 2005.

7- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2005.

8- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری بەغدا، 1976.

9- سامان عیزەدین، بنیاتی هونەریی لەشیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی 2010.

10- سوزان بێرنار، چامەی شیعر، وەرگێڕانی: سەلاح محەمەد، کتێبی گیرفان، ژمارە (15) چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2012.

11- شنۆ محەمەد مەحموود، ڕۆڵی سوارەی ئیلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا, چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی 2007.

12- شێرکۆ بێکەس، تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتە هەڵقوڵین! شیعر و پەخشان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر 2007.

13- فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی کوردی 1898-1958، چاپخانەی کوردستان، هەولێر 2005.

14- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2003.

15- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2003.

16- د. محەمەد بەکر، پەخشانەشیعری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004.

17- د. محەمەد فازیل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لەبزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011.

18- لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا, چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2009.

19- ناتالی ساروت و ئالان ڕۆب گرێ و لویسیان گۆڵدمان، ڕۆمان و واقیع، کتێبی گیرفان، ژمارە (99) وەرگێڕانی: سەلام عومەر، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی 2008.

20- د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی 2010.

21- د. هیمداد حوسێن، بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك 2011.

22- یادگار ڕەسوڵ، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی 1898-1932، چاپخانەی دار سپیریز، دهۆك 2005.

23- احمد محمد ڕشید، کارتێکەریی گروپو بزووتنەوە ڕۆشنبیرییو ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردیی کوردستانی باشوور (1970-2003)، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، بەشی زمانی کوردی، 2008.

24- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی 2011.

25- هەژار، هەنبانەبورینە فرهنگ کردی-فارسی، چاپ چهارم، چاپخانەی انتشارات سروش، تهران 1384.

26- گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە (1)، چاپخانەی النعمان، نەجەف، بەبێ ساڵی چاپ.

27- گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارە (5)، پ.ی.د. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد، دیاردەی نوێگەری لای شێخ نوری شێخ صاڵح، ساڵی 2014.

28- سوزان بيرنار، قصيدة النثر من بؤدلير الى يومينا، ترجمة: د. زهير مجيد، طبعة الثانية، دارالمؤمون للطباعة، بغداد 1999.

29- عطيات أبو السعود، الحصاد الفلسفي للقرن العشرين، مطبعة منشأة المعارف جلال، الأسكندرية 2002.

30- ملكم برادبري و جيمس ماكفارلن، الحداثة، ترجمة: مؤيد حسن فوزي، مطبعة دار المأمون، بغداد، 1987.

31- مجدي وهبة و كامل المهندس، معجم مصطلحات العربية في اللغة والادب، طبعة الثانية, مكتبة لبنان, بيروت 1984.

32- أ. د.محمد عبدالمطلب، تحولات اللغة في الشعر الحداثة: قصيدة النثر بلغت شيخوختها في شبابها، مجلة فلادليفا الثقافية، عدد (5)، جامعة عين الشمس – القاهيرة.

33- د. علي البيتيري، الحداثة الشعرية بين الشكل والمضمون: (http://www.aljazeera.net/news/cultureandart/2016/4/15/)

34- محمد مصمولي، لا حداثة بغير ابداع ولا ابداع بدون حداثة (بحث) جزء من كتاب: من كناشات صاحب غليون، ص37: (https://books.google.iq/books?isbn=9796500269344)

35- د. مسعد محمد زياد، الحداثة مفهومها و نشأتها و روادها: (www.diwanalarab.com/spip.php?article4302)

36- منصور زيطة، مصطلح الحداثي عند أدونيس، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية الآداب و اللغات، سنة الدراسية 2013/2012.

# الفرق بين التجديد والحداثة في الشعر الكوردي

**الملخص**

**هذا البحث يسعى الى دراسة مصطلحي التجديد والحداثة من خلال مفاهيم الشعر الحديث لغرض تبيان الخصائص والفروق بين المصطلحين في النقد الادبي الكوردي والنقد الادبي الاوروبي. وقد اعتمد في البحث منهج النقد التحليلي واختيار النص الشعري. ولغرض الوصول الى الاهداف تم تقسيم البحث الى مقدمة ومدخل ومبحثين، بالاضافة الى النتائج التي توصل اليها البحث. ففي المدخل تم شرح العلاقة بين الادب والواقع مع تسليط الضوء على تاريخ تجديد الشعر. اما المبحث الاول فقد خصص لشرح مفهوم ومصطلح التجديد في الشعر الكوردي، والمبحث الثاني تسلط الضوء على مفهوم ومصطلح الحداثة واشكالياته في الشعر الكوردي.**

## Abstract

This research is entitled "The difference between Modernization and Modernity in Kurdish Poetry". This research attempts to discuss each terms of modernization and modernity in Kurdish poetry via the concepts of modern poetry, with the aim of revealing the characteristics and differences of each terms in Kurdish literary criticism. In this research, the literary analysis curriculum and choosing text had been used. In order to achieve the aims of the present research, the researcher has divided this research to: preface, entrance, two sections and the result. In the entrance, the relation between the literature and reality with shedding the light on the history of poetry modernization has been discussed. The first section is specialized for discussing the modernization Kurdish poetry according to those text characteristics which are belong to the modernization concept. In the other hand, the second section deals with the concept of modernity and the problems of the concept in Kurdish poetry.

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.376

# ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبی لە گۆڤاری (وریزا)دا

امید رحیم شمس الدین
زانکۆی گەرمیان - کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی زمانی کوردی
omed.rahem@garmian.edu.krd

**پوختە**

ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەرەتاوە گۆڕەپانی یەکەمی بڵاوکردنەوەی تێکستی هونەرەکانی پەخشانی کوردی بووە. گۆڤاری (وریزا) وەکو بەشێکی زنجیرەی نەبچڕاوی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی باشووری کوردستان دەستی باڵای لە بڵاوکردنەوەی ئەدەب و هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبیدا بووە لە شاری خانەقی، کە خاوەن مێژوویەکی دێرینی پڕ لە ڕووداو و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی و هونەری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فۆلکلۆریدا. نەبوونی چاپخانە و باری سیاسیی ناوچەکە هۆکاری بایەخدانە بە ڕۆژنامەنووسی ، کە تاکە دەرفەتە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمە هەمەڕەنگەکانی بواری ئەدەب.

ئەم لێکۆڵینەوە هەنگاوێکە بۆ تیشك خستنەسەر هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبیی کوردی لە ناوچەی خانەقی و ڕەنگدانەوەی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (وریزا)دا. لە ڕێگەیەوە تیشك دەخرێتە سەر ئاستی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و بەرهەم و ئەدیب و نووسەرانی ناوچەکە. پەخشانیش بەگشتی و هونەرەکانی پەخشانی کوردی بە تایبەت، بەشێکی شاراوەی ئەدەبی ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێرە، بە هۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە بە شێوەیەکی فراوان بڵاوکراوەتەوە و دەست بۆ هونەرە جۆراوجۆرەکانی درێژکراوە، کە پێویستە ئەو هونەرانە بخرێنە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە و بەرهەمەکان لێکبدرێنەوە و بخرێنە بەرچاو و ئاستیان لە ڕەوتی پێشکەوتنی ئەدەبی کوردیدا پیشانبدرێ.

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، ڕێبازی پەسنی شیکاریمان پەیڕەوکردووە، لە لایەکەوە بۆ ناساندن و دەرخستنی کەرەستەکان، لە لایەکیترەوە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتەکان.

کەرەستەی سەرەکی و سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرجەم دەقی پەخشانی ئەدەبیی گۆڤاری (وریزا)یە، کە لە شەش ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە و پۆلێنکردنی هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبی و دەستنیشانکردن و دەرخستنی ئاستی ئەدەبییان.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم دوو تەوەرە، تەوەری یەکەم بۆ ناساندنی گۆڤاری (وریزا)یە. تەوەری دووەم، لێکۆڵینەوەیە لە چەمك و بنەماکانی پەخشان. بەشی دووەم تایبەتە بە هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبی لە گۆڤارەکەدا. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە هیچ سەرچاوەیەك لەبارەی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردیی دەڤەری خانەقی لە بەردەستدا نییە، چونکە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ بۆ ئەم دوولایەنە تەرخان نەکراوە سەرەڕای کەمی ئەو سەرچاوانەی تایبەتن بە پەخشانی کوردی. بۆیە ئومێد دەکەین ئەم لێکۆڵینەوە کەلێنێك لە ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردی پڕبکاتەوە.

**کلیلی ووشەکان:** هونەر، پەخشانی ئەدەبی ،گۆڤاری وریزا

## بەشی یەكەم

### تەوەری یەكەم : ناساندنی گۆڤاری (ورێزا)

پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لە بەهاری ساڵی 2003 و ڕزگاربوونی شاری خانەقی وەكو ناوچەیەكی كوردەواریی خاوەن بنەمای شارستانییەت و ڕۆشنبیری، بووژاندنەوەی ڕۆژنامەنووسی بەگشتی و ڕۆژنامەنووسیی كوردی بەتایبەتی هاتە ئاراوە، چەند ڕۆژنامە و گۆڤار و ئیستگە و كەناڵێكی كوردی لە ناوچەكەدا سەریهەڵدا، ئەم گۆڤارەش هەنگاوێكی مەزنی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبیی كوردی بوو لەلایەن ڕۆشنبیرانی خانەقییەوە بڵاوكرایەوە .

گۆڤاری (ورێزا ) وەك لە ڕووی بەرگەكەیدا ئاماژەی پێكراوە (گۆڤارێكی وەرزی ڕووناكبیری و ئەدەبی و كۆمەڵایەتی گشتییە ). لە ژمارە (2-6 ) ئەوەی بۆ زیادكراوە (كۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس لە شاری خانەقین دەریدەكەن)، هەمان ئەم زانیارییانە بەتەواوی لە ناوەوەی سەرجەم ژمارەكاندا دووبارەكراوەتەوە. ژمارە ( 1 )ی گۆڤارەكە لە بەهاری 2006 و ژمارە ( 2و3 )ی لە ئەیلولی هەمان ساڵ و ژمارە ( 4 )ی لە بەهاری 2007 و ژمارە ( 5و6 )ی لە زستانی 2009 دەرچووە. هەمووی بەسەریەكەوە شەش ژمارەیە لە چوار بەرگدا.

خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەكە لە ژمارە ( 1-4 ) مامۆستا جەعفەر ( فازیل كەریم ئەحمەد )ە، لە ژمارە ( 5و6 )دا بووە بە ( جەمال ئەكبەر). سەرنووسەری سەرجەم ژمارەكانی ( جەمال ئەكبەر)ە. ستافی بەڕێوەبردنی گۆڤارەكە و سەرنووسەرەكەی لە سەرەتاوە سەرجەمیان خوێندكاری زانكۆ بوونە، بەتایبەت خوێندكارانی بەشی زمانی كوردیی كۆلێجی ئادابی خانەقیی سەر بە زانكۆی سلێمانی، لە ژمارە ( 1-3 ) بریتیبوون لە (شەماڵ ئەحمەد، ئەمین ساڵح، سەرحەد حسێن، جەلال ئەلیاسی، زانیار جەمال )، لە ژمارە ( 4 )دا ( لەیلا محەمەد نووری )ی بۆ زیادكراوە، لە ژمارە ( 5و6 )دا لە جێگەی ( جەلال ئەلیاسی و زانیار جەمال )دا ناوی ( عەباس مەحمود و فریال حەسەن ) دانراوە.

ستافی ڕاوێژكارانی گۆڤارەكە زۆرینەیان مامۆستای زانكۆن و خاوەن بڕوانامەی ئەكادیمین لە بواری زمان و ئەدەبی كوردیدا، لە ژمارە ( 1-4 ) لەم كەسایەتییانە پێكهاتووە:(د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د.فەرهاد پیرباڵ، د.محەمەد زەهاوی، د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، د.فوئادحسێن، سالار مەحمود، شەهاب شێخ تەیب، جاسم محەمەد عەلی، ئومێد شێخ ڕەحیم ). لە ژمارە( 5و6 )دا تەنیا (سالار مەحمود، د.محەمەد زەهاوی، د.فوئاد حسێن، ئیبراهیم باجەلان ) لە ستافی ڕاوێژكاراندا ماونەتەوە.

دەستەی هاوكارانی گۆڤارەكە لە ژمارە ( 1 )دا (ئیبراهیم باجەلان، ڕزگار حاجی حەمید، عەلی بیروەندی، حەسەن هەیاس، شێركۆ فەقێ حەسەن، عەباس مەحمود، عەزیز یاوەر، توانا باجەلان، سۆران پالانی، بێستون باجەلان، لەیلا محەمەد، شیرین خانەقینی، ئاراز فایەق، هێڕش سەنگەری، كوردۆ عەزیز، ئارام محەمەد )، لە ژمارە ( 2و3 )دا ( محەمەد شاعیر )ی بۆ زیادكراوە، لە ژمارە ( 4 )دا ناوی ( ساڵح هەلاج ) لەجێگەی ( لەیلا محەمەد و ئارام محەمەد )دا دانراوە. هەروەها لە ژمارە ( 5و6 )دا لەجێگەی (ئیبراهیم باجەلان و عەباس مەحمود و شیرین خانەقینی )دا (بابان عەبدولكەریم ) دانراوە. ستافی كارگێڕی گۆڤارەكە لە هەموو ژمارەكاندا ( ئومێد سەعدوڵلا و سالار فایەق )ە، كە ئەو كاتە خوێندكاری بەشی زمانی كوردی بوون.

گۆڤارەکە لە دیزاینێکی ڕێك و شیاودا پێشکەشکراوە، بەرگی دەرەوەی سەرجەم ژمارەکان ڕەنگاوڕەنگە و نووسینی ناوەڕۆك و بابەتەکانی ناوەوەی ڕەش و سپییە. وێنەی نووسەر و وێنەی پەیوەست بە بابەتە پێشکەشکراوەکان بۆ بە دکیۆمینت کردنیان لەگەڵ بابەتەکاندا بڵاوکراوەتەوە. هەر بابەتێك لە لاپەڕەی تایبەتی خۆیدا دانراوە و هاوبەشی بابەتێکیتری نەکراوە. گۆڤارەکە دەستی بۆ هونەری کاریکاتێر و ڕیکلامی بڵاوکراوەکان درێژکردووە و وێنە و ئەلبۆمی یادگارییەکانی تایبەت بە خانەقی لە هەموو کۆتا ژمارەکاندا بڵاوکردۆتەوە. پۆلێنکردنی بابەتەکان و دانانیان لە گۆشەی تایبەتدا لە هەموو ژمارەکاندا بەرچاوە. قەبارەی فۆنتی تایپکردنی بابەتەکان یەك جۆرە و هەڵەی تایپ لە ناوەڕۆکدا هەیە. جگە لە ژمارە (2و3) سەرجەم ژمارەکانیتر لە ڕووی بەرگی ناوەوەیان بابەت بڵاوکراوەتەوە و لە ناوەوەی بەرگی یەکەمی ژمارە (4)دا ئەم تێبینییە نووسراوە (جگە لە پەیامی (ڕوانین) بابەتەکانی دیکە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانێتی و وریزا لێیان بەرپرس نییە. هەموو وەڵام و ڕەخنەیەکیش لەسەر بابەتەکان بڵاودەکەینەوە). لە ژمارە (5و6)دا هامان تێبینی نووسراوە و لە سەرەتاوە ئەمەی بۆ زیادکراوە (هەموو قەڵەمێك دەتوانێت بە ئازادی لە وریزا بنووسێت . جگە لە پەیامی (ڕوانین)...).دیزاینی ناوەوەی ژمارە (1) لەلایەن (کاروان یاروەیس و عەباس خانەقینی)یەوە دانراوە. دیزاینی بەرگی دەرەوەی ژمارە (1-3) لە لایەن (ئەحمەد خۆشنووس)ەوە دانراوە، ژمارە (2-4) دیزانی ناوەوەی (لەیلا محەمەد نووری) دایناوە. لە ژمارە (5و6)دا دیزاینی ناوەوەی (عەباس بابان) دایناوە. دیزاینەری بەرگی دەرەوەی ژمارە (4-6) دیار نییە و ئاماژەی پێنەکراوە.

سایزی چوار بەرگی گۆڤارەکە جیاوازە، سایزی ژمارە (1) 29,5×20,5سم ، ژمارە (2و3) 30×21,5سم ، ژمارە (4) 30×20,5سم، ژمارە (5و6) 29×21سم. ژمارە (1)ی گۆڤارەکە 118 لاپەڕەیە، ژمارە (2و3)ی 114 لاپەڕەیە، ژمارە (4)ی 156 لاپەڕەیە، ژمارە (5و6)ی 148 لاپەڕەیە. ژمارەکانی گۆڤارەکە لە سێ چاپخانە لەچاپدراوە، ژمارە (1-3) لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ژمارە (4) لە چاپخانە و ئۆفیسێتی کەمال، ژمارە (5و6) لە چاپخانەی چوارچرا. تیراژی گۆڤارەکە (500) دانەیە بەزۆری لە ناوچەکانی گەرمیان و سلێمانیدا بڵاوکراوەتەوە بێ ئاماژەکردن بۆ نرخەکەی.

لە ژمارە (1-3)ی گۆڤارەکە هیچ ئەدرێسێك دیار نییە، لە ژمارە (4)دا ئەدرێسی گۆڤارەکە بەم شێوەیە (کوردستان: خانەقی - کۆلێجی ئاداب - لیژنەی مافی مرۆڤ لە خانەقی. کەلار - بینای شارەوانی کۆن - کتێبخانەی بێدار). لە ژمارە (5و6)دا (کوردستان: خانەقی - لیژنەی مافی مرۆڤ - نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی خانەقی. کەلار - نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان - کتێبخانەی بێدار - خاك).

بەگشتی پێڕستی بابەتەکانی گۆڤاری (وریزا) چەند تەوەرێك دەگرێتەخۆی: ڕۆشنبیری گشتی، مێژوو، لێکۆڵینەوە، دیدار و چاوپێکەوتن، زانکۆ و خوێندن، ژن و خێزان، زانست، ماڵی شاعیر و ئەدیبان، وەرزش، ئەلبۆم، کەلوێر، ڕوانین، یادگارییەکانی شار، وەرگێڕان و مێژوو، دۆسیەی گەرمەسێر، ڕیپۆرتاژ، دیدوڕەخنە، وەرزش و لاوان، خانوادە، کەلتور، ڕاپۆرتە هەواڵ. بابەتە بڵاوکراوەکان شارەزایانە دابەشکراوەتە سەر ئەم تەوەرانە و تێکەڵکردنی بابەت دروستنەبووە. ناوەڕۆك و بابەتەکانی هەمەڕەنگە و خزمەتێکی زۆری ئەدەب و ڕۆشنبیری دەڤەری خانەقی کردووە و بابەتی (ئەدەبی، هونەری، ڕۆشنبیری، مێژوویی،

سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، زانستی، وەرزشی) بلاوکردۆتەوە. ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی مەزنی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردییە لە ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێردا.

زمانی بلاوکردنەوەی سەرجەم بابەتەکانی گۆڤارەکە کوردییە، جگە لە دوو وتار و یەك پارچە شیعری عەرەبی لە ژمارە (5و6)دا بلاوکراوەتەوە. دیالێکتی نووسینی بابەتەکانیش بە شێوەزاری کرمانجی خواروە و هەندێجاریش بابەت و شیعری شێوەزاری (گۆران) و کەلهوڕیی بلاوکردۆتەوە. سەروتاری ژمارە (1) سەرجەم ئامانجەکانی گۆڤارەکە ڕاشکاوانە دەخاتەڕوو و لەشێوازێکی کلاسیکیدا ناونیشانی سەروتارەکە بە دێڕێکی شیعریی شێوەزاری (گۆران) دەستپێدەکا، کە شێوەزاری خەلکی ناوچەکەیە:

ورێزا لە خەو چ فەصلْ خەواوەن شنەی بای نەسیم گۆشەی سەراوەن

ناونانی گۆڤارەکە بە (ورێزا) پشتڕاستی ئامانجەکانی دەکا، کە بەم واتایانەدێت: بووژانەوە، هەستانەوە، ڕاپەڕین، کۆششکردن، ژیانەوە، بێدارکردنەوە. بەگشتی مەبەست لە دەرچوونی گۆڤارەکە بووژاندنەوەی ناوچەی خانەقییە لە هەموو ڕووەکانەوە لەگەلْ تۆمارکردنی ئەدەبیات و هەموو زانیارییەکانی کۆن و نوێی ئەم دەڤەرە.

گۆڤاری (ورێزا) بەهۆی گیروگرفتی چاپ و نەبوونی چاپخانە لە خانەقی و نەبوونی سەرچاوەی دارایی و بودجەیەکی پێویست بۆ دەرچواندنی، نەیتوانیوە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەربچیْ و هەندێجار چەند مانگێك دواکەوتووە، تا بە یارمەتی و گرتنە ئەستۆی تاکە کەسی توانراوە دوا ژمارەی گۆڤارەکە لە زستانی سالْی (2009)دا بلاوبکرێتەوە.

سەرەڕای مێژووی کۆنی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ناوچەی خانەقی، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و گەشەکردنی لە کۆتاییەکانی هەمان سەدە و سەرەتای سەدەی بیستویەکدا، بەلام لە ڕووی دیزاین و ناوەڕۆکەوە دەکرێ دان بەوەدا بنەین، کە گۆڤاری (ورێزا) پیشەییتر هاتۆتەئاراوە و هەولێکی نوێیی ڕووناکبیرانی دەڤەرەکەیە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا. لەڕووی تەکنیك و ناوەڕۆکەوە (ورێزا) یەکەم گۆڤاری کوردیی پێگەیشتووە لە خانەقیدا ، کە لە ئاستێکی بەرزدا پێشکەش کراوە و تایبەتمەندیی گۆڤارێکی پڕۆفیشنالی هاوچەرخی سەردەمییانەی تا ڕادەیەك پێوە دیارە.

## بەشی یەکەم

### تەوەری دووەم : چەمکی پەخشان و بنەماکانی

لە دنیای ئەدەبدا، لە کۆن و ئێستادا، ئەدەب دابەشکراوەتە سەر دوو بەشەوە، کە (شیعر و پەخشان)ە. هەموو لێکۆلەر و ڕەخنەگرانی جیهان لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە جیاوازی لەنێوان ئەم دووبەشە لە ڕووی ڕوخسارەوە (کێش و سەروا)یە، واتە پەخشان کێش و سەروای نییە و پێچەوانەی شیعرە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوەش، ئەگەر سۆز و ئەندێشە لە شیعردا زالْبێ، ئەوە لە پەخشاندا زیاتر جەخت لەسەر بیر دەکرێ و بە کۆلەکەی سەرەکیی دادەنرێ، چونکە (زمانی پەخشان زمانی ئەقلْ و ڕوونی بیر)ە[i].

لەڕووی پێناسەی گشتیی ئەدەبەوە، پەخشان بە قسەیەکی زۆری هونەریی ڕێکنەخراو دەوترێ کە شیعر نەبێ ، بۆیە ئەدەبناسانی کۆنی عەرەب لە کۆنەوە وتویانە (پەخشان قسەیەکی بێ کێشە)[ii] . مرۆڤ لەو کاتەوە زمانی پژاوە گفتوگۆکانی لە

شێوەی پەخشاندا بووە و بەرانبەری تێگەیاندووە، ئەمەش لەگەڵ پێشكەوتنی ژیانی مرۆڤ و كەشەكردنی شارستانییەتدا پێشكەوتووە، كەواتە ((زمانی گفتوگۆ، قسەیەكی گەیاندەرە لە شوێنی خۆیدا و بناغەكەی داڕشتنە، بە سەرزار و بە شێوەی لاساییش ئەگێڕێتەوە كە (بیر) بابەتی سەرەكییە لەو جۆرە داڕشتنە))[iii].

لە ڕووی فەرهەنگی و واتاییەوە، پەخشان لە زمانی كوردیدا بە شتێك دەوترێ كە بڵاوبكرێتەوە، واتە شتەكەی پەخشان پەخشان كردەوە، یا دەڵێن: پەخش و بڵاوكردەوە. ئەم وشەیە (چاوگ)ی ئەلفییە و وێنەی زۆرە لە زمانی كوردیدا وەك (پێچ، پێچان. بێژ، بێژان. پەخش، پەخشان)[iv]. لە فەرهەنگی كوردی- عەرەبیشدا بە چەند جۆرێك لێكدراوەتەوە و بەم شێوە هاتووە: پەخشان: نثر، مبعثر، مفروش، مبدد[v]. هەوەها لە فەرهەنگی كوردی-عەرەبی-ئینگلیزیدا، پەخشان: نثر، prose[vi]. لە فەرهەنگی كوردی- فارسیدا: پەخش: انتشار، پەخش بوون: پخش شدن، پەخش كردن: انتشاردادن[vii]. پەخش: بڵاو، پرژاو، پخش. پەخشان: پەخش، بڵاو، نووسراو بەرانبەری هۆنراو، نەسر، پراكندە، نثر مقابل نظم. پەخشان بوون: بڵاوبون، پرژان. پەخشانكردن: بڵاوكردن. پەخشە: بڵاڤۆك، ئینتیشارات[viii]. پەخشان لە سەرەتاوە دەستەواژەیەك بووە بۆ بڵاوكردنەوە بەكارهێنراوە، دواتر لەسەر زاری ڕۆشنبیرانی كورد كراوە بە (ناو) بۆ ئەو ڕستە و نووسینانە كە شیعر و هەڵبەست نین. واتە ئەو نووسینانەی لەسەر لاپەڕەی كاغەز پەخش و بڵاودەكرێنەوە. ئەمەش ڕێكدێ لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، كە وشەی (نثر) بەكاردێنن و واتای بڵاوكردنەوە دەگەیەنێ، پاشان كردیان بە (ناو) كە دەستەواژەیەكە بەرانبەر بە وشەی (پەخشان) بەكاردێ.

پەخشان هونەر و شێوەیەكی نووسینی ئەدەبییە، هۆش و هەستی مرۆڤ پیشاندەدا، دەربڕی بیر و سۆز و هەڵچوونەكانییەتی بە زمانێكی جوان و ڕەوان و بیرێكی سفت و پێكەوەبەستراو و ڕیزبەندییەكی واتایی تەواو و واتایەكی ڕوونی بێ پێچ و پەنای بێ كێش و سەروا، كە دەشێت لایەنی جوانكاریشی تێدابێ. لەلایەكیترەوە دەتوانین چەمكی پەخشان بەكورتی لەوەدا بخەینەڕوو، كە بریتییە لە دەرخستنی ئامانجێكی دیاریكراو بە هۆی ڕستەی چەسپاو و دەربڕینی ساكارەوە بەجۆرێك كە داڕشتنی ڕستەكان پشت بە واتای ئاشكرا و دیار ببەستن و وابەستەی (بیر) دەبێ و لەناو توخمەكانی بیر و سۆز و ئەندێشەدا، بیر ئاستی یەكەمی بایەخی پەخشان داگیر دەكا[ix]. جەختكردن لەسەر ڕەگەزی بیر لە پەخشاندا ئەوە ناگەیەنێ كە شیعر بێبەشە لە بیر، بەڵكو لە ڕەگەزە سەرەكییەكاندا دوو ڕەگەزی هاوبەش لە نێوان شیعر و پەخشاندا هەیە ئەویش (بیر و سۆز)ە. ئاستی پلەی بایەخدان بەم دوو ڕەگەزە لە هەردوو جۆرەكەدا جیاوازی دەكەوێتە نێوانیان، لەو بنەمایەوە كە ((بناغەی پەخشان بیرە و سۆز یاریەدەریەتی، كەچی لە هۆنراوەدا سۆز بناغەیە و بیر یاریەدەریەتی))[x].

ڕەخنەگرانی ئەدەب لەبارەی ئاسانی بەكارهێنانی شیعر و پەخشانەوە ئاماژەیان بەوە كردووە، كە شیعر گونجاوترە لە دەربڕینی لایەنی دەروونی و سۆز و هەست و نەستی ئادەمیزاددا، بەوەش دەردەكەوێ كە بەكارهێنانی شیعر گرانترە لە پەخشان، بەڵام لە ڕاستیدا هەرچەند بەكارهێنانی پەخشان ئاسانتر لە شیعر دێتە بەرچاو، كەچی پەخشان گرانترە و كۆت و بەند و مەرجێكی زۆری پێویستە. سەرەڕای یاساكانی كێش كە شیعر وابەستەی بووە، بەڵام ئازادییەكی تەواوی هەیە بەراورد بە پەخشان، چونكە پەخشان دوو بنەمای هەیە و لە شیعردا بەرچاو ناكەوێ، ئەم دوو بنەمایە كە (لۆجیك و ڕوونی

تەواو)ە[xi]،نووسەری پەخشان دەبەستێتەوە، بۆیە هەرچەند مەبەستی پەخشان بالآبێ پێویستە ڕیزبەندییەکی ڕاست و ڕوونیی تەواوی زمانی هەبێ. کەچی شیعر دەتوانێ ئازادانە خۆی لە ڕیزبەندیی بیر و زنجیرەبوونی و بەستنەوەیان بەیەکەوە و خۆی لە لۆجیك و گفتوگۆ و وتاربێژیی پەخشان ڕزگاربکا، بۆیە ((هەرچەند پەخشان لە شیعر ئاسانتر دیارە، بەلآم گرانترە))[xii].

گەشەکردنی پەخشان و پەرەسەندنی بەدرێژایی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕۆشنبیریی ولآتانداهاتووە و تایبەتمەندییەکانی لە خۆبەستنەوە بە ئەو وابەستەیی و قاڵبەندییەی شیعر، بوارێکی فراوانی بۆ ئەو نووسەرانە ڕەخساندووە کە دەستیان لە شیعرنووسیندا نییە، بۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی پەخشاندا دەرگایەکی والآ لەڕووی ئەو کەسانەدا کرایەوە کە لە دەرەوەی بازنەی ئەدەبدابوون. هەر ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیی بووژانەوە و تەشەنەکردنی پەخشان بوو بەشێوەیەکی خێرا، تا وایلێهات بەشێکی گەورەی ئەدەب پڕبکاتەوە و ببێتە مۆدێرنترین شێوازی نووسین لە جیهاندا و چەند ژانرێکی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ و مۆدێرن وەك هونەری پەخشان سەرهەڵبدا. ئەمەش ئاسانی و سووکی شێواز و ئەرکی پەخشان ناگەیەنێ و لە ئامانج و تەکنیك و جوانکاری ڕووتی ناکاتەوە، بەڵکو ((پەخشانیش وەك شیعر هونەرکاریی تێدا دەکرێت و بە هونەرێکی وردیش ململانێی لەگەڵ ڕەوتەکانی داهێناندا کردووە))[xiii].

جۆرەکانی پەخشان و دابەشکارییەکانیشی ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ، هەندێ لەو بۆچوونانەش وابەستەی بیر و باوەڕ و تێڕوانینێکی کۆنە، کە هێشتا لە دابەشکارییەکانی پەخشاندا باس لە کێش وەك تایبەتمەندییەکی پەخشان دەکرێ، سەرەڕای سەروا کە لە هەندێ جۆردا بەرچاودەکەوێ. عەلائەدین سەجادی لەمبارەوە پەخشان دابەشدەکاتە سەر دوو بەشەوە: پەخشانی سادە و ساکار، کە دوورە لە هەموو شێوەیەکی دەستئەنقەسیی ڕەوانبێژی. پەخشانی هونەری-ئەدەبی، کە هەموو لایەنە هونەرییەکانی تێدایە و هەموو شێوەیەکی ئەدەبی لە خۆدەگرێ و دەبێتە دوو بەشەوە: پەخشانی (مرجز)، کە کێشی هەیە و سەروای نییە. پەخشانی سەروادار، کە بەپێی جۆرەکانی کێش و سەروایان هەیە و لە سێ جۆر پێکدێ: هاوڕوو-متوازي و هاوسەر-مطرف و هاوکێش-متوازن[xiv]. ئەم جۆرە دابەشکردنە بەرپەچدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە (جیاوازی لە نێوان پەخشان و شیعردا تەنیا کێشە)، بۆیە بە درێژایی مێژووی ئەدەبی جیهانی نموونەیەکی پەخشانی کێشدار بەرچاوناکەوێ، ئەگینا هەر زمانێك لە پیت و وشە وڕستە پێکدێ، ئەمانەش خاوەن دەنگ و ترپە و ڕیتمن و هەنگاو وپێ و برگەیان هەیە، ئەنجا لە پەخشاندا بەکاربێن یان لە شیعردا جیاوازییان ئەوەیە لە شیعردا بەپێی سیستمێکی تایبەتی یاسادار بەکاردەهێنرێ و جەختی لەسەر دەکرێ، بەلآم لە پەخشاندا زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ بەبێ سیستمی ئەژمارکردنی کێش، چونکە ((کێش دیمەنێکی سروشتییە بۆ ڕستە، جا ڕستە هەر ڕستەیەك بێت))[xv].

پەخشان لەلایەنی شێوەوە دەبێتە دوو بەشەوە: پەخشانی بەپاشبەند (مسجوع) واتە سەروادار و پەخشانی ڕەوان (المرسل) واتە بێ سەروا. لەڕووی ناوەڕۆك و کاکڵی هونەریشەوە دەبێتە دوو بەشەوە: پەخشانی زانستی، کە ڕاستییەکانی زانین و زانستی پێدەردەبڕێت و پەخشانی هونەری، کە ڕێچکەی ئەدەبی گرتووە لە نووسیندا و دەبێتە دوو بەشەوە: پەخشانی داڕشتن، کە بایەخ بە جوانی داڕشتنەکەی دەدرێ و پەخشانی وەسفی یان بابەتی، کە لەپەخشانی داڕشتن دەکۆڵێتەوە[xvi]. جۆرێکیتری

دابەشكردنی پەخشان بەگشتی لە دوو جۆر پێكدێ: پەخشانی زارگوتن، واتە زارەكیی تۆمارنەكراو و پەخشانی نووسراو، ئەمەش دوو جۆرە: پەخشانی فۆلكلۆری، سەرجەم ئەدەبی فۆلكلۆریی تۆماركراو دەگرێتەوە و پەخشانی نووسەران كە خاوەنەكەی دیارە، ئەم جۆرە بەگشتی دوو بەشە: پەخشانی زانیاری و پەخشانی هونەری، كە دوو جۆرە: پەخشانی سەروادار و پەخشانی ئاسایی[xvii].

پەخشان بەگشتی چەند تایبەتمەندییەكی هەیە[xviii]: كێش ومۆسیقا و سەروا لە پەخشاندا ڕەگەزی سەرەكی نین، ئەوەی هەیە زیاتر ڕیتمی ناوەوەیە، سەرواش بەجۆرێكی جیا لە شیعر دەردەكەوێ، ئەمەش تەنیا لە پەخشانی سەرواداردا دیارە. پەخشان وابەستەی بیرە، چونكە زمانی ئەقڵ و ژیرییە و زمانەكەی دورە لە ئاڵۆزی، ئەركی شیكردنەوە و ڕاڤەكردن و دەرخستن و ناساندنی زاراوە و بیر و چەمكەكانی هەیە، بۆیە هونەرەكانی ڕەوانبێژی لە داڕشتنیدا كەمتر بەكاردێن، ئەگەر بەكارهاتن ئەوە بۆ ڕوونكردنەوەی مەبەست و دواندنی هۆش ولۆژیكن. داڕشتنی دەق لە پەخشاندا وابەستەی سیستمە گراماتیكییەكانی هەر زمانێكی دیاریكراوە. لاساییكردنەوە لە پەخشاندا خۆی بە قاڵبێكی دیاریكراوەوە نابەستێتەوە، بۆیە دەیان جۆر وتار و بابەتی نووسراویتر سەریهەڵداوەتەوە بێ ئەوەی پێوانەیەكی دیاریكراویان هەبێ. خەیاڵ و تاقیكردنەوە و ئەزموونی تاكە كەسی وەك چۆن لە شیعردا گرنگە لە پەخشانیشدا گرنگن، بەڵام خەیاڵ لە پەخشاندا سنووردارە.

هونەرەكانی پەخشانیش وەكو زمان پەیدادەبێ و گەشەدەكا و سست دەبێ و لەناودەچێ، لە كۆنەوە بۆ ئێستا چەند گۆڕانكارییەك بەسەر دوو لقە سەرەكییەكەی ئەدەبدا هاتووە، هەندێ لە هونەرەكانیان ئاڵوگۆڕی پێكراوە و لە شیعرەوە بووە بە پەخشان یان هەر باویان نەماوە[xix]. لەم تێڕوانینەوە دەتوانین هونەرەكانی پەخشان لە كۆندا بەم شێوەیە پۆلێنكەین: پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، نوتق (خیطابة)، حیكایەت و ئەفسانە، نامە ونامیلكە، كتێب ودانان. هونەرە نوێكانی پەخشانیش بریتین لە: وتار، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆگەری، ژیاننامە و بیرەوەری و چەند هونەرێكیتر[xx]. بەشێوەیەكیتر دەتوانین پەخشان بە هەردوو جۆرەكەیەوە (زانیاری و ئەدەبی) بەم شێوەیە دابەش بكەین: وتار، خوتبە، چیرۆك، چیرۆكی كورت، ڕۆمان، شانۆگەری، ژیاننامە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، بیرۆكە، دانان، لێكۆڵینەوە، نامە، وەرگێڕان، مێژوو، وتووێژە[xxi]. ئەم هونەرانە بەشی گەورەی ئەدەبی كوردی پێكدێنن و هەریەكێكیان ڕۆڵ و گرنگی خۆیی هەیە لە دەوڵەمەنكردنی ئەدەبەكەدا، كە ناكرێ پشتگوێ بخرێن و تەنیا بایەخ بە لایەنێكی ئەدەبی بدرێ و بەشە گەورەكەی نەخرێتە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوەی ئەدەبییەوە.

## بەشی دووەم

### هونەرەكانی پەخشانی ئەدەبی لە گۆڤاری (ورێزا)دا

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی كوردی لە كات و سەردەم و بارودۆخێكی تایبەتدا هۆكارێكی سەرەكیی دروستبوونی پێوەندییەكی بەهێزە لە نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیدا، بەجۆرێك ئەستەمە لە یەك جیابكرێنەوە. شاعیر و ئەدیبانی كورد دەستی باڵایان لە كاری ڕۆژنامەنووسی و بەڕێوەبردنیدا هەبووە، ڕۆژنامەنووسیش هۆكارێكی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئەدەب و دەستنیشانكردنی سیماكانی بوو. لەڕێگەیەوە چەند ژانرێكی نوێی ئەدەبی جیهانی بۆ یەكەمجار كەوتە بەرچاو

ڕۆشنبیرانی کورد و چەند ژانرێکی نوێی ئەدەبی کوردیش بەتایبەت لە بواری پەخشاندا بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لەدایکبوو و ڕاستەوخۆ بڵاوکرایەوە، بۆیە ڕۆژنامەنووسیی کوردی مۆرکێکی ئەدەبی هەڵگرتووە و لە ئەنجامدا هۆکار بوو بۆ پاراستنی شیعری کۆن و نوێ و نۆبەرەی پەخشانی ئەدەبیی کوردی و هونەرەکانی و بڵاوبوونەوەیان و بوو بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی توێژینەوەی ئەدەبی[xxii].

پەخشانی ئەدەبی لە گۆڤاری (وریزا)دا بە پێی گرنگییان لەم چەشنانە پێکهاتووە :

1-وتار

وتار گرنگترین و بەچێژترین هونەری پەخشانی ئەدەبییە. وەك هونەرێك بنەمای ڕۆژنامە و گۆڤارە و ((مێژووی سەرهەڵدانی بەستراوەتەوە بە مێژووی ڕۆژنامەنووسییەوە))[xxiii]. خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسی ئەو ڕاستییەمان پیشاندەدا، کە وتار لە هەموو چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکانیتر زۆرتر بەکارهاتووە و نووسەران سەرکەوتنیان تێدا بەدەستهێناوە. وتار وەك هونەرێکی نوێی ئەدەب لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە هاتۆتە ناو جیهانی ئەدەبی کوردی و گەشەیکردووە و ژانری نوێی بەدوادا پەیدابووە، ئەمەش زۆرجار تەنها بەسەر ئەدەبی کوردییەوە پراکتیك ناکرێ، بەڵکو لای زۆر لە نەتەوەکان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا بە هەمان شێوە لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە لەدایکبووە و بە هونەرێکی نوێ ئەژماردەکرێ، ئەم هونەرە (لە ئەدەبی عەرەبیشدا نوێیە و بەهەمان شێوە و لە هەمان ڕێگاوە پێی گەیشتووە)[xxiv].

هونەری وتار جیاواز لە هونەرەکانیتری ڕۆژنامەنووسی، زیاتر پێوەندە بە ئەزموون و تێڕوانینی نووسەرەکەی بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەر و چۆنییەتی لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی دیاردە و بابەت و بەسەرهاتەکان یان دەربڕینی بۆچوونێکی تایبەتە. ئەمەش بۆخۆی تێڕوانینی جیاواز لەبارەی پێناسەکردنی دێنێتە ئاراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وتار ((ئەو نووسینە ئەدەبییە، کە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیان دەگرێتەخۆ و لێکدانەوە و شیکردنەوەی گەلێ مەبەست و بابەتی دروستکردووە. کە کۆمەڵێ خاسیەت و شەقڵی هونەری لە کورتبڕی لە چەند پەڕەیەك و زاڵبوونی بیر و بەشدارکردنی سۆز و خەیاڵ لە قاڵبێکی هونەری و قاڵبێکی دیاریکراودا کە گونجان و بەستنەوە لە بابەتەکە دروست بکات))[xxv]. هەروەها((وتار پارچە ئەدەبێکی پەخشانە، نە کورت نە درێژ، بەشێوازێکی ڕوون، بە زمانێکی دڵکێش لە بابەتێك لە بابەتەکانی ژیان دەدوێ))[xxvi]. نووسەر لە نووسینی وتاردا کاتێکی زۆری ناوێ و زۆرجار بەشێوەیەکی خۆڕسك دەستدەداتە نووسینی و دەربڕین لە بیر و بۆچوون وکەسێتیی دەکا، بە شێوازێکی سادە و ساکار بابەتکە دادەڕێژێ و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات بەبێ قووڵبوونەوە و چوونە ناو تێکڕاییەکان.

سەرەڕای زۆری پێناسەکانی وتار لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیدا، بەڵام تێکەڵبوونێکی زۆر لەنێوانیاندا ڕوودەدا. لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی هەوڵێکی باشیان بۆ جیاکردنەوەیان داوە و ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەبارەیانەوە هەیە، بۆیە لەڕووی ڕۆژنامەنووسییەوە دەتوانین ئەم پێناسە بۆ ڕوونکردنەوە بەکاربێنین ((گوتار لە ژانرە بەربڵاوەکانی ڕۆژنامەنووسییە بۆ لێکۆڵینەوە و ناساندن، بەرزکردنەوە و گەیاندنی پرسیارێکی دیاریکراو بۆ کۆمەڵ، کە لە ئەنجامدا زۆرجار

دەبێتە مشتومڕی زۆر. جا چ لەسەر ئەو پرسیارەی لە گوتارەكە بەرزكراوەتەوە، چ لەسەر ناوەرۆكی گوتارەكە ))[xxvii]. كەچی لەڕووی ئەدەبییەوە دەبێ وتاری ئەدەبی (( جۆرە شاعیریەت و بەهرەیەكی تیابێ و نووسەر زۆر لەخۆی نەكات بۆ نووسینی و لە مەرجە سەرەكییەكانی تەكنیكی هونەری و خودی نووسەر دەربڕینە ))[xxviii].

وتار لەسەر سێ كۆڵەكە هەستاوە[xxix] : سەرنجدان لە ژیان، وردبوونەوە لە دیاردەكانی ژیان، ڕامان و تێفكرین لە ماناكانی ژیان. بەگشتیش لە یەك شێواز و لە یەك بەرگدا دەرناكەوێ ، بەڵكو هەمەڕەنگە و جیاوازە و دەقەكەی دابەش دەبێ بۆ ( سەرەتا و ناوەرۆك و كۆتایی )[xxx]. جۆرەكانیشی لە كۆنەوە دابەشكراوەتە سەر دوو جۆر ( وتاری خودی و وتاری بابەتی ). لە ڕووی زمان و جۆرەوە دابەشدەبێ بۆ ( وتاری زانستی و وتاری ڕۆژنامەنووسی و وتاری ئەدەبی )[xxxi]. لە كاری ڕۆژنامەنووسیدا وتاری چاپەمەنییەكانیش دووجۆری گشتی هەیە ( وتاری ڕۆژنامەوانی و وتاری داڕشتن )[xxxii].

گۆڤاری ( ورێزا ) دەستی باڵای لە بڵاوكردنەوەی وتاردا هەبووە، لاپەڕەكانی بەم هونەرەی پەخشان ڕازێنراوەتەوە، كە بەرهەمی بیر و هزری ڕۆشنبیرانی خانەقی و دڵسۆزانی دەرەوەی دەخاتەڕوو. وەك گۆڤار و ڕۆژنامە كوردییەكانی پێش خۆی، وتاری بە بڕبڕەی پشتی كاری ڕۆژنامەنووسی زانیوە و بایەخ و گرنگییەكی باشی پێداوە. دیارە ئەم كارە بەم شێوە فراوانە بۆ یەكەمجار لە ناوچەی خانەقیدا ئەنجامدراوە و هەنگاوێكی بێهاوتای مێژووی ڕۆژنامەنووسیی كوردیی دەڤەرەكەیە. ڕۆشنبیران، ئەدیب و نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، مامۆستایانی زانكۆ، خوێندكارانی كۆلێجەكان، بەشی گەورەی كاری گۆڤارەكەیان لەئەستۆدابووە، وتاری هەمەڕەنگیش لە بیر وهزریاندا لەدایكبووە و لە گۆڤارەكەدا ڕەنگیداوەتەوە. بابەتی وتارەكان هەمەڕەنگە و پەل بۆ زۆر مەبەست و ناوەرۆك دەهاوێژێ، بۆیە لێرەدا چەند جۆرێكی وتار لەڕووی مەبەست و ناوەرۆكەوە دەخەینەڕوو و نموونەیان بۆ دێنینەوە.

– وتاری سیاسی: ئەو وتارەیە كە بابەتی سیاسی لەخۆدەگرێ، زۆرجار لەلایەن كەسانی سیاسی و حیزبییەوە دەنووسرێ بەمەبەستی شیكردنەوە و ئاشكراكردن و جێگیركردنی ئایدیایەك. ئەم جۆرە وتارە لە گۆڤاری ( ورێزا )دا بەرچاوە، بەڵام بەگشتی وتارەكان بۆ مەبەستی گشتی یان نەتەوەیی و لە بەرژەوەندی كورددایە، خزمەتی سیاسەتی كوردی لە ناوچەكەدا كردووە بێ ناو هێنانی هیچ پارتێكی سیاسیی. بۆ نموونە لە ژمارە( 5و6 )ی گۆڤارەكەدا چەندین وتاری سیاسی بڵاوكراوەتەوە بۆ لێداوان و ناساندن و باسكردنی سیاسەت بەگشتی[xxxiii]. هەروەها باسكردنی باری سیاسیی عێراق و پلان و ستراتیژی وڵاتە زلهێزەكان و ئەمەریكا و هەڵەكانیان لە ناوچەكەدا[xxxiv]. لەلایەكیترەوە گۆڤارەكە بارودۆخی سیاسیی باشووری كوردستانی بەگشتی خستۆتە ژێر تیشكی لێكۆڵینەوە و دەربڕی خواست و ئاواتەكانی میللەتی كوردبووە بۆ مافی پێكهێنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بە ڕەزامەندی وڵاتە گەورەكانی جیهان[xxxv]. باری سیاسیی ناوچەی خانەقی بەتایبەت پاش ڕوودانی چەند ئاڵۆزییەك لە ناوچەكەدا و سەرهەڵدانی چەند كێشەیەكی سیاسی و ماددەی ( 140 )ی دەستووری عێراقی فیدراڵ و داهاتووی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان، بابەتێكی فراوانی لاپەڕەكانی گۆڤارەكەی داگیركردووە بەتایبەت لە بابەتی وتاردا[xxxvi]. دیارە ناونیشانی وتارەكانیش ڕوونكردنەوەیەكی ڕاست و ڕەووانی مەبەست و ناوەرۆكی ئەو وتارانەیە.

– وتاری كۆمەلآیەتی: بابەتی وتاری كۆمەلآیەتی دیاردە سەردەمییەكان دەگرێتەوە كە پێوەندی بە كۆمەلآنی خەلكەوە هەیە، ئیتر ئەو دیاردانە هەرشتێكبێ لەناو كۆمەلدا سەریهەلدابێ، نووسەریش ئەندامێكە لەو كۆمەلە ((لەبەر ئەوە دەوری كارلێكەر و كارتێكراو دەبینێ))[xxxvii]. گۆڤاری (ورێزا) گۆشەیەكی تایبەتی لە ژمارە (1) و (2و3)دا بۆ وتاری كۆمەلآیەتی تەرخانكردووە لە ژێر ناونیشان (ژن و خێزان) و (خانەوادە)دا، لە هەر ژمارەیەك چەند وتارێكی بلآوكردۆتەوە و بەگشتی بابەتی كۆمەلآیەتی[xxxviii] و پێوەندییە كۆمەلآیەتییەكانی باس و پێشانداوە[xxxix]. رۆلی ژن لە كۆمەلگەی كوردەواری و بەرزنرخاندنی، پانتاییەكی باشی وتارەكانی وەرگرتووە و بەتێروتەسەلی باسكراوە[xl]. هەروەها باسكردنی ڕەوشی ژنان[xli]، شكاندنی بێدەنگییان لە ئاستی ئەو زولم و ستەمەی لێیان دەكرێ[xlii]، بەتایبەت لە ژیانی خانەوادەیی و لە لایەن هاوسەرانیانەوە بە ناوی خزمایەتی[xliii]. مندالێش شوێنی تایبەتیی خۆیی لە كۆمەلگەدا هەیە و خانەوادە ڕۆلی سەرەكی لە گەشەكردنیاندا دەبینێ[xliv]، ئەركی پەروەردەكردنی مندالآنیش دەكەوێتە ئەستۆی سەرۆكی خانەوادە و دواتر دەسەلآت و حكومەت[xlv]، چونكە ئەركی سەرۆكی خانەوادە تەنیا ئەوە نییە بە باوك یان دایكی مندالْ بناسرێن، كە ئەوە كارێكی ئاسانە، بەلكو ئەركی گەورەی لە پەروەردەكردنی مندالآندایە[xlvi].

– وتاری ڕۆشنبیری: ئەو وتارەیە كە باس لە ڕۆشنبیری و ئاستی ڕۆشنبیری و كێشەكانی دەكا، ئەمەش پێویستی بە لێكۆلینەوە و بەدواداچوون و دۆزینەوەی چارەسەرە. گۆڤاری (ورێزا) بایەخی تایبەتی بەم بابەتە داوە، لە بنەمای ئەوەی كە خوێندكارانی زانكۆ دەستی بالآیان لە دەركردنی گۆڤارەكەدا هەبووە. بۆیە گۆشەیەكی تایبەت لەژێر ناوی (زانكۆ و خوێندن) لە چوار بەرگی گۆڤارەكەدا جێگیرە. بابەتەكانی ئەم بەشە تەرخانكراوە بۆ باسی زانكۆ و خوێندكاران وچۆنییەتی بەرو پێشچوونی ئەم ناوەندە لە ناوچە تازە ڕزگاركراوەكانی كوردستاندا[xlvii]. لە لایەكەوە كێشەی خوێندن و مامۆستا وخوێندكار بووە بە جێگەی سەرنج و ڕەخنە بە مەبەستی چارەسەركردن[xlviii]. لە لایەكیترەوە هاندانی خەلكی دەڤەرەكە بەرەو خوێندنی كوردی بۆ پاراستنیان لە تەعریب كردن[xlix] و چەند بابەتێكیتر.

– وتاری زمانەوانی: ئەو وتارەیە كە پسپۆڕێكی زمانەوانی لەبارەی زمان و ڕێزمانەوە دەینووسێ و بنەماكانی شیدەكاتەوە یان لایەنە شاراوەكانی دەخاتەڕوو. لە گۆڤاری (ورێزا)دا تەنها سێ وتاری زمانەوانی بلآوكراوەتەوە. د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، كە ئەو كاتە (سالی 2006) مامۆستای وانەبێژ بووە لە كۆلێجی ئادابی خانەقی، بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی ئەكادیمی، وتارێكی بلآوكردۆتەوە لەبارەی ئەو سەرچاوانەی لە كوردستان و یەكێتی سۆڤێت و ئەوروپا و ئەمریكادا باسی زمانی كوردییان كردووە[l]. دواتر دوو وتار لەبارەی ئەلفوبێی كوردی و لاتینییەوە لە گۆڤارەكەدا بلآوكراوەتەوە[li].

– وتاری مێژوویی: ئەو وتارەیە كە مێژوو و لاپەڕە نهێنییەكانی هەلدەداتەوە و دەیكاتە كەرەستەیەكی خاوی بابەتەكە یان بۆ یەكەمجار مێژووی پرشنگداری نەتەوەیەك، كەسایەتییەك، ناوچەیەك، ڕووداوێك وەكو دكیۆمێنت تۆماردەكا. گۆڤاری (ورێزا) بایەخی باشی بەم جۆرە وتارە داوە و گۆشەیەكی تایبەتی لەژێر ناوی (وەرگێڕان و مێژوو)ی بۆ تەرخانكردووە، چەند بابەتێكی لەبارەی ناوچەكانی گەرمیان و گەرمەسێر بلآوكردۆتەوە. ئاسەوارەكانی حەوش كوڕی[lii]. كرماشان[liii]، ناوچەی

بنكوره[liv]، دێی مەحمود قەجەر[lv]، شاخی مرواری[lvi] و چەند بابەتێکیتری مێژوویی و ئەلبۆمی وێنەکان کە لەهەموو ژمارەکاندا لە ژێر دروشمی (مێژوو)دا بلاوکراونەتەوە.

- وتاری زانستی: ئەو وتارەیە کە لێکۆڵینەوە لە بوارە زانستییەکاندا ئەنجام دەدا، بۆ خستنەڕووی نهێنییە زانستییەکان یان ڕوونکردنەوەی بابەتێك لەهەر بوارێکی زانستیدا. گۆڤاری (ورێزا) چوار وتاری زانستیی بلاوکردۆتەوە. دوو وتاریان وەرگێڕانی بابەتی کۆپیکردنی مرۆڤ[lvii] و بەسەرهاتی لەناوچوونی (دیناسۆر)ەکانە[lviii]. دوو وتارەکەیتر لەبارەی نەخۆشی ئێسك[lix] و دەوا ودەرمانی کوردەوارییە[lx].

- وتاری ئەدەبی - هونەری: وتارێکی خودییە بە زمانێکی هونەریی پڕ لە سۆز و ئەندێشە لە ئەزموونی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێ و خێرا دەنووسرێ و پێشکەش دەکرێ. وتاری ئەدەبی یان هونەری ((زادەی خۆ خواردنەوە و ڕامان و هەست و وروژاندنێکی لە مێژینەیە و لە ساتێکی دیاریکراودا لە دایك دەبێ، نووسەر (خودی) خۆی تێدا دەنوێنێ و جوانکاری لە ڕێگەی وشە و دەستەواژەی خەیاڵی و وروژانی خوێنەر بە هەست و نەستێکی ناسك دەخاتەڕوو))[lxi].

هەرچەند لە گۆڤاری (ورێزا)دا بەشێك بۆ ئەدەب بەگشتی دانراوە لە ژێر ناوی (ماڵی شاعیر و ئەدیبان)دا، بەلام لەم بەشەدا زۆرتر بایەخ بە بلاوکردنەوەی شیعر دراوە بەرانبەر بە پەخشانی ئەدەبی و هونەرەکانی. ئەوەی کە هەیە تەنها لە ژمارە (1)ی گۆڤارەکەدا دوو پارچە وتاری ئەدەبی یان هونەری بلاوکراوەتەوە. (خالد ئەسکەندەر) لە پارچەیەکی کورتدا نائومێدی و حەسرەتەکانی خۆی بە شێوەیەکی هونەریی بەرزی پڕ لە هەست وسۆز و ئەندێشەی فراوان و وشەی هەڵبژاردەی ئەدەبی پێشکەش دەکا، بێ ئەوەی خوێنەر لە مەبەست وناوەرۆکی بابەتەکە تێبگا سەرنجی ڕادەکێشێ و دەڕواتە نێو دنیای ئەفسوناویی دەقەکەوە ((ئەسرینێکی تر لە چاوەکانم پەنهان بوو، گوێم لێتە چەند بە تێڕوانینێکی سیحراوییەوە لەم عیشقە میحیبەتەی منت دەڕوانی، ئای لەم بەزمە عیشقە دنیا لەچی خەراباتێکەوە ئەهێنێتە سەربوون. تۆ ئەو دەستە کۆچەریانەبوویت گوڵەکانی کەناری ئەوینت چاند، ئیتر لیمناوەشێتەوە بەسەرتا تێپەڕیکەم... ئەمشەو لەم تاوە ڕێگە سەرما سڕاوەیەوە هاتوومەتە بەر دەرگای ژوورەکەت بۆ دۆزینەوەی خەونێکیتر لە خەونەکانم...))[lxii].

د.فەرهاد پیرباڵ لە ژمارە (1)ی گۆڤارەکەدا وتارێکی ڕەخنەیی لەژێر ناوی (پاڵەوان)دا نووسیوە و ڕووی دەمی لە حکومەت دەکا و بە زمانێکی ئەدەبی و کورتە وێنەی هونەری، بیرە گومانییە ڕەشبینەکانی بەرەو داهاتوو دەبا ((...ساڵی داهاتوو ئاخۆ نرخی ڕووناکی کەمێك هەرزانترنابێ؟ حکوومەت وامان لێدەکا ئەگەر بە سیپاڵێکی شڕیشەوەبین ناچار ورەمان بەرز، بەردەوام عەردێکی بێحاسڵ بکێڵین: هێندە ڕقمان لە زەلیلی خۆمان هەستێت بچین بەڕووتی لەسەر سنوور بەرامبەر لەشکرێکی وەك ئەوەی (ئاق قۆینلوو) بجەنگین...)).

## 2-کورتە چیرۆك

کورتە چیرۆك بابەت و نووسینێکی کورتە، نووسەر هەڵوێستێك یان هەستێك یان ڕووداوێکی ژیان یان گرتەیەکی دیاریکراو یان هەر کردارێکی بچووك و سەرنجێکی ورد لە زەینی خۆیدا وەردەگرێ و تێکەڵی بیر و باوەڕەکانی دەکا و لە پەرەگرافێکی خۆیی بچووکی هونەریدا پێشکەشی دەکا، یان ((وەك تیشك وایە لە ساتێکی کورتدا دەخرێتە سەر یەك کەس یان یەك ڕووداوی بچووك

و بە ووردی و قووڵی پێشانی دەدا ))[lxiii]. بەوەش دەناسرێ کە (چیرۆکێکی تەواوە لە گێڕانەوەیەکی کورتدا)[lxiv]. هەندێ لە لێکۆڵەران کورتی ماوەی خوێندنەوەی کورتە چیرۆك دەکەنە پێوانەی جیاکردنەوەی لە چیرۆکی ئاسایی، بەڵام لەبەرئەوەی خێرایی خوێندنەوە ماوەکە کورت و درێژ دەکاتەوە، بۆیە لەسەر ئەم ڕایە کۆك نین. پێوانەیەکیتر پێوەندی بە ژمارەی وشەکانییەوە هەیە، کە بە 500 یان نێوان 1500 بۆ 10000 وشە دانراوە، ئەم مەودا فراوانە جارێکیتر دەبێتە هۆی ناکۆکی لێکۆڵەران. لە پاڵ ئەمەدا نووسەرانی کورتیلە چیرۆکیش ڕای جیاوازتر دەخەنەڕوو و ناکۆکییەکە گەورەتردەبێتەوە ئەوکات کە لە بارەی ژمارەی وشەکانی کورتیلە چیرۆکەوە دەڵێن:((لە چوارچێوەی هەزار و پێنج سەت تا دووهەزار وشەدا دەبێ چیرۆکێکی تەواو بنووسی کە هەموو مەرجەکانی چیرۆکی تێدابێت))[lxv].

بەگشتی چیرۆك لەڕووی مەودا و درێژییەوە پێکهاتووە لە (ڕۆمان، چیرۆك، کورتە چیرۆك، کورتیلە چیرۆك)[lxvi]. مێژووی سەرهەڵدانی کورتە چیرۆك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، بارودۆخی ئەو سەردەمە و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵك بۆ خوێندنەوەی بابەتی پوخت و کورت هۆکاری سەرەکیی لەدایکبوونیەتی لە ئەدەبی جیهانیدا. جۆرەکانیشی پێکهاتووە لە: 1-کورتە چیرۆکی هەڵوێست یان (ڕووداو). 2-کورتە چیرۆکی کەسایەتی. هەروەها شێوازی کاریکاتێری،کە ئەو دووجۆرە پێکەوە دەبەستێ. 3-کورتە چیرۆکی هەڵچوون، مۆرکی ڕۆمانتیکی پێوەیە. 4- کورتە چیرۆکی بیرۆکە، بیرۆکە دەبێتە جێی بایەخ[lxvii].

چیرۆك هونەرێکی سەرەکیی پەخشانە، بنەما و مێژوویەکی کۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ فۆلکلۆری میللەتان. لای کورد لە کۆنەوە بەناوی (حیکایەت، نەقڵ، مەتەڵۆك) پەیدابووە و بەشێکی گەورەی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردیە[lxviii]. لە شێوەی نووسراویشدا، چیرۆکی (مەم و زین)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی، کە مێژووی نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی (1856ز) لە هەموو دەقی پەخشانە هونەرییەکانی پێش خۆی کۆنترە[lxix] و دەبێتە یەکەم دەقی پەخشانی هونەریی کوردی و یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردی لە مێژوودا[lxx]. چیرۆك ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە لە گەشەکردن و پەرەسەندنی پەخشانی هونەریی کوردیدا، سەرەتای گەشەکردنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی چاپ و چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی[lxxi]. گۆڤاری (ڕۆژی کورد 1913) یەکەم بڵاوکراوەی کوردییە لە چوار ژمارەکەیدا لە ژێر ناوی (چیرۆك و چیرۆکی کرمانجا)دا بابەتی بڵاوکردۆتەوە و نووسەرەکانی (فوئاد تەمۆ و کندۆ)یە[lxxii]، لە ژمار چواریشدا (چیرۆکی شێر و ڕێوی)ی بەبێ ناوی نووسەر بڵاوکردۆتەوە[lxxiii]. لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەتەواوی گەشەیکرد بەتایبەت لە بەغدا و سلێمانی، چیرۆکیش لە پاڵیدا بنجی کوتا و پەرەیسەند[lxxiv]، تا دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ 1939-1949) لە بەغدا کە بە سەرەتای نووسین و بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆکی کوردی دادەنرێ[lxxv].

گۆڤاری (وریا) کەمتر لە وتار و شیعر بایەخی بە کورتە چیرۆك داوە، دیارە ئەوەش وابەستەی تەکنیك و هونەرکارییەکانی چیرۆکە بەگشتی، کە پێویستی بە ئەزموون و ڕاهێنانی بەردەوامە بەتایبەت لە ناوچەیەکی دابڕاو لە باشووری کوردستان. لەگەڵ ئەوەدا دەتوانین کورتە چیرۆکەکانی گۆڤارەکە دابەشکەینە سەر دوو جۆر:

یەکەم: کورتە چیرۆکی نووسەران: لە گۆڤارەکەدا تەنها سێ کورتە چیرۆك بڵاوکراوەتەوە[lxxvi]. لە ژمارە (1)دا (سۆران میل قاسمی) کورتە چیرۆکێکی لە ژێر ناوی (جەرگی سووتاو)دا بڵاوکردۆتەوە، بابەت و مەبەستێکی تراجیدی قووڵ پێشاندەدات،

هەوێنەکەی لە ڕووداو و بەسەرهاتێکی دڵتەزێنی ناوچەی هەولێرەوە وەرگیراوە، کە گفتوگۆی دایکێکە لەگەڵ کوڕەکەی لە چرکە ساتەکانی پێش مردنی کوڕەکە تا ئەو کاتەی گیان لەدەستدەدات. ئەم تراجیدیایە گرتەیەکی نایابی تەنیا ئەو کاتە هەستبزوێنەیە کە مرۆڤ پیرۆزترین شت لە دەستدەدات. زمانی نووسینی کورتە چیرۆکەکە لوتکەی داهێنانە، زمانێکی ناسك و پڕ لە سۆز و هەست، کە نەستەکانی مرۆڤ دەجۆشێنێ. لەڕووی تەکنیکەوە وشەکانی نزیکەی (500) وشەیە. لە (سەرەتا و گرێ و کۆتایی) پێکهاتووە. کات (زەمەن)ی کورتە چیرۆکەکە ئەو کاتەیە لە نێوان ژیان و مردندا. هیچ شوێنێکی دیاریکراویشی نییە و گێڕانەوەکە لە دەرەوەیە. دیالۆگێکی کورت لە نێوان دایك و کوڕدا دروستدەبێ، هەرچەند لە سەرەتای خوێندنەوەوە هەست بەوە دەکرێ کە تەنها مەنەلۆگێکە لەناخەوەی دایکە، بەلام لە کۆتاییدا کوڕ وەلامی دایکی دەداتەوە و تەکنیکەکە دەبێتە دیالۆگ. کۆتایی ئەم بەسەرهاتە بە چەند پیتێك تەواو دەبێت کە ئاماژە بە مردنی کوڕەکە دەکا (تۆ مەیە ب-م-ێ-ن-ە-و-ە....). کورتە چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکا ((لەگەڵ ناڵە و گریەدا، فرمێسك لە دیدە دەچۆڕا و هۆن هۆن بەسەر قەتماغەی برینەکەیدا دەباراند، کە فرمێسکی پڕ لە ژان و خوێنی تەڕ ئاوێتەدەبوون، دیمەنی نیشتمانێکی کاولی بەر نیگای دایکی دەدا، ئەگەرچی پەردەیەکی هەمیشەیی فرمێسکن ڕەنگەکانی تێکەڵ و دیمەنەکانی تەڵخ دەکرد...))[lxxvii].

سەرکۆ محەمەد لە کورتە چیرۆکی (مەرگی ماسی)دا[lxxviii] لە شێوەی گێڕانەوەیەکی ئاساییدا بە وردی باس لە دیمەنی ڕاوە ماسی دەکا لە سەرەتاوە چۆن ڕاوی دەکەن و ئەنجامەکەی کە لەسەر ئاگر تەواودەبێ. ئەم گرتەیە نووسەر واقیعی بینیویەتی و لەشێوەی باسکردنی ئاساییدا گێڕانەوەی بۆ کردووە، هەست و بەزەیی خۆی بەرانبەر بە دیمەنەکە پیشانداوە. لەڕووی تەکنیکەوە سەرجەم بنەماکانی کورتە چیرۆکی تێدایە، بەلام سەرنج ڕاکێش نییە.

دیار جەوهەر لە کورتە چیرۆکی (فرمێسکێك پڕ لە عشق)[lxxix]دا، ڕەفتاری گەنجان و هەرزەکاران لە خوێندگاکاندا دیمەن دەکێشێ و چیرۆکی خۆشەویستیی بێگەردی ئەو تەمەنە و ئاوات و ئەندێشەیان پیشاندەدا. تراجیدیای خۆشەویستی و عشقی ڕاستەقینەی فرمێسکاوی و کێشەی کۆمەلایەتی و ستەمکردن و پێشێلکردنی مافی ئافرەت و بەزۆر بە شودانیان تێکەڵدەکا. ئەنجامی ئەو عشقەش لە کۆتاییدا وەك گەلای دار دەوەرێ و بێ ئەنجام دەبێ.

دووەم: کورتە چیرۆکی وەرگێڕدراو: بەگشتی بابەتی وەرگێڕدراو لە گۆڤارەکەدا ڕەنگی داوەتەوە و بایەخێکی باشی پێدراوە. لە ژمارە (1)دا لە ژێر ناوی (ناوبانگی خراپ)[lxxx]دا (18)[lxxxi] کورتە چیرۆکی کتێبی (افسانەهای کوچك چینی)ی نووسەر (ئەحمەد شاملۆ) لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، کە بنەماکانی لە کورتە ئەفسانەی چینییەوە وەرگیراوە. لە هەمان ژمارەدا چیرۆکێکی پۆلیسی بلاوکراوەتەوە، ئەم چیرۆکە (اصغر شفیعی نیك) لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی ولە ژمارە (121)ی گۆڤاری (مجموع الدول)دا بلاوکراوەتەوە، دواتر (تەها باجەلان) بە دەستکارییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی[lxxxii]. لە دوا ژمارەی گۆڤارەکەدا کورتە چیرۆکێکی ئەفسانەیی لە بارەی پەریی دەریاوە (حورية البحر) و بەسەرهاتی خۆشەویستیی لەگەڵ مرۆڤدا و ئەنجامە بێ ئاکامەکەی ئەو خۆشەویستییە بۆ چێژ وەرگرتن بلاوکراوەتەوە[lxxxiii].

3- **ژیاننامە**

ژیاننامە هونەرێکە لە هونەرەکانی پەخشان لەبارەی کەسێکی بەناوبانگ و هەڵکەوتووەوە دەنووسرێ بۆ خستنەڕووی زنجیرەی مێژوویی ژیان و بەرهەم و بەسەرهاتەکانی و دەرخستنی پلە و پایەی بۆ خوێنەران. ئەمەش پێوەندییەکی زۆری لەگەڵ مێژوودا هەیە، بۆیە لەگەڵ وتاری مێژووییدا تێکەڵ دەبن. لە لایەکیترەوە (لێکۆڵینەوەی مێژوویی و چێژ وەرگرتنی چیرۆك وابەستەدەکا بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیان و وێنەکێشانی کەسایەتی کەسێك)[lxxxiv]. ژیاننامە لە ئاوێزانبوونی چیرۆك و ڕۆمان و کورتە چیرۆك و وتارەوە سەرچاوە دەگرێ و کەس یان تاکەکەس ڕەگەزی زاڵە و هەموو بابەتەکان لەدەوری ئەودا دەخولێنەوە[lxxxv]. لە پێداویستییەکانی ئەنجامدانی نووسینی ژیاننامە (یەکێتی بینا و هەستکردن بە بەرەوپێشەوەچوونی زەمەن و یەك دوای یەکی قۆناغەکانی گەشەکردنی کەسایەتی کەسەکە و لە هەمووی گرنگتر ڕاستگۆیییە لە دەربڕین و خستنەڕووی بابەتەکان)[lxxxvi].

سێ ڕێگا بۆ نووسینی ژیاننامە هەیە: 1-نووسەر ژیاننامەی کەسێك دەنووسێ. 2-نووسەر بیر و باوەڕی کەسێك دەنووسێ. 3-نووسەر لەسەر ژیانی خۆی دەنووسی[lxxxvii]. یان دابەشدەکرێتە سەر دوو جۆر: ژیاننامەی خودی، نووسە لەبارەی خۆیەوە دەنووسێ و ژیاننامەی بابەتی، نووسەر لەبارەی کەسێکەوە دەنووسێ. بۆیە لە ئەدەبی کوردیدا کێشە دروستدەبێ لە تێکەڵکردن لەنێوان ژیاننامە و یادداشت و گەشتنامە یان گەشتی ژیان و بیرەوەری و چیم دی[lxxxviii].

جگە لەو کورتە ژیاننامانەی لەگەڵ ئەلبۆمی وێنەکاندا بڵاوکراوەتەوە، ژیاننامە لە گۆڤاری (ورێزا)دا بە باشی بایەخی پێدراوە، سەرجەم ژیاننامەکان بابەتین و لە ڕووی بابەت و مەبەستەوە دابەش دەبنە سەر سێ جۆر:

- ژیاننامەی کەسایەتی ئەدەبی: لە گۆشەیەکی تایبەتدا لە ژێر ناوی (ناودارانی خانەقی)دا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس (ئیبراهیم باجەلان) هەر جارێك کەسایەتییەکی وەرگرتووە و لە سەر ژیانی زانیاری بڵاوکردۆتەوە. لە ژێر ناونیشانی گۆشەکەدا نووسراوە (لەم لاپەڕەیەدا هەوڵدەدەین هەرجارێك باسی ژیان و بەسەرهاتی یەکێك لە کەسایەتی و ناودارانی خانەقی بکەین کە لە بوارە جیاجیاکاندا خزمەتی شایستەیان پێشکەش کردووە). ئەم گۆشەیە لە ژمارە (2و3)ی گۆڤارەکەدا بە ژیاننامە و نموونەی شیعری زانای ئایینی و شاعیر (شێخ موراد زەنگەنە) دەستی پێکردووە[lxxxix]. لە ژمارە (5و6)دا ژیاننامە و شیعری شاعیر و نووسەر (مەلا محێدین دایزادە) ناسراو بە (بێ بەهار)ی خستۆتەڕوو[xc]. لە ژمارە (4)دا (ساڵح هەلاج) باسێکی لەبارەی شاعیرانی خانەقییەوە بڵاوکردۆتەوە و بەکورتی ژیاننامەی (7) شاعیری خستۆتەڕوو لەگەڵ نموونەی شیعری هەر یەکە لەم شاعیرانە[xci]: شێخ موورادی زەنگەنە، فەرەجی کەریم، سەید سلێمانی نەقیب، بێدار، محەممەد دارا، دەروێش حوسێن، دڵسۆز.

سەرجەم ژیاننامەکان لە ڕووی تەکنیکییەوە لاوازییان پێوە دیارە و هەندێ جار دەڕۆنە ژێر خێوەتی گێڕانەوە و یادداشت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە. ڕیزبەندیی مێژوویی ژیانی کەسایەتییەکان بەکورتی و تێپەڕاندی خێرا بەسەر ژیان و ڕووداوەکاندا بەڕوونی دیارە، ئەمە جگە لە ناوهێنانی کەسایەتییەك و نەبوونی زانیاری لەبارەیەوە. ئەم ڕاستییە بەسەر ژیاننامە وەرگێڕدراوەکانیشدا زاڵە[xcii].

- ژیاننامەی كەسایەتی هونەری: یەك بابەتی ژیاننامە لەم جۆرە لە گۆڤاری (وریا)دا بلاوكراوەتەوە بۆ باسكردنی ژیاننامە و هونەر و یادگارییەكان گۆرانیبێژ (حەسەن زیرەك)[xciii].

- ژیاننامەی كەسایەتی سیاسی: لە ژمارە (4) و (5و6)دا ژیاننامەی شەهیدی سەركردە (مەجید كەریم مەحمود) ناسراو بە (مەجید غاندی) لە لایەن (ئیبراهیم باجەلان)ەوە نووسراوە[xciv]، كە زۆرتر دەچێتە ناو بابەت و یادەوەرییەكانی خۆی و كەمتر باس لە ژیاننامەكە دەكا. ژیاننامەی دووەم (ئەحمەد باجەلان) نووسیویەتی[xcv]. ئەمەیان بە باشترین شێوەی نووسینی ژیاننامە دادەنرێ بەتایبەت لە ڕۆژنامەنووسیدا، چونكە نووسەر پێبەندی ڕیزبەندی مێژووی ژیانی كردووە و لە ساڵی لەدایكبوونەوە تاكو لە سێدارەدان وشەهیدكردنی بەزنجیرەیەكی نەبچڕاو و بەدوای یەكدا باسی كردووە، بە هیچ شێوەیەكیش هەست بە تێكەڵبوونی نووسەر لەگەڵ نووسراوەكەدا ناكرێ.

4-لێكۆڵینەوەی ئەدەبی

لێكۆڵینەوە بەگشتی هەوڵدانێكی ورد و ڕێكخراو و سیستماتیكیانەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەری كێشەكان یان دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ دۆزینەوەی زانیاریی نوێ. لێكۆڵینەوەی ئەدەبیش هونەرێكی زانستییانەی پەخشانە، ئەو ڕێگەیە كە لێیەوە ئەدەب دەتوانێ لەخۆی بدوێ و ڕەخنە و شیكردنەوە و ڕاڤەكردن و هەڵسەنگاندن لەسەر خۆی بكات و میتۆد و تیۆری نوێی بۆ دابڕێژێ[xcvi]. لە زمانی كوردیدا لێكۆڵینەوە بە واتای چوونە بنج و بناوای شتەوەیە، كە گەیشتنە بە ڕاستییەك و دەركەوتنی چۆنیەتییەكە[xcvii]. هۆی سەرهەڵدانی لێكۆڵینەوە و ئەو ئەركانەی خراوەتە ئەستۆیە زۆرە، لەوانە:(داهێنانی نوێ، كۆكردنەوەی شیتاڵەكان، تەواوكردنی ناتەواوییەكان، پوختكردنی گشتییەكان، كورتكردنەوەی درێژییەكان، ڕێكخستنی تێكەڵكراوەكان، دەستنیشانكردنی هەڵە و نهێنییەكان)[xcviii]. هەروەها بریتییە لە كارێكی زانستی و لەسەر بەراوردكردن و تاقیكردنەوە بەندە، سەرەتا بە كۆكردنەوە و ڕێكخستن دەستپێدەكا، ئەنجا بە بەراوردكردن و دواییش گەیشتن بە ئەنجام، بەهۆی ئەمەوە دەتوانین لێكۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕەخنەی ئەدەبی جیابكەینەوە[xcix].

لە گۆڤاری (وریا)دا بایەخ بە لێكۆڵینەوەی ئەدەبی دراوە، دەتوانین بەشێك لەو بابەتانەی لەبارەی شیعر و شاعیرانەوە نووسراون بە لێكۆڵینەوەی ئەدەبیی ئەژماركەین، جگە لەوەی چەند لێكۆڵینەوەیەك بە پشبەستن بە سەرچاوەی ئەكادیمی لەبارەی ئەدەب بەگشتی بلاوكراوەتەوە. (سۆران محەمەد غەریب) لە سێ بەشدا لێكۆڵینەوەیەكی لەبارەی بونیادگەری لە ئەدەبی جیهانی و لە ئەدەب و ڕەخنەی كوردیدا بلاوكردۆتەوە، لایەنەكانی (نووسەر و دەق و خوێنەر)ی شیكردۆتەوە، كە یەكێكە لە لێكۆڵینەوە نایابەكانی گۆڤارەكە[c]. لە لێكۆڵینەوەیەكیتردا (جەلال ئەلیاسی) بە پشبەستن بە نووسینەكانی (د.فەرهاد پیربال) تیشكی خستۆتە سەر ژیان و بەرهەمەكانی (مەلا مەحمودی بایەزیدی) و بە یەكەم نووسەری پەخشانی هونەری و یەكەم چیرۆكنووسی كوردی لە مێژوودا ناودەبا[ci].

لەبارەی زمان و زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردییەوە (نازم سەید جاسم) بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەكی زانستی لێكۆڵینەوەیەكی لە بارەی (زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی)یەوە لە سێ تەوەردا بلاوكردۆتەوە، كە تایبەتە بە (بنجوبنەوانی میللەتی كورد، بنچینەی زمانی كوردی و شێوەی لوڕی، زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی)[cii].

لە بواری هونەریدا ( یاسین لەتیف ) لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی بواری درامای تەلەفزیۆنی بڵاوکردۆتەوە بە پشتبەستن بە دەقی ئەدەبیی دراماکە، زانستیانە لە هەموو ڕوویەکەوە شیکردنەوە و ڕاڤەی بۆ کردووە تا گەیشتن بە ئەنجام. لە لێکۆڵینەوەکەدا باسی ئەم تەوەرانەکراوە:( هونەری دراما و ئاشکراکردنی نەستی تاکەکان )، ( هونەر وەك ئەڵتەرناتیڤی چەمکی شۆڕش )، ( مەرگی تراژیدیای کچە ئەکتەری لاو - پوپك گوڵدریم )، ( باوکسالاری، ستەمکاری، تۆتالیتاریزم لە درامای نەرگزدا )[(ciii)].

5- وتاردان

وتاردان یان وتاربێژیی کوردی لە سەرەتاوە وەك بەشێکی هونەری پەیدابووە و ( لەبناغەدا قسەیەکی سەرزاری مرۆڤە یاخوود نووسراوێکە لە ئاهەنگێکدا یا لە بۆنەیەکدا دەخوێنرێتەوە )[(civ)]. هەروەها بریتییە لە ( هونەری قسەکردن لە پێناوی قایلکردن و کارتێکردندا )[(cv)]، کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە جەماوەرەوە هەیە، شێوەی چاپکراوی لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە پەیدابووە و پێوەندیی بە خوێنەرەوە هەیە. دوو لایەنی سەرەکی ڕۆڵ لە وتاربێژیدا دەبینن لە ( وتاربێژ و بەرانەرەکەی ) پێکهاتوون و ( پێویستە وشە و ڕستەکان کورت و پڕ واتابن بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر و خوێنەر ڕاکێشێ )[(cvi)]. جۆرەکانیشی بریتییە لە ( بیستراوی نەخوێنراو و خوێنراوی نەبیستراو و خوێنراوی بیستراو )[(cvii)]. بەگشتی هەر وتاردانێك بێ لەبەرچاوگرتنی مەبەست یەکێ لەم ئامانجانەی لەخۆگرتووە ( هاندان و خرۆشانی بیسەر بۆ ئەنجامدانی کارێ، زانیاری گەیاندن، خستنەژێر کاریگەری، سەرقاڵکردن )[(cviii)].

لە گۆڤاری ( وریزا )دا تەنیا یەك بابەتی وتاردان بڵاوکراوەتەوە. بەبۆنەی بەسەرۆك کۆماربوونی یەکەمی خوالێخۆشبوو ( مام جەلال تالەبانی )، لە خانەقی ئاهەنگ و کەرنەڤالێکی جەماوەری سازکرابوو بە ئامادەبوونی بیژەری دێرینی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان ( فەرهاد سەنگاوی )، کە لەوێدا وتارێکی حەماسی پێشکەشکردبوو و بە دەنگە زوڵاڵەکەی جەماوەری بەتەواوی خرۆشاندبوو (( خەڵکی دلێر و کورد پەروەری خانەقین، خانەقینی جێی ڤینی داگیرکەر، ئێوە گوڵاڵەی بە جەلەولا کراو، باخی بەی بە بەعقوبە کراو، هەلاڵە و هەنجیرەی بە بەدرە و جەسان کراو، دیالەی دوویالە و شارەبانی شاری شابانوو، قزرەبات و مەندەلی و کفری و کەلار و دەربەند. خانەقین زەمانێك بوو لەم بەسەرەی ناوی بەهشت ئاباد بوو ... کرمانشان و کفریت تا دجلە ئەگاتەوە بە کەنداو. کورد و کوردستانی بوون... ))[(cix)]

6- پەندی پێشینان

بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان و هونەرێکی پەخشان ئامێزی کورتە و واتایەکی فراوان دەگەیەنێ، لە سەردەمێکی کۆن سەریهەڵداوە و پشتاوپشت ماوەتەوە و (( وەك بەڵگە وڕێنیشاندەرێك لە ژیانی ڕۆژانە و کردار و وتارماندا بەکاریان ئەهێنین و کەڵکیان لێ وەردەگرین ))[(cx)]. هەروەها (( هەموو ڕستەیەك، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێك، چاك یا خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێك کە میللەت گەیشتبێتی، دەربارەی هەرچییەك بێت ئەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە ))[(cxi)].

جگە لەو پەندانەی لە توێی بابەتەکانی گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتە[(cxii)]، لە ژمارە ( 2و3 )وە لە شێوەی گۆشەیەکی تایبەتدا لەژێر ناوی ( پەندی پێشینان و قسەی نەستەق )[(cxiii)]دا، ( هێڤار خانەقینی ) لە سێ بەرگی گۆڤارەکەدا ( 25 ) پەندی

پێشینانی دەڤەری خانەقیی لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕووداو و مەبەستی بەکارهێنانیانی بڵاوکردۆتەوە. کۆی ئەم پەندانە لە ئەنجامی سەردانی دانیشتووانی خانەقی بەشێوەیەکی مەیدانی و لە زاری (نوری کەریم گەلاڵی، ئیبراهیم باجەلان، باجی گەوهەر، عەباس مەحمود، ئیبراهیم سەعید)ەوە وەرگیراوە بەشێوەی دیالێکتی کەڵهوری، کە دیالێکتی خەڵکی ناوچەی خانەقییە. سەرەڕای ئەوەی ناونیشانی گۆشەکە لەبارەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقە، بەلاّم هیچ قسەیەکی نەستەقی بڵاونەکردۆتەوە. بۆ نموونە یەك پەند وەکو خۆی لەگەڵ ڕوونکردنەوەکەدا دێنینەوە:

دایە بدوین دویتە بخواز

((واتە ئەگەر نیازت وایە خوازبینی کچێك بکەیت سەیری ڕەوشت و ڕەفتاری دایکی بکە، ئنجا برۆ داوای کچەکەی، چونکە دایك ڕابەرە و مامۆستا و قوتا بخانەی کچە، دایکە هەرچۆنێك بێت کچەکەش وەها ببینە)).

**ئەنجام**

پاش تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

1- گۆڤاری (وریزا) دەستی بالاّی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا هەبووە، یەکە مجار بەو شێوە فراوانە بابەتی هەمەڕەنگ لە دوو توێی لاپەڕەی گۆڤارێکی کوردیی ناوچەی خانەقیدا بڵاوکراوەتەوە، کە بەرهەمی نووسەر و ڕۆشنبیرانی دەڤەرەکە و دەرەوەیەتی.

2- هونەرەکانی پەخشانی ئەدەبیی کوردی بۆ یەکەمجار لە ئاستێکی بەرزدا لە خانەقی و لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە بڵاوکراوەتەوە و کەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانی کورد زمان.

3- وتار وەکو هونەری پەخشانی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی، لە گۆڤارەکەدا بایەخی زۆری پێدراوە و پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە، بابەتەکانی جۆراوجۆرە و دەستی بۆ هەموو لایەنەکان درێژکردووە و قوشبنەکانی هەڵداوەتەوە.

4- کورتە چیرۆکی هونەری بە شێوەی نووسراو و وەرگێڕاو بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی خانەقیدا هاتۆتەکایەوە، هەندێکیان لەئاستێکی هونەریی بەرزدان، هەوێنەکانی لەواقیعی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە وەرگێراون.

5- ژیاننامەی کەسایەتییە ئەدەبی و هونەری و سیاسییەکان لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا ڕەنگیداوەتەوە و بایەخێکی باشی پێدراوە بۆیە گۆشەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە.

6- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وەکو بەرهەمێکی زانستی و هونەرێك لە هونەرەکانی پەخشانی کوردی بۆ یەکەم جار لە ناوچەی خانەقیدا لە ڕێگەی گۆڤاری (وریزا)وە بڵاوکراوەتەوە.

7- یەکەم دەقی هونەری وتاربێژیی کوردیی خانەقی، کە هەڵگری سیما و پرنسیپەکانی هونەری وتاربێژیە لە ڕێگەی گۆڤارەکەوە ڕەنگیداوەتەوە.

8- گۆڤارەکە لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری بێبەش نەبووە، بۆیە دوای دەرچوونی ژمارە یەك ئیتر دەستیداوەتە بڵاوکردنەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی ناوچەی خانەقی و چەند پەندێکی بە شێوەزاری کەڵهوڕی لەگەڵ ڕوونکردنەوەدا بڵاوکردۆتەوە.

## پەراوێزەکان

[i] - مجد محمد الباكير البرازي ، في النقد الادبي الحديث، الطبعة الاولى، مكتبة الرسالة الحديثة، عمان-الاردن، 1986،ص109.

[ii] - د.شكريه رسول، ئەدەبی كوردی وهونەرەكانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1989، ل125.

[iii] - د.شكريه رسول، زمان وئەدەبی كوردی- پەخشان، مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين، هەولێر، 1987، ل6.

[iv] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی كوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2000، ل19.

[v] - فاضل نظام الدين، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، مطبعة الاجيال، بغداد، 1977، ل114.

[vi] - حسێن یارە وعثمان علي وسالم محمد ويوسف سمعون، فەرهەنگی تریفە، المطبعة العربية، بيروت-لبنان، 2008، ل78.

[vii] - كريم كريمپور، فەرهەنگی خۆرهەڵات، چاپخانەی نهضت قم، كرمانشاه، بێ ساڵی چاپ، ل158.

[viii] - هەژار، فەرهەنگی هەنبانەبورینە، چاپی چوارەم، انتشارات سروش ليتوگرافى،1383، ل117.

[ix] - د.شكريه رسول ، ئەدەبی كوردی وهونەرەكانی ئەدەب، ل122.

[x] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی كوردی ولێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، چاپخانەی مەعارف، بغداد، 1967، ل127.

[xi] - د.شكري عزيز الماضي، في نظرية الادب، دار الحداثة للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، 1985، ص104

[xii] - احمد امين، النقد الادبي، الطبعة الخامسة، مكتبة النهظة المصرية، القاهرة، 1983، ص59.

[xiii] - هەڤاڵ ئەبوبەكر حسێن، چەشنە ئەدەبی وڕۆژنامەنوسییەكان وڕەنگدانەوەیان لە (ژیان وژین)دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل66.

[xiv] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی كوردی، ل21.

[xv] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی كوردی ولێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، ل134.

[xvi] - عبدالرزاق بیمار، پەخشانی كوردی، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوكردنەوەی كوردی، بەغداد، 1998، ل13-16.

[xvii] - عەزیز گەردی، پەخشانی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1987، ل4-5.

[xviii] - بڕوانە ئەم سەرچاوانە: عەزیز گەردی، پەخشانی كوردی، ل3. عبدالرزاق بیمار، ل8-13. هەڤاڵ ئەبوبەكر حسێن، ل67-69.

[xix] - عەلائەدین سەجادی بەم شێوەیە هونەرەكانی پەخشانی تۆماركردووە و دابەشیانی كردۆتە سەر پەخشانی زانیاری كە لەم هونەرانە پێكدێت: وتار،مێژوو، ژیاننامە، وتووێژە، دانان. پەخشانی ئەدەبی: وەسپ، روایە، مقامە، رسالە، خەتابە. بڕوانە: عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی كوردی و لێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، ل139.

[xx] - عبدالرزاق بیمار، ل17-18.

[xxi] - د.شكريه رسول، زمان وئەدەبی كوردی، ل9.

[xxii] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئومێد ڕەحیم شمس الدين تاڵەبانی، كۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنووسیی كوردی لە عێراقدا 1918-1958، تێزی دكتۆرا، بەشی زمانی كوردی، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی سلێمانی ، 2013، ل112-116.

[xxiii] - د.عزالدين اسماعيل، الادب و فنونه، الطبعة السابعة، مطبعة دار الفكر العربي، القاهرة، 1978، ص288.

[xxiv] - هەمان سەرچاوە ، ل248.

[xxv] - د.شكريه رسول، گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە، سەرهەڵدان ودەوری لە پێشخستنی زمان، هونەرەكانی ئەدەب و وەرگێڕاندا، هەولێر، 2003، ل133.

[xxvi] - عبدالرزاق بیمار، ل19.

[xxvii] - د.مەغدید سەپان، ژانرەكانی ڕۆژنامەوانی ومێژووی چاپخانە 1450-1500، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008، ل27.

[xxviii] - د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی كوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008، ل87

[xxix] - عبدالرزاق بیمار، ل19.

[xxx] - مجد محمد الباكير البرازي، ص163.

[xxxi] - كاروان عەلی قادر، هونەری ڕۆژنامەنووسی، چاپخانە وئۆفیسێتی بەدرخان، سلێمانی، 2004، ل122و123.

[xxxii] - فرییا سەیاد (د.عەلی ئەكبەر فەرهەنگی)، نەریتی ڕۆژنامەوانی، و.كارزان محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، 2008، ل289.

[xxxiii] - شەهرام گەرمیانی ، چەند سەرە قەڵەمێك دەربارەی سیاسەت، گۆڤاری وریێزا ، ژ5و6، زستانی 2009، ل9-10.

[xxxiv] - سەلام شێخ حسين، ستراتیژە نوێكەی ئەمریكا لە عێراق و هەڵەیەكی تری كوشندە، گۆڤاری وریێزا ، ژ5ە6، زستانی 2009، ل7-8.

- [xxxv] – وریّزا ، لە گۆڤاریّکی بەریتانی: ئەگەر کوردەکان 5تا10ساڵی دیکە ئارام بگرن ئەوا ولاّتانی جیهان ناچاردەبن مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد قبوڵ بکەن ، گۆڤاری وریّزا ، ژ5و6 ، زستانی 2009 ، ل 13.
- [xxxvi] – عەلی حوسێن ، کێشەی خانەقی لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا، گۆڤاری وریّزا ، ژ5و6 ، زستانی 2009، ل 11-12.
- [xxxvii] – د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، ل96.
- [xxxviii] – هێرش محەمەد سەنگەری، تاقیکردنەوەی خۆناسین، تۆ چۆن دایکێکیت، گۆڤاری وریّزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006.ل109-110.
- [xxxix] – عومەر عەبدولکەریم قادر، چوار هەنگاوی سەرەکی بۆ پەیوەندی باشتر، گۆڤاری وریّزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006. ل107-108.
- [xl] – کانی ، ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری ، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل-7069. هەروەها: شیرین، ژنان و ژیان، ژ1، ل74-75.
- [xli] – هێرش محەمەد سەنگەری (وەرگێڕان)، ڕەوشی ژنان لە سێ بابەتی وەرگێڕدراودا، ، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل71-73.
- [xlii] – وەصفیە بەنی وەیس، نابێ ژن بێدەنگ بێ، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل 80.
- [xliii] – سوعاد بەیگی، ئایا خزمتانە؟، ، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل79.
- [xliv] – زانیار جەمال (وەرگێڕان)، کاریگەری خێزان لە گەشەدا، ، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل76.
- [xlv] – محەمەد سابیر کەمەر، منالاّن لەبازنەی دەسەلاّتدا، ، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل77-78.
- [xlvi] – محەمەد سابیر کەمەر، بوون بە باوك ئاسانە باوکایەتی گرانە، گۆڤاری وریّزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006. ل106.
- [xlvii] – بۆ نموونە : شەماڵ شێخ لەنگەری،گرنگی کردنەوەی ناوەندێکی زانکۆیی لە ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی کوردستان و چەند سر نجێك، گۆڤاری وریّزا، ژ1، ل161-62. سەرحەد حسێن مستەفا، زانکۆی تەندروست، ژ1، ل63-65. هامیار ئەکبەر، کردنەوەی زانکۆی جیاواز (ئاینده)، ژ1، ل66.
- [xlviii] – عەتا ڕەشید حسێن، تیرۆری زانستی، گۆڤاری وریّزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل86-88.
- [xlix] – بێستون باجەلاّن، تەعریبی منالاّنمان بەدەستی خۆمان، گۆڤاری وریّزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل103-104.
- [l] – دکتۆر ئەوڕەحمان حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل62-65.
- [li] – ئومێد بەرزان برزۆ، ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی، گۆڤاری وریّزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006. ل89-92. هەروەها: ئەکرەم یاوەر، ئەلف وبێی زمانی کوردی، گۆڤاری وریّزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل97.
- [lii] – ئەمین ساڵح، حەزرەتی عیسا وگوندی حەوش کوڕی لەنێوان ئەفسانە وڕاستیدا، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل23-25.
- [liii] – عەباس مەحمود، کرماشان لەچەند پەرەگرافێکدا، گۆڤاری وریّزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل36-37.
- [liv] – ئەحمەد باجەلاّن، لەبارەی ناوچەی بنکورە و تایبە تمەندییەکانییەوە، گۆڤاری وریّزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006،ل38-45.
- [lv] – مستەفا سەعید عەلی، دێی مەحمود قەجەر لە لاپەڕەکانی مێژوودا، بەشی یەکەم، گۆڤاری وریّزا، ژ4، بەهاری 2007،ل31-41. بەشی دووەم، گۆڤاری وریّزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل54-77.
- [lvi] – حسێن مەولود دەکەیی، شاخی مرواری و گرنگی مێژوویی، گۆڤاری وریّزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل41-42.
- [lvii] – جەلال ئەلیاسی (وەرگێڕان)، کۆپیسازی مرۆڤ، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل81-82.
- [lviii] – شاکە (وەرگێڕان)، دوودڵی سەبارەت بە لەناوچوونی دیناسۆرەکان، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل84.
- [lix] – زکرا فوئاد کەریم، نەخۆشی ئێسکەنەرمە، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل83.
- [lx] – دەڤەر عوسمان باجەلاّن، داو دەرمانی کوردەواری لە ناوچەی بنکویرە، بەشی یەکەم، گۆڤاری وریّزا، ژ4، بەهاری 2007، ل68-70. بەشی دووەم، گۆڤاری وریّزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل116-121.
- [lxi] – د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1942-1947،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،سلێمانی،2002، ل255.
- [lxii] – خالد ئەسکەندەر، ئائومێدی وحەسرەتێکی تر، گۆڤاری وریّزا، ژ1، بەهاری 2006، ل96.
- [lxiii] – عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، ل48.
- [lxiv] – هەڤاڵ ئەبو بەکر حسێن، ل85.
- [lxv] – بەکر دەرویش، گەورەم جەنەڕاڵ، چاپخانەی ئارا بخا، کەرکوك، 2006، ل5-6.
- [lxvi] – مجد محمد الباكير البرازي، ص147.
- [lxvii] – ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بەغدا 1970-1974قۆناغێکی نوێ، چاپخانەی ایلاف، بەغداد، 2005، ل351.
- [lxviii] – د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، 1978، ل18.

[lxix] - بنەمای ئەم بیروباوەڕە لەوەوە پەیدا بووە،کە هەردوو مەولود نامە و عەقیدەنامەکەی شێخ حسێنی قازی و مەولانا خالیدی نەقشەبەندی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی. بڕوانە: عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل56-67.

[lxx] - د.فەرهاد پیربالّ، مەلا مەحمودی بایەزیدی 1799-1867 یەکەم چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2000، ل26.

[lxxi] - د.شکریە رسول، زمان و ئەدەبی کوردی، ل41.

[lxxii] - جەمال خەزنەدار، ڕۆژی کورد1913،بلاّوکردنەوە و پێشەکی ولەسەرنووسینی،چاپخانەی المؤسسة العراقية،بەغداد،1981،ل41-42،ل76-77،ل119.

[lxxiii] - ئومێد ڕەحیم شمس الدین تاڵەبانی، پەراوێزی ل197.

[lxxiv] - هەمان سەرچاوە، ل198-200.

[lxxv] - محەمەد دلێر ئەمین، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، 1989، ل131.

[lxxvi] - جگە لەو دوو چیرۆکە، کورتەی چیرۆکێکی کۆنی باو لە ناوچەی خانەقیدا بلاّوکراوەتەوە کە دوورە لە سیماکانی چیرۆکی هونەرییەوە ، بۆیە باسمان نەکردووە. بڕوانە: محەمەد ناسر کەڵهور ، چیرۆك و بەسەرهاتی شاکە و مەنسور، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل114-115.

[lxxvii] - سۆران میل قاسمی، کورتە چیرۆکی جەرگی سووتاو، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل95.

[lxxviii] - سەرکۆ محەمەد، مەرگی ماسی، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل103-104.

[lxxix] - دیار جەوهەر، فرمێسکێك پڕ لە عشق، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل114

[lxxx] - ئەحمەد شاملۆ، ناوبانگی خراپ،ورگێرانی مستەفا سەعید عەلی، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل97-103.

[lxxxi] - ناونیشانی کورتە چیرۆکەکان: سنگ شین، قوڕوژەنکە و کوللە و چۆلەکە، بوکە شوشەی دارین و بوکە شوشەی گڵین، لاسایی کردنەوە، ڕێوی و شێر، کوڕێك کە مردنی دایکی پێ خۆش بوو، شازادەیەك کە ئەژدیهای خۆش دەویست، گومانی خراپ، سەیرە خەڵکێك کە ئێوەن، بایەقوش، ئازادی قومرییەکان، چۆن پادشای ئەژدیهایان خۆی کرد بە ماسی، لە چاوەڕوانی کەرویشکدا، ئەسپی گرانبەها، سێبەری کەوان، ماسییەك لە وشکانیدا، دیواری ڕوخاو، کوێر و شەل.

[lxxxii] - اصغر شفیعی نیك ،شەمەندەفەرێك لەگەڵ سەرنشینی مەرگ، و:تەها باجەلاّن، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل104-107.

[lxxxiii] - سوعاد بەیگی (وەرگێڕان)، پەرییە دەریاییە بچکۆلەکە، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل136.

[lxxxiv] - انیس المقدسي، الفنون الادبية واعلامها في النهضة العربية الحديثة، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، 1978، ص547.

[lxxxv] - هەڤاڵ ئەبو بەکر حسێن، ل93.

[lxxxvi] - د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، ل108

[lxxxvii] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی ولێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل141.

[lxxxviii] - د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، ل109.

[lxxxix] - ئیبراهیم باجەلاّن، شێخ موراد زەنگەنە، گۆڤاری ورێزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل18-20.

[xc] - ئیبراهیم باجەلاّن، بێ بەهاری شاعیرو تێکۆشەر، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل17-19.

[xci] - سالّح هەلاج، ملۆیەك لە مێژوویی شیعر و شاعیرانی خانەقی، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل73-80.

[xcii] - لەم بارەوە بڕوانە: ئومێد بەرزان برزۆ، کورتەیەك لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی ولیام شکسپیر، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل98.

[xciii] - خەلیل عەبدولاّ حاجی مەحمود، یادگارییەکی حەسەن زیرە ك لە گوندی تازەدێی گەرمیان، گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل43-44.

[xciv] - ئیبراهیم باجەلاّن، شەهیدی ئەمر مامۆستا (مەجید غاندی)، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل12-13.

[xcv] - ئەحمەد باجەلاّن، شەهیدی سەرکردە مامۆستا مەجید غاندی نمونەی ئازایەتی وخۆڕاگری ومامۆستایەتی،گۆڤاری ورێزا، ژ5و6، زستانی 2009، ل20.

[xcvi] - هەڤاڵ ئەبو بەکر حسێن، ل99.

[xcvii] - عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی کوردی ولێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، ل211

[xcviii] - مجد محمد الباكير البرازي، ص167.

[xcix] - د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ل527.

[c] - سۆران محەمەد غەریب، بونیادگەری لە ئەدەبدا، بەشی یەکەم، گۆڤاری ورێزا، ژ1، بەهاری 2006، ل39-46. بەشی دووەم، گۆڤاری ورێزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل57-70. بەشی سێیەم، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل48-57.

[ci] - جەلال ئەلیاسی، بایەزیدی مەزن ئەو پیاوەی کە کورد قەرزاریەتی، گۆڤاری ورێزا، ژ4، بەهاری 2007، ل18-22.

[cii] - نازم سەيد جاسم، زمانی ئەدەبی يەكگرتووی كوردی، گۆڤاری وریزا، ژ4، بەهاری 2007، ل18-22.

[ciii] -یاسین لەتیف، مەرگی تراژیدیای کچە ئەکتەری ئێرانی ( پوپك گوڵدریم ) لەزنجیرە درامای تەلەفزیۆنی (نەرگز)دا،گۆڤاری وریزا،ژ4،بەهاری 2007،ل93-97.

[civ] - د.شكريه رسول، زمان و ئەدەبی كوردی، ل13

[cv] - د.شكريه رسول، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، ل146.

[cvi] - ئومێد ڕەحیم شمس الدين تاڵەبانی، ل236.

[cvii] - عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد، 1971، ل141-142.

[cviii] - دیل كارنگی، هونەری وتاربێژی، وەرگێڕانی حسێن نجم الدين، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2006، ل132.

[cix] - فەرهاد سەنگاوی، خانەقین و سەرکۆماری عێراقیێكی كوردستانی، گۆڤاری وریزا، ژ1، بەهاری 2006،ل51.

[cx] - عەلی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینانی كوردی، بەرگی یەكەم، بێ ناوی چاپخانە، بەغداد، 1981، ل7.

[cxi] - د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، ل103.

[cxii] - بۆ نموونە : ئەحمەد باجەلان، لەبارەی ناوچەی بنكورەوتاییە تمەندییەكانییەوە، باسی لە قسەی نەستەقی ناوچەی بنكورە كردووە و (8) قسەی هێناوەتەوە و لەگەڵ ڕوونكردنەوەی واتاكانیان بلاویانی كردۆتەوە. گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل45.

[cxiii] - هێڤار خانەقینی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، گۆڤاری وریزا، ژ2و3، ئەیلولی 2006، ل111-112. ژ4، بەهاری 2007، ل67. ژ4، بەهاری 2007، ل112.

## سەرچاوەكان


1- د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسیی كوردیی بەغدا 1970-1974 قۆناغێكی نوێ، چاپخانەی ایلاف، بەغداد، 2005.
2- بەكر دەروێش، گەورەم جەنەڕاڵ، چاپخانەی ئارا بخا، كەركوك، 2006.
3- جەمال خەزنەدار، ڕۆژی كورد1913، بلاوكردنەوە و پێشەكی ولەسەر نووسینی، چاپخانەی المؤسسة العراقية، بەغداد، 1981.
4- حسێن یارە و عثمان علي وسالم محمد و يوسف سمعون، فەرهەنگی تریفە، المطبعة العربية، بيروت-لبنان، 2008.
5- دیل كارنگی، هونەری وتاربێژی، وەرگێڕانی حسێن نجم الدين، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2006.
6- د.شكريه رسول، زمان وئەدەبی كوردی- پەخشان، مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين، هەولێر، 1987.
7- د.شكريه رسول، ئەدەبی كوردی وهونەرەكانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی بالاَ زانكۆی سەلاَحەدین، هەولێر، 1989.
8- د.شكريه رسول، گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە- سەرهەڵدان ودەوری لە پێشخستنی زمان، هونەرەكانی ئەدەب و وەرگێڕاندا، هەولێر، 2003.
9- عبدالرزاق بیمار، پەخشانی كوردی، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوكردنەوەی كوردی، بەغداد، 1998.
10- عەزیز گەردی، پەخشانی كوردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاَحەدین، هەولێر، 1987.
11- عەلائەدین سەجادی، ئەدەبی كوردی ولێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی، چاپخانەی معارف، بغداد، 1967.
12- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی معارف، بەغداد، 1971.
13- عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی كوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2000.
14- عەلی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینانی كوردی، بەرگی یەكەم، بێ ناوی چاپخانە، بەغداد، 1981.
15- د.عیزەدین مستەفا ڕسووڵ، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، 1978.
16- فاضل نظام الدين، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە، مطبعة الاجيال، بغداد، 1977.
17- د.فەرهاد پیربال، مەلا مەحمودی بایەزیدی 1799-1867 یەكەم چیرۆكنووس و پەخشاننووسی كورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،2000.
18- فریبا سەیاد (د.عەلی ئەكبەر فەرهەنگی)، نەریتی ڕۆژنامەوانی، و.كارزان محەمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی، 2008.
19- كاروان عەلی قادر، هونەری ڕۆژنامەنووسی، چاپخانە وئۆفیسێتی بەدرخان، سلێمانی، 2004.
20- كریم كریمپور، فەرهەنگی خۆرهەلات، چاپخانەی نهضت قم، كرمانشاه، بێ ساڵی چاپ.
21- د.مەغدید سەپان، ژانرەكانی ڕۆژنامەوانی ومێژووی چاپخانە 1450-1500، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008.
22- هەژار، فەرهەنگی هەنبانەبورینە، چاپی چوارەم، انتشارات سروش ليتوگرافى،1383.
23- هەڤاڵ ئەبوبەكر حسێن، چەشنە ئەدەبی وڕۆژنامەنوسییەكان و ڕەنگدانەوەیان لە (ژیان وژین)دا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007.

24- د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان 1942-1947، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.
25- د.هیمداد حسێن، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008.
26- احمد امین، النقد الادبي، الطبعة الخامسة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة ، 1983.
27- انیس المقدسي، الفنون الادبية واعلامها في النهضة العربية الحديثة، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، بيروت-لبنان، 1978.
28- د.شكري عزيز الماضي، في نظرية الادب، دار الحداثة للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، 1985.
29- د.عزالدين اسماعيل، الادب و فنونه، الطبعة السابعة، مطبعة دار الفكر العربي، القاهرة ، 1978.
30- مجد محمد الباكير البرازي ، في النقد الادبي الحديث، الطبعة الاولى، مكتبة الرسالة الحديثة، عمان-الاردن،1986.
31- ئومێد ڕەحیم شمس الدین تاڵەبانی، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە عێراقدا 1918-1958، تێزی دکتۆرا، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی ، 2013.
32- محەمەد دلێر ئەمین، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا ، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، 1989.

**الملخص**

**هذا البحث بعنوان ( انعكاس فنون النثر الادبي على مجلة ( وريزا ) )، هو خطوة و محاولة لتسليط الضوء على فنون النثر الادبي الكوردي في منطقة خانقين و انعكاسها على صفحات مجلة ( وريزا ) الفصلية. الذي عن طريقه يسلط الضوء على المستوى الثقافي و الادبي و نتاجات الادباء و الكتاب في هذه المنطقة.**

**والنثر بشكله العام و فنونه بشكل خاص، هو جزء مبهم من ادب منطقة ( كرميان و كرمسير )، حيث نشرت و بشكل واسع عن طريق الصحافة الكوردية الذي من المفروض ان يخصص لها البحوث الادبية لغرض الاشارة الى النتاجات الادبية و اظهار مستوياتها و دورها في تقدم و ازدهار الادب الكوردي.**

**يتضمن البحث مقدمة وفصلين . يتكون الفصل الاول من محورين، الاول للتعريف بمجلة ( وريزا ) و الثاني يتضمن مفهوم النثر واسسه. اما الفصل الثاني فقد تم تخصيصه لدراسة الفنون النثرية وانواعها في المجلة. وفي النهاية تم عرض اهم النتائج و قائمة المصادر.**

## Abstract

The present research paper, entitled "The Reflection of the Literary Prose Arts on the Wreza Magazine" is an attempt to shed the light on the Kurdish literary prose arts in Khanaqin area and its reflection on the quarterly magazine. In addition, this research paper tries to spotlight on the educational and literary level and the authors' in contributions in Khanaqin.

Prose, in general, and its arts, in specific, can be considered as a mysterious part of the literature of this area (Garmian and Garmeseer), as it has been widely published through the Kurdish journalism in which it is supposed to be dedicated for the sake of referencing the literary contribution and illustrating its levels as well as its role in the progress and prosperity of the Kurdish literature.

It is good mentioning that the research consisted of an introduction and two chapters. Chapter one consisted of two sections, the first section is on defining the 'Wreza' magazine, whereas, the second section presents the notion of prose and its basics. On the other hand, chapter two deals with the study of prosaic arts and its types that presented in the magazine. Finally, the results and the list of the references have been presented at the end of the research.

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.377

# سیمانتیکی زمان لای منالْ

تارا عبدالله سعید[1] ئاریا یاسین عبدالله[2]

[1]كۆلێجی زمان, زانكۆی سلێمانی

[2]بەشی زمانی كوردی ,كۆلێجی پەروەردەی بنەرەت, زانكۆی گەرمیان

Arya.yasin@gamrian.edu.krd

## پوختە

زمان بە تایبەتی زمانی منالْ, بوە بە خولیای دەروونناسەكانی سەردەم, ئەمەش تا رادەیەك جێگەی سەرسوڕمانە, لە بەر ئەوەی هەموو كەس ئاگاداری ئەو ئالۆزییە زۆرەیە كە لە بەكارهێنان و گەشەی زمانی منالْدا هەیە.

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە دوو بەشدا خراوەتەڕو, لە بەشی یەكەمدا : باس لەو قۆناغانە ئەكات كە منالْ لە ڕێگەیانەوە فێری زمان ئەبێت, واتە لە دەوروبەرییەوە وەریدەگرێت, دیارە مەبەست زمانی دایكە. هەروەها باس لەو هۆكارانە دەكرێن كە كاریگەرییان لە سەر گەشەی زمانی منالْ هەیە. هەرچی بەشی دوومە, هەوڵدراوە لە چەند خاڵێكدا چۆنێتی پەیوەستكردنی زمان, یان دانە فەرهەنگییەكان بە واتاوە, لە ڕێگەی بوارە واتاییەكانی تایبەت بە خۆیەوە, بخرێتە ڕو.

**كلیلی ووشەكان:** منالْ، سیمانتیكی زمان، گەشەی زمان، زمانی دایك

## پێشەكی

جیهانی سیمانتیك , جیهانێكی بێكۆتاییە,هەرچەند تیایدا قوڵبییتەوە, هێشتا هستدەكەیت زۆر لایەنی هەیە, كە وردبوونەوەی زیاتری پێویستە.

سیمانتیك ئەو زانستەیەو كەلەواتا دەكۆڵێتەوە, واتە پەیوەندییە سێگۆشەكەی (ئۆگدن و ریچاردز) (تارا عبدالله : 1989: 100), زمان فێربوون لەسەر بنەمای تێگەیشتنەواتە لە ڕێگای واتاوە , ئەمە ڕاستییەكەو ڕەچاو دەكرێت لە فێربوونی زمانی دایكدا, كەواتە كاری تێگەیشتن لەساكارترین شێوەیدا دەگەڕێتەوە بۆ یەكەمین قۆناغی فێربوونی زمان, ئەویش ساڵەكانی سەرەتای ژیانی مرۆ دەگرێتەوە , كە منالْییە, بۆیە بە پێویستمان زانی لێكۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە بكەین بەناوی (سیمانتیكی زمانی منالْ).

سیمانتیكی زمانی گەورەو سیمانتیكی زمانی منالْ جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە , تەنانەت لە قۆناغە سەرەتاییەكانی زمانی منالْدا , بوارە واتاییەكان زیاتر ئەم جیاوازییە دەخەنە ڕوو.

منالْ لەگەڵ دەستکردنی بە بەکارهێنانی زمان , زۆر شتی خۆش و سەیرو سەمەرە ئەهێنێتە کایەوە , شتی جوان , پرخوشی و هەندێك جاریش شتی سەرسوڕهێنەر, کەوامان لێدەکات تا رادەیەك را بمێنین, ئەم رامانە لەو رووەوەیە , کە ئایا ئەو منالە بەچ رێگایەك لەشتەکانی دەوروبەری تێدەگات و شییاندەکاتەوە, بە واتایەکی تر, ئایا منالْ هەر لەسەرەتای بەکارهێنانی زمانەوە و وەك کەسانی پێگەشتوو تێدەکات یان نا؟ ئەگەر نا کەواتە چۆن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە هەردوو بەشەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەدرێنەوە.

لەبەشی یەکەمدا هەوڵدراوە قۆناغەکانی فێربوونی زمان لای منالْ بخرێتە روو لەوکاتەوە کە زمانی دەپژێت, هەتا تەمەنی شەش سالْ کە توانای فێربوونی زمانی خۆی و جیاکردنەوەی لە زمانانی تردا, پەیدا دەکات.

منالْ لە چوارچێوەیەکی دیارکراودا دەست بە بەکارهینانی وشە دەکات و پاشتر لە نێتۆرکێکی(تۆڕ) سیمانتیکی گەورەتردا بەکارییاندەهێنێت , دواتریش فێردەبێت کە چۆن لەوباره جیاییبکاتەوە و کە ئەم زانینەی لێوە بەدەستهێناوە.

لەبەشی دووەمیشدا هەوڵدراوە چۆنێتی بەستنەوەی وشە لە سێگۆشەکەی واتادا( بیر, ناونراو, ناو ) لەلایەن منالەوە بخرێتە رووو هەروەك چۆن زانا ( جان پیاجێ —Jean piaget 1928 ) فێربوونی زانیاری سیمانتیکی لای منالْ شیکردووەتەوە لە رێگای دیاریکردنی سێ قۆناغەوە ( قۆناغی پێناسە, ناسینەوە, بنەمای پەیوەندی نێوان شتەکان ) ئەم سێ قۆناغەی ( پیاجێ ) لە دووتوێی چەند خالێکدا( لاسایکردنەوەی لۆجیکی و پراگماتیکو ئامرازی ناساندن, سیمانتیکی ئاوەڵناو, چەندێتی, هەڵوێستە تەواوکارییەکان و دەق ) روونکراوەتەوە.

## بەشی یەکەم : وەرگرتن و گەشە سەندنی زمان لای منالْ

### سەرەتایەك لەسەر زمان و واتا

زمان پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و شارستانێتییە , ئەو چالاکییەیە کە ژیانی هەموو مرۆڤ رێکدەخات, پێوانەیەکە کە ئەبێتە هۆی جیاکدنەوەی مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرانی دی, ئەو توانایەی مۆرڤە کە وەك توانای هەناسەدان و شیرخواردن و رۆیشتن , لەگەڵ لەدایکبووندا درووست نابێت, بەڵکو هەموو مرۆڤێك پێویستە بە ئەزمونی بەدەستهێنانی زمانەکەی خۆیدا تێپەڕ بێت , لە رێگەی ئەندامانی کۆمەڵەیەوە , جا لەو راستییە ئاگادار بێت یان بێئاگا بێت.

فێربوونی زمان لەلایەن هەر مرۆڤێکەوە , کارێکی ئاسان نییە و ساڵەکانی سەرەتای ژیانی منالْ هەموو بیروهۆشی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکات هەتا وایلێدێت لە تەمەنی شەش ساڵیدا زمانی دایکی خۆی فێردەبێت و هەر بەهۆی ئەم فێربوونەشەوە لەناو کۆمەڵدا هەست بە بوونی خۆی دەکات , لەو رۆژەوە منالْ یەکەم دەنگی سروشتی دەردەکات بەمەبەستی گەیاندنی کورتترین پەیام بە دەوروبەرەکەی, هەتا ئەو رۆژەی بەتەواوی زمان فێردەبێت, بەکۆمەڵێك قۆناغدا تێپەر دەبێت.

زمان گەیاندنی پەیامە لە دەرەوەی زمان( محمد معروف فەتاح, 1990 , 51), واتاش لەگەل زمان دوو دیوی دراویکن, تاکو واتای شتێك نەگاتە لای گوێگر , كاری تیگەیشتن رونادات, واتا پۆرسەیەکی هۆشەکییەو لە رێگای زمانەوە دەگەیەنرێتە دەرەوەی مێشکی مرۆڤ( احمد مختار عمر, 1998 , 11), هەڵسوکەوتی منالْ بە پێی تێگەیشتنیان , واتایە بە پێی بیردۆزی رەوشتییەکانیش, رەوشت ئەو کاردانەوەیە کە بەرانبەر هۆشیار کەرەوەکان دەنوێنرێن( مجيد الماشطة: 1986 : 59).

## 1\1 وەرگرتنی زمان لای منالْ

لە پاش ئەوەی زمانەوانان لەسەر چۆنێتی سەرهەڵدان و دروست بوونی زمان لای مرۆڤ نەگەیەشتن بە ئە نجامێکی تەواو, ئاراستەی لیکۆڵینەوەکانیان گۆری بۆ لیکۆڵینەوە لە چۆنێتی وەرگرتنی زمان لای منالْ , بۆ ئەوەی لەرێگایەوە زانیاریان لەسەر چۆنێتی گەشەسەندنی زمان لای مرۆڤ دەستکەوێت , بۆ ئەم مەبەستەش لە زۆر روانگەو تیۆریْ جیاوازەوە چۆنێتی وەرگرتنی زمان لای منالْ دەستنیشان کراوە, لەوانە لایەنگرانی تیۆری لاسایکردنەوە کە پێیان وایە( منالْ لەئە نجامی لاسایکردنەوەی ئاخاوتنی ئەو کەسانەی, کەلەژینگەکەیدا هەن,فێری زمان دەبێت , ئەمە لەکاتێکدا لایەنگرانی تیۆری هەرەمەکی پیان وایە مرۆڤ توانای وەرگرتنی زمانی هەیە لەگەڵ لە دایکبوونییەوە بەشێوەیەکی خۆرسکی (دانا تحسین محەمەد: 2018 : 43).

لایەنگرانی تیۆری رەوشتیش وەرگرتنی زمان دەگەڕێننەوە بۆ فێربوونی تاك بەهۆی ژینگەی دەوروبەرییەوە, کە لەڕێگای کرداری پتەوکردن( التعزيز), دایکان و باوکان لە رێگای دوبارە کردنەوەی ئەو وشانەی کە منالْ بۆ یەکە مجار دەریدەبڕێت, هەروەها پاڵپشتیکردنی منالْەکە بۆ دوبارە کردنەوەی, ئەو وشە لای ئەو منالْە پتەو دەکەن .( مجيد الماشطة :1989 :44) .

بۆ ئەوەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمانی منالْ بەشێوەیەکی تەواو و زانستیتر بخرێتە ڕوو, بۆچوونی هەموو تیۆرەکان تێهەڵکیش دەکەین.

## 2\1 قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منالْ

ئەو لیکۆڵینەوانەی, کە بۆ گەشەی زمانی منالْ کراوە لەو راستییەنزیك بوونەتەوە, کە گەشەی زمانی منالْ بە قۆناغ دەبێت و هەر قۆناغەش تایبەتمەندی خۆی هەیە , هەروەها هۆکارە ژینگەیەکانی وەکو: (دەوروبەر, ئاستی ئابوری, باری کۆمەلایەتی خێزان و کەسانی چواردەوری منالْ ) وئاستی زیرەکی و رەگەز و نەخۆشییەکانی زمان لەسەر ئەم قۆناغانە کاریگەریان هەیە. وەرگرتن و پژانی زمان لای منالْ پاشان گەشەسەندنی ئەو زمانە بە پێی سیستەمێکی کاتیی دیاریکراو دەبێت, بەشێوەیەکی گشتی لە لەدایك بوونەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی چوونە خوێندنگا , ئەم پرۆسەیەش بەهۆی توانست و ژینگەی زمانیی پێکەوە روودەدات.

قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان چەندین جۆر دابەشبوونی بۆ کراوە لێرەدا دەیکەین بە سێ پۆلەوە:

**یەکەم: قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منداڵ بە پێی ساڵی تەمەن.**

**1- ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ.** لەمانگەکانی یەکەمی تەمەنی منداڵدا, گریان و قیژەی منداڵ هۆکارن بۆ دەربڕین لەو بارەی کەتیایدایە, تەمەنی منداڵ بەرەو هەڵکشان دەچێت و ئەندامانی خێزانەکەی بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکەن , کە ساواکەیان وشەیەك بدرکێنێت و چاودێری ئەو پیتانە دەکەن کەلەزاری دێتە دەرێ و تا لەکۆتایدا یەکەم وشە دەدرکێنێت , دواتر هەندێك وشەو زاراوەی تایبەت , کە زۆر جار ئەستەمە لێیتێبگەیت بەکاردەهێنێت, بەڵام گوزارشت لەو شتانە دەکات کە لەناخیدایە. گەشەی فەرهەنگی زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکە , کە کاتێك منداڵ ساڵی یەکەمی تەمەنی تەواو دەکات تیایدا وشەکانی لە گروگاڵەوە بۆ وشەیەکی تەواو دەگوازێتەوە, کە تیایدا توانای دەربڕینییەك وشەی هەیە لەبری یەك رستە دەریدەبڕێت , ئەم وشەیەش لەهەمان ئەو پیتانە دروستی دەکات , کە لەکاتی گروگاڵدا دەریبڕیوە وەك (دایە و بابە, دادە...هتد).( **ساجدة أبو صوي : 2017** )

لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکی توند وتۆڵ لە نێوان هەردوو گەشەی (جەستەیی و زمان) ی منداڵ پەیدا دەبێت ,هەرسی گەشەی (جەستە, مێشك, کۆمەڵایەتی)ی منداڵ پێکەوە کاردەکەن و فەرهەنگی زمانی بەشێوەیك گەشەدەکات کە توانای دەربڕینی دوو وشەی دەبێت پێکەوە لە شێوەی رستەدا , کە زۆربەی جار جگە لە ئەندامانی خێزانەکەی, کەسانی تر لەو دەربڕینانە تێناگەن, نزیکەی (30 ) وشەیەك دەچێتە فەرهەنگی زمانییەوە و ئەمەش رێژەیەکی جێگیر نیە لای هەموو منداڵان , واتە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر دەگۆڕێت تەنانەت هەندێك منداڵ توانای دەربڕینی سێ وشەی هەیە. لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵی بەکارهێنانی زمان دەدات بە شێوەی تایبەت بەخۆی تیایدا گەیاندنی بیرۆکەکانە بە کەمترین وشە واتە ئابوری لە وشەکان دەکات و بەکورتی ناویان دەهێنێت.بۆنموونە :

-ئاو,,,,,,,,,,یانی ئاوم دەوێت.

-ئاوەکە............یان ئاوەکە بوو.........(رەنگە تەڕ بووبێت و مەبەستییەتی بڵێت ئاوەکە تەڕی کردم). ئەوەی گرنکە دەبێت لەبەر چاو بگیرێت ئەوەیە کە نابێت دەوروبەر فەرامۆش بکەین بۆ تێگەیشتن لە پەیامی ئەو دەربڕینەی کە منداڵەکە دەریدەبڕێت.

**2- لەدوای ساڵی سێیەمەوە**

لەم قۆناغەدا منداڵ توانای بەکارهێنانی نزیکەی(دەهەزار) وشەی هەیە تا کۆتای ساڵی شەشەم ژمارەی دانە فەرهەنگییەکانی دەگات بە نزیکەی (دوو هەزارو پێنجسەد) وشە, بە شێوەیەك توانای دروستکردنی رستەی جۆراوجۆری دەبێت ئیتر بۆ ژینگەی خوێندنگاو ئامادەیە بۆ ئەوەی دەستکەوتە زمانییەکانی گەشە بکات لەوێدا فێری ئەوە دەکرێت , کە پەیوەندی دروستبکات لەنێوان وشەکان و فۆرمەکانی و تەنە بەرجەستەکان هەروەها شارەزای لە بیروکەکان و بەکارهێنانیان لە رستەدا

پەیدادەکات.( سناء الدويكات :2018) لاوازی ئەم جۆرە دابەشکردنە لەوەدایە , کە مەرج نیە هەموو منالێك وەکو یەك لەم قۆناغانە کە دیارکراون گەشەی زمانیان هەبێت و زمان وەکو یەك لەم کاتانە کە دەستنیشانکراون , وەربگرن.

**دووەم\ قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منالْ بە پێی گۆڕانی فسیۆلۆجی جەستەی.**

1-قۆناغی لەدایکبوون.

2-قۆناغی دانیشتن.

3-قۆناغی بەسکرۆیشتن.

4-قۆناغی رۆیشتن بە یارمەتی.

5-قۆناغی رۆیشتن بەبێ یارمەتی

6-قۆناغی چونەدەرێ

7-قۆناغی چوونەقوتا بخانە.(دانا تحسين محمد :2008 :53)

لاوازی ئەم پۆلێنکردنەش لەوەدایە کە مەرج نیە گەشەی زمانی منالْ لەگەلْ ئەم قۆناغانە هاوکات بن , چونکە وەك ئەوەی زانراوە هەندێك منالْ گەشەی جەستەی پێش گەشەی زمانی دەکەوێت بۆنموونە : هەندێك منالْ قسەکردنی پێش پێگرتن و هەنێکجاریش دان دەرهێنان دەکەوێت , سەرەڕای هەندێك جیاوازی تری وەکو ڕەگەز و ئاستی هۆشیاری خێزان .

**سێیەم : قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منالْ بە پێی گەشەی عەقلیی .**

**1- قۆناغی پیش وشەی یەکەم**

کاتێك ساوایەکی تازەبوو دێتە دونیاوە ئامێری دەنگی هێشتا توانای دەربڕینی وشەی نیە و ئەم توانایەی بۆ دروست دەبێت لە پاش پێگەیشتنی ئامێری ( عصبی ) ناوەندی و لەم غۆناغەدا دەنگەکانی لەشێوەی قیژە دەردەبڕێت و دواتر دەگۆڕێت و گەشە دەکات بۆ گروگالْ.

**ا-(قیژە, گریان)**

ئەم قۆناغە لە یەکەم چرکەی لەدایك بوونەوە دەست پێدەکات , لەوکاتەی کە منالْ دێتە دونیاوە جەستەی تەڕوو شێدارە و گەرمە و لە ئە نجامی بەرکەوتنی لە پڕی هەوای سار بۆ جەستەی بیزاری دەکات هەروەك بۆ یەکە مجار سییەکانی ئەو ساوایە پڕ دەبن لە هەواو لە پڕ دەکرێنەوەو لەئە نجامی کشانی سییەکان منالی تازە بوو هەست بە ئازارێك دەکات و ئەمانە وادەکات کە

ئەو ساوایە بگیرێت لە نێوان ماوەكانی (2-4) خولەكی سەرەتای لەدایكی بوونی ئەم حاڵەتەش ناسراوە بە (كاردانەوەی گریانی سارد) , ئەم كاردانەوەش بەردەوام لەمناڵا دەبینرێت لە چەن مانگی یەكەمی تەمەنی هەركاتێك هەست بە بێزاری و نائارامی بكات (**عائشە اسامە** :2014) .

**ب-گروگاڵ**

كۆمەڵە دەنگێكە لە ئە نجامی دلخۆش و ئاسودەی لای ساوا , كە لەمانگی سییەمی یاخود ناوەڕستی مانگی دووەمەوە و بەردەوام دەبێت تا كۆتای ساڵی یەكەمی تەمەنی مناڵ .

لەم قۆناغەدا ساواكە خۆی دەدوێت بەبیٚ ئەوەی كەسێك هەبێت وەلامی دەنگەكانی بداتەوە ئەو دەنگانەش كەدەریدەبڕێت بە شێوازێكی هەرەمەكییەو هیچ پەیوەندیكیش نیە لە نێوان ئەو دەنگانەدا.

لێرەدا هەنگاوەكە بە دەنگەكانی گەروو دەست پێدەكات وەكو (ااااااا), هەوا بەئاسانی لە گەرو دەردەپەڕێت و دێتە دەر بۆ زاری بەبیٚ هیچ گریٚ و بەربەستێك لە دەر بڕینی ئەم دەنگە , دواتر پێتە زارییەكان دەستپێدەكات وەكو(ببببببب) دواتریش پیتە زمانی و ددانییەكانی وەكو (ددددد) و هەروەها پیتە لوتیەكانی وەكو (ننن) (**عزیز سمارة – عصام النمر – هشام الحسن** :2008), دوابەدوای دركاندنی ئەم پیتانە توانی جولاندنی زمانی لادروست دەبێت بۆ دەربڕینی دەنگەكان و بۆ جوڵەی خۆ ویستانەی زمانی زاڵ دەبێت, لەپاشان قۆناغی بڕگە دەستپێدەكات و دوو دوو ئەم پیتانە لێكدەدات بۆ دەربڕنیان بەشێوەی بڕگە(دا, با... هتد)( **محمد الزین** :2006: 2).

هەرچەند لەم قۆناغەدا مناڵ توانای دەربڕینی دوبارەوە بووی بڕگەكانی هەیە وەك0بابابا , دادادادا) كە ڕەنگە ئەندامانی خێزانەكەی دڵخۆش بن بەوەی منالەكەیان ناویان دەهێنێت و دایەوە بابە دەڵێت , بەلاٚم ئەم دەربڕینانە هیچ واتایەك و ئاماژەیەك نیە بۆشتێك لای ئەو مناڵە جگە لە دەربڕینی هەرەمەكی یاخود لاسای كرنەوەی كەسانی دەوروبەری.

**2- قۆناغی وشەی یەكەم**

لەم قۆناغەدا مناڵ توانای دەربڕینی وشەیەكی بۆ درووست دەبێت كە بەپێی رای زۆرینەی لێكۆڵەران كاتەكەی لەنێوان تەمەنی ( ساڵ بۆ ساڵ ونیو تا دەگاتە دووساڵ) ە هەرچەندە دیاریكرنی تەمەن بۆ ئەم هەنگاوانە نابێت بەتەواوی پیشتی پێبەسترێت , چونكە هۆكارەكانی ژینگەو دەوروبەر و تایبە تمەندی فسیولۆجی لە نێو منالاٚن وەكو یەك نیە , لەم قۆناغەدا مناڵ نزیكەی(50) وشە لە فەرهەنگی زمانی كۆدەبێتەوە.

مناڵ ناتوانی بگات بەم قۆناغە ئەگەر چەمكی (جێگیربوونی وینەی هۆشەكی)(دوام الشیء)ی لا دروست نەبوبێت, واتە وینەی شتەكان لە هزریدا جێگیر بووەو دەیانناسێتەوە ئەگەرچی بەشێوەیەكی بەرجەستە لە پێش چاویشی نەبێت, پتەو كردنی

ئەم جێگیربوونە توانای دروستبوونی واتا دەبەخشێت بەو منالە یاخود تونای تێگەشتن وناسینەوەی دەنگەکان کە گوێبیستیان دەبێت,کەواتە لەم قۆناغەدا منالٚ توانای دەربڕینی وشەو وێناکردنی شتەکانی دەوروبەری پێکەوە لا دروستدەبێت.(**عزيز سماره – عصام النمر – هشام الحسن :**2008).

کەواتە ئەم قۆناغە گرنگترین قۆناغە لەو رووەوە کە پەیدا بوونی واتای شتەکانی دەوروبەر لای منالٚ لەم قۆناغەدا دەست پێدەکات.

3- **قۆناغی رستەی یەکەم**

لەدەستپێکی ئەم قۆناغەدا منالٚ یەك وشە بەکار دەهێنێت لەبری یەك رستە بۆنموونە , کە دەڵێت(کاکە ) واتە (کاکەم دەوێت ) یاخود( کاکە لێیدام ) یان ...هتد ئەمەش دەکرێت هەندێك واتای تر لەخۆبگرێت بە پێی چوارچێوەی بەکار هێنان و دەوروبەر, نزیکترین کەسی خێزانەکەی و کە زۆرجار دایکییەتی , دەزانێت مەبەستی چیە یاخود لە رێگای گۆڕینی ئاوازەکەی لەمەبەستی تێدەگات بۆ نموونە منالٚ , کەبەهێواشی و کورتی وتی (بابە ) یانی دەیەوێت ناوی بێنێت بەلاٚم کە وتی (بااابە ) بە بەرزکردنەوەی دەنگ و درێژکردنەوەی یانی بابەی دەوێت و چەندین واتای تریش هەڵدەگرێت .

لە پاش ئەم قۆناغە قۆناغی بەکار هێنانی دوو وشە لەرستەیەکدا دەستپێدەکات , تیایداتەمەنی منالٚ نزیکەی دوو سال بەسەرەوەیە و کۆمەڵێ رستەو فرێزی دوو وشەیی دەتوانی دروستبکات, تا سالەکانی سێیەم و چوارەمی تەمەنی منالٚ بەتەواوی و هاوشێوەی مرۆڤێکی گەورە دەتوانێت لە رستەیەکی دوو وشەی بەسەرەوە یاسا دەنگیەکان و سینتاکسیەکان دروستی و بەبێ هیچ بەربەستێك لەدەربڕینی رستەکانیدا جیبەجێ بکات.( **رشا ابو ئیلان :** 2014 ).

**3\1: بەستنەوەی وشە بە واتاکانیانەوە لای منالٚ**

وشەکان دەربڕێنێکن کە واتایان هەیە, هەموو وشەیەك ئاماژەیە بۆ شتێك یان دیاردەیەك, منالاٚن فێری دەربڕینی وشەکان دەبن بەلاٚم چەند قۆناغێکیان پێوست دەبێت کە تێیپەڕێنن بۆ گەیشتن بەو ئاستەی پەیوەستی بکەن بە واتاکانیان, بۆئەوەی منالٚ واتای شتەکان بزانێت پێویستی بەجێگیربوونی وێنەی هۆشەکی هەیە لە ناو مێشکیداوە واتا شتەکانی دەوروبەری بناسێتەوە ئەگەرچی لە پێشچاویشی لابرێن بەناوهێنانیان وێنەکان لەناو مێشکیدا جێگیر بوویێت و وێنای بکات.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی چۆنێتی گرێدانی وشە بە واتاکانیانەوە دەیانکەین بە چەند هەنگاوێك.

**هەنگاوی یەکەم : درکاندنی وشەکان بەبێ پەیوەستکردنەوەی بە واتاکان**

لەم قۆناغەدا منالٚ تووتی ئاسا وشەو دەربڕینەکان دەدرکێنێت تەنها بەهۆی کرداری لاسای کردنەوە , بۆنموونە کە پێی بلێی (دادە ) یان هەر وشەیەکی تر لە دواتەوە دەیلێتەوە تا وایلێدێت بەبێ ئەوەی تۆ پێیی بلێیت لەبەرخۆیەوە ئەو وشانە دەلێتەوە

, ئەندامانی خێزانەکە بەمە خۆشحاڵ دەبن بەوەی کە منالەکەیان فێری وشەکان بووە و هەکاتێك منالەکە وشەکان دەدرکێنێت لە ئامێزی دەگرن و ماچی دەکەن و دڵخۆش دەبن بە مجۆرە کرداری(التعزیز) پتەوکردن لای ئەو منالە بۆ ئەو وشەیە دروستدەبێت و دەزانێت لەگەڵ وتنی ئەوە وشەیە لەباوەش دەکرێت یان خێزانەکەی خۆشی بۆ دەکەن, ئیتر لێرەوە ئەو منالە بەرەو هەنگاوێکی نوێ دەچێت , ئەوەیش درکاندنی دەستەواژەکانە بەلاّم بە بەستنەوەیان بە بە واتاکانیان .

**هەنگاوی دووەم:تەسك بوونەوەی واتا**

لەسەرەتای فێربوونی وشەدا , وشەیەك بە یەك شت یان روداو پەیوەست دەکات,بۆ نموونە , کە دەڵێت ( پاپە ) مەبەستی تەنها جووتە پێڵاوەکانی خۆیەتی و پێی وایە تەنها بەوە دەگوترێت ( پاپە ) و پێلاّوەکانی تر ( پاپە ) نین, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئەزموون و زانیارییەکانی منالّ لەو تەمەنەیدا.

**هەنگاوی سێیەم : قۆناغی لێکچواندن**

لەم قۆناغەدا منالّ ئەو شتانەی دەوروبەری کە شێوەکانیان لەیەکدەچن بەیەك دەچوێنێت و لەژێر یەك ناو کۆیاندەکاتەوە بۆ نموونە بە ( پرتەقالّ , سێو , میزەلاّن... هتد ) دەڵێت ( تۆپ ) چونکە هەمان شێوەیان هەیەو خڕن .

**هەنگاوی چوارەم : قۆناغی جیاکردنەوەی ناتەواو**

لەم قۆناغەدا منالّ درك بە لێکچوونی نێوان شتەکان دەکات و کۆمەڵ کۆمەڵ ئەو شتانەی دەوروبەری کە هاوشێوەن لە ژێر یەك ناو کۆدەکاتەوە بوارێکی تایبەت بەخۆی پێکدەهێنێت بۆنموونە بەهەموو ئاژەڵکی چوارپێ وەکو ( سەگ, مەڕ , مانگا, کوێ درێژ ) دەڵێت ( بەعە ) و بەهەموو خواردنێك دەڵێت ( حەم ), هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی دانە فەرهەنگییەکانی ئەو منالە, کەلەفەرهەنگی زمانیدا وشەی نییە بۆ جیاکردنەوەی ناو بۆ واتا جیاوازەکان, بۆیە جیاکردن و پۆلێن کردنەکەی ناتەواوە.

**هەنگاوی پێنجەم : قوناغی جیاکردنەوەی تەواو**

لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەوەی کە منالّ چەندین واتاو وشە لە فەرهەنگی مێشکی زیاد دەکات , بەشێوەیەکی دروست ناو لەشت و دیاردە جیاوازەکانی دەوروبەری دەنێت, وەك ئەوەی کە لەدەوروبەرەوە وەریدەگرێت بۆنموونە (برنج..........برنج) ە و ( مانگا..... بەعە ) یەو ( سەگ.....کوتە ) یە ئەمەش لە منالێکەوە بۆ منالێکی تر دەگۆڕێت.(**عزیز سمارة – عصام النمر – هشام الحسن : 2008**).

**ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر گەشەی زمانی منالّ هەیە**

1-**ئاستی زیرەکی** : منالّ چەند زیرەکتر بێت , ئەوەندە زووتر زمان وەردەگرێت و توانای دەربڕینی زیاتر دەبێت.

**2-ریزبەندی منالٚ لە نێوان خۆشك وبراكانی:** هەمیشە منالٚی نۆبەرە زوتر لە منالەكانی پاش خۆی گەشەی زمانی لای روودەدات, چونكە كات و توانایەكی زیاتر لەلایەن دایك و باوكەوە تەرخان دەكرێت بۆ فێركردنی یەكەم منالٚ.

**3-ئاستی ئابووری و كۆمەلاٚیەتی :** هەرچەندە ئاستی ئابوری و كۆمەلاٚیەتی خێزان بەرز بیت, ئەوەندە ئەو چالاكییانەی لەگەلٚ منالٚ ئەنجامدەردرێن زۆر تر جۆراوجۆرتر و رێكوپێكتر دەبێت, ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منالٚ كومەلێك دانەی زمانی لەدەوروبەر وەرگرێت و ببێت بە خاوەنی توانایەكی باش بۆ زووتر فێربوونی زمان.

**4-ژمارەی ئەندامانی خێزان:** هەرچەندە ژمارەی ئەندامانی خێزان كەمتر بێت , زیاتر كات و هەلەمەرجی گۆنجاو دەبێت بۆ منالٚ, كە زووتر لەكاتی خۆی فێری زمان ببێت, دایك و باوك باشتر ئەتوانن لە نزیكەوە منالٚ فێری زۆر دانەی فەرهەنگی بكەن, كە خۆی بەتەنها كاتی زۆر تر دەوێت بۆ ئەوەی فێریان ببێت.

**5- رەگەزی منالٚ:** هەندێك لە لێكۆلێنەوەكان دەریا نخستووە كە منالٚی مێ پێش چوونە قوتابخانە زووتر لەمنالٚی نێر فێری زمان دەبێت.( Patrick suppes , 108 ).

**6- ئاستی رۆشنبیری و پیشە:**ئاستی رۆشنبیری و ئەو پیشەیەی كە دایك و باوكی منالٚ, هەیانە كاریگەری دیاری هەیە لەسەر كورتكردنەوەی ماوەی فێربوونی زمان لای منالٚ.

بۆ ئەم خالە داتایەكمان لەبەردەستە لەسەر منالێك بەناوی ( پروشە هەڤالٚ) كە كچی دایك و باوكێكی هەلگری بڕوانامەی دكتۆران و مامۆستای زانكۆن, باوكی پروشە پیشەكەی سیاسی و كارگێڕیە و هەمیشە چاوپێكەوتنی تەلەفزوێنی لەگەلٚ دەكرێت , ئەم باوكە ئەو منالاٚنەی كەلە پروشە گەورەترن وا راهێناوە , كە پاش هەموو چاوپێكەوتنێكی تەلەفزوێنی خۆی , رایان وەربگرێت لەسەر ئەو قسانەی كە كردوونی بەرێكەوت رۆژێك لەكاتی وەرگرتنی رای منالكانی , لە پر پروشەی تەمەن چوارسالٚ هاتە وەلاٚم و وتی **"بابەتەكانت هەمووی بێینەما بوون"** باوكیشی ویستی بزانێت كچە تەمەن چوارسالەكەی دەزانێت (بنەما ) یانی چی , پرسی , **بۆ؟** پروشە وتی" **تۆ باسی( ئەنفال و شەری برا كوژی و ...هتد ) ت كرد لەكاتێكدا منالٚی تەمەنی من نازانێت ئەمانە چین؟!"**

دكتۆر هەڤالٚ لە چاوپێكەوتنی تەلەفزوێنیی داهاتودا وتی:**"منالەكەم رەخنەی ئەوەی لێگرتووم, كە گوایە و ئێمەی گەورە بەزمانی ئەوەی نویٚ قسەناكەینو بۆیە تێگەیشتن روونادات."**

پروشە د یسان لەسەر ئەمە رەخنەی هەبووو وتی:" **بابە من ئەو رەخنەیەم لێگرتیت كە لەنێوان هەردووكمان بێت نەك بۆ بلاٚوكردنەوە."**

ئەم زانیارییەی سەرەوە روونی دەکاتەوە کە تاچەن پیشەی دایك و باوك و ئاستی رۆشنبیریيان كاریگەرییان لەسەر زووتر فێربوونی منالْ هەیە, بەتايبەت ئەو دانە فەرهەنگیانەی کە تێگەیشتنیان تەنانەت لای گەورەش ئاسان نیە

**بەشی دووەم:واتاسازیی زمانی مندالآن**

خولیای زمان بەلای منالەوه بووەتە یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی دەروونناسیی سەردەم، بەهۆی ئالۆزیی وپەرەسەندنی زمانەوە لەلای منالن لە بوارەکانی فۆنۆلۆجی وتێگەیشتنی سیمانتیکیانە وپەرەسەندنی سینتاکتیکی وریزمانیی. بەهۆی ئەزمونمان لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەم بوارەدا هەست دەکەین بایەخێکی ئێجگار زۆر بە سینتاکس یان رێزمان، و زۆر کەمتریش گرنگیی بە سیمانتیك دراوە. بۆیە دەمانەوێت هاوسەنگیی بگێڕینەوە لەڕێی لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ لە سیمانتیکی ئاخاوتنی منالْدا, دەروونناسان زۆر گوێییستی ئەوە دەبن کە لە بارەی سینتاکسەوە لەلایەن زمانەوانانەوە دەوترێت، وئەمە گوازراوەتەوە بۆ سیمانتیکیش. لە کاتێکدا کە زمانەوانان خولیایەکی کەمی قسەکردنیان لەبارەی سیمانتیکەوە هەیە، بەلآم لە ژیربێژیی وفەلسەفەدا ترادسیۆنێکی دەوڵەمەند هەیە کە دەکرێت لە شیکردنەوەی سیمانتیکی ئاخاوتنی منالْدا بەکار بهێنرێت.

**1\2 لاسایکردنەوەی لۆجیکییانە**

هەرچەندە ئەو لاسایکردنەوەیە لە (**فرێج**:1879 ؛ 80) ەوە دەست پێدەکات مێژوویەکی نافەرمی هەیە کە دەگەرێتەوە بۆ ئەرستۆ، وەك باسکردن وشیکردنەوەی واتایی بۆ گوتراوێك، بەلآم لێرەدا باس لە مێژووی ئەو پەرەسەندنە ناکەین. یەکێك لە رێگەکانی شیکردنەوەی واتایی بۆ گوتراوێك ئەوەیە باس لەوە بکرێت کە لەژێر چ بارودۆخێکدا ئەو گوتراوە رەزامەندیی وەردەگرێت. لە رستە هەواڵیەکاندا، ئەمە دەبێتە لە خستنەرووی مەرجەکانی بەراستگەڕان (راست کەوتنەوە)، لە حاڵەتی پرسیاردا مەرجەکانی وەلآمی راست، ولەحالەتی فەرماندا مەرجەکانی وەلآمدانەوەیە بەشێوەیەك کە فەرمانەکە ڕازیی دەکات. رەنگە دواى (فرێج) گرنگترین هەنگاو بریتی بوو بێت لەوەی (**تارسکی**-1935)( Patrick Suppes ؛ 1974 :. 103 ) شیکاری تارسکی بۆ چەمکی راستیی تایبەت بووە بە زمانی فەرمیی. ئەوەی پێی دەوترا تیۆری نمونەکان (مۆدیلەکان) لە لۆجیکدا، کە بریتی بوو لە تیۆری سیمانتیکی زمانی فەرمیی، کەسانی دەرەوەی زمانەکەوە تاڕاددەیەك هەتا ئەم دواییانە دەستیان پێی نەدەگەشت. هەموو ئەو کێشە فیکرییانەی دێنە رێی تیۆرێکی شیاو بۆ سیمانتیکی زمانی منالْ ناکرێت بە بەکارهێنانی ئەو چەمکانە چارەسەر بکرێت کە لە تیۆری ژیربێژیی وەرگیراون. دواتر لەسەر ئەم خاڵە زیاتر دەدوێین.

بیرۆکەی سیمانتیکیی سەرەتایی ئەوەیەکە رستەیەك یان کۆمەڵە رستەیەك رەزامەندبکرێن لە نموونەیەك (مۆدێلێك)دا. بیرۆکەی پێشبینیکراوی ئەو رەزامەندییە نزیکە لە چەمکی پیشبینیکراوی راستیەوە. رستەیەکی زمانێك بریتی دەبێت لە سەرەنجامێکی ژیربێژیی بۆ رستەی دووهەم تەنها کاتێك کە رستەی یەکەم رەزامەنکرابێت لە هەر مۆدێلێکدا کە تیایدا دووهەمیش رەزامەند دەکرێت. جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکانە بەسەر زمانی منالْدا سێ جۆر گرانیی دێتە رێگەی.

1-سینتاکسی زمانی منداڵ ئاڵۆزترە لە زمانی فەرمیی سەرەتایی.

2- بیرۆکەی بەهەندگرتنی هەر مۆدێلێکی گۆکردنی مناڵ وادەردەکەوێت کە زۆر بەربلاو بێت وبیرۆکەیەك لەبارەی سەرەنجامەوە دەخاتەوە کە زۆر گشتیی دیارە.

3- رستەکانی زمانی فەرمیی سەرەتایی لەواتاکەیاندا لەخۆگرتوون کە پەیوەندیدارە لەگەڵ مۆدێلێکدا کە دەکرێت بە ئاسانیی وەسف بکرێت. لە حاڵەتی ئاخاوتنی منداڵدا، لێلییەك لە سیاقدا هەیە و هاوکات پشتبەستنێکی زۆریش هەیە بە سیاق کە ئاسان نیە بە هیچ بیرۆکەیەکی روونی مۆدێل مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

## 3\2 سیمانتیکی دەوروبەر ( پراگماتیك)

رووبەرووبوونەوەی یەکەم کێشەی سینتاکس بەوە دەبێت کە شیکردنەوەی سەرەتایی سنووردار بکرێت بۆ ئەو بەشەی زمانی مناڵ کە دەکرێت رێزمانێکی ئازاد لە سیاقی تێدا بنووسرێت. ئەو سیمانتیکە لە دوو بەش پێکدێت:

1- پێدانی واتایەکی فەرهەنگیی بەو وشە تاکانە یان گرێیانەی لە ئاخاوتنی منداڵدا روو دەدەن، کە ئەگۆرێت بەپێی سیاقەکان بەشێوەیەك کە یەکدێتەوە لەگەڵ مۆدێلی جیا لە بۆنەی جیادا.

2-دەستەبەرکردنی یاسا بۆ ئەوەی واتا فەرهەنگییە تاکەکان بخرێنە پاڵ یەکتر بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ پێکهاتەی سینتاکتیکی گوزارشتەکە بەوەی ئەرکێکی سیمانتیکی بدرێت بە کۆکراوەی واتا فەرهەنگییەکان لە هەر یاسایەکی بەرهەمهێنان لە رێزماندا. بۆ هێنانەوەی نمونەی شیکاریی، چوار بابەت بەهەند دەگرین: ئامرازی ناساندن، وئاوەڵناو، وبڕەدەرخەرەکان، وگوزارشت لە هەڵوێستی تەواوکارییانە لە ئاخاوتنی منداڵدا.

## 4\2 ئامرازی ناساندن

لەکوردیدا ئامرازی ناساندن لە سەرەتایەکی زووی ئاخاوتنی پێکەوەبەستراودا لەلایەن منداڵی گەنجەوە بەکارنایەت ، بەڵام زووتر دەردەکەوێت. لەلای مناڵێك بەناوی ( ئاگا ) هەر زوو کە ئەو گەیشتە تەمەنی دوو ساڵان ئەم بەکارهێنانە بە چەندبارەیی دەبینرا.

(بێرتراند رەسڵ-1905 ) ( سەرچاوەی پێشوو ), نووسینێکی بەناوبانگی هەیە دەربارەی وەسفە ناسێنەرەکان کە تیایدا ئەوە دەردەخات کە چۆن ئەو وەسفانە دەکرێت لابرێن لەبەر خاتری چەند چەمکێکی لۆجیکییانەی سەرەتاییتر. نمونەکەی بریتیە لە ( دوکاندارەکەی ئێستای گەڕەکەکەمان سەرڕووتاوەیە. ) بۆ شیکردنەوەی ئاخاوتنی منداڵ یان گوتەی نافەرمیی پێگەیشتوان، ئەوەی رەسڵ وئەدەبە لۆجیکیە هاوتاکانی دەربارەی وەسفە ناسێنەرەکان رەنگە نەتوانن رێبازێکی دروست بخەنە روو، چونکە ئامانجی ئەو شیکردنەوەیەی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ زمانی گوتراودا دەکات ئەوەیە کە سیمانتیکێك بخاتەروو کە تەواو گونجاو بێت لەگەڵ سینتاکس. دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لە حاڵەتی ئامرازی ناساندندا ئەرکی دروستی سیمانتیك بۆ

یاسای بەرهەمهێنان بریتی نیە لە یەکتربڕین، بەڵکو تەنها ئەو کاتە بریتیە لە یەکتربڕین کە هەموو شتێك ئاسایی بێت. پێویستە شیکارەکە بگۆڕێت کاتێك ئامرازی ناساندن لەگەڵ گرێیەکی ناویی کۆدا بەکاردێت. ئاگا دەڵێت: من سندوقە گەورەکانم دەوێت. ) لەم حاڵەتەدا، ئەرکی سیمانتیکیی داواکارییەکی سەرەکیی جیاواز دەخاتەروو. لە بری بەرکارێکی تاك وتەنها لە یەکتربڕینەکەدا، پێویستە بەلایەنی کەمەوە دوو بەرکار هەبێت بۆ واتایەکی ئاسایی بۆ ئەوەی پێیدا تێپەڕێت.

بۆ ئەوەی ئاستی دووبارەبوونەوەی هاتنی ئامرازی ناساندنتان لەلای حاڵەتی ئاگا بۆ بەرجەستە بکەین، ئاخاوتنی ئاگا بەشێوەیەکی دەوریی تۆمار کراوە هەر لە تەمەنی 23 مانگییەوە بۆ 39 مانگیی، بە کۆکراوەی 102,230 گوتراو، کە 4,144 حاڵەتی هاتنی(ەکە ) ی تێدا بووە. بۆیە ئەوە داواکراوە لە هەر سیمانتیکێکی سیستەماتیك لە ئاخاوتنی ئاگا دا کە شیکارێك بخاتە بەردەست بۆ ئامرازی ناساندن. بەدڵنیاییەوە، سیمانتیکی ئاوەڵناوی نواندن زۆر نزیکە لە سیمانتیکی ئامرازی ناساندن. لە حاڵەتی نینا, کە منداڵێکی ترەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئاخاوتنی کراوە، 2,075 حاڵەتی هاتنی (that)، و1,497 جار (this)، و246 جار (these)، و341 جار (those) هەبووە.

## 5\2 سیمانتیکی ئاوەڵناو

قسە پێکەرانی زمانی دایکی کورد هەموو دەڵێن (کتێبێکی سووری گەورە) یان (سندوقێکی شینی بچوك). روونکردنەوەیکی سیمانتیکی هەیە بۆ ئەم ریزکردنە جێگیرە، وئەم ریزکردنە لە ئاخاوتنی منداڵی لاویشدا هەمان شتە بەبێ هەڵەکردن هەرلەو کاتەوەی گرێیەك بەرهەم دێنن کە ئاوەڵناوی قەبارەی تێدایە، سەرباری ئاوەڵناوی ڕەنگ و هەندێ ئاوەڵناوی تر کە تایبەتن بە پۆلێنکردنی ئاسانەوە. لە حاڵەتی نینادا 370 جار هاتنی (گەورە) و674 جار ( بچوك) هەیە.

ئاوەڵناوی توندیی یان چڕیی جۆراوجۆر لە پێش ئاوەڵناوی پۆلێنکردنەوە دێت. لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا کۆمەڵێك خاڵ دەبینین لە ریزی سەرەوەدا کە (G) بۆ سەوز و(R) بۆ سوور ئاماژە کراوە. ئەگەر پرسیار بکەین لەبارەی واتای فەرهەنگیی ( خاڵێکی گەورە )وە، ئەوا ریزی داهاتوومان دەبێت، کە خاڵێکی تەنهای گەورەیە. ئەگەر پرسیار بکەین لەبارەی واتای فەرهەنگیی ( خاڵە گەورە سوورەکە )وە، ئەوا واتایەکی فەرهەنگیی نەبوومان دەبێت، چونکە سەرەتا ئێمە بە ( خاڵێکی گەروە ) دەست پێدەکەین، کە سەوزە، دواتریش داوای سوور دەکات کە هیچ خاڵێکی گەورە نیە کە سوور بێت.




هێڵکاریی (واتای فەرهەنگیی چەند گرێیەکی ناویی کە ریزبوونی ئاوەڵناوەکانی وەسفکردن روون دەکاتەوە) ( **Laura Wagner :2010 20)**

لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر بپرسین کامەیە (خاڵی سوور)، دوو خاڵی سوورمان دەبێت. دواتر ئەگەر بپرسین کامەیە (خاڵە سوورە گەورەکە)، ئەوا ئاوەڵناوی توندیی یان چڕکردنەوەی (گەورە) جێبەجێ دەکەین وئەو خاڵەیان کە گەورەترە هەڵی دەبژێرین. من پێم وایە شیکردنەوەی ئەو حاڵەتەی کە جیاکاریی دەکات لە نێوان ئەرکێکی سیمانتیکیی کە پەیوەندیی بە ئاوەڵناوێکی وەك (سوور)ەوە هەیە لەبەرامبەر ئاوەڵناوێکی وەك (گەورە)دا، لە نزیککردنەوەکەیدا راستە وتێگەشتنێکی بەسوود دەخاتەروو لەبارەی وردەکاریی بەکارهێنانی ئاوەڵناوەوە لە کوردی دا .

## 6\2 بڕەدرخەرەکان، چەندێتی (**Quantifiers**) :

بۆ ئاسانکاریی تەنها بڕەدرخەرە کلاسیکیەکان باس دەکەم، (هەموو) و(هەندێك). ئەرستۆ نمونە دێنێتەوە ودەڵێت: هەموو مرۆڤەکان دەمرن (مردوون)، هەندێك لە مرۆڤەکان باڵابەرزن. فەیلەسووفێك لە نووسینێکیدا دەڵێت تیرۆی (predication) وبڕەدرخەرەکان وەك دیارترین تایبە تمەندیی مرۆڤ لەبەرامبەر بیرکردنەوەی بوونەوەرە نامرۆییەکاندا دادەنرێت. من دڵخۆشم بە گەیاندنی ئەوەی کە نینا ومنداڵەکانی تری وەك ئەو وادەردەکەون کە ئەم بابەتانە بەباشیی لەژێر کۆنترۆڵیاندایە لە تەمەنێکی زۆر زووەوە.

دوو لایەن لە بەکارهێنانی نینادا هەیە بۆ بڕەدرخەرەکان کە نمونەی ئەو بەکارهێنانەیە لەلای ژمارەیەکی زۆری منداڵان، کە هیچ چارەسەر نەکراوە لەلای ئەرستۆ وزۆر کەمیش باسکراوە لە ترادسیۆنی ژیربێژیی (لۆجیکی)دا لای فریج هەتا ئەمرۆ.

1-بڕەدرخەرە (بونگریی/وجودیی) و(جیهانی/گەردوونی)یەکان هەردووکیان، بەتایبەت وجودیەکان، زیاتر لە حاڵەتی بەرکاردا دەردەکون وەك لە حاڵەتی بکەر. ئەم حاڵەتە سروشتیە بەتایبەت لە وتنی فەرمان ودەربڕینی ویست وپێویستیدا، وبریتیە لە لۆجیکی ئەو دەربڕینانەی پشتگوێ خراون هەتا ئەم دواییانە لە پەرەسەندنی تیۆری لۆجیکیی ئاشکرادا.

2-بڕەدرخەری جیهانیی بەزۆری پێکبەستراو بەکاردێت لەگەڵ ئامرازی ناساندندا، نەك ئەوەی بەشێوەیەکی بێسنوور بەکار بهێنرێت. بۆ نمونە کە نینا دەڵێت (هەموو ئاژەڵەکان وەهایان کرد) ئاماژە بەو ئاژەڵەکانی یاری منداڵان دەکات لە سیاقە هەنووکەییەکەی لای خۆیدا. هێزی ئامرازی ناساندنەکەی یان ئاوەڵناوە دەرخراوەکە ئەوەیە کە بڕەدرخستنە جیهانییەکە سنووردار بکات بەو بڕەی لە سیاقەکەدا لەبەردەستیدایە، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە سنووردارکردن بەشێوەیەکی شیاو بۆی دەگەڕێتەوە. هەربۆیە بەکارهێنانی کرداریی بڕەدرخەر بریتیە لە (هەموو .......ەکە) نەك (هەموو ......ێك). ئەمە زۆر بەکەمیی ئاماژەی پێکراوە لە تیۆری لۆجیکییدا بەڵام بەباشیی ئاشکرایە لە ئاخاوتنی نینادا. من پێم وایە سیمانتیك لە ئاسانترین بارادیە ئەگەر بڕەدرخەرەکان بچنە ئاستی باڵاوە لە درەختی داتاشیندا، نەك لە ئاستی ئەو ئاوەڵناوانەدا کە بەشێکن لە گرێی ناویی.

## 7\2 هەڵوێستە تەواوکارییەکان

جیاکاریی هەیە لە نێوان زمانێکی درێژکراوە لەگەڵ زمانێکی مەبەستدارانە. روونترین بەکارهێنانی مەبەستدارانەی زمان لە نمونەی دەربڕینی پێویستبوون وەمومکینبوون وهەڵوێستی تەواوکارییدا دەبینرێت. لەو هەڵوێستانە وەك گوزارشت لە بیروباوەڕ وپێویستیی وخواستەکان وچاوەڕوانیەکان وترسەکان، کە بە کۆمەڵێك فرمانی جۆراوجۆر دەردەبڕرێن لە هەر زمانێکی سروشتیدا. هیچ یەکێك لە فۆرمی فرمانی بڕوا یان ناوی بیروباوەڕ یان مومکینبوون یان پێویستبوون لە نمونەکانی نینادا نەهاتۆتە ئاراوە. بەڵام نمونەی زۆری دەربڕینی هەڵوێستی تەواوکاریی بەتایبەت وەك خواست وپێویستیی هەیە سەرباری زۆر گوزارشتی (لەبەرئەوەی، یان لەبەر-). هەندێك لێڵیی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی گرێی ناویی پێبەخشراو (attributive) لەگەڵ گرێی ناویی سەرچاوەیی (referential)، کە لە نمونەکانی نینادا لێڵی هەیە لە بەکارهێنانی گرێی ناوی لەگەڵ ئامرازی نەناسدا، بەڵام لەگەڵ ئامرازی ناسێنەردا نیە.

کاتێك پروشە دەڵێت (نامەوێت بلوزێك لەبەر بکەم) راڤەیەکی سیمانتیکی ئەم دەربڕینە ئەوەی کە مومکینە جیهانێك هەبێت کە تیایدا پروشە بلوز لەبەر ناکات وئەو دەیەوێت لەو جیهانەدا بێت. بەگشتیی کە نینا دەڵێت (من ....م دەوێت)، دەکرێت ئەو سیمانتیکە راڤەیەکی دیاریکراوی بۆ بکرێت لەسەر بنەمای خواستی ئەو بۆ جیهانێکی راستەقینە کە داتاشرابێت لە چەند جیهانێکی مومکینەوە، و ئەو داوای ئەو کردارانە دەکات کە وا دەکەن ئەو جیهانە بێتەدی. واتە ئەو داوایەی نینا بریتیە لە ئەرکێك لە چەند جیهانێکی مومکیندا کە تیایدا ئەو ویستە رازیی کراوە بە بەهاکانی راستەقینەیی. بەڵام من ئەم شیکردنەوەیم بەلاوە پەسەند نیە کە بەلای شیکردنەوەی (ریچارد مۆتاگ)ەوە پەسەندە. من پێم باشترە تایبەتمەندیە پێکهاتەییەکانی رستەیەك بەشێکی تەواوکاریی بن لە گوزارشتی واتای رستەکە. چونکە ئەو راڤەکردنەی پێشتر رێزمانی گوزارشتە گوتراوەکە پشتگوێ دەخات وتیرۆێکی ئاڵۆزتری بنیادنراو لەسەر تیۆریی جیهانە مومکینەکانمان پێویستە. چونکە هەر ئەوەندەی لە یەك جیهانەوە هەنگاومان نایە جیهانێکی تر، ئیتر ئاوەڵناوی سادەی وەك (سوور) چیتر واتای فەرهەنگیی ئەو جیهانەی یەکەم نادات، بەڵکو هی جیهانی دووەم دەدات، وەك ئەو شتانەی کە لەو جیهانەی دووەمدا سوورن.

رەنگە زۆربەتان هەست بكەن لە پرسیارە دەروونیەكانەوە بەرەو فەلسەفیەكان رامكێشاون كە پەیوەندییەكی كەمی بە بیر وكردار وزمانی نیناوە هەبێت، بەڵام ئومێدەوارم حاڵەتەكە ئەمە نەبووبێت. دەروونناسان بەزۆریی ئاڵۆزیی ووردەكارییەكانی دەربڕینی هەڵوێستە تەواوكارییەكانی گەنج ومنداڵان پشتگوێ دەخەن. ئەوەی من ویستم بۆ ئێوەی دەربڕم ئەوەیە كە كۆمەڵێك تیۆر وجیاكاریی ورد هەیە كە دەكرێت بەشێوەیەكی كاریگەر بەكاریان بهێنین بۆ تێگەشتنی باشتری سیمانتیكی ئاشكرای ئاخاوتنی منداڵ. تەنانەت لە تەمەنی دوو بۆ سێ ساڵییشەوە، هەموو كێشە سیمانتیكیە پەیوەندیدارەكان لەگەڵ هەڵویستی تەواوكارییدا سەرهەڵدەدەن، كە بەمەش تیۆرێكی درێژەدار ووردەكار دەستەبەر دەكەن بۆ ئاخاوتنی منداڵ.

### 8\2 سەرەنجام وداڕشتنەوە

ئێستا ئاماژەكانمان لەبارەی سەرەنجامە لۆجیكیەكان بە گفتوگۆیەكی سایكۆلینگویستیكی( زمانەوانیی دەروونیی )ەوە دەبەستینەوە دەربارەی ( داڕشتنەوە ) وئەوەی كە چۆن كێشەكانی دارشتنەوە سەرهەڵدەدەن لە شیكردنەوەی سیمانتیك ئاخاوتنی منداڵدا. ئەوەی لە ئەزموونە تاقیگەییەكاندا دەربارەی توانای داڕشتنەوە بەكار دێت، بریتیە لە پێوەرێكی سیمانتیكی نەك سینتاكتیكی. كاتێك نینا شتێك دەڵێت كە بە گوێی ئێمەی پێگەیشتوو نارێزمانییە، هەمیشە ئاسانە بۆمان كە دای بڕێژینەوە ئەگەرچی لە سیاقەكەشی بێئاگا بین. لەلایەكی تریشەوە، رەنگە تەنانەت لەناو سیاقیشدا ئەم رستەیەی تری نینا گرانییمان بۆ دروست بكات: ( من دەمەوێت ئەمە پاشەكەوت بكەم بە هەمان كات ).

دەكرێت بڵێین دوو رستە لە رووی ( دارشتنەوە )وە پەیوەندیدارن بە كەمكردنەوەی مۆدێلەكانەوە ئەگەر هەردووكیان بەتەواویی رازی كران لە هەمان مۆدێلی كەمكراوەی خوارووتردا، كە ئەمش بە سەرەنجامی كەمكراوە ( R-consequence ) ناودەبەین. ئەمەش سەرباری دارشتنەوە، لە شیكردنەوەی پرسیار ووەڵام لە ئاخاوتنی منداڵیشدا دەكرێت بەكار بهێنرێت، بۆ وەسفكردنی كۆمەڵە وەڵامێكی راستی پرسیارێك لەرووی سیمانتیكییەوە. ئەم نووسینە بە دەرەنجام ئەگەیەنین بە گفتوگۆیەك دەربارەی سێ جۆر لە كێشەكان: 1- كێشەكانی سیاق، 2- كێشەكانی پرۆسە، 3- كێشەكانی راستگەریی ( verification ).

### 8\2 كێشەكانی دەق ( سیاق )

كاتێك ئاگا دەڵێت ( **من هەندێكی تریشم دەوێت** ) یان ( **منیش تۆزێكم دەوێت** )، ئەژماری سیمانتیكیی ئەم گوتراوانە پشت دەبەستێت بە سیاقی گوتنەكە. ئەم پشتبەستنەش بە سیاق تەنها تایبەتمەندیی گوتەی منداڵ نیە، بەڵكو هی ئاخاوتنی لەخۆوەیی خەڵكانی پێگەیشتووشە، كە دژ دەستنەوە لەگەڵ گوتراوەكانی زمانی فەرمییدا كە تایبەتمەندییان لەخۆگرتوو وناكاتییە. لەلایەكی تریشەوە، درێژەدان لەسەر باسی سیاق بۆ ئەوەی ئەژماری ئەوە بكەین كە نینا وێنای دەكرد یان یادی دەكەوتەوە لەو كاتەدا كە قسەی دەكرد، دەكاتە ئەوەی كە چوارچێوەی سیمانتیكی كلاسیكیی فراوان بكەین بۆ ئەوەی كە ئەو چەمك وداخوازییانە لەخۆ بگرێت كە بۆ ساڵانێكی زۆر لەلایەن دەروونناسانەوە پشكنینی تێدا كراوە. خستنە پاڵ یەكی ئەوەی لەبارەی یادكەوتنەوە وئیدراكەوە دەیزانین لەگەڵ ئەو پێكهاتە سیمانتیكیەی زماندا كە ئیمە هێڵە گشتیەكانیم خستەروو،

ئەمە ئەو ئەرکە تیۆرییە هەرە گەورەیەیە کە هێشتا دەستی پێ نەکراوە، کە مۆدێلێکی دەروونناسیی دەوڵەمەندتر بنیات بنرێت لەسەر کردەی زمانیی ئاگا ومنداڵانی تر.( Patrick Suppes : 2002 :85 )

## 9\2 کێشەکانی پرۆسەی ( ئەنجامدان)

بنیاتنانی ئەو مۆدێلەی باسکرا، دەمانباتە سەر بەهەندگرتنی پرۆسە. رەخنەیەکی گونجاومان لە تیۆری سیمانتیکی بریتیە لەوەی بەهەندگرتنێکی جددی نیە بۆ پرۆسێسکردن. لە هەوڵی تێگەیشتن لەو کێشەیە وئەوەش کە چۆن سیمانتیکی تیۆری مۆدێل جێبەجێ بکرێت بەسەر بەرهەمهێنانی راستەقینەی ئاخاوتندا، روومانکردە کێشەی جێبەجێ کردنی سیستمی بەردەوامی وەڵامدانەوەی- پرسیار لە سیستمی کۆمپیوتەرەکەماندا. رێگەیەکی وەسفکردنی ئەمە بریتیە لەوەی کە بڵێم سیمانتیکی تیۆریی مۆدێل هەڵە نیە، بەڵکو دەبێت فراوان بکرێت بۆ ئەوەی مۆدێلێکی کارا وەربگرێت، بۆ بیرۆکە جێگیر وبگرە دینامیکیەکان دەربارەی ئەو ریزبوونەی ئەرکەکانی پێ داوا دەکرێت، ورەهەندی تر لە بنیاتنانی راڤەکەری زمانی کۆمپیوتەردا.

## 10\2 کێشەکانی راستگەریی (verification) پشتڕاستکردنەوە

وەك لە دەروونناسییشدا وەهایە، شتێکی دەگمەنە بتوانین تیۆرییەك بنیات بنێین کە بۆ هەموو لایەنەکانی پرۆسە دەروونییەکە گونجاو بێت. ئەم ناتەواوی وگرانییە بۆ زمانیش هەروایە. راستگەریی لە تیۆرێکی سیمانتیکییدا زۆر گرانترە لە راستگەریی لە تیۆرێکی رێزمانییدا. راستگەریی ئەو ئەرکە سیمانتیکیەی دەدرێت بە یاساکانی بەرهەمهێنانی رێزمان ئەوەندە ملکەچ نیە بۆ ئەو راستەوخۆبوونە. لە پشکنینی هەر تیۆرییەکدا هەندێك رووبەر هەیە بۆ حوکمدانی پێشبینیکراو کە ناکرێت کورتبکرێتەوە لە هێڵکاریی (خواریزمیی)ەکی راستگەریی فەرمییدا، سیمانتیکی ئاخاوتنی منداڵیش ئەم شیکردنەوەیەی بەسەردا دەگونجێت. بەهەمان شێوە، کێشەی سەرەکیی راستگەریی کێشەیەکی وردە وبەئاسانیی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

لەبەر ئەو گرانییە بوو کە ئێمە پرۆگرامێکی کۆمپیوتەریی وەڵامدانەوەی پرسیارمان بۆ پرسیار و داخوازییە ماتماتیکیەکانی قۆناغی سەرەتایی نووسی، چونکە رەزامەندیی پێشبینیکراو وتێگەیشتن لەو پرسیار وداخوازییانە تایبەتمەندییان روون وبەئاما نجکراو بوو، هەروەها راستکەوتنەوەی سیمانتیکە ژێربەژێرەکەشی شیاوی پشکنینێکە کە هاوڕایی جیهانیی لەسەر بێت.

## ئەنجام

1-دابەشکردنی قۆناغەکانی وەرگرتن و فێربوونی زمان لای منداڵ بە پێی ساڵ و گۆڕانی فسیۆلۆجی جەستەیی ناتەواو دەبێت , چونکە گەشەی زمانی منداڵێك جیاوازە لەگەشەی زمانی منداڵێکی تری هاوتەمەنی , هەروەها مەرج نیە کەشەی زمان و گەشەی جەستەی هاوکات بێکەوە رووبدەن, جاری واهەیە منداڵ پیش پیگرتن و گاگۆڵکێ یاخود داندەرهێنانی فێری زمان دەبێت و هەندێ جاریش پرۆسەکە بە پێچەوانەیە .

2- **باشترین دابەشکردن بۆ غۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لای منالْ , ئەودابەشکردنەیە کەبە پێی گەشەی توانای عەقلی منالْ کراوە, لەو ماوە ئاساییەی کەبۆی دیاریکراوە.**

3-**لە داتای( پروشە ) دا, دەردەکەوێت کە منالْ ئەگەر لە کۆمەلْێکی نائارام لە رووی سیاسیەوە, بژی ئەوا فەرهەنگی زمانی زۆر دەولْەمەند دەبێت لە وشەی سیاسی و کۆمەلآیەتی و هەزاران زاراوەی کارگێری و چینایەتی, کەلەوانەیە منالْێکی هاوتەمەنی و لە کۆمەلْێکی تردا گەورە ببێت بە دەسالْیش دوای ئەو اتەمەنە توانای نەك تێگەیشتنی , بەلْکو فێری وتنیشیان و ببێت, وشەی بنەما لای پروشە تەنها لەبەر کردن نییە و بەلْکو تێگەیشتنە بە شێوەیەکی تەواو لە واتای تەواوەتی وشەکە, ئەمەش لە زانستدا بە نائاسایی دادەنرێت(** up normal ).

**سەرچاوەکان**


- **محمد معروف فەتاح,** ( 1990 ) **, زمانەوانی , چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین , هەولێر.**
- **دانا تحسین محمد(** 2008 ) **, نەخۆشی زمانگرتن لە نێو مندالآنی کورددا, نامەی ماستەر, کۆلێژی پەروەردە, زانکۆی سەلاحەدین.**
- **تارا عبدالله سعید(** 1989 ) **,واتاسازی وشە, نامەی ماستەر, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین.**
- **ت. مجید تاماشطة(** 1986 ) **علم الدلالة السلوكي, دائرة الحرية للصناعة, بغداد.**
- **احمد مختار عمر(** 1982 ) **, علم الدلالة,مكتبة دار العروبة للنشر وتوزيع , جامعة الكويت.**
- **رشا ابو نيلان : متي يتكلم الطفل 21 اكتوبر** 2014 ) . http://mawdoo3.com
- **ساجدة ابو صوى: مراحل نمو الطفل في سنة الاولى :12 ابريل** 2017 http://mawdoo3.com
- **سناء دويكات:ماهو سن الطبيعي للكلام عند الطفل: 26 فبراير**
- http://mawdoo3.com
- **عائشة اسامة: لماذا يبكي اتطفل عند الولادة: 4 ديسمبر** 2014 http://mawdoo3.com
- **عزيز سمارة – عصام النمر- هشام الحسن, نمو الغوي عند الطفل, مصدر كتاب( السايكولوجية الطفل )** 2008\4\19 . http://www.alukah.net
- **محمد الزين, مراحل النمو اللغوي عند الطفال: 29\9\ 2006.** .http://www.werathah.com\special\lang\miletone.htm
- laura Wagner , 2015, semantics , Acquisition , ohio State University .
- Patrick  Suppes 2002, The Semantics of children s Language, Stanford University.
- Tomaseiio, M.(2001) , Perceiving intention and learning words in the second year of life –In Bower man, M and Levinson ,S,(eds) Language aequisition and conceptual development , Cmpmbridge University press.

- طالب حسێن علی( 1998)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستەو واتا لە کوردیدا, تێزی دکتۆرا, کۆلیژی ئادابو زانکۆی سەلاحەدین.
- محمد البكري( 1986 ),مبادىء في علم الدلالة,دار الشؤون الثقافية العامة. افاق عربية, بغداد
- نوال كريم زرزور( 1988 ) , ابن الجني وعلم الدلالة,رسالة الماجستير, كلييةت الادب, جامعة المستنصرية.
- أميمة نصار , مجلة< سيدتي > سألت الإختصاصية في علم النفس الدكتورة ابتسام الشباوري عن كيفية نمو القاموس الغوي http://www.sayidaty.net
- ايفي مزيدة بخاري( 2013 ) , اكتاب اللغة, رسالة ماجستير, جامعة جامعة مولانا مالك إبراهيم الإسلامية الحكومية مالانج.
- نورا شيشاني: مراحل اكتساب اللغة عند الطفل:13 نوفمبر 2013 http://mawdoo3.com



المستخلص

لعل من اكثر الطرق وضوحا لنقل اللغة للمعنى هي الكلمات،حيث تحتوى كل للغـــة على الالاف من المفردات و الكلمات التي تشير الى معاني و مفاهيم تتراوح مابين الملموسة و العادية.اصبح الاهتمام باللغة ،خاصة لغة الاطفال ،شغلا مركزيا في علم النفس المعاصر . هذا الاهتمام يثير الدهشة الى حد ما ،لان الجميع يدرك تماما التعقيدات الكثيرة لاستخدام اللغة و تطور اللغة عند الاطفال.

يتكون البحث من فصلين ،الفصل الاول: يتضمن مراحل تعلم اللغة( لغة الام ) عند الاطفال و العوامل التي توءثر على تطوراللغة عند الاطفال.

الفــصل الثـــاني : يتضمن كيفية ربط المفردات بمعانيها من قبل الاطفال،عن طريقة الحقول الدلالية الخاصة بهم


## The Semantics ۆf Children Language


## Abstract

Interest in language, especially that of children, has become a central concern of contemporary psychology. This interest is somewhat surprising, because everyone recognizes the enormous complexity of language use and language development in the Child

This research deals with the semantics of children s speech in terms of the stages of learning language (mothers tongue), and the factors which affect the development of children s language, in the first part. how they join the words with the meaning throw their own semantics fields, in the second part.

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.378

# رۆڵی شیعری سیاسی لە جولاّنەوەی نەتەوەیی کورددا

# ( 1918 -1925 )

سامان عزالدین سعدون

زانکۆی چەرموو . کۆلێژی پەروەردە و زانستە سروشتیەکان

saman.ezadin@charmouniversity.org

## پوختە

لە لێکۆڵینەوەکەماندا کە بە ناونیشانی (رۆڵی شیعری سیاسی لە جولاّنەوەی نەتەوەیی کورددا)یە ولە ئاکامی ئاوەڕدانەوەمان لە بەرهەمی شیعری کۆمەڵێك شاعیری قۆناغی نێوان سالانی 1918 – 1925 شۆربونەوەمان بە ناو تاقیکردنەوە شیعریەکانیاندا, توانیومانە پەردە لەسەر کۆمەڵێ ڕاستی گرنگ هەڵدەینەوە و زانستانەش لایەنە بیری نەتەوەیی بخەینە ڕوو کە کاریگەرییان لەسەر جولانەوەی سیاسی کورد هەبووە و بگەینە کۆمەڵێ ئە نجامی ئەوتۆ کە نەك هەر بۆ شاعیرەکان و بەرهەمە شیعرییەکانیان گرنگی خۆیان هەیە بەڵکو لەسەر ئاستی ئەدەبی کوردیمان بەگشتی و قۆناغە شیعرییەکەی شاعیرەکان بە تایبەتی بەهاو بایەخی تایبەتییان هەیە.

لێکۆلینەوەکەمان لە سنوری دوو بەشدا ئە نجامداوە , بەشی یەکەم لە چوار تەوەر پێك هاتووە لە تەوەری یەکەمدا ئاورمان لە چەمك و پێناسەی شیعری سیاسی داوەتەوەو, لە تەوەری دووەمدا ,باسمان لە پێگەی شیعری سیاسی لەناو ئەدەبی بەرەنگاری کردووە , لە سێیەم تەوەریشدا قۆناغەکانی شیعری سیاسی کوردیمان دەستنیشان کردووە ,لە دوا تەوەریشدا هەوڵمانداوە گرنگی و رۆڵی شیعری سیاسی کوردی لە گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورددا روونبکەینەوە . بەشی دووەم کە بە ناونیشانی( شیعری سیاسی و بیری نەتەوەیی ) یە , لە دوو تەوەر پیك هاتووە : لە یەکەم تەوەردا باسمان لە شیعری سیاسی کوردی پێش دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمود کردووە روومان لەو شیعرانە کردووە کە مێژووی نووسینیان دەگەرێتەوە بۆ پیش حکومرانی شێخ محمود کاریگەری ئەم جۆرە شیعرانەمان لە سەر بیری ناسیۆنالیزمی کوردی روونکردۆتەوە .لە تەوەری دووەمیشدا لە دیدی شاعیرانی قۆناغەکەوە هەوڵمانداوە ریچکەی شیعری سیاسی کوردی لە سەردەمی فەرمانرەوایی مەلیك مەحموددا لە سەر جولانەوەی سیاسی نەتەوەی کورد بەگشتی و حکومەتی شێخ محمود بە تایبەتی روونبکەینەوە . لە کۆتایشدا بە چری ئە نجامی لیکۆڵینەوەکە خراوەتە روو.

**کلیلی ووشەکان:** شیعری سیاسی، شیعر، جولاّنەوەی نەتەوەیی ،کورد، حکومەتی شێخ مەحمود

## پێشەکی

شیعری سیاسی کوردی کە بەشێکە لە مێژووی نەتەوەیی کورد. لەگەڵ جولانەوەی نەتەوەیدا رۆیشتوە و تێکەلاّو بووە , کاری لە جولانەوەکە کردووە و جولانەوەکەش کاری لەو کردووە . بەگشتی سەرچاوەیەکی بەنرخ و باوەرپێکراوی لێکۆلینەوەی

لایەنی سیاسی و ژیانی گەلی کوردە , کە لە هەندێ قۆناغی جولانەوەی نەتەوەیی کورددا گرنگیەکی گەورەی هەبووە , چ لە دەربرین و دارشتنی هەندی لە ئاوات و خواستەکانی گەلەکەمان و دیاریکردنی لایەنیفیکری و چ لە هاندانی خەڵك بۆ خەبات .
ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەو دەقە شیعریانە دەکات , کەبەرهەمی کۆمەڵێك شاعیری دیاری قۆناغەکەن و شیعرەکانیشیان دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی نێوان 1918 – 1925 . گرنگی قۆناغەکەش لەوەدایە کە لە رووی مێژوویەوە دەکەوێتە سەردەمی شێخ محمود و دروستکردنی حکومەتی کوردستانی باشوورەوە . لە شاعیرە دیارەکان کە لێکۆلینەوەکە رووی لێ دەکات ( حەمدی , شوکری فەزلی , فایەق تاپۆ , مستەفا پاشا , عارف سائیب , زێوەر , رەفیق حیلمی , ئەحمەد موختار ). لێرەدا هۆکارەکانی ئەم جۆرە لە شیعر دیاری دەکەین و کاریگەری بەسەر بیری نەتەوەیی جولانەوەی سیاسی کوردیدا روونده‌کەینەوە . بەگشتی شیعری ئەم ماوەیە رۆڵی رێنیسانسی گێراوە, کە زیاتر چووە ناو ژیانەوە و وێنەی ڕاستەقینەی رەنگرێژکرد, کاتێك سەرنج لە سامانی شیعری بەجێماوی شاعیرە ناسراوەکانی ئەم قۆناغە دەدەین, دەبینین بە پێی ئەو پلەیەی لە ناوبانگدا پێی گەیشتوون , مایەیان هەیە لە نواندنی تایبەتیەکانی نەتەوەو نیشتمانیان و بەهرەی داهێنەرانەی خۆیان لە سامانی بیری نیشتمانی کوردەوە وەرگرتووە.لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵێك شاعیر روو لە شیعری سیاسی دەکەن و ئەدەب بە سیاسەتەو کۆمەڵەوە گرێ دەدەن .

شیعری سیاسی سیمایەکی دیاری شیعری قۆناغەکە بوو.هەندێ لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی هونەری شیعر, کۆمەڵێ ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ئاینی گرتۆتە خۆی و هونەریانەش دەریان بڕیون .. بۆیە شاعیرانی قۆناغەکە , داوای هەڵوێست لە میللەت دەکەن و تەنانەت لەنێوان خۆیانیشدا رەخنە لە بەرهەمی یەکتر دەگرن , بەوەی سەردەمەکە وا دەخوازێت , کە چیتر باس لە یارو بابەتی خودی نەکەن و لە مەولا دەبێت شیعرەکانیان ئەرکی وشیارکردنەوەو رێگەی تێکۆشان لە پێناو نیشتماندا ببینێ .بەم پێیە شیعری (بەرەنگاری) بە گشتی و شیعری (سیاسی) بە تایبەتی بوو بە سیمایەکی دیاری شیعری قۆناغەکە . بیری شیعری نوێ شەقڵی ڕیالیستی پێوە دیارە ,ئیلهامی لە جیهانی بابەتیانەوە وەردەگرێت ,ئەگەر چی لە دەربریندا رەنگی بۆتەی شاعیر وەردەگرێت. شیعر دەنگی هاوارو ناڵەی خەڵکی کوردستان بوو,داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵ لە شاعیر داوا دەکرێت, پاڵەوانی شیعری تازەش تێکۆشەرە.

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی قۆناغێکی مێژوویی گرنگی نەتەوەکەمانە لەبەر رۆشنایی و ناوەرۆکی شیعرە سیاسیەکانی قۆناغەکە , هەروەها دیاریکردنی ئاستی کاریگەری شیعرە سیاسیەکانە لەسەر بیری نەتەوەیی و بە دیاریکراویش لە سەر جولانەوەی سیاسی شێخ محمود .

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە بیری کوردی دەوڵەمەند دەکات و گرنگی شیعر لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا دەردەخات و , کەموکورتی جولاندنەوەی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستدا دەستنیشان دەکات .لە لایەکی ترەوە ئەم لیکۆڵینەوەیە, لە روانگەیەکی ترەوە روو لە رۆڵی شیعری سیاسی دەکات . ئەویش ئەوەیە کە باس لە کاریگەری شیعری سیاسی لەسەر جولاندنەوەی نەتەوەیی کوردی دەکات .لە کاتێکدا زۆربەی لێکۆلینەوەکانی تر وەك بابەتیکی شیعری , روویان لە شیعری سیاسی ئەم قۆناغە کردوە .

**بەشی یەکەم ( ئەدەب وسیاسەت )**

**جیهانی ئەدەب وجیهانی سیاسەت دوو جیهانی تەواو جیاوازە, ئەدەب بەو ناسكی و دەوڵەمەندی بەو هەستە مرۆڤانەیەوە . سیاسەتیش دوور لە هەستی مرۆڤانە بە ململانێ و توندوتیژی و جۆرێك لە بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیكردن و رووبەرووبوونەوە . كەچی واقیعی كۆمەڵگا, ئەم دوو جیهانە كۆدەكاتەوە , بەو پێیەیی لە هەردوو جیهانەكەدا مرۆڤ تەوەر و ناوەندی كاركردنی هەردوو كایەكەیە .**

**پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت كاتێك دێتەوە ئاراوە, كە چەمكی ئەدەب بە دەووروبەرو واقیعە سیاسیەكەوە ببەستینەوە, كاتێ ئەدەب ئەركی وشیاری دەبینێت و بانگەشەی شۆرش وتێكۆشان و بەگژاچوونەوە ویاخیبوون دەكات . بەو پێیەی سیاسەتیش بە هەموو ئەو بیرو چالاكیە مرۆیانە دەوتری كە پەیوەستن بە ریكخستنی سیستەم و دەسەلات و بەرێوەبردنی كاروباری مرۆڤ و شێوازی حكومرانیەوە . كەواتە لوتكەی ئامانجی كاركردنی هەردووكیان مرۆڤە , لێرەوە پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت دێتە ئاراوە .. بەم پێیە ئەدەب دەبێتە پانتاییەك بۆ خولقاندنی بابەتی سیاسی و كە كۆمەڵێك چەمك و بابەتی وەك بزواندنی بیری نەتەویی و نیشتمانی و ئازادی دەكاتە تەوەری سەرەكەی پەیامە ئەدەبییەكانی . شیعری سیاسیش ئاكامی زوڵم و زۆری ستەمی دەسەلاتدارانی ئینگلیزەكان بوو لە باشووری كوردستاندا .**

**چەمك و پێناسەی شیعری سیاسی**

**چەمكی شیعری سیاسی لە ناو ئەدەبی گەلاندا تاقیكرنەوەیەكی نوێیە ,بەلاّم رەگ و ریشەی دەگەرێتەوە بۆ مێژوویەكی كۆن كە لە چوارچێوەی شیعری نیشتمانی و هۆشیاری دا رەنگی داوەتەوە . (( لە سەدەكانی رابردوودا شیعری سیاسی لە چوارچێوەی شانازیكردن بە ئازایەتی رۆلەكانی نەتەوەدا دەسورایەوە , بەلاّم لە سەرەتای سەدەی بیستدا خۆی لە دەوری خەباتی شۆرشگێری و نەخشەكێشان بۆ رێگەی رزگاری نیشتمان و نەتەوە لە چنگی دوژمن و یەكگرتنەوەی بەشەكانی كوردستان ئالاّندووە ))[1] .**

**(د. عەلی عەباس عەلوان ) لەم رووەوە دەڵێ : (( ئەگەر شیعری سیاسی بە گشتی چەمكەكەی لەگەل هاولاّتی بەرانبەر دەسەلاّتی فەرمانرەوایی و پێوەندی لەگەڵ ئەو دەسەلاّتەدا , جا دژایەتی یا لایەنگری بی دەست نیشان بكات ))[2] . شاعیر كە دەبینێت گەلەكەی زۆلی لی دەكرێ بە ئەركی سەرشانی خۆی دەزانێت هەڵویستی راستەقینەی خۆی بە وشە كە چەكی دەستی شاعیرە دەربرێت.**

**شاعیر لەم سەردەمەدا بەشداری پرۆسەی پێشكەوتنی كۆمەل دەكات و بەرگری لە ماف و خواستە رەواكانی دەكات . چونكە ئەویش تاكێكە و بەهەزاران سەرەداوەوە پێوەیەوە بەستراوە . (( ئەگەر هەموو شتێك لە دنیادا ئایدیال بێ , هەڵبەت ئەركی شاعیر خەباتی سیاسی نییە , بەلاّم تا ئەو دەمەی بێ دادی هەیە شاعیری راستەقینە هەقی نییە خۆی لەو خەباتە بە دوور بگرێ ,بەڵكو دەبێ لە ناوەراستیا بێ , و داكۆكی لە كەلەپوورە مەعنەویەكەی مرۆڤ بكا . ))[3] بەم پێیە شیعری سیاسی ئەو**

---

[1] - عەبدولواحێد ئیدریس شریف ، سروودو گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاری كوردی لە كرمانجی خواروودا ( 1935- 1991) دەزطای ضاث و بلاوطردنةوةی ،سلیمانی، 2011 ، ل26

[2] - د. مةحمةد فازیل مستةفا , زیَوةر ذیان و بةرهةمی , هةولیر , 2010 , ل 74

[3] - د. **ابوبكر خۆشناو** , **شیعری بەرەنگاری كوردی** , ل 78

هۆنراوەیە لە ئاخاوتن كە پەیوەستە بە سیستەمی ناوخۆیی دەوڵەت و دەسەلأتی دەرەوەی و شوێن و پێگەی لە نێو دەوڵەتاندا .بە پێی ئەم پێناسەیە بۆ نەتەوەی كورد ئەو شیعرانە دەچێتە خانەی مەبەستەوە كە لە رۆژگاری هەرسێ دەسەلأتی حكومرانی شێخ مەحموددا وتراون .[4]

**پێگەی شیعری سیاسی لەناو ئەدەبی بەرەنگاریدا**

رێچكەی شیعری سیاسی وەك بەشێك لە ئەدەبی بەرەنگاری باسێكی گرنگ و پر بایەخە لە جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی كورددا , بە تایبەتی لە بوژاندنەوەی بیری نەتەوەییدا .هەربۆیە كاریگەری وشە ئەوەندەی كاریگەری چەك رۆڵی لە خەبات و شۆرشدا هەیە . هەر وەكو ( گۆران ) لە بارەی ئەركی ئەدەبەوە دەلێ: (( هەر ئەوە تاوێك ئەبی بە زمانی ئاین و تاویك ئەبی بە زمانی فەلسەفە و تاوێك بە زمانی سەركردەی شۆرش و راپەرینەكانی, گەل لە بیداریمان ئەوروژینی , ئەمانكا بەگژ جەورو ستەما , بیزارمان ئەكا لە خراپە , هانمان ئەدا بۆ چاكی , بۆ راستی بۆ داد و ئینساف ))[5]

نوێخوازەكان و ریالیستەكان پێیان وایە كە ئەدەب دەبێت رەنگپێدەرەوەی واقیعی سیاسی كۆمەڵگا بیت و تایبەتمەندێتی نەتەوەیی تیادا پێوە دیار بێت . بە تایبەتی كاتیك نەتەوە دەكەوێتە بەر هەرەشە و مەترسی لە ناوچوون لە لایەن نەتەوەی دەسەلأتدارەوە . (( بەرهەمی وێژەی نەتەوەیەك ئەو بەرهەمەیە شەقلی تایبەتێتی ئەو نەتەوەیەی پێوە دیار دەبێ , تایبەتێتی نەتەوە لە گشت سەرچاوەكانی ژیانیاندا , بە ژیانی ئابووری و سیاسی و ئاینی ویاساكانی كۆمەلأیەتییەوە بە شكۆ مێژووییەكانییەوە لەگەڵ چۆنێتی سروشتی نیشتمانەكەی ))[6]

پەنابرنە بەر ئەدەب بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی نەتەوە , هەنگاوێكە یەكەمجار شاعیران بەردی بناغەیان داناوە , چونكە (( شیعر رەگەزێكی كاریگەرە لە خەباتی ئەمرۆی نەتەوەی كورددا و پێوەندییەكی بە تینی هەیە لەگەڵ كۆمەلانی خەڵكدا و كورد جێگایەكی تایبەتی لە خەبات و دەروونی خۆیدا بۆ شیعرو شاعیر داناوە . ))[7]هەر لەبەر ئەم هۆیەشە كە گۆران وەك رەخنەگرێك بلێت : (( هەرچی عاجباتی لە دنیادا هەیە لە پێشدا لە خەیاڵخانەی ئەدیب و شاعیرەكان زاون , لە پاش سەردەمێك لەوێوە گواستویانەتەوە بۆشوێنە بە كەڵكەكانی, ئەمجا بۆ دەستی وەستاو كرێكار . شۆرشە بەكەڵكەكانی تەئریخ , راپەرینەكانی ئاین , سیاسی , كۆمەڵی ئیصلاحەكانی ئیقتصادی ئەمانە هەموو هانەهانەی یەكەم جاریان لە شیعر و ئەدەب بیستوە ))[8] . ئەم بایەخەی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی وا دەكات جێگای ئومێدی خەڵك بێت , هەر لەوێوە هەوڵەكانی بخاتە كار بەمەبەستی بەرجەستەكردنی خواستەكانی و هێنانەدی خەونەكانی لە ئازادی و سەربەخۆیی , چونكە (( ئەدەب لە نێو گەلێكی بێ بەش لە ئازادی سیاسی دەبێتە تاكە سەكۆیەك كە دەتوانرێ تیایدا هاوارەكانی بگەیەنێ و هۆشیاری یەكەی بەرجەستە بكا . ))[9]لەبەر ئەم هۆكارانە پێویستمان بە جۆرێك لە شیعرە كە بە زمانی توند نوسرابێت و سیمای بەرەنگاری و

---

[4] – د. محەمەد دلێر ئەمین , رۆژنامە نوسی كوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەیی یەكەمین دەسەلأتی كورددا , ل 87
[5] – ئومید ئاشنا , گۆران نووسین و پەخشانەكانی , ل 23
[6] - ئومید ئاشنا , طۆران نووسين و ثةخشانةكانى , ل 34
[7] - د. عيزةدين مستةفا , شيعرى تازةى كوردى , طؤظارى رؤشنبيرى نوى , ذمارة ( 105 )
[8] - ئومید ئاشنا , طۆران نووسين و ثةخشانةكانى , ل 24
[9] - ابوبكر خؤشناو , ئةدةبى بةرةنطارى , ل

گوتاری مانەوە بێت (( كاتی تەنگانە , شیعری توندو راستەوخۆی دەوێ , چونكە شاعیری بەرەنگاری تەنیا شیعر بۆ شیعر نانوسێ , بەڵكو شیعر دەكاتە سپەری مانەوە , مانەوەش دەخوازێ , شیعر شەپیور بێ , نەك لایەلایە , واتە بەئاگا هێنەر بێ نەك خەوهێنەر و كاتێكیش شیعر هۆشیار كەرەوە بێ چەند سیمایەك بەخۆوەدەگرێ , كە بە مسۆگەری لەكاتی ئاسایدا نابینرێن . ))[10] . شاعیرانی كورد لەگشت چەرخ و سەردەمێكدا راستەوخۆ شیعرەكانیان وەك چەكێكی كاریگەر بەكارهێناوە بە تایبەت لە سەدەی بیستدا . زیاتر لە بواری سیاسیدا شەوق ئەداتەوە و تایبە تمەندی ئەو بارودۆخەی نیشان داوە .[11]هەندێ لە لێكۆلەران رایان وایە كە (( ئەدەبی كوردی لە جەوهەردا ئەدەبێكی بەرگرییە , چونكە ئەدەبی میللەتیكی بەرگریكەرە و لە دێر زەمانەوە بۆ پاراستنی نەتەوەیی خۆی هەموو چست و چالاكی یەكانی خۆی خستۆتە شەری بەرگری كردن ))[12] .بەو پێیەی كە گەلی كورد لە سەر نیشتمانی خۆی دوچاری هێرش و پەلاماری هێزی ناوچەكەو جیهان بۆتەوەو بە چەندەها شێواز هەوڵی چەوساندنەوەو لەناوبردنی دراوە بۆیە هەوڵی داوە لە رێگەی شیعرەو رووبەروی داگیركەران ببێتەوە , ئەم هەولەی كورد تا ئەمرۆش بەردەوامە هەربۆیە (( سەرلەبەری ئەدەبی گەلێكی چەوساوە و تێكۆشەر بە ئەدەبی بەرەنگاری لە قەڵەم دەدەن ))[13]. كەواتە شیعری سیاسی جۆرێكە لە ئەدەبی بەرەنگاری .چونكە بەلای ئێمەوە ئەدەبی بەرەنگاری بریتیە لە ( شیعری نیشتمانی , شیعری رزگاری خوازی , شیعری سیاسی , شیعری بەرەنگاری ), و پەخشانی بەرەنگاریش لە ( وتار , چیرۆك , رۆمان ) دا رەنگی داوەتەوە .

**قۆناغەكانی سەرهەڵدانی شیعری سیاسی كوردی**

ئەوەی تا ئێستا خراوەتە روو لە بارەی قۆناغەكانی شیعری سیاسی كوردیەوە , ئەوەیە كە د. عەبدوڵلا ئاگرین خستۆیەتە روو : قۆناغی بەر لە رزگاربوون و دامەزراندی قەوارەی سیاسی وەك بەرهەمی ئەحمەدی خانی . قۆناغی بوونی قەوارەی سیاسی بەرهەمی ( شوكری فەزلی , زێوەر , مستەفا پاشا , خالیسی , میرزا غەفور , حەمدی .. ) قۆناغی دوای روخان و شكست وەك بەرهەمی پیرەمێرد . ))[14]دیارە د. عەبدوڵلا ئاگرین شیعری كوردی لە ئەحمەدی خانیەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی قەوارەی سیاسی لە باشوور, بە شیعری سیاسی لەقەلەم دەدات .

پشتبەست بە ناوەرۆكی شیعری كوردی لە سەرەتاوە تا ئەمرۆ لە روانگەی چەمكەكانی شیعری سیاسی و ئەدەبی بەرەنگاری دەگەینە ئەو ئە نجامەی كە شیعری بەرەنگاری كوردی بە چوار قۆناغی سەرەكیدا تێپەریوە كە بریتین لە :

1- قۆناغی شیعری نیشتمانی : بریتییە لەو شیعرانەی كە شاعیرانی كورد تۆوی خۆشەویستی نیشتمان دەچێنن و بە وەسفەكانیان بۆ جوانی سروشت و خاكی كوردستان خۆشەویستی خۆیان بۆ نیشتمان و پەیوەستبونیان پێوە دەردەبرن , كە ئاما نجیان بڵاوكردنەوەی هۆشیاری نیشتمانییە لە نێو خەڵكدا

[10] – ابوبكر خۆشناو , ئەدەبی بەرەنگاریكوردی , ل 196

[11] – د. عەبدولڵا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , 1996 , ل 38

[12] – ابوبكر خۆشناو , ئەدەبی بەرەنگاریكوردی , ل 196

[13] - ابوبكر خۆشناو , ئەدەبی بەرەنگاریكوردی , ل 37

[14] - د. عەبدولڵا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , ل21

2- قۆناغی شیعری رزگاری خوازی : بریتییە لەو شیعرانەی کە شاعیرانی کورد بانگەشە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دەکات و هانی گەل دەدات بۆ خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و دادپەروەری و یەکسانی . لەم قۆناغەدا بیری نەتەوەیی سەریهەڵدا .

3- قۆناغی شیعری سیاسی : ئەوەیە کەباس لە مەسەلەیەکی دیاریکراو دەکات لە هەوڵ و تەقەلا وهەڵوێستی فیکری و کردەیی دەدوێ ,لە پێناوی دامەزراندنی حوکم و دەسەلاتێکی دیاریکراو یاخود گۆرانکاری بەسەر دەسەلاتی حوکمدا , لەم قۆناغەدا بیری نەتەوەیی زیاتر گەشەی کرد و پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە .

4- قۆناغی شیعری بەرەنگاری : ئەو شیعرەیە لە شۆرشی چەکداریدا دەنوسرێ و بلاودەبێتەوە .کار لە خەڵك و پێشمەرگە دەکات و هانیان دەدا بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەران . سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لەشیعر لە ئەدەبی کوردیدا دەگەرێتەوە بۆ سالانی شەستەکانی سەدەی بیست , کاتێك خەباتی چەکداری وەکو ریگایەك بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان بە ناچاری پەنای بۆ برا .

**رۆڵی شیعری سیاسی کوردی لە گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورددا**

بەراورد بە مێژووی گەلانی جیهانی , ئێمە لە هەرگەلێك زیاتر مێژوومان لە نێو جیهانی شیعردا تۆمار کراوە , هەر بۆیە لێرەوە گرنگی ئەم جۆرە شیعرانە دەردەکەوێت , چونکە لەلایەك تیشك دەخەنە سەر قۆناغێکی گرنگی مێژوویی گەلەکەمان لە لایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی بیری نەتەوەیی و سەرهەڵدانی شۆرش و راپەرینەکانی کورد . جیهانبینی شاعیرانی کورد لەو شیعرە سیاسیانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا دەریانبریوە کاریگەری و رۆڵی دیاریان لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەیە . ئەمە خۆی لە خۆیدا بایەخی شیعری سیاسی دەردەخات .(( ئاساییە ئەگەر حاجی لە رێی شیعرەکانییەوە ببێتە هێزێکی بزوێنەر و ئامادەکاری جەماوەر بۆ راپەرینەکەی سالی 1880 , کە رابەرەکەی ( شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ) تا ئاستێکی باش توانیبوی مانایەکی ناسیۆنالیستانە بە دین بدات . ))[15]

شیعری سیاسی کوردی جگە لەوەی خەسلەتێکی مرۆڤایەتی هەیەو بۆ خزمەتی کۆمەڵگا تێدەکۆشێت . کەرەسەیەکی بایەخدارە بۆ رووداوو بەسەرهاتەکانی گەلی کورد , کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا روویانداوە , دەکرێ وەك هەنگاوەکانی گەشەکردنی جولانەوەی نەتەوەی کورد لێیان بروانین و سوودیان لێوەربگرین کە تا چ ئەندازەیەك رۆڵیان هەبووە لە گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورددا . چونکە تاکە سەرچاوە بۆ ئێمە, کە دوور لە مەرامی هیچ کەس و لایەنێك نووسرابێتەوە , شیعری سیاسی شاعیرانی کوردە کە بە ویژدانەوە لایەنە گەش و تاریکەکانی جولانەوەی سیاسی نەتەوەی کوردیان بۆمان تۆمار کردووە . ( زێوەر , عەلی کەمال باپیر ئاغا , حەمدی , شێخ نووری ) رۆڵی کاریگەریان هەبوو لە ناسیونالیزمی کوردیدا, ئەمانە زۆر دژی داگیرکەری تورکی بوون و پشتیوانێکی زۆری دەسەلاتێکی کوردی خۆماڵی یان راستر بلێین شێخ محمودی حەفید بوون .[16]بەم پێیە

[15] – جەعفەر عەلی , ناسۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی , ل 174

[16] - مەجید سالح , بیری نەتەوەیی لای شیخ نووری شیخ سالح , سلێمانی , 2016 , ل 64

شیعری بەرەنگاری بەگشتی وشیعری سیاسی بە تایبەتی هەوێن و هەلگیرسێنەری زۆر جولانەوەو شۆرش و راپەرین و خۆپیشاندان بووە لە مێژووی خەباتی رزگاری خوازی گەلی کوردستاندا .

**بەشی دووەم ( شیعری سیاسی و بیری نەتەوەیی )**

**شیعری سیاسی پێش دامەزراندنی حکومەتی شیخ مەحمود**

زولم و زۆری هەردوو ئیمبراتۆری عوسمانی و سەفەوەی لە هەمبەر گەلی کورد , بارودۆخێکی سەخت و دژواریان لەناو هزر و دەروونی تاکی کورددا خولقاند, بە جۆرێك كە لای زۆربەی شاعیرانی ئەو قۆناغە وێنەی ئەو بارودۆخە دژوارە لە پانتایی دەقە شیعرییە سیاسیاکانیاندا رەنگی داوەتەوە .ئەم شاعیرانە بەرهەمیان تەرخانکراوە بۆ کارەسات و بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە سیاسەت و بەرەو پێشچوونی جولانەوەی کۆمەلأیەتی و سیاسی کورد .

شێخ رەزای تالەبانی دەلێ :

لە بیرم دێ سلێمانی کە دار الملکی بابان بوو

نە محکومی عەجەم و نە سوخرەکێشی ئال عوسمان بوو

شاعیرانی قۆناغەکە , دیدیان بۆ واقیعەکە بابەتیانە بوو , لە تراژیدیای نیشتمانەکەیان دەدوان و لە پێناو باشکردنی ژیانی نەتەوەکەیان شیعریان کردوە بە چەکی بەرگریکردن لە مافەکانیان و ئەو ژیانەی کە شایستەی مرۆڤەکان بێت .

بە هۆی شیعرو وتارەکانی نێو ئەم بلأوکراوانەوە ( کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی ) و ( کوردستان ) و ( رۆژی کورد ) و ( بانگە کورد ) و ( هەتاوی کورد ) بیری نەتەوەیی گەشە دەکات..لە 1898 بەدواوە ئەوەی لەسەر زاربوو لە بارەی کیشەو گرفتەکانەوە , شاعیران و نووسەران و خستیانە سەر پەرەی کاغزو گەیشتە بەردەم زۆرینەی خەلك لە خوێندەواران , ئەم هەنگاوەش دەرگای بۆ گفتوگۆی راشکاوانەی دەستە بژێر کردەوە . کە بیر لە گۆرانکاری هەمەلایەنە بکەنەوە .(( رۆژنامەی کوردستان خالی وەرچەرخانە لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورددا هەروەك برزویی دەلێت : بووبوو بەمینبەرێك بۆ ناسیۆنالیستانی کورد . )) [17]

(( لە سالی 1908 یەکەمین کۆمەلەی سیاسی کوردی بە ناوی ( کۆمەلەی تەعالی و تەرەقی کورد ) و لە سالی 1910 دووەم کۆمەلەی سیاسی بە ناوی کۆمەلەی هێڤی دامەزرێنرا , ))[18] هەردوو رێکخراوەکە لە لایەن ژمارەیەك کوردی نیشتمانپەروەرەوە دامەزرێنران , کە ئامانجیان بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بوو .(( هەتاوی کورد لە سالی 1914 بە شێوەیەکی بەرین بلأو بۆتەوە و دەگەیشتە زۆر شوێنی کوردستان , گویم لە گۆڤارەکە بوو لە شوێنی دووری وەکو سلێمانی , میرە ناوخۆییەکان و رۆشنبیرەکان بە دل و بە گیان بایەخیان بە پرسی نەتەوەیی دەدا . ))[19]. لەم سالأنەدا شێخ مەحمود دەسەلأتدارێکی دیاری سلێمانی بوو , کە لە سایەی عوسمانیکاندا دەسەلأتێکی ناوخۆیان هەبووە لە هەمان کاتدا کەسێکی ئەدەب دۆست و شاعیر بووە ئاگاداری بلأوکراوەکانی سەردەمەکەی بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریانەوە . چوونی شێخ مەحمود لە

---

[17] - جەعفەر عەلی , ناسۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی , ل 179

[18] - جەعفەر عەلی , ناسۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی , ل 188 ل 190

[19] – مینورسکی , ترجمە د. مارف خزندار , بغداد , 1968 , ص44

ساڵی 1895 لەگەڵ كۆمەڵێك كەسێتی ناوداری سلێمانی كارێكی گەورەو دیاری تاڤیكردنەوەی شێخ مەحمود دەردەخات و بە هۆی بینینی ژیانی ئەستەمبول هەر زوو تۆی بیری نەتەوەیی لە ناخیدا چاند . شێخ محمود تەمەنی لە نێوان 16 بۆ 17 ساڵیدا بووە كە لەگەڵ باوكی و هەردوو شاعیر زێوەر و پیرەمێرد و كەسانی تر چووە بۆ ئەسەتنبول و بە چاوی خۆی تەخت و كۆشكی پاشا و سوڵتانی عوسمانی بینیوە,[20] دیارە ئەو گەشتە كاریگەری باشی لە بیرو فێربوون و ئاشنابوون بە داب و نەریتی حوكمرانی ئەو سەردەمەی عوسمانییەكان دا دەبێ و لە لایەكی تریشەوە لەگەڵ كۆمەڵێك لە فەرمانرەواو ئەدیب و زانای دیاری ئەستەنبول لە هەموو نەتەوەكاندا هەڵسوكەوتی كردووە , ئەمانە پێكەوە لە زەین و هۆشی شێخ محموددا دەمێنێتەوە و هەر لەو كاتەوە لە هەست و بیری ئەودا دامەزراندنی قەوارەیەكی سیاسی بۆ كورد دروست دەبێت . هەر بە منداڵی نیشانەی گەورەیی و هۆشیاری و هەڵكەوتوویی بە ناوچەوانیەوە دیار بووە . زیرەك و بە ئەدەب و دەم پاراو رەفتارو گوفتاری جوان بووە چەشەی شیعرو ئەدەب بووە . خاوەنی دیوانێكی شیعرییە . پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی شاعیرانی سەردەمەكەی خۆیدا بووە .(( شێخ محمود وەك مەلیكی كوردستان و سەردارێكی گەورە , تەنیا پەیوەندی بە سیاسی و فەرماندە و جەنگاوەرەكانییەوە نەبووە,بەڵكو لەگەڵ شاعیر و نووسەرو روناكبیرە ناسراوەكانی ئەو رۆژگارەدا ئاشنابوون و تەنانەت هەندێكیشیان لەشەڕو كارە سیاسیەكاندا هاوكاری بوون, وەك ( حمدی و زێوەر و فایەقی تاپۆ وناری و شوكری فەزلی و حسێن نازم و رەفیق حیلمی وپیرەمێرد و شێخ نووری و بێخود و شێخ ئەحمەدی غەنی و تۆفیق وەهبی و شێخ سەلام و ئەحەد خواجە و و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عەلی باپیر ئاغا ))[21] تۆفیق وەهبی لەگەڵ شێخ محمود دا باس لەوە دەكات كە (( تازە توركەكان ئومێدی مانەوەیان نەماوەو باشتر وایە شێخ محمود نامە بۆ ئینگلیزەكان بنوسیت بۆ دروستكردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا ))[22]

سەرەرای زوڵم و نادادپەروەری عوسمانییەكان ,كەچی شێخ هیچ گومان و دوودڵیەكی نەبووە بەرانبەریان, چونكە خۆی دەڵێت (( كە شەری یەكەمی جیهانی دەستی پێكرد منیش وەكو یەكیكی لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی ژمارەیەكی زۆر لە چەكدارانی كوردم كۆكردەوەو چووین بۆ شوعیبە بۆ بەربەستكردنی هێرشی ئینگلیز ))[23] لایەنگری شێخ بۆ توركەكان زیاتر پەیوەندی بە پیگەو بەرژەوەندیەكانەوە هەبووە نەك لە بەر ئەوەی تورك بۆ كورد باشبوونە و ئینگلیز خراپ بووە , چونكە تا ئەو دەمە سیاسەت و دەسەڵاتی ئینگلیزەكانی تاقی نەكردۆتەوە . هەربۆیە شیعرە سیاسیەكانی شێخ , هی سەردەمی حكومرانی ئینگلیزەكانە..

لە ژمارە (3) ی ( بانگی كورد ) كە لە 8 ی شوباتی 1914 دەرچووە بە هەردوو زمانی توركی و كوردی لە بەغدا جەمالەدین بابان دایمەزراند . ( عارف صائیب و زێوەر ) شیعریان تێدا بلاوكردۆتەوە .[24]عارف صائب بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤاری بانگی كوردەوە ئەم شیعرەی تێدا بلاوكردۆتەوە :

---

[20] - . زیوەر , گە نجینەی زیرینی زیوەر , ئا محمود زیوەر , سلیمانی , 2012 , لا 81

[21] - عومەر مەعروف بەرزنجی , نوربەخشی, شیعرەكانی مەلیكی كوردستان شیخ محمودی بەرزنجی , سلێمانی , 2006 ,ل10

[22] - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی كوردی , بەرگی یەكەم , ل 338

[23] - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی كوردی , بەرگی یەكەم , ل 338

[24] - نەوشیروان مستەفا ئەمین , بەدەم رێگەوە گولچنین , چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی , 1898 – 1958 , كتێبی دووەم , بەرگی یەكەم , بیروت , لوبنان , 2013 , ل 118

عالەمێ مەشخولی فیکرو کورد خەریکی وەحشەتە

خواردنم زوخاوی جەرگە , من لە داغ ئەم حەسرەتە

ئەمڕۆ دەورێکی ترە , مەیدانی عەشرەت تەنگ بوە

وەقتی سەعی و غیرەتە هەنگامی بەزلی هیمەتە [25]

لە ژمارەی ( 4 ) ی هەمان گۆڤاردا ( زێوەر ) شیعرێکی درێژی بلاّوکردۆتەوە , چەند بەیتێکی دەخەینە بەردەست :

ئەی نەوەی بازو شەهێن بۆ تۆ جەلادەت فیترییە شێری بەچەی بێشەی جەلادەت سەر لە لانت هەلبڕە سەیری ئەترافت بکە

یەکبارە راوی تۆ دەکەن ئەی جوانانی وەتەن ! ئەی ڕووناکی پاکی مەملەکەت دەرسی تاریختان خوێند , جوغرافیا

دیقەت بکەن تۆش ئەگەر فرسەت لەدەست دەی ئەبیە ملوکی کەسێ

شەو چرا هەڵگری دەبی , ڕۆژیش دەشۆی جام و لەگەن [26]

جگە لەوەی هەردوو شاعیر, لاوان هان دەدەن بۆ خوێندن و فێربوون و کارکردن , داوا دەکەن سوود لە سەردەمەکە وەربگرن و بۆ نەتەوەکەیان هەوڵ بدەن .

ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی لە سەردەمی عوسمانیەکاندا لە نێوان 1898 – 1918 دەرچوون , ڕۆلێکی گرنگ و بنچینەییان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستاندا . بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە بە زۆری لە ناو بازنەی شیعری نیشتمانی و رزگاریخوازی بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلی کورد دان .هرزن دەڵێت : (( ئەدەب لە نێو گەلێکی بێ بەش لە ئازادی سیاسی , دەبێتە تاکە سەکۆیەك کە دەتوانرێ تیایدا هاوارەکانی بگەیەنێ و هۆشیاری یەکەی بەرجەستە بکا ))[27].هەر بۆیە (( شاعیرانی قۆناغەکە کەڵکەڵەی دامەزراندنی حکومەت و دەسەلاّتی کوردی هەراسانی بە کاسەی سەری هەڵگرتوە و خۆی لە ئاست ولاّت و گەلانی سەربەخۆدا بەکەمتر زانیوە .. ئەم حاڵ و دۆخە تا هەڵگیرسانی ئاگری شەری یەکەمی جیهانی درێژەی هەبووە . )) [28] , فایەقی تاپۆ دەڵێ :

بە مەعموری کە مشهوری جیهان بوو خاکی کوردستان

هەموو ویرانەیە ئێستا لە زوڵم و وەحشەتی تورکان

لەبەر لاشەی بەنی ئادەم چ مومکین هاتو چۆکردن

لە نەعرەی برسێتی قابیل نییە ئینسان نەبێگریان [29]

لە شیعریکی تردا دەڵێ:

دەهەڵسن تاکو ئیمەش دەوڵەتیکی کوردی تەشکیل کەین

---

[25] - نەوشیروان مستەفا ئەمین , بەدەم ڕێگەوە گولچنین , ل125

[26] –شیعری ( بوشاگردانی مەکتەب) کە لە دیوانەکەیدا بە ناونیشانی ( بۆ قوتابیان ) هاتوە ژمارەی دیرەکانی کەمترە لەوەی کە لە بانگی کورد دا بلاوکراوەتەوە. هەروەها هەندێ دەسکاریش کراوە ل 180 دیوانی زیوەر . ئامادەکردنی محمد زیوەر. ئاراس0 هەولیر . 2003

[27] - احسان سركيس , الادب والسياسة , بيروت , دار الطليعة , ص 70

[28] - د. عەبدوڵلا ئاگرین , شیعری سیاسی کوردی , لا 27

[29] - د.فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر ، ل

**وەکو قەومی یەهود و سرب و بولگارو , ئەرمەن و یۆنان**

**فەلستین و یەمەن , قەتعەی حیجازو گورجی و ئەرمەن**

**هەموو بووینە قرال و ئیمبراتۆر , حاکم و سوڵتان** [30]

**شێخ محمود کۆمەڵێك کەسایەتی دیار به سەرۆکایەتی ( فایەقی تاپۆ ) بۆ لای ئینگلیزەکان دەنێرێت , لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رێکەوتنێکیان کردوە ئەوەی تێدایە کە هاوپەیمانەکان دوای دەرکردنی تورکەکان دان بە سەربەخۆیی کورددا دەنێن ..[31] ئەم بایەخدانەی شێخ محمود بە شاعیرێکی وەکو فایەقی تاپۆ ئەوە دەردەخات کە شێخ پەیوەندی لەگەڵ شاعیراندا باشبووە .**

**هەردوو گۆڤاری ( ژین ) و ( کوردستان ) زیاتر لە ( 52 ) شیعری نویی کوردی بە هەردوو دیالیکتی کرمانجی باکورو باشور بلاْودەکاتەوە , بێگومان ئەم دەقانە کاریگەریان لەسەر بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد دەبێت .بە هۆی دوو دەستە لە منەوەرانی باشوری کوردستانەوە کە دەستەیەکیان لە ئەستەمبول بوون و خەریکی بلاْوکردنەوەی رۆشنبیری و ئەدەبیات بوون بەشداریش بوون لە ریکخراوە سیاسیەکانی سەردەمەکە . دەستەکەی تریشیان ئەوانە بوون کە لە سلێمانی و لە رێگەی منەوەرانی تورکیاو شاعیران و نووسەرانی نەتەوەخوازی تورکەوە رۆڵیان هەبوو لە بلاْوکردنەوەی بیری نەتەوەیی کوردی .**

**بەم پێیە رۆشنبیران و شاعیرانی کورد هەرزوو کاریان بۆ ئەوە کردوە کە کورد نەبێتە بەشێك لە ستراتیژی نەتەوە بالاْدەستەکانی ناوچەکە , بەڵکو خۆی ببێتە خاوەنی ستراتیژی خۆی .د. مارف خەزنەدار دەڵێ : (( ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم تا جەنگی یەکەمی گێتی 1914 , بیری نیشتمانپەروەری و پراکتیك کردنی سیاسەت لە پێناو کوردایەتی هەموو کوردستانی گرتبووەوە . ))** [32]

**((مستەفا پاشا یامولکی , تۆفیق وەهبی , جەمال عیرفان , عارف سائیب , سالح بەگی ساحیبقران , ئەمانە رۆلی بەرچاویان هەبوو لە دروستکردنی ناسیونالیزمی کوردیدا ,کە لە رووی پراکتیکیەوە , کاریان دەکرد و باوەریان وابوو کە ئینگلیز دەتوانی رۆلی گەورە لە دروستکردنی ناسنامەیی نەتەوەیی کوردیدا بگێری , دروستکردنی ( جەمعیەتی کوردستان ) پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەلاْیەتی بوو بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە کۆمەڵگای کوردی لە باشوور یەکبخرێت ..))** [33]

**رۆڵی رۆژنامەی ( تێگەیشتنی راستی ) لە بلاْوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردیدا دیارو بەرچاوە کە لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە : ( رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتماعی و خادیمی یەکبون و سەربەستی کوردانە ) . ( میجەرسۆن ) بە سەرپەرشتی خۆی و بە هاوکاری( شوکری فەزلی ) دەری کردووە . گەلێ بابەتی ئەدەبی سیاسی , مێژوویی , شیعری شاعیرەکانی کوردی تێدا بلاْوکراوەتەوە ))[34]. هەر لەم بارەیەوە د. کەمال مەزهەر دەربارەی کاریگەری رۆژنامەکە لەسەر کوردەکانی باشوور دەڵێ : (( گومان لەوەدا نییە کە تێگەیشتنی راستی ژمارەی لێدەگەیشتە ئەو ناوچانەی کوردستان کە هێشتا بەدەست لەشکری**

---

[30] - **د.فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر** ، ل

[31] - **عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی کوردی , بەرگی یەکەم,** ل 341

[32] – **د. مارف خەزنەدار , مێژووی ئەدەبی کوردی , ب.** 4 , **ئاراس , چ** 2 , 2010 , **لا** 11

[33] - **مەجید سالح , بیری نەتەوەیی لای شیخ نووری شیخ سالح , سلێمانی** , 2016 , **ل** 64

[34] - نەوشیروان مستەفا ، بەدەم رێگەوە گولچنین ، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی ، کتێبی دووەم ، بەرگی یەکەم ، ل 143

عوسمانییەکانەوە بوون دوور نییە ژمارەی لێگەیشتبێتە کوردستانی ئێرانیش , چونکە ئینگلیز بایەخی زۆریان پێدەدا و لەسەر لاپەرەکانی ( تێگەیشتنی راستی ) رەنگی دابووە )) . [35] بەم پێیە دەگەینە ئەو راستییەی کە (( رۆژنامەگەری کوردی , کە شیعر لە بابەتە سەرەکیەکانێتی لەو ماوەیەدا رۆلێکی گرنگ و پر بایەخی لە بواری گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بینیوە )) [36]

**شیعری سیاسی سەردەمی حوکمرانی شێخ محمود ( 1918 – 1925 )**

بیری نەتەوەیی هەرزوو لای شێخ محمود سەریهەلداوە , وەك لە وەلامی نامەیەکی سەفوەت بەگی نوێنەری روسیادا لە سالی 1915 دا نوسیوێتی دەردەکەویت کە دەلێت : (( هەموو هیوام ئەوەیە کوردو کوردستان لەو دوژمنە رزگاری بێت , ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ دریژ بکات دۆستمانە .. )) [37] کەواتە بیری نەتەوەیی لای شێخ بنەمایەکی هەبووە بۆیە بۆ رزگاربوونی کوردستان ناچارە کە هەر کەسیك یارمەتی بدات بە دۆستی خۆی دەزانێت .لە نامەیەکی تردا بۆ ویلست دەلێت : (( مەبەستی دەولەتە گەورەکان لە جەنگدا , هەروەکو لە بەیانامەکەی سەرۆك کۆماری ئەمریکا و چەرچلی شالیاری بەریتانیادا هاتوە , داننانە بە مافی گەلە مافخوراوەکان و سەربەخۆییاندا , ئێمە بە پێی باوەرمان بەم بەیاننامەیەو بەلێنی دەولەتە گەورەکان هیوامان وایە لە چاوێکی سۆزەوە سەیری مەسەلەکەمان بکرێت و لە رزگارکردنی کوردستان و دەرکردنی تورك و بلاوکردنەوەی بانگی سەربەخۆییدا یا یارمەتیمان بدەن . )) [38]

هەولدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە یەکێك لە کۆلەگە گرنگەکانی پرۆژەی بیری نەتەوەیی دادەنرێت کە شێخ هەولی بۆ دەدا .

شێخ محمود کە نازناوی شیعری ( نوربەخشی ) یە لە شیعری ( شەری سورداش ) دەلێت :

دلْ لەبەندی سینەدا دووبارە واوەیلا ئەکا نوربەخشی ناسرەوێ مەیلی شەرو غەوغا ئەکا

ئینتقامی قەومی لێقەوماو بەحەق داوا ئەکا رۆژو شەو فیکرم لە دنیادا عیلم بەر پا ئەکا

بەلام لەگەلْ ئەوەشدا (( شێخ محمود سەرکردەیەکی پشتبەستوو بە بنەمای عەشیرەتایەتی و تەریقەت بووە و هەستیکی سادەی نەتەوایەتی لە دوای کۆتایی هاتنی شەر لە لا دروست بووە , بەلام ئەو هەستە لەو ئاستەدا نەبووە گوتاری نەتەوەیی بەرهەم بهێنیت )) [39] شێخ مەحمود بە کوشتنی جەمال عیرفان و چاودێریکردنە سەر مستەفا پاشای یامولکی , دەگەینە ئەو راستیەی کە بیری نەتەوەیی کوردی بە پێی چەمکی ناسیۆنالیزم لە هزری شێخدا ئامادەیی نەبووە . چونکە لە دەسەلاتەکەی شێخ مەحموددا دەستە بژێر لە خوێندەوارو ناسیونالیستەکان رۆلْ وکاریگەریان لە بریاری سیاسی و رێکخستنی کارگێریدا نەبووە .

شاهبازی بووم , لە مەیدانی شکاری دوژمنا جەهلی میللەت , بوو بە زیلەت بەسەر شانی منا

شێخ قورسایی و لێهاتوویی خۆی دەردەخات و هۆکاری شکاندن و سەرنەکەوتنی خۆی وبزوتنەوەکەی دەگێرێتەوە بۆ نەزانینی میللەت .شێخ توشی سەرلێشێوانی سیاسی بۆتەوە لە مامەلەکردنیدا لەگەلْ دۆخەکەدا کە چۆن دەگات بە سەربەخۆیی لە نێوان دابران لە تورکەکان ورووکردنە ئینگلیزەکان .

---

35 د. کەمال مەزهەر . شوێنی تێگەیشتنی راستی لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردیدا . ل146

36 - جەعفەر عەلی , ناسۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی , ل197

37 - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی کوردی , بەرگی یەکەم ل 335

38 - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی کوردی , بەرگی یەکەم ل 339

39 - عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیزمی کوردی , بەرگی یەکەم ل 367

شیعری سیاسی لەم قۆناغەدا كە هەڵگری سیمای نەتەوەیی یە , هۆكار بووە بۆ هەڵگیرساندنی شۆرش لە پێناوی سەربەخۆییدا, چونكە (( لە هەندێ باردا یان قۆناغی جۆراوجۆری بزوتنەوەكان , شیعر دەبێتە بەشێك لە كاری شۆرشگێرانەی كۆمەلانی خەڵك )) [40] شیعریسیاسی كوردی لە كۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەكاندا سەرەرای ئەوەی ئەركی هۆشیاركردنەوەی خەڵكی كوردستانی دەبینی , لە هەمانكاتیشدا زەمینەیەكی لەباری بۆ شۆرش رەخساند , بە تایبەتی دوای هاتنی ئینگلیزەكان بۆ ناوچەكە , لە دیارترین ئەو شۆرشانەی كە لە باشووری كوردستان سەری هەڵدا شۆرشی شێخ محمود بوو .(( شاعیرانی سەردەمی عوسمانییەكان و تەنانەت لە سایەیی ئینگلیزەكانیشدا لە رێگەی شیعرە سیاسیەكانیەوە هێلی سەرەكی و گشتی نەتەوەیی نیشتمانی گرتووە و سەر بە هەر كۆمەڵ و فیكرێك بووبێت هەرگیز نەبوونە بە لایەنگرێگی سەر بە حیزب و گروپێكی سیاسی و نەچونەتە نێو بەرەبەرەكانی سیاسی حیزبەكانەوە خۆ ئەگەر چوو بێتە ئەو ململانێشەوە . ئەوا شێوەیەكی ئارام و هێمنی لەخۆی گرتبوو )) [41]. لەم لایەنەوە ئەركی ئەدەب ئەوەیە كە رۆلی هەبێ لە ئاراستەكردنی خەڵك بەرەو ئایندەیەكی گەش , كە بەشدار بێت لە جولانەوە سیاسیەكاندا بۆیە شیعر (( پێویستە خولقێنەرو بنیاتنەری گۆرانكارییە كۆمەڵایەتیەكان و لە هەندێ كاتدا ئالا هەڵگری جولانەوەكانیشی بێ . )) [42]. هەربۆیە شاعیران وەك كەسانی دیاری ناو خەڵك لە سۆنگەی بەرپرسیارەتی و ئەركی سەر شانیان , هەمیشە رێنیشاندەر بوونە و راستییەكانیان خستۆتە روو , رەخنەشیان لە سیستەم و دەسەڵاتداران گرتووە .(( شیعر لە بواری هۆشیاری فیكریدا رۆڵی خۆی وەك چەكێكی نووك تیژ ئەبینێ , شاعیر باسەركردەی راپەرین و شۆرشی نەكردبێ, بەلام لە كوانوی شیعرەكانیەوە تەزووی هۆشیاری و گیانی شۆرشگێری , جولانەوەی سیاسی بەخشیوە . ))[43] د. ئاگرین دەلێ: (( شاعیرانی كورد دوای كۆتایی جەنگ شیعر كاریگەری سەردەم و بواری چالاكی سیاسیان بوو . ژان و سوێی ژیانی ژێر چەپۆكی ستەمی عوسمانییەكانیان تێكەڵ بە جەوری ئینگلیزە داگیركەرەكان كرد وگیانی نیشتمان پەروەریان پێ وروژان و تۆویی شۆرشگێریان وەشان . ))[44]

هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە كە ئەگەر شاعیر ئاگاداری دەووروبەری خۆی ونەتەوەكەی و دەوروبەری جیهانی نەبێت ئەوا ناتوانێ پەیامەكەی بگەیەنێتە جەماوەر . كەواتە شاعیر تەعبیر لەو واقیعە دەكات كە تیایدا دەژی (( وەك شایەدێك بە هەموو دەنگی خۆی حوكم لەسەر ئەو شتانە دەدا كە دەیانبینێ و لەگەڵیاندا دەژی ))[45] بەم پێیە شاعیر لە هیچ شتێك بێدەنگ نابێت و رای خۆی دەردەبرێت . یەكێك لە شاعیرە ناسراوەكانی سەردەمی حكومرانی شێخ محمود وەك دەنگێكی شیعری قۆناغێكی گرنگ و مێژوویی كە جێگی بایەخی لیكۆلەرانە ( حەمدی ) شاعیرە .(( دوای ئەوەی ئینگلیز ولایەتی موسڵی گرت ئەم یەكێك بووە لە ئاژاوە چییەكانی دەوری شێخ محمود و بۆ بەرزبوونەوەی خاكی كوردستان لە هاتوچۆدا بووە , كە شێخ محمود دیل كراوەو براوە بۆ هیندستان جێگەی ئەم , كەژو كێوەكان بووە ئاسمانی داوە بەخۆیا و زەوی كردوە بە رایەخی , كە شێخ هاتەوە حكومەتی

---

[40] - د.ابوبكر خۆشناو , شیعری بەرەنگاری ، ل102

[41] - د. ئەبوبەكر خۆشناو ، شیعری سیاسی ، ل102

[42] - د. عەبدوللا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , لا 78

[43] - د. عەبدوللا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , ل36

[44] - د. عەبدوللا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی , لا 33

[45] - د. ئەبوبەكر خۆشناو ، شیعری سیاسی ، ل 22

کوردستان دامەزرا , ئەم لە 1922 – 1923 بوو بە رئیسی گومرگ , لە پاشا لەبەر رێك نەكەوتن لە هەندێ بیرو باوەردا ئەو میانەیان لەگەڵ شێخ محموددا نەما و لێی تەکیەوە , تا ئەم وەختە بە ماڵ و بەگیان و بەزمان لە پشت شێخ محمود بوو , بەڵام لەم وەختە بەدواوە ئیتر نەو ! کەحکومەتی عێراق هاتە پێشەوە لە 1924 بوو بە رئیسی بەلەدیەی سولەیمانی , لە 1936 کۆچی دوایی کرد ))[46].

( حەمدی ) لە شیعری نیشتمانیدا دەوڵەمەندە , چونکە ئەو لە سەردەمێکدا ژیاوە کە بیری نەتەوەیی لە هەموو کوردستاندا پەرەی دەسەند , کوردستان لە بەر هێرش و پەلاماری تورکان کۆلی نەداو بەردەوام بوو لە بەرخودان و بەرگریکردن .

ئەی وەتەن ! رۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە          ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە

هاوسێ هەموو وەکو داڵن و ئەم کوردە وەك لاك          چنگیان لە جگەر گاهی هەموو داوە بە بێ باك

بێ خوێنە گولی زەرد و زەعیفە وەکو خاشاك          حەمدی ! دە بپێوە قورو سنگت بکە چاك چاك [47]

( حەمدی ) وەك نەتەوە پەرستێکی رۆشنبیر ئەرکی سەرشانی بەرانبەر بە خاك و نەتەوەکەی بە رێك و پێکی بەجێهێناوە . رێگای دروستی کوردایەتی بە ماندونەبوون و ئازارەکانی نەخشە کێشاوە و پەنجەی لەسەر زۆربەی کەم کوری و ناتەواوییەکان داناوە . هەربۆیە لەبەر هەندێ هەڵوێست و بیر و بۆچوون لەگەڵ شێخ محموددا زۆر خراپ تێکچووە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرەو پێشبردن و چەسپاندنی بیری نەتەوەیی رۆڵی گرنگی بینیوە . بەڵام لەوسەردەمەدا چ شێخ محمود و چ ئەوانەی دەوروبەری لایەنگری بۆچوونەکانی حەمدی نەبوون بۆیە دەڵێ :

گەر بەگوێی حەمدی نەکەن فرسەت لەدەس با دەرنەچێ

با بە جارێ زوو بچینۆ سەر مەکینەی تەل گرین [48]

رەخنەوسەرنج و تێبینیەکانی بێسوود بوو , بەرەی گەندەڵکاران و هەلپەرستان زۆر بەهێز بوو , هەموو بنەماو بیرو را چاکەکانیان پشت گوێ دەخست و هەوڵی بەرژەوەندی کەسی و بنەماڵەییان دەدا .

چارەم نەما دیسانەوە تەرکی وەتەن ئەکەم

پێم چاترە لە مەعمووری ئەم نەوعە چۆل و هەرد [49]

ئەمە نموونەیەکە لە هەڵویستی دابران لە نیشتمان لەبری لکان بە نیشتمانەوە .

وەکو رەخنەگرێکی شارەزا و سیاسیەکی بە ئەزموون بەم شێوەیە باس لە پێکهێنانی حکومەتی دووەمی شێخ محموود دەکات و دەڵێ :

باسی تەشکیلاتی سانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین          کەمترین بوو گەورەتر , هەم گەورەتر بوو کەمترین

46 - دیوانی حەمدی ، لیضکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، سەرکەوتن ، سلێمانی ، 1984 ، ل 406

47 - دیوانی حەمدی ، لێکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، سەرکەوتن ، سلێمانی ، 1984 ، ل408

48 - دیوانی حەمدی ، لێکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل 333

49 - دیوانی حەمدی ، لێکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل 244

ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس ئەکەم عاجز مەبن تا ببینن شکلی وەزعیەت بە جاریٚ قارئین [50]

( حەمدی ) بە باشی لە قۆناغە سیاسیەکەی سەردەمی ئینگلیزەکان تێگەیشتوە , شەن و کەوی بارودۆخەکەی زیرەکانە کردووە , بە لایەوە وا باش بووە کەلەگەڵ سیاسەتی گشتی سەر

دەمەکەدا بڕوات بۆ ئەوەی سوودێك و قازا نجێکی بەرکەوێت , گەلی کوردیش هۆشیار دەبێتەوە ڕاست و ناڕاستی بۆ ئاشکرا دەبێت و هەر بۆیە دەڵێ :

هەر لەبەر بەرزبوونەوەی ئەم کوردە ژێر پێ کەوتووە

دامەنی مەندوبی سامی پە نجەی ( مس بیل ) گرین [51]

ئاشکراکردنی پیلانی داگیرکەران و نیازەکانیان بۆ داگیرکردنی کوردستان و خستنە ڕووی ڕاستەقینەی بێگانە بە خاکی کوردستان لە لای حەمدی بە ئاشکرا دیارە .

حەمدی دەناسێ تورك و عەجەم دیارە ئەجنەبیش

دوژمن بە خاکی کوردن, ئەمانەت کە دی ڕاکە [52]

بیری یەکێتی نەتەوەیی و یەك پارچەیی خاکی کوردستان لە بیرو باوەڕی ڕاستەقینەی دا لەم شیعرەدا ڕەنگی داوەتەوە کە دەڵێ:

لە ( وان ) و ( ورمێ ) یە تاکو دەگاتە خاکی لورستان

لە تەبلیس و دیار بەکر و جەزیرە تا خەتی سنجەر

ئەمە شەرقی شیمال , غەربی جنووب ساحەی کوردە

کە ئەم ئەرزە بە توۆزێکی دەرێژێ دیدەی قەیسەر [53]

بەم پێیە هەموو ئەو تێڕوانینانەی لە شیعرە سیاسیەکانیدا دەیخاتە ڕوو ڕۆڵی گرنگیان دەبێ لە هۆشیارکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك و گەشەکردنی بیری نەتەوەیی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی . ( زێوەر ) ی شاعیریش لە ڕێگەی شیعرو ئەدەبەوە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی کردوە . ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە پێگەیاندن و ڕێنوێنی کردنی شاعیرانی سەردەمەکەی بە تایبەتی لەو لایەنەوە کە شیعر بۆ نیشتمان و نەتەوەی کورد بنووسن , هەروەکو لەم دەقەدا کە بۆ ڕەفیق حیلمی نوسیووە دەڵێ :

ئەی ڕەفیقی موحتەرەم ئەی شاعیری شیرین مەقال !

هاتە بەر مەددی نەزەر فکرت وەکو ئاوی زولاڵ

من ئومێدی گەورە گەورەم پێتە بۆ ئەم میلەتە

حەیفە سەرفی فکری خۆت کەی تۆ لە زولف و خەتو خاڵ ! [54]

---

[50] - دیوانی حەمدی ، لێکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، 127
[51] - دیوانی حەمدی ، لێکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل332
[52] - دیوانی حەمدی ، لێکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل 358
[53] - دیوانی حەمدی ، لێکۆلینەوەی جەمال محەمەد ئەمین ، ل 97
[54] - ڕەفیق حیلمی , شیعرو ئەدەبیاتی کوردی , بەرگی دووەم, هەولێر , 1988 , ل 46

**گومان لەوە ناکرێ کە دەورێکی کرنگی گێراوە لە پێگەیاندنی شێخ محموددا ,چونکە مامۆستای بووە . بە هۆی بایەخدانی بنەماڵەی شێخ محمود بە ئەدەبیات و شاعیران ڕێزی زۆریان لە زێوەر گرتووە هەر بەوەشدا دەردەکەوێت کە هاورێ ی سەفەرەکەی بنەماڵەکەیان بووە بۆ ئەستەنبول و سێ مانگ پێکەوە هاورێ سەفەر و مانەوە بوونە پیرەمێردی شاعیریش یەکێك بووە لە ئەندامانی وەفدەکە . زێوەر لە ئەستەنبول ئاشنای سروود دەبێت و کە دەگەرێتەوە بۆ کوردستان , کۆمەڵێك سروود دادەنێت . هەموو لێکۆڵەرانی کورد جەخت لەو راستیە دەکەنەوە, کە زێوەر شاعیرێکی رووناکبیری ئەو قۆناغە بووە . وەك نیشتمان پەروەرێکی کورد پەروەر هەمیشە رووی دەمی لەنەتەوەکەی بووە بۆ خزمەت و تێکۆشان و خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا.**

**لە نامەیەکدا کە ( عەلی کەمال ) بۆ زێوەری ناردووە دەڵێ : (( لە لایەکی ترەوە خۆشحاڵ وشادمانم , چونکە لە زاتێکی گەورە وگران بە بەهای وەك ئێوەوە فێری نیشتمان پەروەری بووم و لە سایەیی هەوڵ و کۆششی ئێوەوە بووم بە خاوەنی بیرو هۆشێك ))[55]. ئەم شایەدیە بۆ زێوەر و بۆ زۆرێك لە شاعیرانی تری قۆناغەکە راستە تەنانەت بۆ کەسێکی وەك شێخ محمودیش .**

**شاعیرە کوردەکان بەرهەمەکانیان کردە پێداویستیەکی رۆژانە بۆ گۆرینی باری ژیانی کۆمەڵەکەیان و بوو بە شتێکی گرنگ لە هۆیەکانی بە ئاگا هێنانەوە و وریاکردنەوە . ئامانجیشیان گەیاندی بیروباوەری نەتەوەیی نیشتمانی بوو .[56]بەلای زێوەرەوە رۆژنامەوانی وچاپخانە یەکێکە لە هۆ سەرەکیەکانی پلەی پێشکەوەتن و دروشمی بەرەو پێشچوونی میللەت و گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی .**

**لە سەردەمی زێوەردا خۆشەویستی نیشتمان رەهەندێکی تر وەردەگرێ بە جۆرێك (( لەو دەستورە تێپەری کرد کە تەنها خۆشەویستی شاعیرەکان خۆیان پیشان بدات بەرامبەر کوردستان بەلکو ئەمجارەیان رێگایەکی تری گرتە بەرو بوارێکی تری هەڵبژارد بۆ هاتنە ناوەوەی , ئەویش هۆشیار کردنەوەی گەل بوو بۆ ریزگرتن و خۆشەویستی نیشتمان و قوربانی دان لە پێناویدا . ))[57]**

**سەرجەمی ئەو نارەزایی و بیزاریەیی کەشاعیر لە سەردەمی فەرمانرەوایی عوسمانیەکاندا دەری دەبرێ بۆ خۆی بەگژدا چونەوەیەکی ئەو دەسەلاتە بووە , هەروەك لەم پارچەیەدا بەدی دەکرێ و بە ناوی ( کاربەدەستانی ئیستبداد ) ەوە تیایدا دەڵێ :**

**وەك تیر لە کەوان دەر ئەپەرن تاقمی مەئمور　　　بۆ قاوە بۆ چایی بەرەو خوارو بەرەو ژوور**
**بۆ لاقە مریشکێ ئەچنە کانی ئەزمەر　　　بۆ قوبلی ئەرۆن لیرە هەتا چەشمەیی ئامور[58]**

**لە دوای شکستی دەولەتی عوسمانی و دۆراندنی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا و هاتنی ئینگلیزەکان بۆ باشووری کوردستان , شێخ محمود لە گەڵیاندا کەوتە ململانێ و لە دوایدا توانی دەسەڵاتی سەربەخۆیی لە سلێمانی و دەوروبەری رابگەیەنێ لە نێوان**

[55] - د. مەحمەد فازیل ، زێوەر ژیان و بەرهەمی ، هەولێر ، 2010 ، ل25
[56] - د. مەحمەد فازیل ، زێوەر ژیان و بەرهەمی ، ل28
[57] - د. دلشاد عەلی , دیلان شاعیرو ئاشتیخواز ,چاپخانەی کۆری زانیاری کورد ،بەغدا ، 1981 ل 8
[58] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، 2003 ، ل 234

سالانی 1919 – 1925 دا . بەم شێوەیە تاقیکردنەوەی ژیانی سیاسی کوردی باشوور لەگەڵ عوسمانییەکاندا کە هیچ لە بەرژەوەندی گەلی کورد دا نەبوو کۆتایی پێ هات . لە هەمانکاتدا تاقیکردنەوەی دەسەلاتی گەلی کورد لە باشوور لە سایەی حوکمرانی کوردیدا شکستی هێناو بێ ئومێدی لێکەوتەوە . ئیتر ئینگلیز لەگەڵ هاوپەیمانەکانی توانی باشوور ( ویلایەتی موسل ) لە سالی 1925 بلکێنێت بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە . ئیتر منەوەران و شاعیران بە ئومێدی ژیانێکی سیاسی نوێ کەوتنە پیا هەڵدان بە دەوڵەتی تازەی عێراق هەرەوکو زێوەر دەڵێ :

لە فەیزی لوتفی خواوە ولایەتی موسل    نەجاتی بوو بە تەواوی لە پەنجەی رۆمی

بەلێ نەتیجەی زوڵم و جەفایە بۆ هەرکەسێ    بەرۆکی خۆی ئەگرێ عاقیبەت بە مشئوومی

گولاهی فەخری هەموو کوردەکان گەیشتە فەلەک    کە تورکی دا بە زەویدا خەیاڵی مەوهومی [59]

دوای ئەوەی دەسەلاتی کوردی شکست دەهێنێت لە خۆ بەرێوەبردندا , گۆڕان لە بیری سیاسی زێوەر دروست دەبێت, بانگەشە بۆ دەوڵەتی عیراقی دەکات .. بۆیە بەرەو عێراقچێتی هەنگاو دەنێ و لەو لایەنەشەوە چەند دەقێکی شیعری لە بارەی ئالاّ و جوگرافیای عێراق نووسیووە :

کە عوسبەتول ئومەم ئەم حوکمە عادیلانە دا    حەیاتی دا بە عێراق و نەماوە مەحرومی

بەروونی ئەوە دەردەکەوێت کە زێوەر پشتی لە دەوڵەتی عوسمانی کردووە و پشتیوانی لە سیاسەتی ئینگلیز کردووە . ئەم بۆچوونانەی لە 1924 بەدواوە خستۆتە روو :

بژی بە عەدلەوە عوسبە لەگەڵ بەریتانی    چرای ولاتە قەراریان بە لەفزی مەفهوومی [60]

بەلاّم هەر لە سالی 1924دا شیعرێك بە ناونیشانی (ماڵ جوێکردنەوە) دەنووسێ کە تیایدا هەڵوێستێکی نوێی شاعیر دەردەکەوێ , کە بریتیە لە بیری سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراقی نوێدا :

یابە فەرەزن تۆ شای زەمینی    رازیم بە بەشی خۆم و مسکێنی

دیجلە و فوراتت با هەر بۆ خۆت بێ    منیش کوردستان شاخی رەنگینی

هەواکەی شاهۆ , ئاوەکەی قەندیل    قەت رێك ناکەوێ دەست لەمل یەك کەن [61]

بیری عێراقچێتی لە دەقەکانی ( ئەی عێراق ) و ( جوگرافیایی عێراق ) و ( ئیدارەی عێراق ) و( گۆرانی بەیداخ ) رەنگی داوەتەوە , ئەمەش بۆخۆی گۆرانێکی گەورەیە لە هەڵوێست و بیری نەتەوەیی شاعیردا .[62] بەلاّم ئەوەی لە چیرۆکە خەیاڵیەکەی زێوەردا دەخوێنرێتەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زێوەر رەخنەی لە حکومەتی شێخ محمود گرتووە کە هیچ دامەزراوەیەکی حکومەتی و نیشتمانی دوور لە دەستوەردانی هەرەمەکی بوونی نەبووە . رەخنەگرتنە لە نەبوونی یاسا و دەستور کە حکومەت کاری پێ بکات . بیری رەخنەیی لەو چیرۆکە دا کە بە ناراستەوخۆ رەخنە لە حکومەتی شێخ محمود دەگرێت دەچێتە خانەی

[59] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، ل 61
[60] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، ل 62
[61] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، ل 82
[62] - دیوانی زێوەر ، محمود زێوەر ، ل 183, 187 , 188 , 198 .

پەتەوكردنی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی بزاڤی رزگاریخوازی كوردیەوە , نابێت وەك هەڵوێستێك لە كاری دوژمنكارانەی بە شێك لە شاعیران سەیر بكرێ .[63]

( شوكری فەزڵی ) یەكێكە لە شاعیرە بەناوبانگەكانی كوردستان و پێگەیەكی دیاری لە ناو شاعیرانی كلاسیكی كوردی قۆناغی سەدەی نۆزدە و چارەكی یەكەمی سەدەی بیستەمدا هەیە . (( شوكری فەزلی خۆی كە كارگێرێكی چالاكی رۆژنامەی ( تێگەیشتنی راستی ) بووە و وەك كوردێك رۆلی یەجگار گرنگی تیا بینیوە .. گۆشەیەكی تایبەتی تەرخان كردبوو . بۆ ئەوەی لە ژیان و شیعری شاعیرە ناودارەكانی كورد بدوێ . ))[64] جگە لەو شیعرانەی كە پێشكەشی شێخ محمودی كردوە , لەبواری رۆشنبیری و ئەدەبی سەردەمدا رۆلێكی گرنگی گێراوە و جێی پەنجەی لە رۆژنامەی تێگەیشتنی راستیدا دیارە . لە یەكێ لەو نووسینانەی لە تێگەیشتنی راستیدا نووسیوێتی بەلگەی زیندویتی بیری نەتەوەیی شوكری فەزلیمان بۆ دەسەلمێنێ . كە دەلێ : (( ئینگلیز لە هەموو قەومێك زیاتر دۆستی كوردانن , ئاشقی شوجاعەتی ئەوانن دلیری كوردانیان چاك بیستووە , لەبەر ئەمە زۆریان خۆش ئەوێن . ))[65] شوكری لە تەمەنی شەش حەوتساڵیدا لە بەغداوە دێتە سلێمانی , سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی میری بووە , لەو ماوەیەدا شێخ محمودی ناسیووە و لەو ساڵەوە بە درێژایی ژیانیان هاورێی نزیكی یەكتری بوون . زۆربەی ماوەی ژیانی لە منداڵیەوە تا دەوروبەری چل ساڵی لە سلێمانی بردۆتە سەر .[66] لە پێش دەستپێكردنی جەنگی یەكەمی جیهانی لە سلێمانی گەراوەتەوە بۆ بەغدا لەوێ جێنیشن بووە تا دوایی ژیانی .

لە ماوەی حوكمرانی شێخ محمود دا شاعیر بەچەند شیعرێك ستایشی مەلیكی كوردستان دەكات خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبرێ . ئومێدی سەربەخۆیی بەو جولانەوەیەوە گرێ دەدات . لە دیارترین ئەو شیعرانەی كە بۆ شێخ محمودی نووسیوە , شیعری ( ئیش كە رووی ئێستە لە هەورازە .. كە (( شاعیر ساڵی 1923 پێشكەش بە قارەمانی دەربەند وئاوباریكی كردووە . ئەمەش دیارە لەكاتێكدا بووە , شێخ محمود لە هندستان رووەو هەوارگەی باوباپیرانی ئەهێنرێتەوە و لە بەغدا لا ئەدات و شوكری فەزلی ئەدیب و رۆشنبیرو ئاوەلی منالی . ئەچێتە خزمەتی شێخ و قەسیدەكەی بە دیاری پێشكەش دەكات . ))[67] ئەو بیروڕایەیی شاعیر لەو كاتەدا دەری بریوە لە چاو سەردەمەكەی خۆیدا كەس بە قەرەی ناگات , چونكە بایەخی ئەو قەسیدەیە لەو روانگەیەوە سەرهەلئەدات كە یەكەم قەسیدەیە بۆبەرامی هەستی نەتەوەیی تیا بەدی ئەكرێت .. بەڵكو گرنگی لەوەدایە قەسیدەكە لە لایەن مرۆڤێكی هۆشیارو ئەدیب و رۆشنبیرێكی پێشكەوتوخوازەوە نووسراوە كە خودی خۆی لە ناو جەرگەی كێشەو ململانێی كارەساتەكەدا ژیاوە و لە سیاسەتی داگیر كەرانەی ئینگلیزو هاوپەیمانەكانی بە ئاگا بووە و لە نزیكەوە تێكەڵ و لێكەیانی هەست پێكردووە .[68] شوكری فەزلی وەك هەموو رووناكبیرێكی بیر تیژی كورد هەستی بەوە كردبوو هێنانەوەی شێخ محمود لە

---

[63] - مەحمود زێوەر , گەنجینەی زێرینی زێوەر , بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاوكردنەوەی سلێمانی , 2012 .
[64] - عەبدولا ئاگرین ، شوكری فەزلی ، شاعیرێكی سیاسی ، ل 12
[65] - د. كەمال مەزهەر ، تێگەیشتنی راستی و شوێینی لە رۆژنامەنووسی كوردیدا ، بەغدا ، 1978 ل103
[66] - د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، بەرگی پێینجەم ، 1914 – 1945 ، ئاراس ، هەولێر ، چ 2 ، ل 419
[67] - عەبدولا ئاگرین ، شوكری فەزلی ، شاعیرێكی سیاسی , ل 29
[68] - عەبدولا ئاگرین ، شوكری فەزلی ، شاعیرێكی سیاسی , ل 34

هندستانەوە هەروا لە گۆترە نەبووە و رۆژی كورد لە هەلآتندایە داهاتێكی گەش و كامەران پێشوازی لە خۆی نەتەوەكەی ئەكات بەلآم ئەمە لە كاتێكدا بەدی دێت , بزانرێ چی ئەكرێت و هەنگاو چۆن دەنرێ و بەچ شێوەیەك بەگژ ئینگلیزەكاندا ئەچن ؟

( ئەحمەد موختارجاف ) نیشتمانپەروەرێك بووە , بەراستی كوردایەتی كردووە بەشێكی زۆر لە شیعرەكانی تەرخان كردووە بۆ مەسەلەی رزگاری كورد وكوردستان . سۆزی دەروونی ناوەوەی تێكەڵ بە هیواو ئامانجی سیاسی و كۆمەلایەتی كردووە . دلبەرو كوردستان تێكەڵ بە یەكتری كراون . بۆیە دیوانی ئەحمەد بە تەنیا شیعری تایبەتی هەیە بۆ دولبەرو شیعری تایبەتی دیكەی بۆ كوردستان . [69]

لە خەو هەستن درەنگە میللەتی كورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە

دەسا تێكۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێكەس و مەزلوم

بە گورجی بیبڕن ئەو رێگە دوورەی وا لەبەرتانە [70]

كاریگەری ئەم شیعرە لەسەر خوێنەران و بیسەرانی بەلگە نەویستە چونكە وتەكانی ئەم شیعرە وەك ئامۆژگارییەك مرۆڤ هاندەدات كوردایەتی بكا لە پێناوی سەربەخۆیی ئەو ولاتە رەنگین و جوانەی كوردستانی پێ دەلێن :

وەختی تێكۆشانە ئەی قەومینە غەفلەت تابەكەی وا خەزانی كردووە ئێستێكە گولزاری وەتەن

خۆ وەتەن ئەمرۆ نەخۆشە ئەم تەبیبی حازیقە چی ئەبێ بیكا موداو قەلبی بیماری وەتەن كوانی خەلقینە لە

كوێن فیرقەی مونەووەر نیشتمان چونكە ئەو فیرقە ئەزانن دەردو ئازاری وەتەن [71]

شاعیر لایەنی كەم و كورتی و بێ ئاگایی لە دەردو ئازارەكانی میللەت دەخاتە روو و دەیەستێتەوە بە غافلبوون و بێباكبوون لە چارەسەركردنی گرفتەكانی داوای تێكۆشان دەكات , كە هەولی ئاوەدانكرنەوەی كوردستان بدەن . چونكە دۆخەكە وەها وەسف دەكات كە توشە نەخۆشی بووە بۆ چارەسەركردنی روو لە دەستە بژێر دەكات كە بە منەوەر ناویان دەبات كە بێن و فریایی كوردستان بكەون كە ئەوانە لە دەردو ئازاری شارەزان . دەكرێ بلێین شاعیر پێیی وایە كە ولآت بە كەسانی نەخوێندەوار ناروات بەرێوە . كلیلی چارەسەری كێشەكان و دروستكردنی نیشتمانێكی جوان و رازاوە لە بیرو راو هونەری منەوەرانی سەردەمەكەوەیە .

.( ئەحمەد موختار جاف ) دەلێت:

من كە كوردم حەز لە خاكی پاكی كوردستان ئەكەم ئارەزووی دەوری تەرەقی حاكمی بابان ئەكەم

نا وجاخە ئەو كەسەی خزمەت بكا بۆ غەیری خۆی تا بە مردن شەرتە من هەر بەندەیی خۆمان ئەكەم میللەتی من

هەروەكو شێری ژیانن بۆ نەبەرد ئێستیەكە من چۆن ئیتاعەی ووشتری عوربیان ئەكەم

تا دەلێ:

---

[69] - د.مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، ل 488

[70] - د. عزالدین مستەفا رەسول , دیوانی ئەحمەد موختار جاف , چاپخانەی ئەدیب , بەغدا , 1986 , ل83

[71] -- د. عزالدین مستەفا رەسول , دیوانی ئەحمەد موختار جاف , چاپخانەی ئەدیب , بەغدا , 1986 , ل 84

کوردم و بۆ کوردی ( ئەحمەد ) سەعی ئەکەم تا بەم زووە

ئیتحادی کوردی خۆمان و سنە و بۆکان ئەکەم [72]

شاعیر بیری خیانەتکاری ریسوا دەکات , نەتەوەی کورد بە ئازاو قارەمان وەسف دەکات و دەڵێ نابێ بە ژێر دەستەیی بێگانە قایل بن . بەڵکو دەبێت لە پێناو ئازادیدا قوربانی بدەن و هەمیشە سازو ئامادە بن بۆ رووبەرووبوونەوەی ئێران و تورکەکان .

بیروبۆچونێك لەناو کوردستاندا بلاوبووە ئەویش رازیبوون بووە بە لکاندنی باشوری کوردستان بە عیراقەوە لە بەرانبەریشدا بۆچونێك بە توندی بە گژیدا چۆتەوە .. تەنها کوردی بوون بۆ شاعیر فەخرە . بە دوای بەرژەوەندی کەسی خۆیدا ناگەرێت و پۆست و پایە دەکاتە قوربانی سەربەخۆیی . هەموو ئامانجی ئەوەیە کە بیری نەتەوەیی و خواستی دامەزراندنی شاعیران و شۆرشەکانی پێشرەو بۆ یەکێتی خاکی کوردان بهێنێتە دی .جۆرێك لە یاخیبوون لە بیری شاعیر دا سەر هەڵدەدات و و هانی خەڵك دەدات بۆ رەتکردنەوەی ژێر دەستەیی . هەرچەندە بیری تەندوتیژی و تۆی رق و قینەش دەچێنێ بەلام مەرجی بەرگری لە خاك و نەتەوە ئەو جۆرە هەولانەشی دەوێ تا هانی خەڵکی بدرێت, بۆ بەهێزکردنی بەرەی خۆیان لە بەرانبەری شالاوی داگیر کاری لە لایەن عەرەبی ئەو سەردەمەوە . ئەحمەد موختار جاف سەرباری باسکردنی چەوساندنەوەی کورد بە دەستی دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا , لە هەمان کاتدا بە هەستێکی نەتەوەییەوە نوقلانەی بێداری و شۆرشی نیشتمان پەروەری دەبەخشێتە رۆلەکانی گەل ,هەروەك لە قەسیدەی (( هیوای پاشە رۆژ )) دا رەنگی داوەتەوە کە دەڵێت :

دێتە گوێم دەنگی بە سۆزو شیوەن و گریانەوە نالەی دلە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە لانەوازو بێکەس و

مەزلوومن ئێستە قەومی کورد گا بە دەستی تورکەکان و گا بە دەست ئێرانەوە

تا دەڵێ :

حالی کورد ئیستە لە بەینی تورك و ئێران و عەرەب بێچووە تەیرێکە کە کەوتۆتە داوی منداڵانەوە ئەمرۆ با وا بێ ,

بەلام رۆژێئەبێ ئەولادی کورد بێنە میدان بەعیلم و سەنعەت و عیرفانەوە

نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنە و بۆتانەوە

ریك ئەخەن وەزعیەتی وان و جزیرە سەربەسەر عەقرە و زاخۆ ئەبەستن رێك بە قەد بۆکانەوە

خانەقین و مەندەلی و خاکی لورستان یەك بەیەك وەك دەسمال ئەدروون بە بالای مەنتیقەی بابانەوە

کێو و کەژگشتی ئەبێتە باخ و جادە و قەسرو رێ بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە [73]

د. مارف خەزنەدار دەلێت ئەو کاتەی ( هێمن )ی شاعیر لە بەغدا دەژیا رای خۆی لەسەر ئەم قەسیدەیە (( هیوای پاشە رۆژ )) بەم شێوەیە دەربریوە :(( من ئەو قەسیدەیە بە گوڵی سەرتۆپ و دوری سەر خەزێنەی هەموو شیعرە سیاسیەکانی کورد دەزانم . )) [74]

---

[72] – د. عزالدین مستەفا رەسول , دیوانی ئەحمەد موختار جاف , چاپخانەی ئەدیب , بەغدا , 1986 , ل 88

[73] – د. عزالدین مستەفا رەسول , دیوانی ئەحمەد موختار جاف , چاپخانەی ئەدیب , بەغدا , 1986 , ل 96

[74] - د. مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەگی پێنجەم ، چاپی دووەم ، 2010 ، ل 492

پەیامی شاعیرانی قۆناغەکە زۆر ئاشتیانە و سیاسیانە بووە توندوتیژی نەکراوەتە میکانیزمی بە دەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد بە تایبەتی لە قۆناغی سەردەمی حکومرانی شێخ محموددا , بەڵام دوای شکستی سیاسەتی شێخ محمود لەگەڵ ئینگلیزەکاندا و پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز لە بەڵێنەکانی کە بە کوردی دابوو شیخ محمود بە ناچاری پەنای بۆ خەباتی چەکداری برد .

## ئە نجام

1- شیعری سیاسی وەك چەکێکی دەستی گەلێکی چەوساوە , سەرچاوەیەکی کاریگەری بیری نەتەوەیی کورد و جولانەوە سیاسیە کەیەتی .

2- پەیوەندی ئەدەب بە سیاسەتەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لەم لایەنەوە پەردەمان لەسەر کۆمەڵێ باس و تێڕوانین هەڵداوەتەوە, هێڵەکانی پەیوەندی نێوان ئەدەب بە سیاسەتەوە دەستنیشان کردوە

3- بیری نەتەوەیی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا هەستێکی سادە بووە نەبوەتە گوتارێکی نەتەویی . جولاندنەوەی رزگاری خوازی کوردی لە بازنەی عەشیرەت و ناوچەیی تێپەری نەکردووە

4- شیعری سیاسی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە سەردەمی دامەزراندنی حکومەتی شێخ محموددا دێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە, ئەو دەقە شیعرییانەی بۆ نیشتمان نووسراون لە ئەحمەدی خانییەوە بۆ سەردەمی شێخ دەچنە ناو ئەدەبی بەرەنگارییەوە لەژێر ناوی شیعری نیشتمانی و شیعری رزگاریخوازی

5- رۆژنامەگەری کوردی لە ماوەی نیوان 1898 – 1918 رۆڵی دیارو کاریگەری هەبوو لەسەر سەرهەڵدان و هاتنە ناوەوەی شیعری سیاسی کوردی .

6- جیهانە شیعریەکەی شاعیرانی قۆناغەکە رەنگ پێدەرەوەی ژیانی سیاسی و دەروونی شاعیرەکانە کە بیری سیاسی نێو ئەو جیهانەش ئاکامی پەیوەندی و کاریگەری ئەم دوو لایەنەی ژیانی شاعیرەکانە .

7- گەلێ لەوتن و دەربڕینەکانی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون و رایەڵەکردووی دیوی هەستی ناسیۆنالیستی شاعیرەکان بوون.

8- بینینی سیمای رەخنەگرتن بە دەقەکانی شاعیرەکانەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنە شیعرییەکانیاندا ئاکامی حاڵەتی خۆبینینیان بووە لە ژیانێکدا کە بەردەوام خواستو هیواو ئاواتەکانی تیا وشك کراون.

9- شاعیرانی قۆناغەکە ( زێوەر , حەمدی , شوکری فەزلی , عارف سائیب , مستەفا پاشا یامولکی , فایەقی تاپۆ , ئەحمەد موختار جاف ) ,رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە دروستکردنی ناسیونالیزمی کوردیدا .لە هەمانکاتیشدا کاریگەریان لە سەر جولانەوەی سیاسی کوردی هەبوو .

## سەرچاوەکان


- عەتا قەرەداخی , گوتاری ناسیونالیستی کوردی , چاپخانەی رەنج , سلێمانی , 2007.

- جەعفەر عەلی رەسول, ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی كوردی , چاپخانەی رەنج , 2004 , سلێمانی
- ئومێد ئاشنا , گۆران نووسین و پەخشانەكانی , ئاراس , هەولێر , 200
- نەوشیروان مستەفا ئەمین , بەدەم رێگەوە گولچنین , چەند لاپەرەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی , 1898 – 1958 , كتێبی دووەم , بەرگی یەكەم , بیروت , لوبنان , 2013
- د. مارف خەزنەدار , مێژووی ئەدەبی كوردی , بەرگی. چوارەم , ئاراس , چ 2 , 2010
- د. مارف خەزنەدار , مێژووی ئەدەبی كوردی , بەرگی ( 5 ) , 1914 – 1945 , ئاراس , هەولێر
- رەفیق حیلمی , شیعرو ئەدەبیاتی كوردی , هەولێر , 1988
- عەبدولا ئاگرین , شوكری فەزلی , شاعیرێكی سیاسیو نەتەوەیی كوردە ,چ, 1 , دار الحریە لطباعة , بەغدا , 1988 .
- عەبدوڵڵا ئاگرین , شیعری سیاسی كوردی لە باشوری كوردستان, چاپی یەكەم , 1996 ,بەغدا
- دلشاد عەلی , دیلان شاعیرو ئازادیخواز ,چاپخانەی كۆری زانیاری عێراق , بەغدا , 1981
- د. عزالدین مستەفا رەسول , شیعری تازەی كوردی , گ. رۆشنبیری نوێ , ژ. ( 105 ) , بەغدا , 1988
- ئەبوبەكر خۆشناو , شیعری بەرەنگاری كوردی ( 1975 -1991 ) , سلێمانی , 2002.
- د. كەمال مەزهەر ئەحمەد , تێگەیشتنی راستی, بەغداد , 1978 , كۆری زانیاری كورد .
- عومەر مەعروف بەرزنجی , نوربەخشی , شیعرەكانی شێخ مەحمودی بەرزنجی سلێمانی , 2006 .
- مەحمود زێوەر , گەنجینەی زێرینی زێوەر , بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاوكردنەوەی سلێمانی , 2012 .
- د. محەمەد فازیل مستەفا , زێوەر ژیان و بەرهەمی , هەولێر , 2010 .
- د.محەمەد دلێر ئەمین میسری , رۆژنامەنووسی كوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەكەمین دەسەلاتی كورد دا ( 1922- 1924 ) , سلێمانی , 2004 .
- د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود , لێكۆلینەوەیەك لە شیعری حەمدی , هەولێر , 2004 .
- دیوانی حمدی , جەمال محەمەد ئەمین , چاپی یەكەم ,چاپخانەی سەركەوتن , 1984 , سلێمانی
- دیوانی زێوەر , محمود زێوەر , چاپی یەكەم , وەزارەتی پەروەردە , هەولێر , ئاراس , 2003
- دیوانی ئەحمەد موختار جاف , ئامادەكردن و لێكدانەوەی د. عیزەدین مستەفا رەسوول , بەغدا , 1986 , چاپخانەی ئەدیب .
- احسان سركیس , الادب والسیاسة , بیروت , دار الطلیعة , 1982 .
- مینورسكی , ترجمة د. مارف خزندار , بةغداد , 1968 .

**Abstract**

This paper, which is entitled 'The Role of Political Poetry in Kurdish National Movement', considers the work of a number of Kurdish poets from 1918 to1928. It aims to reveal some significant facts, particularly the national sense, which are not only crucial to the poets and their work, but they are also significant to the Kurdish literature in general, and the poetic era of those poets in particular. This is because political poetry has affected the Kurdish political movement, and the movement, in turn, has had an impact on the poetry.

This paper consists of two sections and the first part comprises four subsections. The first subsection presents an overview about the concept of political poetry and its definitions, and the second subsection discusses the position of political poetry in the comparative literature. As for the third subsection, it looks at the stages of the Kurdish political poetry, and the fourth subsection demonstrates the significance and role of Kurdish political poetry in the development of Kurdish national sense.

The second part, which is entitled 'Political Poetry and National Sense', consists of two subsections. The first subsection considers Kurdish political poetry before the establishment of Sheikh Mahmood's government. It focuses on those poems that date back to the era before Sheikh Mahmood's reign looking at their impact on Kurdish national sense. The second subsection, however, discusses the role of Kurdish political poetry, through the perspective of poets of that stage, in the Kurdish political movement during the reign of Sheikh Mahmood in general, and in Sheikh Mahmood's government in particular. In the end, the concluding points of the paper are thoroughly discussed.

http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.379

# لەڕێزمانیکەوتنی هەندێك لە مۆرفیمە ناسەربەخۆ سینتاکسییەکانی زمانی کوردی -کوردیی ناوەڕاست

عمراحمد عزيز[1] هێمن صلاح الدين رمضان[2]

[1] زانکۆی گەرمیان/کۆلێجی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی
Umer-ahmed@gaemian.edu.krd
[2] زانکۆی گەرمیان/کۆلێجی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی
Hemin.salahaldhin@gaemian.edu.krd

## پوختە

ناونیشانی توێژینەوەکە ( لەڕێزمانیکەوتنی هەندێك لە مۆرفیمە ناسەربەخۆ سینتاکسییەکانی زمانی کوردی )یە،توێژینەوەکە لە دو بەش پێکدێت،بەشی یەکەم هەندێك بنەمای تیورییە و بەشی دووەم باس لەو مۆرفیمانە کراوە کە لەڕێزمانی دەکەون. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە دەڵێت: ئایا مۆرفیمە سینتاکسییەکان دێنە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە و دەبنە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی؟ یان هیچ پەیوەندییەك لە نێوان مۆرفیمی مۆفۆلۆژی و سینتاکسیدا نییە، ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ئەو مۆرفیمە سینتاکسییانەیە، کە دەبنە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی و بەشداردەبن لە هەڵگواستنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، لە زمانی کوردیدا بۆچوونی باو ئەوەیە، مۆرفیمە مۆرفۆلۆژییەکان سەربەخۆن و لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەبەرهەمن و هۆکاری دروستکردنی وشەی نوێن، بەڵام ئەم توێژینەوەیە پێی وایە، بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژی و وشەدروستکردن، سەرەتا لە سینتاکسدا بووە، بەڵام بە هۆی زۆر بەکارهێنانی ئەو دروستە سینتاکسییانەی، کە مۆرفیمە سینتاکسییەکانی تێدا بووە، ئەم مۆرفیمانە بون بە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی. لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی پەسنیی شیکاریی پەیرەوکراوە، کەرەستە و سنوری توێژینەوەکە زمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست –بەشەدیالێکتی سلێمانی- بەستانداردبووە.

**کلیلی ووشەکان:** لەڕێزمانی کەوتن، بەڕێزمانیبوون، نیشانەی واتایی، پەرینەوە، شکێنەرەوە.

## پێشەکی

### ناونیشان

لەڕێزمانیکەوتنی هەندێك لە مۆرفیمە ناسەربەخۆ سینتاکسییەکانی زمانی کوردی -کوردیی ناوەڕاست-

### کێشەی توێژینەوە

ئایا مۆرفیمە سینتاکسییەکان دێنە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە و لە ڕێزمانی دەکەون؟ یان هیچ پەیوەندییەك لە نێوان مۆرفیمە هاوشێوە و هاوبێژەکانی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیدا نییە؟

## گریمانە

1- مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی -ناوەڕاست- هەموویان ، یان زۆربەیان لە ڕێزمانی دەکەون.

2- لە ڕێزمانیکەوتن پرۆسەیەکی بەرهەمدار و بەرچاوە لە زمانی کوردیدا.

3- زمان ڕێزمانە و کەرەستەکان لە سینتاکسەوە دێن بۆ مۆرفۆلۆژی.

## ئامانجی توێژینەوە:

دەستنیشانکردنی ئەو مۆرفیمە سینتاکسییانەی، کە لە ڕێزمانی دەکەون و دەبنە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی و بەشدار دەبن لە هەڵگواستنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، هەروەها بە بنەماوەرگرتنی سینتاکس لە سەرجەم ئاستەکان، بە تایبەت لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، واتە سینتاکس بنەمایە بۆ مۆرفۆلۆژیا.

## گرنگی توێژینەوە

لە زمانی کوردیدا بۆچونی باو ئەوەیە، مۆرفیمە مۆرفۆلۆژییەکان سەربەخۆن و لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەبەرهەمن و هۆکاری دروستکردنی وشەی نوێن، بەڵام ئەم توێژینەوەیە پێی وایە، بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژی و وشەدروستکردن، سەرەتا لە سینتاکسدا بوە، بەڵام بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەو دروستە سینتاکسییانەی، کە مۆرفیمە سینتاکسییەکانیان تێدا بوە، ئەم مۆرفیمانە لە ڕێزمانی کەوتون.

## ڕێبازی توێژینەوە:

ڕێبازی پەسنی پەیڕەو کراوە.

## کەرەستە و سنوری توێژینەوە

زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست- بەشەدیالێکتی سلێمانی- بەستاندەردبو کراوە بە کەرەستەی توێژینەوەکە.

## بەشەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکەمان لە دو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم جگە لە ناونیشان و سنور و کێشە و گریمانە و ڕێبازی توێژینەوەکە، لە پێشەکییەك، ئەو بنەما تیوریانە پێکدێت، کە بۆ توێژینەوەکە دانراون.

**بەشی یەکەم:**

لە زماندا پرۆسەیەك هەیە پێی دەوترێت <بەڕێزمانیبون- Grammaticalization>، ئەم پرۆسەیە ڕێگەدەدات بە مۆرفیم و وشەفەرهەنگییەکان، ببن بە مۆرفیمی سینتاکسی، واتە پەڕینەوەی وشە و مۆرفیم لە فەرهەنگەوە بۆ مۆرفیمێکی ئەبستراکتی ئەرکبین. ( بڕوانە: شیروان حوسێن ،2016، 136 )، بەڵام ئەوەی کەمتر باسکراوە بریتییە لە کردەی پێچەوانەی بەڕێزمانیبون، واتە پەڕینەوە لە ئاستی سینتاکسەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی، کە لەم توێژینەوەیەدا ناویلێنراوە <لەڕێزمانیکەوتن- Degrammaticalization>، کە تێیدا ڕێگە دەدرێت بە هاتنی مۆرفیمە شکێنەرەوەکان و سینتاکسییەکان لە ئاستی سینتاکسەوە بۆ فەرهەنگ/ئاستی مۆرفۆلۆجی و بونیان بە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی، کە بە پێی ئەم توێژینەوەیە <لەڕێزمانیکەوتن- Degrammaticalization>، ڕۆڵ دەبینێت لە هەڵگواستن و لەیەکدانی وشەی نوێ.

زاراوەی <لەڕێزمانی کەوتن> تازەیە و لە کارەکانی (Nurde)دا ئاماژەپێدراوە و وەك کردەیەك، کە پێچەوانەی بەڕێزمانیبوونە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە ڕێگەدەدات بە کەرەستە ڕێزمانییەکان بۆ ئەوەی لە ڕێزمانەوە بپەڕنەوە بۆ ئاستی فەرهەنگ و ببن بە کەرەستەیەکی فەرهەنگی، واتە لە دانەیەکی ئەرکییەوە بۆ دانەیەکی فەرهەنگی، زۆرجار بەو مۆرفیمە ڕێزمانییانە دەوترێت، کە دەبنە مۆرفیمێکی سەربەخۆی فەرهەنگی (بڕوانە: Nurdw Muriel, 2009, 8).

(داڤید ویلز) چوار جۆر لەڕێزمانیکەوتن دەستنیشاندەکات، کە ئەمانەن:

1- لەچەمانەوە کەوتن Deflxion.

2- بەلێکسمبوونی کەرەستە ڕێزمانییەکان Lexicalization of grammatical item .

3- لەڕێزمانیکەوتنی مۆداڵەکان Degrammaticalization of modals .

4- بەلێکسیمبوونی سینتاکسی Syntactic lexicalization . (بڕوانە: David willis,2013,6).

لەهەندێك زماندا ڕێگە بە هاتنی مۆرفیمە شکێنەرەوەکان بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی دەدرێت، بەڵام ئەم دیاریدەیە < گەردونی- Universal> نییە، بەو پێیەی لە هەمو زمانەکاندا ڕێگە بەم پرۆسەیە نادرێت، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، کەچی لە زمانێکی وەکو زمانی چینیدا ڕێگە بە کەرەستە ڕێزمانییەکان نادرێت ببن بە کەرستەی فەرهەنگی. (لەبارەی پرۆسەی لەڕێزمانیکەوتن بڕوانە: Janet zhiquan,2012,268)، ئەم بۆچونەش دەمانگەیەنێت بەو ڕاستییەی کە بڵێین پرۆسەکانی سینتاکس و مۆرفۆلۆژی لە بنەڕەتدا یەکن و سنورێکی دابڕاو لە نێوانیاندا نییە، لە هەر دو ئاستدا جەخت لەسەر سێ شت دەکرێتەوە:

1- هەڵبژاردنی کەرەستەی بەجێ.

2- لەیەکدانی کەرەستە بەجێیەکان.

3- تێبینی کردنی ئەو گۆڕانانەی لە کردەی لێکدانەکەدا ڕوودەدەن.( بڕوانە : محەمەد مەعروف، 2010، 275)

کەواتە پرۆسەکە دو سەرەیە مۆرفیم و وشە لە مۆرفۆلۆژییەوە دەچنە نێو سینتاکس بە پێچەوانەشەوە ڕوودەدات، لەم هێڵکارییەدا ڕونی دەکەینەوە:




هێڵکاریی ژمارە (1)

لەبارەی ئەوەی ئەم مۆرفیمانە سەرەتا مۆرفیمێکی سینتاکسی بون و لە ئاستی سینتاکسدا ئەرکیان بینیوە، یان سەرەتا مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی بوون و ڕۆڵیان لە هەڵگواستن و لەیەکدانی وشەفەرهەنگییەکان هەبووە، لەکۆنەوە تا ئێستا بۆچونی جیا هەبووە، دەتوانین چەند بۆچونێکی گرنگ لەم بارەیەوە بخەینەڕو:

1- هەندێك پێیان وایە ئەم مۆرفیمانە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی بوون و وشەیان هەڵگواستووە، یان وشەی لەیەکدراویان دروستکردووە و ڕۆڵیان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا، پاشان بوون بە مۆرفیمێکی سینتاکسی و لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا ئەرکیان بینیوە، بۆ نمونە دەوترا پریپۆزەیشنەکانی وەك : /لە-، بە-، بۆ-، بێ-، - تا، - ە/ سەرەتا لە زمانی کوردیدا دەوری پێشگریان بینیوە و لە پێکهێنانی واتای وشەی نوێ و ئیدیۆمی چەسپاودا ئەرکیان بینیوە وەکو : (بەبار، لەڕوو، بەناز، بەهێز، بێکەس، چاوبەکل، شەولەبان...تاد)(بڕوانە : هیدایەت عەبدوڵا، 1993 ، 124)

2- هەندێکیش پێیان وایە، کە مۆرفیمەکان پێویستە لە ئاستەکەی خۆیاندا لێیان بکۆڵرێتەوە و لێکچونی ئەم مۆرفیمانە تەنها ڕێککەوتی زمانییە، لەبەر ئەوە پێویستە لە دو ئاستی جیا و وەکو دو مۆرفیم مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، دەتوانین ڕێزمانی دێرینی کوردی و سەرجەم ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی لەبارەی مۆرفۆلۆژی کوردییەوەن، بخەینە خانەی ئەم بۆچونەوە، چونکە ئەوان ئاستەکانیان بەجیا و دابڕاوی لەیەکتر سەیردەکرد.

3- هەندێك ئەم دیاریدەیە بە پێی ئاراسەی توێژینەوەکەیان بە فرەئەرکی مۆرفیمەبەندەکان ناوی دەبەن و پێیان وایە، ئەم مۆرفیمانە فرەئەرکن و لە فەرهەنگ و سینتاکسیشدا ئەرکیان هەیە، لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیان بوون بە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی و وشەی نوێیان دروستکردووە (بڕوانە : شادان حەمەئەمین:2016، 96)، بەبێ ئاماژەدان بەوەی، کە کەرەستەی

ڕێزمانی و سینتاکسی ئەگەری گۆڕان و لەناوچونیان زۆر کەمە و بەهێزن، کە بە پێی ئەم توێژینەوەیە سەرەتا مۆرفیمی ڕێزمانی بوون، پاشان لە ڕێزمانی کەوتوون.

4- هەندێکی تر لە چوارچێوەی فرەواتایی و هاوواتاییەوە لە مۆرفیمە بەندەکان دەڕوانن، واتە کاتێك مۆرفیمێکی وەکو /-ەکە/ وشەی نوێ دروستدەکات و ئەرکی سینتاکسی دەبینێت، بە مۆرفیمێکی فرەواتای دەزانن، بەبێ ئاماژەدان بەوەی مۆرفیمەکە لە بنەڕەتدا سینتاکسییە یان مۆرفۆلۆژییە. (بڕوانە: سەباح ڕەشید قادر، 2000، 87)

5- بۆچونێکی تر هەیە، پێی وایە، مۆرفیمەکان هەیانە لە بنەڕەتدا مۆرفیمی سینتاکسین و هەندێکی تریان، فەرهەنگین و هەندێکیشان مۆرفیمی مۆرفۆسینتاکسیین ، وەك دەوترێت: هەر یەك لە پریپۆزەیشنەکانی وەك : /پێ-، لێ-، تێ-/ فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسین، پێشناوەکانی وەك: /بە- ،بۆ- ، لە-/ سینتاکسین و پێشناوی /-ە/ بەشداری هەر سێ ئاستی فەرهەنگ و مۆرفۆسینتاکس و سینتاکس دەکات.( بڕوانە: هێمن سەلاحدین، 2015، 49، هەروەها بڕوانە : محەمەد مەحوی ، 2010، 208)

ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت لەوە دەکات، کە زۆربەی مۆرفیمە شکێنەرەوەکان، دەپەڕنەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی دەبنە مۆفیمی بەستێنەر و هەڵگوێزەر و بەشداری لە وشە لێکدراو و هەڵگوێزراوەکاندا دەکەن، واتە سەرەتا مۆرفیمی سینتاکسین، پاشان لەبەر دو هۆکار دەپەڕنەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی:

1- پێویستی فەرهەنگی زمان، بەم مۆرفیمە سینتاکسیانە بۆ هەڵگواستن و لەیەکدانی وشەی نوێ.
2- زۆر بەکارهێنانی مۆرفیمە سینتاکسییەکان وای کردووە جگە لە ئەرکەسینتاکسییەکە، ئەرکی مۆرفۆلۆژیانەشیان پێ بسپێردرێت.

بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە :

1- لە کۆزمانەوانیدا دیاریدەیەك هەیە پێی دەوترێت < زمان گۆڕان-Language change >، کە بایەخ دەدات بە ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانەکاندا لە سەرجەم کەرەستە و ئاستەکاندا دێن، ئەم زانستە ئەوەی سەلماندووە، کە بە پلەی یەکەم (دەنگ و وشە )کان دەگۆڕێن، کەمترین گۆڕان لە ئاستی مۆرفیمە بەندەکاندایە، لە نێو مۆرفیمەکانیشدا ئەوەی، کە حاڵەتی ڕێزمانی دەردەبڕن وەکو: (کۆییێتی، تاکێتی، ناساندن، نەناساندن، ڕەگەز، دۆخی ڕێزمانی، ئەسپێکت (سەرجەم مۆرفیمەکانی کردار)...تاد ) کەمترین گۆڕانیان بەردەکەوێت، چونکە گۆڕانی زۆر لەم مۆرفیمانە بەواتای تێکچونی زمانەکە دێت، بۆیە مۆرفیمە سینتاکسییەکان کەرەستەیەکی پتەون و کەمتر گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەمێننەوە.( لەبارەی گۆڕانی زمانەوە بڕوانە: محەمەد مەعروف، 1987، 91- 100).

2- مۆرفیمە سینتاکسییەکان ڕێژەی بەکارهێنانیان زۆرە، مرۆڤ دەتوانێ چەند وشەیەك( ناو، ئاوەڵناو، کردار) بەکارنەهێنێت لەکاتی قسەکردندا، بەلاّم بەبێ مۆرفیمە سینتاکسییەکان قسەکردن زەحمەت دەبێت، هەر بۆیە زۆری ڕێژەی بەکارهێنانیان

وا دەكات بپەڕنەوە و بەهەمان واتا، یان بە گۆڕینی واتاكانیان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا.(لە بارەی ڕێژەی بەكارهێنانی مۆرفیمە ڕێزمانییەكانەوە بڕوانە: شیروان حوسێن، 2016، 245-249).

**بەشی دووەم:**

**پەڕینەوەی هەندێك لە مۆرفیمە سینتاكسییەكان بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژیا:**

**یەكەم: /- ەوە/:** مۆرفیمێكی سینتاكسییە و تایبەتە بە كردار و وەكو ئەسپێكت ئەركی ئاماژەكردنی دەمكات لە دووبارەبوونەوەی ڕوودان لە ڕابردوو، ڕانەبردوودا، لەخۆدەگرێت. (بڕوانە ئەبوبەكر عومەر قادر: 2003: 66)

+پیشاندانی كات

+دووبارەبوونەوەی ڕووداو

- هاتمەوە بۆئێرە.
- هاتم بۆ ئێرە.

ئەم مۆرفیمە ئەپەڕێتەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی و دەبێتە مۆرفیمی هەلگوێزەر و وشەی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەمدەهێنێت، وەكو: (كردنەوە، بیركردنەوە، خواردنەوە، ...هتد)، هەروەها دەچێتە سەر كۆمەڵێك چاوگ، كە بەبێ ئەم پاشگرە واتا نابەخشن، وەكو: (ڕشانەوە، خولانەوە، بوژانەوە، شاردنەوە، ...تاد) (بڕوانە: شادان حەمەئەمین: 2016، 96).

**دووەم: مۆرفیمی نەرێكردنی ڕابردو /نە-/ و ڕانەبردو/نا-/:**

نەرێكردن پرۆسەیەكی سینتاكسییە و بە شكاندنەوەی كردار لە زمانی كوردیدا ڕوودەدات، بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت ئەوەیە ئەم مۆرفیمانە كاتێك دەپەڕنەوە بۆ ئاستی فەرهەنگ و وشەی نوێ هەڵدەگوێزن و لە ڕێزمانی دەكەون، هەمان واتای سینتاكسییەكەیان هەیە و هیچ لە واتای نەرێكردنەكەیان وننەكردووە، بەڵام ئەركەكەیان گۆڕاوەخاڵی جیاوازی ئەم مۆرفیمانە ئەوەیە لە سینتاكسدا كردار دەشكێننەوە، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو دروستدەكەن، نیشانە واتاییەكایشیان لەیەكەوە نزیكن: (مەسعود محەمەد) پێی وایە پێشگری /نە/ لە ڕوی نەرێكردنەوە لە /نا/ بەهێزترە ، بەو پێیەی ، كە /نە/ كرداری ڕابردو نەرێ دەكات، بەڵام /نا/ ڕانەبردو نەرێ دەكات، بەڵگەشی ئەوەیە، كە ڕابردو شتێكە دەیزانین و بەسەرچووە، بەڵام ڕانەبردو ڕون نییە : نەسرین نەچو. (زانیومانە، كەنەسرین نەچوە.) بەڵام، كە دەڵێین : نەسرین ناچێت. ( لەوانەیە بشچێت، چونكە جارێ ڕوی نەداوە.) (بڕوانە : مەسعود محەمەد: 2011: 31)

| / نە- / + ڕەگ |
|---|
| |

نەمر، نەبەز، نەزان، نەکوڵ، نەترس، نەبڕ، نەسوت، نەناس، نەگۆڕ، ... تاد .

| / نا- / + ئاوەڵناو |
|---|
| |

ناخۆش، نالەبار، ناقولا، ناڕێك، ناپاك، ناڕاست، نادروست، ناساغ، ناشیرین، ... تاد .

| سینتاکس | مۆرفۆلۆژی |
|---|---|
| +شکاندنەوە | +هەڵگواستن |
| +نەرێکردن | +نەرێکردن |
| +تایبەت بە کردار | + تایبەت بە ئاوەڵناو |
| -ئاوەڵناو | + ئاوەڵناو |

**سێیەم: کلیتیکی /-ن/**

کلیتیکەکان ئەو مۆرفیمە بەندە سینتاکسییانەن، کە دو فۆرمیان هەیە فۆرمی پڕ و کورتراوە، دەنوسێن بە وشەکانی ترەوە و مۆرفیمی سینتاکسیین و ڕۆڵی <ڕێککەوتن -Agreement> ڕادەپەڕێنن، لە زمانی کوردیدا بۆچونی جیا لەبارەی ژمارەی کلیتیکەکان هەیە، هەندێك مۆرفیمەکانی /-ەکە/، /- ێك/ ، /- ان/ و جێناوەلکاوەکان (بڕوانە: شیروان حسێن حمد، 2014)، هەندێکیش تەنها جێناوە لکاوەکان بە کلیتیك دادەنێن. (بڕوانە: تارا موحسن قادر، 2004).

مۆرفیمی /-ن/ کلیتیکە و لە زمانی کوریدا جگە لەوەی فرەئەرکە، واتە دو ئەرك دەبینێت کە ئەوانیش بریتین لە کەسی سێیەمی کۆ و دووەمی کۆ:

- ئەوان هاتن.
- ئێوەهاتن.

لە هەمان کاتیشدا لە ڕێزمانی دەکەون و ئەرکە سینتاکسیەکەیان وندەکەن، بەڵام ئەوەی وا دەکات بڵێین هەمان کلیتیکە لە سینتاکسەوە پەڕیوەتەوە بۆ مۆرفۆلۆژی ئەوەیە، لە ڕوی سیمانتیکییەوە واتا بنەڕەتییەکەی ون نەکردووە جگە لە واتا ڕێزمانییەکانی، با بڕوانینە نیشانەواتاییەکانی ئەم مۆرفیمە پێش و پاش لەڕێزمانیکەوتنی:

| سینتاکس | مۆرفۆلۆژی |
|---|---|
| + شکاندنەوە | + هەڵگواستن |
| +کەس | +کەس |
| +ژمارە | – ژمارە |
| +ڕێککەوتن | – ڕێککەوتن |

به پێی نیشانه واتاییەکانی /-ن/ له نموونەکانی سەرەوەدا، دوای لەڕێزمانیکەوتنی واتای کەسی هەر تێداماوە، ئەگەر چی هەندێك زمانەوان بەتەواوەتی لەیەکچونی ئەم دو مۆفیمە بە ڕێککەوت دەزانن و سنورێکی دابڕاو لەنێوان مۆرفۆلۆی و سینتاکسدا دادەنێن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم مۆرفیمە سینتاکسییە و دەبێتە مۆرفۆلۆژی (بڕوانە ئەو هۆکارانەی پێشتر لەبارەی مۆرفیمە شکێنەرەکانەوە خرانەڕو)، بۆ نمونە:

ورگن، توکن ، چلمن، شەرمن، چڵکن ، گۆشتن ، خرپن ، لیکن،ترکن، ...تاد.




هێڵکاری ژمارە ( 2 )

**چوارەم: / و/ مۆرفیمی لێکدەری سینتاکسی**

مۆرفیمی / و/، دروستەی هاوپەیوەند -cor-ordinate structure دروستدەکات، ئەم جۆرە دروستانە بە پێچەوانەی دروستەی دیارخەریی، یان ڕستە، سەرەی نییە هەمو کەرەستەکانی لە هەمان ئاستی پەیوەندیدان، هەر دو کەرتی فرێزەکە وەکو یەك سەرەن و سەربەخۆن، هیچیان لەژێر دەسەڵاتی ئەوی تردا هەڵنەبژێردراون:

فریز رِستە

- من و تۆ من هاتم و ئەو نەما.
- نەسرین و ئازاد نان بخۆ و دەستەکانت بشۆ.

لێرەدا مۆرفیمی / و/ مۆرفیمێکی سینتاکسییە و رۆڵیبینیوە لە بەستنەوەی دو فریز، یان دو رِستە. بەهەمان فۆرمەوە دەبێتە مۆرفیمێکی مۆرفۆلۆژی و لە رِێزمانی دەکەوێت، وەکو ناوبەند رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی وشەدروستکردن و لەیەکدانی پۆلەرِگەزەکان بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراوی بەستراو، لەم بارەشدا گوێ ناداتە دو کەرتەکە، کە سەر بە چی پۆلە رەگەزێکن. بۆ نمونە :

(ناو و کار) دەستوبرد (ئاوەڵناو و ئاوەڵناو ) پاکوخاوێن

(کار و کار) هاتوچۆ (ناو و ناو) ماڵومناڵ...تاد

لە رِێگەی ئەم هێڵکارییەوە ئەرکەکانی مۆرفیم /- و-/ دەخەینەرِو:




هێڵکاری ژمارە ( 3 )

بە بروای هەندێك زمانەوان هەمو وشە لێکدراوەکان سەرەتا فریزن، پاشان دەبنە وشەی لێکدراو، وشە لێکدراوەبەستراوەکان زۆربەیان دەچنە ژێر رۆشنایی ئەو بۆچونەوە، کە سەرەتا فریز بوون، دواتر بەهۆی پێویستی فەرهەنگ و لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیان بوون بە وشەی لێکدراو، کەواتە ئەم بۆچونانەش پشتراستکردنەوەی بۆچونی ئەم توێژینەوەیەیە، کە پێی وایە مۆرفیمی / و/ سینتاکسییە و پاشان ئەبێتە مۆرفۆلۆژی.

**پێنجەم: مۆرفیمی ناساندن : /-ەکە/:**

مۆرفیمێکی سینتاکسییە و تایبەتە بەناوەوە، لەگەڵ /- ێك / و /- ان/ دا ئارتیکڵیان پێدەوترێت، چونکە دەچنەسەر سەرەی فریزی ناوی و رۆڵی دیاریکەر دەبین و سەرەی فریزە ناوییەکە لە ناوەوە فراوان دەکەن،( هەندێکیش پێیانوایە ئەم مۆرفیمە نوسەکە ( بروانە : شێروان حوسێن،2016.،46)

- پیاوەكە
- كچەكە...تاد

ئەم مۆرفیمە زۆر چالاكە لە زمانی كوردیدا، واتە بەشێوەیەكی فراوان بەكاردەهێنرێت، هەر ئەم هۆكارەشە وای كردوە، كە ببێتە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی و وشەی نویّ لە زمانەكەدا دروستبكات، بە بڕوای ئەم توێژینەوەیە هەمو ئەو وشە هەڵگوێزراو و لێكدراوانەی لە ئێستادا مۆرفیمی/-ەكە/ بووە بە بەشێك لە پێكهاتەكەیان، سەرەتا فرێزێكی ناوی بون و لە ئەنجامی زۆر بەكارهێنان ئێستا بون بە وشەیەكی فەرهەنگی <لێكسیم- Lexeme> بەڵگەشمان ئەوەیە، كە پاش ئەوەی پەڕیوەتەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی و ئەركی وشەدروستكردنی بینیوە، واتای ناساندنەكەی ون نەكردووە، ئەمەش وەڵامی ئەو بۆچونەیە، كە پێی وایە لێكچونی ئەم دوانە ڕێككەوتە و پەیوەندییان بەیەكەوە نییە:

| سینتاكس | مۆرفۆلۆژی |
| --- | --- |
| +شكاندنەوە | + هەڵگواستن |
| +ناساندن | - ناساندن |
| +كۆتایی ناو و ئاوەڵناو | + كۆتایی ناو |

كەواتە ئەم مۆرفیمە لە ئێستای زمانەكەدا دو ئەركی هەیە بەم شێوەیە:

/-ەكە/

| مۆرفیمی ڕێزمانی <ئارتیكل> | مۆرفیمی فەرهەنگی وشەداڕێژ |
| --- | --- |
| پیاوەكە، كچەكە، | شەكرەكە، بەریدەكە، |
| فلكەكە، بەستەنەكە، | فلكەكە، بەستەنەكە، |
| دارەسوتاوەكە، تاوسەكە، | دارەسوتاوەكە، تاوسەكە، |
| ئاسكەكە، پاركەكە | ئاسكەكە، پاركەكە |

هێڵكاری ژمارە (4)

**شەشەم: مۆرفیمی /-ە/:**

مۆرفیمێكی سینتاكسییە و چەندین ئەركی جیاجیا دەبینێت لە ئاستی سینتاكسدا، لەوانە:

1- دەبێتە ئامرازی خستنەسەر بۆ فراوانكردنی سەرەی فرێزی ناوی بە ئاوەڵناو، دەشێت بە ژمارەیەكی < بێكۆتا -INFINITE>ئاوەڵناو سەرەی فرێزە ناوییەكە فراوانبكرێت لەم بارەدا:

كچە جوانە باڵابەرزەڕێكپۆشەكە....تاد

2- مۆرفیمی كاتی ئێستایە: هێناومە

3- مۆرفیمی ناساندنە :كوڕە هات.

4- پاشبەندی نیشانەیە: ئەو كوڕە

5- مۆرفیمی بانگكردنە بۆ نێر و مێ: دایكە، باوكە، ... تاد.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ئەركانە هیچ پەیوەندییەكی واتایی لە نێوانیاندا نییە، بۆیە ناكرێت بوترێت ئەمانە یەك مۆرفیمن، چونكە شێوەیان یەكە، بەڵام ئەركەكانیان تەواو جیاوازە و هاوبێژن (بڕوانە: سەباح ڕەشید، 96،2000-97)

مۆرفیمی /-ە/ لە سینتاكسدا ئەركی خستنپاڵ دەبینێت، لەبەر چالاكی لە زمانی كوردیدا دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی و دەبێتە مۆرفیمێكی وشەدروستكەر/هەڵگوێزەر، وەكو وتمان ئامرازی خستنەسەرە و ناو و ئاوەڵناو بەیەكەوە دەبەستێتەوە بۆئەوەی سەرەی فرێزەكە فراوانبكات، بەهەمان ئەرك لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا دەچێتە نێوان پۆلە ڕەگەزەكان و وشەی لێكدراو دروستدەكات، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا وەكو ناوەبەند، دەشێت ئەو دو پۆلەڕەگەزە جیاواز بن، بە پێچەوانەی فرێزەكانەوە، كە تەنها ناو و ئاوەڵناو بە یەكەوە دەبەستێتەوە:

1- ناو+/-ە-/+ناو= گوڵەگەنم، دەستەخوشك، گوڵەباخ، كلكەبێڵ، چەپكەگوڵ، ... تاد

2- ناو+/-ە-/+ئاوەڵناو= كێلەسپی، بەردەڕەش، بەردەسور، بزنەكێوی، ... تاد

3- ئاوەڵناو+/-ە-/+ناو= ڕەشەبا، سورەگوڵ، شەكرەسێو، تاریكەشەو، ... تاد

4- ناوی شوێن(ئاوەڵكار)+/-ە-/+ناو= پشتەسەر، پاشەڕۆژ، پشتەمل، ... تاد(بۆ زانیاری لەسەر ئەو وشانە بە یاریدەی مۆرفیمی/-ە-/ دروستبوون، بڕوانە :( نازەنین جەلال، 105،2004-106).

باوەڕ وایە ئەم وشانە فرێز بوون و بوون بە وشە، واتە ئەو وشانەی سەرەوە لە (گوڵی باخ و چەپكی گوڵ و بەردی ڕەش و ... تاد)ەوە هاتبن، بۆیە بەم جۆرە وشانە دەوترێت وشەی سینتاكسی، لە ئێستادا بڕوا وایە، كە ئەم وشانە بە پرۆسەی <بەلێكسیمبوون-Lexicalization> بوون بە وشە، ئەمەش پشتڕاستكردنەوەی بۆچونی توێژینەوەكەمانە، كە پێی وایە سەرەتا مۆرفیمی /-ە-/ سینتاكسی بووە، پاشان هاتووەتە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە.( بۆ زانیاری لە بارەی پرۆسەی بە لێكسیمبون و بەوشەبون بڕوانە: ( محەمەد مەجید: 2015: 83-85)، مۆرفیمی ناوبەندی /-ە/ جیاوازە لەو مۆرفیمە هەڵگوێزەرەی /-ە/ وشەی نوێ هەڵدەگوێزێت: (زستانە، هاوینە، بەهارە،كردە، كوشتە،بردە،شەوە،چاكە،خراپە،باشە،...تاد). لە یەكەمیاندا وەكو ناوبەند وشەی لێكدراو دروستدەكات، لە دووەمیاندا

پاشگرە، دەكەوێتە كۆتایی وشە ناسادە نوێیەكەوە، هەڵگوێزراو بێت (بڕوانە: زستانە، هاوینە، ... تاد)، یان لێكدراو بێت (بڕوانە: هەرمێ لاسوورە).

ئەم مۆرفیمە لە فرێزدا ناو و ئاوەڵناو بەیەكەوە دەبەستێتەوە، كەچی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا ئەركەكەی خۆی وننەكردووە و هەمان ئەركی بەستن دەبینێت، هەروەها لە زۆربەی پۆلە ڕەگەزەكانی وەكو (ناو،ئاوەڵناو،كردار) ئاوەڵناو دروستدەكات، واتە لە مۆرفۆلۆژیشدا هاوڕێیەتی ئاوەڵناوی وننەكردووە، هەر ئەمەش وامان لێ دەكات بڵێین /-ە/ مۆرفیمێكی سینتاكسییە و پەڕیوەتەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی، سەرەڕای جیاوازی ئەم دو ئاستە بەڵام ئەرك و واتای سینتاكسی هەر تێدا دەمێنێت:

| <u>سینتاكس</u> | /-ە/ | <u>مۆرفۆلۆژی</u> |
|---|---|---|
| + شكاندنەوە | | + هەڵگواستن |
| + بەستن (دانە پاڵ) | | + بەستن(ناوبەند) |
| + هاوڕێیەتی ئاوەڵناو | | + هاوڕێیەتی ئاوەڵناو |
| - هاوڕێیەتی ناو | | + هاوڕێیەتی ناو |

**حەوتەم: پریپۆزەیشنەكان**

گروپێكی سینتاكسی بچوكن/داخراون، لەپێش ناو و جێناوەوە دێن و بەشەكانی ڕستە بە یەكەوە دەبەستنەوە و فرێزی پێشناوی<u>p.p</u> دروست دەكەن. (بڕوانە:Dived cristal,2008 ,383)، لە زۆربەی زمانەكاندا گروپێكی داخراون. لە زمانی كوردیشدا پریپۆزەیشنەكان بریتین لە: / لە-، بۆ-، بە-، بێ-، تا-،-ە/ هەروەها هەریەك لە / پێ-، تێ-، لێ-/ گۆڕاوی فۆرمی شەش پریپۆزەیشنە سەرەكییەكەن (بڕوانە: هیدایەت عەبدوڵا، 1993، 124-125).

- نامەكەم لە تۆ وەرگت. (لێوەرگرتن)

- نامەكەم بۆ نارد.

- نامەكەم بە تۆ دا. (پێدان)

- نامەكەم بێ تۆ خوێندەوە.

- نامەكەم تا سبیەینێ دەگات.

- نامەكەم دەگاتە دەستت.

-بەردێكم لە چۆلەكەكە گرت. (تێگرتن)

وەكو دەردەكەوێت، ئەم مۆرفیمانە سینتاكسین و ڕۆڵی بەیەكەوە بەستنی بەشەكانی ڕستە دەبینن و فرێزی پێشناوی دروستدەكەن، هەمویان دەپەڕنەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی و لە ڕێزمانی دەكەون و بە هەر دو ڕێگای (هەڵگواستن و لەیەكدان) فەرهەنگی زمانەكە دەوڵەمەند دەكەن، دەچنە سەر زۆربەی پۆلەڕەگەزەكان:

/ لە-/: قسەلەڕو، چاولەدەر، داخلەدڵ، جامانەلەسەر، خاڵەڕو، سەرلەبەیانی، سەرلەئێوارە، لەیەككردن، لەئیشكردن، ... تاد.

/بێ-/ : بێویژدان، بێغیرەت، بێناز، بێكەڵك، بێكەس، بێوەفا، بێدین، بێتام، بێسنو، بێنرخ، بێمێشك، بێناو، بێدەنگ، بێكار، بێتاوان، بێهۆش، ... تاد.

/بە-/ : ژنبەژن، كولێرەبەقیمە، دەمبەپێكەنین، لێوبەبار، بەناز، بەهۆش، بەجەرگ، بەسۆز، بەگوڕ، بەبڕشت، ساتبەسات، ڕۆژبەڕۆژ، ساڵبەساڵ، ماڵبەماڵ، ژوربەژور، شاربەشار، ... تاد.

/ بۆ-/ : بۆچون، بۆهاتن، بۆگەڕان، ... تاد.

/تا-/ : سەرتاپا/ سەرتاپێ ، سەرتاسەر، ... تاد.

/-ە-/ : كردنەبەر، كردنەرسەر، بردنەسەر، ... تاد. هەروەها سێ شێوە گۆڕاوەكەی پرێپۆزەیشنەكانیش بە هەمان شێوە و بە هەمان فۆڕمەوە دەپەڕنەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی:

/پێ-/ : پێخۆر، پێناس، پێشۆر، چاوپێهەڵهێنان، سكپێسوتان، قسەپێكردن، ... تاد.

/لێ-/ : لێزان، لێخوڕ، لێچون، لێبون، لێدەرچون، لێگرتن، ... تاد.

/تێ-/ : تێڕامان، تێكردن، تێخزان، تێكڕاهاتن، تێكچڕژان، ... تاد.

تایبەتێتی و شێوازی كاركردنی سینتاكس و مۆرفۆلۆژی جیاوازن، بۆیە ناتوانین، واتای هەمو ئەو مۆرفیمانە لێكبدەینەوە پاش پەڕینەوەیان بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی، چونكە گۆڕان لە ئەرك و واتایان دروستدەبێت، بەڵام هەندێكیان بە ئاشكرا ئەركە سینتاكسییەكەیان تێدا ماوە:

**سینتاکس** / بێ-/ **مۆرفۆلۆژی**

+ شکاندنەوە
+ نەرێنی (سلبی)
+ نەبونی شتێك
+ لەگەڵدا نەبون

+ هەڵگواستن
+ نەرێنی (سلبی)
+ نەبونی شتێك
+ لەگەڵدا نەبون

**سینتاکس** / تا-/ **مۆرفۆلۆژی**

+ سینتاکسی
+ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر
+ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر
+ هاوواتای هەتا (هەتاوەکو)

+ مۆرفۆلۆژی
+ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر
+ لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر
+ هاوواتای هەتا (هەتاوەکو)

**سینتاکس** / بە-/ **مۆرفۆلۆژی**

+ سینتاکسی
+ نەرێنی
± نەبونی شتێك
± لەگەڵدا بون

+ مۆرفۆلۆژی
+ نەرێنی
+ نەبونی شتێك
+لەگەڵدابون

**سینتاکس** / لە-/ **مۆرفۆلۆژی**

+ سینتاکسی
+ دیاریکردنی شوێن
+ دیارکردنی کات
+ دیاریکردنی هۆ
+ بەراورد

+ مۆرفۆلۆژی
+ دیاریکردنی شوێن
+ دیارکردنی کات
+ دیاریکردنی هۆ
− بەراورد

**سینتاکس** / تا-/ **مۆرفۆلۆژی**

+ سینتاکسی
+ دیاریکردنی شوێن
+ دیاریکردنی کات
+ دانی سیفەت

+ مۆرفۆلۆژی
+ دیاریکردنی شوێن
+ دیاریکردنی کات
+ دانی سیفەت

هەشتەم: /-ان/ ئەم مۆرفیمە شکێنەرەوەیە، ئەرکی کۆکردنەوە دەبینێت، وەکو ئارتیکڵ <دیاریکەر>ە، چونکە سیفاتی کۆیەتی دەداتە ناوەکان، لە سینتاکسدا فرێزی دیارخەری دروستدەکات و وەکو پاشبەند دەکەوێتە کۆتایی ناوەکانەوە لە دروستەی (ناو + دیارخەر)، بە هەمان و فۆرم و تایبە تمەندێتی پاشگرەوە دەکەوێتە کۆتایی ناوەکان و ناوی هەڵگوێزراو دروستدەکات (بڕوانە: محەمەد مەجید، 2015، 78)، بۆ نموونە بڕوانە: (بەیانیان، ئێواران، خوێندکاران، مامۆستایان، ...)، بشڕوانە نیشانە واتاییەکانی /-ان/ لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا:

/-ان/

| سینتاکس | مۆرفۆلۆژی |
|---|---|
| + شکاندنەوە | + هەڵگواستن |
| + ژمارە | + ژمارە |
| +کۆ/ لەیەك زیاتر | + کۆ/ لە یەك زیاتر |

نۆیەم: /-اندن/

لە سینتاکسدا مۆرفیمی /-اندن/ دەچێتە کۆتایی کردار و ئەرکی گۆڕینی توانای کردار دەگێڕێت لە تێنە پەڕەوە بۆ تێپەڕ. (بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، 2010، 239)، بەڵام ئەم مۆرفیمە بە هەمان فۆرم و تایبەتێتی پاشگرەوە لە مۆرفۆلۆژیدا ئەرکی هەڵگواستنی کردار دەبینێت لە ناوی دەنگ و هەندێك ئاوەڵناوەوە (بڕوانە: هێمن سەلاحەدین، 2015، 25)، بۆ نموونە بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:

1- أ- خانووەکە سوتا. (کرداری تێنە پەڕ)

ب- ئاگرەکە خانووەکەی سوتاند. (کرداری تێپەڕ)

2- أ- /قیژە/(ناوی دەنگ) + /-اندن/ /قیژاندن/

ب- /گەوج/(ئاوەڵناو) + /-اندن/ /گەوجاندن/

بە پێی شیکردنەوە و نموونەکانی سەرەوە، نیشانە واتاییەکانی /-اندن/ لە هەردوو ئاستی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا بەم شێوەیە دەخرێنەڕو:

/-اندن/

| سینتاکس | مۆرفۆلۆژی |
|---|---|
| + شکێنەر | + هەڵگوێزەر |
| + گۆڕینی توانای کردار | - گۆڕینی توانای کردار |
| + کۆتایی کردار | - کۆتایی کردار |
| _ کۆتایی ناو و ئاوەڵناو | + کۆتایی ناو و ئاوەڵناو |
| + پاشگر | + پاشگر |

## ئه نجامەکان

1- لە زمانی کوردیدا، زۆربەی مۆرفیمە شکێنەرەوەکان و مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە ئاستی ڕستەدا ئەرکی سینتاکسی بەجێدەگەیەنن، پاشان دەپەڕنەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی و بەشداری پرۆسەی وشەدروستکردن دەکەن.

2- پاش پەڕینەوەی مۆرفیمەکان بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژی، زۆربەی مۆرفیمە شکێنەرەوە و ڕێزمانییەکان هەندێك لە نیشانە واتایی و ئەرکییەکانیان ونناکەن، سەرەڕای جیاوازی و تایبەتێتی هەر دو ئاستەکە (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، هەمان مۆرفیمن و پەڕیونەتەوە لە ئاستەکەی خۆیانەوە <سینتاکس> بۆ ئاستێکی تر <مۆرفۆلۆژی> .

3- <لەڕێزمانیکەوتن> کردەی پێچەوانەی <بەڕێزمانیبوون>ە، لە یەکەمیاندا ڕێگەدەدرێت بە (مۆرفیمە ڕێزمانییەکان و مۆرفیمی سەربەخۆ و فرێز) لە ئاستی سینتاکسەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆجی بپەڕنەوە و ببنە کەرەستەیەکی فەرهەنگی، لە دووەمیشدا بە پێچەوانەوە، کەرەستە فەرهەنگییەکان دەبن بە کەرەستەیەکی سینتاکسی.

4- ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانەی لە زمانی کوردیدا لەڕێزمانیدەکەون، تایبەتێتییە سینتاکسییەکانیان ونناکەن و هەمان تایبەتێتی پێشگر/پاشگر دەپارێزن.

## سەرچاوەکان

1- ئەبوبەکر عومەر قادر (2003)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا (نامەی دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

2- سەباح ڕەشید قادر (2000)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

3- شادان محەمەد حەمەئەمین (2016)، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

4- شیروان حوسێن محەمەد (2016)، تواناى مۆرفيمى بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای ناریـن.

5- محەمەد مەجید سەعید (2015)، پرۆسەی بەلێکسیمبوون لە زمانی کوردیدا (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

6- محەمەد مەعروف فەتاح (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

7- محەمەد مەعروف فەتاح(2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

8- محەمەدی مەحویی (2010)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

9- مەسعود محەمەد (2011)، زاراوەسازی پێوانە، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

10- نازەنین جەلال ئەحمەد (2004)، وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا (نامەی دکتۆرا)، کۆلیژی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغدا.

11- هیدایەت عەبدوڵا محەمەد (1993)، پێشپرتك و پاشپرتك لە زمانی کوردیدا (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

12- هێمن سەلاحەدین ڕەمەزان (2015)، پرۆسە و یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

13- David Crystal (2008), Dictionary of the Linguistics and Phonetics.

14- David Willis, (2013) Syntactic lexicalization as a new type of degrammaticalization (Department of Linguistics, University of Cambridge).

15- Nurde Murile (2009), Degrammaticalization. Oxford: Oxford University Press.

16-Janet zhiquan (2012) Newest trends in the study of grammaticalization and lexicalization in Chinese, Germany .

**الملخص**

**يتناول بحثناالموسوم (ديكراماتيكاليزيشن- degrammaticalization) لبعض المورفيمات النحوية غير مستقلة فى اللغة الكردية)،ينعقد هذا البحث على قسمين، تطرقنا فى قسم الاول الى بعض جوانب النضرية، فى حين يتضمن القسم الاخر دراسة تحول بعض المورفيمات اللغوية. اذ يهدف البحث الحالى الى اجابة عن السؤال هل تمكن تحول المورفيمات النحوية الى المورفيمات المورفولوجية؟ ام لا يمكن ايجاد علاقة بينهما؟ تكمن اهمية البحث فى انه اغلب المورفيمات النحوية فى اللغة الكردية، تتحول الى مورفيمات مورفولوجية.اعتمد الباحثان المنهج الوصفى التحليلى فى هذه الدراسة. وتشمل حدود البحث اللهجة الكرمانجية الوسطى(السليمانية).**

## Abstract:

The research is entitled (degrammaticalization of some syntactic morpheme in Kurdish) the research consists of two sections, we dealt in the first section to some aspects of maturity, and the second section includes the study of the degrammaticalization of the syntactic morpheme. The current research aims to answer the question: Can grammatical morpheme be transformed into lexical morpheme? Or do not they have a relationship? The importance of research is that the majority of grammatical morpheme becomes to lexical morpheme. The researcher followed the analytical descriptive method. The borders of the research include the central Kurdish dialect (Sulaymaniyah sub-dialect)

# Gender Differences in Depression Levels at Refugee Camps in Duhok City, Kurdistan Region of Iraq

Nazdar Qudrat Abas

Department of Psychology, University of Garmian, Kurdistan Region, Iraq
Email: nazdar.qudrat@garmian.edu.krd

## Abstract

**Background:** The difficult conditions and threats that refugees face are making a great possibility for destroying their health physically and mentally. Refugees are at risk for psychiatric morbidity, yet little is known about their serious mental health disorders such as depression. National and international studies about Iraqi refugees still not enough to understand their serious problems in everyday life in the refugee camps and the future consequences of their physical and psychological conditions. Studying the depression levels among refugees of ISIS war and comparing the severity of depression between adult males and females was to be the aim of the study. **Method:** A comparative study design, with a purposive sampling of total (68) adult participants, (31 males and 37 females) in the refugee camps in Duhok city, Kurdistan Region of Iraq from September, 2016 to October, 2017 and a depression questionnaire for data collection process have been used. **Results:** little differences between males and females levels and the severity of depression were revealed. The mild level was higher in females (57.14) percent compared with males (42.85) percent, but males have reported higher results in moderate level (53.57) percent compared to females (46.42) percent. The big difference in the sever level of depression was (80.0) percent for females compared with only (20.0) percent for males. **Recommendations:** psychological first aid and interventions are required for the refugees especially for the members whom lost family member(s), property, job and body parts during the war.

***Keywords*:** depression, refugee camps, gender differences, Kurdistan Region

## Introduction

Depressive disorder is one of the most common mental health problems that contribute significantly to the global disease burden (Varcarolis, 2006). According to the Centers for Disease Control and Prevention (CDC), 7.6 percent of people over the age of 12 have depression in any 2-week period. This is substantial and shows the scale of the issue.

According to the World Health Organization (WHO), depression is the most common illness worldwide and the leading cause of disability. They estimate that 350 million people are affected by depression, globally. Depression is likely to be due to a complex combination of factors that include: genetics, biological - changes in neurotransmitter levels, environmental, psychological and social (psychosocial) factors. Some people are at higher risk of depression than others; risk factors include: Life events - including bereavement, divorce, work issues, relationships with friends and family, financial problems, medical concerns, or acute stress like wars, accidents, and terror and childhood trauma. (MacGill, 2017). Depression symptoms can vary from mild to severe and can include: depressed mood, anhedonia, and altered cognitive function, feeling sad or having a depressed mood, Loss of interest or pleasure in activities once enjoyed, changes in appetite — weight loss or gain unrelated to dieting, trouble sleeping or sleeping too much, Loss of energy or increased fatigue, increase in purposeless physical activity (e.g., hand-wringing or pacing) or slowed movements and speech (actions observable by others), Feeling worthless or guilty, Difficulty thinking, concentrating or making decisions, and thoughts of death or suicide. For diagnosing depression symptoms need to last two weeks or more. Depression compared to other psychiatric disorders is among the most treatable of mental disorders (Schmidt, Shelton and Duman, 2011). The lifetime prevalence of MDD is approximately 17% of the population; about (80-90%) of people with depression have a good response to treatment (Kessler et al, 2005). Almost every patient could have some relief from the symptoms, treatment includes: 1- Medication: antidepressant medications have no stimulating effect on people not experiencing depression, 2- Psychotherapy: Psychotherapy is sometimes used alone for treatment of mild depression; for moderate to severe depression, psychotherapy is often used in along with antidepressant medications. Cognitive behavioral therapy (CBT) has been found to be effective in treating depression, 3- Electroconvulsive Therapy (ECT) is a medical treatment most commonly used for patients with severe major depression or bipolar disorder who have not responded to other treatments. (APA, 2013), (NIMH, 2013), & (Kessler et al, 2005).

A group of studies have been applied worldwide about depression among refugees and other similar subjects. A greater number of migrants' related stressors (MRS) were related to a higher severity level of depression in general (Wolf et al, 2017). A long asylum procedure was found to have a higher risk for common psychiatric disorders than adverse life events in Iraq (Laban et al, 2005).

A study about "Mental health symptoms in Iraqi refugees: posttraumatic stress disorder, anxiety, and depression" clarified that refugees suffer from high rates of mental illness symptoms than the general population since they have experienced extreme suffering and the accumulated effects of trauma, because of the diversity of regions from which the refugees originate (Jamil et al, 2007). In a study about "Depression among Vietnamese refugees in a primary care clinic" that refugees are at high risk for serious mental disorders and manifest cultural influences in their health behavior. Being a refugee is generally thought to be at increased risk for depression and other psychological problems (Lin, Ihle, and Tazuma,, 1985). Gorst-Unsworth and Goldenberg, 1998 have proved the importance in determining the severity of both Post Traumatic stress disorder and depressive reactions of the Iraqi refugees in their study about "Psychological Sequelae of torture and organized violence suffered by refugees from Iraq, trauma-related factors compared with social factors". Laban et al, 2004 conducted a study about Iraqi asylum seekers entitled "Impact of a long asylum procedure on the prevalence of psychiatric disorders in Iraqi asylum seekers in the Netherlands", they discovered that the prolonged duration of the asylum procedure is a serious risk factor for more serious psychiatric problems. Gerritsenet et al, 2006 in their study about "Physical and mental health of Afghan, Iranian and Somali asylum seekers and refugees living in the Netherlands" they investigated the physical and mental problems among refugees; they found that both physical and mental health problems like PTSD and depression have highly prevalence among refugees and asylum seekers. Taylor et al, 2014 conducted a survey among Iraqi refugees resettled in the United States to assess their physical and mental health status and the prevalence of emotional distress, anxiety, and depression was approximately 50%of participants. Another study has been applied by Slewa-Younan et al, 2015 they made a systematic review of literature reporting prevalence rates of posttraumatic stress disorder (PTSD) and depression amongst community samples of resettled Iraqi refugees. A study about "Prevalence and Predictors of Posttraumatic Stress and Depression Symptoms among Syrian Refugee Camp" was applied by Acarturk et al, 2017 and they studied the gender differences in depression levels.

Since ISIS attack lots of Iraqi people are migrated from their places, especially from the north of Iraq and they are spending their life in camps in other safe cities in the north. Living in camps is not easy, especially for a very long time (i.e.: more than three years), the refugees have lost their houses, jobs, studying, and some of them have lost family members, such difficulties and other daily problems in camps are risk factors for developing serious mental and psychological disorders such as depression. Carrying out such study was a necessity for understanding the suffering of young adults and to know

more about their suffering and problems as a psychiatric and mental health nurse. Based on the previous studies that been applied to study the impact of migration on human psychology and the importance of this subject to be studied, the study aims to assess the levels of depression among young adults of both males and females in refugee camps and to detect the gender, age, and marital state differences in depression levels between males and females.

## Methodology

A comparative study design, with a purposive sampling for the process of data collection has been used. The study was applied for male and female adults, randomly applied and every adult who agreed to participate, the sample composed of Kurds and Arabs also diverse religions (Muslim, Christian and Yazidi) at the refugee camps in Duhok city, Kurdistan Region of Iraq from September, 2016 to October, 2017. A depression questionnaire (Hamilton Depression Tool, Arabic version) with five different levels of depression (0-7) no depression, (8-13) mild, (14-18) moderate, (19-22) sever, and (23-more) very sever (Fatim, 2016), was used which is composed of 17 items for assessing the severity of depression among the study sample, about (150) copies of the questionnaire were given to the samples but only (68) copies (31 males and 37 females) had been answered correctly and they were useful for the study. The data collection process started by taking an informed consent from University of Garmian in to the Camps Director in Duhok City, after visiting the camps and meeting the study population, the purpose of the study was explained for the study samples and after taking a verbal consent from each sample the questionnaire was given to them and was clarified to them carefully by the researcher with the aid of the local organizations' members in the area , the data collection process started at the end of September 2016 to the end of November 2016. A descriptive analysis has been used for comparing the results of depression levels between male and female participants.

## Results

Table 1: frequency distribution of age and marital status:

| | | Male | | Female | | Total | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | F | % | F | % | F | % |
| Age | 18- >29 | 11 | 34.37 | 21 | 65.6 | 32 | 47.05 |
| | 29- >39 | 11 | 47.82 | 12 | 52.17 | 23 | 33.82 |
| | 39- more | 9 | 69.23 | 4 | 30.76 | 13 | 19.11 |
| Total | | 31 | 45.58 | 37 | 54.41 | 68 | 100.0 |
| Marital status | Married | 24 | 52.17 | 22 | 47.82 | 46 | 67.64 |
| | Single | 7 | 31.81 | 15 | 68.18 | 22 | 32.35 |
| Total | | 31 | 45.58 | 37 | 54.41 | 68 | 100.0 |

The table shows that the most of the sample were aged (18->29) years about (47.05) percent followed by age (29-> 39) about (33.82) percent, also the majority of the samples were married (67.64) percent and the rest (32.35) percent were singles (unmarried).

Table 2: frequency distribution of gender comparison in depression levels:

| Depression level | Male | | Female | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | F | % | F | % | F | % |
| Mild | 15 | 42.85 | 20 | 57.14 | 35 | 51.47 |
| Moderate | 15 | 53.57 | 13 | 46.42 | 28 | 41.17 |
| Sever | 1 | 20.0 | 4 | 80.0 | 5 | 7.35 |
| Total | 31 | 45.58 | 37 | 54.41 | 68 | 100.0 |




Chart (1): gender comparison in depression levels

According to the present table, there are simple differences between males and females regarding the levels and the severity of depression. The mild level was higher in females (57.14) percent compared with males (42.85) percent, but males have reported higher results in moderate level (53.57) percent compared to females (46.42) percent. The big difference in the sever level of depression was (80.0) percent for females compared with only (20.0) percent for males.

Table 3: frequency distribution of age comparison in depression levels between males and females:

| Depression levels | Mild | | | | Moderate | | | | Sever | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Male | | female | | Male | | female | | Male | | Female | |
| Age groups | F | % | F | % | F | % | F | % | F | % | F | % |
| 18- > 29 years | 6 | 40.0 | 10 | 50.0 | 5 | 33.3 | 8 | 61.53 | - | - | 3 | 75.0 |
| 29- > 39 years | 4 | 26.6 | 8 | 40.0 | 7 | 46.6 | 3 | 23.07 | - | - | 1 | 25.0 |
| 39 & more | 5 | 33.3 | 2 | 10.0 | 3 | 20.0 | 2 | 15.38 | 1 | 100.0 | - | - |
| Total | 15 | 100.0 | 20 | 100.0 | 15 | 100.0 | 13 | 100.0 | 1 | 100.0 | 4 | 100.0 |




Chart (2): age comparison in depression levels

The table shows that the age group (18- >29) years have higher frequency in both mild and moderate levels for both males and females, males (40.0) percent, females (50.0) for mild level, and males (33.3) percent, females (61.53) for the moderate level, with highest frequency for sever level in females . The age group (29- >39) years have higher frequencies in females for mild level and higher frequencies in males for moderate level.

Table 4: frequency distribution of marital status comparison in depression levels between males and females:

| Depression levels | Mild | | | | Moderate | | | | Sever | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Male | | female | | Male | | Female | | Male | | Female | |
| Marital state | F | % | F | % | F | % | F | % | F | % | F | % |
| Married | 13 | 86.6 | 13 | 65.0 | 11 | 73.3 | 8 | 61.53 | - | - | 1 | 25.0 |
| Single | 2 | 13.3 | 7 | 35.0 | 4 | 26.6 | 5 | 38.46 | 1 | 100.0 | 3 | 75.5 |
| Total | 15 | 100.0 | 20 | 100.0 | 15 | 100.0 | 13 | 100.0 | 1 | 100.0 | 4 | 100.0 |




Chart (3): Marital status comparison in depression levels

The table shows that married males reported higher frequencies than married females for both mild and moderate levels (86.6) percent and (73.3) percent respectively. Single females reported higher frequencies than single males in all mild, moderate, and sever levels (35.0) percent, (38.46) percent, and (75.0) percent respectively.

**Discussion:**

The higher levels of depression in females for both mild and sever levels compared to higher moderate level in males goes with Vonnahme et al, 2015 they found in their study that more women than men suffered from major depression, more women (26 %) than men (16 %) reported depression symptoms, also Angst et al, 2002, Murthy & Lakshminarayana 2006, and Tekin et al, 2016 clarified that men have reported fewer symptoms than women; as a consequence, men reached the diagnostic threshold less often and that women are more affected than men. This result disagrees with Nolen-Hoeksema 2001 and Angold et al 2002, whom showed that women are twice as likely as men to experience depression.

The age group (18- >29) years are the most affected age group with depression in all mild, moderate and sever levels. This result disagrees with Mirowsky & Ross 1992, whom they found that depression reaches its highest levels at age of (80) years and older, while it appears to peak at ages of (35-45) years old (Beach, Sandeen & O'Leary, 1990). Hankin et al, 1998 showed that ages (15–18) years are at a critical time to depression because they reported the higher depression rates and the greater risk for depression and Jorm, 2000 who found no consistent pattern across studies for age differences in the occurrence of anxiety, depression or distress.

The age group (18- >29) years old have higher depression because it is a beginning of adulthood period, a new refreshing and happy life, studying or getting a job, and mostly getting married and building a new life. Spending months and years in camps and losing the future plans and hobbies in this age is considered to be more stressed than other periods of life.

The high levels of Depression in unmarried females go with Beach, Sandeen, & O'Leary, 1990. The high depression levels in married males disagrees with Beach, Sandeen, & O'Leary, 1990, they found that married men have lower rates of depression compared with unmarried men and Kessler & Essex 1982 in which they said that married people have comparatively low depression.

The unmarried females in the present study are having higher depression levels because they have difficult life situations in the camps and beside the stressful events that they are struggling with every day they are missing love and emotional support from a husband. Being married decreases the feelings of loneliness and can lower life stresses by sharing the responsibilities with a husband especially in Middle East women, because they have been raised so dependent on men.

The higher levels in married males is due to the stressful events that have suffered with war, poor economic conditions in the camps, they have lost jobs, houses, cars, and other necessary properties because of war and migration and also having no idea about the future and the months\ years that will be spent in camps.

**Conclusions**

The study came out with these conclusions: there are simple differences between males and females regarding the levels and the severity of depression. The mild and the sever levels were higher in females compared to males, but males have reported slightly higher results in moderate level compared to females. The age group (18- >29) years have higher frequencies in both mild and moderate levels for both males and females, with highest frequency for sever level in females, which means that they are the most affected age group. The age group (29- >39) years have higher frequencies in females for mild level and higher frequencies in males for moderate level. Married males are more vulnerable to depression than married females, but single females are more vulnerable to depression than single males. Married males reported higher frequencies than married females for both mild and moderate levels of depression. Single females

reported higher frequencies than single males in all mild, moderate, and sever levels of depression.

**References:**

Acarturk, C., Cetinkaya, M., Senay, I., Gulen, B., Aker, T., & Hinton, D. (2017). Prevalence and Predictors of Posttraumatic Stress and Depression Symptoms Among Syrian Refugees in a Refugee Camp. The Journal of Nervous and Mental Disease.

American Psychiatric Association. (2013*). Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders (DSM-5), Fifth edition*.

Angold, A., Erkanli, A., Silberg, J., Eaves, L., & Costello, E. J. (2002). Depression scale scores in 8–17-year-olds: effects of age and gender. Journal of Child Psychology and Psychiatry, 43(8), 1052-1063.

Angst, J., Gamma, A., Gastpar, M., Lépine, J. P., Mendlewicz, J., & Tylee, A. (2002). Gender differences in depression. European archives of psychiatry and clinical neuroscience, 252(5), 201-209.

Beach, S. R., Sandeen, E., & O'Leary, K. D. (1990). Depression in marriage: A model for etiology and treatment. Guilford Press.

Fatim, L. (2016). Hamilton List for Depression Disorder. CBT Arabia. file:///C:/Users/Lawi/Downloads/%D9%82%D8%A7%D8%A6%D9%85%D8%A9%20%D9%87%D8%A7%D9%85%D9%84%D8%AA%D9%88%D9%86%20%D9%84%D8%A3%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D8%B6%20%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%83%D8%AA%D8%A6%D8%A7%D8%A8.pdf

Gerritsen, A. A., Bramsen, I., Devillé, W., Van Willigen, L. H., Hovens, J. E., & Van Der Ploeg, H. M. (2006). Physical and mental health of Afghan, Iranian and Somali asylum seekers and refugees living in the Netherlands. Social psychiatry and psychiatric epidemiology, 41(1), 18-26.

Gorst-Unsworth, C., & Goldenberg, E. (1998). Psychological sequelae of torture and organised violence suffered by refugees from Iraq. Trauma-related factors compared with social factors in exile. The British Journal of Psychiatry, 172(1), 90-94.

Hankin, B. L., Abramson, L. Y., Moffitt, T. E., Silva, P. A., McGee, R., & Angell, K. E. (1998). Development of depression from preadolescence to young adulthood: emerging

gender differences in a 10-year longitudinal study. Journal of abnormal psychology, 107(1), 128.

Jamil, H., Farrag, M., Hakim-Larson, J., Kafaji, T., Abdulkhaleq, H., & Hammad, A. (2007). Mental health symptoms in Iraqi refugees: posttraumatic stress disorder, anxiety, and depression. Journal of cultural diversity, 14(1)

Jorm, A. F. (2000). Does old age reduce the risk of anxiety and depression? A review of epidemiological studies across the adult life span. Psychological medicine, 30(1), 11-22.

Kessler, R. C., & Essex, M. (1982). Marital status and depression: The importance of coping resources. Social forces, 61(2), 484-507.

Kessler, R. C., Chiu, W. T., Demler, O., & Walters, E. E. (2005). Prevalence, severity, and comorbidity of 12-month DSM-IV disorders in the National Comorbidity Survey Replication. Archives of general psychiatry, 62(6), 617-627.

